# ئێستاش لە بەرلین دادوەر هەیە

## تیرۆر و دادگای بەرلین


میهران پایەندە
عەبباس خوداقولی
حەمید نەوزەری





وەرگێڕانی
سامان ڕەحیم‌زادە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئێستاش لە بەرلین دادوەر هەیە

# تێرۆر و دادگای بەرلین

نووسینی

میهران پایەندە، عەبباس خوداقوڵی و حەمید نەوزەری

وەرگێڕانی

سامان ڕەحیمزادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب: ئێستاش لە بەرلین داوەر هەر هەیە ـ تێرۆر و دادگای بەرلین، پرۆژەیەك لە ئارشیوی بەڵگەنامە و توێژینەوەکانی ئێران – بەرلین
نووسەران: میهران پایەندە، عەبباس خوداقولّی، حەمید نەوزەری
وەرگێڕان لە فارسییەوە: سامان ڕەحیمزادە
ناوی کتێبەکە بە فارسی: هنوز در برلن قاضی هست ـ ترور و دادگاه میکونوس
دەقی فارسی کتێبەکە بنکەی چاپەمەنی "نیما" لە شاری "ئێسێن"ی ئاڵمانیا بڵاوی کردۆتەوە:
Nima Gmbh, Verlog x Buchhonftung, Lindenollee 75, 45127 Essen, Germany,
Tel. 0049 201 20868 – Fax. 0049 201 20869
ISBN ۰-۹۸۰۷۱۰۷-۳-X (فارسی)

پشت بەرگی کتێب: تەتەڵەی بیرهێنانەوە، کە ڕۆژی ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤ شارەوانی شاری بەرلین لە نزیك ڕەستورانی میکۆنوس و شوێنی تێرۆری کەسایەتییە کوردەکانی دانا. ئەوە وەرگێڕاوی کوردیی دەقی ئاڵمانی تەتەڵەکەیە:

لەم شوێنەدا، لە ڕێستورانی پێشووی میکۆنۆس
لە ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢
ڕێبەرانی سەرەکی
حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ حدکا
**دکتۆر سادق شەرەفکەندی**
**فەتاح عەبدوولی**
**هومایوون ئەردەلان**
و سیاستەتوانی دانیشتووی شاری بەرلین
**نووری دێهکوردی**
بە فەرمانی دەستەڵاتدارانی ئەو کاتەی ئێران کووژران.
ئەوان لە خەبات بۆ ئازادی و ماقی مرۆڤدا گیانیان بەخت کرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم کتێبە لە بیست و پێنجەمین ساڵوەگەڕی کوشتاری میکۆنۆسدا بڵاو دەکرێتەوە. وەرگێڕاوی کوردیی کتێبەکە پێشکەشە بە یادی شەهیدانی تیرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان.

وەرگێڕ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست


**پێشەکی وەرگێڕ بۆ چاپی کوردی**............................................................................ ٩

**پێشەکی بۆ چاپی فارسی**.................................................................................... ١١

**سەرەتا** ........................................................................................................ ١٥

**فەسڵی یەکەم: سەرەتاکانی تێرۆر و تێرۆر**.............................................................. ٢١

١. ئێران و دامەزرانی سەرەتاکانی تێرۆر ........................................................... ٢٣

ئا. ڕێکخستنی گشتی.............................................................................. ٢٥

ب. ڕێکخستنی تێرۆری میکۆنۆس .............................................................. ٣٢

٢. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات و سەرەتاکانی تێرۆر............................................ ٤٣

ئـ ئامادەکاریی نەزەری ......................................................................... ٤٥

ب. ئامادەکاریی بەکردەوە........................................................................ ٦٥

**فەسڵی دووهەم: دوای تێرۆر** ........................................................................... ٧١

١. تاوانباران.............................................................................................. ٧٣

ئا. هەڵاتن................................................................................................ ٧٣

ب. گیران................................................................................................ ٧٨

پ. دان پێدانان ........................................................................................ ٨٤

٢. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات و تێرۆرەکە ....................................................... ١٠٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣. چاپەمەنییەکانی ئاڵمانیا و تیرۆر ........................................ ١٢٧

**فەسڵی سێهەم: دادگا** ........................................ ١٤٧

١. دادگا........................................ ١٤٩

٢. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات لە دادگا........................................ ١٦٣

٣. تۆمەتباران لە دادگا ........................................ ١٧٥

ئا. دارابی........................................ ١٧٥

ب. راحیل ........................................ ٢١٨

پ. ئەمین ........................................ ٢٢٣

ت. عەیاد........................................ ٢٢٩

ج. عەتریس........................................ ٢٣٤

٤. تیرۆریزمی دەوڵەتی........................................ ٢٣٩

٥. جاسووس ........................................ ٢٦٣

٦. دوایین داکۆکییەکان ........................................ ٢٨٩

ئا. دەوری یەکەم ........................................ ٢٩٠

ب. دەوری دووهەم ........................................ ٢٩١

پ. دەوری سێهەم........................................ ٣٠٤

ت. دەوری چوارەم........................................ ٣١١

٧. قەرار ........................................ ٣١٢

ئینجا، سەرئەنجام:........................................ ٣١٦

**فەسڵی چوارەم: هەڵوێست گرتن لەمەڕ دادگا**........................................ ٣١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١. دەوڵەتی ئێران و دادگا ........................................................ ٣٢١
٢. دەوڵەتی ئاڵمانیا و دادگا ........................................................ ٣٥٧
٣. ئوپۆزیسیۆنی [ئێرانی] دەرەوەی وڵات و دادگا ........................................ ٣٦٥
**پاشەبەرە** ........................................................ ٤٢٩
**پاشکۆ** ........................................................ ٤٣٧
١. پێڕستی دانیشتنەکانی دادگا ........................................................ ٤٣٩
٢. پێڕستی وتارەکان ........................................................ ٤٥٧
**کۆتایی** ........................................................ ٤٩١
**پێڕستی ناوەکان بەگوێرەی دەقی کتێبەکە** ........................................................ ٤٩٣
ب. تاوانباران، بەگوێرەی قەراری دادگا: ........................................................ ٤٩٣
س. رێکەوتی رووداوەکان: ........................................................ ٤٩٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکی وەرگێڕ بۆ چاپی کوردی

ئەم کتێبە بەڵگەیی نامەیە، بەرهەمی ڕەنجی چوارساڵەی سێ مرۆڤی ئازادیخوازە کە لە هەموو ماوەی سێ ساڵ و نیوی دادگای بەرلیندا، بێ ئەوەی ئەرکێکی ئیداری یان ڕێکخراوەییان لە سەرشان بێت، تەنیا بۆ خزمەت بە حەقیقەت، لە هەموو دانیشتنەکانی دادگادا بەشدارییان کرد، یادداشتیان هەڵگرت و لەگەڵ بەڵگەنامە فەرمییەکانی دادگا و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامە و گۆڤارە ئاڵمانی و فارسییەکاندا بەرانبەریان دانان، ئینجا ئەم کتێبەیان لێ پێك هێنا.

هیچکام لەو سێ کەسە، کورد نین و لە لایەن هیچ حزبێکی کوردی و ئێرانیشەوە پشتگیری نەکراون. ئەوان لە ڕێگەی ئەو خزمەتە مەزنەوە، بۆشاییەکی بەرچاویان پڕ کردەوە کە بە هۆی ئامادە نەبوون، یان کەم ئامادە بوونی حزبە کوردییەکان و بە تایبەت حزبی دیموکراتی کوردستان(بە هەردوو باڵیەوە) لەو دادگا مێژووییەدا، بەرهەم هاتبوو.

دادگای بەرلین بۆ ڕاگەیشتن بە تاوانی چەپەڵی تیرۆری نەمر دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی (لە ساڵی١٩٩٢دا)، پێکهات و ئەنجامەکەی بوو بە تاوانبار ناسینی سەرجەم سیستەمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە ئایەتوڵڵا خومەینی و خامنەییەوە تا ڕەفسەنجانی و مووسەوی و فەللاحیان و وەزارەتی ئیتیلاعات و ئەوانیتر.

وەرگێڕ بە ئەرکی خۆی دەزانێت لە ناخی دڵەوە سپاسی ئەو سێ خەباتکارە ڕاستەقینەیەی حەقیقەت و هاوکارە بەڕێزەکانیان بکات و زۆریش بەداخەوەیە کە ئەو سەرەتا تایبەتەی کە چەند ساڵ پێش ئێستا بۆ تەرجەمەی کوردیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبەکەیان نووسی، بە هۆی گرفتی کەمپیوتەرەوە فەوتاوە و بە دەستەوە نەماوە تا لێرەدا بڵاو بکرێتەوە.

ئەم تەرجەمەیە ساڵانێکی زۆرە ئامادە کراوە، بەڵام بە هۆی هەمان کێشەی تەکنیکییەوە دەرفەتی بڵاوبوونەوەی بۆ نەڕەخساوە. ئاگادارم کە پێشتریش وەرگێڕاوێك لە هەموو، یان چەند بەشی هەڵبژاردەی ئەم کتێبە، لە لایەن وەرگێڕێکی دیکەوە بەڕێوە چووە و لە ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی پێشمەرگەکاندا بڵاو بۆتەوە. ئەم تەرجەمەیە هیچ پەیوەندێکی بەو وەرگێڕاوەوە نییە و کەڵکیشی لێ وەرنەگیراوە، بەڵام وەرگێڕ پشتڕاستی مافی پێشقەدەمیی ئەو وەرگێڕە بەڕێزە دەکات. هەروەها وەرگێڕ سپاسی زۆری ئەو برادەرە خۆشەویستە دەکات کە ئەرکی تایپی دەقە کوردییەکەی گرتە ئەستۆ و ئەو برادەرە بەڕێزانەش کە لە کاری پێداچوونەوە، هەڵەبڕی و ڕێك وپێك کردندا یارمەتییەکی زۆریان دا. دەستی هەموو لایەکیان خۆش بێت و دەستی تێرۆریستان لە سەر گیان و ماڵ و چارەنووسی سیاسیی گەلەکەمان کۆتا بێت!

ئەم تەرجەمەیە نزیکەی ٢٠ ساڵە ئامادە کراوە و لەو ماوەیەدا تووشی گەلێك کێشەی تەکنیکی بووە. واهەیە پیتەکان بە تایبەت پیتی / ڕ/ ی قەڵەو، یان / ژ/ و / أ/ لە شوێنی خۆیاندا نەبن یان ڕێکەوتەکان بە تیپی لاتینی بن. وەرگێڕ بۆ ئەو کەمایەسییانە داوای لێبووردن لە خوێنەر دەکات.

هاوینی ساڵی ١٣٩٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکی نووسەران بۆ چاپی فارسی

ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، ئاراستە کردنی وێنەیەکی ڕوونی ڕووداوی تێرۆر و دادگای میکۆنۆس[1]ە بە ڕادەی گونجاو و لەسەر بنەمای ئەو بابەتانەی وا لە دادگاکەدا ڕاگەیێنران.

لە ماوەی سێ ساڵ و ئەندێك کە دادگا بەردەوام بوو، ئێمە ڕاپۆڕتێکی چڕوپڕمان هەڵسەنگاند، کە ڕاگەیاندنی هەمووی دەکاتە دەیان قاتی ئەم نووسراوەیەی ئێستا. دوو کەس لە ئێمە کەم و زۆر لە هەموو دانیشتنێکی دادگادا وەکو بینەر[ی ئاسایی] ئامادە بووین. لەماوەی دوور و درێژ و لەو قۆناغانەدا کە بابەتەکانی دادگا گرنگایەتی تایبەتیان دەبوو، دۆست و برادەرێکی زۆر دەهاتنە دادگا، و دوای کۆتایی هاتنی دانیشتنی دادگا، بابەتی جێگەی باسی دادگا قسە و باسی لەسەر دەکرا و ئەو شتانەی نەکەوتبوونە بەر گوێ یا بەخراپ لێیان تێگەیشتبووین، ساغ دەکرانەوە. زوربەی کات کەسێکی دیکەش بەناوی هەواڵنێر لە شوێنی تایبەتی هەواڵنێران ئامادە دەبوو و دەقی تەواوی وتووێژەکانی دەنووسیەوە. لەو شوێنانەشدا کە دوو یا چەند بۆچوون لەمەڕ تێگەیشتنی بابەتێك هەبوایە، بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە هیچکام لە ئێمە پسپۆڕی کاروباری حقوقی نین، یارمەتیمان لە یەکێك لە پارێزەرانی ناو دادگا وەردەگرت.

لە کۆتایی کارەکەشدا، کەم و زۆر هەموو ئەو بەڵگەنامانەمان جارێکی تر خستە بەر توێژینەوە، کە لە ماوەی دادڕەسی دا خوێنرابوونەوە یا کەوتبوونە بەردەم دادگا. نزیکەی هەموو ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانیشمان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی خۆماندا بەراورد کرد و ئەو شوێنانەی وا جیاوازیی

[1] Mykonos

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆچوونیان لەسەر هەبوو، یا بەتەواوەتی روون نەبوون، روونمان کردنەوە. ئیتریا ئەو بابەتانەی وا جێگەی گومان بوون نەمان نووسین یاخود بەڕاشکاومان رانەگەیاندن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەم وێنەیەش وەك هەر وێنەیەکی تر، نە تەواوە و نە سەداسەد بێلایەن. ئێمە بەگوێرەی ئەو کات و شوێنەی تێیدا بووین، هەروەها بەهۆی چەشنی روانینمانەوە، بابەتەکەمان لە زاویەیەکی تایبەتەوە بینیوە و دەزانین هیچ کەس ناتوانێ لەو زاویەیە رزگاری بێت. هەر بۆیەش دیعایەی ئەوە ناکەین کە تەنانەت وشەیەکی بابەتەکان نەگۆڕاون یاخود هەموویان بە بێ هەڵە راگوێزراون. بەڵام هەموو هەوڵی خۆمان خستۆتەکار بۆ ئەوەی بەربەستەکان، زیان بە راستیی زانیارییەکان و بێلایەنی کاری تۆمار کردنی رووداوەکان نەگەیێنن.

ئێمە دەستمان بەهیچ بەڵگەنامەیەکی نهێنی و شاراوە رانەگەیشت. بێگومان، دوای ئاشکرابوون و بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامە نهێنییەکان، گەلێك قوژبنی تاریکی ئەم رووداوە روون دەبنەوە. ئەوەی کە قەبارەیەکی گەورەی ئەم نووسراوەیە تەرخانی ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی] کراوە، بەرهەمی ئەو بۆچوونانەیە کە ئۆپۆزیسیۆن بەرپرسایەتی جیددی و گرنگی بۆ بەرنگاربوونەوەی رژیم [ی ئێران] لە ئەستۆیە.

ئەم کارەی ئێمە، لە ئارشیڤی بەڵگەنامە و توێژینەوەکانی ئێران – بەرلین بەڕێوە براوە و پاڵپشتیشی کۆمەڵەی بەڵگەنامەکانی هەر ئەو ناوەندە بوە. پێڕستی وتارەکانی پاشکۆش لە کۆمەڵە بڵاوکراوەکانی هەر ئەو ئارشیڤەیە.

چەند خاڵ:

- راگواستنی ورد و دەقیقی قسەکان لە هەموو شوێنێکدا خراونەتە ناو دوو "کەوانووکە" وە. راگواستنەکانی دەرەوەی کەوانووکە واتای ئەوەیان هەیە کە ئێمە "واتا" ی قسەکانمان راگواستوە. دەقە تەرجەمەکراوەکان هەموو تایبەتمەندییەکی دەقی بنەمایان هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- هەر شوێنێك تەئكیدی ئێمەی لەسەر بووبێت، بە هێڵێك دەست نیشانمان كردوە.
- ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی] هەمیشە وەك "یەكە"یەك گیراوەتە بەرچاو. هەر بۆیەش، لە هەموو شوێنێكی ئەم نووسراوەیەدا مەبەستمان لە ئۆپۆزیسیۆن ئەو كەسانەن وا ناوی ئۆپۆزیسیۆنیان لەخۆیان ناوەو لە هەموو شوێنێكدا دەبێ ئۆپۆزیسیۆن لەناو"دووكەوانووكە" دا بخوێنرێتەوە.
- هەموو زانیارییەكانی بەشی 'پلان دارشتن و بەرێوەبردنی تێرۆر'، لەسەر ئەم بنەمایانە دانراون: ١) ئیعتیرافاتی ئەمین؛ ٢) زانیارییەكانی رێكخراوە ئاسایشەكانی ئاڵمانیا كە كەوتبوونە بەردەستی دادگا و شایەدیی بەرپرسەكانیان: و ٣) زانیاریی ناو شایەدییەكانی ئەبولقاسمی میسباحی.
- دادگا خۆی بە تێكچرژاوی و تێكەڵاویی چالاكیە ئاسایش و تێرۆریستەكانی رژیم [ی ئێران] لەگەڵ بەرژەوەندی بێ واسیتەی ئابووری و بازرگانی تاكەكەسیی بەرپرسانی رژیمەوە خەریك نەكرد و مەسەلەكە لەم نووسراوەیەشدا نەگیراوەتە بەرچاو. دوای بلاوبوونەوەی دەقی ئاڵمانی بریاری میكۆنۆس (میكۆنۆسی١)، ئەم نووسراوەیە شەرحی رووداوی میكۆنۆسە بەزمانی فارسی و چوارچێوەیەكی گشتیە بۆ تێگەیشتنی باشتری بەڵگەنامەكانی دادگای میكۆنۆس، كە هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا بلاوی بكەینەوە.

دۆست و برادەرێكی زۆر بۆ بەرێوەبردنی ئەم كارە یارمەتییان داوین. هانس یواخیم ئێریگ لەرێگەی رێنومایی یاسایی و مرۆڤایەتی بایەخدارەوە هاندەرمان بوو. ئەركی گرانی ئامادە كردنی راپۆرتی دانیشتنەكانی دادگا لەسەر شانی ئەم كەسانە بوو:

بەردیا رووستا،
وەحید وەحدەت حەق،

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەرویز ئیسماعیلی، و
عەبباس خوداقولی.

هەر ئەو راپۆرتانەش بوون کە بنەمای سەرەکی نووسینی ئێمەیان پێك هێنا. هەندێك لە دۆستان دەقی سەرەتایی [نووسراوەکەی ئێمە] یان خوێندەوە و بە رێنومایی کردنی خۆیان بوونە هۆی چاککردنی گەلێك ناتەواوییەکانی نووسراوەکە. ناونەبردنی ئەو دۆستانە نیشانەی ئەوە نییە بایەخی کەمتر بە یارمەتیەکانیان درابێت، لەگەڵ ئەوەشدا، بەرپرسایەتی هەموو ئەو شتانەی وا گوتراوە لە ئەستۆی ئێمەیە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرەتا

ڕووداوی میکۆنۆس بەهۆی ئەوەی چوار کوژراو و بریندارێکی لێکەوتەوە، جەرەیانێکی خستەڕێ کە بەکردەوە، پێی گەلێك هێزی جۆرەبەجۆری هێنایە ناوەوە. ئەم هێزانە هەتا کۆتایی جەرەیانی دوور و درێژی دادگا، کەوتنە کردار و دژەکرداری ڕووبەڕووی یەك و چنراوێکی تێکچڕژاویان پێك هێنا. لە جینایەتێکی بەڕواڵەت ساکارەوە، حیکایەتێکی پۆلیسی، ڕووداوێکی سیاسی و داستانێك لە خەباتی ئۆپۆزیسیۆن خولْقا. قارەمانانی زۆر هاتنە مەیدان، خۆیان نیشان دا، توانای خۆیان نواند و داوای بەشی خۆیان کرد.

ڕووداوی میکۆنۆس، داستانی "شەیتانیی" حکوومەتی ئێرانە لە پلان دارِشتنی بەربلاو و وردیدا بۆ کوشتنی نەیارانی خۆی لەوسەری دونیا و لەژێر سەرپۆشی بێگوناهیی ڕۆحانی و شکۆی"خودایی"؛ هەروەها خەباتی ئۆپۆزیسیۆنێکی لەبەریەك چووە دژ بە یەکێك لە زۆردارترین ڕژیمەکان، داستانی شەڕی دەسەلاتی دەوڵەتانی مەزنە بۆ دەست ڕاگەیشتن و پاراستنی بەرژەوەندی لەو سەری جیهان لەژێر پەردەی کێشەی مرۆڤایەتی، و لە کۆتاییدا داستانی لێکۆڵینەوەی ئوسوولیی دادئەستێن و دادگای وڵاتێکی پشت ئەستوور بە یاسایە بۆ روون کردنەوەی بکەر و هاندەر و فەرماندەرانی قەتڵەکە.

سێ زنجیرە ڕووداوی بەڕواڵەت کەم و زۆر لەیەك جیاواز، لە ڕۆژی ١٧ ی سپتامبری ١٩٩٢دا گەیشتنەیەك و ڕووداوی میکۆنۆسیان خولْقاند:

- کۆمەڵێك چالاکی ورد و پلان بۆدارِێژراوی ڕژێمی ئێران بۆ تیرۆر؛
- چاوپۆشی کردنی حکوومەتە ئەوروپییەکان لە کاری تیرۆریستی و باج ئەستێنی ڕژیمی ئێران و لەدوای ئەوان؛ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- سەرلێشێواوی ئۆپۆزیسیۆن بەگشتی و چالاکییەکانی بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆن کە کەوتە بەر هێرشی تێرۆریستانە [واتە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران].

هەرکام لەو سێ زنجیرەیە، لە پلەیەکی جیاوازی گرنگایەتیدا، هۆیەك بوو بۆ وەدی هاتنی تێرۆر بەو شێوەیەی کە گەیشتە ئەنجام. ئەو سێ زنجیرە بەڕواڵەت سەربەخۆیە، هەر کام ئاکامی ئەویتریان بوون و لە کاردانەوەی دوانەکەی دیکەدا وەدی هاتن و هاتنە کایەوە.

زنجیرەی یەکەم، بریتی بوو لە سیاسەتی گشتی حکوومەتی ئێران لە بەرانبەر ئۆپۆزیسیۆن و پلان داڕشتنی وردی تێرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن. حکوومەتی ئێران لەڕێگەی بەرنامەدانان و بەڕێوەبردنی کۆشتارەکانەوە، هۆی تێرۆرەکان بوو بە چالاکییەکی بەردەوام لە هەموو بارێکەوە هەوڵی دا بگاتە ئامانجەکانی خۆی. لە ماوەی دادگادا روون بۆوە کە بەرپرسانی کوشتار نە ئەم یان ئەو باڵ [ی حکوومەت]، بەڵکوو ڕێبەر و سەرەك کۆمار و وەزیری دەرەوە و وەزیری ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون. هەموو باڵێکی رژیم دەستیان لە رووداوەکەدا هەبوو. کاربەدەستانی رژیم سەرەتا تێرۆرەکەیان وەك سەرکەوتنێکی خۆیان لە کوشتنی ناحەزانیان بە حیسابی خۆیان دانا، پاشان هەوڵیان دا لە وت و وێژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئیتیلاعاتی و سیاسی و ئابووری ئاڵمان و لە رێگەی باج دانەوە پێش بە پێکهاتنی دادگا بگرن و کاتێ کە نەگەیشتنە ئەنجام، دەستیان کرد بەوەی خۆ لە کاروباری دادگا هەڵبوقتێنن و لەڕێگەی دەست تێوەردان لە شایەدی دانی ئەشخاس (هەڕەشە کردن لە هەندێ کەس لە لایەك و ئامادەکردنی خەڵکانی تر لەلایەکی دیکەوە)، هەروەها بەهۆی هەڕەشەی فەتوای کوشتنی نوێنەرانی داواکاری گشتی ئاڵمان و لە کۆتاییدا، بەبارمتە گرتنی ئەندامانی باڵوێزخانەی ئاڵمان، هەوڵیان دا بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. حکوومەتی ئێران بەو کارانەی، نەك هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی روخساری یەکەمی رووداوەکە بوو، بەڵکوو بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چالاکییەکانی خۆی دەری خست کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەیەوێ و دەتوانێ کەڵك لە چ شێوازگەلێك وەربگرێت.

تۆڕی حیزبوڵڵا سەرتاپای گڵاو بوو، زوربەی تاوانباران و دەور و بەرەکەیان لە پێوەندی ئەو تۆڕە دابوون. حیزبوڵڵا لە لایەکەوە دەستی کرد بە بارمتە گرتن لە لوبنان و سەبارەت بە کاری دادگا هەڕەشەی لە ئاڵمان کرد، لەلایەکی ترەوە دوای ئەوەی زۆرێك لە ئەندامەکانی وەك شاهید بانگ کرانە دادگا، کەوتە ڕێکخستن و ئامادەکردنیان بۆ ئەوی شوێن دابنێتە سەر کاری دادگا و هەوڵی دا بە هەڕەشە و تەماع وەبەرنان خەڵکەکە مەجبوور بە بێدەنگی بکات.

زنجیرەی دووهەم، بەرهەمی چاوچنۆکی دەوڵەتە ئەوروپیەکان بەتایبەتی ئاڵمانیا بوو. حکوومەتی ئاڵمانیا کە پێوەندێکی گەلێك نزیکی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هەبوو، چاوی لە هەموو تێرۆرەکانی ڕژێمی ئێران قووچاندبوو و تەنانەت تەنیا بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی ئاڵمانیا و ئەوروپا نەبوایە گوێی نەدەدایە ڕاپۆرتی ڕێکخراوە سەربەخۆ [و] حکوومیەکانی خۆشی و لە وت و وێژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا داوای ئەوەی دەکرد کە لەناو خاکی ئاڵمانیادا تێرۆر نەکەن. بەڵام ئێستاکە تێرۆر لەناو خاکەکەی خۆیدا رووی دابوو، مەجبوور بوو خۆی لە کێشەکە وەربدات، هەوڵیشی دەدا کەڵك لە هەموو دەرەتانە یاساییە گونجاوەکانی خۆی وەربگرێت بۆ ئەوەی مەترسی ڕووداوەکە بڕەوێنێت. لەلایەکەوە پێی پۆلیس و داواکاری گشتی ئاڵمانیا هاتبوە ناو ڕووداوەکە و ئەوانیش هۆیەکیان بۆ نەبوو چاو لە جینایەتەکانی حکوومەتی ئێران بپۆشن، لەلایەکی تریشەوە ڕێکخراوە ئاسایشیەکان لە ڕووداوەکەدا بوون کە پێوەندی دۆستانەیان لەگەڵ لایەنە ئێرانیەکانی خۆیاندا هەبوو. بەهۆی درێژ بوونەوەی کارەکە، پێی کابینەی وەزیران، وەزیری کاروباری دەرەوە، سەرەك وەزیر، وەزیری ناوخۆ، وەزیری ڕاوێژکار، وەزیری ناوخۆی ئەیالەتە جۆربەجۆرەکانی ئاڵمانیا کێشرایە کارەساتەکەوە. پەرلەمانی ئاڵمانیا لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا کەوتە لێکۆڵینەوەی بابەتەکە و پەرلەمانی بەرلین کۆمیسیۆنێکی تایبەتی بۆ پێڕاگەیشتنی کێشەکە پێك هێنا. لەماوەی شایەدیدانی دادگادا، بەهۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتنەگۆڕی تێرۆرە جیاوازەکانی دەوڵەتی ئێران لە ئەورووپا، نەك هەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی تێرۆریسمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە جیهاندا، بەڵکوو شێوازی بۆچوون و بەرپەرچدانەوەی وڵاتە ئەورووپیەکان، بەتایبەت دەوڵەتی ئاڵمان بەنیسبەت ئەو کوشتارانە ڕوون بوەوە.

گرووپی فشاری ئاڵمان هەموویان لە پاراستنی پێوەندی ئابووری و سیاسیەکان [ی ئاڵمان] لەگەڵ ئێران، بەرژەوەندیی ئاشکرایان هەبوو. لەوانە، ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی لە هامبورگ، یەکیەتی پیشەسازی ئاڵمانیا و یەکیەتی مەکینەسازان و دروستکەرانی کەرەسەی پیشەسازی ئاڵمان و هۆدەی پیشەسازی ئێران و ئاڵمان، چالاك بوونەوە بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەك بۆیان بکرێت بەر بە دەرچوونی حوکمی مەحکووم بوونی ئێران بگرن. مێدیای ئاڵمان سەرەتا وەك هۆیەکی لایەن پێدەر، شوێن دانەر، نهێنی ئاشکراکەر یا ڕێ ونکەر هاتە کایەوە. مێدیای سەربەخۆ، ڕوونکردنەوەی هۆگەلی تێرۆریان خستە بەرنامەی کاری خۆیانەوە، بەردەوام راستەقینەی ڕووداوەکەیان دەدۆزیەوە و دەریان دەخست و نەیانهێشت ڕووداوەکە لە پشت پەردەی دیپلۆماسی نهێنیدا لەبیر بچێتەوە. ڕۆژنامەکانی سەر بە گرووپی فشار کەوتنە داکۆکی کردن لە پێوەندەکانی ئێران و ئاڵمانیا و ناگرنگ نیشاندانی تێرۆرەکان و تێرۆری میکۆنۆسیان دایەپاڵ هێزەکانی غەیری دەوڵەتی ئێران. داکۆکیان لە 'دیالۆگی ڕەخنەگرانە' دەکرد و کاتێك کە ئیتر جیگەی داکۆکی کردن نەما، ناوی کارەکەی خۆیان گۆڕی و کردیانە 'شوێن دانانی چالاك' بێ ئەوەی هیچ گۆاانکارییەك لە ناوەرۆکەکەیدا پێك بهێنن.

زنجیرەی سێهەم، سەرلێشێواوی و لێك دابڕانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵات پێکی هێنابوو. لە سەرەتای دەسەڵات سەندنی رژیمدا، ئۆپۆزیسۆن بەگشتی نەچوە بەرەبەرەکانی چالاکانەی دژبە تێرۆر. تەنانەت کاتێ لە ساڵی ١٩٨٩ دا ئاڵقەی نوێی تێرۆری سیستماتیکی ڕێبەرانی لایەنە جیاوازەکان لە ئەورووپا دەستی پێکرد، هیچ چالاکیەکی جیددی لەدژی نەکرا. بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆن هیوای بە باڵێکی رژێم بەستبوو و بەشێکی تریش تووشی تەنگ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەڵەمەی ناوخۆیی بوو. بەڵام پاش تیرۆری میکۆنۆس، هەرکام لە گرووپە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە قۆناغێکدا چالاك بوونەوە، بۆچوونی خۆیان ڕاگەیاند و کردەوەیان نواند. ڕووداوی میکۆنۆس لەکاتێکدا ڕوویدا، کە پلەی یاوی گەڕانەوە بۆ ئێران و هەیت و هووتی هەڵبژاردنی ئازاد و گۆڕانی حاڵەتی ڕژیم بەرز ببوەوە و هەوڵی وتوویژ لەگەڵ کاربەدەستانی ڕژیم بەکردەوە لەناو بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆندا وەك کێ بەرکێی لێ هاتبوو. تیرۆری میکۆنۆس خۆی، بوە سەنگی مەحەکی ئەو بۆچوونە.

تێگەیشتن لە ڕووداوی میکۆنۆس و ئاکامەکانی بە بێ تێگەیشتن لەو سێ زنجیرەیە گونجاو نیە. هەرکام لەو سێ زنجیرەیە، لە هەر قۆناغێکدا بە بیچم و سیمایەکی دیاریکراو دەرکەوتوون و لێکۆڵینەوە لە هەر کامیان بەناچار شێوازی توێژینەوە لەو بیچمە تایبەتانەی بەخۆیەوە گرتوە.

زنجیرەی یەکەم کە لە بەشی یەکەم [ی کتێبەکە] دا بیچمی واواك و پلان داڕێژانی تیرۆری هەبوو، لە بەشی دووهەمدا، بیچمی چاپەمەنیە ئاڵمانیەکان و لە دادگادا، وەك دەزگای دادپەروەری پۆلیس و ڕێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمان خۆی نواند .

زنجیرەی دووهەم لە بەشی یەکەمدا، خۆی بەشێوەی پۆلیسی جینایی و داواکاری گشتی ئاڵمانیا دەرخست و پاشان بەشێوەی چاپەمەنیەکانی ئاڵمانیا و لە دادگاشدا، وەکوو دەوڵەت، دەزگای داوەری، پۆلیس و ڕێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمانیا، خۆی دەرخست.

زنجیرەی سێهەم لە بەشی یەکەمدا شێوازی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات و سەرەتای دامەزرانی تیرۆر و دانیشتنی ڕێکخستنی هەبوو، دواتر لەشێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی گرووپە سیاسیە جیاوازەکانی دەرەوەی وڵات دەرکەوت، هەتا لە دادگادا خۆی بەشێوەی شایەدەکانی ئۆپۆزیسیۆن و جاسووس بنوێنێت.

ڕووداوی میکۆنۆس و دادگاکەی، ڕووداوێکی جیاواز و دیار بوو و واهەیە بە هەمان شێوەش بمێنێتەوە. بەڵام ئەم نموونە دیارە، سەرلەنوێ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرانبەر چەند کێشەی ناسیاو و دووپات بوەوە دانا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١. ئایا رژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران، سەرەڕای هەموو باڵ و لق و هەموو دووبەرەکیەکانی ناوخۆی، سیستەمێکی جینایەتکارە؟
٢. لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرندا، جا سەرمایەداری بێت یان ئەمپریالیستی، دیموکرات، پێشکەوتووی پیشەسازی یا هەر ناوێکی دیکەی پێ بدەین، سەربەخۆیی قەزایی چییە؟ چ تایبەتمەندییەکی هەیە و بەربەستەکانی کامانەن؟
٣. لە جیهانی ئەمڕۆ و لەگەڵ بوونی تۆڕی پان و بەرینی پێوەندییەکاندا، ڕێکخراوە زانیارییە نهێنییەکان و کێ بەرکێی نێونەتەوەیی چەندە دەتوانن شوێن لەسەر سیستەمێکی دادوەری (لێکۆڵینەوەی پۆلیسی و داواکاری گشتی دادگا) دابنێن؟
٤. تیۆری پیلان نانەوە، بە سەرنج دانە سەر "پیلان" ی بەڕاستی تێرۆری میکۆنۆس چەندە ڕوونکەرەوە و دەرخەر و ڕێخۆشکەر بوو (و هەیە)؟
٥. لەم ئەزموونە تایبەتەدا، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی توانی چ شتێك ببینێت و توانای تێگەیشتنی چ شتێکی نەبوو؟ لەکوێ حەساسیەتی نیشان دا (و نیشان دەدات) و چ کێشەیەکی گەورە کردەوە (و دەیکات)؟
٦. ڕووداوی میکۆنۆس، لای کەم <u>بوونی سیخوڕێکی کۆماری ئیسلامی لەناو ئۆپۆزیسیۆندا</u> ئاشکرا کرد. ئۆپۆزیسیۆن چۆن خۆی لەم کێشەیە هەڵقوتاند؟
٧. ئێمە خۆمان ـ چ تۆمەتبار و چ شکایەتکار، چ ئەوەی دەستی لە کارەکەدا بوو و چ بینەری ئاسایی ـ کە هەرگیز ئەو بابەتەمان نەدیتوە و ئەزموونمان نەکردوە، چۆن لەگەڵ سیستەمێکی دادپەروەریی سەربەخۆدا ڕووبەڕوو بووینەوە؟

لێکۆڵینەوە و ناسینی ڕووداو و دادگای میکۆنۆس دەتوانێ لە وەڵامدانەوەی کێشەی ئەو چەشنە دا یارمەتیدەر بێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی یەکەم: سەرەتاکانی تێرۆر و تێرۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١. ئێران و دامەزرانی سەرەتاکانی تیرۆر

رۆژی پێنج شەممە، حەڤدەهەمی مانگی سپتامبر[ی ١٩٩٢]، سەعات بیست و دوو و پەنجا خولەك، سێ پیاو بە شوێن یەکدا بەرەو دەرگای چوونە ژوورەوەی رەستورانی میکۆنۆس رۆیشتن. یەکەم کەس، ئەمین، لە دەوروبەری رەستوران و لەبەر دەرگاکەی وەستا بۆ ئەوەی بەرگری لە چوونەژوورەوەی ملۆزم بکات. بەنی هاشمی لەبەر دەرگا یەخەی خۆی هەتا ژێر لووتی هەڵدا و چوە ناو رەستورانەکەوە، کەسی سێهەم واتە راحیل بەشوێنیدا چوە ژوورەوە. هەردوکیان بەناو سالۆنەکەدا تێپەڕین و چوونە ژووری پشتەوە. نۆ کەس لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی] بە دەوری دوو مێزی پێکەوە لکاوەوە لەلای دەستی چەپی ژوورەکە دانیشتبوون. دوو کەسەکەی وا تازە هاتبوونە ژوورەوە لەپشت یەکەم و دووهەمین کەس راوەستان. بەنی هاشمی جانتاکەی خۆی کە رەشاشێکی تێدابوو، بەرز کردەوە و لەملا تا ئەولای مێزەکەی دایە بەر دەسرێژی گوللە. رەشاشەکە دوای ئەوەی ٢٦ گوللەی بە سێ جار تەقاند، بێدەنگ مایەوە. راحیل بە دەمانچە گوللەیەکی لە مێشکی سەر و دوو گوللەی لە زگی شەرەفکەندی و گوللەیەکی لە سەری ئەردەڵان دا. لە ماوەیەکی کەمتر لە چەند چرکەدا، سەرجەم ٣٠ گوللە تەقێنران. بکوژەوەکان بەوردی دەیانزانی قوربانییەکانیان لەکوێ دانیشتوون و دوای چوونە ژووەوە، بەبێ وەستان تەقەیان لێکردن. هەر بەو خێراییەی کە هاتبوونە ژوورەوە لە رەستورانەکە چوونە دەرەوە و هاوڕێ لەگەڵ کەسێ سێهەم وا لەبەر دەرگا وەستابوو، بەرەو ترومبیلێك رۆیشتن کە چاوەڕوانیان بوو، سوار بوون و هەڵاتن. هەموو عەمەلیاتەکە چەند خولەکێکی زیاتر پێنەچوو.

دەرئەنجامی عەمەلیات:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سادق شەرەفکەندی (دکتۆر سەعید) سکرتێری یەکەمی حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران،

فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی حزب لە ئەورووپا، و

هومایوون ئەردەلان، بەرپرسی حزب لە ئاڵمانیا،

دەست بەجێ کوژران.

نورولڵا محمدپوور دیهکوردی (نووری)،

لە خەستەخانە کۆچی دوایی کرد.

عەزیزولڵا تەبیب غەففاری، ئەندامی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق و خاوەنی رستورانەکە بریندار بوو و چوار کەسەکەی تر ئازاری لەشیان پێ نەگەیشت.

تاقمی لێدان دوای بەڕێوەبردنی سەرکەوتوانەی تێرۆرەکان لەناو جەرگەی شاری بەرلین بەسلامەتی گەڕانەوە پێگەکانی خۆیان.

تاقمی لێدان لەم کەسانە پێك هاتبوو:

عەبدولرەحمان بەنی هاشمی (ناسراو بە شەریف)، بەرپرسی گروپ و هەڵگری رەشاش، ئێرانی؛

عەبباس حوسێن راحیل (ناسراو بە عیماد عەمەش و راغیب)، ئەو کەسەی وا گوللەی خەلاسی هاویشت، لوبنانی؛

سەید محەمەد یوسف ئەمین (ناسراو بە ئەبومحمد و بەهەشتی)، پاسەوانی بەر دەرگا، لوبنانی؛

فەزلولڵا حەیدەر (ناسراو بە ئەبوجەعفەر)، لێخوڕی ترومبیلی هەلاتن، لوبنانی؛ و

محەمەد، پێوەندیدەری تاقمەکە لەگەڵ گروپی عەمەلیات، ئێرانی.

عەمەلیاتی تێرۆری شەرەفکەندی گەلێك زووتر رێکخرابوو.

## ئا. رێکخستنی گشتی

دەست بەجێ دوای مانگی بەهمەنی ١٣٥٧ [فیبریوەری ١٩٩٩]، رژێمی دەسەڵاتداری ئێران بەرنامەی داپڵۆسینی هەموو هێزە غەیرە حکوومییەکانی خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە. "کێشەی کوردان" یەك لە کێشە جیددییەکانی بەردەمی رژێم بوو. کاری داپڵۆسین لە کوردستان بەهۆی بەربەرەکانی چالاکانەی خەڵك و هەبوونی دوو رێکخراوی بەهێزی کوردی، شێوازی شەڕی ناوخۆیی بەخۆیەوە گرت و تا ئەو رادەیە چوە پێشەوە کە شار و گوندەکان بۆمباباران کران. خومەینی، رێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (بەتایبەت قاسملوو) ی بە "مفسد فی الارض" دانا و بەگوێرەی ئەو فەتوایە، کوشتنیان بوە ئەرکی سەرشانی حکوومەت. لەو کاتە بەدواوە رێبەران و چالاکانی حزبەکە بوون بە ئامانجی سەرەکی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی. خاوەن پلەی بەدەسەڵات گەیشتووی ئێران، دوای مانگی فیبریوەری ١٩٧٩، جگەلە رێکخراوەی اطلاعات[زانیاری] ی سوپا، سێ رێکخراوەی زانیاریی دیکەشیان دامەزراند:

١. لە دەفتەری میرحوسێن مووسەوی سەرۆك وەزیر، لەژێر چاوەدێری خوسرەو تیهرانی؛
٢. لە دەفتەری خومەینی، لەژێر چاوەدێری محەمەد رەیشەهری؛ و
٣. لەناو سوپای پاسداراندا، لەژێر چاوەدێری فرووتەن.

لەنێوان ئەو سێ رێکخراوەیەدا، کە ئیش و کاری ئامادەسازی و عەمەلیاتیان بەڕێوە دەبرد، تێکەڵاویی ئەرك، رقەبەری و یەکنەگرتوویی هەبوو. رقەبەری گەیشتە ئەوەی کە بۆ بەڕێوەبردنی یەك تێرۆر، تاقیمی جیاجیا بنێرن. نەبوونی رێکخستن لەنێوان یەکەکانی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی تێرۆر هەندێ جار بوو بە هۆی تێکشکانی عەمەلیاتەکە. بۆ نموونە، بۆ کاری تێرۆری شەهرام شەفیق و کەوتنە شوێنی بەنی سەدر و مەسعوود رەجەوی، پێنج تاقمی جیاواز بەشێوەی سەربەخۆ کاریان کرد و لە بەرنامەی تێرۆری هادی خورسەندی دا دوو تاقم. لە ئەنجامدا، خومەینی لیژنەیەکی ٤٠ کەسی دانا، بۆ ئەوەی وەزارەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتیلاعات و ئاسایشی وڵات [واتە وزارت اطلاعات و امنیت کشور (واواك)] دابمەزرێنن و پەیڕەو و بەرنامەی وەزارەتخانەکە دەستنیشان بکەن. واواك لە مانگی سپتامبر – ئۆکتۆبری ١٩٨٥ دامەزرا. تیرۆری نەیارانی رژێم یەکێك لە ئەرکە فەرمییەکانی ئەم وەزارەتخانەیە بوو.

تا ئەو کاتە، هەندێ گرووپی بێناو، کە ئەندامەکانیان لە دەوروبەری خومەینی دەژیان و کاریان دەکرد، ئەرکی کوشتنی نەیارانی رژێمیان لە دەرەوەی وڵات گرتبوە ئەستۆ. ئەو کەسانە، پرسی ئامانجەکانیان بە خومەینی دەکرد و بەپەسندی ئەو عەمەلیاتیان بەأێوە دەبرد. بەبێ پەسند کردنی ئەو، هیچ عەمەلیاتێك بەڕێوە نەدەچوو. دوای دامەزرانی واواك، ئەم گرووپانە بەناوی شۆڕای عەمەلیاتی تایبەت، لەژێر چاوەدێری راستەوخۆی وەزیرەکەیدا رێك خران. تەنیا ئەندامانی واواك ئەندامی ئەم شۆڕایەن.

پاش ئەوەی شەڕی ئێران و عیراق کۆتایی پێهات و دەرەتان بۆ چالاك بوونی ئۆپۆزیسیۆن خولْقا، بەرگریکردن لەهەموو چەشنە ناڕەزایی و بەربەرەکانییەك بوو بە بەرنامەی کاری رژێم. لەناوخۆی ئێراندا، بەدرێژایی ماوەی شەڕ، هەموو دەنگێکی ناڕەزاییان خنکاند. ئەوەی کە مایەوە خێڵی گەورەی زیندانیانی سیاسی بوو، کە لە ئیعدام رزگاریان هاتبوو. جا دەسەڵاتدارانی رژێم هەزاران زیندانی سیاسییان لەماوەیەکی کەمدا ئیعدام کرد و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا ناشتیانن تا لەلایەکەوە کۆتایی بە مەترسی دواڕۆژیان بهێنن و لەلایەکی دیکەشەوە چاوەترسێی ناحەزانی تر بکەن و تێیان بگەیێنن کە ناڕەزایی دەربڕین و بەربەرەکانی چ ئەنجامێکی هەیە. درێژەی کوشتارەکانی ناوخۆ، توند و تیژتر لە جاران کشایە دەرەوەی وڵات. دەیان کەسی ناو ئۆپۆزیسیۆن و یەك لەوان قاسملوو سکرتێری یەکەمی حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران تێرۆر کران.

دوای مردنی خومەینی، هەرکام لەو رێکخراوانە و لەو مەلا دەسەڵاتدارانە دەستیان کرد بە دەرکردنی حوکمی تێرۆر و هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی حوکمەکە. دەرکردنی حوکمی کوشتار ـ واتە فەتوای کوشتن، شێوازێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

روونی نەبوو. زۆربوونی ژمارەی ئەو ناوەندانەی وا حوکمی کوشتنیان دەردەکرد و بەڕێوەشیان دەبرد، تەنگ و چەڵەمەی جیددی بۆ رژیم نابووەوە. بۆ چارەسەر کردنی تەنگ و چەڵەمەکان و بەڕێوەبردنی رێك و پێکی چالاکی تێرۆریستی لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات، رژیمی ئێرانی دەستی دایە هەندێ عەمەلیاتی هەماهەنگ:

١. پێکهێنانی کۆمیتەی ئیش و کاری تایبەت [کمیته امور ویژه]: ئەم کومیتەیە، لە دەرەوەی یاسای بنهڕەتی و یاسای بەڕێوەبەرایەتییەکان و لە پشتەوەی حکوومەت دایە بەڵام بڕیارەکانی دەبێ لەلایەن دەوڵەت و ئۆرگانە بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە بهڕێوە ببرێن. کۆمیتەکە، بڕیار لەسەر ئەو کێشانە دەدات کە خاوەن گۆڕەپانێکی بەربلاوتر لە دائیرە و وەزارەتخانەیان بن، لایەنی یاسایی ـ ئایینی یان هەبێت و بەهۆی گرنگایەتی تایبەتیانەوە نەکرێت لە شۆڕای ئاسایشی نەتەوایەتی [شورای امنیت ملی] بخرێنە بەرباس .

ئەندامانی کۆمیتەی ئیش و کاری تایبەت [کمیته امور ویژه] لە سەردەمی تێرۆری میکۆنۆسدا بریتی بوون لە:

- رێبەر، عەلی خامنەیی، یا نوێنەرەکەی ئەو ـ حیجازی؛
- سەرەك کۆمار، عەلی ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی، یا نوێنەر و کوڕەکەی ئەو ـ موحسین رەفسەنجانی؛
- بەرپرسی کاروباری دەرەوە، عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ئەم پۆست و مەقامە پێویست نییە هەر وەزیرێکی کاروباری دەرەوە بێت؛
- وەزیری واواك، فەلاحیان؛
- سەرۆکی دەزگای ئاسایش و زانیاری (و باوەڕپێکراوی نزیکی رێبەر)؛
- محەمەدی رەیشەهری؛
- فەرماندەی سپای پاسداران، موحسین رەزایی؛
- یەك لە ئەندامانی شۆڕای نیگەهبان، خەزعەلی؛ و
- فەرماندەی هێزەکانی ئینتیزامی، رەزا سەیفوڵلاهی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆبوونەوە ئاساییەکانی کۆمیتەدا، گەڵاڵەی کارەکان باسیان لێوە دەکرێت و ئامادە دەکرێن، رێبەر و سەرەك کۆمار بەشداریی ناکەن. بەڵام لە کۆبوونەوەی گرنگ و ئەو دانیشتنانە داکەبڕیاریان تێدا دەدرێت، خۆیان ئامادە دەبن. کۆمیتە لە هەر بابەتێکدا پسپۆڕانی پێویست دێنێتە دانیشتنەکانەوە.

پێکهاتنی "کومیتەی کاروباری تایبەت" بوە هۆی لەناوچوونی ناوەندە زۆرەکان و خۆی بوو بە ناوەندی سەرەکی دەرچوونی حوکمی ئیعدامی نەیارانی رژێمی کۆماری ئیسلامی. حوکمی کوشتن ـ فەتوای قەتڵ لەلایەن رێبەرەوە، وەك رێبەری ئایینی ئیمزا دەکرێت و سەرۆك کۆمار، وەك سەرۆکی حکوومەت پەسندی دەکات. بەم شێوەیە، حوکمەکە هەم لایەنی ئایینی و هەم لایەنی حکوومی بەخۆیانەوە وەردەگرن و رێکخراوە حکوومییەکان مەجبوورن بەڕێوەی ببەن.

٢. رێکخستنی نوێی بەشە تایبەتەکان لە هەموو وەزارەتخانە و دەوائیری حکوومی لەژێر چاوەدێریی وەزارەتی ئیتیلاعات و ئەمنیەتدان.

ئەم بەشانە، کە خەریکی چالاکی زانیاری، ئامادەسازی و یارمەتیدانی بەڕێوەبردنی تێرۆرن، پێشتریش کەم و زۆر هەر هەبوون، بەڵام سەرلەنوێ رێك خرانەوە و هیچ دەفتەرێکی نوێنەرایەتی ئێران لە دەرەوەی وڵات نییە کە هەموو یا بەشێکی لەژێر چاوەدێری واواکدا بەشداریی کاری ئامادەسازی گرووپە تێرۆریستەکان نەکات؟

٣. دامەزراندنی رێکخراوەی رووکەشی جۆراوجۆر لە ئەورووپا بۆ چالاکی جاسووسی و تێرۆریستی.

دامەزراندنی شەریکاتی جۆربەجۆری هێنان و ناردنە دەرەوەی شتومەك و دووکانی بچووك کە خەریکی کاروباری بازرگانی بن. زوربەی بەڕێوەبەرانی ئەم شەریکاتە و خاوەنی دووکانەکان کارمەندی واواکن.

٤. کۆنترۆڵی هەموو ئەو رێکخراوە بازرگانیانەی وا لەگەڵ دەرەوەی وڵات پێوەندیان هەیە و دابین کردنی مەئموورانی ئیتیلاعاتی لەناویاندا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥. پێکهێنان و کەڵك وەرگرتن لە ڕێکخراوە ئایینیەکان بۆ گردوکۆ کردنی زانیاری، ڕێکخستنی حیزبوڵڵا بۆ بەشداری کردن لە عەمەلیاتی جۆراوجۆر و هەڵبژاردنی کەسانی بەڕێ و جێ بۆ عەمەلیاتی تێرۆریستی.

ناوەندی ئیسلامی شاری هامبورگ و زۆرمزگەوتی تر، لەوانە مزگەوتی ئیمام جەعفەری سادق لە بەرلین و ناوەندی ئیسلامی بەرلین، بەشێکن لەو ڕێکخراوانەی وا بەتەواوەتی لەدەستی حیزبوڵڵای ئێران دان. خۆخزاندنە ناو مزگەوتی هاوڵاتیانی وڵاتانی تر، وەك تورك، لوبنانی، عەرەب، ئەفغانی و تەنانەت مزگەوتی سوننیەکان بەشێك لە ئامانجەکانی حەولی دەوڵەتی ئێرانن کەو بورەدا. ئاراستە کردنی یارمەتی دارایی بەو ناوەندانە کەرەسەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی بیانکەنە کلکی زانیارییەکانی ڕژیمی ئێران.

٦. کەڵك وەرگرتن لە ڕێکخراوە بەقسە خوێندکارییەکانیان بۆ ڕێکخستنی تۆڕی زانیاری و کارهاسانی لەپێناو ناردنی کەسانی سەر بە زانیاری بەناوی خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات. ناسراوترینی ئەو ڕێکخراوانە بریتییە لە ڕێکخراوەی یەکیەتی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکارانی دەرەوەی وڵات لە یەکیەتی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات

٧. ناردنی خەڵکانی سەر بە حیزبوڵڵا لە ئێران و وڵاتانی دیکەی وەکو لوبنان، تورکیا و ئەفغانستانەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا بەناوی پەنابەر.

لەماوەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس لە کێشەی تێرۆری میکۆنۆسدا، چالاکی و ناوی ژمارەیەك لەو کەسانەی وا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٩ دا نێررابوونە ئاڵمانیا، ئاشکرا بوو. ئەم کەسانە لە یەکێك لە ناوەندەکانی هێزی دەریایی ئێران لە بەندەری ئەنزەلی [ئێران] دەورەی غەوواسییان بینیبوو و هەر هەموویان گەنجانی ژێر تەمەنی ٢٥ ساڵان بوون. هەندێکیشیان وەك ئەمین و راحیل راستەوخۆ لە تێرۆرەکەدا بەشدار بوون.

٨. ڕێکخستنی نوێی تۆڕی ئێستای حیزبوڵڵا لە ئەوروپا و ئاڵمانیا.

حیزبوڵڵا تۆڕێکی بەربلاوە و بە تەعریفێکی ناسیاوی وردەوە واتای حزبێکی سیاسی نییە. گەرچی حزبیکێ تایبەتی سیاسی بەم ناوە لە لوبنان چالاکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنوێنێت و پێوەندێکی بەربلاوی لەگەڵ کەسانی ئەم تۆڕە [ی ئێراندا] هەیە، تۆڕی هەنووکەیی حیزبوڵڵای لوبنان لەبنەڕەتدا تۆڕێکی غەیرە فەرمییە. نە کەسێکی دیاریکراوی هەیە رێبەری بێت و نە ئۆرگانێکی رێبەرایەتی تایبەت، نە مەرامنامە و دەستووری بنەڕەتی. هیچ کەسێکیش بەهۆی پارەی ئەندامیەتی یا بەڕێوەبردنی کارێکی تایبەت نابێت بە ئەندامی. "فەناتیکە شیعەکان" بەتایبەت شیعەی ١٢ ئیمامی کە بە توندی بڕوامەند بە بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارە ئایینیەکانن و باوەڕیان بە رێبەرایەتی سیاسی ـ ئایینی خومەینی یا کۆماری ئیسلامی هەیە، بەکردەوە بەشێك لە حیزبوڵڵان.

دەوری سەرەکی ئەم تۆڕە لە ئەستۆی بەکرێگیراوانی زانیاریی ئێرانە و ئەو دەورە بەهۆی یارمەتی داراییەوە بەهێز دەکرێت. حیزبوڵڵا تەیفێکی بەربلاوی شیعەکانە کە لە رێگەی پێوەندە غەیرە فەرمییەکانەوە بە یەکەوە دەبەسترێن. لە تۆڕەکەدا، پێوەندی بنەماڵەیی دەورێکی گرنگ دەبینێت. خەڵکانی حیزبوڵڵاهی بەهۆی بڕوای ئایینییەوە هاتوچۆی هەندێ شوێنی تایبەت دەکەن و ناوەندە ئایینییەکان سەرەکیترینی ئەو شوێنانەن. بوونی هەندێ حوکمی توند و تیژی ئایینی لەمەڕ خواردن و خواردنەوە، بۆ نموونە حەرام بوونی گۆشتی بەراز و گلاوبوونی خواردنەوەی ئەلکۆل، بەکردەوە شوێنی خواردنی ئەم کەسانە لە خەڵکانی تر جیادەکاتەوە. پێوەندی نزیکی ئیش و کاریش ئەم نزیکایەتیانە زیاتر دەکاتەوە. خەڵکانی حیزبوڵڵاهی کەم و زۆر یەکتر دەناسن، پێوەندێکی بنەماڵەیی بەربلاویان لەگەڵ یەکتردا هەیە و لە مەراسیمی ئایینی، عەزاداری و جەژنە رەسمییەکاندا لە دەوری یەك کۆدەبنەوە. ئەم رێ ورەسمانە دەوری هاوچەشنی کۆبوونەوە و دانیشتەکانی حزبە رەسمییەکان دەبینن و هەمیشە هاوڕێن لەگەڵ پروپاگەندەی سیاسی – ئایینی بەشێوازی جیاجیا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامەتیی حیزبوڵڵا تەنیا بەهۆی باوەڕی ئایینی و بەشداری کردن لە چالاکییە سیاسییەکانەوە دیاری دەکرێت. بەشداری نەکردن لەم چالاکیانە واتای دەست کێشانەوە لە حیزبوڵڵایە. گەرچی لە شێوازی رەسمی و رواڵەتیدا پێوەندیی لەگەڵ گرووپی حیزبوڵڵا گەلێك لاوازە و ئەرك و بەرپرسایەتیەکی تێدا نییە، بەڵام چوونی خەڵك بۆناو کۆگایەکی ئاڵۆز و هەمەلایەنەی بنەماڵەیی، ئیش و کاری، دارایی، باوەڕیی و سیاسی، هەندێ پێوەندی قورس و قایم دروست دەکات کە نەك هەر کەسانی چالاك، بەڵکو هەموو ئەندامانی بنەماڵە لە گەورەوە تا بچووك دەگرێتەبەر و دەیانخاتە ناو تۆڕەکەوە. ئەم تۆڕە کەم و زۆر بیچمێکی نییە و لە رێگای سنووری بەوردی دیاریکراوەوە لە ژینگەی دەرەوەی خۆی، ژینگەی کافران و غەیرە مەکتەبییان جیا دەکرێتەوە و گۆڕەپانێکی بهرێ و جێ بۆ چالاکییە هەمەچەشنەکانی کۆماری ئیسلامی پێك دەهێنت، هەر لە بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانی رۆژی قودسەوە تا داکۆکی کردن لە کوشتنی سەلمان روشدی، لە مەراسیمی ساڵڕۆژی مردنی خومەینییەوە تا هێرشی بە دار و کوتەك و زنجیر بۆ سەر نەیاران و تا بەشداری کردن لە تێرۆری میکۆنۆس.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ب. ڕێکخستنی تێرۆری میکۆنۆس[٢]

ساڵی ١٩٩١، ساڵی لەبەریەك هەوڵوەشانەوەی "سیستەمی رۆژهەلآت"، هەلآیسانی شەڕی دووهەمی خەلیج، حزووری راستەوخۆی هێزەکانی ئەمریکی لە ناوچەکە و پێکهاتنی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان لە عیراق بوو.

---

[٢] ابوالقاسم مصباحی گەلێك وردەکاریی سەبارەت بە بەرنامەدانی تێرۆر لە ئێران ڕوون کردەوە. ئەو بە بێ واسیتە، لە پێکهاتنی ئۆرگانەکانی تێرۆر و چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان ئاگادار بوو و پاڵپشتی زانیارییەکانی سەبارەت بە تێرۆری میکۆنۆس، زانیاریی خزم و دۆستانی خۆی بوو:

"پرسیار:

ئەو زانیارییانەی وا لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا سەبارەت بە تێرۆر لە ڕەستورانی میکۆنۆس ئاراستەت کردن، لە کوێوەت هێنابوون؟

وەڵام:

...سەبارەت بە تێرۆری میکۆنۆس، من زانیارییەکانم سەرجەم لە پێنج سەرچاوە وەرگرتووون کە بەهۆی ئەوەی مەترسییەکی گەورەیان لەسەرە، وەك ژمارە یەك تا پێنج ناویان دەبەم...

سەرچاوەی ژمارە ١ی من لە شۆڕای ئاسایشی نەتەوایەتی کار دەکات، ئەوەش بەو واتایە نییە کە پێویست بکات ئەندامی شۆڕاکە بێت. من ئەو واتایەم بە لێزانییەوە هەڵبژارد. ناوبراو زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە دانیشتنەکانی نشۆڕای ئاسایشی نەتەوایەتی هەیە و منی لێیان ئاگادار دەکردەوە. هەروەها هەرکاتێ "کۆمیتەی کاروبارە تایبەتەکان"... ڕاپۆرتێکی دەدایە شۆڕای ئاسایشی نەتەوایەتی، سەرچاوەکەی من لێی ئاگادار دەبوو و دەیدایە من...

سەرچاوەی ٢، کەسێکە کە زۆر زۆر لە ئاغای ڕەیشەهری نزیکە. لەو کۆمەڵەدا ئیش دەکات کە ئەوی تێدایە، هەربۆیەش دەتوانێ ئاگاداری بیر وبۆچوونی ڕاستەقینەی ئاغای ڕەیشەهری بێت...

سەرچاوەی ٣، مەقامێکی پایەبەرزی واواکە (مودیری گشتی ئێستا و ئەندامێکی پێشووی ئیزگەی واواك لە لوبنانە). ئەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ و نیو لە سەر ئەو ئەرکەی دواییان مایەوە و لە باڵوێزخانەی ئێران لە لوبنان کاری دەکرد. لە کاتی تێرۆرەکەی میکۆنۆسدا ناوبراو گەڕابووەوە ئێران و لە سەر ئیش وکاری ئێستای بوو، ئەو یەکێ لە نزیکترین دۆستانی بەنی هاشمی، ڕێبەری تیمەکەیە...

سەرچاوەی ژمارە ٤، پەیوەندێکی گەلێك نزیکی بنەماڵەیی لەگەڵ فەللاحیان هەیە بەڵام خزمی نییە... ئەو سەرچاوەیە ئەندامی واواك نییە... لە تێرۆری میکۆنۆسدا پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەرشەد و کەمالی هەبوو...

سەرچاوەی ژمارە ٥، لە ڕووداوی میکۆنۆسدا بەرپرسیایەتی هەبوو، باوەکوو کاری بەڕێوەبەرایەتی لە ئەستۆ نەبوو... ئەو لە قۆناغی ناسینەوەدا هەڵسووڕاو بوو..."لێپرسینەوە لە ئەبولقاسم میسباحی ١٩٩٦/٩/٢٧

لەم ساڵەدا، کاربەدەستانی رژیمی ئێران لە بەرانبەر ئەو بارودۆخەدا گەیشتنە ئەنجامی ئەوەی کە خودموختاریی کوردستان سەرەکیترین مەترسییەکە هەڕەشە لە کۆماری ئیسلامی بکات و حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ڕێبەرایەتی شەرەفکەندی، لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆ دایە کە دەتوانێ ئەم مەترسییە "بالقوە" یە بکاتە راستەقینەیەکی بەکردەوە. شەرەفکەندی توانیبووی دوابەدوای کوژرانی قاسملوو، بایەخی حزبەکە نوێ بکاتەوە .

تەرحی کوشتنی شەرەفکەندی لە دانیشتنەکانی کومیتەی کاروباری تایبەتی ئەو ساڵەدا باسی لێوە کرا. وەزارەتی ئیتیلاعات کە ئاگاداری بەشداربوونی شەرەفکەندی لە دانیشتنەکانی ئینترناسیۆنالیستی بەرلین بوو، بڕیاری پلان داڕشتنی تێرۆرەکەی دا. فەلاحیان مەئمورییەتی دایە "محەمەد هادی هادەوی موقەددەم" بچێتە شوێنی عەمەلیات (ئاڵمانیا – بەرلین). "هادەوی موقەددەم" پسپۆڕی کارەکە بوو و پێشتر لە پلان داڕشتنی تێرۆری قاسملوودا بەشداریی کردبوو، ئەورووپای دەناسی و بەناوی بەڕێوەبەری شەریکەی پوشتی "صمصام کالا" دەیتوانی بە سەربەخۆیی سەفەری ناو ئەورووپا بکات .

لە هاوینی ساڵی ١٩٩١ دا، ناوبراو بەئامانجی نفووز کردنە ناو کوردانەوە چوە ئاڵمانیا. لەوێ پێوەندی بە شەریکات و بازرگانانی جۆربەجۆر و ئەو کەسانەوەکرد کە دەیانتوانی رێگای گردوکۆ کردنی زانیاریی دەستنیشان بکەن. ناوبراو بەتایبەت توانی متمانەی بەڕێوەبەرێکی ئێرانی شەریکەیەك رابکێشێت و بەیارمەتی ئەو لەژێر ناوی بازرگانی کردندا بچێتە هەموو ئەو شوێنانەی کە دەیویست بچێت. هادەوی موقەددەم سێ مانگ دواتر گەڕایەوە ئێران و زانیاری پێویست و ناوی ئەو خەڵکانەی دۆزیبوونیەوە و جێی متمانە بوون، هەمووی دانە فەلاحیان.

زانیارییەکان لەرێگەی فەلاحیانەوە گەیشتنە کۆمیتەی کاروباری تایبەت و لەوێ باسیان لەسەر کرا. پاش پەسند کرانی کوشتنەکە لەناو کومیتەکەدا، فەرمانی کوشتنی شەرەفکەندی دەرچوو و رێبەر و سەرەك کۆماریش ئیمزایان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد.[٣] کومیتە، بەڕێوەبردنی عەمەلیاتەکەی خستە ئەستۆی شۆڕای عەمەلیاتی تایبەت و فەلاحیانی وەك بەرپرس هەڵبژارد. زانیاری پێویست درایە شۆڕای ناوبراو. شۆڕا، لە چوارچێوەی ئەرکەکانی خۆیدا، بەرپرسایەتی بەرنامەداڕشتن و یەکخستنی چالاکییەکانی ئورگانە حکوومی و نیوەحکوومییە جیاوازەکانی پێوەندیدار بە تێرۆری شەرەفکەندی گرتە ئەستۆ. لەلایەن شۆڕا و بەحوکمی فەلاحیان، "ئەسغەر ئەرشەد" و "عەلی کەمالی" دوو تا سێ مانگ پێش تێرۆرەکە، نێررانە ئاڵمانیا. ئەو دوو کەسە، لە پسپۆڕانی پایەبەرزی واواك لە بەرنامە داڕشتنی تێرۆرن. یەك لە شەریکاتی ژێر پۆششی واواك لەژێر بەڕێوەبەرایەتی کەمالی دایە و ئەسغەر ئەرشەدیش ئەندامی تاقمی بەڕێوەبەرایەتی هەمان شەریکەیە.[٤]

"هادەوی هاتە ئاڵمانیا و زانیاریی لە یەك یا چەند سەرچاوە (خەڵکانی خۆیان) وەرگرت و زانی کە ئەوانەی وا بە شوێنیانەوەن کەی و لەکوێ هاتوچۆ دەکەن. هادەوی لەلایەن واواکەوە وشەیەکی نهێنی دابوە

[٣] تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە ئایا کومیتەکە، جیاس لە فەرمانی کوشتنی شەرەفکەندی، فەرمانی قەتڵی چەند کەسی دیکەشی دەرکردووە. میسباحی لە لێپرسینەوەکانیدا گوتی:
"هەرچۆنێك بێت، جگە لە قەتڵی بەهەڵە، بۆ کووژرانی هەر تاکێك یەك فەرمانی قەتڵ دەردەکرێت. لە ژمارەی ئەو گوللانەی کە هەر قوربانییەك لێیدەکەوێت دەکرێ بزانرێت ئایا ئەو کەسە بە ئامانجەوە پێکراوە یان بە هەڵە گولـلەی وێکەوتووە. ئەگەر بارودۆخ ئیجازە بدات، تەنانەت تیری خەلاسیش لە قوربانییەکە دەدرێت." لێپرسینەوە لە ئەبولقاسم میسباحی ١٩٩٦/٩/٢٧

[٤] کەماڵی و ئەرشەد لە ڕێگەی ئەم شەریکەیەوە بۆ نموونە لە کڕینی ٣٠٠ ترومبیلی مێرسیدێس بێنزی ٢٣٠ لە ئاڵمانیا بەشداربوون. نوێنەرایەتی مێرسیدێس بێنز لە ساڵی ١٩٩٢ دا بەدەست "بونیاد موستەزعەفان"ەوە بوو. ئەو ڕێکخراوەیە بەتەما بوو مۆڵەتی مۆنتاژ کردنی دایملێر بێنز لە ئێراندا وەربگرێت. پێش مەرجی شەریکەی دایك، کڕینی ٣٠٠ ترومبیل بێنزی ٢٣٠ بوو. واواك کاری کڕین و دابین کردنی دارایی ئەو سەودایەی گرتە ئەستۆ. لەم مامەڵەیەدا مووسەوی خۆراسانی دۆستی 'ڕەفیق دوست' ی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە و ڕاوێژکاری ڕەفسەنجانیش بەشدارییان هەبوو. لە لێپرسینەوەکانی ئەبولقاسم میسباحی ١٩٩٦/٩/٢٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوەکانی خویَ لە ئالْمانیا و بەیارمەتی هەر ئەو رەمزە بوو، کە کەمالی و ئەرشەد پیوەندیان پێوە کردن."[٥]

ئەو دوو کەسە، کە زانیاریی وردیان لەمەڕ ئامانجەکە هەبوو، لەماوەی بەهار و هاوینی **١٩٩٢** دا هاورێ لەگەڵ مەئموورانی دانیشتووی ئالْمان و لەوانە کازم دارابی، بارودۆخەکەیان هەڵسەنگاند، پێوەندی پێویستیان دامەزراند و سەبارەت بە هەموو ئەو کەسانەی وا بە شێوەیەك پێوەندیان بە شەرەفکەندییەوە هەبوو یاخود دەیانتوانی لە پێوەندی ئەو دابن، زانیارییان کۆکردەوە.

لەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، ئەم دەورەیە، سەردەمی پێوەندی گرتن بوو. رژیم جگەلە مەئموورانی دانیشتووی شوێنەکان، خەڵکانێکی زۆری بۆ وت و وێژ و نفووز کردنە ناو ئۆپۆزیسیۆن ناردە دەرەوەی وڵات. تەیفێکی رەنگاورنگ لە مەئمووارنی، بە هەر ناوێك، ناردە دەرەوەی وڵات تەنانەت لە بیچمی ئەو مەئموورانەدا کە بۆ چاوەدێری هەڵس و کەوتی هونەرمەندان و رێکخستنی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ بایەخە ئیسلامیەکاندا، بوونە هاورێی گرووپە هونەرییەکان و هاتنە دەرەوەی وڵات.

رژیمی ئێران تا ئەو کاتە چەندەها تێرۆری لە ئەوروپا بەڕێوە بردبوو و بەم کارە، توانیبووی دەسەڵاتی خۆی بنوێنێت و هەرروەها لەناو ئۆپۆزیسیۆندا ترس بخوڵقێنێت بەرادەیەك کە زۆر کەس تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش نەتوانن هەنگاوێکی دژ بە رژیم هەڵێننەوە و لەلایەکی دیکەوە نیشان بدات دەوڵەتە ئەوروپییەکان توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم تێرۆرانەیان نییە.

بەڵام خەرجی ئەم سەرکەوتنانە گەلێك زۆر بوو. هەموو جارێك شوێنی زۆریان لیَ بەجیَ مابوو و هەندێك جاریش تێرۆریستەکان گیرابوون. دەوڵەتی ئێران تەنیا بەیارمەتی هەڕەشە، کەڵك وەرگرتن لە حیزبوڵڵای لوبنان، بارمتە گرتن و ئازاد کردنی بارمتەکان و لە هەموان گرنگتر گرێبەستی ئابووری پڕخەرج و مەخاریج، توانیبووی خۆی لە تەنگژە بڕەوێنێت. شۆڕای عەمەلیاتی

[٥] هەمان شوێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەت و پسپۆرانی تێرۆر کەڵکیان لە هەموو دەرەتانێکی گونجاو وەرگرت، بە ئەزموونەکانی پێشوودا چوونەوە و خاڵی لاوازی هەموو عەمەلیاتەکانی پێشوو کە بووبوونە هۆی گیرانی تێرۆریستەکان و بەجێ مانی جێدەست، هەموویان دۆزییەوە. لەسەر ئەساسی ئەو هەڵسەنگاندنانە بڕیار درا کە لە کاری تێرۆری شەرەفکەندیدا، جگە لەو خاڵانەی وا هەمیشە دەیانگرتە بەرچاو، ئەم خاڵانەش رەچاو بکرێن:

- لە "تیمی لێدان" دا کەڵك لە ئێرانی وەرنەگیرێت. ئەندامانی گرووپەکە ئەوەندەی بگونجێت دانیشتووی ئاڵمانیا بن بۆ ئەوەی پێویست نەکات دوای بەڕێوەچوونی تێرۆرەکە لە وڵات بچنە دەرەوە و لەسەر سنوورەکان شوێنەواریان لێ بەجێ بمێنێت.
- ئەوانەی وا لە ئێرانەوە دێن بەهیچ شێوەیەك کەڵك لە ئوتێل و ناوەندە تۆریستی و بازرگانییەکان وەرنەگرن و لەو ماڵانەدا بمێننەوە کە بۆیان ئامادە کراوە.

بۆ بەڕێوەبردنی ئەم خاڵانە، کازم دارابی مەئمووری زانیاریی ئێران کە دانیشتووی بەرلین بوو، دەورێکی سەرەکی بینی. ناوبراو بەهۆی پویەندی بەربڵاو لەگەڵ حیزبوڵڵاوە، لەماوەی چەند ساڵدا تاقمێکی گەورەی لە چالاکانی حیزبوڵڵای ئاڵمانی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە و رێکی خستبوون. ناوبراو بەناوی بازرگان دەرەتاێنیکی زۆری بۆ نیشتەجێ کردن و شاردنەوەی ئەو کەسانە هەبوو کە لە ئێرانەوە دەهاتن.

- ترومبیل بەکرێ نەگیرێت.
- و لە ئەنجامدا، جاسووس و خەڵکانی نفووزی کە پێوەندیان بە قوربانییەکانەوە هەبوو، بەشێوەیەك رێك بخەن کە پسپۆڕانی پۆلیس وا لە تێرۆرەکە دەکۆڵنەوە نەتوانن بیاندۆزنەوە، جاسووسەکان پێوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ گرووپی عەمەلیات نەبێت و پێوەندەکانیان لەرێگەی تیمی ناسینەوەوە بگرن. فەزای ناو ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی]

و هات و چۆیان بۆ ناوەندی جیاجیای چالاکیەکانی ڕژیم کە ئەو دەم لێیان بووبوە کارێکی ئاسایی ڕۆژانە و ژینگەی بۆ پێوەندی گرتن و ئاسایی نواندنی ئەو پێوەندییە ئامادە کردبوو.

لە کۆتاییەکانی هاوینی ساڵی ١٩٩٢ دا، ئەرشەد و کەمالی ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بردەوە ئێران. ڕاپۆرتەکەیان لە شۆڕای عەمەلیاتی تایبەتدا پەسند کرا و ڕێبەری تیمەکەیان بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیات هەڵبژێررا. ڕێبەرەکانی تیم هەموویان ئەندامی سوپای پاسدارانن، لە لوبنان دەورەیان دیتوە و بەردەوامیش دەورەی نوێ دەبینن. هەندێك لە ڕێبەرانی ئەو تیمانە، لوبنانین. ئەوانە، پێوەندی تایبەتیان لەگەڵ شۆرای عەمەلیاتی تایبەت هەیە و دەرەتان — چ پارە بێت، چ شوێن و کەرەسە و هتد، لە شۆڕای عەمەلیاتی تایبەت وەردەگرن.

لەلایەن فەللاحیانەوە و دوای پەسند کردنی شۆڕا، عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی وەك سەرۆکی تیمی تێرۆری شەرەفکەندی هەڵبژێررا. بەنی هاشمی ئەورووپای باش دەناسی و زمانی ئینگلیزی و هەندێکێش ئاڵمانی دەزانی. دەورەی زۆری عەمەلیاتی تێرۆریستی دیتبوو و لە لوبنان یەك لە ڕێبەرانی عەمەلیات بوو. تێرۆری موراد تالبی - پایلۆتی فڕۆکەی فانتۆم لە ژنێڤ لە ڕۆژی ١٩٨٧/٨/١٠ لەژێر فەرمانی ئەودا بەڕێوە چووبوو و لە ئامادەسازی بۆ تێرۆری باڵوێزی عەرەبستانی سعوودی لە سوێد لە ساڵی ١٩٩٠ دا بەشداریی کردبوو. بەنی هاشمی خەلکانی بەرێ و جێی بۆ تیمی لێدان هەڵبژارد.

بەپاڵ شۆڕای عەمەلیانی تایبەتەوە خەڵکانێکی زۆر هەن کە ئیش و کاری حوکوومی و دائیمیان نییە. ئەو کەسانە بەعادەت بەشێکی ساڵ لە دەرەوەی ئێران دەژین و شوێنی جیاجیای ئەورووپا دەناسن. ئەو کەسانە دەورەی جۆربەجۆری تێرۆریستیان بینیوە. سەرۆکی تیم لەناو ئەو کەسانەدا ئەندامی تیمی خۆی هەڵدەبژێرێت.

لەم ماوەیەدا کازم دارابی گەڵاڵەی سەرەتایی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی ئامادە کردبوو و لەناو لوبنانییەکانی دانیشتووی ئاڵمانیا، خەڵکانی بەرێ و جێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆخۆی هەڵبژاردبوو. ناوبراو لەناو لیستەی دوور و درێژی برایانی حیزبوڵلاهیدا، چەند لوبنانییەکی بۆ بەشداری کردن لە عەمەلیات هەڵبژارد و ئەوانی تر، واتە حیزبوڵلاهییە ئێرانییەکانی دانا بۆ ئەوەی کاروباری ئامادەسازی و "پشتی جەبهە" بەڕێوە بەرن.

نەقشەی عەمەلیاتەکە "عەتائوڵلا عەیاد" خزمی ژنی دارابی دایڕشت. بەگوێرەی گەڵاڵەی ئەو، دەبوایە دوو کەس بچنە ناو شوێنەکە و یەکێکیش پارێزگاریی بەردەگا بکات، کەسی چوارەم دەبوو لێخوڕی ترومبیلی هەڵاتن بێت. ئەم چوار کەسە بریتی بوون لە خۆی، راحیل، ئەمین و عەتریس.

دەوروبەری ٧ ی مانگی ٩ تیمی عەمەلیات بەرێبەرایەتی عەبدوڕەحمان بەنی هاشمی چوونە بەرلین. تایبەتمەندی و ژمارەی ئەندامانی تیمەکە روون نییە. تیمی ناوبراو بۆ دواجار بەیارمەتی دارابی مەئمووری دانیشتووی بەرلین نەقشەی عەمەلیاتەکەی هەڵسەنگاند و دوایین گەڵاڵەی کارەکەی پەسند کرد.

لەم کاتەدا، دژایەتی عەتائوڵلا عەیاد کرا کە بەشداریی عەمەلیاتەکە بکات، بەڕواڵەت لەبەر ئەوەی کە حیزبوڵلاهی نەبوە و لە لوبنان لەگەڵ [بزووتنەوەی] "ئەمەل" دا کاری کردوە. تیمەکە هەوڵی دا کەسێکی تر بدۆزێتەوە رەشاشەکەی بداتە دەست.

کاتی تیرۆر وا دانرا کە کۆتایی کۆنگرەی ئینترناسیۆنالی سۆسیالیستی بێت. تیمەکە رێگای هەڵاتنی بەوردی دیاری کرد، بلیتی پێویست بۆ چوونە دەرەوە لە ئاڵمانیا ئامادە کرا، کەسەکان لەیەك جیابوونەوە و بڵاوەیان کرد تا ئەو کاتەی وا بانگ بکرێنەوە، ئەمین چوو بۆ چاوپێکەوتنی بنەماڵەکەی لە شاری راینە.[٦]

لە رۆژی ١٢ی مانگی ٩ دا بڕیار درا ئەندامانی تیمەکە کۆببنەوە و ئامادەسازی پێویست بەڕێوە ببەن. لەو رۆژەدا راحیل بە تەلەفۆن داوای لە ئەمین کرد بۆ "بەرێوەبردنی کارەکە" بچێتە بەرلین و دارابی لە هەمان پێوەندی گرتنەدا گوتی "ئیش هەیە بۆی". ئەمین هەر ئەو رۆژە بەرەو بەرلین کەوتەڕێ. ئێوارە گەیشتە

[6] Reihne

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرلین و راستەوخۆ چوو بۆ ماڵی دووهەمی دارابی. ماڵەکە لە ناوچەی ویلمێرزدۆرف[٧] و جادەی دیتمۆلدر[٨] لە ژمارەی ٦٤ هەڵکەوتوە کە نزیکە لە گۆڕەپانی "بۆند".[٩] شەریف چوو بۆ لایان و دارابیش هات و بۆ ماوەیەکی کەم لەوێ مایەوە. ئەوانی تر شەو لەوێ مانەوە. رۆژی یەك شەممە دارابی سەر لەنوێ هاتەوە و داوای لێکردن ماڵەکە خاوێن بکەنەوە و شوێنی پەنجەیان پاك بکەنەوە. پاشان بەنی هاشمی بە ترومبیلی میرسیدێس بێنزی خۆی، راحیل و ئەمینی بردە ماڵێکی نهێنی لە جادەی زێنفتن‌برگر[١٠] کە بۆ ئەم کارە گیرابوە بەرچاو. تیمەکە تا رۆژی دوای تێرۆر لەو ماڵە مانەوە. تیمێکی تر، واتە تیمی ئامادەسازی و پێوەندی و رێبەرایەتی هەموو عەمەلیاتەکە، واهەیە لە ماڵی جادەی دیتمۆلدر نیشتەجێ بووبێتن.

ماڵی جادەی زێنفتن برگر کەوتۆتە لێواری باکووری شاری بەرلین و محەمەد تەقی ئیشتیاقی یەکێك لەو حیزبوڵڵاهییانەی دانیشتووی ماڵەکە بوو. ئیشتیاقی بۆ ماوەیەك چووبووەوە ئێران و کلیلی ماڵەکەی دابووە بەهرام برنجیان کە ئەندامێکی دیکەی تۆڕی حیزبوڵڵا بوو و برینجیانیش کلیلەکەی دا بە دارابی. ئەوە یەك لە ماڵە نهێنییەکانی تیمی لێدان بوو.

دوای ئەوەی کەسەکان چوونە ماڵی نهێنییەوە، دارابی بە هاشمی گوت: ئەگەر پێویستی کرد پێوەندیم پێوە بکە، لە هەر حاڵەتێکدا دوای تەواوبوونی کارەکە تەلەفۆنم بۆ بکە. دارابی لە دەوروبەری سەعات ١١ ی شەو بەرلینی بەرەو هامبورگ بەجێ هێشت و تا رۆژی ٢٠ مانگی ٩ لە دەرەوەی بەرلین مایەوە.

دووشەممە ١٤ ی مانگی ٩، عەلی سەبرا کرایە مەئموور بۆ ئەوەی ترومبیلی هەڵاتن کە پێشتر دەستنیشانی کردبوو بکڕێت. ترومبیلێکی جۆری بی. ئێم. دۆبلیوی دەستی دوو بەنرخی ٣١٢٠ مارك کڕا. کۆت و شەڵوار (قات) و کراسی نوێش بۆ ئەمین کڕا.

---

[7] Wilmersdorf
[8] Detmolder
[9] Bundesplatz
[10] Senftenbergerring

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژی سێ شەممە، ئەمین و بەنی هاشمی چوونە وێستگەی مێترۆ لە جادەی فردریش[11] نزیك ئۆتێلی ئونتردن ليندن[12] ئەو شوێنەی وا شەرەفکەندی لێی دەمایەوە. لەوێ چاویان بە محەمەد کەوت. کەسانێکی دیکەشیان بینی، پاشان ماوەیەك لە کافەیەك دانیشتن و ئینجا گەڕانەوە بۆ ماڵ. ئەو کەسەی وا بڕیار بوو بە رەشاش گوللەباران بکات، بەهۆی بێ باوەڕیی بە حیزبوڵلاوە وەلا نرابوو و سەرۆکی تیم داوای لە ئەمین کرد ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەمین ملی دانەبرد. ئەم هات و چۆیانە واهەیە عەمەلیاتی راهێنان بووبێت بەشێوەی ئەو تەمریناتەی کەوا شەوی چوارشەممە لە دەوروبەری رەستورانی میکۆنۆس بەڕێوە برا.

بەرپرسی عەمەلیاتەکە لە رێگەی دارەدەستی هەمەچەشنەی خۆیەوە ئاگاداری هەموو ئەو شتانە بوو وا لەناو ئۆپۆزیسیۆندا رادەبرا و لای کەم لە رێگەی جاسووسێکەوە زانیاری روونی لەسەر کات و شوێنی پێکهاتنی ئەو دانیشتنە دەست کەوت کە شەرەفکەندی تێیدا بەشداریی دەکرد. لە بەیانی رۆژی چوارشەممەوە، تیمەکە چالاکیەکانی خۆی لەسەر عەمەلیات لە رەستوورانی میکۆنۆس تەرکیز کرد. دەوروبەری نیوەڕۆی هەمان رۆژ راحیل و حەیدەر گەڕانەوە ماڵێ و گوتیان کە ناوچەکەیان هەڵسەنگاندنەوە و ناسیویانە. بەنی هاشمی داوای لە حەیدەر کرد کەرەسەی کارەکە بهێنێتە ماڵەوە. بەگوێرەی گەڵاڵەیەك کە پێشتر ئامادەکرابوو، کەرەسە – واتە چەك و وێنەکان، لە قەرار (مەوعید) ێکی مردوودا درابوە دەستیان. لە قەراری مردوودا، پەیام و کەرەسەی پێویست لە شوێنێکی دوورکەوتوو – بەعادەت گاراژ یا ترومبیلێکی راگیراو دادەنرێن بۆ ئەوەی لایەنەکەی تر بە بێ پێوەندی گرتنی راستەوخۆ بتوانێ هەڵیان بگرێت. گەرچی لەم چەشنە مەوعید و قەرارانەدا خەڵکانێکی زۆر بەشداری دەکەن، بەڵام یەکتر نابینن و خۆ لە یەکترناسینی ناپێویست دەگرن. لەم قەرارە مردووەدا، تیمی لێدان وێنەی ئەو کەسانەیان پێگەیشت کە

---

[11] Friedrich
[12] Unter den Linden

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبوایە بکوژرێن. چەك و وێنەکان لەرێگەی نوێنەرایەتیە سیاسیەکانی ئێرانەوە ڕاگوێزرابوونە ئالْمانیا. لەماوەی ئەو ڕۆژەدا، دەوڵەتی ئێران لە شارەکانی کوردستان "بارودۆخی نائاسایی" ڕاگەیاند.[١٣]

ڕاحیل و حەیدەر چەکەکانیان هێنانە ناو ماڵەکە. بەنی هاشمی فەرمانی دا: "ئەمشەو دەچینە شوێنەکە". ئەو شەوە دوایین تەمرین بەڕێوە برا. حەیدەر و ڕاحیل بە ترومبیلە کراوەکە و بەنی هاشنی و ئەمین بە کەرەسەی هات و چۆی گشتی چوونە نزیك ڕستوورانەکە. محەمەد پێشتر گەیشتبوە ئەوێ و ئێرانیەکی تر بە مێرسیدیس بێنزێکی ڕەش هاتە شوێنەکە.

کەسانی تیمەکە بەبێ ئەوەی بچنە ناو ڕەستوورانەکەوە، تەمرینی عەمەلیاتەکەیان بەتەواوەتی کرد. چەند کەسیان لە ڕەستووراتێکدا پیتزایان خوارد و گەڕانەوە بۆ ماڵە نهێنیەکە. ئیتر تا کۆتایی ڕۆژ، دوایین ئامادەکارییەکانی تیمی لێدانیش کۆتایی پێهاتبوو.

لەکاتێکدا کە زوربەی بەشدارانی دانیشتنەکە هەتا دوایین سەعاتیش لە ڕێکەوتەکەی بێ ئاگا بوون، تێرۆریستەکان لە ڕێکەوت و زۆر وردەکاریی دانیشتنەکە ئاگادار بوون و خۆیان بۆ عەمەلیاتی ڕۆژی دواتر ئامادە دەکرد.

ڕۆژی پێنج شەممە، ئەندامانی تیمی لێدان بۆ هەندێ کاری پێویست وەك کڕینی جانتای وەرزشی بۆ ڕاگواستنی ڕەشاش لە ماڵ چوونە دەرەوە. ئێوارە سەعات ١٩ ئەندامانی تیمەکە بەدابی شیعە، پێش دەستپێکردنی شەڕ، نوێژی جەماعەتیان کرد بۆ ئەوەی هێزە ئاسمانییەکان یارمەتییان بدەن.

سەعات ٢١ لەماڵی جادەی زێنفتن برگر تەلەفۆنەکە دوو جار زەنگی لێدا و بێ ئەوەی کەسێك تەلەفۆنەکە بەرز بکاتەوە، دەنگی بڕا.[١٤] دوای بڕانەوەی دەنگی تەلەفۆن، بەنی هاشمی فەرمانی دا "با بڕۆین". بەنی هاشمی و ئەمین بەتاکسی

---

[١٣] شایەدیدانی جەواد دەبیران ٩٥/٤/٢ و ٩٥/٦/٢٢ و شایەدیدانی شاهۆ حوسەینی ٩٤/١١/١١

[١٤] ئەمین لە لێپرسینەوەکانی خۆیدا جارێك گوتی ئەگەری ئەوە هەیە محەممەد و جارێکی دیکەش گوتی لێخوڕی بێنزەکە تەلەفونیان کردبێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیان گەیاندە گۆڕەپانی کورت شوماخر[15]. لە پلیکانی مێترۆ چوونە خوارەوە و لە لایەکەی دیکەی سەرکەوتن. سەر لەنوێ تاکسییان گرت و لە نزیك رەستورانی میکۆنۆس دابەزین. راحیل و حەیدەر بە ترومبیلی بی. ئێم. دۆبلیو خۆیان گەیاندە شوێنەکە. وەك شەوی پێشوو، محەممەد ومێرسیدیس بێنزە رەشەکەش بە لێخوڕی ئێرانییەوە لەوێ بوون.

محەممەد و بەنی هاشمی و لێخوڕی ترومبیلەکە دوایین زانیارییان بە یەکتر راگەیاند. ئەندامانی تیم تا کاتی دەستپێکردنی عەمەلیات خۆیان لە جادەکانی دەوروبەری رەستووران خافلاند. یەکیان، کەوا هەیە بەنی هاشمی بووبێت، چوە حەوشی پشتەوەی رەستووران و لە پەنجەرەوە بەوردی سەیری ژووری دانیشتنەکەی ئۆپۆزیسیۆنی کرد و چۆنیەتی دانیشتنی کەسەکانی لە زیهنی خۆیدا راگرت.

پێنج شەممە ١٧ ی مانگی ٩، سەعات ٢٢ و ٥٠ خولەك، سێ کەس یەك بەدوای یەك بەرەو دەرگای چوونە ژوورەوەی رەستورانی میکۆنۆس رۆیشتن. ئەمین لەبەر دەرگا وەستا. بەنی هاشمی بە جانتایەکی وەرزشییەوە کە رەشاشی تێدابوو، هاوڕێ لەگەڵ راحیل کە دەمانچەی پێ بوو، چوونە ناو رەستورانەکە. لە سالۆنەکە تێپەڕ بوون و گەیشتنە ژووری پشتەوە.

---

[15] Kurt Schumacher

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات و سەرەتاکانی تێرۆر

پێنج شەممە ١٧ ی مانگی ٩، سەعات ٢٢ و ٥٠ خولەك، لە رەستورانی میکۆنۆس هەموو شتێك وەك ئەو رۆژانە ڕادەبرا کە کۆبوونەوەی دانیشتنی رێکخستنی تێدا بەڕێوە دەچوو. چەند مشتەرییەك دوای خواردنی شێو رۆیشتبوون. لەپشت بارەکە، ماریا ڤۆلچانسکایا[16] وەستابوو و لەناو سالۆنەکە ئالمانییەك دوای خواردنی شێو، بیرەی دەخواردەوە.

لە ژووری پشتەوە، نۆ کەس لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی] بێ خەم و نیگەرانی و بێ رەچاو کردنی هیچ حیسابێکی ئاسایش، خەریکی خواردن و وت و وێژ بوون. بەشوێن پرسیارێکدا هەموان دەیانویست وەڵامی شەرەفکەندی ببیسن. لێرەدا، دوو کەس هاتنە ژوورەوە و لە پشت یەکەم و دووهەم کەسی دەوری مێزەکە، راوەستان.

مەسعوود میرراشید – یەکەم کەس، گوتی:

"من ئەودەم لە قووڵایی وت و وێژ لەگەڵ ئاغای شەڕەفکەندیدا بووم. لەو کاتەدا هەستم بە گۆڕانی روخساری کرد. لەپێشدا لە خۆم پرسی ئایا شتێکی خراپم گوتوە؟ دوابەدوای ئەوە...."[17]

پەرویز دەستماڵچی کە لای میرراشید دانیشتبوو، گوتی:

"مەسعوود تازە دەستی بە قسە کردبوو و من رووم کردبوە لای ئەو. لەو کاتەدا ئاگاداری هاتن و وەستانی پیاوێك بوومەوە. سەیری لای سەرەوە و پیاوەکەم کرد. تێگەیشتم کە دەم و چاوی خۆی تا ژێر چاو - واتە لووتی – بە دەسرە یا شاڵێکی گوڵدار داپۆشیوە. پاشان سەیری

---

[16] Maria Voltschanskaja

[17]. لێپرسینەوە لە میرڕاشد، ١٩٩٢/٩/١٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوارەوەم کرد و دیتم پیاوەکە شتێکی درێژی بەرەو رووی ئێمە گرتوە، کە بە دەسرەیەك داپۆشراوە. من نەمزانی چییە. لەو کاتەدا گوێم لە دەنگێك بوو، کە بەرز، زۆر بەرز بە [زمانی] ئێرانی گوتی: دایك قەحبەکان!...."[١٨]

دوو کەسەکەی دوایی، واتە عەبدولی و ئەردەڵان کە لای دەستی دەستماڵچی دانیشتبوون نەیانتوانی هیچ بڵێن.

تەبیب غەففاری خاوەنی رەستوران، کە رووبەڕووی دەرگای چوونە ژوورەوە لەنێوان ئەردەڵان و شەرەفکەندی دانیشتبوو، گوتی:

"کاتێ من لای هومایوون [ئەردەڵان] دانیشتم، کەسێك هاتە ژوورەوە، وام بەرچاو کەوت کە یەك یا چەند کەسی دیکەش لەپشتەسەری ئەون. نیازم لە "هاتنە ژوورەوە" ئەوەیە کە لەبەر دەرگای ژووری دانیشتنەکە ئەو کەسەم بینی. کەسەکە بە شتێکی سپی دەم و لووتی خۆی داپۆشیبوو. نازانم جنسی شتەکە کووتاڵ یان شتێکی تر بوو و هەروەها نازانم ئایا لە دەم وچاوی خۆی داپۆشیبوو یاخود بەدەست گرتبووی.

رووداوەکە گەلێك بەخێرایی رووی دا. من لە بارودۆخێکدا نیم کە بتوانم بڵێم ئایا کەسەکە شتێکی بەدەستەوە بوو یان نا. بەڵام لام وایە لە دەرگای چوونە ژوورەوەی ژووری دانیشتنەکەوە...."[١٩]

دوو کەسەکەی تر، واتە شەرەفکەندی و دیهکوردی کە رووبەڕووی ئەوانە دانیشتبوون کەوا تازە هاتبوونە ژوورەوە، هیچیان نەگوت.

کەسی دواتر، واتە ئیبراهیمزادە، کە پشتی لە دیوار بوو و لای دەستی دیهکوردی دانیشتبوو، گوتی:

---

[١٨]. لێپرسینەوە لە دەستماڵچی، ١٩٩٢/٩/١٨

[١٩]. لێپرسینەوە لە تەبیب غەففاری لە نەخۆشخانە، ١٩٩٢/٩/٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"دەوروبەری سەعات ٢٣ دەنگێکی نەناسراو بەفارسی گوتی 'دایك قەحبەکان!' دواى ئەوەی ئەو وشانە گوتران، من سەیری پیاوەکەم کرد. توانیم چەکیك بە دەستییەوە ببینم..."[٢٠]

سادقزادە گوتی:

"سەرم دانەواندبوو و سەیری دەورییەکەی بەردەمم دەکرد کە..."

بەنی هاشمی جانتای رەشاشەکەی بەرز کردەوە و لەلایەن ئەردەڵانەوە تا ئەم بەری مێزەکە، واتە دیهکوردی، دایە بەر گوللە.

دانیشتنەکە پێشتر رێکخرابوو.

## ئـ ئامادەکاریی نەزەری

بەمردنی خومەینی، بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی] خەوی ئەوەیان دەدیت کە گۆڕانکارییەکی دەست بەجێ لە رژیمی ئێراندا بێتەجێ. هەموو ئەو کەس و رێکخراوانەی کە لایان وابوو سەرجەمی رژیم بریتیە لە خومەینی و بۆ نموونە شەڕی ئێران و عیراقیان بە شەڕی خومەینی یاخود شەڕأی خومەینی و سەددام دەزانی، چاوەڕوانی گۆڕانکاری جیدی و خێرایان دەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی خەون و خەیاڵیان لەگەڵ جیهاندا هاودەنگ نەبوو، جیهانی راستەقینەیان لە تیۆرییەکاندا خستە بیچمی جیهانی خەیاڵاتەوە. وەهم و خەیاڵی گەڕانەوەی سووك و سانا بۆ ئێران خەوی لە چاوی زۆر کەس سەندبوو. موجاهدین [ی خەلق] دەست بەجێ دوای شەڕ، هێرشیان کردە سەر ئێران و بەکردەوە بۆیان روون بۆوە کە گەڕانەوە هەروا هاسان نییە. ئینجا کوشتاری بەکۆمەڵ لە زیندانەکان دەستی پێکرد. بەڵام ئەوانی تر نەیانویست ئەو ئەزموونە ببینن. حکوومەتی ئێران بەتایبەت ئەوەی وا باڵی [هاشمی] رەفسەنجانی بوو، کە بە لیبراڵ یا "موعتەدیل" ناو دەبرا، ئاگری ئەو خەیاڵاتەی خۆشتر کرد. ئایاتی مەککی لە وتارەکاندا بوون بە ئایاتی مەدەنی. ئەوانەی ناو ئۆپۆزیسیۆن کە

---

[٢٠]. لێپرسینەوە لە ئیبراهیم زادە، ١٩٩٢/٩/١٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داوایان لە بیرەوەریی مێژوویی گەل دەکرد ئازایەتیەکانی ساڵانی شەڕ و سەردەمی شۆڕش و تەنانەت پێشتریان لەبیر نەکەن، لەوە زیاتریان نەویست کە هیوا بەو شتانە ببەستن وا بۆ پروپاگەندە خستبوویانە بەرچاووگوێیان. ئەوان کوشتاری بەپێی بەرنامەی زیندانیانی سیاسییان لەبیر بردەوە و داوایان لە خەڵکیش دەکرد لەبیر خۆیانی بەرنەوە. لەجیاتیان، قسەی ئەم یا ئەو نۆکەری پلەنزمی رژیمیان گەورە کردەوە و لەو قسانە خواردنیان بۆ ئۆپۆزیسیۆن دروست کرد، چاویان لە راستەقینەی رۆژانەی کۆمەڵگای ئێران قووچاند و لەجیاتی ئەو، مانۆڕەکانی رژیمێکی سەروبەر دژی مرۆڤیان بە سەرەتای پرۆسەی ئازادی دانا؛ بەربەرست بوونی هەموو چەشنە چالاکییەکی جیددی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی یا سیاسییان دایە پاڵ هەل و مەرجی گشتی کۆمەڵایەتی بەڵام قسەی فلان مەئمووری رژیمیان، کە بەگوێرەی کات و سات شتێکی گوتبوو، وەك راستەقینەی رژیم گەورە کردەوە و دوای ئەوەی کە باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمانیا باسی وت و وێژی کرد، بە پەلەپەل لەگەڵیدا کەوتنە قسەکردن و دەستنووسی وتو وێژەکانیان بە دەستنووس یا بە تایپکراوی وچاپکراوی لە رۆژنامەکانیاندا لە سەرتاسەری جیهان بڵاو کردەوە. ئەم بەشەی ئۆپۆزیسیۆن بوو بە پروپاگەندەچی رژیم یا لانی کەم "باڵ" ێکی رژیمی ئێران.

یەکەم گرووپێك کە خۆی بە ئۆپۆزیسیۆن ناو دەبرد و ئەندامەکانی لە دەرەوەی وڵات دەژیان و ئەو رێگایەی گرتەبەر و بوو بە ئاڵاهەڵگری رژیم، "جمهوری خواهان ملی" بوو[٢١]. بەشوێنیدا، هێزە جۆرەبەجۆرەکان بەناو و ئێتیکێتی کۆن و نوێ و بە نەریتی دوور و درێژی هاوکاری لەگەڵ رژیمەوە، جەریانێکی گەورەی هاوکاری لەگەڵ رژیم – جا ئەگەر هەموو رژیمیش نەبوایە لانی کەم بەشێك لە رژیم - یان خستەگەڕ. ئەوانە نووسیان و پروپاگەندەیان کرد کە گوایە بە هەمان یاساکانی ئەو سەردەمەی کۆماری

[٢١]. جمهووری خواهان ملی ناوی رێکخراوەکەیە بە فارسی. لە بەڵگەنامەکانی رێکخراوەکە بە زمانەکانی دیکە (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئاڵمانی و ...) وشەی 'ملی' بوونی نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامی و بە بوونی رژیمیش، هەڵبژاردنی ئازاد شتێکی گونجاوە و تەنانەت بۆ پاراستنی یەکیەتی نەتەوایەتی پێویستیشە.

رژیمی ئێران بەشوێن بانکی جیهانی و خەریکی راکێشانی سەرمایە بوو بۆ ئەوەی بتوانێ ئابوورییە لەبەریەك چوەکەی خۆی رێك و پێك بکات، نارەزایی دەربرینی خەڵك هێور بکاتەوە کە تا ئەو دەمە بە بیانووی بارودۆخی شەڕەوە سەرکوتی کردبوو، و پایەکانی حکوومەتی خۆی – کە دەیدەی سست بوونەتەوە، سەر لەنوێ قایم بکاتەوە. هەر بۆیەش رژیم دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەیەکی بەربڵاو. تازە بەدیموکرات بووەکان ئەم پروپاگەندەیان بە بانگ هێشتنی خۆیان دانا و دەروازەیەکی نوێیان کردەوە: گەڕانەوە بۆ ئێران، هەل و مەرجی گەڕانەوە بۆ ئێران، چۆنیەتی گەڕانەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئێران و گرنگایەتی گەڕانەوە و هەڵبژاردنی ئازاد.

لەم شەپۆلە نوێیەی وا تایبەتمەندییەکانی بریتی بوون لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد و گەڕانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە بۆ ئێران و گۆڕانی خەسلەتەکانی رژیم، زیاتر کەسانێك پشتیوانیان دەکرد کە چ بەشێوەی تاکەکەسی و چ بە شێوەی گرووپ و دەستە و تاقم، لەگەڵ رژیمی جمهوری ئیسلامیدا هاوکارییان کردبوو، لێیان درابوو، لێیان کوژرابوو و هەڵاتبوون بەڵام لەم گشتە تەنیا مشتێکیش فێر نەببوون. ئەگەر گونجاوبوونی بارودۆخ بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و گەڕانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بۆ ئێران و دەرکەوتنی سەرەتاکانی گۆڕانکاری لە خەسلەتەکانی رژیمدا قەبووڵ بکرایە، کە قەبووڵیش کرابوون، ئەوا هەنگاوی دواتر بریتی بوو لە وت و وێژ سەبارەت بەو هەل و مەرجانە.

بە بیانووی وت و وێژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، مەئموور و دارەدەستی کۆماری ئیسلامی بە هەر جل و بەرگێکەوە، رژانە دەرەوەی وڵات. دیالۆگ و وت و وێژ دەرگای بۆ ئەوانە خستە سەرپشت کە بەشوێن دۆزینەوەی جێ پێیەك لەناو ئۆپۆزیسیۆن و پێوەندیی جاسووسیدا دەگەڕان. لەو فەزا بەرێ و جێیەدا کە دروست کرابوو، بەهاسانی دەیانتوانی یارمەتی بە ئەم یا ئەو تاکەکەس بدەن،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم یا ئەو تاکەکەسی لاواز یا خۆفرۆش بدۆزنەوە و لەم ڕێگەیەوە تۆڕی زانیارییەکانی خۆیان پانتر بکەنەوە.
تازە بەدیموکرات بوەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ "تەمرینی دیموکراسی" باوەشیان بۆ وتوویژ کردەوە. کار لەوەش ترازا، پێوەندی گرتن لەگەڵ پیاوانی ڕژیم و دەستپێکردنی وتوویژ، خۆی بوو بە ئامانجی سەرەکی و هەموولایەك کەوتنە کێ بەرکێ و پێشکەوتنی یەکتر. پێویستی نەدەکرد لایەنی وت و ویژەکانیان کەسایەتیەکی پلەبەرزی ڕژیم بێت. باڵویز باش بوو. ئەو نەبوایە کۆنسوول یا مەئمووری زانیاریی کۆنسولیەتیش هەر قەبوڵ دەکرا، خۆ ئەگەر ئەویش نەبوایە، وتوویژ لەگەڵ هەر مەئموورێکی ئاپۆرەی پلەنزمیش کە لە ئێرانەوە بهاتبایە لە هیچ باشتر بوو! تەنانەت بەرپرسانی پاراستنی گرووپە وەرزشی و هونەرییەکان و کاربەدەستانی شەریکاتی پۆششی و واواکیش بوون بەلایەنی وتوویژ. هەندێکیانیش کە زۆر "چەپڕەوی" یان کرد و گوتیان نابێ لەگەڵ مەئموورانی زانیاریی ڕژیم وتوویژ بکرێت، نیازیان ئەوە بوو کە نابێت لەگەڵ ئەو مەئموورانە وتوویژ بکەن وا سەرەتا کارتی [ئەندامەتی] واواك دەردەهێنن و پیشانی دەدەن!
لەم بارودۆخە و لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٠ دا بوو کە 'کۆبوونەوی ڕێکخستن'ی بەرلین پێك هات. گوتیان بەرپرسایەتی تاکەکەسییە و پروپاگەندەی ئەوەیان کرد کە ئەشخاس خۆیان بەرپرسی ئەندام بوونی خۆیانن، بەڵام بەکردەوە شتێکی تر بوو.[٢٢] کۆبوونەوەی ڕێکخستن بریتی بوو لە لیژنەی یەکیەتی کردەوەی ئەو تاکەکەس و ڕێکخراوانەی وا باوەڕیان بە گۆڕانکاریی وردەوردەی رادەکانی سەرەوەی ڕژیم هەبوو. تاکەکەسێکی زۆر

٢٢. "ماوەی سێ مانگە لە شاری بەرلین کومیتەیەك بە ناوی 'اجلاس هماهنگی برلن' پێك هاتووە، کە لە لایەن یەکەی بەرلینیشەوە نوێنەرێك لە دانیشتنەکەدا بەشداری دەکات. بەشداربووانی دیکەی دانیشتنەکە بریتین لە نوێنەرانی حزب دمکراتیك مردم ایران، سازمان فدائیان اکثریت، سازمان فدائی (کشتگر)، تاکەکەسانی ناسراو بە جریان سوسیال دمکراتهای برلن و تاکەکەسانیتر..." وەرگیراو لە هەواڵنامەی ناوخۆیی جمهوری خواهان ملی ایران، ژمارە ٣، ١٩٩١/٣/١٠.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامی لیژنەکە بوون. دەقی وت و ویژی ناو کۆبوونەوەکان بە ڕێك و پێکی دەنووسرا.[٢٣]

ئەوەی کە دوای ڕووداوی میکۆنۆس چی بەسەر ئەو دەقانە هات حیکایەتێکی دوور و درێژە، کە بەرپرسانی دانیشتنەکە خۆ لە باسکردنی دەپارێزن. هەتا ئێستا ئەندامانی کۆبوونەوەکە هیچ راپۆرتێکیان لەسەر کارەکانی خۆیان بڵاو نەکردۆتەوە. کۆبوونەوەکانی ئەو ڕێکخستنە بەگشتی لە ڕەستورانی میکۆنۆس دەبەسترا.

زوربەی ئەندامانی کۆبوونەوەی ناوبراو کە وەك شاهید هاتنە دادگا، دیهکوردییان بە بەرنامەداڕێژ وبەڕیوەبەری سەرەکی کۆبوونەوەی ڕێکخستن ناساند. دەکرێ بزانرێت کە ئەم روانگەیە هیچ بنەمایەکی عەینی نییە لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە لە فەزای دوای کوشتار [ی میکۆنۆس] و لەدرێژەی دادگادا ئەوەندەی توانییان هەوڵیان دا دەوری کۆبوونەوەی ڕێکخستن بەکەم بنوێنن و دەوری خۆیان لەوێدا بکەنە هیچ. دانیشتنی ڕێکخستن لەسەر بنەما و ڕێبازی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئەندام چالاکی دەنواند. ڕێکخراوەی "جمهوریخواهان ملی ایران" بەپێچەوانەی ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەندام، روانگەی خۆی بەڕاشکاوی و لە پرۆسەیەکی درێژتردا ڕاگەیاندبوو و خستبوویە بەرباس. بەم هۆیەوە، هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، بنەما سەرەکییە سیاسییەکانی دانیشتنەکە روون دەکاتەوە.

لەکاتی مردنی خومەینیدا، *"جمهوریخواهان" بەهیوای لەبەریەك چوونی سەرجەمی ڕژیم ئاوایان نووسی:*

---

[٢٣]. *"اجلاس هماهنگی برلن ڕۆژی چوارشەممە **١٩٩٠/١٢/١٩** سەعات ٧ ی دوای نیوەڕۆ بە بەشداریی بەڕێزان... (ڕێکخراوەی فدائیان خلق ایران)، ... (جمهوری خواهان ملی)، ... (حزب دمکراتیك مردم ایران)، ... (ڕێکخراوەی فدائیان خلق ایران اکثریت) و بەڕێزان ... و ... لە تاکەکەسەکان پێك هات و بەڕێزان ... و ... بە دوو هۆکاری جیاجیا تێیدا ئامادە نەبوون. بەڕێز .... ئاگاداری گۆڕانی ڕێکەوتی دانیشتنەکە نەبوو و سەعات ٦ هاتبوو و بەڕێز .... ڕۆژی دانیشتنەکەی لەبیر چووبوو."* دەقی نووسراوی قسەکانی ناو اجلاس هماهنگی، مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٩٠ (فۆتۆکۆپی). لە دەقەکەدا ناوەکانیش نووسراون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*"دەبێ هەوڵ بدرێت لە هەموو ڕێگایەکی گونجاوەوە بگەینە مەجلیسێکی موئەسسەسانی راستەقینە".*[٢٤]

ماوەیەك دواتر، "بیژەن حیکمەت" لە کۆبوونەوەی گشتی "جمهوریخواهان ملی" دا رایگەیاند:

*"دروشمی مەجلیسی موئەسیسان بۆ بنیاتنانی نیزامێکی سیاسی نوێ، خۆی لەخۆیدا مەشروعیەتی نیزامە سیاسیەکانی نیشتمانی ئێمە دەداتە دواوە. ئەو دروشمە، دروشمی ستراتێژیکی ئاشتییە."*[٢٥]

لە نووسراوەیەکی رەسمی ڕێکخراوەکە لەژێر سەردێڕی "سەبارەت بە راپۆرتی نهضت مقاومت ملی ایران" و لە وەڵامی ئەواندا لە رۆژی ١٩٨٩/٧/١٦ (١٣٦٨/٤/٢٤) نووسییان:

*"جمهوریخواهان ملی ایران تەنیا لەگەڵ ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا هاوهەنگاو دەبێت کە لە بەرنامە و کردەوەیاندا جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ دەگرنە بەرچاو و ئەویش بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی سیاسی لەپێناو رزگاربوون لە نیزامی "ویلایەتی فەقیهـ" و ئەسپاردنی مەسەلەی دەستنیشان کردنی شێوەی نیزامی سیاسی داهاتووی وڵات بە مەجلیسی موئەسیسان."*[٢٦]

بەڵام رژیم هۆی بوونی خۆی جیاواز لە خومەینیش هەبوو، گەرچی دەوری خومەینی لە پێکهاتنی رژیمەکەدا گەلێك زۆر بوو، مردنەکەی هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە ئێراندا نەهێنایەدی و ئاواتی لەبەریەك چوونی رژیم و گەڕانەوەی هاسان [بۆ ئێران] لەڕێگەی مەجلیسێکی موئەسیسانەوە کە هیچ روون نەبوو بۆچی و بەپاڵپشتی کام هێز دەبێ پێك بێت، بە بای فەنا رۆیشت. جمهوریخواهان ئێستا لێیان روون بوبوەوە کە رژیمی کۆماری

---

٢٤. مانگنامەی جمهوری خواهان ملی ایران، ژمارە ١٩، مانگی خوردادی ١٣٦٨ ی هەتاوی – مانگی ژوئەنی ١٩٨٩.

٢٥. هەمان، ژمارە ٢١، موردادی ١٣٦٨ - مانگی ئووتی ١٩٨٩

٢٦. هەمان شوێن، هەمان ژمارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامی تەنیا لە بوونی خومەینیدا واتا ناکرێتەوە و ئیتر ناکرێ چاوەڕوانی مردنی جاری دووهەمی ئەو بمێننەوە. بەم پێیە کەوتنە دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی هاسانتر و لە کۆتاییدا کەسێکیان لەناو کۆماری ئیسلامی و لەناو ڕێبەرەکانیدا دۆزییەوە کە لەبەر چاوی ئەوان هەم لیبرال بوو و هەم ئەگەر "ئەوانی تر" لێ بگەڕاینەن، "دیموکرات" بوو. کەوابوو، هەموو ئەندامانی شۆڕای ناوەندیی "جمهوریخواهان ملی" نامەیەکیان ئاراستەی "هێزە سیاسییەکانی ئێران" کرد و تێیدا نووسییان:

*"... دوابەدوای نامەی ٩٢ کەسایەتی سیاسی و نەتەوایەتی بۆ بەڕێز هاشمی ڕەفسەنجانی و دەنگدانەوەی بەربڵاوی دواتری مەسەلەکە، ئەو ڕاستەقینەیە دەردەکەوێت کە دروشمی ئازادی حزبەکان و هەڵبژاردنی ئازاد دەتوانێ ببێتە دروشمی میحوەریی نیزامی لێك تێگەیشتنی نەتەوایەتی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ئێراندا."*[٢٧]

ئەو هێزە سیاسییانەی وا "جمهوریخواهان" دەیانویست لەگەڵیاندا بگەنە لێك تێگەیشتن، ئیتر پێویستی نەدەکرد وەك رابردوو، "جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە بەرنامە و کردەوەیاندا" ڕەچاو بکەن، بەڵکو هەر ئەوەندە بەس بوو لە ئێراندا بەشێك لە دەسەڵات بگرنە دەست و ڕژیم بیەوێت بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت جمهوریخواهان بەهەند وەربگرێت. جمهوریخواهان بەم شێوەیە دەستیان کرد بە خەبات لەپێناو دابین کردنی دیموکراسی لە ئێراندا و بۆ بەرەو پێش بردنی کارەکە و گەیشتن بە هەڵبژاردنی ئازاد، کەوتنە شوێن وت و وێژ کردن. لانی کەم، خۆیان یەك لەو وت و وێژانەیان ڕاگەیاند:

*"لە ڕێکەوتی ١٩٩١/٣/٢٧ (١٣٧٠/١/٦) تاقمێکی پێنج کەسی لە ئێرانیانی دانیشتووی شاری کۆڵنی ئاڵمانیا (کە یەکێك لەوانە نووسەری ئەم دێڕانە واتە 'کەمال ئەرەس' بوو) بۆ ئاگادار بوونەوەی وردتر لە خەیاڵات و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە مەسەلەی*

---

[٢٧]. هەمان شوێن، ژمارە ٢٢، خورداد – تیری ١٣٦٩ – مانگی ژوئەن و ژوئیەی ١٩٩٠.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*گەڕانەوە و بەتایبەت گەڕانەوەی پەنابەران بۆ ئێران، دەچنە شوێنی باڵوێزخانە [ی ئێران] لە شاری بادگدسبرگ. ئەوانەی چوون پێشەکی دەیانزانی کارەکەیان نهێنی نییە و پێوەندی بە هەموو پەنابەر و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ئێرانەوە هەیە. لەم چاوپێکەوتنەدا، لەلایەن باڵوێزخانەوە بەرپێزان مووسەویان (باڵوێز) و غولامی (بەرپرسی کاروباری کۆنسوولییەت) بەشدارییان کرد. وەك گوترا، ئێمە تەنیا بۆ زانیاری بەدەست هێنان سەبارەت بە چۆنیەتی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ گەڕانەوەی ئێرانییەکان چاوپێکەوتنەکەمان قەبووڵ کردبوو. جێگەی خۆشحاڵی و هیوایەکی زۆرە کە سەرەڕای ئەزموونی تاڵ و بەئازاری پەنابەران لەگەڵ دام و دەزگا پۆلیسی – سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو لایەنانەی وا بۆچوونی سیاسییان هەبوو و پاڵپشتیان کەمتر هەست و ئیحساس بوو، بەرەو پیری ئەسڵی وتووێژی ئاشکرا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاتن... ئۆپۆزیسیۆن دەبێ بە هەستی بەرپرسایەتی لە بەرانبەر گەلی ئێراندا، ئەم بانگهێشتنە بەهەند وەربگرێت و لەم رێگایەوە، حەقانیەت، سەلاحیەت، وشیاری و خۆگونجاندنی سیاسی خۆی و جیددی بوونی سیاسەتی نوێی پیاوانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی بخاتە بەر ئەزموون و نواندن. کەمال ئەرەس."[٢٨]*

غولامی (بەرپرسی کاروباری کۆنسوولی)، یەکێك لە مەئموورانی ئیتیلاعاتی رژیم و بەرپرسی کازم دارابی لە رووداوی تیرۆری میکۆنۆس بوو. ناوی غولامی لەو بەڵگەنامانەدا کە پێشکەش بە دادگای میکۆنۆس کراون، گەلێك جار هاتوە و لەوانە، لە راپۆرتی "گرووپی کاری ئێران" لە BfV دا[٢٩]:

[٢٨]. هەمان شوێن، ژمارە ٣٩، ئوردیبیهێشتی ١٣٧٠ – مانگی ئاوریلی ١٩٩١

[٢٩]. ئیدارەی پارێزگاری لە یاسای بنەڕەتی ئاڵمانیا. ئەم رێکخراوەیە بەرپرسی زانیاریی ناوخۆیی ئاڵمانیایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*"ئەندامی ئیتیلاعاتیی باڵوێزخانە، کە تا ئێستا بەرپرسی راونان و چاودێریی ئۆپۆزیسیۆن بوە، 'مورتەزا غوڵامی' یە، کە واهەیە وەك بەڕێوەبەر، دەستی لە تێرۆری کوردان لە بەرلیندا هەبووبێت. ناوبراو زووتر لە کاتی گەڕانەوەی ئاسایی، گەڕاوەتەوە بۆ ئێران. ئەرکی ئەو ئێستا لە ئەستۆی 'عەلی ئوسولی' یە."* [٣٠]

دەقی راپۆرتی کەمال ئەرەس [لەمەڕچاوپێکەوتن] لەگەڵ مەئمورانی کۆماری ئیسلامی بەشێوەی دەستخەت و تایپکراو بەڕادەیەکی زۆر لەناو ئۆپۆزیسیۆندا بڵاو کرایەوە و مانگنامەی "جمهوریخواهان ملی ایران" چاپی کرد.[٣١]

لە ٢٩ ی مانگی فەروەردین [١٨ ی ئاپریل] واتە کەمتر لە مانگێك دوای وت و ویژەکان و راست لە لووتکەی پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێرانی ئیسلامی و مەسەلەی گەڕانەوە بۆ ئێران و بەقسە گۆڕانی حاڵەتی رژیم و گۆڕانی هەڵوێستی هەموو یا لانی کەم بەشێك لە رژیمی ئێران، 'دوکتۆر برومەند' لەلایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە پاریس کوژرا. دەتگوت ئەم تێرۆرە راست بۆ نیشاندانی جیدی بوونی سیاسەتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و نواندنی "حەقانیەت، سەلاحیەت و وشیاری سیاسی جمهوریخواهان ملی ئێران" بەڕێوەبرا! هەر لە سەرەتاوە هەموو کەس دەیزانی و دواتریش بەشێوەی رەسمی راگەیێنرا کە تێرۆری کەسانی ئۆپۆزیسیۆن بەفەرمان و پەسندی خامنەیی و رەفسەنجانی بوە. لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی جمهوریخواهان ملی ئێران لە راگەیاندنێکدا، بێ ئەوەی ناوێك لە رژیم و ئەو هێزانە ببات کە حاڵەتیان گۆڕاوە یان لەحاڵی گۆڕانکاریدان، دوای ئەوەی ئەوپەڕی دڵتەنگی و دڵساردی و رق و کینی خۆی دەربڕیبوو و بۆ ئەوەی دڵی ئەو "هێزە سیاسییانەی ئێران" نەڕەنجێنێت کە لایەنگری وت و

---

[٣٠]. راپۆرتی 'گروه کار ایران' لە بی ئار ئێف، بەندی ٤

[٣١]. مانگنامەی جمهوری خواهان ملی ایران، ژماره ٣٩، ئوردیبێهێشتی ١٣٧٠ ی هەتاوی – مانگی ئاوریل و مایسی١٩٩١.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ویژ لەگەڵ ئەوان بوون، "بەڕێوەبردنی تیرۆری لە هەر لایەکەوە بێت" مەحکووم کرد و نووسی:

*"ئێمە لە نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەخوازین کە بەشێوەیەکی جیددی و بەردەوام شوێنی ئەم ڕووداوە بگرن و لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بخوازن تیرۆرەکە مەحکوم بکەن، کاری وا دووپات نەکەنەوە و گیانی مرۆڤ نەکەنە هۆی سات و سەودا و بگرە و بەردەی سیاسی و ئابووری خۆیان."* [٣٢]

لەبەر ئەوەی تەنیا نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتانی غەربی بوون کە "نەدەبوایە" گیانی مرۆڤ بکەنە هۆی سات و سەودا و بگرە و بەردەی سیاسی و ئابووری، وت و ویژ بەردەوام مایەوە و ناوی دیالۆگی لێنرا بۆ ئەوەی لە چەپەڵێیەکەی کەم بکەنەوە و وای بخەنە بەرچاو کە شتێکی ڕۆژئاواییە و شارستانیەتی تێدایە. بیژەن حیکمەت نووسی:

*"وا دەردەکەوێت کە ئەگەر بێت و ئۆپۆزیسیۆن دروشمی ڕووخاندنی ڕژیم وەلا بنێت ئێستا دەرەتانی لێك تێگەیشتن لەگەڵ زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ئیسلامی و لایەنگرانی ڕژیمی ئێستا هەبێت. جمهوریخواهان ملی لەم بابەتەدا پێشڕەو بوون و دەبێ هەوڵ بدەن لە ڕێگەی دیالۆگی خوڵقێنەرەوە لەگەڵ لایەنگرانی ڕژیم، زەمینەی کردنەوەی فەزای سیاسی ئامادە بکەن."* [٣٣]

بەماوەیەکی کەم دوای ١٥ ی موردادی ١٣٧٠ [١٩٩١/٨/٦]، لەشی بێ گیانی [شاپوور] بەختیار، کە لەلایەن "لایەنگرانی ڕژیم" ەوە بە چەقۆ کوژرابوو، لە ماڵەکەیدا دۆزرایەوە. جمهوریخواهان ماوەیەك دواتر وەڵامی ئەم تیرۆرە ئاشکرایەیان دایەوە. سەرلەنوێ باسی هەڵبژاردنی ئازادیان کرد و لەکۆتایی وتارەکەیاندا ئەم ئاکامەیان دابەدەستەوە:

---

[٣٢]. هەمان شوێن، ژمارە ... [لە دەقی فارسیدا ژمارەکە ڕانەگەیێنراوە. وەرگێڕی کوردی]

[٣٣]. هەمان شوێن، ژمارە ٤٠، خوردادی ١٣٧٠ – مانگی ژوئەنی ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*"دەبێ هەوڵ بدرێت داواکاری بۆ هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێران وردە وردە لەناو حیزب و هێزە سیاسییەکانی [ئێران لە] ڕۆژئاواشدا شوێنی خۆی بکاتەوە."*[٣٤]

بەزمانی ساکار بڵێین،[جمهوریخواهان ملی ایران] چاویان لە هەموو تیرۆرێك قووچاند، پاوانیان کرد، خستیانە ئەستۆی ئەم و ئەو و بەم کارە، ئۆپۆزیسیۆنیان خاوتر، خەیاڵاتی تر، بێدیفاعتر و زیاناویتر لەجاران بەجێ هێشت.
هەوڵدان لەپێناو شۆردنەوەی دەستی مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامی و شەرعیەتدان بە رژیمێك کە لە سەرەتاشەوە شەرعیەتەکەیان قەبووڵ نەدەکرد، بوە هۆی گومان کردن لەناو جمهوریخواهان خۆشیان. "[ئەحمەد] نەزیە" نووسی:

*"جەخت کردن لەسەر ستراتێژی هەڵبژاردنی ئازاد لەناو بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆندا، هاورێ لەگەڵ بێ بایەخ زانینی یاسای بنەڕەتی، هەوڵێکی بێ جێ و بێ ئەنجام نەبێ هیچ نییە و ئابڕووی نەتەوایەتی و سیاسی ئەو کەسانە دەخاتە مەترسییەکی جیددییەوە کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە تەنانەت باوەڕیان بە وت و وێژی "ئاشتی خوازانە" لەگەڵ دارەدەستانی ڕژیمیش هەیە. زوربەی کارگێڕانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەکرێگیراو و ریاکارن و هەموو ئێرانییەکی دژی ڕژیم پێویستە هاودەنگ لەگەڵ حافز هاوار بکات و بڵێ: "من و هاوپەیڤیەتی ئەهلی ریا؟ با ئەوەم لێ دوور بێت..."*[٣٥]

ئەو پیاوە پیرە تێگەیشتنی هەبوو، بەڵام دەنگی لەناو جمهوریخواهان ملی و لەناو ڕێکخراوە و تاکەکەسانی ئەندامی 'دانیشتنی ڕێکخستن'دا ڕەنگدانەوەی نەبوو. بۆ نموونە، بیژەن حیکمەت لە ژمارەی دواتری هەمان بڵاوکراوەدا وتارێکی نووسی و سەلماندی کە ئەو کەسانەی وا دیالۆگ لەگەڵ حکوومەتی ئێران ڕەت دەکەنەوە، دیکتاتۆرن و دڵیان لای نیزامێکی دیکتاتۆری لە چەشنی

---

[٣٤]. تێرۆر و ستراتێجی ئازاد؛ مەهدەوی، ئەمیر؛ هەروەها حیکمەت، بیژەن، هەمان شوێن، ژمارە ٤٢
[٣٥]. هەمان شوێن، ژمارە ٤٤، بەهمەنی ١٣٧٠ – مانگی فەوریەی ١٩٩٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامی، شاهی، کۆمۆنیستی یا غەیری ئەوانەیە. ناوبراو جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە هەر کەسێکی دیموکرات دەبێ لایەنگری دیالۆگ بێت و هەرکەس گوتی دیالۆگ، دەبێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیشدا وت و ویژ بکات. بەڵام سەرەڕای ئەو دیالۆگە زۆرانەی وا هەیانبوو، نووسییان:

*"هیچ کەس لە جمهوریخواهان تا ئێستا وتوویژی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی نەکردوە؛ بەشداری کردنی یەکێك لە ئەندامانی ئێمە لە دانیشتنێك لەگەڵ باڵوێزی ئێران لە ئاڵمانیاش لەچوارچێوەی لیژنەی پەنابەرانی ئێرانیدا بووە، نەك بەناوی نوێنەری جمهوریخواهان."*[٣٦]

بەڵام لە هەمان شوێن و بە هەمان پشووەوە، لە هەمان ژمارەدا گوتیان و نووسییان:

*"حزبی دیمۆکراتی کوردستان یەکێکە لە لایەنە سیاسییە کۆنەکانی وڵاتەکەمان و ئەمڕۆ دەبێ ئازایانە لە وت و ویژێك بەشداری بکات کە لەنێوان بنەماڵە سیاسییەکانی وڵاتەکەماندا دەستی پێکردوە. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ هەموومان تێگەیشتووین کە پاك کردنەوەی پێشداوەری و ئامادەکردنی زەمینەی پێکەوە ژیانی دیموکراتێك بەبێ وت و ویژێکی جیددی رەخنەگرانە، شتێکی نەگونجاوە. ئەم وت و ویژانە بۆ دەرکردن و وەلانان نییە بەڵکوو بۆ دۆزینەوەی کەرەسەی هەڵسەنگاندنی هاوبەشە."*[٣٧]

وت و ویژەکان دەستیان پێکردبوو و بەردەوامیش بوون، گەرچی دواتر هەموویان گوتیان ئێمە نەبووین. دوای ئەوەش کە بۆگەنی وت و ویژی نهێنی بەهەموو لایەکدا بڵاو بووبووەوە، رووکێشی "ئاشکرا" و "دیالۆگ" تەنیا شوێنەگومکێیەکی خەڵك هەڵخەڵەتێن بوو بۆ درێژەپێدانی کارەکەیان:

---

[٣٦]. هەمان شوێن، ژمارە ٤٥، ئیسفەندی١٣٧٠ – مانگی مارسی ١٩٩٢١

[٣٧]. لە پەراوێزی پەیامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا؛ حیکمەت، بیژەن، هەمان شوێن، هەمان ژمارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*"بڕوای ئێمە وایە کە سیاسەتی وت و وێژی ئاشکرا دەتوانێ ئەزموونێکی نوێ و پڕسوود بێت بۆ ئەوەی لەلایەکەوە بەری لێکدانەوەی نابەجێ و چاوڕاو بگرێت و لەلایەکی دیکەشەوە بۆچوونی هەردوو لا بخاتە بەر هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی گشتی."*[٣٨]

لەم ئۆرکێسترەدا تەنیا جمهوریخواهان ملی نەبوو کە بەشدار بوون. ئەوان هەندێ شتیان گوت و کاریشیان بۆ کرد. لەکاتێکدا کە ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەندام لە دانیشتنی 'ڕێکخستنی بەرلێن' بەڕادەی جیاواز خەریکی هەمان کار بوون بەڵام ئازایەتی ڕاگەیاندنی بابەتەکەیان بەڕاشکاوی نەبوو و بە شەلەشەل و لەژێر لچەوە دەیانگوت.[٣٩]

جگەلەوانە، جمهوریخواهان ملی تازە پێیان نابوە بوارێکەوە کە ڕێگای داپەسراوی ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەندامی دانیشتنەکە بوو، و بەبێ ئەو قسە و تیئۆرییانەش خەریکی بڕینی ڕێگاکە بوون. هەڵسەنگاندنی قسە و کردەوەی ئەندامانی دیکەی دانیشتنەکە، بەهەندێك جیاوازییەوە، هەمان ئەو ئاکامانە دەخەنە بەرچاو کە هەڵسەنگاندنی قسە و کرداری جمهوریخواهان ملی دەیخات.

سەرجەم ناوی ئەو کەسانەی وا ڕژیم بۆ "وت و وێژ" لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا ناردنیە دەرەوەی وڵات، لە تاریکیدا مایەوە و پێوەندەکانیان ئاشکرا نەکرا. تەنیا زەختی بیروڕای گشتی و دزەکردنی هەندێ لایەنی بچووکی ئەو پێوەندییانە بوونە هۆی ئەوەی لە لێپرسینەوەکانی پۆلیس و هەروەها لە دادگادا ناوی

---

[٣٨]. هەمان شوێن، ژمارە ٤٦، خوردادی ١٣٧١ – مانگی ژوئەنی ١٩٩٢

[٣٩]. بۆ زانیاری سەبارەت بە بۆچوونەکانی ڕێکخراوەی فدائیان خلق اکثریت و یەك لەوان هەڵوێستی ڕێکخراوەکە پێش و دوای مردنی خومەینی، بڕوانە ڕاپۆرتی پلێنۆمی سیاسی شەهریوەری ١٣٦٧؛ بڵاڤۆکی کار (اکثریت)، دەورەی دووهەم، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٥٦، شەهریوەری ١٣٦٧ و دەورەی دووهەم، ساڵی شەشەم، ژمارە ٦٨، مانگی میهری ١٣٦٨. سەبارەت بە هەڵبژاردن، وتووێژ و وتووێژی نهێنی لەگەڵ ڕژیم، هەمان شوێن، دەورەی سێهەم، ژمارە ١٩، شەهریوەری ١٣٧٠ و دەورەی سێهەم، ژمارە ٤١، موردادی ١٣٧١.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

'ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژیك' و 'مەنسووری نەجاتی' و 'نادری سدیقی' ببریێت. ئەو ناوەندە لەپێوەندی زۆر نزیکی ناوەندە زانیارییەکانی ئێران دایە.

"پرسیار:

ئایا ناسیاویتان لەگەڵ ناوی "ناوەندی توێژینەوەی ستراتێژیك هەیە؟

وەڵام:

بەڵێ، من پێش ساڵی ١٩٨٨ لەو دامەزراوەدا ئیشم دەکرد، کە لەباری ڕێکخراوەییەوە لەژێر چاوەدێریی دەفتەری سەرەك کۆماردایە. سەرۆکەکەی بەشێوەی فەرمی "خۆئینیها" و بەکردەوە،"حەججاریان"ە. کادیری ڕیبەراتیەکەی زوربەیان خەڵکانی ناو واواکن. هاتوچۆی دەرەوەی وڵاتیان لەژێر سەرپۆشی دەفتەری سەرەك کۆمار دایە. لەکاتی ئێستادا، ئەوانن کە "دیپلۆماسی نهێنی" بەڕێوە دەبەن. هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی سیاسی لەپێش و دوای عەمەلیاتی تێرۆریستی، بەشێکە لە ئەرك و کاری ئەوان. ئەم دامەزراوەیە دەبێ لە بەرلینیش چالاك بوو‌بێت."[٤٠]

ساڵی ١٩٩١، دوای ئەوەی کە رژیمی ئێران هەوڵی پێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکانی ئۆپۆزیسیۆنی دا، مەنسووری نەجاتی، نادری سدیقی و 'حوسێنی ئەولیا' هاتنە ئەورووپا. یەکەم جارێك کە ناوی نەجاتی لە دەرەوەی وڵات (جگەلە وت و ویژی خوسووسی) هاتە نێو ناوان، کاتێك بوو کە وتاری "وەڵامی ئاشکرا بۆ بانگ هێشتنی نهێنی" بڵاو کرایەوە. هۆی چاپی وتارەکە، وەك نووسییان، بریتی بوو لە:

"پێوەندی کەسێك لە دەفتەری سەرەك کۆمار[ی ئەو کاتە، ڕەفسەنجانی]، لەگەڵ یەکێك لە بەرپرسانی ئێمە ... ئەم پێوەندییانە، ئەوەندەی کە لێی ئاشکرا کرا، تەنیا ئەو یەك جارە نەبوە."[٤١]

---

[٤٠]. لێپرسینەوە لە ابولقاسم مصباحی، ١٩٩٧/١/١٦

[٤١]. بلاڤۆکی فدائی، ژمارە ٧٨، بەهمەن و ئیسفەندی ١٣٧٠. ئەم وتارە لە مانگنامەی جمهوری خواهان ملی ایران ژمارە ٤٦، خوردادی ١٣٧١ یشدا چاپ کرا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەك دەنگۆی هەبوو، ئەو کەسە، خۆی بەناوی "حجت الاسلام نەجاتی" یەوە ناساندبوو. نەجاتی لە ئاڵمانیا لەگەڵ خەڵکانێکی زۆر و هەمەچەشنەدا پێوەندی گرتبوو. زوربەی ئەو پێوەندییانە بەنهێنی مانەوە و کەم و زۆر هیچکەس ئامادە نەبوو بەشێوەی ئاشکرا باسیان لێوە بکات.

لە مانگی مارسی ١٩٩٣ واتە چەند مانگێك پاش ڕووداوی میکۆنۆس، موجاهیدێك[ی خەلق] چوە لای پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا و هەندێ زانیاری ئاراستە کردن.[٤٢] پۆلیس لە سەرەتاکانی مانگی ژوئەنی ١٩٩٣، واتە دەوروبەری شەش مانگ دوای تیرۆرەکە، کەم زۆر هەموو ئەو خەڵکانەی ئۆپۆزیسیۆنی جارێکی تر خستە بەر لێپرسینەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان پێوەندیان بە ڕووداوەکەوە هەبوو. مەسەلەی پێوەندی لەگەڵ نەجاتی و سەدیقی سەر لەنوێ هەڵەسووی هێنایەوە. ئەم زانیارییانە گەیشتنە دادگا و هاوڕێ لەگەڵ زانیاری شاهیدانی تردا، ئاشکرا کران. [بەڵام] پێوەندی ئەم تیمە و تیمەکانی تر لەگەڵ کەسانی ئۆپۆزیسیۆن ئاشکرا نەکرا.

یەك لەوانەی وا نەجاتی لە ساڵی ١٩٩١ دا پێوەندی پێوە کرد، کەسێك بوو بەناوی "عەبدولرەحیمی" لە ئەندامانی فیدائیانی ئەکسەرییەت، کە کوڕەکەی لە ئێران مابووەوە و ئەو هێنایە ئاڵمانیا بۆ لای دایك و باوکەکەی. عەبدولرەحیمی لە بەرانبەر پرسیاری چەندین جارەی سەرۆکی دادگادا، ئامادە نەبوو بیدرکێنێت لە بەرانبەر ئەو کارەی وا نەجاتی بۆ ئەوەی کرد، ئایا داوای چ خزمەت یا خزمەتگەلێکی کرد بۆی بکات.

بەگوێرەی ئەو شاهیدیەی وا "حەمزەی فەراهەتی"* دای، نەجاتی لە ڕێگەی عەبدولرەحیمییەوە پێوەندی بەوەوە کردوە و داوای لێکردوە چاویان بە یەکتر بکەوێت، ئەویش مەسەلەکەی بە دیهکوردی ڕاگەیاندوە. دیهکوردی

---

[٤٢]. بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا هەروەها پاژی ٥: جاسووس لە هەمان فەسڵ.

- لە هەموو شوێنێکی کتێبەکەدا وەك فەراحەتی نووسراوە بەڵام بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە خۆی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا خۆی بە فەراهەتی ناساندووە، منیش وەك فەراهەتیم نووسی. وەرگێڕی کوردی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەسەلەکەی بردۆتە ناو دانیشتنی ڕێکخستن و بەهاودەنگی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی دانیشتنەکە، وەڵامی ئەوەی داوەتەوە کە "پێوەند ببێت باشترە لەوەی نەبێت." لە ئەنجامدا فەراهەتی مەوعیدی لەگەڵ دانان و لە ئۆتێلی ویلمزردۆرف چوە چاوپێکەوتنیان. لەوێ، لەبەر دەمی نەجاتی، دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ نادری سدیقی. بابەتی وت و وێژەکان بەگوێرەی قسەی فەراهەتی لە دادگا، گەڕانەوەی خەڵکانی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەت پسپۆڕەکان و یەك لەوان فەراهەتی خۆی بوو بۆ ئێران. لەکاتی شایەدیدانی فەراهەتی لە دادگا، دادئەستێن پرسیاری لێکرد بەگوێرەی زانیاری من، تۆ دوکتۆری ئاژەڵی. ئایا لات وایە حکوومەتی ئێران ئەوەندەی پێویست بە پسپۆڕایەتی تۆ هەیە کە بۆ گەڕاندنەوەت دەست بداتە کاری ئەوتۆ؟

حەمزەی فەراهەتی لە کۆبوونەوەی دانیشتنی ڕێکخستن لە ڕەستوورانی میکۆنۆس [پێش ڕوودانی تێرۆرەکە]، ڕاپۆرتی ئەم چاوپێکەوتنە و وت و وێژەکانی دایە ئامادەبوان. لەم کۆبوونەوەیەدا، ئەوەندەی وا لە شایەدییەکان دەرکەوتوە۔ جەعفەری، دەستماڵچی، دیهکوردی، تەبیب غەففاری، فەراهەتی، فەرجادی ئازاد، و چەند کەسێکی دیکەش بەشدار بوون. فەراهەتی کارتی ڤیزیتی سدیقی سەر بە دەفتەری توێژینەوەی ستراتیجیکی نیشانی هەموان دا. لای کەم دیهکوردی ژمارەی تەلەفۆنی سدیقی لەسەر مقەببایەك نووسی. بەگوێرەی شایەدیی فەرجاد و فەراهەتی لە دادگا، کۆبوونەوەی ناوبراو گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە ئەم پێوەندییە نابێ بپچڕێت و دیهکوردی پێشنیاری کرد وت و وێژەکان بەئاشکرا بکرێت و تەنانەت بەشێوەی تەلەفیزیۆنی تۆمار بکرێت. پێوەندی تەلەفۆنی فەراهەتی و نەجاتی دوای ئەوە بەردەوام مایەوە و نامیلکەیەکیان سەبارەت بەو گۆڕانکارییانە بۆ نارد کە لەماوەی سەرەك کۆماری ڕەفسەنجانی لە ئێراندا بەرەو دیموکراسی هاتبوە گۆڕێ. هیچکام لە ئەندامانی دانیشتنی ڕێکخستن نایانەوێ بڵێن چاویان بە نامیلکەی ناوبراو کەوتوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکوێ ئەو وتو ویژانەی وا بلاوەی "راه آزادی" ئۆرگانی حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران لەگەڵ ئەو کەسانەی کرد وا لە رووداوی میکۆنۆسدا دەستیان هەبوو، جەعفەری، دەستماڵچی، روستا و فەرجاد بە دوور و درێژی باسی ئەو تۆمەتانەیان کرد وا رێکخراوەی موجاهیدین [ی خەلق] لە پێوەندی نەجاتی و سدیقی دا لە ئەندامانی دانیشتنی رێکخستنی دابوون و هەرکام وەڵامی وشە بەوشەی تۆمەتەکانیان دایەوە، هەموویان بەرپێچ دایەوە و سابتیان کرد کە ئەوان هەر لە سەرەتاوە دژ بەو پێوەندی گرتنانە بوون، بەلام "خەڵکانی تر" پێوەندەکانیان قەبوڵ بوە. رووستا گوتی:

*"بەلام نەمر نووری [دیهکوردی] لە بارودۆخ و هەل و مەرجی ئەو رۆژانەدا، لای وابوو ئەگەر دژایەتی وتوویژ بکات، تاك دەکەویتەوە ... من خۆم ئەو دەمەش هەر دژ بە وت و ویژ بووم."*[٤٣]

سەبارەت بە وت و ویژی جەعفەرییش، رووستا قسەکانی خۆی گێرایەوە کە گوتبووی:

*"... بەلام ئێمە مەرجی سەرەتاییمان بۆ وت و ویژ هەیە ... وت و ویژەکان پێویستە ئاشکرا و بەئامادەیی رۆژنامەنووسان بەرێوە ببرێن... ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی وتوویژ دەکەین نەك لەگەڵ مەئموورانی ئاسایشیان... لە دانیشتنی "کومیتەی رێکخستن" دا ئەوەشمان بەراشکاوی راگەیاند کە هیچ چەشنە وتوویژێکی تاکەکەسی لەگەڵ رژیم نییە و نابێت. ئێمە نەك وەکوو تاکەکەس بەڵکوو وەك تاکەکەسانی ناو ئۆپۆزیسیۆن کە پێوەندی دیاریکراوی رێکخراوەییمان هەیە، لە هەڵوێستی رێکخراوەییەوە قسە دەکەین و وا بڕیار درا کە نەمر نووری[ی دیهکوری] ش وەك وتەبێژی "کومیتەی رێکخستن" وتار بدات."*[٤٤]

فەرجادیش جەختی لەسەر ئەوە کرد کە:

[٤٣]. بلاڤۆکی راه آزادی، ژمارە ٣٦، مانگی میهری ١٣٧٢

[٤٤]. بلاڤۆکی راه آزادی، ژمارە ٣٦، مانگی میهری ١٣٧٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*"فەرهاد فەرجاد: ئێمە هەمووومان لەم بارەیەوە هاودەنگ بووین."*[٤٥]

دەستماڵچی سەبارەت بە 'دانیشتنی ڕێکخستن' و بڕیارەکانی لەمەڕ وت و وێژ، گوتی:

*"ڕاستەقینە ئەوەیە کە جەنابی فەراهەتی خۆی بڕیاری وت و وێژ لەگەڵ جەنابی سدیقی دەدات و مەسەلەکە لەگەڵ جەنابی دیهکوردی و ژمارەیەکی دیکە لە دۆستەکانیدا باس دەکات و سەلاح و مەسڵەحەتیان لەگەڵ دەکات. پاشان دەڕوات و لەگەڵ سدیقی دا وت و وێژ دەکات. لە بەرلین لە دەوروبەری سێ چوار ساڵ پێشتر کۆمیتەیەك بەناوی "کومیتەیەی ڕێکخستنی بەرلین" پێك هاتبوو. ئارمانجی کومیتە بریتی بوو لە ڕێکخستنی چالاکیەکانی دژی ڕژیم. بەڵام کومیتە ئیتر بە کردەوە لەناو چوو و تەنیا هەندێ لە ئەندامەکانی (و یەك لەوان، من) بەگوێرەی عادەت ڕۆژانی چوارشەممە لەکاتی شەودا یەکترمان لە ڕستۆرانی میکۆنۆس دەدیت و سەبارەت بە مەسەلەی هەمەچەشنە قسەمان دەکرد. بەگوێرەی بانگهێشتنی جەنابی دیهکوردی، جەنابی فەراهەتیش ڕۆژێك هاتە ناو کۆبوونەوەکە و سەبارەت بە وت و وێژەکانی لەگەڵ سدیقی قسەی کرد. هەر ئەوە و هیچی تر. بەڵام هەموویان دەیانزانی کە من دژ بەو چەشنە پێوەندییانە بووم و ئێستاش هەم."*[٤٦]

فەرجادیش گوتی:

*"من لە دادگا ڕوونم کردەوە کە ئەوان لە بەرلینیش <u>پەیامیان بۆ ئێمە لە "کومیتەی هەمبەستەگی" ناردبوو کە لەگەڵ باڵوێز و نوێنەرانی ڕژیمدا باس و وت و وێژ بکەین</u>، و ئێمەش لەوێدا بڕیارمان دا هیچ ڕێکخراوەیەك بەتەنیایی لەم بارەیەوە هەنگاوێك هەڵنەهێنێتەوە و*

---

٤٥. هەمان شوێن، هەمان ژمارە

٤٦. هەمان شوێن، هەمان ژمارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*کومیتەی ڕێکخەر لە ڕێگەی وتەبێژێکەوە هەڵوێست بگرێت کە [ئەو وتەبێژەش] نووری دیهکوردی بوو."*[٤٧]

درەنگتر، سدیقی خۆیشی هاتە ناو کێشەکەوە و هەوڵی دا دەستی خۆی بشواتەوە و چێشتی خۆی لێ بنێت. دوو نامەی ئەو (روو لە هەموو لایەنەکانی وت و ویژ)، لە رۆژنامەی "نیمروز" دا بڵاو کرایەوە.[٤٨]

سەرەڕای هەوڵی بەشداربوانی دانیشتنەکە، کە هەوڵیان دا "دانیشتنی هەماهەنگی" وەك دیاردەیەکی لەبیرچوو و بێ بایەخ بخەنە بەرچاو، و تەنانەت

---

٤٧. هەمان شوێن، هەمان ژمارە

٤٨. لەبەر ئەوەی هەرگیز [بوونی] ئەو دوو نامەیە نەدرایە دواوە، دەکرێ بیسەلمێنین کە هەر خۆی نووسیبوونی یان هی "دەفتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجیکەکانی بەستراو بە دەفتەری سەرەك کۆمار" بن. سەدیقی لە یەکەم نامەی خۆیدا بە ناوی "وا ئێستا نۆرەی منە قسە بکەم"، نووسی: *"کەم و زۆر لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ١٣٧١ ەوە، قۆناغە سەرەتاییەکان و ئامادەکاریی هێمن و بێ دەنگ و هەرای "مێزگردی بەربڵاو" بە بەشداریی تەیفێکی هەمەچەشنە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە و گرووپ و ڕوخسارە تاکەکانی ئۆپۆزیسیۆن کۆتایی پێهاتبوو، ئەم کارە دەبوایە لە حاڵقەیەکی ئەم زنجیرە پان و بەرینە کە لە تاجیکستان و تاشکەند و باکۆوە تا بەرلین و پاریس و سوئێد پەرەی سەندبوو، بگەیێنرێتە قۆناغی ئاشکرا. لەو ناوەدا لەبەر ئەوەی وا دەردەکەوت کە دۆستە بەرگۆکانی ئێمە لە بەرلین ئامادەییەکی زیاتر لەخۆیان پیشان بدەن، بڕیارمان دا ئەو شوێنە بکەینە خاڵی وەرێکەوتنی خۆمان... هەر لەبەر ئەوەش بوو لە مانگی تیر [جوون و جوولای] ی ئەو ساڵەدا بە بەرگۆیانی بەرنامەی دیالۆگمان ڕاگەیاند کە ئامادەبن بۆ تێپەڕین و گەیشتن بە قۆناغی ئاشکرا و بەشداریی لە وتووێژە تەلەفیزیۆنییەکان. لێرەدا بوو کە ڕووداوی لەعنەتیی بەرلین وەك دیوارە شکاوێکی ترسناك نەك هەر بە سەر قوربانییەکاندا ڕووخا بەڵکوو بە سەر هەندێك ڕوخساری ناو ئۆپۆزیسیۆنیشدا ڕووخا کە لە مەسەلەی شوێنگرتنی دیالۆگدا دەیانتوانی دەورێکی سەرەکی ببینن."* رۆژنامەی نیمروز، ژمارە ٢٨٨، ٦ ی ئابانی ١٣٧٣

سەدیقی لە نامەی دووهەمدا وەك پشتڕاستکردنەوە و هەڵەبڕیی قسەکانی فەراهەتی لە دادگادا، ئاوای نووسی:

"... لە مانگی تیری ساڵی ١٣٧١ واتە سێ چوار مانگ پێش ڕووداوی تێرۆر، لە جێڤاوە پەیوەندم پێوە کردن و گوتم لە یەکەم پەیوەندییەکانی مانگی ئیسفەندی ساڵی ١٣٧٠ دا ئامادەیی بۆ وتووێژی تەلەفیزیۆنی نەبوو و ئێستا بە هۆی ئەو ڕێك خستننە پێویستانەی مەرکەزەوە، ئامادەییمان هەیە و تەلەفونی شوێنی ژیانی خۆم لە جنێڤام پێدان و چاوەڕوانی دوایین وەڵامیانم." هەمان شوێن، ژمارە ٢٨٩، ٣ ی ئابانی ١٣٧٣.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی جیاجیاشیان بۆ دانا بۆ ئەوەی لەو ئاڵۆزی و بشێوییەدا کەس نەزانێت باسی چی دەکرێت، کاتێ کۆمەڵی ئەو قسە و شایەدییانە دەخەینە پاڵ یەك و بەراوردیان دەکەین، تەنانەت بە بێ ئەوەی دەقی نووسراوی وت و ویژەکانی "دانیشتنی هەماهەنگی" و نووسینەکەی سدیقیش بگرینە بەرچاو، ئەو راستیە دەردەکەوێت کە "دانیشتنی هەماهەنگی" نەك هەر پەسندی وت و ویژ لەگەڵ رژیمی کردوبوو، بەڵکو تا کۆتایی هاوین سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەو پێش بردنی کارەکەش بڕیاری دابوو.

کۆمەڵەی ئەو پێوەندییانە، فەزا و بایەخی زاڵ بەسەر ئەو بەشەی ئۆپۆزیسیۆن لە شاری بەرلینی پێش تیرۆری میکۆنۆس دەخاتە روو. بەدەنگ و هەراترین، بەڵام نەك خراپترین بەرهەمی ئەو بایەخ تێکچونە و بەر ئاوەژوو بوونەوەی پێوانەکان، رووداوی میکۆنۆس بوو. لەماوەی شایەدیدانی عەبدولرەحیمیدا، دوای ئەوەی ناوبراو باسی پێوەندی خۆی لەگەڵ نەجاتی کرد، حاکمی دادگا لێی پرسی:

"من تێناگەم تۆ وەك ئەندامی ئۆپۆزیسیۆن لە ئێران دەرکەوتی یا بەناوی مەئمووری دەوڵەتی ئێران؟"

شایەد: "ئەندامی ئۆپۆزیسیۆن".

حاکم:"من نامەوێ سووکایەتیت پێ بکەم، بەڵام چۆن وەك ئەندامی ئۆپۆزیسیۆن ئامادە بووی لەگەڵ مەئموورانی ئاسایشی ئێران دانیشتن بکەی؟"

شایەد: "من ستراتێژی خۆم هەبوو و ئەوانیش ستراتێژی خۆیان".

بەم شێوەیە، لەباری نەزەرییەوە "دانیشتنی هەماهەنگی" بەرلین و رێکخراوە و کەسایەتیەکانی ناو دانیشتنەکە نەیانتوانی لەوە زیاتر فەزای گشتی [بۆ وت و ویژەکان] ئامادە بکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ب. ئامادەکاریی بەکردەوە

هاوینی ساڵی ١٩٩٢، دیهکوردی لە کۆبوونەوەیەکی "دانیشتنی هەماهەنگی" دا رایگەیاند کە دوکتۆر سەعید ـ "شەرەفکەندی"، دێتە بەرلین. ئامادەبوان ویستی خۆیان بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەو، دەربڕی.

دوو هەفتە پێش تیرۆر، رۆژی ١٩٩٢/٩/٢ کۆبوونەوەیەکی ئاسایی و هەفتانەی "دانیشتنی هەماهەنگی" لە رەستورانی میکۆنۆس بەڕێوەچوو. لەو رۆژەدا، "[عەبدوڵلا]عیزەت پوور" یش بەشداریی دانیشتنەکەی کرد. [ئەندامانی] "کۆمەڵگا"یەکی ئێرانی دیکەش لەسەر مێزی لای دەستی ئەوان کۆبوونەوەیان هەبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا دیهکوردی هەواڵی هاتنی زووی شەرەفکەندی راگەیاند. بەگوێرەی قسەی شایەدانی دادگا، دیهکوردی گوتی ئەگەر بێت و پۆلیس بەرپرسیایەتی پاراستنی گیانی شەرەفکەندی بگرێتە ئەستۆ، ئەوا کۆبوونەوەیەکی گشتی و گەورەمان دەبێت، دەنا دانیشتنێکی خسووسی رێك دەخەین. پاشان قسە لەسەر [لایەنی] ئاسایشی کۆبوونەوەکە کرا، و بڕیار درا سەبارەت بە مەسەلەکە لەگەڵ "دوکتۆر" خۆیدا قسە بکرێت.

هەمان رۆژ ـ واتە ١٩٩٢/٩/٢، "میر راشد" لەکاتی چوونە رەستوراندا، چاوی بە دوو کەس لەبەردەم رەستورانەکە کەوت کە هەڵس و کەوتی گوماناوییان هەبوو و لەپشت شووشەی رەستورانەکەوە سەیری ناوەوەیان دەکرد و بەرواڵەت گرتبوویانە ژێر چاوەدێری. ئەو کەسانە، کاتێ بە بوونی ئەویان زانی، خێرایەك گەڕانەوە، سواری ترومبیلەکەیان بوون و رۆیشتن. میرزا رەشید چوە ناو رەستورانەکەوە. کۆبوونەوەی "دانیشتنی هەماهەنگی" کۆتایی پێ هاتبوو. ناوبراو لەناو کۆمەڵی خەڵکەکەدا، بوونی ئەو گومانلێکراوانەی راگەیاند. هەر کەس شتێکی گوت. هەندێکیش بەگاڵتە وەڵامیان دایەوە. "تەبیب غەفاری" [خاوەنی رەستورانەکە] گوتی گرنگ نیە، دەبێ فاشیستە [ئاڵمانی] یەکان بن بیانەوێ کوکتێل مۆلۆتۆفێکیش بخەنە ئێرەوە.

دووشەممە ١٩٩٢/٩/١٤ "عەبدولا عیزەت پوور" ـ ئەندامی حیزبی دیمۆکرات کە ١٠ رۆژ پێشتر هاتبوە بەرلین و داوای پەنابەریی کردبوو ـ لەگەڵ تەبیب

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

غەفاری و دیهکوردی چوونە ماڵی [عیزەت پوور]. لەماوەی وت و ویژدا دیهکوردی گوتی ئەمڕۆ 'دوکتۆر سەعید' دێتە بەرلین. پاش ماوەیەك و دوای وت و ویژێکی تەلەفونی، بەئامادەبوانی ڕاگەیاند کە عەبدولی و ئەردەڵان لە بەرلینن. داوام لێکردن بێنە ئێرە. ماوەیەك دواتر ئەوانیش هاتن و شێویان لەگەڵ ئەوانی تردا خوارد. نزیکەی سەعات ٩ دیهکوردی بە تەلەفون ئاگادار کرایەوە کە شەرەفکەندی دەگاتە فڕۆکەخانەی بەرلین. جا لەبەر ئەوەی خۆی دەبوایە لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا بەشداریی بکات، و 'تەبیب غەفاری'ش ترومبیلی هەبوو، داوای لەو کرد شەرەفکەندی لە فڕۆکەخانەوە بیهێنێت. چوار کەس چوونە فڕۆکەخانە و هێنایانە ناو شار.

شەرەفکەندی، عەبدولی و ئەردەڵان لە بەرانبەر ئۆتێلی ئونتردن لیندن، کە شوێنی مانەوەیان بوو، دابەزین. عیزەت پوور چوە ماڵی پەنابەران و تەبیب غەفاریش گەڕایەوە ڕەستورانەکەی خۆی واتە میکۆنۆس.

ڕۆژی سێ شەممە ١٩٩٢/٩/١٠، شەرەفکەندی و عەبدولی نوێنەرانی حیزبی دیموکرات، هاوڕێ لەگەڵ دیهکوردی (وەرگێڕی حیزب)، بەشداریی دانیشتنی ئینترناسیۆنالی سوسیالیستیان کرد. شەوی سێ شەممە ١٥ لەسەر چوارشەممە ١٦ ی مانگی ٩، دەوروبەری سەعات یەکی بەیانی، دیهکوردی تەلەفۆنی بۆ تەبیب غەفاری کرد کە لەناو ڕەستورانەکەی خۆی دەژیا و گوتی بڕیارە شەرەفکەندی بۆ بەشداریی کردنی کۆبوونەوەکە بێت بۆ ڕەستورانی میکۆنۆس. جا لەبەر ئەوەی [دیهکوردی] کاتی نەبوو، داوای لە تەبیب غەفاری کرد ئاگاداری ئەوانی دیکەش بکاتەوە. لە عەینی کاتدا، ناوی ئەو کەسانەی پێڕاگەیاند کە دەبوایە ئاگادار بکرایەنەتەوە. تەبیب غەفاری ناوەکانی لەسەر پارچە کاغەزێك نوسی و لەسەر مێزی ئیش و کاری ڕەستورانەکەی دانا. ئەم کاغەزە ئێستا بەدەست پۆلیسەوەیە. ڕۆژی دواتر کە چوارشەممە بوو، تەبیب غەفاری تەلەفۆنی لە هەموان کرد بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی شەوی هەینی. ئەو کەسانە، تا ئەو جێیەی زانرابێت، بریتی بوون لە: ئیبراهیم زادە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەعفەری، دەستمالچی، روستا، فەراهەتی، مەسعودنیا، میر راشید، نەوبەری بەراتی، و نیرومەند.

ئەردەڵان رۆژی سێ شەممە دەوروبەری سەعات ١٢ و نیو تا ١٩ ی لەگەڵ برادەرەکەی خۆی، شاهین، تێپەڕ کرد و پاشان چوە شوێنی مانەوەی وەڤدەکە. شەو لە ماڵی برادەرێکی دیکەی مایەوە. رۆژی چوارشەممە دەوروبەری نیوەڕۆ چووە ماڵی "پیرانی" و سەعات ١٨ ئەوێی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی بچێتە ماڵی خزمێکی خۆی کە دانیشتووی بەرلین بوو. سەعات ١ ی پێنج شەممە گەڕایەوە و سەعات ٩ لەوێوە بەرەو ئوتێلەکە کەوتەڕێ. هیچ ئاگادارییەکی لەوە زیاتر لەمەڕ پێوەندەکانی دیکەی ئەردەڵان لەو دوو رۆژەدا بەدەستەوە نییە.

رۆژی چوارشەممە شەرەفکەندی، عەبدولی و دیهکوردی بەشداری دانیشتنی ئینترناسیۆنالیستی سوسیالیستیان کرد. جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکەمی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عیراقیش لەو دانیشتنانەدا بەشدار بوو. ناوبراو پێشتر بە شەرەفکەندی گوتبوو بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی بەدەستمانەوەیە، مەئموورانی ئێرانی بەشوێنتەوەن. بەشدارانی ئینترناسیۆنالیستی سوسیالیستی ئەو شەوە بۆ بەشداریی رێ و رەسمێك لە شاری پوتسدام[٤٩] چوونە ئەوێ. وەفدی نوێنەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێ لەگەڵ ئەردەڵان و دیهکوردی بە تراموا گەڕانەوە بەرلین. دەوروبەری سەعات ١١ ی شەو، دیهکوردی خۆی تەلەفۆنی بۆ "موتەحەمیلیان" کرد و بانگهێشتنی کۆبوونەوەی رۆژی پێنج شەممەی کرد. فەرجاد، کە دەبوایە بەناوی نوێنەری حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران و ئەندامی دانیشتنی هەماهەنگی بانگهێشتن بکرایە، لەو کاتەدا لە بەرلین نەبوو. جا بەم بۆنەیەوە، دیهکوردی تەلەفۆنی بۆ "موتەحەمیلیان" ئەندامێکی دیکەی حزب کرد. ئەویش کاری هەبوو و لە دوو ئەندامی دیکەی حزبی داوا کرد بەشداریی دانیشتنەکە بکەن، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی.

---

[49] Potsdam

رۆژی ٥ شەممە ١٧ ی مانگی ٩، شەرەفکەندی و عەبدولی دوای بەشداری کردنی کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال تا سەعات ١٧ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بوون و پاشان هاورێ لەگەڵ ئەردەڵان چوونە ماڵی پیرانی، ئەندامێکی پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بەهۆی ناکۆکی لەمەڕ مەسەلەی خودموختاری کوردستانەوە لە حزب جیابووەوە. نادر تەوحیدی سەردەشت، مەنسوور حەکیم زادە و محەمەد ئەمین ئیسماعیل زادەش لەوێ بوون. دەوروبەری سەعات ٣٠.١٨ دیهکوردیش هات. پاشان سەبارەت بە مەسەلەی جۆربەجۆری حزب قسە کرا. دوای ئەوەی باسی دانیشتنی شەرەفکەندی و ئەوانی تر لەگەڵ "فارسەکان" کرا، پیرانی گوتی من ئامادە نیم بۆ کەبابێکی ئێرانی گیانم بخەمە مەترسییەوە. شەرەفکەندی، عەبدولی، ئەردەڵان و دیهکوردی لە ماڵ چوونە دەرەوە تا کەرەسەیەکی هاتوچۆ بدۆزنەوە. ئیسماعیل زادە ناڕەزایی خۆی دەربڕی و گوتی:

*"من و حەکیمزادە و تەوحیدی سەردەشت، دوای وت و وێژ، شەرەفکەندی، عەبدولی، ئەردەڵان و دیهکوردیمان تا بەردەرگا بەڕێ کرد. دیهکوردی لێگەڕا ئەوان لەبەر دەرگا سەر و خوار پیاسە بکەن. لەبەر ئەوەی لە کردارەکەیان تێنەدەگەیشتم، بەسەر ئەردەڵانمدا نەڕاند و پرسیم: "بۆچی لەسەر شەقام بەملا و ئەولا دا دەچن؟ ئەگەر ترومبیلتان نییە، دەتوانم تاکسیەکتان بۆ بانگ بکەم."*[٥٠]

لە ئەنجامدا، شەرەفکەندی و ئەوانی تر تاکسییەکیان دۆزییەوە و دوروبەری سەعات ٢٠ گەیشتنە رەستوران. دوای گەیشتن، دیهکوردی ناڕەزایی دەربڕی و گوتی ئەوانی دیکە لەکوێن؟ تەبیب غەفاری وەڵامی دایەوە و گوتی تۆ بەڵێنی رۆژی هەینیت دابوو. پاش دەمەقاڵەیەکی کورت، شەرەفکەندی خۆی خستە ناو قسەکانەوە و گوتی مەوعیدەکە ناتوانێ رۆژی هەینی بوویێت لەبەر ئەوەی من سبەی سەر لەبەیانی دەگەڕێمەوە بۆ پاریس. چوار کەسەکە لە

---

٥٠. لێپرسینەوە لە محەممەد ئەمین ئیسماعیلزادە، ١٩٩٢/١٢/٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوری مێزێکی لای دەستەچەپ لە ژووری پشتەوەی رەستورانەکە دانیشتن. شەرەفکەندی و دیهکوردی پشتیان لە دیوار بوو و عەبدولی و ئەردەڵان رووبەڕوویان دانیشتبوون. بڕیار درا هەمان کات تەلەفۆن بۆ ئەوانی تر بکرێت بۆ ئەوەی دەست بەجێ بێنە رەستورانەکە. لەناو ئەو کەسانەدا، کە دەستیان پێیان راگەیشت، دەستمالچی خۆی گەیاندە رەستوران و لای دەستی ئەردەڵان دانیشت. کاتێ ئەو هات، سەر لەنوێ باسی مەوعیدی کۆبوونەوەکە کرا. داوایان لە میرراشد، برادەری تەبیب غەفاری کرد کە بەهەڵکەوت بۆ چاوپێکەوتنی ئەو و بۆ ئەوەی خواردنێك بخوات هاتبوە شوێنەکە، بێت وبەشداریی کۆبوونەوەکە بکات. میرراشد لای دەستمالچی و لە نزیك دەرگای هاتنە ژوورەوە دانیشت. پاشان ئیبراهیم زادە هات و لای دیهکوردی و رووبەڕووی دەستمالچی دانیشت. تەبیب غەفاری داوای لە برادەرێکی دیکەی کرد کە ناوی سادق زادە بوو و بۆ چاوپێکەوتنی ئەو هاتبوە رەستورانەکە، بۆ ئەوەی لە ئامادە کردنی خواردنەکەدا یارمەتی بدات.

لەکاتی نان خواردندا تەبیب غەفاری لێی پرسی ئایا دەیەوێت بەشداریی کۆڕەکە بکات ئەویش وەڵامی دایەوە ئەگەر ئەوانی تر بیانەوێت پێی خۆش دەبێت. تەبیب غەفاری لەوانی دیکەی پرسی و دوای ئەوەی پەسندی مەسەلەکە کرا، سادقزادەش لەگەڵیان کەوت و لەلای ئیبراهیمزادە و رووبەڕووی میر راشد دانیشت. تەبیب غەفاریش دوای ئەوەی خواردنی هێنا، لەگەڵیان کەوت و لە سەرەوەی مێزەکە لەنێوان شەرەفکەندی و عەبدولی دانیشت.

شەرەفکەندی لەوە دابوو وەڵامی پرسیارێکی میر راشد بداتەوە، کە دوو کەس خۆیان کرد بە ژووریدا. یەکیان بە فارسی جنێوی دا، یەکەم کەس بە سێ دەسڕێژ ئەو پێنج کەسەی کە لەلای سەرەوەی مێزەکە دانیشتبوون کون کون کرد. رەشاشەکە پاش ئەوەی ٢٦ گوللەی دەرکرد، بێدەنگ بوو. دووهەم کەس بە [دەمانچەی] کۆڵت گوللەیەکی لە مێشکی شەرەفکەندی و دوو

گوللەی لە زگی دا، گوللەیەکیشی لە مێشکی ئەردەڵان دا. بکوژەکان بەو خێراییەی هاتبوونە ژوورەوە، هەڵاتن.

هەموو شتێك وەستابوو. شەرەفکەندی و دیهکوردی کە گوللەیان وێکەوتبوو، لەسەر کورسییەکانیان لەپشت مێزەکە مابوونەوە. لەلای دیوار، سادق زادە و ئیبراهیم زادە خۆیان کێشابوە ژێر مێز و لەلایەکی تر، ئەردەڵان، عەبدولی و تەبیب غەفاری بە لەشی خوێناییەوە کەوتبوونە سەر زەوی. میرراشد و دەستمالچی لای دەستی ئەوان بوون و دوای بیستنی دەنگی یەکەم گوللەکان خۆیان بەپشتدا خستبوە سەر زەوی.

سەعات، ٢٢ و ٥٥ دەقیقەی رۆژی ٥ شەممە ١٧ ی مانگی سپتامبری ١٩٩٢ بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی دووهەم: دوای تێرۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ١. تاوانباران

## ئا. هەڵاتن

تیمی تێرۆر، عەمەلیاتەکەی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە برد و کۆتایی پێهێنا. شەریف بە جانتای رەشاشەوە و دوابەدوای ئەو، راحیل کە هێشتا دەمانچەکەی بەدەستەوە بوو، لە رەستوران چوونە دەرەوە. ئەمین رووبەڕووی دەرگای رەستوران راوەستابوو. هەرسێکیان بەهەڵاتن بەرەو ترومبیلێك چوون کە چاوەڕوانیان بوو. لەرێگادا، راحیل دەمانچەکەی خستە بەر پشتێندی. حەیدەر، لێخوڕی ترومبیلەکە، ترومبیلی بەهەڵکراوی راگرتبوو و محەمەدیش لەپشت سەری ئەو دانیشتبوو. هەر کە شەریف گەیشتە لای ترومبیلەکە، دوو دەرگای [پێشەوە و دواوەی] کردەوە. خۆی لەلای لێخوڕ دانیشت. ئەمین و راحیل یەك بەدوای یەکدا، لە دەرگای پشتەوە سوار بوون.

بەرنامەی هەڵاتن پێشتر بەوردی دارێژرابوو. ترومبیلەکە بەرەو وێستگەی میترۆی گۆڕەپانی بۆند وەڕی کەوت و لەنزیك شەقامی دیتملدر وەستا. شەریف و راحیل دابەزین. ترومبیلەکە بەرەو لای راست بای دایەوە، شەقامی دیتملدری بەجێ هێشت و چوە ناو جادەی خێرا واتە ئوتوبانەوە، لە یەکەم رێگەی چوونە دەرەوە لە جادەکە دەرچوو. ئەمین و محەمەد لەنزیك وێستگەی میترۆی کۆنستانس[٥١] دابەزین و حەیدەر لە یەکەم فرسەتدا لە شەقامی سیەسێرۆ[٥٢] جانتای چەك و بێدەنگکەر، و شاڵ و کڵاوی لەژێر ترومبیلێك فڕێ

---

[51] Konztanzer
[52] Ciecero

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا كە لە نزيك وەكالەيەكی كڕين و فرۆشتنی ترومبيل ڕاگيرابوو. چەند سەد مەترێك ئەولاتر ترومبيلەكەی لە قەراغ شەقام ڕاگرت.
ئەمين دوای دابەزين لە ترومبيلەكە، چاكەت و كراسەكەی لەسەر شەقام داكەند و خستنيە كيسەيەكەوە كە هەندێك كەل و پەلی محەمەدیشی تێدابوو، ئينجا كيسەكەی لە قەراغ شەقام، نزيك بەنزينخانەی نزيك بە وێستگەی مێترۆ، فڕێدا و بەسواری ميترۆ بەرەو ماڵی برادەری خۆی، داهينی، ڕۆيشت. داهينی، كە بەرواڵەت ئاگای لە ڕووداوەكە بوو، پەسندی مانەوەی ئەو شەوەی ئەوی لە ماڵەكەی نەكرد. ئەمين چەند پارچەيەكی ديكەی جل و بەرگی دەرهێنا و لەوێی بەجێ هێشتن، ئينجا لە ماڵەكە چوە دەرەوە. داهينی گوتی ئەگەر نەيەی هەڵيان بگری، هەموويان فڕێ دەدەم. ئيتر ئەو هەرگيز دەرفەتی بۆ نەڕەخسا جل و بەرگەكەی وەربگرێتەوە.
ئەمين پاشان بۆ ئەوەی بچێتە ماڵی برادەرێكی تری، گەڕايەوە بۆ وێستگەی ميترۆ. لەوێ چاوی بە محەمەد كەوتەوە. ئەمين لە لێپرسينەوەكاندا گوتی: "بە محەمەدم گوت بۆچی دەستم لەكۆڵ ناكەيتەوە؟ لێم گەڕێ و بڕۆ". پاشان چوە ماڵی برادەرەكەی خۆی و شەو لەوێ مايەوە. هەمان شەو ئەندامانی تيمەكە بۆ پێداچوونەوە و لەناوبردنی هەموو شوێنەوارێك لەماڵی شەمامی زنفتن برگردا كۆبوونەوە. نازانرێت ئەوانی تر پێش گەيشتنيان بەو ماڵە، چييان كردوە.
بەنی هاشمی هەمان شەو چوو بۆ فڕۆكەخانە. تاقە فڕۆكەيەكی وەگير كەوت كە بۆ ئەستەموڵ دەچوو. گەرچی لە ئەستەموڵەوە دەرەتانی ئەوەی هەبوو بە فرۆكەی "ئيران ئەير" بڕوات، بەڵام بەهۆی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی وا هاتبوونە پێشەوە، بە ترومبيل چوو بۆ ئانكارا و لەوێوە بە فرۆكەی هێڵی هەوايی توركيا چوو بۆ ئێران. محەمەديش لە ئاڵمانيا چوە دەرەوە. پێوەند گرتن و خەڵكانی جێ پێوەندی ئەندامانی تيمەكە لەدوای تێرۆر ڕوون نەبوونەوە و لە تاريكيدا مانەوە.

دارابی رۆژی ٢٠ ی سێپتەمبر لە سەفەری هامبورگ و رۆژئاوای ئاڵمانیا گەڕایەوە بەرلین. حەیدەر چوو بۆ ئوزنابروك[53] ی شوێنی ژیانی خۆی .

عەلی سەبرا لە رۆژی ٢٠ ی ئۆکتۆبر، سەعات ٩ و ٢٠ خولەك، بەرلینی بەجێ هێشت و لەرێگەی سۆفیاوە گەڕایەوە بۆ لوبنان .

هەموو شتێك بۆ تێرۆریستان بە سەرکەوتوویی هاتبوە ئەنجام.

پۆلیس پاش تێرۆرەکە، لەسەر ئەساسی قسەی شایەدانی رووداو، سێ وێنەی ئامادە کرد: دوانیان لەسەر بناغەی قسەی پیتربوهم (مشتەری رەستورانەکە)، و ماریا (کرێکاری رەستورانەکە) دوو وێنەیان لەو تاوانبارانە پێك هێنا کە چووبوونە ناو رەستورانەکە و لەرێگەی قسەی لێخوڕێکی تەکسییەوە وێنەی موسافیرێکی ئامادە کرد کە کەم تا زۆر هاوکات لەگەڵ تاوانبارەکان لە دەوروبەری باڵەخانەی کۆنسولیەتی ئێران لە بەشی رۆژهەڵاتی بەرلینەوە هاتبوە نزیك رەستورانەکە. باڵەخانەی کۆنسولیەت و ماڵی نهێنی [تاوانبارەکان] زۆر لەیەك دوور نەبوون. ئەو سێ وێنەیە لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوە. پۆلیس لە رۆژی ٢٢ ی سپتامبردا چەکەکانی دۆزییەوە. رۆژنامەکان لە زمان کاربەدەستانی پۆلیسەوە هەواڵیان دا کە شوێنی پەنجەیەك لەسەر یەکێ لەو چەکانە دۆزراوەتەوە. پۆلیس لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە ئاشکرای نەکردن، چەند ماڵێکی لە شاری بۆن[54] پشکنی، کە خەڵکانی نزیك لە باڵوێزخانەی ئێرانیان تێدا دەژیا. دوو دیپلۆماتی ئێرانی "زووتر لەو کاتەی بۆیان دیاریکرابوو"، شوێنی خزمەتی خۆیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە بۆ ئێران.

لەماوەی بەڕێوەچوونی دادگای میکۆنۆسدا دەرکەوت کە یەك لەو دیپلۆماتانە، مورتەزا غولامی، ئەفسەری بەرپرسی دارابی بوو و لە تێرۆری میکۆنۆسدا دەستی هەبوو. کاربەدەستانی ئێرانی بڕیاریان دا هەموو ئەندامانی تیمەکە لە ئاڵمانیا ببەنە دەرەوە. رۆژی ٢١ ی سپتامبر حەیدەر چوو بۆ راینە و لەگەڵ ئەمین وت و وێژی کرد. لە ٢٤ ی سپتامبر دارابی بە بیانووی ئیش و کاری

---

[53] Osnabrueck
[54] Bonn

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازرگانییەوە بلێتی سەفەر بۆ ئێرانی کڕی. هەمان رۆژ، راحیل، محەمەد، عەتریس، و حسام شەحرور چوون بۆ شاری راینە. بڕیاریان دا عەتریس و حسام شەحرور پاسپۆرت بۆ ئەمین و راحیل ئامادە بکەن و بیهێنن. حەیدەریش لەگەڵیان کەوت. ئەو، لەلایەن ئەلحاج واتە دارابی، یەوە هەندێك پارەی دایە ئەمین و راحیل و گوتی پێویستە ئاڵمانیا بەجێ بهێڵن. هەر ئەو هەواڵی پێدان کە ئەلحاج و برادەرەکانی لەسەر جادەی خێرا (ئۆتوبان)، توندتر لە رادەی رێگەپێدراو ترومبیلیان لێخوڕیوە و کامێرای کۆنترۆڵ وێنەی هەڵگرتوون.

کازم دارابی هەوڵی دا لە ١٣ تا ١٩ ی سپتامبر شوێنێکی روون و شیاوی لێکۆڵینەوە لەخۆی بەجێ بهێڵێت و پاشتر لەماوەی دادگادا بە یارمەتی پارێزەرەکانی ئەم شوێنەی هەتا ٢٤ ی سپتامبریش بە تەواوەتی دیاری کرد. گەرچی دوای ئەو کێشانەی وا لەماوەی دادگادا هاتنە پێشەوە، هەوڵی دا هەندێ خاڵی تێدا بگۆڕێت.

دارابی هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی وا نیشان بدات کە رۆژی ١٧ سپتامبر لە بەرلین نەبوە و هیچ پێوەندیکی لەگەڵ تێرۆرەکەدا نەبوە. دارابی ئەم نەقڵەی بە ئەمین گوتبوو و ئەمین لە لێپرسینەوەکانیدا دووپاتی کردنەوە. دارابی رۆژی ٢٠ ی سپتامبر گەڕایەوە بەرلین. ئەو تا رۆژی ٢٢ ی هەمان مانگ کلیلی ماڵی شەقامی زنفتن برگری دایەوە بەهرام برنجیان.

ئیشتیاقی، خاوەنی ماڵەکە کە یەکێك لە حیزبوڵلاییەکانی بەرلین بوو لە دادگا شایەدی دا، و گوتی لەو ماوەیەدا لە ئێران بوە و ئیدیعای کرد کە ئاگای لێ نەبوە کێ لە ماڵەکەیدا بووە.

دارابی رۆژی ٢٣ ی سپتامبر بە ترومبیلی شەخسیی خۆی، هاوڕێ لەگەڵ دوو کەسدا چوو بۆ هامبورگ و لەوێ ترومبیلێکی بەکرێ گرت و لەگەڵ دوانەکەی دیکەدا چوو بۆ دارمشتات و چەند شارێکی تر. چالاکییەکانی دارابی و پێوەند گرتنی ماوەی ئەو سەفەرەی دەرنەکەوت، هەر چەندە بابەتی چەند دانیشتنێکی دادگا و شایەدیدانی چەند کەسێکیش بوو. لە رێگەی گەڕانەوە بۆ بەرلین، بەهۆی خێرایی زۆر [ی ترومبیلەکە] ەوە، راداری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنترۆڵی پۆلیس وێنەی ترومبیل و ژمارەکەی هەڵگرت. پۆلیس لە ڕێگەی درکاندنەکانی ئەمینەوە ئاگاداری ئەو وێنەیە کرایەوە. نامەی پێوەندیدار بەو غەرامەیە لە مانگی یەکەمی ١٩٩٣ دا نێررایە ماڵی دارابی، کە دەستی بەسەردا گیرا. پۆلیسی جینایی لە ڕێگەی وەرەقەی غەرامەی پۆلیسی ڕێگا و بانەوە وێنەکەی دەست کەوت. لە وێنەکەدا، دارابی لای دەستی داهینی دانیشتبوو. لە کورسی پشتەوەی ترومبیلەکە، لەنێوان ئەودوکەسەدا، روخساری کەسێکی سێهەمیش دیار بوو. پارێزەرەکانی دارابی دەیانگوت ئەوە ئیبراهیم نورئارا، شەریکی بازرگانیی دارابییە و ئەمین لە لێپرسینەوەکانی خۆیدا گوتی وەك محەمەد دەچێت.

دارابی لە ٢٤ ی سپتامبردا گەڕایەوە بەرلین. ڕۆژێك دواتر بەشداریی کۆبوونەوەیەکی مزگەوتی شیعەکانی بەرلینی کرد کە یەك لە مامۆستایانی زانستگەی ئیمام جەعفەر سادقی تاران وتاری تێدا دەدا.

حەیدەر ڕۆژی ٢٥ سپتامبر، سەعات ١٤ و ٥ خولەك، بەرلینی بەرەو بەیروت بەجێ هێشت، بێ ئەوەی دەرفەتی خاوێن کردنەوەی ماڵەکەی هەبێت و بتوانێ پاشماوەی خواردنەکان فڕێ بدات و کاغەز و بەڵگەنامە شەخسییەکانی خۆی هەڵبگرێت. دارابی ڕۆژی یەك شەممە ٢٧ ی سپتامبر بەسواری فڕۆکە چووەوە بۆ ئێران.

بەم شێوەیە، هەموو ئەوانەی وا پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە تێرۆری میکۆنۆسەوە هەبوو، جگەلە ئەمین و ڕاحیل، لە ئاڵمانیا چوونە دەرەوە. ئەو دوو کەسەش دوای فەرمانێك کە بۆی هەیە دارابی ڕاستەوخۆ یان لەرێگەی حەیدەرەوە پێی دابێتن، خەریکی ئەوە بوون پاسپۆرت لە برادەرکانیان وەربگرن و لە ئاڵمانیا بچنە دەرەوە.

لەو کاتەدا، شەریف، محەمەد، دارابی، حەیدەر و غولامی و ئەو کەسانەی دیکەی وا لە ئێرانەوە بۆ بەرێوەبردنی عەمەلیاتەکە هاتبوونە ئاڵمانیا و نەناسرابوون، هەموویان چوونەوە بۆ ئێران و زانیارییەکی وردیان خستە بەردەستی کاربەدەستانی بەرپرس. لە ئێران، عەمەلیاتەکە و بارودۆخی ئاسایشی

ئەندامانی تیمەکە خرایە بەر لێکۆڵینەوە. بەرواڵەت لە ئێران گەیشتنە ئەنجامی ئەوەی کە هەل و مەرجەکە مەترسیدار و نالەبار نییە و هۆیەکیش بۆ دڵنیگەرانی نییە. بەزمانی دیپلۆماتیکی ئەودەم، "دیالۆگی رەخنەگرانە" بەباشی بەڕێوە دەچێت.

راحیل و ئەمین چاوەڕوانی تەواوبوونی کاری پاسپۆرتەکەیان بوون. تەنیا دەبوایە وێنەی پاسپۆرتەکان بگۆڕرێن بۆ ئەوەی بتوانن بەهاسانی لە ئاڵمانیا بچنە دەرەوە. محەمەد عەتریس، مەحمود علیان، حسام شەحرور و حسین شەهشو لەناو کاری ئامادەکردن و راگواستنی پاسپۆرتەکاندا بوون.

محەمەد عەتریس پاسپۆرتی براکەی خۆی کە پێش تێرۆری میکۆنۆس هەڵی گرتبوو برد بۆ راینە و شەهشوش پاسپۆرتەکەی خۆی دایە. لە ئەنجامدا، پاسپۆرتەکان رۆژی دووی مانگی ئۆکتۆبر گەیشتنە راینە. هەمان رۆژ، راحیل و ئەمین چوونە دووکانی وێنەگرێك بۆ ئەوەی وێنەی خۆیان بگرن. وێنەی پاسپۆرتی برای عەتریس گۆڕا و کرایە وێنەی راحیل. پاسپۆرتەکەی تر بەرواڵەت بەدەست کاروباری تەزویر کردنەوە بوو و دەبوایە زوو ئامادە بێت.

ئەمین و راحیل خۆیان بۆ سەفەر ئامادە کرد. ١٣ هەزار و ٦٠٠ مارکی ئاڵمانی و ٣٥ هەزار لیرەی لوبنانی کە ئەلحاج [دارابی] دابووی، لەگەڵ دەفتەری تەلەفۆن و یادداشت و وێنە و کەلوپەلدا، هەموویان کۆکردەوە و بە جانتای ئامادەوە چاوەڕوانی تەواوبوونی کاری دوا پاسپۆرت مانەوە بۆ ئەوەی ئاڵمانیا بەجێ بهێڵن و لەرێگەی هۆڵەنداوە بگەڕێنەوە بۆ لوبنان.

## ب. گیران

دوای ئەوەی بکوژەکان لە رۆژی ١٧ ی سپتامبر لە رەستورانی میکۆنۆس چوونە دەرەوە، "بوهم" مشتەری ئاڵمانی رەستورانەکە تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد. پۆلیس و دوکتۆر و ئامبولانس دەوروبەری سەعات ٢٣ گەیشتنە رەستوران. دوکتۆر چوە سەر بریندارەکان. شەرەفکەندی، عەبدولی و ئەردەڵان لەجێدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوژرابوون. دیهکوردی و تەبیب غەفاری بۆ عیلاج نێررانە نەخۆشخانە و تا چەند سەعاتیش هەموان لایان وابوو دیهکوردی زیندوە و تەبیب غەفاری کوژراوە.

پۆلیسی جینایی بەرلین[٥٥] بەرپرسیایەتی راگەیشتن بە بکوژییەکەی گرتە ئەستۆ. چوار کەس کە لە تێرۆر گیان دەربردبوو، هەروەها بوهم تاقە مشتەری ئاڵمانی رەستوران و ماریا کرێکاری رەستوران کە شایەدی رووداوەکە بوون، برانە ناوەندی پۆلیس و وەڵامی پرسیارە سەرەتاییەکانیان دایەوە.

هەر لە سەرەتاوە (١٨ ی سپتامبر)، بەهۆی گرنگایەتی مەسەلەکە و گونجاویی "سیاسی بوون" ی تێرۆر، داواکاری گشتی ئاڵمانیا شوێن گرتنی مەسەلەکەی گرتە ستۆ و ئەرکی لێکۆڵینەوە درایە بەشێك لە ژێر بەرێوەبەرایەتی هانس ی. کورت[٥٦] لە داواکاریی گشتی ئاڵمانیای فیدراڵ. لێکۆڵینەوە لەژێر چاوەدێریی داواکاری گشتی بەرز "برۆنۆ یوست[٥٧]" بەرێوە برا. لە ئەنجامی راگوێزرانی بەرپرسیایەتی مەسەلەکە لە داواکاریی گشتی ئەیالەتی بەرلینەوە بۆ داواکاریی گشتی پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا[٥٨] ئەمان بوون بە بەرپرسی راگەیشتن بە مەسەلەکە و فایلەکە لەدەست پۆلیسی ئەیالەتی بەرلین چوە دەرەوە. لەو دائیرەیەدا، "لیژنەی تایبەت بە میکۆنۆس" (سوکو میکۆنۆس) لەژێر چاوەدێری دادئەستێنی بەرزدا، لە ٢٥ کەس پێك هێنرا. هەموو دەرەتانی پۆلیسی جینایی کەوتە ژێر دەسەلاتی لیژنەکەوە، کە لە سەردەمێکدا زیاتر لە ٧٠ ئەندامی هەبوو.

رۆژی ٢٢ ی سپتامبر، لە دەوروبەری سەعات ١١ ی سەر لەبەیانی، لەژێر ترومبیلێکی قەراغ پیشانگەی ترومبیل لە نزیك رەستورانی میکۆنۆس جانتایەك دۆزرایەوە کە ئەم شتانەی تێدابوو: رەشاشێکی یوزی کالیبر ٩ میلی مەتری، دەمانچەیەکی لاما مارکی XA کالیبر ٧/٦٥، دوو دانە بێدەنگکەر، کلاوێکی

---

[55] (I.K.A) Landeskriminalamt
[56] Hans J. Curt
[57] Bruno Jost
[58] Bundeskriminalamt (B.K.A)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەرەز، ملپێچێك و سێ قابغی فیشەك. پاش ماوەیەكی كورت، پسپۆڕانی پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا بۆیان دەركەوت كە چەكەكان لە رەستورانی میكۆنۆس كەڵكیان لێوەرگیراوە. دواتر دەركەوت كە دەمانچەكە سوپای شاهەنشاهی ئێران لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە ئیسپانیای كڕیوە. لەسەر خەشابی دەمانچە لاماكەكە، شوێنی بەری دەستێك مابووەوە.

تا رۆژی چواری ئۆكتۆبر چالاكییەكانی پۆلیس جگە لە چەند چاوپێكەوتن و راگەیاندنی چاپەمەنی هیچ ئاكامێكی بەرچاوی نەبوو. ئامانج لەو چاوپێكەوتن و راگەیاندنانە زیاتر ئەوە بوو كە زانیاری راست بەدەستەوە نەدەن و بەهۆی رستە و عیبارەتی ئاڵۆز و شیاوی تەفسیر و لێكدانەوەی جۆراوجۆرەوە گونجاویی هەبوونی دەستی كۆماری ئیسلامی ئێران لە تێرۆرەكە بشاردرێتەوە.

لە كۆتایی مانگی سپتامبر و سەرەتاكانی مانگی ئۆكتۆبری ١٩٩٢، مەئموورانی BND [59] هەندێك زانیارییان لەمەڕ بكوژانی تێرۆری میكۆنۆس كەوتە دەست. ئەم زانیارییانە لە رۆژگەلی جیاجیادا بە تەلەفۆن و لە ئەنجامیشدا بەنامەی رەسمی لە ٦ ی ئۆكتۆبردا كەوتنە بەر دەستی لیژنەی تایبەتی میكۆنۆس و داواكاری گشتی. لە ٤ ی دیسامبری ١٩٩٢ دا لەلایەن سەرۆكی دەفتەری "سەدری ئەعزەم" ی ئاڵمانیاوە بەنامەیەك ئاگاداری دادئەستێنی بەرز "یۆست" كرا، كە نامەی ٦ ی ئۆكتۆبر ناتوانێ لە فایلەكەدا رابگیرێت، لەبەر ئەوەی:

"ئاشكرابوونی زانیاریی ناو نووسراوەكە بە زیانی ئاڵمانیا تەواو دەبێت. زیانی ئاشكرا بوونی نامەكە بریتی دەبێت لەوەی شێوازی زانیارییە كەڵك لێوەرگیراوەكان لە دەرەوەی ئاڵمانیا و هەروەها گیانی ئەو سەرچاوە زانیارییانە BND بكەوێتە مەترسی كە زانیاری ناو ئەو نووسراوەیە لەوانەوە دەست كەوتوە و بۆ ناسینی چالاكییە تێرۆریستیە نێونەتەوەییەكان و هەروەها دژ بە تاكەكەس و دامەزراوەكانی ناو خاكی ئاڵمانیا خاوەنی گرنگایەتی تایبەتە".

[59]. خزمەتگوزارییەكانی زانیاریی فێدراڵی ئەو رێكخراوەیە بەرپرسی چالاكییەكانی دەرەوەی ئاڵمانیایە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە رۆژی ٥ ی دیسامبردا، نامەیەکی تر لەجیاتی نامەی ناوبراو خراپە بەردەستی دادئەستێنیی [کە تێیدا نووسرابوو]:

"لە رێگەی کەڵك وەرگرتن لە کەرەسەی ئاسایش، هەندێ زانیاری گەیشتۆتەBND ، کە پێوەندی بە تیرۆری چوار ئێرانی ئۆپۆزیسیۆنی دانیشتووی دەرەوەی وڵات لە رۆژی ١٩٩٢/٩/١٧ لە رەستۆرانی میکۆنۆسی بەرلینەوە هەیە."

ئەم زانیارییانە لە ٦ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ دا خرایە بەردەستی لیژنەی تایبەتی میکۆنۆس.

زانیارییە دەستکەوتوەکان لەرێگەی بەکارهێنانی کەسەرەی زانیارییەوە ئەم بابەتانەی گرتبوە بەر:

"دوو لوبنانی بەناوی راغیب[٦٠] (بیسراوە) و یۆسف (بیسراوە) ئەندامی تیمەکە بوون. ئەوان دەبێ لە حیزبوڵا نزیك بن. ئەو دوو کەسە، دەبێ دانیشتووی ماڵێکی پەنابەریەتی لە راینە/ ویستفالْن بن. راغیب و کەسێك کە هاوڵاتی ئێرانە گوللەیان بە قوربانییەکانەوە ناوە. راغیب بە دەمانچە و ئێرانییەکە بە رەشاش. یۆسفی لوبنانی لە کاتی تیرۆرەکەدا ئاگاداریی دەرگای رەستۆرانی میکۆنۆسی کردوە. ئێرانییەکە دەبێ دەست بەجێ و دوابەدوای تاوانەکە لە ئاڵمان چووبێتە دەرەوە. راغیب لەکاتی گوللە هاویشتنەکەدا دەستکێشی لەدەستدا نەبوو و ئێستا لەوە دەترسێت کە پۆلیس شوێنی پەنجەی لەسەر ئەو چەکەی وا دواتر فڕێیان دا، بدۆزێتەوە و ببێتە هۆی گیرانی. راغیب و یۆسف بۆ هەڵاتن لە وەگیرکەوتن و گیران، دەیانەوێت بە پاسپۆرتی تەزویرنەکراو هەڵێن بۆ لوبنان. راغیب و یۆسف لە راینە چاوەڕوانی وەرگرتنی ئەو بەڵگەنامانەن کە واسیتەکەیان بەناوی مەحموود(بیسرا) [علیان][٦١] لە بەرلین بۆی پێك هێناون. رێکەوتی ئەوەی پاسپۆرتەکانیان پێ بدرێت ١

٦٠. لە هەموو شوێنێکی ئەو بەڵگەنامەیەدا وەك 'رەقیب' نووسراوە.

٦١. هەموو زیادکراوەکان هی دەقی ئەسڵین.

ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ بوو، بەڵام بەهۆی تەنگژەی ئامادەکارییەوە کەوتۆتە رۆژی ٢ ی ئۆکتۆبری ٩٢. رۆژی ٢ ی ئۆکتۆبر، دوو کەس بەناوی محەمەد (بیسرا) [= عەتریس] و حسین (بیسرا) [= شەهشو] هاتنە راینە و دوو پاسپۆرتی لوبنانیان بەناوی محەمەد عەتریس و حسین شەهشو دایە راغیب و یۆسف. ئەو دوو کەسە، هەمان رۆژ لە دووکانێکی وێنەگریی، وێنەی خۆیان بۆ پاسپۆرت گرت".

بەرپرسانی ئەو رێکخراوەیە و کومیسەری پۆلیس کە دوو نامەی سەرەوەیان خوێندبووەوە، شایەدییان دا کە هەر دوو نامەکە، جگە لەو زانیارییانەی وا دەکرێ بە سەرچاوەی هەواڵەکان بناسرێن، تەواو وەك یەك دەچن. سەرەڕای ئەو کێشە و هەرا زۆرەی وا هەڵگرتن و گۆرینی نامەکە خولڤاندی، هەروەها سەرەڕای داواکاریی یەك لەدوای یەکی پارێزەرانی داکۆکیکار[بارستر]، دەفتەری "سەدری ئەعزەم" هەرگیز ئیجازەی نەدا نامەی ٦ ی ئۆکتۆبر بکەوێتە بەردەستی دادگا. یادداشتەکانی دادئەستێنی گشتی لەبەرئەو زانیارییانەی کە BND لەو چەند رۆژەدا بە تەلەفۆن پێی دابوو، درایە دادگا."[٦٢]

رۆژی شەممە ٣ ی ئۆکتۆبری ٩٢، لە دەوروبەری سەعات ٢٠ دا هێزێکی پۆلیسی تایبەت ئابلۆقەی ئەو گەڕەکەی دا، کە ماڵی ئەحمەد ئەمین برای یۆسفی لێیە. سەعات ١٠ دەقیقەی بەیانی [واتە دوای نیوەشەو] ی رۆژی یەکشەممە ٤ ی ئۆکتۆبر هێرشیان کردە سەر ماڵەکە. لەو ماڵەدا جگە لە ئەحمەد ئەمین و هاوسەرەکەی، یۆسف ئەمین و هاوسەری "عەبباس راحیل" یش بوون. راحیل دوای هێرشی پۆلیس هەوڵی دا لە باڵکۆنی پشتەوەی ماڵەکە رابکات. بەڵام لەگەڵ پۆلیس کە پێشتر لەوێ دامەزرابوون تێك گیرا. لە

---

٦٢. BND زانیارییەکانی خۆی لە سەرچاوەی هەمەچەشنە وەرگرتبوو. سەبارەت بەو سەرچاوانە، جگە لەو تاکەکەسەی وا ئاگاداری راگواستنی پاسپۆرتەکان بوو، یەك لە رۆژنامە ئاڵمانییەکان نووسی: BND 'دەبێ ناوی تاوانباران و زانیارییەکانی تری لە ئێرانییەکی پایەبەرز وەرگرتبێت و هەر لە سەرەتای لێکۆڵینەوکاندا دابێتیە دادئەستێنی. واهەیە هێشتا زۆر مەقامی پایەبەرزی ئێرانیی دیکەش لە لیستەی مووچەخۆرانی BND دا بن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەنجامی تێك گیرانەکەدا، سەری راحیل بریندار بوو. لیستەی کەرستەی ناوماڵەکە هەڵگیرا. حسین عەباس راحیل، سەید محەمەد یوسف ئەمین و سەید ئەحمەد ئەمین دەست بەسەر کران.

جگە لە جانتا ئامادەکراوەکانی راحیل و ئەمین، ١٣ هەزار و ٦٠٠ مارکی ئاڵمانی و ٣٥ هەزار لیرەی لوبنانی لەگەڵ پاسپۆرتی شەوقی عەتریسدا، کە وێنەی راحیلی بەسەرەوە بوو دەستیان بەسەر داگیرا.

هاوسەرەکانی ئەحمەد و یۆسف نەگیران و ئەحمەد ئەمین دوای لێپرسینەوەی سەرەتایی بەرەڵلا کرا. راحیل و ئەمین هەموو چەشنە بەشدارییەکی خۆیان لە رووداوی میکۆنۆس دایە دواوە. راحیل گوتی لە ١٧ سپتامبردا هاورێ لەگەڵ یۆسف ئەمین و کەسێکی تر، لە "ئەزنابروك" بوە و ئەمین گوتی لە ١٧ ی سپتامبر لە راینە ژیاوە.

رۆژی ٥ ی ئۆکتۆبر، دوای پرسیار و وەڵام (کە تا سەعات ٢٣ و ٤٥ دقیقە بەردەوام بوو)، حوکمی گیرانی ئەمین و راحیل بەگومانی کوشتنی چوار کەس دەرچوو. رۆژی ٤ ی ئۆکتۆبر حسام شەحرور، عەلی حەسەن شەهشو، شەوقی عەتریس و مەحمود علیان گیران. محەمەد عەتریس لە ماڵەوە نەبوو و نەگیرا. رۆژی ٧ ی ئۆکتۆبر، ناوبراو خۆی دایە دەست پۆلیس.

راحیل لەماوەی لێپرسینەوەدا بەکورتی باسی ژیانی خۆی لە ئاڵمانیا و لوبنانی کرد. دوای ئەوەش کە زانی لە پێوەندی رووداوی میکۆنۆسدا گیراوە بەر بوە گریان و گوتی رۆژی ١٧ سپتامبر لە ئەزنابروك بوە و هیچ پێوەندیکی بە رووداوی میکۆنۆسەوە نییە. ناوبراو هەتا کۆتایی دادگاش لەسەر ئەو قسەیە مایەوە و هیچی سەبارەت بە رووداوی میکۆنۆس و پێوەندی لەگەڵ ئێرانییەکان و حیزبولڵای لوبنان نەگوت. تەنانەت کاتێکیش کە پارێزەکانی لەماوەی دوایین داکۆکی دادگادا بەکردەوە تاوانەکانی ئەویان وەئەستۆ گرت، ئەو هیچی هەر نەگوت. راحیل تا کۆتایی دادگا خەمسارد، بێدەنگ بەڵام توندوتیژ مایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پ. دان پێدانان

راحیل هەر لە کاتی گیرانیەوە تا کۆتایی دادگا، وەکو کەسێك جوولاّیەوە کە دەزانێ چی کردوە، کارەکەی چ ئەنجامێکی بوە و چۆن دەبێ ئەو ئاکامانە بەبێ ئاه و ناڵە بگرێتە ئەستۆ. کاتێکیش کە لە یەکەم لێپرسینەوەکانیدا، داهاتووی روون بوەوە، بەگریان کارەکەی بۆخۆی تەواو کرد: بێدەنگ دانیشێت زیندانەکەی بکێشێت و چاوەڕوان بێت تا ئێران دەست بخاتە کارەکەوە. پێش گیران جارێك کە لەگەڵ "برادەران" باسی گونجاوبوونی گیرانیان کرابوو، گوتبووی "ئێران دەست دەخاتە کارەکەوە".

راحیل ئەرکی خۆی بەڕێوە بردبوو و ئیتر چاوەڕوان مایەوە تا هاوکارەکانی ئەرکیان رابپەڕێنن، لەگەڵ کاربەدەستانی ئاڵمانیا بکەونە وت و وێژەوە، بارمتە بگرن، هەڕەشە بکەن، باج بدەن و لە کۆتاییدا لە زیندان رزگاری بکەن.

ئەمین دوای گیران، کەسێکی هێدی و هێمن نەبوو. رۆژی یەکەم هەوڵی دا بە گاڵتە تێپەڕی بکات. وەڵامی نابەجێی بە پرسیارەکانی پشکنێرەکان دەدایەوە و درۆی پێدەگوتن. خەریکی هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی خۆی بوو و هەوڵی دەدا بزانێت تا کوێی کارەکە پێی زانراوە. لە یەکەم لێپرسینەوە لە ٤ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ دا دوای ئەوەی کە پێیان گوت لەبەرچی گیراوە و چ تاوانێکی دراوەتەپاڵ، گوتی:

"سەبارەت بە تایبەتمەندیی تاکەکەسی:

من لە دیسامبری ١٩٨٩ بە ترومبیلێك و بەیارمەتی چەند کوردێك، بە بێ ڤیزە لە سنووری هو نگاریا (مەجارستان) ەوە هاتمە ناو ئاڵمانیای فیدراڵ.

بەهۆی بارودۆخی سیاسی و سوپایی لوبنانەوە، کە ژیانی پڕشەرەفیان نەگونجاو کردوە، هاتمە ئێرە.

داوای پەنابەریم کرد.

بۆ هۆی پەنابەریەتیم گوتم کە لە باشووری لوبنان لە سوپای سەعد حەداد دا خزمەتم کردوە، گەرچی ئەو میلیشیایەم بەجێ هێشتبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له باشووری لوبنانه‌وه چوومه به‌یروت. له‌وێش ژیان به‌گوێره‌ی بیر و خه‌یاڵی من نه‌بوو. جا هاتمه ئاڵمانیای فیدراڵ.

له لوبنان ته‌نیا خزمه‌تی عه‌سکه‌ریم کرد. پێوه‌ندیم به هیچ جووڵانه‌وه‌یه‌کی سیاسییه‌وه نییه.

له وه‌ڵامی پرسیارێك [دا گوتی]:

من پێوه‌ندیم به ناوخۆی ئێرانه‌وه نییه. شیعه‌یه‌کی خاوه‌ن بڕوام و بۆیه‌ش ده‌بوایه هه‌ر چۆنێك بێت بچوایمه زیاره‌تی شوێنه پیرۆزه‌کانی ئێران، کارێك که تا ئێستا نه‌مکردوه.

سه‌ره‌تا چووم بۆ فرانکفورت و پاشان چوومه لای براده‌ران له هانوفر. ئیتر ئێستا ناوی ئه‌و که‌سانه‌م له‌بیر نه‌ماوه. له هانوفر ناسیمن. ئه‌وان نه‌سیحه‌تیان کردم که له به‌رلین داوای په‌نابه‌ری بکه‌م، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی باشترین شانس [ی وه‌رگیران] له‌وێ بوو.

دوای چوار مانگ ئیجازه‌ی مانه‌وه‌ی کاتیم وه‌رگرت. له به‌رلین سه‌ره‌تا له نۆیه‌کۆلن[63] لای کابرایه‌کی ئاڵمانی ده‌ژیام. مانه‌وه‌ی خۆم له‌وێ لای لای پۆلیس تۆمار کرد. به‌ڵام ئه‌درسه‌که‌یم له‌بیر نه‌ماوه. پاشان ماڵم گوێسته‌وه بۆ ژماره ١٦٤ ی شه‌قامی زونن.[64] ماڵی عاتف عه‌یاد بوو. پاشان چوومه ژماره ٦ ی شه‌قامی کارل مارکس، که ماڵی لوبنانییه‌ك بوو به‌ناو عه‌بدولکه‌ریم داهینی. مانه‌وه‌ی خۆم له‌و ماڵه له‌لای پۆلیس تۆمار کرد. به‌ڵام پێشتر له راینه ده‌ژیام، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هاوسه‌ره‌که‌م و خوشکی له‌وێ ده‌ژین .

سه‌باره‌ت به کێشه‌که

من ماوه‌یه‌ك دوای نیوه‌شه‌وی ١٩٩٢/١٠/٤ هاوڕێ له‌گه‌ڵ براکه‌م ئه‌حمه‌د ئه‌مین، و عیماد عه‌مه‌ش دا، له ماڵی براکه‌م گیرام.

---

[63] Neuekoelin
[64] Sonnenallee

کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بردیانمە لای پۆلیس لە راینە. ئێستاش منیان لە شوێنی پۆلیسەوە هێناوەتە ئێرە بۆ لێپرسینەوە.

لەبەر ئەوەی زمانی ئەڵمانی زۆر خراپ قسە دەکەم، تەرجومانێکیان بۆ لێپرسینەوە هێنا.

ئەو سەرەتا پێی گوتم کە تۆمەتبارم بە بەشداری کردن لە کوژرانی چوار کوردی ئێرانی لە رۆژی ٩٢/٩/١٧ لە رەستورانی میکۆنۆسی بەرلین.

پرسیار: رۆژی ٩٢/٩/١٧ لەکوێ بووی؟

وەڵام: من لێرە لە راینە بووم. لە مانگی سپتامبردا بەڵگەنامەی مانەوەی خۆم نوێ کردەوە. پاشان هاتمە راینە. لام وایە ١١ یان ١٢ یان ١٣ ی مانگی ٩ ی ١٩٩٢ بوو.

چوومە ناوەندی موسافەرەتی وێستگەی میترۆی سوو[٦٥]. لەوێ ژنێکی لێخوڕی ئاڵمانییان پێ ناساندم. ئەو ناوەندە، ناو و ئەدرەسی منی لەو رۆژەدا تۆمار کردوە. لەوێ پێویستە رێکەوتی سەفەر بەوردی بنووسرێت. دوای ئەوە، ئیتر من هەمیشە لە راینە بووم.

پرسیار: کێ دەتوانێ شایەدی ئەوە بدات کە تۆ لە رۆژی ٩٢/٩/١٧ دا لە راینە بووی؟

وەڵام: هاوسەرەکەم، خوشکی و براکەم دەتوانن شایەدی بدەن. براکەم ئەودەم لە نەخۆشخانە بوو و من چوومە چاوپێکەوتنی.

براکەم تووشی رووداوێکی پاسکیل هاتبوو. رووداوەکە دوو یاخود سێ رۆژ دوای ئەوە رووی دا کە من هاتمە راینە. لە هەمان کاتدا، بۆی هەیە رووداوەکە لە رۆژی ٩٢/٩/١٧ دا بووبێت و لە بەرلین بە منیان راگەیاندبێت. من گوتم کارتی هەویەکەم نوێ دەکەمەوە و دەست بەجێ دێم.

[65] ZOO

ئەو خانمەی وا منی هێنایە راینە، گەیاندمیە ژمارەی ١٧ ی شەقامی هێریبرگ.[66] خانمەکە دانیشتووی راینە نەبوو. لام وایە خەڵکی نۆردهورن[67] بوو، ترومبیلێکی سووری وەك "ڤۆلکس واگن" ی پاساتی هەبوو، بەڵام مۆدیلی نوێتر.

روون کردنەوە: جەنابی ئەمین، براکەت ئەحمەد، لە لێپرسینەوەی ئەمڕۆی خۆیدا گوتی تۆ رۆژێك پێش هاتنە دەرێی ئەو لە نەخۆشخانە هاتوویەتە راینە. ئەو، رۆژی ٩٢/٩/٢٠ لە نەخۆشخانە هاتۆتە دەرەوە. واتە تۆ دەبێ لە رۆژی ٩٢/٩/١٩ گەیشتبێتە راینە.

وەڵام: ئەوەی براکەم دەڵێ راستە. من لە بەرلین نەبووم. دوو یا سێ رۆژ لە هانووفر مامەوە تا چاو بۆ ترومبیل بگێڕم. شەوانەش لەلای برادەرەکانم دەمامەوە.

ناوی ئەو برادەرەم مستەفا تەهایە.ناوی شەقامەکە نازانم نزیك میترۆی ئالترهایدە[68] یە.

پرسیار: جەنابی ئەمین، دووبارە لێت دەپرسمەوە: رۆژی ٩٢/٩/١٧ لەکوێ بووی؟

وەڵام: من لە دەوروبەری ٩٢/٩/١٣ گەڕامەوە بۆ راینە. دوای راینە چوومە هانووفر و سەرلەنوێ چوومەوە راینە. هەر چۆنێك بێت لە رۆژی ٩٢/٩/١٧ لە راینە بووم.

پرسیار: کاتێ وا بەوردی دەزانی کە لە راینە بووی، دەتوانی پێم بڵێی چ رۆژێکی هەفتە بوو؟

وەڵام: بەباشی لەبیرم نییە ٩٢/٩/١٧ چ رۆژێکی هەفتە بوو. واهەیە دووشەممە یان سێ شەممە بووبێت.

[66] Heriburg
[67] Nordhorn
[68] Alterheide

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

روونکردنەوە: من لام وایە تۆ ڕاست ناڵێی. سەرەتا گوتت لە ٩٢/٩/١٣
وە لە راینە بووی و دوای ئەوەی من روونم کردەوە
براکەت دەڵێ چی، دەڵێی لە هانووفر بوویت.

وەلام: تۆ دەبێ تێ بگەی. من ماوەیەکی یەکجار کەم لە بەرلین بووم. مرۆڤ لەبیری نامێنێت کەی پیتزەی خواردوە".

کاتێ ئەو بەڵگەنامە زۆرانەیان لەبەردەم ئەمین دانا، کە لە ماڵەکەیان دەرهێنابوو یان گوتی نایان ناسمەوە یاخود وەلامی بێ پێوەندی دایەوە. "راحیل" ی کەم دەناسی و بەناوی "عمش" ەوە دەیناسی. هیچی سەبارەت بە "شەهشهو" نەبیستبوو، و نەیدەزانی شەوقی یا محەمەد عەتریس کێیە. سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتاوە پێیان گوتبوو کە تاوانی لەپاڵە و ئەگەر بیەوێت دەتوانێ وەلامی پرسیارەکان نەداتەوە، بەلام لە هەموو لێپرسینەوەکاندا وەلامی پرسیارەکانی دەدایەوە وسەرنجی دەدایە ئەو کەل و پەلەی وا لێی گیرابوو و هۆکاری بۆ دەدۆزینەوە.

لێپرسینەوە سەرەنجام کۆتایی پێهات:

"پێیان گوتم کە بەئاشکرا ڕاستی نادرکێنم. بەهۆی جیاوازی و دژایەتی زۆری ناو قسەکانمەوە، واهەیە سبەینێ ببرێمەوە بەردەمی حاکم (قازی). پێویستە لەم بارەیەوە بیر بکەمەوە. هیچم نییە لەو قسانەی سەرەوە زیاد بکەم".

ڕۆژی دواتر، ئەمین و راحیلیان بردە لای لێکۆڵەر. لەماوەی لێپرسینەوەدا، پارێزەرکانیشیان ئامادە بوون. هەردوکیان قسەکانی ڕۆژی پێشتریان دووپات کردەوە. کاری لێکۆڵینەوە تا سەعات ٢٣ و ٤٥ خولەك درێژەی کێشا و لەسەر داواکاریی دادئەستێن، لێکۆڵەر حوکمی دەستبەسەربوونی هەردووکیانی دەرکرد **[**٤ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ (؟)**]**.

حوکمی دەست بەسەرکرانی "محەمەد عەتریس" یش ڕۆژی ٦ ی ئۆکتۆبر دەرچوو.

دوای گەڕانەوەی لەلای لێکۆڵەر، ئەمین ماندوو و شەکەت خەوی لێکەوت. رۆژی دواتر، پێش نوێژ [ی بەیانی] لەخەو هەستا و هاتەوە بیری لەکوێیە. لێپرسینەوە، دادئەستێن و لەویش گرنگتر، دادوەر کە پێی گوت تۆ تاوانی ئەوەت دراوەتە پاڵ کە بەشدار بووی لە کوژرانی چوار کەس و حوکمی ئەو تاوانە زیندانی هەمیشەییە. هەستی کرد کە بۆ یەکەم جار واتای زیندانی هەمیشەیی تێدەگات. ئەمین، کەسێکی تەواو ئیماندارە بەڵام نە وەك راحیل ویشکە کە نەتوانێ سەرەڕای هەموو ئەو فەرمانانەی پێی دراوە رێگای خۆدەربازکردن بدۆزێتەوە و نە وەك "دارابی" ش، کە بەرژەوەندیی دارایی و دەرەتانی ئیش و کار وەها ئامێتەی ئیمانی بووبێت کە بچووکترین گۆڕانکاریی لە بڕواکانیدا، ببێتە هۆی ئەوەی هەموو شت و یەك لەوان ژیانی پڕئاسوودەیی لەناو ببات. ئەمین لەباری ماڵییەوە هیچی نەبوو لەدەستی بچێت. نە ماڵ و حاڵی هەبوو، نە ئیش. بێ ئیش بوو و بەیارمەتی دائیرەی کۆمەڵایەتی ئاڵمانیا دەژیا ئەگەریش نەگیرایە، دەبوو خاو و خێزانەکەی بەجێ بهێشتایە و بگەڕێتەوە لوبنان.

ئەمین، کەسێکی بەهەست و پڕجووڵە بوو. لە سەردەمی مێرمنداڵیدا جارێك بۆ راگواستنی تەقەمەنی هاتبوە ئاڵمانیا. ئەم تاوانەی لە دادگا لەسەر ئیسبات نەکرا، گەرچی دادگاش بەشوێنیەوە نەبوو. چەندەها ساڵ لە کون و کاژێڕی لوبنان، شەڕی کردبوو. خرابوە زیندانەوە و ئازاد کرابوو. لە ئێران دەورەی غەوواسی سوپایی بینیبوو، گەڕابووەوە لوبنان و لە ریزی حیزبوڵادا جەنگیبوو. لەکۆتاییشدا لە لوبنان هەڵاتبوو و بۆ رزگاریی ئیسلام و سزادانی "موحاریبین" ی خوا هاتبوە وڵاتی کوفر واتە ئاڵمان. لە ئاڵمانیا جارێك و لە سویسرا دوو جار داوای پەنابەری کردبوو. داواکارییەکانی درابوونە دواوە و نێررابووەوە بۆ لوبنان. لەوێ ژنی هێنابوو و گەڕابووەوە ئاڵمانیا. لە بازاری کۆنەفرۆشی چەنەی زۆری لەگەڵ خەڵك لێدابوو. ترومبیلی کڕیبوو و فرۆشتبوویەوە. ئیشی رەشی کردبوو. لە ماوەیەکی کورتدا زۆر شاری ئاڵمانی بینیبوو و لە هەر شارێکدا "برادەر" ێکی دۆزیبووەوە بۆ ئەوەی رێگای بۆ بدۆزێتەوە و تەنانەت قەرزێکی بداتێ تا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەفەری دوایی. دەستی دڵئاوایی برادەرانی حیزبوڵاش بۆ شتی وا ئاواڵە بوو. پێرستی ناسیاوانی عەرەب و ئێرانی و تورکی ئەمین لە ئەوروپا، لیستەیەکی دوور و درێژە.

ئەمین شاد و قسەخۆش، بەتاقەت و زمان پاراو بوو و ئێستاش کەوتبوە زیندانەوە و لەجیاتی هەموو ئەو شتانەی وا دەیتوانی ببیێت، دەبوایە لە زیندانا بمێنێتەوە. بەڵام تاکەی؟ گەرچی "ئێران لە پشتمان وەستاوە"، بەڵام ئەم گەمەیە لەسەر هەموو دادێی ژیانی دەکرا. هێشتا هەزار کاری نەکراوی لەپێش بوو و هێشتا ئیسلام... هێشتا دوژمنانی ئیسلام.. و لە هەموان گرنگتر، هاوسەرەکەی دووگیان بوو و منداڵەکەیان لەماوەی کەمتر لە دوو مانگدا لە دیسامبر، دێتە جیهان. دەبێ زارۆکەکەی لەپشت محەججەری زیندانەوە ببینێت ئەم بیرکردنەوە تێکەڵ و پێکەڵانە هەموو هێرشیان هێنابوە سەری. بەزەحمەت نوێژی کرد و سەر لەنوێ چوە فیکرەوە. نەیزانی کێ نانی بەیانی هێنا و کێ خواردی. پاسەوانی زیندان، نامەیەکی بۆ هێنا و گوتی ئەو حوکمی دەست بەسەرکرانتە. پسوولەکەی ئیمزابکە.

دەفتەری پەیڕەوەکانی زیندان بەدیوارەوە بوو و پشت لاپەرەکانی سپی بوون. ئەمین لەماوەی ئەو رۆژ و شەوەدا بیرکردنەوەکانی خۆی یادداشت کرد. واهەیە زوربەیان بە رەمز، بۆ ئەوەی ئەگەر هات و دەفتەرەکەی گەیشتە دەست برادەرەکانی، لەو تێ بگەن و لە هەموان گرنگتر، بزانن ئەو چی نەدرکاندوە. هەموو ئە و رۆژ و شەوە بیری کردەوە. هەندێ جار دەینووسی و هەندێ جار موناجاتی دەکرد. هاوسەرەکەی دەدیت و کوڕەکەی کە هاتبوە جیهان. خۆی وەك عەرەبێك دەدیتەوە کە کەوتۆتە ناو کێشەیەکی پێوەندیدار بە ئێرانیانەوە و رەگی کێشەکە لەنێوان ناخۆشی ئەو دوو لایەنە دایە. واهەیە بەهەڵکەوت بووبێت کە چەند رۆژ دوای ئەوەی ئەمین بەخواستی خۆی لە بەرلینەوە راگوێزرایە زیندانێك لە شاری کۆڵن. هەمان سلول [ژووری تاکەکەسی] یان دایە دارابی. واهەیە لەبەر هەمان بووبێت کە لاپەرە ٢٢ ی

دەفتەری پەیڕەوەکانی زیندانی موابیت[٦٩] ی بەرلین، ژووری ٤٠٤ ب کە بابەتی گرنگتری لەسەر نووسرابوو، هەڵکەندرابوو و لەناو برابوو. لەو یادداشتانەدا، ئەمین نووسیبووی:[٧٠]

"یاساکانی زیندانی موابیت ـ بەرلین

<u>لاپەرەی ناوەوەی دەفتەری پەیڕەوەکان</u> (یەکەم لاپەرەی دوای رووبەرگ، لای سەروو و دەستەچەپ):

ئۆف تۆ راغیب. من یۆسف ئەمینم (کووژاوەتەوە، ناخوێنرێتەوە، وەرگێری عەرەبی.) واهەیە من بچمە کۆڵن.

<u>پشت لاپەرە ١٤</u>

شەڕی عەرەب و ئێران رەگی لە مێژوو دایە.

ئێمە دەتوانین، و لێرە دەتوانرێت، باسی هەنگاوی جینایەتکارانە و وردی رژێم بکرێت تا ئایین لە عیراق لەناو ببات، بەو ئامانجەوە کە هەر دەنگێك و بزووتنەوەیەکی ئایینی کە خواستی بەعس بەڕێوە نەبات لەناوی بەرێت.

ژمارەیەکی کەمیان (مەبەست مەلاکانە. وەرگێری عەرەبی) هێشتا ماون و بەناوی ئایین (قسە دەکەن. زیادکراوی وەرگێڕ [ی عەرەبی]) چوونە لای رژێم و بوونەتە کەرەسەی گوێ لەمستی رژێم. سەددام لە کتێبەکەیدا گوتوویەتی: "دیموکراسی سەرچاوەیەکی هێزی تاکەکەس و کۆمەڵگایە." بەگوێرەی ئەم قسەیە دایك و باوك مافی ئەوەیان نییە کە خێزان (وشەی ماڵ ـ یادداشتی وەرگێڕ [عەرەبی]) حاکم بێت و بەم شێوەیە دەبێ ئیجازە بە بچووکترەکان بدەین لە ماڵێدا [خۆبنوێنن و] بدرەوشێنەوە، لەبەر ئەوەی هەندی دایك و باوك لەبەر هۆکارێکی زۆر لەدەست ئێمە هەڵاتوون.

<u>پشت لاپەرە ٢١</u>

---

[69] Moabit

[٧٠]. وەرگێڕاوی ئەو دەقە ئاڵمانییەی وا دراوەتە دادگا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشتر دەبێ ئەو پرسیارە دابمەزرێنن کە ئەگەر بەگوێرەی بۆچوونی هەندێك لە هەڤالآن، چەمکی ئایینی و هەڵس و کەوتی ئایینی وەك جێگری حیزبی بەعس و وەك کەرەسەیەك بۆ چارەسەرەی پرسیارە سەرەکییەکانی ژیان دەگیرێتە بەرچاو، ئەوا ئەوان بۆچی حیزبی بەعسیان هەڵبژارد؟

وەرگێڕاوی دەقی ئاڵمانی کە پێشکەش بە دادگا کراوە.

(وەرگێڕ [ی عەرەبی]: گێڕانەوە لە قورئان):

"و ئەگەر دوو تاقمی موسوڵمان لەگەڵ یەکتردا بجەنگن، کەوابوو تۆ هەوڵی ئاشتی لەنێوانیاندا بدە و ئەگەر یەکیان هێرشی کردوە سەر ئەوی تر، کەوابوو شەڕی ئەوەیان بکە کە هێرشی کردوە تا ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا".

٥. یادداشتی لاپەرە ٢٢ ی دەفتەری یاسا، دڕاوە!

٦. پشت لاپەرە ٢٣ یوسف ئەمین لە باشووری لوبنان ـ گوایە ١٩٩٢/١٠/٧.

یادداشت: هەندێ شوێنی دەقەکە کووژاوەتەوە (واهەیە: "لە زیندانی موابیت" بێت. وەرگێڕ [ی عەرەبی]: لە ژێریدا رازاندنەوە و دائیرە و خاچی جیاجیا. ئینجا لەژێر ئەواندا: بۆچوونی ئیسلام لەمەڕ ئاشتیی ئیجباری.

٧. لەسەر لاپەرە ٢٥:

سەرنج: هەمان ئەو نەقش و رازاندنەوانەی پشت لاپەرە ٢٣.

٨. پشت لاپەرە ٢٥:

ئەلف و بێی عەرەبی (لە ئەلف هەتا ی نووسراوە و لەژێریدا: بە زاراوە و شێوەی حونجەکردنی نووسەر ـ وەرگێڕ [ی عەرەبی])، لێم ببوورە، من لەسەرخۆم".

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(لەژێریدا تا رادەیەك كە ئیتر شیاوی خوێندنەوە نەبێت، هێڵی بەسەردا كێشراوە و بە ئەستەم لەشێوەی خوارەوەدا دەخوێنرێتەوە: ـ یادداشتی وەرگێڕ [ی عەرەبی]):

"هاوسەرم زێنەب، لێم ببوورە. من هێدی (تۆبەكار ـ وەرگێڕ [ی عەرەبی]) م.

٩. پشت لاپەرە ٢٩

دریایی، دریایی (هەر دوو وشەكە دەكرێ وەك "دارابی دارابی" بخوێنرێنەوە ـ یادداشتی وەرگێڕ [ی عەرەبی]).

بێ قسە!

(دوو وشەی لای دارابی دارابی لە خوێندنەوە نایەن (وەرگێڕ [ی عەرەبی]).

بێدەنگی بێدەنگی

١٠. پشت لاپەرە ٣٠

دریایی دریایی (دەكرێ وەكو دارابی بخوێنرێتەوە).

١١. پشت لاپەرە ٤٠

راغیب دریایی

یوسف دریایی (هەردوو "دریایی" یەكە بەم شێوەیە نووسراون ـ وەرگێڕ).

لەژێریدا پێنج وشەی نادیار نووسراون بەڵام شێوەی نووسینیان وەك یەكە ـ وەرگێڕ [ی عەرەبی](

١. واتای ئەڤین
٢. م ف ؟ ا ن ل ... ؟
٣. ك ف ع ن ی
٤. م ح یا ع ؟ ف ع ی ن
٥. ن ف ی"

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاره بەبێدەنگی نەیدەتوانی منداڵەکەی ببینێ. جا بیری لەوە کردەوە کە دەبێ بێدەنگیەکەی بشکێنێت.

تا ئەم کاتە ئەمین بە رادەیەکی باش دەیزانی چ شتگەلێك دەرکەوتوون. دەیزانی پۆلیس دەزانێت کە لەبەر دەرگای رەستورانەکە وەستابوو و شوێنی دەستی راحیل بەسەر چەکەکەوە هەیە و لە عەینی کاتدا حەیدەر و محەمەد و شەریف و لە هەموان گرنگتر، دارابی و ئەوانی تر لە ئاڵمانیا دەرکەوتوون. هەموویان رۆیشتوون و تەنیا ئەو و راحیل لە زینداندا ماونەتەوە. واهەیە بەدەستەقەسد ئەوانیان کردبێتە قوربانی؟ بە قسەکردنی ئەویش کەس ناکەوێتە مەترسییەوە. لەوەش زیاتر، بۆ مەرگ چی کردوە؟ ئەمین بووچوونێکی ساکاری لەمەڕ سیستەمی دادپەروەریی و جەریمە و حوکمدران لە ئاڵمانیا هەبوو. ئەمین وای بیر دەکردەوە: کەسم نەکوشتوە، کەسم وەبەر گوللە نەداوە، تەنیا لەبەر دەرگا وەستابووم، کەوابوو بێ تاوانم. ئەوەندە بەسە دەری بخەم و بیسەلمێنم کە لەبەر دەرگا وەستابووم و نەچوومە ناو رەستورانەکە و گوللەشم نەهاویشتوە، ئینجا ئەوان ئازادم بکەن. خۆ ئەگەریش حوکم بدرێم، جەریمەکەم ئەوەندە گرنگ نییە کە زۆر لە زینداندا بمێنمەوە. "زوویەك" ئازاد دەکرێم و کاتێ کوڕەکەم بێتە جیهان، لەوێ دەبم.

بەڵام هێشتا خاڵێك مابوو، کە هێمنایەتیەکەی دەشڵەژاند: ئەگەر حیزبوڵای کۆماری ئیسلامی یا منداڵەکان تێبگەن کە قسەم کردوە چ بەڵایەك بەسەر خۆم و کەس و کار و منداڵەکەم دێنن؟ ئەوان کەمتر لەوەناکەن کە من لەگەڵ خەڵکم کرد. بەڵام ئەو ئەهلی سات و سەودایە. ماوەیەکی زۆر لە بازاڕی کۆنەفرۆشەکانی بەرلین ئیشی کردوە و لای وایە لەگەڵ پۆلیسیشدا دەتوانێ سەودا بکات و پێك بێت. لە ئەنجامدا بڕیاری دا قسە بکات.

پێش نیوەرۆی رۆژی حەوتەم، ئەمین بانگی پاسەوانەکەی کرد و پێی گوت دەیەوێت لەگەڵ پۆلیسدا قسە بکات. سەرئەنجام، سەعات ١٤.٠٠ چوە بەردەمی بازجو و وەرگێڕ. ئەو رۆژە ئیتر پێویستی بە پارێزەر نەبوو. قسەکانی لە رۆژی حەوتەم [ی ئۆکتۆبر] سەعات ٢ ی پاش نیوەرۆ دەستی پێکرد:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو رۆژە، هەموو ئەو فێڵ و کەڵەکانەی وا لە ژیانیدا فێریان ببوو وەکاری خستن، راست بەو شێوازەی وا فێری بووبوو.

ئەمین راستیەکەی درکاند بەڵام بەشێك لە راستی گوت. راستەقینەی شاردەوە و درۆی گوت. هەموو جارێك کە درۆی دەکرد، شوێنی بەجێ دەهێشت و قسەی وای دەکرد کە ئەگەر شتێك کەوتە دەرەوە بتوانێ بڵێت خۆ من ئەوەم گوتبوو، زیاد لەوەش، هەرچی گوتی بۆ سەودا کردن گوتی. بەڵام هیچکام لەو وردەشتانە گرنگ نەبوون. لەو کاتەوە کە بریاری دا قسە بکات، تاقە مەسەلەی گرنگ ئەوە بوو کە حیزبوڵا و حکومەتی ئێران، هەروەها دارابی و شەریف لەو قسانەی وا دەیکردن ئاگادار نەبنەوە.

> "دوێشەو هیچ نەخەوتم. هاوسەرەکەم لە مانگی دیسامبردا منداڵی دەبێت و دەترسم هاوسەر و منداڵەکەم بۆ ماوەیەکی زۆر نەتوانم ببینم. هەر بۆیەش دەمەوێت سەبارەت بە میکۆنۆس راستەقینە بڵێم بۆ ئەوەی "بەم زوانە ئازاد بکرێم".

دەست بەجێ ئەوەشی لێ زیاد کرد:

"ئەگەر ئەو قسەیەی کە ئەمرۆ دەیلێم، بگاتە دەرەوە، ئەندامانی بنەماڵەکەم مەحکووم بە ئیعدام کراون".

ئەمین باش دەیزانی ئەم کارە چ ئاکامێکی لەدوایە واهەیە زۆر جاران لەگەڵ "برادەر" ەکانیدا لەم بارەیەوە قسەی کردبێت و هەر بۆیەش نەیدەویست دەقی قسەکانی بنووسرێتەوە. دەیەویست وەکو زانیاریی بیانخاتە بەردەستی پۆلیس. هەر بۆیەش دەقی ئیعترافاتی رۆژی یەکەم بەدەستەوە نییە و تەنیا راپۆرتی کورتکراوەی پۆلیس لەسەر ئەم قسانە بەدەستەوەیە.

لەو دەمەدا، ئیعتیرافەکانی بۆ پۆلیس ئەوەندە گرنگ بوون، کە خۆی بە ئامادە کردنی دەقی تەواوی قسەکانییەوە ماندوو نەکرد. ئەمین گوتی: "لە راینەش یەك لە ئەندامانی تیمەکە هەڕەشەی لێکردبوو کە نەکا قسە بکات." بەڵام سەرەڕای ئەو هەڕەشەیە، ویستی قسە بکات و قسەشی کرد. ئەو بە کردەوە، بەشی زۆری رووداوەکەی گێرایەوە. ئەمین لای کەم ئەزموونی چەندین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشکنین و لێکۆڵینەوە یەکی هەبوو و وای گومان کردبوو کە پۆلیس لە رووداوەکانی پێش ١٢ ی سپتامبر هیچ نازانێت. جا بۆیە بوو کە لە سەرەتای رووداوەکانەوە دەستی پێ نەکرد. شەرحی رووداوەکانی لە هەمان رۆژەوە گێرایەوە .

ئەودەم، وردەکارییەکانی رووداوی ١٧ ی سپتامبر و ماوەیەکی کەمی پێش ئەو، ئەوەندە گرنگایەتی هەبووکە ئاوڕی لە کارەکانی پێشتر نەدایەوە.

ئەمین لە رۆژی گەڕانەوەی بۆ بەرلینەوە دەستی پێکرد. باسی راحیل، حەیدەر، محەمەد و شەریف و لێخوڕی میرسیدیس بێنـزەکە، ماڵی نهێنی، کڕینی ترومبیل، هێنانی چەك و مەوعیدی وێستگەی میترۆی شەقامی فرێدریشی کرد. ناوی هەندێ خەڵکی هێنا و شەرحی هەندێ رووداوی کرد. لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا خۆی وەکو بینەرێك دادەنا کە لە دەرەوەی شانۆ وەستاوە و ئاگاداری سەرەتا و کۆتایی رووداوەکە نییە، وەکو کەسێك کە لە هەموو شانۆیەکدا ئامادەیە بەڵام دەورێکی لەئەستۆ نییە و بوونی ئەو هیچ شوێنێك لەسەر رووداوەکان دانانێت.

ئەمین لە ماوەی هەموو بازجوییەکان و لە دادگاشدا ئەو دەورەی بۆخۆی پاراست. ئەو دەورەی وا ئەو بۆخۆی هەڵبژاردبوو، تەنیا بەشێك بوو لە راستی. دەوری بینەرێکی هەمیشە ئامادەی هەموو شانۆکان و بێ هەواڵ لە هەموو شتێك، کەسێك کە تەنیا "لەبەر دەرگا" راوەستابوو.

تەنانەت کاتێ کە بەهۆی هەڕەشەلێکرانی خۆی و بنەماڵەکەیەوە حیکایەتی دیکەی دروست کرد و خەڵکانی دیکەی هێنانە سەر شانۆ، دەوری نەگۆڕی خۆی پاراست. تەنانەت کاتێك لە بەرانبەر دادگادا بەرپەرچی هەموو قسەکانی پێشووی خۆی دایەوە، ئەم دەوری "لەبەر دەرگا" وەستان و بینەری بێ تەئسیرەی هەر نەگۆڕی. لەو شتانەی وا پۆلیس دەیزانین، ئەمین باشترین شتی بۆخۆی هەڵبژارد. زانیارییەکانی گەلێك لەوە زیاتر بوون کە رایگەیاندن. پێش ١٢ ی سپتامبر ئاگاداری بەرنامەکە بوو، لە یەکەم تەمرینی شەقامی فریدریشدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشداری کردبوو، زۆرێکیش لەو ئێرانییانەی دەناسی کە کارەکەیان لەدەستدا بوو، بەڵام لەو هەمووە هیچی هەر نەگوت.

دەوری ئەمین لەماوەی بازجوییەکاندا دەوری کۆمێدیەنێك بوو کە لە شانۆیەکی تراجیکدا بەشداری دەکرد. بێ بەزەییەکی میهرەبان، بکوژێك کە چۆکی داداوە و داوای یارمەتی دەکات. زیرەکێك کە دەیەوێت کڵاو بکاتە سەر هەموان. موسوڵمانێکی زیادەڕۆ کە باسی مافی مرۆڤ دێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی درۆکانی دەرخواردی خەڵك بدات. خۆی بچووك و بێ نرخ و هیچ نەزان و وەك بینەرێکی نەزان نیشان دەدا بۆ ئەوەی بێ تاوانی خۆی بسەلمێنێت و لە کونێکەوە بۆی دەرچێت. لە عەینی کاتدا وەك کاسبکارێکی لێزان باسی گرنگایەتی جنسەکەی ـ واتە زانیارییەکانی خۆی دەکرد بۆ ئەوەی لە سەوداکردندا قسەی لەپێش بێت و لە سەوداکەدا سوودی زیاتری دەست بکەوێت، یان هەل و مەرجی لەبارتر بۆ ئازادییەکەی بخوڵقێنێت. بەم کارەی، خۆی زۆرزانتر دەخستە بەرچاو و دەوری خۆی وەکو بینەری نەفام تێك دەدا. لە لێپرسینەوەکاندا، ئەمین هەموو خولەکێك دەوری زاڵم و زۆرلێکراوی دەبینی و دەیگۆڕی و هەوڵی دەدا لەسەر هەموو شتێك سات و سەودا بکات، لەگەڵ هەموو کەس چەنە لێ بدات، لەگەڵ دەرگاوانی عەدلیە، لەگەڵ پۆلیس، لەگەڵ لێکۆڵەر، پارێزەر، قازی لێکۆڵەر و دادئەستێن، لەگەڵ هەمواندا گاڵتە بکات و گاڵتە بە هەموان بکات، لە عەینی کاتدا یارمەتی لە هەموان بخوازێت.

لە بازجوییەکاندا، ئەمین باسی هیچکام لەو کەسانەی نەکرد کە وا هەبوو لە ئاڵمانیا بن و مەترسییەکیان بۆ پێك بێت. ئەم کارە، جگە لەوەی "برادەران" ی دەخستە مەترسییەوە، تاوانی خۆیشی قورستر دەکرد. ئەمین تەنیا باسی حەیدەر و شەریف و محەمەد و لێخوڕی بێنز و راحیلی کرد. سەبارەت بە دارابی هەر ئەوەی گوت کە: "لە ١٢ ی سپتامبردا کاتێ راحیل تەلەفۆنی کرد بۆ ئەوەی بچم بۆ بەرلین، شوێنی چاوپێکەوتن لەگەڵ عەمەش [راحیل]، ماڵی کازم دارابی بوو لە بەرلین لە نزیك گۆڕەپانی پوند، ژمارە ٦٤... واهەیە ئەو ماڵە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەناوی هاوسەرە عەرەبەکەی داراییەوە بەکرێ گیرابێت." ئەمین تەنانەت خۆی لەوەش دزییەوە کە ناوی شەقامی ماڵەکە رابگەیەنێت.
بەبۆچوونی خۆی، ئەمین باسی هیچ شتێکی نەکرد کە پۆلیس نەیدەزانی بەڵام هەر ئەو "هیچ" ە بوو بە بنەمایەکی قایم بۆ لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و داواکاری گشتی و روون بوونەوەی زۆر "شت."
رۆژی ٧ ی ئۆکتۆبر کە ناوی حەیدەر لە بازجوییەکاندا هاتە گۆڕێ، پۆلیس چوە ماڵی حەیدەر لە ئەزنابروك. پەنجەرەکان ئاواڵە بوون و جل و بەرگەکان هێشتا ویشك نەبووبوونەوە. لە ماڵەکەدا، دوو پاسپۆرتی ئیتالیایی، پاسپۆرتێك و مۆڵەتێکی لێخوڕینی لیبیایی بەناو و تایبەتمەندیی جیاوازەوە، پاسپۆرتێکیش بەناوی حەیدەر دۆزرایەوە.
رۆژی ٨ ی ئۆکتۆبر، یەك لە رێکخراوە زانیارییەکانی بریتانیا کە لە کاتی دابڕانی دوو ئاڵمانیادا لە بەرلین دامەزرابوو، ئاگاداری پۆلیسی جینایی ئاڵمانیای کردەوە کە هەندێ زانیاری هەن و بەپێویستی دەزانێ پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا لێیان ئاگادار بێتەوە.[٧١] هەمان رۆژ کۆمیسەری پایەبەرزی پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا ـ بینز[٧٢] هاوڕێ لەگەڵ دوو کەسدا چوە چاوپێکەوتنی دوو کاربەدەستی رێکخراوەکە. هەندێ زانیارییان سەبارەت بەو دوو کەسەی وا ئەمین باسی لێوە کردبون دایە کۆمیسەر بینز. ئەنجامی چاوپێکەوتنەکە بەشێوەی فەرمی بەم جۆرە بە پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا راپۆرت کرا:

> "بابەت: وت و وێژ لەگەڵ بەرپرسانی ب. س. س. ئۆ لە ناوەندی پۆلیسی بەرلین. لە رۆژی ١٩٩٢/٩/٧ دا ئەو کەسەی وا راپۆرتەکەی ئیمزا کردوە، وت و وێژێکی لەگەڵ دوو بەرپرسی ب. س. س. ئۆ کرد. کاربەدەستە ئینگلیزییەکان هەواڵیان دا کە:

---

[٧١]. ئەم رێکخراوەیە، یەکەم جار لە دادگادا بە ناوی رێکخراوی خزمەتگوزارییە زانیارییەکانی بریتانیا بی.ئێس.ئێس.ئۆ. ناسێنرا بەڵام پاشان کۆمیساری پۆلیس کە لە وتوویژ لەگەڵ مەئموورەکاندا بەشدار بوو،ڕایگەیاند ئەو ناوە هەڵەیە. کۆمیساری پۆلیس گوتی مەئمووری ئەم رێکخراوەیە ناوەکەیان ڕانەگەیاند.

[72] BINZ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن عەلی شەحرور و کازم دارابی لە بەرپرسانی ڕێبەرایەتی حیزبولا لە بەرلینن (ئەم قسانە لەگەڵ زانیارییەکانی دائیرەی **٣٣** یەك دەگرنەوە).

حەسەن عەلی شەحرور

- شەحرور بەقسەی سەرچاوەیەکی موتڵەقەن باوەڕپێکراو، لەگەڵ یوسف ئەمیندا پێوەندی هەبوە.

- لەرێگەی حەسەن عەلی عەنان لەدایکبووی ١٩٦١، دانیشتووی شەقامی نۆلندورفەوە پێوەندی بوە لەگەڵ "عیزەدین" هاوکاری حەمادییەکان لە ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکەی TWA لە ساڵی ١٩٨٥ دا.

- بەشداری کۆکردنەوەی پارە بۆ حیزبولای کردوە و لەرێگەی حیسابێکەوە لە بەرلینـز بانك،[٧٣] پارەکان دەنێرێتەوە بۆ لوبنان.

کازم دارابی

- بەگوێرەی زانیاریی موتڵەقەن باوەڕپێکراو، دارابی مەئمووری ڕێکخراوەی ئیتیلاعاتی ئێرانە. ئەفسەری فەرماندەی نیشتەجێی بالوێزخانەی ئێران لە شاری بۆنە.

- بەگوێرەی زانیاری باوەڕپێکراو، دارابی دەست و پێوەندێکی لە نزیك راینە هەیە و ئەو کەسەش یوسف ئەلوش دانیشتووی شەقامی ویندهۆرست[٧٤]، ژمارە ... یە.

زانیاریی زیاتر لەمەڕ ئەو کەسانە درایە دائیرەی **٣٣**.

ئیمزا: کومیسەری پایەبەرزی پۆلیس ، بینـز[٧٥]

[73] Berliner Bank
[74] Windhorst

[٧٥]. بەشێکی کەم لەو زانیارییانەی وا ڕاگەیێنراون، لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژی ٧ ی ئۆکتۆبر ئەمین بێ ئەوەی بزانێت کە دارابی گەڕاوەتەوە بەرلین، باسی ماڵی دارابی لە شەقامی دتلمدری کرد و وەکو ماڵی نهێنی ناوی برد. بەڵام پۆلیس هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵنەهێنایەوە.
رۆژی ٨ ی ئۆکتۆبر کاربەدەستانی بریتانیایی زانیارییەکی بەوردەڕیشاڵیان دایە پۆلیسی ئاڵمانیا، کە لە راپۆرتەکەدا نەهاتووە. کاربەدەستانی ئاڵمانیا، کە لە رۆژی ٧ ی ئۆکتۆبردا خۆیان لەوە گرتبوو دارابی دەست بەسەر بکەن، سەعات ٢٠.٠٠ ی رۆژی ٨ ی ئۆکتۆبر لە ماڵی خۆیدا گرتیان. دارابی بڕیار وابوو لە ئاڵمانیا بچێتە دەرەوە و بلیتەکەی بۆ رۆژی ١٠ ی ئۆکتۆبر بڕیبوو، نەك ٧ یان ٨ ی ئۆکتۆبر. هیچ نیشانەیەکیش بەدەستەوە نییە کە ئەم درەنگ کەوتنە [لە گرتنی دارابیدا] هۆی چی بوە. گەلۆ مەئمورانی کۆمیسیۆنی تایبەتی میکۆنۆس ئەوەندە سەرقاڵ بوون کە کاتی راگەیشتن بەم ئەرکەیان نەبوو یاخود "مەقاماتی ئاڵمانی" نەیاندەویست دارابی بگرن و لێبگەڕێن لە ئاڵمانیا بڕواتە دەرەوە، وەك چۆن غولامی و یەکی دیکە لە مەئمورانی باڵوێزخانەی ئێران، بێ هەست و خوست و "پێش کات" ئاڵمانیایان بەجێ هێشت. ئەگەر دارابی لە کاتی خۆیدا لە ئاڵمان بچوایەتە دەرەوە، ئیتر پۆلیس نەیدەتوانی بیگرێت و بەم شێوەیە بەربلاوە لە کێشەکەوە وەرنەدەدرا.
کازم دارابی لە دەوروبەری سەعات ٢٠.٠٠ ی رۆژی ٩٢/١٠/٨ لە ماڵی خۆیدا گیرا. لە جانتا دەستیەکەیدا ٣٠ هەزار مارك پارەی نەغد دۆزرایەوە کە هەمان رۆژ لە بانکی وەرگرتبوو. هەروەها بلیتی فرۆکە بۆ ئێران لە رۆژی ١٠٩٢/١٠ دا. دوای گیرانی دارابی، ئیتر گومانی کاربەدەستان و پۆلیسی ئاڵمانیا لەمەڕ بەشداربوونی حکوومەتی ئێران لە تیرۆری میکۆنۆسدا پەرەی سەند و رووداوەکانی دادێش هەر پەسندی ئەوەیان کرد.
رۆژی ١٩٩٢/١٠/٨ ئەمین دوابەدوای ئیعتیرافەکانی رۆژی پێشتری خۆی، ئەو رێبازانەی بۆ پۆلیس دەستنیشان کرد کە چەند رۆژ پێشتر پێیاندا تێپەڕیبوو، هەروەها رووداوەکانی گێڕایەوە. دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ لەسەر بنەمای قسەکانی ئەمین ئەو ترومبیلە دۆزرایەوە کە پێی هەڵاتبوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسەکانی ئەمین لە رۆژی ٧ و ٨ ی ئۆکتۆبردا، بەشێك لە راستەقینەی رووداوی میکۆنۆسی روون کردەوە. لەوانە، شوێنی دوو ماڵی نهێنی، چۆنیەتی کڕینی ترومبیل بۆ هەڵاتن و شوێنی راگرتنی ترومبیلەکە، پارەدان و هەروەها چۆنیەتی عەمەلیاتەکە لە رەستوران.

تا ٨ ی ئۆکتۆبر ئەم کەسانە لە درێژەی لێکۆڵینەوەکانی کۆمیسیۆنی تایبەت بە میکۆنۆسدا تۆمەتبار کران یاخود گیران:

| | | |
|---|---|---|
| ١. حسام حەسەن | شەحرور | دانیشتووی بەرلین |
| ٢. محەمەد حسین | عەتریس | دانیشتووی بەرلین |
| ٣. عەباس حسین | راحیل | شوێنی سابیتی مانەوەی نییە |
| ٤. یوسف | ئەمین | دانیشتووی بەرلین |
| ٥. کازم | دارابی | دانیشتووی بەرلین |
| ٦. فەزلوڵا | حەیدەر | دانیشتووی ئەزنابروك |
| ٧. شەریف (ئێرانی) | | دانیشتووی ئێران |
| ٨. محەمەد (ئێرانی) | | دانیشتووی ئێران |
| ٩. عەلی حەسەن | شەهشو | دانیشتووی بەرلین |
| ١٠. شەوقی | عەتریس | دانیشتووی بەرلین |
| ١١. ئەحمەد مەحموود ئەمین | | دانیشتووی راینە |
| ١٢. مەحموود عەلی | علیان | دانیشتووی بەرلین |

لە کۆتاییەکانی مانگی جوولای ١٩٩٢، لە یەکێك لە رەستورانە زنجیرەییەکانی حەبیبی لە بەرلین، چەند ناسیاوێکی کۆن لە شەڕکەرانی لوبنان چاویان بە یەکتر کەوت: یوسف ئەمین، عیماد عەمەش [حسین عەباس راحیل]، محەمەد جەرادە، عەتائوڵا عەیاد و...

هەندێکیان لە شارەکانی دیکەی ئاڵمانیاوە هاتبوون و هەندێکی تریان دانیشتووی بەرلین بوون. لە وتووێژێکی خسووسی لەنێوان دوو شەڕکەری کۆنی "ئەمەل" دا، عەیاد ئاگاداری "جەرادە" ی کردەوە کە دەیەوێت لە ئاڵمانیا بڕوات، لەبەر ئەوەی تا ماوەیەکی تر تەنگ و چەڵەمەیەکی لەگەڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند کوردێك دەبێت. جەرادە گوتی ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ دەتوانی بچیە شارێکی دیکەی ئاڵمانیا. عەیاد گوتی بەڵام ئەمجار "کێشەکە زۆر گەورە" یە.

رۆژی ٢٥ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ عەیاد تەلەفۆنی بۆ جەرادە کرد. هەر جەرادە وت و ویژەکەی بە پۆلیس راگەیاند:

"عەیاد داوای دوو هەزار مارکی لێکردم بۆ کڕینی بلیتی فڕۆکە. من داواکارییەکەم دایە دواوە و تێم گەیاند کە ئایا لە تیرۆری میکۆنۆسدا بەشدار بوە یان نا. لە وەڵامدا گوتی لەوێ بوە و جگە لەخۆی، محەمەد عەتریس، راغیب و یوسف کە بە دەمانچەکەی گوللەکەی هاویشت، لەوێ بوون، هەروەها ئامۆزایەکی شەحرور ـ کە من لام وایە حسین بێت و تا ٦ مانگ پێشتر ئەندامی حیزبوڵای لوبنان بوو، لەوێ ئامادە بوو".

پۆلیس گەیشتە ئەو بۆچوونەی کە ئەو هۆیانە بۆ گرتنی عەیاد بەس بن.

لە سەرەتای مانگی نۆڤامبری ٩٢ دا عەیاد و جەرادە بەهۆی کێشەی خێزانیی برادەرێکی هەر دوو لایانەوە، لە رۆژئاوای ئاڵمانیا چاویان بە یەکتر کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا، "شەهادە" بەرپرسی ئەورووپای رۆژئاوای رێکخراوی ئەمەل و سەرۆکی بنکەی هاوپشتی لەگەڵ لوبنانیش ئامادە بوو. عەیاد بە بوونی هەر دوو کەسەکە لەوێ، گوتی پلانی سەرەتایی هێرش بردنە سەر "کوردان" من دام نا. عەتریس و ئەمین و راحیل و مەجدی شەحروریش لە عەمەلیاتەکەدا بەشدار بوون. بەڵام دارابی ـ سەرۆکی حیزبوڵا لە بەرلین کە پارە بە هەموان دەدات، منی نایە لاوە. وا ئێستا هەموو ئەوانە گیراون و منیش دەبێ لە ئاڵمانیا دەربچم.

جەرادە مەسەلەکەی بە پۆلیس راگەیاند. ئیتر پۆلیس بەرادەی پێویست هۆکاری بۆ گرتنی عەیاد هەبوو. لە ٩ ی دیسامبری ١٩٩٢ دا عەیاد لە بەرلین گیرا. لە کاتی پشکنیندا، حیزبوڵاهی بوونی راحیل و راهاتنەکانی خۆی لە ئێران، هەروەها سەرۆکایەتی دارابی و یارمەتییەکانی ئەو بە حیزبوڵاهییەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باس کرد و گوتی ئەم رووداوە، "سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئێران". بەڵام سەبارەت بە خۆی گوتی ئاگاداری کێشەکە نەبوە و قسەکانی جەرادەی بەدرۆ خستەوە. رۆژی ١٠ ی دیسامبری ١٩٩٢ لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بریاری دەست بەسەر مانەوەی درا:

..."لە قۆناغی پلان دارشتن و ئامادەکارییەکان بۆ ئەو تاوانە، تۆمەتبار عەیاد ـ کە خزمی دارابییە، ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری کردن لە تێرۆرەکەدا دەربڕی و وەك ئەندامێکی تیمەکە، مەوعیدی لەگەڵ دانا. ناوبراو واهەیە بەگوێرەی دەستووری تۆمەتبار دارابی، وردەکارییەکانی تاوانەکە و لەوانە، دابەشکردنی ئەرك و کار وەك کەسێك کە تەقە دەکات و هەروەها چاوەدێر و لێخوڕی ترومبیلی هەلاتنی دەستنیشان کرد. جا بەهۆی بوونی ئەو پلانە بۆ تێرۆر، دەبێ ناوبراو راستەوخۆ دەستی لە تاوانەکەدا بووبێت. بەپێچەوانەی بریاری پێشوو، تۆمەتبار لە دوایین خولەکەکاندا بەشداریی تاوانەکەی نەکرد لەبەر ئەوەی دارابی متمانەی پێ نەکرد و نایە لاوە".

عەیاد هیچکام لەو تۆمەتانەی نەگرتە بەر و لە روونکردنەوەکانی خۆیدا جەرادەی بە درۆزن ناو برد.

بە گیرانی عەیاد، پێنج کەس لە تۆمەتبارانی دادگای میکۆنۆس دەست بەسەر کران. لەوە بەدواوە ئەرکی داواکاری گشتی بوو کە لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی وا کەوتبوونە دەستی، ئیدیعانامە دەربکات و تۆمەتی سەر کەسەکان لە دادگادا بسەلمێنێت بۆ ئەوەی قازی (حاکم) ەکان بەڵگەنامەکان هەڵسەنگێنن و گوێ بدەنە هۆیەکانی هەر دوو لایەن و حوکم دەربکەن.

دوای کامیل بوونی فایلی عەیاد، تاقە پێنج کەسێك کە نێررانە دادگا لە زینداندا مانەوە و ئەوانی تر هەرکام بۆ ماوەی چەند رۆژێك دەست بەسەر مانەوە و پاشان ئازاد کران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات و تیرۆرەکە

دەست بەجێ دوای تیرۆرەکە، مەسەلەکە کەم و زۆر لە هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی و زوربەی دامەزراوە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئۆپۆزیسیۆندا ڕەنگدانەوەی هەبوو و هەر هەموویان بۆچوونی خۆیان ڕاگەیاند. زۆرێك لە حزبە سوسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکان کە بەشداریی کۆنگرەی نێونەتەوەیی سوسیالیستییان کردبوو، حزبی دەسەڵاتداری وڵاتەکەی خۆیان بوون و لە هەندێ وڵاتدا حکوومەتیان بەدەست بوو. ئەم حزبانە هەموویان تیرۆری میکۆنۆسیان مەحکوم کرد. ئەوەش شوێنی دانایە سەر ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی]. ئەوانیش چوونە ناو خەباتەکەوە و مەحکووم کردنی ڕژیمی ئێران ڕەنگدانەوەیەکی زۆری پەیدا کرد.

یەکەم خاڵی هاوبەش لە تەواوی ئەو بۆچوونانەدا ئەوە بوو تاوانی تیرۆرەکەیان دەدایە پاڵ حکوومەتی ئێران. سەرتاپای ئۆپۆزیسیۆنی ئێران سەرەڕای نێوان ناخۆشی و پرژ و بڵاویی و تێکگیرانە ناوخۆییەکان، یەك دەنگ دەوڵەتی ئێرانیان وەك بەرێوەبەری تیرۆرەکە ناساند. واهەیە لەناو هەموو تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتدا، تیرۆری میکۆنۆس تاقە تیرۆرێك بوو کە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەبێ ئەگەر و مەگەر دایانە پاڵ کۆماری ئیسلامی و تیرۆرەکەیان هاوڕێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مەحکوم کرد.

ئەم هاوهەنگاوی و یەکدەنگییەی ڕێکخراوە دژ بەیەکەکان، زۆرتر لە ئەنجامی ئەزموونێك بەرهەم هاتبوو کە هەموو بەش و لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن وەك تاکیش لەگەڵیدا ناسیاوی هەبوو. تا ئەو دەمە زۆر بەشی ئۆپۆزیسیۆن تیرۆری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامان و ڕێبەرانی خۆی بەدەست مەئموورانی ڕژیمی ئێران بەچاو دیتبوو. لە عەینی کاتدا کوژرانی قاسلمووشیان هەر لەبیر مابوو.
ئەم جارە کۆماری ئیسلامی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بەبێ واسیتەی لایەنگرانی[تیۆری] "توانەوە" و خاوەنی ئەو بۆچوونانەی کە ڕژیمیان بە لیبرال دەزانی و بەتەمای هەڵبژاردنی ئازاد بوون، ڕاستەقینەی خۆی خستە بەرچاو. ئەنجامی تەقەی گوللەکانی میکۆنۆس تەنیا کوژرانی چەند کەس نەبوو، بەڵکو ئاواتەکانی بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنیشی بۆ نزیك بوونەوە لە باڵێك لە باڵەکانی ڕژیم بەبادا دا. ئەوانە گەرچی لێرە و لەوێ بە سرتە و ئەسپایی، وەك لێکدانەوەیەکی گرنگ باسی دوو باڵی جیاواز لەناو دەوڵەتی ئێرانیان دەکرد، کە یەکیان لایەنگری تێرۆر و سەرکوت کردنە و ئەوی تریان لایەنگری سازان و وت و وێژ، و باڵە توندرەوەکە فێڵی لە باڵەکەی تر کردوە، گەرچی کەس نەیدەویست ئەم هەڵسەنگاندنە بە دەنگی بەرز ڕابگەیەنێت. پێویست بوو چەند ساڵێك تێپەڕبێت، ڕاستەقینەی بێ واسیتەی ئێستا ببوایەتە مێژوو و بیرەوەری بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆن سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە لە دادگادا کەوتنە بەرچاو، بتوانێت لە باڵی لیبراڵ کە ڕیفۆرمخواز و لایەنگری بەرێوەچوونی یاسای بنەرەتییە، پشتگیری بکات.
هێشتا چوار تەرم و بریندارێکی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هەر لە نەخۆشخانە مابوونەوە کە ڕاگەیێنرا بە یارمەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئاڵمان و کۆماری ئیسلامی، ولەلایەن ئەنستیتۆتی ڕۆژهەڵاتناسیی هامبورگەوە دانیشتنێك بۆ وت و وێژ سەبارەت بە مافی مرۆڤ و مافی مرۆڤی ئیسلامی لە هامبورگ پێکهاتوە.[٧٦] ئامانجی حکوومەت، وەزارەتی دەرەوە و ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی ئاڵمانیا پاوانخوازی بۆ پێوەندە زانیاری، ئابووری و سیاسییەکانی بوو لەگەڵ ئێران. ئامانجی حکوومەتی ئێرانیش ئەوە بوو بەهەندێ خۆنواندن،

[٧٦]. لە ٢٢ تا ٢٤ ی سێپتامبری ١٩٩٢ لە شاری هامبورگ. بڕوانە:
Bielefeldt, Heiner: Die Menschenrechte zwischen Universalisierungsanspruch…, Orient, 33 (1992). s. 366-374

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پایەی حکوومەتی خۆی پتەو بکات، روخساری خۆی لەپشت پەردەی مافی مرۆڤی ئیسلامی بشارێتەوە و دەستی خۆی لە ئەوروپا بۆ کارەکانی دواتری ئاواڵە بهێڵێتەوە. هێشتا چوار تەرم و بریندارێکی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە نەخۆشخانە بوون کە چەند کەسی ئێرانی ئۆپۆزیسیۆنی دیموکرات و لایەنگری مافی مرۆڤ دانیشتووی بەرلین کە "بەهەڵکەوت" یەکیان بۆ ماوەیەك ئەندامی دانیشتنی هەماهەنگی و لە دۆستانی کۆنی دیهکوردی بوو، لە کۆبوونەوەکەدا بەشدارییان کرد.

رژیم لە هەر گۆڕەپانێکدا یاری و خۆنواندنی کرد، لەناو ئۆپۆزیسیۆندا کەسانێکی دۆزییەوە کە ماستاوی بۆ بکەن و ئەوەی خۆی دەیەوێت، بەزمانی ئۆپۆزیسیۆن بیڵێت و بۆ ئۆپۆزیسیۆنی بڕازێنێتەوە. ئەوانەی وا بەرژەوەندیی خۆیان هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامی تیئۆریزە کردبوو، تەنانەت گوللەیەك کە لەبن گوێیاندا دۆست و برادەری شەخسی و سیاسییان دەکوژێت هیچیان لێ ناگۆڕێت. مرۆڤ و مافەکانی و لایەنگری کردنی ئەو مافانە بەڕواڵەت کاروبارێکی "موجەڕڕەد" ن کە تەنیا سوودێکی هەیانبێت ئەوەیە سات و سەودایان پێ بکرێت و بەکردەوە، کەرەسەیەکن بۆ پاوان کردنی دژی مرۆڤترین دەزگای سەرکوت کرد. [٧٧]

دووهەمین خاڵی هاوبەش لە روانگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، لە چەپەوە تا راست، ئەوە بوو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ یا ئاشکرا حکوومەتە رۆژئاواییەکان بەشەریکی تاوان ناو ببەن. ئەوە ئەنجامی خەیاڵات کردن و هەڵسەنگاندنی ئەو زیهن و بیرانە نەبوو، کە لە هەموو شوێنێك بەدوای پیلاندا دەگەڕێن و دەیدۆزنەوە، یا بەرهەمی پێشداوەری کردنی ئایدیۆلۆجیکی ئەم یا ئەو تاقمی

---

[٧٧] ئودۆ شتەینباخ بەرپرسی ئەنستیتوتی رۆژهەڵاتناسیی هامبورگ، کە لایەنی ئاڵمانیی وتووێژەکان بوو، لە رۆژی ٢٥ ی نوامبری ١٩٩٤ دا لە دادگا شایەدی دا و گوتی: "سەبارەت بە دانیشتنی مانگی سێپتامبری ٩٢، ئەو کەسانەی وا هاتبوون بریتی بوون لە مەلاکان، باڵوێزانی وڵاتانی جۆر بەرجۆر و باڵوێزی پێشووی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان. نەمدەویست پێیان بڵێم [تیرۆری میکۆنۆس] کردەوەی ئێوەیە؛ ئەگەر بمگوتایە هەمووی دەڕۆیشتن."

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوورەپەرێز و دوورکەوتوو لە راستەقینە نەبوو. ئەم داوەریی کردنە، ئەنجامی ئەزموونی راستەوخۆ و بێ واسیتەی هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، یەکەیەکە و بەگشتی لەماوەی ئەو ساڵانەی دوایدابوو. بۆ ئۆپۆزیسیۆن هەر جارە سیناریۆیەکی هاوچەشن بەرێوە دەبرا: تیرۆر دەکرا، یەك لە روخسارەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەلایەن داروودەستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەکوژرا، لە وڵاتانی رۆژئاوا هەندێ دەنگ و هەراهەرا بەرز دەبووەوە، پۆلیس یاخود داواکاری گشتی لەو وڵاتەی وا تیرۆرەکەی تێدا کرابوو، شوێنی کێشەکەیان دەگرت، هەندێ هەواڵ لێرە و لەوێ چاپ و بڵاو دەکرایەوە، حکوومەتی ئێران لەلایەکەوە هەواڵی "تیری غەیب" لێدرانی ناحەزانی خۆی بەخۆشییەوە رادەگەیاند ولەلایەکی دیکەوەکارەکەی دەخستە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆن. پاشان هەموو شت فەرامۆش دەکرا و ماوەیەك دواتر هەواڵی بەستنی پەیمانێکی بازرگانی لەگەڵ ئێران ئاشکرا دەبوو. ئەمە ئاساییترین شێوازی بەرێوەبردنی سیناریۆ بۆ دەوڵەتانی ئۆرۆپی بوو بە کەمترین زیانی ئابڕوچوونەوە. لە هەندێ بۆنەی خەجاڵەتباری دیکەدا، تیرۆریستەکان بەهۆی ناشارەزایی یاخود لەبەر چالاکییەکانی پۆلیس و داواکاری گشتی، کە راستەوخۆ فەرمانیان لە حکوومەت وەرنەدەگرت، کەوتبوونە گیر و دەست بەسەر کرابوون، بەڵام بەهۆی دەست تێوەردانی دەوڵەتەوە ئازادکرابوون و تەنانەت لەلایەن پۆلیسەوە برابوونە فرۆکەخانە و نێررابوونەوە ئێران.[٧٨]

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، بەخوێن و گۆشتی خۆی ئەزموونی ئەو راستیەی کردبوو، کە حکوومەتە رۆژئاواییەکان لە هەر هەنگاوێکی ژیانی کۆماری ئیسلامیدا، بەهۆی شاردنەوە و چاوقووچاندن و لەم رووەوە، درێژەی تیرۆریسمی حکوومەتەکە، بەشداری کارەکانی بوون و بۆ ئامانجی سیاسی، بازرگانی و زانیاری هەنووکەیی یاخود درێژخایەنیان، کەڵکیان لێ بینیوە. ئەو رێکخراوە سیاسییانەی وا هەڵگری ئەو بۆچوونە بوون، سەبارەت بە وڵاتانی

٧٨. بڕوانە فەسڵی چوارەم: هەڵسەنگاندنی دادگا ١. دەوڵەتی ئێران و دادگا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژئاوا و چەشنی پێوەند و ڕوانینە پێوەندەکانی دوارۆژ لەگەڵ ئەواندا، ڕوانگەی جیاواز و تەنانەت دژ بەیەکیان هەبوو و هەموو پێکەوە تەیفێکی ڕەنگاوڕەنگیان دەخوڵقاند کە بە سەرێکیەوە ئەو ڕێکخراوانە بوون وا حکوومەت [ە ڕۆژئاواییەکان]یان بە ئەمپریالیستی، و لەزاتی خۆیدا پاڵپشتی تێرۆریسم و کۆماری ئیسلامی دەزانی. سەری دیکەی بریتی بوو لەو ڕێکخراوانەی وا ئەو حکوومەتانەیان وەك نموونەی ڕژیمی ئیدەئال بۆ داهاتووی ئێران پەسند دەکرد و تەنانەت هەندێکیان بۆ "خەبات" ی دژی ڕژیمی ئێران پارە و یارمەتیان لێ وەردەگرتن.

سێهەمین خاڵی هاوبەش لەناو هەموو قسە و بۆچوونەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، ئەو داواکارییە بوو لە حکوومەتانی ئەورۆپی بەتایبەت حکوومەتی ئاڵمانیا و فەرەنسا، کە جارێکی دیکەش پێوەندی ئابووری و... وەپێش گیانی مرۆڤان نەخەن، بە مرۆڤکوژییەکان رابگەن و ئیجازە بە پیاوکوژان نەدەن بە ئازادی لە وڵاتەکەیاندا بگەڕێن و بەبێ خەم و دڵەتەپە قوربانییەکانی خۆیان بکوژن و بێ هیچ تەنگ و چەڵەمەیەك بگەڕێنەوە بۆ ئێران.

لەم ڕووەوە، ئۆپۆزیسیۆن کەوتبوە بارودۆخێکەوە کە، لە لایەك تاقە ڕووگەی ڕاگەیشتن بەو تێرۆرانەیان بە حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان دەزانی و دەبوایە داوا لەوان بکەن شوێنی تێرۆرەکان بگرن، بکوژەکان بناسن و لانی کەم پێشی کارەساتی هاوچەشنی دیکە بگرن. لەلایەکی دیکەوە دەیانزانی کە ئەو حکومەتانە خۆیان بە شێوەیەك، شەریکی تاوانن و ئەگەر هەموو وت و وێژ و ڕاوێژی بەناو "دیپلۆماتیك"ەکان ئاشکرا بکرێن، دەبێ ئەوان خۆیان لەسەر کورسی تۆمەتبار بوون دابنیشن. لەم ڕووەوە داواکاریی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە حکوومەتەکانی ئوروپی وەك داوای یارمەتی کردن قوربانی لە تاوانبار بوو.

تێرۆری ئەمجارە لە شوێنێك بەڕێوە برا و کەسانێك کەوتنە بەر تێرۆر، کە هەندێکیان پێشتر بەدەنگی بەرز هاواریان کردبوو لایەنگری ڕووخانی ڕژیم نین و تەنیا ریفۆرم یاخود بە زمانی ئەو ڕۆژانە "ئیستحالە" و گۆڕانیان دەوێت. ئەوەش لە بارودۆخێکدا کە ئەوان خۆشیان گیانیان پارێزراو نەبوو و بەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێوەیە هەر هەموو ئۆپۆزیسیۆن خۆی لەخۆیدا لە مەترسی تیرۆردا بوو. ساکارترین کاردانەوە بریتی بوو لەوەی کە هەر کەس خەریکی کاری خۆی بێت و گیان لەو گێژاوە دەربەرێت کە نەدەزانرا کێ، کەی دەبێتە قوربانی. ئەوانەی وا پێشینەیەکیان هەبوو و چالاکیەکانیان بەردەوام بوو، لە بەرانبەر ئەو مەترسییە گونجاوەدا، روویان کردە ژیانی نهێنی. ترس لە تیرۆر، گوێ دانە یاسا و پەیڕەوەکانی ئاسایش، دەرنەکەوتن لە هەموو شوێنێك، خۆپاراستن لە هاتوچۆی ناپێویست و شتی تر، سەر لەنوێ ژیانەوە. ژیانی نهێنی و نیوەنهێنی کە زۆرێك لە کەسایەتیە ناسراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەناو جەرگی پێتەختی دیموکراتترین و ئازادترین وڵاتانی ئورووپیدا دەبوو رەچاوی بکەن، وادەبوە شێوازی ژیانی هەموو ئەوانەی وا چالاکی سیاسییان هەبوو. لە بەرلین و ئاڵمانیا بارودۆخە رۆحییەك کە ئەو هەل و مەرجە پێکی هێنابوو، بەرچاوتر بوو. ئەو دۆخە لە رێگەی دەرکەوتنی لیستەی ناوی ئەو کەسانەی وا بەرواڵەت دەبوایە مەئموورانی رژیم بیانکوژن، گرژتر بووەوە و سەرەڕای ئەو هەموو گومانەی وا لە مەسەلەکە دەکرا، هێزەکانی ئۆپۆزیسۆن بڵاویان کردەوە. لیستەی ناوبراو بوو بە هاندەر و هەروەها ئاگادار کردنەوەیەکی دیکە لە مەترسییەکان، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر[ی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن] بەرەو نهێنی کاری و کردەوەی نهێنی، کە زەمینەکانی پێشتر بە رادەیەکی زۆر هەبوو، هان بدات.

پۆلیسی ئاڵمانیا پێوەندی بە خەڵکانی جۆربەجۆرەوە گرت و داوای لێکردن هەندێ پەیرەوی ئاسایش رەچاو بکەن. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات مەجبوور بە ژیانی نیوەنهێنی دەکرا و پۆلیسیش ئەو کێش و هەوایەی توند و تیژتر دەکرد. ئەوە بوو، کە تەقەی گوللەی میکۆنۆس تەنیا چەند قوربانییەکی لێ بەجێ نەما. رژیم بەم تیرۆرە لە بێ کردەوە کردنی هەندێك خەڵك و ترساندنی ئەوانی دیکەدا سەرکەوت[٧٩].

[٧٩]. ئەمڕۆ دووسەممە ١٩٩٣/١٢/٨ بانگ کرامە دائیرەی پۆلیسی ئاسایشی شاری کۆڵن. دوای ئەوەی ناسنامەکەم ڕوون بوو چییە، لە ڕێگەی وەرگێڕی فەرمیی دائیرەکەوە پێیان گوتم: "بەگوێرەی بەڵگەی گەیشتوو بە پۆلیسی ئاڵمانیا، تۆ یەك لەوانەی وا لە لیستەی تیرۆرکرانی کەسایەتی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆپۆزیسیۆن، لێك دابڕاو و نوقمی تێکگیرانی ڕۆژانەی ناوخۆیی بوو و بووبوە چەند ڕێکخراو و تاقمی تاك کەوتووی بچووك کە خەریکی پێکدا هەڵپڕژان و هەڕەشە و گوڕەشە لەیەکتر بوون. بەم کارە، هێز و ڕێزیان لەدەست چووبوو و هاوڕێ لەگەڵ ئەواندا بزووتنەوەکەش بەرەو توانەوە دەچوو و توابووشەوە. ئۆپۆزیسیۆن نە دەرەتانی ئەوەی هەبوو گرووپی لێکۆڵینەوە و پێراگەیشتن پێك بهێنێت و بەڵگە و دەستاویژ گردوکۆ بکات و بەشێوەی کاریگەرانە ڕژیم لەقاو بدات؛ نە ئەوەی کە ویست و دەرەتانی تۆڵە سەندنەوەی هەبێت؛ و نە ئەوەش کە دەرەتانێکی جیددی هەبوو زەخت بخاتە سەر وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆ ئەوەی تێرۆرە بەڕێوەبراوەکان ئاشکرا بکەن و لەو ڕێگەیەوە پێش بە تێرۆری دواتر بگرن؛ خۆ دەرەتانی ئەوەشی نەبوو کارێکی وا بکات ڕژیمی ئێران مەجبوور بێت دەست لە تێرۆر بکێشێتەوە. خۆ خۆشەویستی و خۆ بە زل زانی و خۆ بە میحوەری کارەکان دانان، بەرگریی لەوە دەکرد کارێکی جیددی بکرێت و ئەگەریش کارێك دەکرا، بۆ ڕازی کردنی ئەو "خۆ" یانە بوو. بۆ ئەوانەش کە هێشتا دەیانویست کارێك بکەن، تەنیا ئەوە مابوو خۆپێشاندان و ناڕەزایی بە کۆمەڵ بخەنە ڕێگا یاخود نامە بۆ ئەم مەقام و ئەو کاربەدەست بنووسن.

ئەم هەوڵانە لە بەیانی ڕۆژی ١٨ ی سپتامبر [ی ٩٢] ەوە دەستی پێکرد. لە بەرلین ئەوانەی وا ئاگاداری مەسەلەکە بووبوونەوە یاخود لە پێوەندیدا بوون، لەبەردەم نەخۆشخانە و هەروەها ڕەستورانی میکۆنۆس کۆبوونەوە. نووسینی یەکەم بەیاننامە و یەکەم نامەی ناڕەزایی و هەروەها بەڕێوەبردنی یەکەم وت و

---

ئەشخاسی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایت. هەر بۆیەش پێویستە هەندێك ڕێنومایی و ئیحتیاتی ئاسایشیی بۆ پاراستنی گیانی خۆت ڕەچاو بکەیت و هەمیشە پۆلیس لە بارودۆخی خۆت ئاگادار بکەیتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا پرسیار ووەڵامیکی نووسراویان بەڕێوەبرد کە ٧ لاپەڕە بوو و هەردوولا ئیمزامان کرد، کۆپییەکیشیان دایە من. لە کۆتاییشدا نامیلکەیەکیان پێدام کە هەندێك فێرکردن و نەسیحەتی ئاسایشیی تێدا بوو بۆ ئەوەی ناوەرۆك و نەسیحەتەکانی ناوی ئەوەندەی بکرێت ڕەچاو بکەم..."

نامەی عەلی بابائی بۆ باڵوێزی ئێران لە ئاڵمانیا، ١٩٩٣/٢/٨. فۆتۆکۆپی ئەم نامەیە بڵاو کرایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ویژەکان لەگەڵ میدیا و پلانی یەکەم کۆبوونەوەکان دەستی پێکرا. خۆپێشاندەرەکان داوای داخرانی باڵوێزخانە و کۆنسولیەتەکانی ئێران لە ئاڵمانیا وەك ناوەندی پلان داأشتنی تیرۆرەکانیان دەکرد. بەشداران[ی خۆپێشاندان] چوونە بەردەمی رەستورانی میکۆنۆس و لەوێ دوای چەند خولەك بێدەنگی و گوێگرتن بۆ وتارێکی کورت، بڵاوەیان کرد.

رۆژی دوایی خۆپێشاندانێکی ماوەکورت لە بەرانبەر رەستورانی میکۆنۆس و لە رۆژی ٢١ ی سپتامبردا لە بەرانبەر شوڕای شار بەڕێوە چوو. خۆپێشاندانەکە، ناوەندی پەنابەرانی سیاسی ئێرانی لە بەرلین و کەس و کاری کوژراوەکان خستبوویانە ڕێ و نوێنەرانی خۆپێشاندەرەکان چوونە چاوپێکەوتنی فەرماندار [سەرۆکی شۆڕا] ی بەرلین. سەرۆکی دەفتەری فەرماندار وەری گرتن و پێناخۆشی و ناڕەحەتی خۆی دەبڕی. هێشتا چوار تەرم و بریندارێك لە نەخۆشخانە بوون کە نوێنەرەکانیان گەڕانەوە. نوێنەرەکان زیاد لەوەی باسی بابەتەکە بکەن، شکاتیان لە یەکتر هەبوو و باسی یەکتریان دەکرد. یەك لە نوێنەرەکان هاتە ناو کۆمەڵی خەڵکەکە و گوتی لەگەڵ دەفتەری فەرمانداردا قسەمان کردوە ئینجا داوای لە خۆپێشاندەرەکان کرد بڵاوەی بکەن. هێشتا چوار تەرم و بریندارێك لە نەخۆشخانە بوون کە خۆپێشاندەران سەرەڕای دژایەتی کردنی هەندێکیان، بڵاوەیان کرد.

رۆژی ١٩ ی سپتامبر خۆپێشاندانێك بە بەشداریی نزیکەی ١٠٠ کەس لە شاری بۆن لەبەردەم باڵوێزخانەی ئێران بەڕێوەبرا.

رۆژی ٢٥ ی سپتامبر رۆژی راگواستنی تەرمی سێ کوژراوی حزبی دیمۆکرات لە بەرلینەوە بۆ پاریس و هەروەها ناشتنی دیهکوردی، لە بەیانییەوە خۆپێشاندان لە بەرلین دەستی پێکرد. سەدان کەس بەشدارییان لە رێ و ڕەسمەکەدا کرد و پاشان بۆ دەربڕینی بێزاریی خۆیان لە رووداوەکە، بەو دروشمەوە کە ناوەندە دیپلۆماسیەکانی کۆماری ئیسلامی وەکو ناوەندی تیرۆر دابخرێن، چوونە بەردەم کۆنسولیەی ئێران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاربەدەستانی کۆنسولیەت خەریکی کاروباری ئاسایی خۆیان، واتە فیلم هەڵگرتن لە خۆپێشاندەرەکان بوون. "دیپلۆمات" ەکانی کۆماری ئیسلامی دەریان خست کە هیچ شتێك، نە مردن، نە کوشتن و نە تازیەتباریی بەرگری ئەوەیان لێ ناکات ئەرکە سەرەکیەکانیان بەڕێوە نەبەن. خۆپێشاندانی ئەو ڕۆژە و ڕێ و ڕەسمی بیرەوەری [قوربانیان] لە کۆتاییەکانی شەودا کۆتاییان پێهات.

ڕۆژی ٢٦ ی سپتامبر بەگوێرەی بانگەوازی هاوبەشی حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران (کومیتەی ئاڵمانیا)، حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران (ئاڵمان)، ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق (فرانکفورت)، ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق (ئاڵمانیا)، ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلقی ئێران (ئەکسەرییەت) (فرانکفورت) و ڕێکخراوەی کارگەرانی شۆأشگێڕی ئێران (راه کارگر) (فرانکفورت)، خۆپێشاندانێك لە بەرانبەر کۆنسولیەتی ئێران [لە فرانکفورت] بەڕێوە برا.

ڕۆژی ٢٨ ی مانگ، دەفتەری ناوەندی حزبی سۆسیالیست دیمۆکراتی ئاڵمان SPD لە هانۆفر لەلایەن خەڵکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە گیرا. ئەم عەمەلیاتە لەلایەن "کومیتەی ناڕەزایی دەربڕین دژ بە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی" ەوە ڕێکخرابوو.

ڕۆژی ٧ ی نۆامبر خۆپێشاندانێك لەگۆڕەپانی سەرەکی شاری بەرلین بەڕێوەچوو، کە کومیتەی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی ناڕەزایی لەدژی تێرۆری بەرلین ڕێکی خستبوو. ئەم ڕێکخراوانە پشتگیرییان کرد: فراکسیۆنی سەوز لە پارلمانی بەرلین، فراکسیۆنی حزبی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیك (SPD) لە پەرلەمانی بەرلین، کومیتەی داکۆکی کردن لە پەنابەرانی کورد، بزووتنەوەی یەکگرتووی پەنابەران، س. ئۆ. س. راسیسم، دەفتەری خوێندکارانی زانستگەی سەنعەتی بەرلین، کومیتەی ژنانی دژ بە ئیعدام لە ئێران، گرووپی کار دژ بە کۆکوژی لە کوردستان و هەروەها ناوەندی پەنابەرانی سیاسی ئێران. زنجیرەی ئەم خۆپێشاندانانە بۆ ماوەیەك لە هەموو شارەکانی ئاڵمانیا و ئوروپا درێژەی هەبوو. ژمارەی بەشدارانی خۆپێشاندانەکان بەعادەت دەوروبەری ٢٠٠ تا ٣٠٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس بوو. ژمارەی زۆری خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی دەربڕین لەلایەکەوە نیشاندەری هەوڵی ئۆپۆزیسیۆن بۆ دەربأینی بڕیاریان لەمەڕ بەرگری لە فەرامۆش بوونی مەسەلەکە لەلایەن دەوڵەت و پۆلیسی ئالْمانەوە، و لەلایەکی دیکەوە هەولێك بوو بۆ راکێشانی سەرنجی کاربەدەستانی ئوروپی بەرەو بارودۆخی مەترسیداری پەنابەران و بەتایبەت چالاکانی سیاسی ئێران لە ئوروپا. هەموو ئەوانەی وا چالاکیەکیان هەبوو، لە هەر رادەیەکدا بوایەن، هەستیان بە مەترسی دەکرد و دەیان بینی کە ئوروپا بۆتە ناوچەیەکی ئازاد بۆ تیرۆریستە ئێرانیەکان بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیك و لەژێر ناوی ئیش و کاری بازرگانیدا.

بەشێوەی سروشتی، هەرکام لە رێکخراوە سیاسیەکان رووداوەکەیان لە روانگەی خۆیانەوە دەدیت و لە هەمان گۆشەنیگاوە وەلامیان دەدایەوە. جگە لەوانە، ئامانجی نزیك یا درێژخایەنی هەر رێکخراوەیەك لە بینین و راگەیاندنی رووداوەکەدا دەوری دەبینی. لەگەڵ دەربڕینی بۆچوونی رێکخراوە جیاجیاکانی ئۆپۆزیسیۆن، جیاوازیی بۆچوون، ئایدیۆلۆجی و تاکتیکی خۆیان لەشێوەی راگەیاندنی رووداوەکە و هەڵسەنگاندنێکدا دەرخست. یەکەم بەیان و بۆچوونەکانی رێکخراوە سیاسیەکان، هێڵە سەرەکییەکانی بیر و بۆچوونیانی لەمەڕ تیرۆر روون دەکردەوە.

یەکەم خاڵی کێشەی ناوخۆیی ئۆپۆزیسیۆن، شێوازی بۆچوونیان سەبارەت بە حکوومەتی ئێران بوو. کێشە لەسەر لیبراڵ بوون و دیموکرات بوونی باڵێکی حکومەت و توندوتیژبوونی باڵەکەی تر، لەو ناوەدا خاوەنی قورسایی تایبەت بوو.

"بنەماڵەی قوربانییەکانی ئەم جارە و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران" سەبارەت بە کوژرانی چوار کەسەکە، لە راگەیاندنێکی چاپەمەنیدا بەزمانی ئالْمانی، ئاماژەیان بە وتاری فەلاحیان و تیرۆرەکانی پێشتر کرد و لە حکومەتی ئالْمانیان داوا کرد "تیرۆر مەحکووم بکات و باڵویزخانەی ئێران وەکو ناوەندی ئەو چالاکیانە دابخات".

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی ٩٢/٩/١٨ راگەیاندنێکی چوارلاپەرەیی بە ژیاننامەی کورتی سێ کوژراو واتە "هەڤاڵی بەرێز و خەباتکار... شەرەفکەندی، هاورێ لەگەڵ هەڤالان فەتاح عەبدولی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حزب لە ئوروپا، هومایون ئەردەلان کادیری لێهاتووی حزب، و هاورێی لەمێژین و بەئەمەکی حزبی دیمۆکرات و گەلی کورد نووری دیهکوردی" بڵاو کردەوە. بەڵام لە بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی حزب (بێ رێکەوت، وەرگێڕاوە ئاڵمانیەکەی هی رۆژی ٩٢/٩/١٩ ە)، شەرحی رووداوەکەیان داوە. سەبارەت بەو کوژراوانەی وا ئەندام حزب نەبوون نووسیبوویان: "لەکاتی رووداوەکەدا، ... لە ئەنجامی هێرشێکی وەحشیانە، هەڤاڵ نووری دیهکوردی یەك لە ئەندامانی پێکهاتەی بەربەرینی چەپی دیموکراتیك کە دۆستێکی دێرینی حزب بوو، کەوتە بەر گولـلە و شەهید کرا، کەسێکی دیکەش بەناوی عەزیز غەففاری بەسەختی بریندار بوو" .

"کۆبوونەوەی هەماهەنگی" بەرلین قوڕ و قەپی کرد و تەنانەت بەیانێکی دەرنەکرد و تێرۆرەکەشی مەحکووم نەکرد. یەکەم کاردانەوەی تەقەی میکۆنۆس هەڵوەشانەوەی کۆبوونەوەی هەماهەنگی بەرلین بوو و لە هەمان رۆژ بەدواوە ئەندامەکانی وایان بەباش زانی کە پێش هەمووکەسی تر، خۆیان هەبوونی کۆبوونەوەی هەماهەنگی لەبیر بەرنەوە.

رێکخراوەی فیدائیانی خەلق ـ ئەکسەرییەت لە راگەیاندنیکدا بەئیمزای شۆڕای ناوەندی رێکخراوەی فیدائیانی خەڵقی ئێران (ئەکسەرییەت)، لە رۆژی ٩٢/٩/١٨ تێرۆرەکەی دایە پاڵ حکومەتی ئێران و ئاماژەی بە وتارەکەی فەلاحیان کرد، بەڵام هیچی سەبارەت بە بوونی باڵەکانی ناو حکومەتی ئێران نەگوت. لە راگەیاندنەکەدا سێ کەس لە حزبی دیموکرات و "هاورێ نووری دیهکوردی یەك لە تاکەکەسە سیاسییەکان" و "هاورێ عەزیزولڵا تەبیب غەفاری لە بەرپرسانی رێکخراوەی فیدائیانی خەڵق" ناوبرابوون .

رێکخراوەی "فیدائیانی خەڵق" لەم کاتەدا قسەیەکی روونی نەکرد و هەر لەو ماوانەشدا هەڵوەشایەوە، و پێشتریش هەڵوەشابووەوە و ئیتر کەس نەمابوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵامدەرە بێت جگە لە تەبیب غەفاری بە هەزاران تۆمەتی سەرشانەوە، کە ئەویش وای بە باش زانی بێدەنگ بمێنێتەوە. کیشتگەر ـ کە هەموو ڕێکخراوەکە بەناوی ئەوەوە ناو دەبرا، لە بەرلین بەشداریی وت و ویژێکی چاپەمەنی کرد و سەبارەت بە تیرۆری میکۆنۆس. یەك لە قسەکانی ئەوە بوو کە: من ئەمڕۆ بە فڕۆکە هاتوومەتە ئێرە. ئەگەر تیرۆریستان بۆ کوشتنی من بۆمبایەکیان لەناو فڕۆکەکە دابنایەت، ئەوا دەبوە هۆی کەوتنە خوارێی فڕۆکەکە و کوژرانی چەندەها هاوڵاتی ئەورووپی.

جمهوریخواهان ملی، بۆ ماوەیەکی زۆر هیچ بڵاوکراوەیەکیان بڵاو نەکردەوە و دەستماڵچی ئەندامی [کومیتەی] ناوەندی و سکرتێری ڕێکخراوەیی و دارایی جمهوریخواهان ملی دواتر لە دادگا گوتی: "لە کاتی تیرۆرەکە بەدواوە ئیتر ئەندامی جمهوریخواهان ملی نەماوم".

"حزب دموکراتیك مردم ایران"، ئەندامێکی دیکەی "کۆبوونەوەی هەماهەنگی" لە ڕاگەیاندنێکدا باسی ڕووداوەکەی بەشێوەیەك کرد کە هیچ پێوەندێکی بەوانەوە نەبوە و هەر دەڵێی لە شوێنێکی دوورەدەستی جیهان ڕووی داوە: "شۆڕای ناوەندی حزب دمکراتیك مردم ایران" لە کۆبوونەوەی نائاسایی ڕۆژی ٢٨ ی شەهریوەر [١٩ ی سپتامبر] ی خۆیدا هاوکات لەگەڵ هاودەردی نواندنی زۆر لەگەڵ حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی یەکگرتووی چەپدا... داوا لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەکات چالاکییەکانی خۆیان بەتایبەت لەبواری گوشار خستنە سەر بیروڕای گشتی و حکومەتەکانی ڕۆژئاوا بەتەوژمتر بکەن".

بەم بۆچوونانە، ڕێکخراوەکانی ئامادەبووی دانیشتنی میکۆنۆس، سەرەکیترین ڕەوانگەکانی خۆیان سەبارەت بە ڕووداوەکە ڕاگەیاند و لە بەرانبەر باس وخواسی جیددیتر کە دواتر دامەزرا، هەڵوێستیان گرت.

"کانون نویسندگان ایران (لە تاراوگە)" نووسی: "ئیشتیای لەبن نەهاتووی ئاژەڵ سیفەتانی حاکم بەسەر وڵاتەکەمان بۆ مرۆڤ کوژی و جینایەت، ئێستاش هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قوربانی دەخوازێت و بێدەنگی تێکەڵاو لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتە سەرمایەدارییەکان، رۆژ بە رۆژ زیاتر هانی ئەو تاوانبارە خوێنمژانە دەدات.
"نهضت ملی مقاومت" لە راگەیاندنێکی چاپەمەنی رۆژی ١٩٩٢/٩/١٨ دا رایگەیاند کە "دارەدەستەکانی رەفسەنجانی جارێکی دیکە تاوانێکی دڵتەزێنیان خوڵقاند، کە بەهۆی رادەی دڕندەییەوە ناتوانرێ ناوێکی لەسەر دابنرێت...".
ئەوان جینایەتەکەیان دایەپاڵ دارەدەستەکانی رەفسەنجانی و کوژراوەکانیان بەم شێوەیە راگەیاند: "سێ کەس لە رێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و یەك لە خەباتکارانی سەر بە گروپە چەپەکان".
"کانون پناهندگان سیاسی ایرانی" لە بەرلین، رۆژی ٩٢/٩/٢٠ راگەیاندنێکی چاپەمەنی بەزمانی ئاڵمانی دەرکرد [و نووسی]: "... رژیمی دژی مافی مرۆڤی ئێران کە دەیان هەزار کەس لە ناحەزانی خۆی لە ناوەوەی وڵات و دەیان کەسی لە دەرەوەی وڵات کوشتوە، سەر لە نوێ تێرۆرێکی نوێی بەڕێوە برد." و لە کۆتایی راگەیاندنەکەدا داوا لە حکومەتی ئاڵمانیا کرا "لێکۆڵینەوەکان بەخێرایی و بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەأێوە ببات، باڵوێزخانەی ئێرانیش کە ئەو چالاکییە تێرۆریستیەی رێبەرایەتی کردوە، دابخات" .
رێکخراوەی "راه کارگر" لە راگەیاندنێکدا بەئیمزای هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوەی کرێکارانی شۆرشگێأی ئێران (راه کارگر) رێکەوتی ٢٩ ی شەهریوەری ١٣٧١ [٩٢/٩/٢٠] باسی دانیشتنەکەی میکۆنۆسی وەك "میوانی" کرد و گوتی: "تێرۆریستەکان بۆ کوشتنی رێبەرانی حزبی دیمۆکرات چوونە رەستورانەکە... سێ کەسیان کوشت... گوللەکان هەروەها نووری دیهکوردییان پێکا کە لەو میوانداریەتی شێوەدا بەشدار بوو و بوە هۆی شەهید بوونی ئەو." لە راگەیاندنەکەدا تەنانەت ناوی تەبیب غەفارییان نەهێنا کە بە برینداری لە نەخۆشخانە کەوتبوو. درێژەی راگەیاندنەکە، بەکردەوە، تاوانبار کردنی "تەیفێك لە هێزەکانی لیبرال بوو کە لە شەوی کارەساتەکەدا لەوێ ئامادە ببوون یاخود بڕیار بوو ئامادە بن و ئەو میوانداری و وت و وێژەیان رێك خستبوو." هەندێکیش حوکمی تێدا دەرکرابوو کە خەڵکانی تر دەبێ چ بکەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەوە، کۆتایی بە راگەیاندنەکە هاتبوو. لە راگەیاندنەکەدا گوترابوو: "بەڵام ئەو هێزانەی وا ... دەبێ دەرسی پێویست ... هەروەها ئەو هێزانەی دەبێ لە رێگەی لەقاودانی ئامانج و کردەوەکانەوە ... دەبێ بەلەقاودانی ... و دام و دەزگا حکوومی و چاپەمەنیەکیان بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی راستەقینەی رووداوەکە ئاشکرا بکەن".

"رێکخراوەی حزبی کمونیست لە ئاڵمانیا و رێکخراوەی فیدائی ئێران لە ئاڵمانیا و کومیتەی ئاڵمانیای رێکخراوەی کرێکارانی شۆرشگێر" لە راگەیاندنێکی هاوبەشدا نووسییان: "ئەوە یەکەم جار نییە کۆماری ئیسلامی بەیارمەتی باڵوێزخانە و بەدەست تاقمە بەکرێگیراوەکانی خۆی، ناحەزانی سیاسی دەکوژێت. لە بارودۆخێکی وادا، کاربەدەستان و پۆلیسی ئاڵمانیا بەگوێرەی بەرژەوەندی سەرمایەدارانە و ئەمپریالیستی حکومەتەکانیان بەوپەڕی چەپەڵی و بە دەربأینی هەندێ تۆمەت... دەیانەوێ پەردە بەسەر ئەو راستەقینە تاڵەدا بدەن و بەکردەوە و لەژێر ئاڵای خەباتی دژ بە تیرۆریزم، راستەوخۆ داکۆکی لە تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی دەکەن".

حزبی کومونیستی کرێکاری لە راگەیاندنی رۆژی **٩٢/٩/١٩** دا ئەوەشی نووسی کە: "هەوڵی حکوومەتە رۆژئاواییەکان و میدیاکەیان، هەروەها لیبراڵەکانی ئێرانی، تیرۆریزم دەخەنە ئەستۆی باڵی توندڕەوی رژیم بۆ ئەوەی سەرجەمی حکومەتی ئیسلامی لەژێر دەرب و زەرب رزگار بکەن".

رێکخراوەی چریکە فیداییەکانی خەلقی ئێران (ئەقەلییەت)، لە راگەیاندنێکی هەر ئەو مانگەدا نووسییان: "نە فێڵ و فریوی چەپەڵی کاربەدەستانی رژیم بۆ ئەوەی تیرۆرەکە بخەنە ئەستۆی ئەم و ئەو، نە سازشکاری و قر و قەپ کردنی بەدەستە قەسدی دەوڵەتە "شارستانیەکان" ـ و یەك لەوان ئاڵمانیا، ناتوانی هەموو ئەو بەڵگە ئاشکرا و راستەقینانە بشارێتەوە... پەرەسەندنی سیاسەتی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی گەرچی ئەو تاقمە هەلپەرست و سازشکارەی ... ریسوا کردوە، بەڵام پێویستە زیاتر لە جاران لەقاو بدرێن و."...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوەی سوسیالیستەکانی ئێران "تێرۆری ترسنۆکانەی سێ کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حزبی دیمۆکراتی کورستانی ئێران... و هەروەها نووری دیهکوردی یەك لە ئەندامانی کۆنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە بەرلین" ی مەحکووم کرد.

موجاهیدینی خەڵقی ئێران لە ڕاگەیاندنێکی چاپەمەنی بەزمانی ئاڵمانی لە ڕۆژی ٩٢/٩/١٨ دا نووسییان: "وتەبێژێکی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لە کۆڵن ڕایگەیاند کە تاوانی دوێنێی بەرلین، مەلاکانی ئێران بەڕێوەیان بردوە." هەمان ڕۆژ، لە ڕاگەیاندنێکی چاپەمەنی دیکەدا، ڕایان گەیاند کە: "مەسعود ڕەجەوی تێرۆری کوردەکانی ئێرانی لە بەرلین مەحکووم کردوە".

"اتحادیە کمونیستهای ایران (سربداران)" نووسییان: "ئەمپریالیستەکانی ئاڵمانیا لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناتەبا و دژ بەیەکەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە ڕوخساری چەپەڵی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو تاوانەدا بشارنەوە بۆ ئەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ دواکەوتنخوازانی حاکم لەسەر ئێران تووشی زیان نەیەت و بەرژەوەندیی چەوسێنەرانە و تاڵانچیانەیان بپارێزێت".

دەفتەری پادشای ئێران [ڕەزا پەهلەوی] نووسی: "تێرۆری وەحشیانەی دوکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حزبی دیمۆکراتی کوردستان و سێ کەس لە هاوڕێیانی لە ئاڵمانیا، بۆ هەموو گەلی ئێران کە لە حکوومەتی دژی مرۆڤی کۆماری ئیسلامیدا، ساڵەها تامی تاڵی ترس و براکوژییان چەشتوە و بەتایبەت بۆ هاوڵاتیانی خۆشەویستی کوردی ئێمە، هەواڵێکی گەلێك تاڵ و پڕ لە خەفەتە".

حزبی تودەی ئێران لە ڕۆژی ٢٨ ی شەهریوەر [١٩٩٢/٩/١٩] دا نووسی: "جارێکی دیکە دەستی جەللادانی کۆماری ئیسلامی لە قۆڵی کراسیان دەرچوو و خوێنی کۆمەڵێك لە خەباتکارانی ڕێگای ئازادی، دادپەروەری و سەربەخۆیی وڵاتەکەمانی ڕژاند." لە کۆتاییشدا "لە هەموو هێزە پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز و ریفۆرمخوازەکانی وڵاتەکەمان" داوا کراوە ریزێکی هاوپشت و یەك پارچە دژ بە ڕژیمی "ولایت فقیە" پێك بهێنن".

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوەی مەشروتەخوازانی ئێران (لقی ئاڵمانیا) ش تیرۆرەکەی مەحکووم کرد.

"کارگەی ئێرانیان بۆ چالاکی فێربوونی یارمەتی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی" لە ڕۆژی ٩٢/٩/٢٢ دا بەیانێکی دەرکرد و نووسی: "وا جارێکی تر تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی چوار کەس لە بەنرخترین خەباتکارانی ئێرانیان لە خوێنیاندا گەوزاند." لە کۆتاییشدا داوای "داخرانی هێلانەی جاسوسی و ناوەندە تیرۆریست بارهێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمانیا و ئوروپا" ی کردبوو.

"کومیتەی هاوپشتی لەگەڵ خەباتی گەلی ئێران" لە بەیانی ڕۆژی ٩٢/٩/١٩ دا نووسی: "وا شەپۆلی تیرۆرە بەبەرنامەکانی دەوڵەتیی، لە ڕژیمی ئیسلامیدا ئاسۆیان بەرفراوانتر دەبێتەوە و یەك لەدوای یەك هەواڵی ترسناکتر لە تیرۆر و چالاکیی بەردەوامی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ڕەنگدانەوە پەیدا دەکات. هێشتا چەند هەفتە بەسەر کوژرانی تاوانبارانەی فەرەیدوونی فەڕڕوخزاد دا تێپەڕ نەببوو کە"...

"شۆڕای پەنابەرانی ئێرانی فرانکفۆرت" نووسییان: "ئەم تیرۆرە خۆێناوییانە لە دەرەوەی وڵات، بەشێك لە حاکمییەتی تیرۆر و ترسی چاردەساڵی ڕژیمی ئیسلامی ئێران دەردەخات و ئەو خەیاڵات و دەنگۆیە پووچەڵ دەکاتەوە کە باسی "متعادل" بوونی ڕژیم دەکەن... پەنابەرانی ئێرانی گیانیان پارێزراو نییە".

"حەسەن نەزیە" ڕاگەیاندنێکدا نووسی: "کارەساتی بەرلین دوای دەیان کوشتاری سیاسی تر، ئاگادار کردنەوەیەك بۆهەموو ڕێکخراوە و تاکەکەسانی ناو ئۆپۆزیسیۆنە، کە تا خەباتیان یەك نەگرێت و بەشێوەی بەرە یاخود لە چوارچێوەی پێگەیەکی یەکگرتوو و دیموکراتیدا نەبێتە هاوکاری و چالاکی بەکۆمەڵ، لە بەرانبەری هێرش و لێدانی "کوشندە" و لەپڕی و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پارێزراو نابێت".

"پایگاه اتحاد برای دموکراسی" نووسی: "ڕژیمی ئیفلاس کردووی کۆماری ئیسلامی دوژمنی سوێندخواردووی گەلی ئێران دوای هەڕەشەی چەند ڕۆژ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەمەوپێش کە بەوپەڕی راشکاوی و چەپەڵییەوە هاتە سەر زمانی فەلاحیيان وەزیری زانیاری و ئاسایشی رژیم، دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی ریبەری حزبی دیموکراتی کوردستان و سێ کەسی تر لە هاونیشتمانانی ئێرانخوای کوردی ئێمەیان لە بەرلین بەدەست تێرۆریستانی حیرفەیی لەناو برد... ئاغای هاشمی رەفسەنجانی و هاوڕێیانی دەبێ بزانن کە چارەنووسێکی وەك چائوشسکۆ درەنگ یان زوو داوێنیان دەگرێتەوە".

زیاد لەوانە، دوو رێکخراوەی خەباتکاری کورد لە تورکیا بەیانیان دەرکرد و لەو دووانە بەتایبەت بۆچوونی پ ك ك گرنگایەتی تایبەتی خۆی هەبوو، لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتی ئاڵمانیا و وتەبێژی پۆلیسی ئاڵمانیا پ ك ك یان وەکو یەکێ لە تۆمەتبارانی بەئێوەبردنی ئیحتمالی تێرۆری میکۆنۆس لەقەڵەم دابوو .

پ ك ك بەتوندی تۆمەتی ئەوەی دایە دواوە کە دەستیان لە تێرۆرەکەدا بوویێت و تاوانی تێرۆرەکەی دایە پاڵ دەوڵەتی تورکیا و گوتی: "بەگوێرەی زانیاریی ئێمە، دەبێ دەوڵەتی ئاڵمانیا ئاگاداری هاتنی "گرووپێکی مەرگ" بوویێت کە لەم دواییەدا هاتوونەتە ئاڵمانیا... هەموو کەس دەزانێت کە مەئموورانی زانیاریی تورکیا بە ئازادی لە خاکی ئاڵمانیا تەراتێن دەکەن و... ئەم گروپە دژی گریلایەش بەرواڵەت بۆ پشوودان نەهاتوونەتە ئاڵمانیا."

کومیتەی کوردستان لە کۆڵنی ئاڵمانیا لە بەیانێکدا بەناوی "کوشتنی سیاسی سیاسەتمەدارانی کورد لە بەرلین" کە هاوڕێ لەگەڵ راگەیاندنەکەی پ ك ك دەرچوو، نووسی: "چوار ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران... و هاوڕێیەکی دیکە [یان] بەخەستی بریندار بوو. کوژرانی چوار ریبەری کورد واهەیە لە پێوەندی هاتنی عیسمەت سەرگین وەزیری ناوخۆی تورکیا لە ١١ تا ١٤ ی مانگی سپتامبر بۆ ئاڵمانیا بووە.

دەرکردنی بەیان و راگەیاندن بۆ مەحکووم کردنی رژیمی ئێران لە شار و وڵاتانی جۆربەجۆر، تا ماوەیەکی زۆر رێژەی کێشا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بەرلین "کومیتەی کاتیی خەباتی دژ بە تیرۆر" و "کومیتەی ئیرانی دژ بە تیرۆر"[٨٠] پێك هات و بەشوێنیدا لە چەندین شار و یەك لەوان پاریس کومیتەی هاوچەشن دامەزرا. کومیتەی کاتی، دوای دەرکردنی چەند راگەیاندن و بەرێوەبردنی چەند خۆپێشاندانێك کۆتایی بە کاری خۆی هێنا .

"کانون پناهندگان سیاسی ایرانی در برلین" کە چالاکانە لە پێوەندی چالاکییەکانی کومیتەی کاتی و دۆستان و کەس و کاری قوربانیانەکاندا بوو، چالاکی خۆی لەم بوارەدا درێژە پێدا.

کومیتەی ئوپوزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژ بە تیرۆر ـ بەرلین لە ئەندامانی دانیشتنی هەماهەنگی و یەك دوو کەسی نوێ پێك هات (ماوەیەکی کەم بەسەر تیرۆری شاپووری بەختیاردا تیپەر ببوو) و یەك دوو کەسیشی لێ کەم بووەوە (دیهکوردی کوژرابوو و تەبیب غەفاری بریندار ببوو و لە نەخۆشخانە کەوتبوو). کۆمیتەی ناوبراو لە نووسینی نامەی شکایەت بۆ کاربەدەستانی ئاڵمانی زۆر چالاك بوو و چەند بەیانێکیشی بە زمانی فارسی و ئاڵمانی دەرکرد. کومیتەکە لە راگەیاندنی ١٥ ی ئۆکتۆبردا گیرانی کەسێکی ئێرانی راگەیاند. دارابی لە رۆژی ٨ ی ئۆکتۆبردا گیرا و کاربەدەستانی پۆلیس هەواڵی مەسەلەکەیان لە رۆژی ١٤ ی ئۆکتۆبردا راگەیاند .

رۆژی دواتر (١٥ ی ئۆکتۆبر) کە و زۆر هەموو رۆژنامەکانی ئاڵمانیا هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە.[٨١] هەر لەم رۆژانەدا، کومیتە لە رێگەی راگەیاندنێکەوە کە وەرگێڕاوی هەواڵی رۆژنامەکانی شار بوو، نووسی "... پۆلیسی فیدراڵ لە رۆژانی حەوتەم و هەشتەمی ئۆکتۆبردا سێ کەسی دیکەی لە بەرلین گرت. ئەم گیراوانە بریتین لە ئێرانییەك بەناوی کازم د. و دوو لوبنانی

---

٨٠. ئەم کۆمیتەیە بە ناوی جیاجیا ناودێر کراوە: "کومیتەی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژی تیرۆر- بەرلین" (ڕاگەیاندنی ژمارە ١ و ٣ و ٥ و ٧). کومیتەی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی دژ بە تیرۆر – بەرلین" (بانگهێشتن بە بۆنەی دەسپێکی دادگا) و کومیتەی ئوپۆزیسیۆنی بئێرانی دژ بە تیرۆر لە بەرلین" (ڕاگەیاندنی ٢٨ ی مارسی ١٩٩٨).

٨١. یەك لەوان، Bild, Berliner Morgenpost, Neue Zeit, BZ., Suddeutsche Zeitung, Berliner Kurier 15.Okt.1992

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەناوی حەسەن ئەلف. و حسام حەسەن س." کومیتەی ناوبراو پاشان لە راگەیاندنێکی تەواوکەردا (راگەیێنراوی ژمارە ٣، کە رێکەوتەکەی نەنووسرابوو)، نووسی:"و ئێرانییەك بەناوی کازم داودی لە بەرلین بەگومانی بەشداری کردن لە ئامادەسازی تێرۆر... وەك پێشتر راگەیێنرابوو.[٨٢] ئەم راگەیێنراوانە لەو بەڵگەنامانە بوون کە ئەندامانی کومیتە چەندەها جار وەك بەڵگەی وەگیرخستنی [دەوڵەتی] ئێران ناوبردەیان کرد.[٨٣]

ئەم کومیتەیە تا کاتی دەسپێکی دادگای میکۆنۆس، جیا لە زنجیرەیەك وت و وێژ، ٧ راگەیاندن، دەقی ئەساسنامەی کومیتە و نووسینی نامەی نارەزایی بۆ مەقاماتی ئەڵمانی و دام و دەزگا نێونەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ، سێ نامیلکەی لە لەت و کوتی رۆژنامەکان بەزمانی ئاڵمانی و سەبارەت بە میکۆنۆس هەروەها نامیلکەیەك لە لەت و کوتی رۆژنامە ئاڵمانییەکانی سەبارەت بە سەلمان روشدی بڵاو کردەوە.[٨٤]

---

[٨٢]. نیاز لە حەسەن ئەلف. محەممەد حوسەین ع، [عطریس] و نیاز لە حسام حەسەن س. حسام حەسەن ش. [شەحرور]ە. لەبەر ئەوەی رۆژنامە ئاڵمانییەکان هەواڵی گیرانی محەممەد حەسەن ئەلف و حوسام حەسەن سی و کاسەن د ئان دابوو، کومیتەکە لە وەرگرانی ئەم هەواڵانە، شەعشویان بە 'س' و عطریسیان بە ئەلف و د یان بە داوودی (بە دوو واو) تەرجەمە کرد.

[٨٣]. بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا، بەشی ٣- ئوپۆزیسیۆن.

[84] -Der Fall "Mykonos"I Ein Weiteres Biespiel fur Staatsterrorismus, Komitee der iranscchen Opposition im Exil gegen terror, Berlin, ڕێکەوتی نییە (دوای ئوکتۆبری ١٩٩٢)

Der Fall "Mykonos"II Dokumentation zum Staatsterrorismus Iran's, Komitee der iranscchen Opposition im Exil gegen terror, Berlin, ڕێکەوتی نییە (دوای ژوئەنی ١٩٩٣)

Der Fall "Mykonos"III Dokumentation zum Staatsterrorismus Iran's, Komitee der iranscchen Opposition im Exil gegen terror, Berlin، ڕێکەوتی نییە (دوای ئوکتۆبری ١٩٩٣)

هەموو بەرگی یەکەم و دووهەم و دەوروبەری نیوەی بەرگی سێهەم، براو و لێکراوەی چاپەمەنییە ئاڵمانییەکانە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوەی موجاهیدین [ی خەلق] لە سەرەتاوە نەك وەکوو یەکێك لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەڵکوو بەشێوەی دەوڵەتێك هاتە کایەوە و لەعەینی کاتدا بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراوەکە و شۆڕای نەتەوایەتی بەربەرەکانی، دەستی بە پڕ و پاگەندە کرد. یەکەمین ڕاگەیاندنەکانی شۆڕای نەتەوایەتی بەربەرەکانی و ڕێکخراوەی موجاهیدین، جگەلە تۆمەتبارکردنی ڕژیم بە بەشداریکردن لە تیرۆرەکە، چەشنە حیساب پاك کردنەوەکیش بوو لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

ڕۆژێك دوای تیرۆر، ڕاگەیاندنێکی چاپەمەنی لەلایەن دەفتەری موجاهیدینی خەڵق لە شاری کۆڵن و ڕاگەیاندنێکی چاپەمەنی بە ئیمزای "مەسعوود ڕەجەوی ڕێبەری شۆڕای نەتەوایەتی بەربەرەکانی و فەرماندەی سوپای ئازادیبەخشی ئێران" بڵاو کرایەوە. لە ڕاگەیاندنەکەدا، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك "حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ـ لقی قاسملوو" و " حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ـ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" یش بە "حزبی دیموکراتی کوردستان ـ ڕێبەرایەتی نوێ" ناوبرابوو. لەم ڕاگەیاندنەدا باسی وتاردانی تەلەفزیۆنی فەلاحیان کراوە بەڵام ئاماژەیەك بەوە نەکراوە کە فەلاحیان بەشێوەیەکی دیاریکراو باسی "گروهەکی دیموکرات" و لێدانیانی کردبوو و بەماوەیەکی کەم دوای ئەوە، ڕێبەری حزبی دیموکرات تیرۆر کرا، نەك یەکێ لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ.

ڕۆژی دواتر (١٩ ی سپتامبر)، لەلایەن جەوادی دەبیران، وتەبێژی شۆڕای نەتەوایەتی بەربەرەکانی لە ئاڵمانەوە ڕاگەیاندنێکی چاپەمەنی (بەزمانی ئالمانی) بڵاو کرایەوە. ڕاگەیاندنەکە ٧ خاڵی گرتبوە بەر: ١. تیرۆرەکە کاری ئەو تیرۆریستانەیە وا لە ڕەفسەنجانی فەرمان وەردەگرن. ٢. ... ٣. ... ٤. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە، تاوانبارەکان لە ڕۆژی یەکەمی دوای قەتڵدا لە بەرلین بوون و ئێستاش هەر لە ئاڵمانیان، دەشیانەوێت شوێنی دانیشتنی خۆیان زوو زوو بگۆڕن ئینجا لە ئاڵمانیا بچنە دەرەوە".

لە ڕاگەیاندنێکی ڕۆژی ٩٢/٩/٢١ دا بەئیمزای دەفتەری موجاهیدینی خەلقی ئێران لە کۆڵنیشدا هاتبوو: "بەگوێرەی زانیارییەکانی فەرماندەیی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، تێرۆرەکە... [لەلایەن] یەکەی تایبەتی سوپای پاسداران کە فەرماندەکەی ئەحمەدی وەحیدییە و بەتایبەت لەلایەن محەمەد جەعفەرییەوە... داڕێژراوە. وەزارەتی ئیتیلاعات و ئاسایشی ئێران و وەزارەتی کاروباری دەرەوەی مەلاکان [لە کارەکەدا] بەشدار بوو و لەژێر چاوەدێریی ڕەفسەنجانیدا بەڕێوەیان بردوە... هێشتا هەندێك لە تاوانبارە سەرەکییەکانی تێرۆر تا ئەم سەعاتە لە ئاڵمانیا ماون و خۆیان شاردۆتەوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کۆنترۆڵی ئاسایش کەم بێتەوە بۆ ئەوەی لە ئاڵمانیا بچنە دەرەوە. کاری تێرۆر بەرێبەرایەتی محەمەدی جەعفەری بەڕێوە براوە... محەمەدی جەعفەری لە ١٣ ی مانگی جوونی ١٩٨٩ دا بەناوی خوازراوی "سەحراروودی" بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە کوشتنی قاسملوودا لە ڤیەن بەشدار بوە." لە ڕاگەیاندنەکەدا چۆنیەتی دەست ڕاگەیشتنی تێرۆریستەکان بە قوربانییەکان، "بانگهێشتن بۆ وت و وێژی نهێنی"، چەتەیی هەوایی و لەشکرکێشانی سوپایی لە دەرەوەی خاکی ئێران، دزەکردنە ناو ڕێکخراوە سیاسییەکان و دەوروبەری کەسایەتییە سەربەخۆکان یان شوێن کەوتنی نەیاران لە وڵاتانی دیکە" ش باسیان لێوە کراوە.

ئەو زانیارییانەی وا ئەوان سەبارەت بە تێرۆری دیاریکراوی میکۆنۆس بڵاویان کردەوە، دەبوایە بگاتە ئەنجامی گیرانی بکوژەکان. بەڵام دوای توێژینەوەی ورد و دوور و درێژی پۆلیس و دادگا، هیچکام لەو ناوانەی وا موجاهیدین لە ڕاگەیاندنەکانیاندا ناوبردەیان کردبوو، لەماوەی دادگای میکۆنۆسدا نەهاتنە گۆڕێ و خاڵەکانی دیکەشی پەسند نەکران. موجاهیدین هیچ خاڵێکی دیاریکراویان سەبارەت بە میکۆنۆس نەدەزانی و ئەوەی گوتیان و بە دەنگ و هەرای زۆرەوە لە ڕاگەیاندن و وت و وێژە چاپەمەنییەکاندا ڕایان گەیاند، ئاکام و ئەنجام یا گومان و مەزندەکردنێك بوون کە لە زانیارییە ڕاست یا هەڵەکانیان یاخود لە بابەتی دیکەیان وەرگرتبوو و بەشێوەی ڕاستەوخۆ هیچ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیوەندیێکی بەرووداوی میکۆنۆسەوە نەبوو. لەسەر بنەمای هەر ئەم ئاکام وەرگرتنانە بوو کە یەکێ لە موجاهیدین **[**ی خەلق**]** لە مانگی ئاپریلی **١٩٩٣** دا چوو بۆلای پۆلیس و "هەندێك زانیاری سەبارەت بە تێرۆر و پلان دارِشتنەکەی" ئاراستەی پۆلیس کرد.[٨٥] موجاهیدین لەماوەی شایەدیدانی"دەبیران" ـ وتەبێژی شۆڕا لە ئاڵمانیا، دوو زانیاریی وردیان سەبارەت بە میکۆنۆس خستە بەردەمی دادگا: ڕاگەیاندنی بارودۆخی نائاسایی لە کوردستان لە ڕۆژی تێرۆرەکەدا و هەرەها ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی ناوخۆیی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی سەبارەت بە تێرۆرەکە.

موجاهیدین کە بەردەوام کەوتبوونە بەر تێرۆری کۆماری ئیسلامی و ئێستاش هەروان، زیاترین حەساسیەتیان سەبارەت بە تێرۆری میکۆنۆس نیشان دا و یەك لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوون کە تێرۆر و دادگایان، لای کەم لەماوەیەکی درێژخایەندا، جێگەی سەرنجی جیددییان بوو و لەوەدا کە کێشەی میکۆنۆس لەناو ئێرانیان و هێزە لاوەکییەکانەوە فەرامۆش نەکرێت دەوریان بینی.

---

[٨٥]. بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا، بەشی٥- جاسووس

## ٣. چاپەمەنییەکانی ئاڵمانیا و تێرۆر

چاپەمەنیەکانی ئاڵمان لە نواندنی رووداوی میکۆنۆسدا دەورێکی جیددییان بینی، زانیاری زۆریان بە خوێنەرەکانیان دا، و لە عەینی کاتدا کە هەندێ خاڵیان روون کردەوە، هەندێکی دیکەیان خستە تاریکییەوە. کارتێکەریی چاپەمەنیەکان لە سەر بیروڕای گشتی و لەم رێگەوە تەنانەت لە سەر هەڵس و کەوتی دەوڵەتی ئاڵمانیا لەگەڵ دادگا و ئەو زانیارییانەی کە ئاراستەیان کردن، شوێنێکی زۆر چارەنووس سازی دانا .

بۆ روونکردنەوەی یەك لە کردەوەکانی چاپەمەنییەکانی ئاڵمانیا، [ئێمە لێرەدا] تەنیا خۆمان بە چاپەمەنییەکانی سەردەمی گەرماوگەرمی دوای تێرۆرەکە (واتە چوار رۆژ) ەوە خەریك کردوە. هەر چەندە ئەم سەردەمە کورتە ناتوانێ روخسارێکی تەواو [ی کردەوەکان] دەربخات بەڵام روونکەرەوەی لایەنێك لە دەوری چاپەمەنی لە وڵاتی ئاڵمانیایە. کەم و زۆر سەیری هەموو رۆژنامەکانی بایەخداری ئاڵمانیا کرا و لەناویاندا ١٥ رۆژنامە و هەفتەنامەکە سەبارەت بە رووداوی میکۆنۆس هەواڵ یان راپۆرتیان چاپ کردبوو، هەڵبژێردران.

لەبەر ئەوەی تێرۆرەکە لە بەرلین رووی دابوو، رۆژنامەکانی بەرلین لەچاو رۆژنامەی شارەکانی دیکەی ئاڵمانیا راپۆرت و هەواڵێکی زیاتریان بڵاو کردەوە. لە ئەنجامدا زۆرایەتی رۆژنامە هەڵبژێرراوەکانی ئێمە لە بەرلین چاپ کراون (٧ بڵاوە لە سەرجەمی ١٥).

رۆژنامەکان لە دوو تاقمی جیاوازدا کەوتنە بەر توێژینەوە: رۆژنامە عەوام پەسندەکان (سێ رۆژنامەی ناوبەدەرەوەی بەرلین) و رۆژنامە بایەخدارەکان. جا لەبەر ئەوەی راپۆرتی هەرکام لەو دوو تاقمە رۆژنامەیە تایبەتمەندییەکی خۆیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوو، ئەوانەش وا بابەتەکانیان بۆ دەنووسرا جیاواز بوون و لە ئامادە کردن، ڕێکخستن، و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا ئامانجی جیاجیایان هەبوو.

## ١. ڕۆژنامە عەوام پەسندەکان

ئەم ڕۆژنامانە زیاترین خوێنەریان هەیە و بایەخیان تەنیا لەو ڕووەوەیە کە خوێنەریان زۆرە و لە ڕوونکردنەوەی کێشەکان و ئەوەش کە شیاوی ناوی ڕۆژنامەنووسییە هیچیان تێدا بەدی ناکرێت. بۆ ئەم ڕۆژنامانە نە ڕووداوی میکۆنۆس و نە هیچ ڕووداوێکی تر خۆی لە خۆیدا گرنگایەتی نییە. هەواڵەکان تەنیا کەرەسەیەکن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر. ئەم ڕۆژنامانە بەدوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕێن کە دەتوانن بیابفرۆشن و ئەگەریش هیچیان چنگ نەکەوت لە خۆیانەوە دەیخوڵقێنن و چاپیان دەکەن. ئامانج لە پلەی یەکەمدا ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەری زیاترە نەك ڕوونکردنەوەی ڕاستی.

ئەم ڕۆژنامانە، هەواڵەکان بە گەورەترین عینوانی گونجاوە بە خەڵك ڕادەگەیێنین [بۆ نموونە]: "تەقەی گوللە لە چێشتخانەی یۆنانی ٤ کوژراو و یەك بریندار"[٨٦]؛ "کوشتاری بەرلین"؛ "مەرگ دوای شێو گەیشتی"[٨٧]؛ "حەمامی خوێنی کوردان لە بەرلین، ٣٠ گوللە، ٤ کوژراو"[٨٨]؛ "کوشتاری بەکۆمەڵ لە میکۆنۆس"[٨٩]؛ "ئیعدام لەکاتی شێودا[٩٠]." بۆ ئەوەی بابەتەکە بکەنە جێگەی سەرنجی زیاتر، یەك لە ڕۆژنامەکان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کوڕێژکەیەکدا چاپ کرد، کە باوکی هاتبوو شوێنی ڕووداوەکە ببینێت: "هاتووم بزانم هێشتا خوێن لەسەر زەوی ماوە[٩١]".

---

[86] Bild, ٩٢/٩/١٨

[87] هەمان شوێن، ٩٢/٩/١٩

[88] BZ, ٩٢/٩/١٩

[89] Berliner Kurier, ٩٢/٩/١٩

[90] هەمان شوێن، ٩٢/٩/١٩

[91] Bild, ٩٢/٩/٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووداوەکە تەنانەت لە زمان بەشداران [ی کۆبوونەوەکەی میکۆنۆس] یشەوە تام و رەنگێکی تایبەتی بەخۆیەوە گرت. لەم چەشنە هەواڵنێرییەدا، قسەی یەکێ لە کەسانی بەشداربوو لە کۆبوونەوەی میکۆنۆس بەعینوانی گەورەوە، ئەم رەنگ و بۆنەی گرت:

"من لە قەتڵی عامەکەدا زیندوو مامەوە"، "من خۆم خزاند، پاشان دەمانچە، سێ دەسڕێژ، خوێن[92] ".

خولْقاندنی ترس و هەراس و نەبوونی ئاسایش لەرێگەی بەکارهێنانی چەند وشەیەکی قەبە و نالەبارەوە و لەعینوانێکی گەورەدا، ئاساییترین شێوازی ئەم رۆژنامانەیە بۆ راکێشانی سەرنجی مشتەری. کەڵك وەرگرتن لەم شێوازە لە رووداوی میکۆنۆسدا، بەکردەوە کەوتە خزمەت شێواندنی هەواڵ و بەرەو لایەنی تایبەت بردنیان بۆ بەرژەوەندی سیاسەتەکانی رۆژ.

ئەم عینوانانەش کە هەندێ جار نیولاپەرەی رۆژنامەکانیان پڕدەکردەوە، لەلایەکەوە دەوری راکێشانی مشتەرییان دەبینی و لەلایەکی دیکەوە سەرەتایەك بوو بۆ ئەوشتەی وا لە راپۆرتەکەدا رادەگەیێنرا. راپۆرتەکان هەواڵی شێوە ئاساییان تێدا نەبوو، بەڵکو پڕبوون لەو حیکایەتانەی کە بەگوێرەی عادەت، لەگەڵ خواست و سیاسەتی راسترین باڵەکانی حکومەت دروست دەکرێن. هەر کاتێ سەرچاوەی بەرهەمهێنەری زیهنی حیکایەتبێژەکانی رۆژنامە ویشك دەبوو، کەرەسەی پێویستیان بە بێ پرسینەوە لە چۆنیەتی هەواڵەکان لە قسەی کاربەدەستانی دەوڵەتی پێك دەهێنا: "بەرپرسی ئاسایشی بەرلین... گوتی: لەو سەعاتەدا رەستورانەکە مشتەری زۆری لێبوو کە ئاڵمانیشیان لەناودا دەبینرا، بکوژەکان ٢٥ تا ٣٠ گوللەیان هاویشت، روانگەیەکی ناحەزە. هەر کەس گوللەی وێنەکەوت بەختێکی باشی هێنا". و "٩ پیاو لەژێر چەتری مشتەرییەکانی تردا لەسەر مێزی نانخواردن دانیشتن"[93] واتە دەکرا هەر ئاڵمانییەك لەو کاتەدا لە رەستورانەکە بێت و بکەوێتە بەر گوللە و ببێتە

---

[92] BZ, ٩٢/٩/١٩

[93] BZ, ٩٢/٩/١٩

قوربانییەکی "بالقوە" و بێتاوان و بێهەواڵی تیرۆر. رۆژنامەکە نەینووسی کە بەرپرسی ئاسایشی بەرلین ئامادە نەبوو وەڵامی پرسیاری هەواڵنێران سەبارەت بە ژمارەی ئەو ئاڵمانیانەی لە رەستورانەکە بوون بداتەوە.[٩٤] ئەو هەواڵەش کە گوایە رەستورانەکە لەو سەعاتەدا مشتەرییەکی زۆری بووبێت، درۆیەکی تەواوە. دەستەی نووسەران و هەواڵنێرانی رۆژنامەکە لەسەر بنەمای ئەو چاوپێکەوتنانەی وا خۆیان چاپیان کردبوو، ئاگاداری مەسەلەکە بوون کە لەو سەعاتەدا تاقە یەك مشتەری ئاڵمانی لە رەستورانەکەدا بوو، و ئەویش هاوڕێی خاوەن رەستورانەکە بوو.

ئەم رۆژنامانە، هەندێ بابەتی بێ پێیوەندیان لە رووداوەکەدا زیاد کرد و هەر ئەو خاڵانەشیان گەورە کردەوە تا رووداوەکە وەك مەترسییەك بنوێنن کە هاوڵاتیانی ئاڵمانی دەخاتە بەر هەڕەشە. هەر ئەو رۆژنامانەش بە خوێنەری "ئاسایی" یان راگەیاند کە ئەو مەترسییانە کێ دەیان خوڵقێنێت:

"تیرۆرەکانی بەرلین:

١٩٧٣ بۆمبادانان لە بەشی تایبەت بە ئیسرائیل لە پیشانگەی ژنێڤ... هۆکار، فەلەستینیەکان

١٩٧٦ بۆمبادانان لە دەفتەری ... ئیسرائیل، هۆکار، رێکخراوی دەستی شۆڕشی عەرەب

١٩٧٧ تیرۆر لە وەکالەی سەفەری میسر، هۆکار، فەلەستینی

١٩٨٣ بۆمبادانان ... هۆکار، کارلۆس

١٩٨٤ بکوژێك ... کوردێکی سووتاند. بکوژ...

١٩٨٦ بۆمبادانان لە دیسکۆ "لابێل"،گومانلێکراو، لونبانییەك

١٩٨٨ تەقەکردن لە دەفتەری رۆژنامەی حورییەت، هۆکار تیرۆریستانی تورك[٩٥].

---

[94] Tagesspiegel, ٩٢/٩/١٩

[95] Bild, ٩٢/٩/١٩

لە ماوەی ئەو دە ساڵەیدا وا رۆژنامەکە هەواڵی تاوان و تیرۆری بەرلینی کردۆتە لیستە، گەلێك تاوان لە شارەکەدا رووی داوە و رۆژنامەکە تەنیا هەندێ نموونەی تایبەتی هەڵبژاردوە کە هەم بکەر و هەم قوربانییەکانی بێگانە بوون. کەوابوو، شەڕ، شەڕی بێگانانە لەگەڵ یەکتر و ئاڵمانییەکان قوربانیی بێتاوانن. رۆژنامەیەکی تر لەوەی رۆشنتر نووسی:

"بەرلین دەبێتە گۆڕپانی شەڕ. دوای قەتڵی عامی میکۆنۆس تایبەتمەندانی ئاسایش لەوە دەترسن کە هەر دوو بەشە بەیەك بوەکەی بەرلین ببن بە ناوچەی شەأی تاقمی دژ بەیەکی بێگانە... یاریدەدەری نەقابەی پۆلیسی بەرلین دەڵێ: ئێمە لەمێژە کێشەی جینایی بێگانەکان بەهۆکاری سیاسییەوە دەستینیشان دەکەین. لەبەر ئەوەی کە بەرلین دەبێتە ناوەندی هێز و ئابووری، کەسان و ناوەندە (جیاجیاکان) زۆرتر و زۆرتر دەبنە ئامانجی گرووپە تیرۆریستیەکان. مەترسی زیاتر لەلای رۆژهەلاتی نزیکەوە دەبینین بەلام نابێ بایەخی کەم بدرێتە ولاتە نوێیەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی دوای رووداوەکانی بالکانیش".
سالی رابردوو پۆلیسی بەرلین ٢٧٩ رووداوی بەهۆکاری سیاسییەوە تۆمار کردوە کە بێگانەکان کردوویانن. لەسەر بنەمای زانیارییەکانی رێکخراوەی ئاسایشی ئاڵمانیا [ئێستا] ٢٧٠٠ بێگانەی توندرەو لە ئاڵمانیا دەژین. زیاد لە هەموان، ئەوانە فەلەستینی و کوردن. بەگشتی لە بەرلین ٣٥٥٣٥٦ کەسی بێگانە دەژین کە سەدا ٩٥ یان دانیشتووی بەرلینی رۆژئاوان.[96]

تایبەتمەندانی ئاسایش و کاربەدەستانی پۆلیسی بەرلین لەجیاتی پارێزگاری کردنی گیانی قوربانیەکان و لەبری هەست بە بەرپرسایەتی کردن (خۆ ئەگەر هەست بە تاوانیش نەکەن)، دەستیان کرد بە هێرش بردنە سەر بێگانە. رۆژنامە

[96] Berliner Kurier، ٩٢/٩/١٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەوام پەسندەکان ئەم پروپاگەندەیەیان پەرە پێدا، کە قوربانییەکانی خۆیان بەرپرسی کێشەکانن لەبەر ئەوەی بێگانەن.

ئەم رۆژنامانە، کە خۆیان یەك لە هۆکارە جیددیەکانی جینایەت و توند و تیژی لە ئاڵمانیان و بۆ راکێشانی خوێنەر لە هیچ شت ناپەرموونەوە، راپۆرتەکانی خۆیان بەگێڕانەوەی کارگەلی توند و تیژ و خولقاندنی ژینگەیەکی جینایی و ئەوەی وا بە زیهنیاندا دێت دەڕازێننەوە، و بەو کەرەسەیەی وا بەدەستیانەوەیە (واتە رۆژنامە) ماسکی قوربانی لە دەم و چاوی خۆیان دەدەن. خوێندنەوەی ئەم هەواڵانە تەنیا دەبێتە هۆی ترسانی خوێنەر لە بێگانە و بەم شێوەیە، تیرۆر و هۆکارەکانی تیرۆر و قوربانیەکان دەبنە خاوەن گرنگایەتی پلە چەندەم.

سەبارەت بە هۆیەکانی تیرۆری میکۆنۆس، سەبارەت بە دەوڵەتی ئێران کە رێکی خستبوو و بەڕێوەی بردبوو، و دەوڵەتی ئاڵمانیا کە گەورەترین و باشترین پشتیوانی دەوڵەتی ئێران لەناو وڵاتە رۆژئاواییەکانە و تەنانەت مەئموورانی ئیتیلاعاتی رژیم (و لەوانە، پلان دارێژانی تیرۆر) رادەهێنێت، بێدەنگ مانەوە و هیچ هەواڵ و راپۆرت و تەنانەت حیکایەتێکیان بڵاو نەکردەوە.

دوای بەربەست کردنی چالاکیەکانی پ ك ك لە ئاڵمانیا دوابەدوای شەأی دوهەمی کەنداو، کێشەی کورد جێگەیەکی بەربڵاوی لە رای گشتی خەڵکدا بۆخۆی دابین کرد. ئەم رۆژنامانە کەڵکیان لەو مەترسییەش وەرگرت. یەك هەر لەو رۆژنامانە لەژێر سەردێڕی "کوردان – گەلی بێ وڵات" دوای چەند رستەی کوردی دڵسۆزانە سەبارەت بە گەلی کورد، گەأایەوە سەر بابەتەکەی وا دەیەویست:

..."لە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران و تورکیادا، پێکدادانی سوپای ئێرانی و تورکیا لەگەڵ پ ك ك لەماوەی چوار هەفتەی رابردوودا تەوژمی پێدراوە".[٩٧]

دیڕێك دواتر، هەمان هەواڵی لەبیر بردەوە و نووسی:

"وتەبێژێکی وەزارەتی ناوخۆ لە ئانکارا بۆچوونی "بێ سێت" ی نەدایە دواوە کە تیرۆری چوار کوردی ئێرانی، عەمەلیاتی تۆڵەسەندنەوەی گروپێکی ژێرزەمینی لایەنگری تورکیا بوە".

و لە کۆتاییدا بۆ قەرەبوو کردنەوەی قسە بێ سەروبەرەکانی خۆی، لێکۆڵەرەوەیەکی کاروباری سیاسی دۆزییەوە بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی لە زمان ئەوەوە بکاتە خاوەن بەڵگە و دەستاوێژ:

"من لام وایە رێکخراوێکی راستئاژۆی تورکیا بەرپرسی تێرۆرەکە بێت. پاڵنەریان بۆ ئەم کارە، تەنیا ئەوە نییە کە ئەوان، سەر بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی چەپئاژۆ بوون، بەڵکو ئەوەش هەیە کە ئێرانی بوون لەبەر ئەوەی ئێران چاو لە بوونی پ ك ك لەسەر خاکی خۆی دەقووچێنێ و لە رابردوودا چەکیشی پێ داون بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوخۆی تورکیا بشێوێنن."[٩٨]

سەرەتا، شەڕی ئێران دژ بە پ ك ك و لە کۆتاییدا یارمەتی ئێران بەوان و لەهەموان بێ پێوەندیتر، شێواندنی ئاسایشی ناوخۆی تورکیا .

ئامانجی ئەم رۆژنامانە ئەوە نەبوو خوێنەر لە رووداو و کارەساتەکان ئاگادار بکەنەوە و بەرواڵەت ئامانجی خوێنەرەکانیشیان ئەوە نەبوو.

بیلد تاقە رۆژنامەیەك بوو، کە لە رۆژی ١٨ی سپتامبردا هەواڵی تێرۆری میکۆنۆسی بڵاو کردەوە. تێرۆرەکە سەعات ١١ ی شەوی ١٧ی سپتامبر

---

97 BZ, ٩٢/٩/١٩

98 BZ, ٩٢/٩/١٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕێوەبرابوو و تا ئەو سەعاتەش، ڕۆژنامەکانی ڕۆژی ١٨ی سپتامبر چاپ و بڵاو ببوونەوە. بیڵد بەهۆی تاو و تەوژمی هەواڵەکەوە، چاپێکی دووهەمی لێ بڵاو بوەوە و لەبەر ئەوەی تاقە سەرچاوەی ئەو کاتەی ڕۆژنامەکە، ئەو شایەدانە بوون وا ڕووداوەکەیان بەچاو بینیبوو و ئیتر دەرەتانی حیکایەت هۆندنەوە یاخود بردنی هەواڵەکان بەرەو لایەنێکی تایبەتیان نەبوو، هەواڵەکە بەراستی ڕاگوێزرا:

"شەرەفکەندی جێگری قاسملوو بوو. قاسملووش دوو ساڵ پێش ئێستا لەلایەن سازمانی ئاسایشی ئێرانەوە تیرۆر کرا."[٩٩]

بەڵام ڕۆژی دوایی، دەتگوت لە قسەکانی خۆی و لە درکاندنی ئەو ڕاستیەی کە جێ پێی کۆماری ئیسلامی لە ڕووداوەکەدا دەردەخست ترسابێت. ئەم جێ پێیە، لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانەی وا ڕۆژنامەکە قسەبێژیانە، یەکی نەدەگرتەوە. ڕۆژی دواتر داواکاری گشتی ئاڵمان، ڕێکخراوەی ئاسایشی ئێرانی بە یەکێك لە گۆمانلێکراوەکان دایە قەڵەم و بیلد نووسی: "پاشان، ڕێکخراوی ئاسایشی ئێرانە" و لێی زیاد کرد و گوتی: "بۆ داواکاری گشتی ئاڵمانیا ڕێکخراوی ئاسایشی ئێران دووهەم گومانلێکراوە. هۆی ئەم گومانەش ئەوەیە وەزیری ئیتیلاعاتی ئێران دوو هەفتە پێش ئێستا هەأەشەی قەتڵی عامی لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد کردبوو." بۆ بیلد ئەم قسەیە خۆش نەبوو، جا بە "مانۆڕێکی گاڵتەجاڕ" ی لەقەڵەم دا. ئیتر ئەوەی "بۆچی دەبێت وەزیری ئیتیلاعاتی ئێران ئەم مانۆڕە بدات"، مەتەڵۆکەیەك بوو کە ڕۆژنامەکە تەنانەت ئاماژەشی پێ نەکرد.

بیڵد بۆ پەردەپۆشی کردنی ئەوەی کە تەنانەت خۆیشی ئاماژەی پێ کردبوو واتە بەشداربوونی ڕێکخراوەی ئاسایشی ئێران لە تیرۆری قاسملوو و پێوەندی کارەکە بە تیرۆری شەرەفکەندییەوە، هەموو جیهان گەڕا و لە ئەنجامدا ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی زمانی دۆزییەوە کە سەددامی بەهۆکاری تیرۆرەکە ناوبردبوو. بیڵد پێی لەسەر ئەم بۆچوونە داگرت و بۆ ئەوەی بە خوێنەرەکانیشی

[٩٩] Bild, ٩٢/٩/١٨

بقەبڵێنێت، زانیاریی تەزویرکراوی هێنایە کایەوە. ئیتر تەنانەت ئەوەی قەبوڵ نەکرد کە ئێرانییەك دەستی لە تیرۆرەکەدا هەبوە و شاهیدەکان گوتوویانە یەك لە تیرۆریستەکان بە فارسی جنێوی داوە. بیڵد لە وتارێکدا کە عینوانەکەی ئەوە بوو: "کوشتاری بەرلین ئیشی سەددام بوو"، بەئانقەست و لەڕووی زانیارییەوە ئێرانی بە عیراق نووسی و گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە عیراقیەکیش گوللەی خستوە و هەر بۆیەش بە فارسی جنێوی داوە. بکوژێکی ورد و بەڕێ و جێ و خەمسارد. پاشان هەڵەیەکی ساکاری کرد بەوەی جێ پێی تەزویری بۆ سەددام حوسێن دروست کرد.[100] بۆ ئەوەش کە ئەم درۆ دەستکردانە وەك راستیەکی بە بەڵگە بخاتە بەردەم خوێنەر، ئەوەشی لێ زیاد کرد: "سەددام بۆ سەری هەر کوردێك ٥٠٠ هەزارمارکی خەڵات داناوە."[101]

بەگوێرەی مۆدەی ئەو رۆژە، وەزارەتی ناوخۆ و کاربەدەستانی پۆلیس [ی ئاڵمانیا] و بەشوێن ئەوانیشدا ئەم تاقمە رۆژنامەیە، دوای هەر رووداوێکی ناخۆش بەشوێن پ ك ك دا دەگەڕان و دەشیان دۆزییەوە. بۆ وتەبێژی دادئەستێنی (بەڵام نەك بۆ دادئەستێنی گشتی و نە بۆ مەئموورانی لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش)، لەم کێشە تایبەتەدا گومانلێکراوی پلە یەکەم، پ ك ك بوو. بیلد کەڵکی لەم خاڵەش دەبینی بەبێ ئەوەی بە خەیاڵی خۆی زیانێك لە بۆچوونە سەرەکیەکەی بدرێت، و بەیارمەتی دیپلوماتیکی بێ ناو و نیشان، حیکایەتەکەی خۆی لەمەڕ سەددام چەور و نەرمتر کرد:

"ئەگەر پ ك ك بووبێت، ئەوان تەنیا کەرەسەیەك بوون، لەبەر ئەوەی پ ك ك پێویستی بە دەرەتانی فەرماندەیەك هەیە کە سەددام بێت".

هەرگیز بچووکترین بەڵگەش بەدەستەوە نەبوو کە بکرێت لەسەر ئەساسی ئەو، تیرۆرەکە بە سەددامەوە بلکێنرێت. بەڵام بیلد تەنیا وەك هۆیەك دوا. لە کۆتاییشدا رۆژی ٢٢ ی سپتامبر پۆلیس رایگەیاندکە بەشوێن چەند کەسی عەرەبی گومانلێکراوی تیرۆرەکەدا دەگەڕێن. لەبەر ئەوەی گومانلێکراوەکان

---

[100] Bild، ٩٢/٩/١٩

[101] هەمان شوێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەرەب بوون و سەددامیش عەرەبە، بیلد بەڵگەی باشی بۆ راگەیاندنەکانی خۆی دەست کەوت و بە عینوانێکی گەورە رایگەیاند:

"قەتڵی عامی بەرلین. پۆلیس بەشوێن عەرەبێکی قەڵەووەیە، بکوژەکان بە تاکسی هاتن. کەوابوو، راستە، لەپشت تیرۆرەکەوە سەددامە... رێکخراوەی ئاسایشی خۆمان تەئیدی ئەوە دەکات کە سەری هەموو هەوداکان دەچنەوە بۆ بەغدا. تیمی تیرۆر لە بەغداوە نێرارانە بەرلین و لەوانە، ئەو ٣ تیرۆریستەی وا... چوار کوردیان تیرۆر کرد".

ئەو "رێکخراوەیەی ئاسایشی خۆمان" کە بیلد ناوی دەبات، بەرواڵەت دەبێ تەنیا راپۆرتی بە بیلد دابێت لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێکی تر نیشانەیەك لەو راپۆرتە نییە. "کەسێکی قەڵەو" یش کە "بە تاکسی هات" ئێرانی بوو. ئەو عەرەبانەش وا بەشوێنیانەوە بوون، عیراقی نەبوون و لە نەتەوەی جیاجیا بوون. بەڵام بۆ بیلد، عەرەب بوونی ئەو کەسانەی وا بەشوێنییانەوە بوون و عەرەب بوونی سەددام بەڵگەی تەواو جێی پەسند بوو. "جنێودان بە فارسیش لەلایەن یەکێ لە تیرۆریستەکانەوە، لە رۆژنامەکەدا وەك شوێنەگومکێی عەرەبەکان قەبڵێنرا، مەسەلەی بەشداربوونی ئێرانییەك لە کێشەکەدا ئیتر هەر بەتەواوەتی لەبیر برایەوە. رۆژی ٢٣ ی سپتامبر و دوای دۆزرانەوەی چەکەکان لەلایەن پۆلیسەوە، رۆژنامەی بیلد بە عینوانێکی گەورە رایگەیاند:

"تیرۆریستەکانی سەددام لە کاتی هەڵاتندا چەکەکانیان فرێ دا".

رۆژی ٢٦ی سپتامبریش راپۆرتی رێ و رەسمی ناشتنی دیهکوردی بڵاو کردەوە و سەرەڕای ئەوەی لە رێ و رەسمەکەدا چەندەها جار ناوی کۆماری ئیسلامی وەك بەرێوەبەری تیرۆرەکە راگەیێنرابوو، تەنانەت ئاماژەیەکیشی بەوە نەکرد کە ئێران دەستی لە تیرۆرەکەدا بوو بێت. لە عینوانی رۆژنامەکەدا تەنیا ئەوەی راگەیاند کە:

"بێوەژنی کورد هەڕەشە دەکات کە: بکوژەکان بێ وەڵام نامێننەوە".

نە دیهکوردی کورد بوو، و نە ژنەکەی کوردە.

بێ سێت بەپێچەوانەی بیلد نووسی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"ناشتنی نووری دیهکوردی لە [ئەندامانی] ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و قوربانییانی قەتڵی عامی میکۆنۆس، بوو بە خۆپیشاندانی دژی رژیمی ئێران. ٨٠٠ کەس ئێرانی لە دەوری تابووتێك کە بە گوڵی رۆز رازابووەوە وەکۆ بوون. ژمارەیەکی زۆریان ئاڵای سەوز و سپی و سووری ئێرانیان بەنیشانەی شاوە هەڵگرتبوو. قسەکەرەکان تێرۆر و بەرپرسی تێرۆرەکە، ئێرانیان مەحکووم کرد."[١٠٢]

بەڵام ئەوانەی وا ئاڵای ئێرانیان پێ بوو، لەدوا کاتەکان [ی خۆپیشاندانەکە] دا خێرایەك چوون ئاڵاکەیان هێنا، ژمارەشیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست زیاتر نەبوو. بەسەر ئاڵاکەشەوە هیچ نیشانەیەکی شای پێوە نەبوو و ئەوانەش وا ئاڵاکەیان بەدەستەوە بوو، لایەنگرانی شا نەبوون.

رۆژی ٧ ی ئۆکتۆبر بیڵد هەواڵی گیرانی دوو گومانلێکراوی راگەیاند:

..."داواکاری گشتی ئاڵمانیا ـ "ئەلێکساندر ڤۆن شتال[١٠٣]"وای مەزندە دەکات کە بەرێوەبەرانی تێرۆرەکە، ناحەزانی حزبی دیمۆکراتی کوردستانن."[١٠٤] بەم شێوەیە، تەنانەت قسەی بەپێچ و پەنای فۆن شتاڵ سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیشیان بۆ پێنە کرد.

دوای ئەوە ئیتر تێرۆری میکۆنۆس کەم و زۆر جێگەیەکی گرنگی لە رۆژنامەکاندا پێ نەدرا و هەر ئەندازە دەستی دەوڵەتی ئێران لە رووداوەکە زیاتر دەردەکەوت، ئەوان کەمتریان باس لێوە کرد.

رۆژنامەکان بە هیچ شێوەیەك هەواڵی ئەوەیان بڵاو نەکردەوە کە دوای رووداوی میکۆنۆس پۆلیسس ئاڵمانیا "ماڵی ئێران" لە نزیك کۆلن گەڕاوە و چەند دیپلۆماتیکی ئێرانی، یەك لەوان غولامی بەرپرسی دارابی، مەجبوور بوون ئاڵمانیا بەجێ بهێڵن.

102 BZ, ٩٢/٩/٢٦
103 VON STAHL
104 Bild, ٩٢/١٠/٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژنامە عەوام پەسندەکان کە خوێنەری زۆریان هەیە ئەوەندەی توانییان هەوڵیان دا زیهنی خوێنەرەکانیان چەواشە بکەن. ناوی بەأێوەبەرانی جینایەتەکەیان نەهێنا و بەم کارە بێ دریغەیان یارمەتی کۆماری ئیسلامییان دا.

## ٢. ڕۆژنامە بایەخدارەکان

ئەم ڕۆژنامانە لە ڕۆژ و مانگەکانی سەرەتای دوای تیرۆردا بەشێوەی پێویست خۆیان بەگرنگایەتی، ئەنگیزە، هۆگەل و عەوامیلی تیرۆرەکەوە خەریك نەکرد یاخود نەیانتوانی لێی تێ بگەن. واهەیە هەواڵنێرە خاوەن ئەزموونەکان ترسی یاریی پشت پەردەیان هەبوو و زەحمەتی وایان نەدایە خۆیان کە دواتر بێ سوود بمێنێتەوە. ئەم ڕۆژنامانە بەشێك لە ڕاستییان چاپ کرد بەڵام قسە و هەواڵ گەلێك لە ڕاگەیاندنەکانی ئەوان زیاتر بوو.
داواکاری گشتی هەموو تیرۆرەکانی لەڕێگەی پۆلیسی جیناییەوە خستە بەر لێکۆڵینەوە و لەگەڵ دەوائیری پێوەندیدار و تەنانەت ئەو مەئموورانەی وا لە وڵاتانی جۆربەجۆردا شوێن تیرۆرەکەکان کەوتبوون پێوەندیی گرت.
داواکاری گشتی ئاڵمانیا لە دادگا ڕایگەیاند کە لە سەرەتاوە گومانی جیددی لە ئێران دەکرا. ڕۆژی ١٨ ی سپتامبر کەسانی سەر بە پۆلیسی جینایی لە ڕێگای چوونە بەرلین و لەناو قسەکانیاندا لەگەڵ یەکتر، ئەم تیرۆرەیان لەگەڵ تیرۆری قاسملوودا بەراورد کرد. داواکاری گشتی و هەروەها پۆلیسی جینایی لە تویژینەوەکانی خۆیاندا بەم شێوەیە کاریان دەکرد، بەڵام قسەبێژی داواکاری گشتی لە بەرانبەر مێدیای گشتیدا، خۆی لە ڕاگەیاندنی هەموو ڕاستیەکە دەپاراست بەو ئامانجەی کە لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمانیا تێك نەگیرێت کە پشتگیریی دەوڵەتی ئێرانی دەکرد.
بەڵام ڕۆژنامەکان، کە بەو ڕاستیەیان دەزانی و بەعادەت لە کێشەکانی دیکەدا خۆ لەوە ناپارێزن دەوڵەت ببەنە ژێر پرسیار و [تەنانەت] خۆیان ڕاستەوخۆ لە مەسەلەکان دەکۆڵنەوە، لەم کێشەیەدا تەنیا قسەکانی وتوبێژی دادئەستێنیان

رادەگەیاند. لە راپۆرتەکانیاندا هیچ نیشانەیەك نییە لەوەی گومانێکیان لە قسەی وتەبێژی داواکاری گشتی کردبێت.

بەم شێوەیە، ناوی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێوەندی ئەم تیرۆرەدا، وەك تۆپەڵە بەفرێکی لێهات کە دوای ئەم دەست و ئەو کردن، بچووك بووەوە و توایەوە و لە ئەنجامدا لەناو بگرە و بەردە و هەواڵی رۆژنامەکاندا، لەبەرچاو ون بوو. وەك بڵێی تاقمێکی بچووك سەڵاحییەتی ئەوەی بووبێت کلیلی مەتەڵۆکەی ئەم هەواڵەی لەدەستدا بێت. لە راگەیاندنی داواکاری گشتیدا، ناوی "ئۆرگانە دەوڵەتییەکانی ئێران" وەك یەکێك لە گومانلێکراوەکانی ئەم جینایەتە راگەیێنرا. ئەم ناوە لە راگەیاندنی قسەبێژی داواکاری گشتیدا سووك و هاسان بوو بەو "گرووپە ئێرانیانەی وا سزای نەیارانی رژیم دەدەن." رۆژنامەکان ئەم ناوە بێ ناسنامەیەیان دووپات کردەوە گەرچی ناوەکە لەلای رۆژنامەکان تەنیا وەك "ناو"ێك مایەوە و لای ئەمان وەك رۆژنامە عەوام پەسندەکان نەبوو بە سەددام و پ ك ك.

وتەبێژی داواکاری گشتی لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا هەروەها رایگەیاند کە "عامیل" ەکان دەتوانن سەر بە حزبی کرێکارانی کوردستان بن. رۆژنامەکان ئەم بەشەی قسەکانی ئەویان چەندەها جار دووپات کردەوە بەڵام زۆر کەم نووسییان:

> "ناوبراو دوێنێ ئەم بۆچوونەی قەبوڵ کرد کە حزبی کرێکارانی کوردستان (پ ك ك) هەتا ئێستاش لە ئاڵمانیا نە خەیانەتکارانی حزبی خۆیان و نە ئەندامانی رێکخراوەکانی کوردی رەقیبی خۆیان نەکوشتوە."[١٠٥]

بەپێچەوانەوە، زۆریان نووسی کە "پ ك ك لە کوشتن ناترسێت."[١٠٦] و "بەشێك لە پ ك ك تیرۆریستن"[١٠٧] و "ئەم حزبە لە رابردووشدا هێرشی هاوچەشنی کردۆتە سەر حزبە رەقیبەکانی خۆی."[١٠٨]

---

105 Welt am Sonntag, ١٩٩٢/٩/٢٠
106 TAZ و FR, ١٩٩٢/٩/٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاڵی دیکەی موزائیکی ئەم تیرۆرە، هۆ و ئەنگیزەکانی بوو. بۆ نموونە، دەبوایە نیشانی ئەوە بدەن کە حزبی دیمۆکرات [بەشێك لە] ئۆپۆزیسیۆن و نەیاری کامە رژیمە و لەم ڕێگایەوە بگەنە بەرپوەبەری ئیحتیمالی تیرۆرەکە. رۆژنامەکان بایەخی کەمیان بەو لایەنە نەدا.

پەرش و بڵاویی گەلی کورد لە سێ وڵاتی تورکیا و ئێران و عیراق و ناسیاو نەبوونی ئەوروپییەکان لەگەڵ ئەم وردەکارییانە، تێنەگەیشتنەکەی خراپتر کرد. چاپی کورتە باسێك لەسەر مێژووی کورد لە چەند رۆژنامەشدا، زیاتر شێوازی پەراوێزی هەبوو و نەیتوانی کاریگەر بێت. ئەگەر کەسێکیش ناوچەکەی هەندێك دەناسی، ئەوا کوردی بەدانیشتووی عیراق دەزانی (بەهۆی شەڕی دووهەمی کەنداوەوە)، یاخود تورکیا (بەهۆی هێرشکاریی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردنیشنەکانی ئەو وڵاتە) و ئامێتە بوونی ئێرانی و کورد و دەوڵەتی ئێران و گروپە ئێرانیەکان و پ ك ك لەناو هەواڵەکانی پێوەندیدار بە شەڕەکەدا، خوێنەر [ی رۆژنامەکان] ی چەواشە کردبوو. لەو چەند هەواڵە کەمەشدا کە لەسەر کوردەکانی ئێرانیان بڵاو کردەوە، دەوری کۆماری ئیسلامی لە تیرۆرەکەدا زەق و روون نەکرابوەوە، بەم شێوەیە لەو رۆژە حەساس و چارەنووس سازانەدا [دەوری کۆماری ئیسلامی] لەم زاویەشەوە لە چاوان دوور راگیرا. ئەم گێژ و گومییە تەنانەت لە سەردێڕی هەواڵی رۆژنامەکانیشدا خۆی دەنواند:

> "کوردان دوای کوژرانی سیاسەتمەدارە کوردەکان لە رەستورانی میکۆنۆس لە ویلمزدۆرف، خوازیاری داخرانی کۆنسولیەتی <u>ئێران</u> بوون."[١٠٩]
>
> "رێبەری <u>کوردی ئێرانی</u> لە بەرلین کوژرا[١١٠] ".

---

[107] Die Welt و Berliner Morgenpost، ١٩٩٢/٩/١٩

[108] Tagesspiegel، ١٩٩٢/٩/١٩

[109] TAZ، ١٩٩٢/٩/١٩

[110] هەمان شوێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"رێبەری کورد لە بەرلین کوژرا[111] ".
"مرۆڤکوژان چوار رێبەری کوردیان لە ویلمزدورف ئیعدام کرد[112] ".
"رێبەرانی کورد لە بەرلین کوژران[113] ".
"تێرۆری ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەئاشکرا پاڵنەری سیاسی هەبوو[114] ".
"بکوژەکان چوار ئێرانی ئۆپۆزیسیۆنیان لە رەستورانی میکۆنۆس بەگوللە کوشت[115] ".
"چوار کوردی ئۆپۆزیسیۆن لە هێرشێکی وەحشیانەدا لە جەرگەی بەرلین کوژران[116] ".
"چوار کورد لە بەرلین کوژران[117] ".
"چوار کوژراو: قەتڵی عامی کوردان لە میکۆنۆس"[118]
"چالاکانی کورد لە بەرلین بە گوللە کوژران[119] "
"کوژرانی چوار کورد، ئەنگیزەی سیاسی هەبوو[120] "
"چوار رێبەری کورد لە بەرلین بە گوللە کوژران[121] "
"مێژووی رووداوەکانی تێرۆری کوردان[122] "

---

111 هەمان شوێن
112 Berliner Morgenpost, ١٩٩٢/٩/١٩

113 FR, ١٩٩٢/٩/١٩
114 Tagesspiegel, ١٩٩٢/٩/١٩
115 هەمان شوێن
116 Berliner Zeitung, ١٩٩٢/٩/١٩
117 Die Welt, ١٩٩٢/٩/١٩
118 هەمان شوێن
119 FAZ, ١٩٩٢/٩/١٩
120 Neue Zeit, ١٩٩٢/٩/١٩
121 Suddeutsche Zeitung, ١٩٩٢/٩/١٩
122 Berliner Zeitung, ١٩٩٢/٩/١٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەژێر سەردێڕی "مێژووی تیرۆری کوردان" دا، باسی "دوو ئێرانی هەڵاتوو لە لەندەن... و لە ناحەزانی خومەینی"، "سکرتێری گشتی حزبی مەنعکراوی کوردستان لە ئێران، عەبدولرەحمان قاسملوو"، "تیرۆری ئەندامێکی ڕێکخراوی مەنعکراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، کازم ڕەجەوی"، "تیرۆری سەڵتەنەتخوازی بەناوبانگی ئێرانی، سیروس ئیلاهی"، "تیرۆری ئەندامی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی بەرەبەرەکانی نەتەوایەتی، عەبدولرەحمان بروومەند"، "تیرۆری وەرگێڕی ژاپۆنی کتێبی "ئایەتە شەیتانیەکان، هیتۆشی ئیگاراشی" و "تیرۆری سەرەك وەزیرانی پێشووی ئێران، شاپووری بەختیار" کراوە. خاڵی هاوبەش لە هەموو ئەو تیرۆرانەدا ئەوەیە کە تیرۆرەکان دەوڵەتی ئێران کردوونی نەك تیرۆری کوردان بەتەنیایی.

لەم ناوەدا، کوردی تورکیاش بەوەی کە تورکیایان بە بەرپرسی تیرۆرەکە ناساند، ئاڵۆزییەکی زیاتریان خوڵقاند، گەرچی دیعایەی ئەوان زۆر بە هەند وەرنەگیرا:

"بۆ کومیتەی کوردستان، بەرپرسانی تیرۆر لە تورکیا نیشتەجێن. کۆمیتە ڕایگەیاند کە شۆڕای ئاسایشی نەتەوایەتی تورکیا لە کۆتاییەکانی مانگی ئۆگوستدا پەسندی ئەو بڕیارەی کرد کە کەسایەتی، نوێنەران و ڕێکخراوە کوردییەکان بناسێتەوە و هێرشیان بکاتە سەر[١٢٣] ".

پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا دەست بەجێ دوای تیرۆری میکۆنۆس دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی وردەکاریی تیرۆرەکانی پێشووتری کۆماری ئیسلامی و لە هەموو ئەو زانیارییانەی وا هەیبوو، لە ڕاگەیاندنی چاپەمەنی ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٩ دا تەنیا بەشێکی بچووکی بەکورتی بە هەواڵنێران و بیر و ڕای گشتی ڕاگەیاند:

"ئێستا لە چەندین لایەنی جیاجیاوە لێکۆڵینەوە دەکرێت... لەوانە، دەکرێ یەکیان تێکگیرانی گرووپە ڕەقیبە کوردییەکان بێت. هەروەها

---

123 Berliner Zeitung, ١٩٩٢/٩/١٩

عەمەلیاتی تۆڵەسەندنەوە یا سزادانی گرووپە ئێرانییەکان دژ بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش دەگیرێتە بەرچاو. لەم پێوەندییەدات دەکرێ چەند نموونە بهێنینەوە:

-لە رۆژی ١٩٩٢/٧/١٣ دا لە ڤیەنا، سکرتێری گشتی حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، قاسملوو و جێگرەکەی و کوردێکی عیراقی، واهەیە بەدەست ئێرانیەکان بە گوللە کوژران.

-هەروەوها لە ١٩٩٢/٩/٦ دا لە سوید کارێکی تێرۆریستیانە بە بۆمبایەکی پۆستی دژ بە ئەندامێکی پێشووی هەمان حزب (و باوەڕپێکراوانی قاسملوو) بەڕێوە چوو، کە تێیدا هاوسەرەکەی کوژرا.

-لە رۆژی ١٩٩٠/٤/٢٤، سیاسەتمەدارێکی پێشوو، کازم رەجەوی لە سویسرا بە گوللە کوژرا. سێ کەس لە چوار کەسی بەڕێوەبەری قەتڵەکە ئێرانی بوون و لەو سیانەش دوانیان پاسپۆرتی مەئموورییەتیان هەبوو.

-لە رۆژی ١٩٩١/٨/٦ دا لە دەوروبەری پاریس، سێ کەس "بەختیار" ی دوایین سەرەك وەزیرانی رژیمی شایان لەگەڵ سکرتێرەکەیدا بە چەقۆ کوشت. لەو سێ کەسە، یەکیان کەسێکی باوەڕپێکراوی خۆی بوو".

ئەم راگەیاندنە، لە رۆژنامەکاندا بەشێوازی جیاواز رەنگی دایەوە، بۆ نموونە:

"نیشانەگەلێك لە نێوان تێرۆری کەسانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرلین و چوار تێرۆری دیکەی ساڵی پار بەرچاو دەکەون. هەر ئەو قاتڵە یا کەسانی پشت پەردە واهەیە بەرپرسی کەسانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بن لە ئوتریش (نەمسا)، فەرەنسا، سوید و سویس."[١٢٤]

هەواڵنێری ئەم رۆژنامەیە بەهۆی ئیش و کاریەوە، زیاد لەوەی دەزانی کە لە راگەیاندنی چاپەمەنی پۆلیسدا گوترابوو و بەوەش رانەوەستا بەڵکوو باسی خاڵی هاوبەشی تێرۆرەکانی کرد و لەوە دوا کە واهەیە بەرپرسانی تێرۆرەکان

[124] Frankfurter Allgemeine Zeitung, 21/9/1992

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەك بن. ئەگەر وتەبێژی داواکاری گشتی ئاڵمانیا لایەنی سیاسی گرتە بەرچاو و باسی پ ك ك و گرووپە ئێرانیەکانی کرد، هەواڵنێری رۆژنامەکە دەوڵەتی ئێرانی لە پشت پەردەوە ناسییەوە و رایگەیاند .

بەڵام لە هەمان کاتدا رۆژنامەیەکی دیکە نووسی:

"لە ساڵانی رابوردوودا، سیاسەتمەدارانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی کەوتوونەتە بەر چەند هێرشی تیرۆریستی بەڵام روون نییە ئەم تیرۆرانە پێوەندییان بە تیرۆری بەرلینەوە هەبێت[١٢٥] ".

هەواڵنێری ئەم رۆژنامەیە تەنانەت ئەو [بابەت] ەشی کە لەبەر دەستیان دانابوو بەباشی نەخوێندەوە و لەجیاتیان قسەی بەرپرسی ئاسایشی ولاتی گێڕایەوە کە لە بەرلین کردبووی:

"بکەر [ی تیرۆر] ەکان لەگەڵ خۆیاندا کێشە و ناکۆکی دێنن [ە ئێرە]. پێتەختی ئاڵمانیا بەهۆی شوێنایەتی گرنگیەوە بۆ تاوانبارانی بێگانە دەبێتە شوێنی سەرنج. ئەم روون کردنەوەیە، رۆژی یەکشەممە جێگری مودیری ئاسایشی ولات لە بەرلین، پیتر هابرر رایگەیاند. هابرر جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ئەوانەی وا دێنە بەرلین لەگەڵ خۆیاندا کێشە دێنن. تیرۆری [شەقامی] ویلمرزدورف کە [تێیدا] چوار ئێرانی کوژران، کێشەیەکی بەرلینی نەبوو. هەروەها ژمارەیەکی زۆری کەمایەسی بێگانە لە شاردا نیشتەجێ بوون و شارەکەیان کردۆتە گۆڕەپانی شەڕ[١٢٦] ".

لە وتاری "کوژرانی میوانان" کە بەرواڵەت بەهۆی تیرۆری میکۆنۆسەوە لە لاپەرەی یەکەمی ئەم رۆژنامەیەدا چاپ کرابوو، تەنیا هێرشکاریی سەرەتا و کۆتایی پێوەندی بە تیرۆرەکەوە هەبوو. نووسەر نایشارێتەوە کە نەفسی تیرۆرەکە بایەخی بۆ ئەو نییە. نووسەر لەرێگەی دامەزراندنی باسی تیرۆری میکۆنۆسەوە دەیەوێت ئەوە دەربخات کە بەرپرسانی دەوڵەتی بەرلین نەك لە

[125] Tagesspiegel, ٢١/٩//١٩٩٢

[126] هەمان شوێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێوەندی ئەم تیرۆرە بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ کێشە جیناییەکانی دیکەدا، بە باشی کاریان نەکردوە و تەنانەت باسی دزرانی پاسکیل لە بەرلین بەشێوەیەك دەکات کە بابەتێکی هاونرخی تیرۆرەکە بێت[١٢٧] .

چاپەمەنیەکانی ئاڵمانیا لە رۆژانی دەست بەجێی دوای تیرۆردا نەیانتوانی هیچ قوژبنێکی راستەقینەی رووداوەکە بۆ خوینەرانیان روون بکەنەوە. تاقە کارێکی ئەرێ یی ئەم قۆناغەیان بریتی بوو لە زیندوو راگرتنی یادی رووداوەکە لە بیروڕای گشتیدا ـ کارێك کە دەوڵەتی ئاڵمان نەیدەویست. بەڵام گوشاری بیروڕای گشتی لەوە زیاتر بوو کە "ویست" ی دەوڵەت ببێتە ئاخیر قسە. رۆژنامەکانی ئاڵمانیا لەو روەو و تەنیا لەم روەوەوە بوو کە لەم سەردەمەدا بەکردەوە، وتەبێژی بیروڕای گشتی خەڵك بوون. دوای ئەو دەورەیە و لە سەردەمی دادگاکەدا بوو کە چاپەمەنییە ئاڵمانی زمانەکان توانییان ئەرکی خۆیان راپەرێنن و بەکردەوە وەك یەکێ لە هۆگەلی گەڕان و دۆزینەوەی راستەقینە هەنگاو هەڵبێنینەوە.

127 Tagesspiegel، ١٩٩٢/٩/١٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی سێهەم: دادگا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ۱. دادگا

ڕۆژێك دوای تێرۆرەكە، لە ١٨ ی سپتامبری **١٩٩٢** دا، داواكاری گشتی ئاڵمانیا، پایەبەرزترین مەقامی داواكاریی گشتی وڵات، بەهۆی گرنگایەتی كارەكەوە، بەرپرسایەتی ڕاگەیشتن بە تێرۆری میكۆنۆسی گرتە ئەستۆ.[١٢٨] داواكاری گشتی دوای ڕێكخستنی فایل و ئامادەكردنی ئیدیعانامە لە مانگی مایسی **١٩٩٣**دا، بەگوێرەی یاسا ناردیە بەشی دادرەسی جینایی هاوڵاتیانی غەیرە ئاڵمانی لە دادگای بەرزی بەرلین، لقی یەكەم، و داوای كرد لێی وەربگیرێت.

دادگای بەرزی ئەیالەتی، بریتین لە بەرزترین دادگای ئاڵمانیا. ئەركی ئەم دادگایانە پێداچوونەوەی قەراری دادگا ئەیالەتیەكانی خوارەوەتر و پێراگەیشتن و دەركردنی قەرارە لەو حاڵەتانەدا كە داواكاری گشتی ئاڵمانیا شكایەتكاریان بوو‌بێت. تاقمی داوەران مافی ئەوەیان هەیە كە ئیدیعانامەی دادستانی وەرنەگرن و داخوازی ئەوە بكەن كە نوێنەری داواكاری گشتی ئیدیعانامەیەكی نوێ پێشكەش بكات.

لقی یەكی دادگای عالی جینایی بەرلین لە مانگی ژوئەنی **١٩٩٣** دا ئیدیعانامەی داواكاری گشتی قەبوڵ كرد. لە ئیدیعانامەكەدا پەی شوێنی بەرێوەبەرانی پشت پەردەی جینایەتەكە هەتا ڕادەی كاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەتی ئێران گیرابوو و باسی تێرۆریسمی دەوڵەتی ئێران هاتبوە گۆڕێ. لە مێژووی دادوەریی ئاڵمانیای دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، ئەوە یەكەمین جار بوو كە

---

[١٢٨]. یادداشتی دادئەستێنی بەرز، یوست، ١٩٩٢/٩/١٨

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیرۆریزمی دەوڵەتێکی بێگانە (بەتایبەت دەوڵەتێك کە پێوەندی دۆستانە و نزیکی لەگەڵ دەوڵەتی ئەو کاتەی ئاڵمانیا هەبوو)، بکەوێتە بەرنامەی کاری دادگایەکی ئاڵمانییەوە.

لە ئەنجامدا، دادگای لقی یەکی دادگای بەرزی بەرلین (ناسراو بە دادگای میکۆنۆس) لە رۆژی ٢٨ ی ئۆکتۆبری **١٩٩٣** دا دەستی بەکار کرد. هەیئەتی داوەران لە ٥ دادوەر پێك هاتبوو:

- فریدوف کوبش،[١٢٩] سەرۆکی هەیئەتی دادوەران
- زاسترۆف،[١٣٠] یارمەتیدەری سەرۆکی دادگا
- ئاڵبان،[١٣١] موخبیری هەیئەتی دادوەران
- نوڵدکێ،[١٣٢] دادوەر
- کلێمت،[١٣٣] دادوەر

دوو جێگری دادوەرانیش هاورێی هەیئەتی دادوەران بوون:

- شپیگل[١٣٤]
- ئوباچك[١٣٥].

لە مانگی ئووتی ١٩٩٤دا زاسترۆف بە نەخۆشیی مرد. یەکێك لە داوەرانی جێگری بوو بە ئەندامی هەیئەتی دادوەران و هەیئەتی ناوبراو بەم شێوەیە دەرهات:

- فریدۆف کوبشن سەرۆکی هەیئەتی دادوەران
- نوڵدکێ، یارمەتیدەری سەرۆکی دادگا
- ئاڵبان، موخبیری هەیئەتی دادوەران
- شپیگل، دادوەر

---

[129] Frithof Kubsch
[130] Zastrow
[131] Alban
[132] Noeldeke
[133] Klemt
[134] Spiegel
[135] Ubaczek

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کلێمت، دادوەر

سێ سکرتێریش [بەم ناوانە] هاوڕێی هەیئەتی دادوەران بوون:

- ئالیگر[136]
- لێمان[137]
- شرۆدر[138]

نوێنەرانی دادئەستێن (داواکاری گشتی) لە دادگادا بریتی بوون لە:

- برونو یۆست، و
- رۆلەند گیئۆرگی

کە هەر دوکیان دادئەستێنی بەرز بوون.

لە چەند دانیشتنێکی دادگادا، دادئەستێنی فیدراڵ، کۆرت، بەرپرسی بەشی ٨ ی داواکاری گشتی فیدراڵیش لە شوێنی تایبەت بە دادئەستێندا ئامادە بوو.

لە ئیدیعانامەکە وا دەردەکەوت کە بابەتی لێکۆڵینەوەکانی دادگای میکۆنۆس تەنیا کردەوەی تۆمەتبارەکان نییە و پێوەندی دیپلۆماتیکی ئێران و ئاڵمانیا، شێوازی کاری رێکخراوە زانیارییەکانی ئێران و رێکخراوە پوششییەکانی تۆڕی حیزبوڵا لە ئەڵمانیا و بەرلین و شتی تریش دەبنە بابەتی دادڕەسی. بەڵام ئەم بابەتانە هەر وا بەهاسانی نەیان دەتوانی ببنە جێگەی دادأەسی. نوێنەرانی داواکاری گشتی و پارێزەرانی شکایەتکارانی خسووسی ئەم خاڵانەیان لەکاتی خۆیدا هێنابوە گۆڕێ و جەختیان لەسەر کردبوون، هەر ئەو شتانەش بووبوونە هۆی ئەوەی مەسەلەکان لە دادگادا بکەونە بەر لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم کارە نوێنەرانی داواکاری گشتی دریغییان لە هیچ شتێك نەکرد.

نوێنەرانی داواکاری گشتی گوێیان نەدایە "نەسیحەتەکان" ی دەوڵەتی خۆیان و کەڵکیان لە هەموو دەرەتانێك وەرگرت بۆ ئەوەی زەمینەکانی تێرۆر بخەنە بەرچاو. بانگ کردنی "گەنجی"، بانگ کردنی بەرپرسی لێکۆڵینەوەی قەتڵی

---

[136] Aliger
[137] Lehman
[138] Shroder

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو لە ڤیەننا، هێنانی فایلی دادگای تیرۆری [شاپوور]ی بەختیار، شوێن گرتنی مەسەلەی دەرچوونی حوکمی گیرانی فەلاحیان (لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانەی وا درابوونە دادگا، گەرچی دەرچوونی حوکمەکە پێوەندی بەم دادگایەوە نەبوو)، ئەوانە هەموو لە ئەنجامی چالاکیەکانی ئەواندا هاتە بەرهەم. تەنانەت دەرچوونی فەتوای کوشتنی نوێنەرانی داواکاری گشتی دەیتوانی ئیرادەی ئەوان سست بکات. یۆست باسی ئەو زەختانەی کرد کە لەو ماوەیەدا خراوەتە سەر خۆی و بنەماڵەکەی و گوتی: "بۆ چرکەیەکیش پەشیمان نیم لەوەی بەرپرسایەتی ئەم بابەتەم دراوەتێ"، "ئەم دادرەسییە، ژیانی من بوو"، "گەرچی یارمەتی بەرز بوونەوەی پلەم نادات[١٣٩] ".

شکایەتکاری سەرەکی لەم دادرەسییەدا داواکاری گشتی ئاڵمانیا بوو و شکایەتکارانی تر (بنەماڵەی تێرۆرکراوەکان)، وەکو شکایەتکاری خسووسی شکایەتیان کرد. پارێزەرانی شکایەتکارانی خسووسی بریتی بوون لە:

- ئاکسێل یەشکە،[١٤٠] پارێزەری رەسووڵ قادری، برای شەرەفکەندی؛
- ئۆتۆ شیلی،[١٤١] پارێزەری رەسووڵ قادری، برای شەرەفکەندی؛
- هانس ـ یۆاخیم ئێریگ،[١٤٢] پارێزەری کەژاڵ عەبدولی، هاوسەری [فەتاح] عەبدولی؛
- وۆلفگانگ ویەلاند،[١٤٣] پارێزەری شوهرە بەدیعی، هاوسەری [نووری] دیهکوردی.

بەهۆی چالاك بوونی هەمەلایەنەی دادئەستێنەوە، بەکردەوە هیچ شوێنێك بۆ "خۆدەرخستنی" پارێزەرانی شکایەتکارانی خسووسی نەمابووەوە، بەڵام ئەوانیش بۆ دۆزینەوەی راستەقینە، هیچ کۆتاییەکیان لە هیچ شتێکدا نەکرد.

---

139 Die Zeit, 2/10/1992
140 Axel Jeschke
141 Otto Schily
142 Hans-Joachim Ehrig
143 Wolfgang Wieland

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شایەدیدانی [ئەبولحەسەن] بەنی سەدر [سەرەك كۆماری پێشووتری ئێران]، دەركەوتنی چالاكی بەربڵاوی بازرگانی دارابی، هێنانە گۆڕی حوكمی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ دارابی سەبارەت بە ئامادە كردنی لیستەی ناوی كەسانی ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، داواكاریی بۆ شایەدیدانی "شیمكوس"، زیندانیی پێشوو لە ئێران، ئەوانە هەمووی لە دەستپێخەرییەكانی ئێریگ بوون. ناوبراو، بەكردەوە پارێزەری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بوو لە دادگا و هەر بۆیەش بە تەلەفۆن هەڕەشەیان لێكرد. ویەلاند لە عەینی كاتدا سەرۆكی بەشی حزبی سەوزەكان بوو لە پەرلەمانی بەرلین و لە دادگادا بەشێوەی هاوبەش لەگەڵ ئێریكدا ئیشی دەكرد.

یەشكە چەندەها ساڵ هاوكاریی گۆڤاری هەفتانەی شپیگلی كردبوو و لە مەسەلەی ڕێكخراوە زانیارییەكاندا پسپۆرایەتی هەبوو. هاتنی شمید باوئر وەزیری ئەودەمی دەفتەری سەدرولئەعزەم [ی ئەڵمانیا] و ڕێكخەری ڕێكخراوە زانیارییەكانی ئاڵمان بۆ دادگا و پێشكەش كردنی ڕاپۆرتی "گرووپی كاری ئێران" لە BfV ، ئەوانە ئاكامی چالاكییەكانی ئەو بوون.

تۆمەتبارەكان هەر كام دوو پارێزەری تەسخیرییان هەبوو، بەڵام دارابی سێ پارێزەری هەبوو. پارێزەری داكۆكیكەری تۆمەتبارەكان بریتی بوون لە:

پارێزەرانی ئەمین

- لوتار بونگارت،[١٤٤] (دەستی لەكار كێشایەوە)، و
- ڕوودیگر پۆرسیوس،[١٤٥] و
- باومەیر.[١٤٦]

پارێزەرانی عەتریس

- ئوە زاڵم،[١٤٧] و
- خاتوو ئادام.[١٤٨]

[144] Luthar Bungart
[145] Rudiger Portius
[146] Baumeyer
[147] Uwe Salm

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارێزەرانی عەیاد

- خاتوو ئاندریئا ووردینگر،[١٤٩] و
- هێنینگ شپانگن برگ،[١٥٠]

پارێزەرانی دارابی

-خاتوو گزیلا کین ـ مێشکات،[١٥١]
- دیتلێف کۆلۆگە،[١٥٢]و
- وۆلفگانگ پانکا،[١٥٣]

پارێزەرانی راحیل

- میشائیل کایزر،[١٥٤]و
- هێربرت هێدریش[١٥٥].

لە هەندێ دانیشتنی دادگادا، لەجیاتی ئەو پارێزەرانە، نوێنەرەکانیان ئامادە دەبوون .

بونگارت بەهۆی ئەوەوە کە "ئەمین" ی بە دارەدەستی رژیمی ئێران دەزانی خۆی لەکاری پارێزەریی ناوبراو کێشایەوە. رودیگر پورسیوس پارێزەری جێگری بونگارت یەك لە چالاکترین پارێزەرانی تۆمەتبارەکان بوو. ورد بوونەوەی لە مەسەلەی جیاوازی دانانی نێوان ئەمین و دارابی و پەسندی ناراستەوخۆی ئیعتیرافەکانی سەرەتایی ئەمین، گەیشتە ئەنجامی سزایەکی تا رادەیەك کەمی ئەمین. باومیر کەم قسە بوو و کەمتر خۆی لە دادرەسییەکە هەڵدەقوتاند.

---

148 Adam
149 Andrea Wurdinger
150 Henning Spangemberg
151 Gisela Kihn-Meschkat
152 Detlef Kolloge
153 Wolfgang Panka
154 Michael Kaisar
155 Herbert Hedrich

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارێزەرانی عەتریس تەنیا له چەند دانیشتنی دادگادا چالاك بوون. زالم له دوایین داكۆكییەكەی خۆیدا هەوڵی دا عەتریس وەك كەسێك نیشان بدات كه تەنیا تەزویری پاسپۆرتی كردوه و له تاوانەكانی تر رزگاری بكات. خاتوو ئادام له هەموو ماوەی دادرەسیدا بەسەریەكەوه قسەی نەكرد و تەنانەت له دوایین داكۆكیدا، تەنیا پشتگیری قسەكانی هاوكارەكانی خۆی كرد.

پارێزەرانی عەیاد، له چالاكترین پارێزەرانی تۆمەتبارەكان بوون. فایلی عەیاد لەچاو پارێزەرانی ئەوانی دیكه، دەرەتانی هەڵسوورانی زیاتری بەمان دەدا. ئەم پارێزەرانه بەهۆی پێشكەش كردنی داواكاریی یەك لەدوای یەك بۆ بانگ كردنی شایەدی هەمەچەشنە، دەكرێ بگوترێ كه هەموو ساڵی ١٩٩٥یان كرده هی خۆیان.

خاتوو كین – میشكات لەمێژ ساڵ بوو نەك هەر پارێزەری دارابی، بەڵكوو پارێزەری زۆرێك حیزبوڵاهی ئێران و لوبنان و یەك لەوان راحیل بوو. كولوگە، كەم و زۆر هەمیشە و پانكا كەمتر بەشداری دانیشتنی دادگایان دەكرد. هەر چەندە فایلی دارابی دەرەتانی هەڵسوور و وەرسووڕی زۆری بۆ نەهێشتبوونەوە، بەڵام هەندێ دەستپێشخەرییان نواند.

پارێزەرانی راحیل چالاك بوون بەڵام هەڵس و كەوت و كردەوەكانی راحیل دەرەتانی چالاكییەكانی ئەوانی گەیاندبوە رادەی سفر. ئەمان تەنانەت بەزەحمەت لەگەڵ راحیل دا قسەیان دەكرد.

لەبەر ئەوەی تۆمەتبار و زۆرێك له شاهیدەكان عەرەب و ئێرانی بوون، شەش وەرگێڕ (چوار وەرگێڕی زمانی عەرەبی و دوو وەرگێڕی زمانی فارسی) له دانیشتنەكانی دادگادا وەكو وەرگێری سوێندخواردوو بەشدارییان دەكرد. له دوایین ساڵ [ی دانیشتنەكانی دادگا] دا، تەنیا سێ وەرگێڕی عەرەبی و یەك وەرگێڕی فارسی بەشدار بوون، دوكتورێكیش له هەموو دانیشتنەكانی دادگادا ئامادە بوو.

دانیشتنەكانی دادگا له هۆڵی ٧٠٠ پێك دەهات كه كەوتبوە نهۆمی سەرەوەی بینایەی دادگا له ناوچەی "موابیت" ی بەرلین. ئەم هۆڵە، یەك له بەناوبانگترین

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆڵەکانی دادگایە لە ئاڵمانیا. تۆمەتبارەکان لە دەرگایەکی تایبەتەوە دەهێنرانە ناو دادگا، کە ڕێگایەکی سەر داپۆشراوەوە پەیوەست کراوە بە زیندانی ناوەندی "موابیت" ەوە. هەموو ئەو ڕێگایانە لەژێر چاوەدێری پۆلیسدان و بەکردەوە بەشێکن لە زیندانی موابیت.

حاکم و سکرتێرەکان لە دەرگای تایبەتی حاکمەکانەوە، کە لەپشت کورسی دانیشتنی حاکمەکان بوو، دەهاتنە ناو دادگاوە. دەرگای سەرەکی هۆڵی داد ئەو شوێنە بوو کە دادئەستێن، پارێزەر، هەواڵنێران و شکایەتکارانی خسووسی لێی دەهاتنە ژوورەوە. دەرگای پشتەوەی هۆڵەکە، دەرگای تایبەتی بینەران بوو. لە بەشی پێشەوەی دادگا، شوێنی دانیشتنی هەیئەتی داوەران، لای دەستی ئەوان شوێنی دانیشتنی سکرتێر و لای دەستەچەپی پشت ئەوان شوێنی دانیشتنی دوو حاکمی جێگیر بوو. نوێنەرانی داواکاری گشتی لە لای دەستە ڕاستی هۆڵەکە و لای حاکمەکان دادەنیشتن. شکایەتکارانی خسووسی و پارێزەرەکانیان لە پێشەوە و لەخوار ئەوانیشەوە شووشەیەکی گوللەبەند ئەم بەشەی لە بەشی تۆمەتبارەکان جیا دەکردەوە.

تۆمەتبارە زیندانییەکان لە دوو ژووری بچووکدا نیشتەجێ کرابوون، کە لە دوو لای هۆڵەکە، بە شووشەی گوللەبەند لە پاشماوەی هۆڵەکە جیا کرابوونەوە. لە ژووری دەستە ڕاست دارابی و ڕاحیل و لە ژووری دەستەچەپدا ئەمین و عەتریس و عەیاد دادەنیشتن. شوێنی دانیشتنی پارێزەری داکۆکیکەریان لەپشت دوو مێزی درێژ بوون، لە دوو لای هۆڵەکە و بەردەمی ژوورە بچووکە گوللەبەندەکان.

شوێنی ناوەڕاستی هۆڵەکە، شوێنی دانیشتنی شاهید و وەرگێڕەکان بوو، و بەشی دواوەی دادگا، شوێنی هەواڵنێران و یەکەم ڕیزی بەردەمیان تایبەت بە مەئمورانی پۆلیس و چاوەدێرانی تایبەتی نوێنەرانی داواکاری گشتی بوو. ئەم بەشە، بە محەجەرییەکی دارین و کورت لە بەشی کۆتایی هۆڵەکە جیا دەکرایەوە کە شوێنی دانیشتنی بینەران بوو. ژمارەیەك مەئمووری پۆلیس و مەئمووری زیندان و مەئموور و کاربەدەستی دادگا بە جل و بەرگی فەرمییەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له نزیك مێزی شایەدەكان و هەروەها لای ژووری تۆمەتبارەكان و لەنێو هەواڵنێران و پشت بینەرەكان دانیشتبوون.
تەختەبەندی دیوار، گەچكاریی میچ به تەرازوو و روخساری ناقایلی نوێنەری دادپەروەریی له دوو شوێنی دانیشتنی تایبەت، كه وەك هەیوانی پشته وه و رووبەرووی حاكمەكان (شانشین) و دوو چلچرای گەوره و كەم شەوق، كۆنیی هۆڵەكه و كۆنیی نەریته یاساییەكانی دەردەخست كه دەبوایه دادگا لەسەر بنەمای ئەوان بەرێوه ببرایه، بوونی دوو شووشەی گوللەبەندی بەرز لەبەر دوو پەنجەرەی هۆڵەكه، كه تا میچ هەڵكشابوون، لەگەڵ ئەم فەزا كۆنه [ی پاشماوەی هۆڵەكه] دا یەكیان نەدەگرتەوه و ساردی و ویشك و برینگی هۆڵەكەیان زیاتر دەكرد.
بەهۆی گەورەیی هۆڵەكەوه، دەبوایه كەڵك له مایكرۆفۆن وەربگیرێت. دەزگای دەنگەكان كۆن بوون و سەرۆك [ی دادگا] دوای ئەوەی ئەركی هەر كام له شایەدەكانی پێرادەگەیاندن، ئەوەشی پێدەگوتن چۆن كەڵك له مایكرۆفۆنەكه وەربگرن و چەندەش لێی دوور رابوەستن.
رێ و رەسمی ئاسایشی دەرەجه یەك بۆ دادگای میكۆنۆس گیرابوه بەرچاو. لەو رۆژانەدا كه دادگا دانیشتنی هەبوو، هیچكەس مافی ئەوەی نەدەدرایه كەرەسەیەكی راگواستن، تەنانەت پاسكیل له دەوروبەری دادگا رابگرێت. خۆپیشاندان و كۆبوونەوه دەبوایه لای كەم ١٥٠ مەتر دوور له دادگا بەرێوه ببرایه. پۆلیسی دژی ئاژاوه له جادەكانی دەوروبەردا دەگەرا و ژمارەیەك مینیبوسی پۆلیس له بەرانبەر بینایەی دادگا ئاماده وەستابوون. دالانی بەردەمی هۆڵی دادگا به بەرزیی سێ مەتر شووشەی گوللەبەندی لەبەر دەم دامەزرابوو و پەردەیەكی ئەستوور، بەرگری له بینینی هەموو شتی ناوەوه له دەرەوەی هۆڵەكه دەكرد. بەهۆی دادگای میكۆنۆسەوه و بۆ پارێزگاری كردن لەوەی تەقەمەنی فڕێ بدرتێه ئەم بەشه، تۆرێك له جنسی كانزا هەتا میچەكه كشابوو. چوونه ژوورەوەی هۆڵی ٧٠٠ تەنیا بۆ پارێزگار، شایەد و هەواڵنێران ئیجازه دراو بوو. ئەوانیش دوای چوونه ناو بینایەی دادپەروەری و تێپەربوون به بەشی

کۆنترۆڵی بەڵگەی ناسینەوە و گەڕانی لەش بە دەزگای دۆزینەوەی کانزا، جارێکی دیکە لەبەردەم دادگاکە پێیاندا دەگەڕان.
بینەرانی ئاسایی بۆ چوونە ناو هۆڵەکە، دەبوایە لەسەر جادە، لە رووبەرووی دەرگای لای تەنیشتی بینایەی دادپەروەری چاوەروان بوەستایەن. لە رووبەرووی دەرگای چوونە ژوورەوە، سەعاتی دەسپێکی دادگا لەسەر لەتکە کاغەزێك نووسرابوو. دوای کرانەوەی دەرگا، بینەران مافیان پێدەدرا دوان دوان بچنە فەزایەکی بچووکی یەك مەتر لە دوو مەترەوە، دوای چوونە ژووریان، دەرگاکە بە سیستەمێکی کارەبایی لە پشت ئەوانەوە دادەخرا. لەم بەشەدا دوو راگەیاندنیان بە شووشەکانەوە دابوو. بەگوێرەی یەکیان، "بردنی شتومەکی مەترسیدار وەکو چەقۆ و کامیرا و هتد... بۆ ناو دادگا یاساخ" کرابوو و دووهەمیان رایدەگەیاند کە "لە بەشی بینەراندا ئاودەست نییە".
پاش کرانەوەی دەرگای دووهەم، دالانێکی کورت بوو، کە لە رێگەی دەرگایەکەوە بە ژووری کۆنترۆڵ پەیوەست دەبوو. لەم ژوورەدا بەڵگەی ناسینەوەی وێنەداری بینەران سەیر دەکرا و فۆتۆکۆپی لێهەڵدەگیرا. قازی موخبیر ئەم کۆپییانەی لەگەڵ [ژمارەی] بینەراندا بەراورد دەکرد.
لەبەر ئەوەی بینەران مافی بردنە ژوورەوەی هیچ شتێکیان بۆ هۆڵەکە نەبوو، پۆلیس جگەلە جل و بەرگەکەیان هەموو شتێکی لێوەردەگرتن و ڕەسید (وەسڵ) ی پێدەدان. ئینجا نۆرەی گەرانی لەش دەهات: جارێك بە دەزگای دۆزینەوەی کانزا و جارێکیش بە دەست. کەوش و گۆرەویش بەجیا دەگەڕان. پاشان بینەران دەبوایە بچنە سەر گۆڕایی پلیەکانەکانی قاتی سەرەوە، و لەپشت دەرگا هۆڵەکە کۆبوایەنەوە و لەوێوە بچنە ناو هۆڵەکە. لە دوو رۆژی یەکەمدا بینەران دەیان توانی قەڵەم و کاغەز بەرنە ناو هۆڵەکەوە. بەلام لەبەر ئەوەی کابرایەکەی حیزبولاهی ئاڵمانی لایەنگری رژیمی ئێران هەموو قسەی شاهیدەکانی دەنووسییەوە، دوای گازندەی چەند کەسێك، قەڵەم وکاغەزیشیان یاساخ کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێ که شاهیدێك دەهاته ناو دادگا و پێویست به پارێزگاریی ئاسایشی تایبەت هەبوو، پاراستنی جادەکان زیاتر دەبوو و پۆلیس، بەرگری له کەرەستەی گواستنەوه دەکرد بچنه بەردەم دادگا. پۆلیسی دژی ئاژاوه به رەشاشەوه لەسەر جادەکان دەگەڕا و لەسەربانی دادگا و بینایەکانی دراوسێ نیشتەجێ دەبوون. هێلی کۆپتەر له ئاسمان دەگەڕان و پشکنینی ناوەوه وردتر دەکرا. له رۆژی راگەیاندنی قەراری دادگادا، تەنانەت خەڵکانی پیادەش ئیجازەی تێپەر بوون به جادەی بەردەمی دادگایان نەبوو.

له سوورەت جەلەسەکانی دادگادا تەنیا رەوەندی گشتی دادرەسی تۆمار دەکرا و راپۆرتی وشه بەوشەی قسەکان تۆمار نەکراوه. وێنەگرتن، فیلم هەڵگرتن و تۆمار کردنی دەنگ له دانیشتنەکانی دادگادا یاساخ بوو. تەنانەت له کاتێکدا که دادگا هیچ دانیشتنێکی نەبوو، فیلم هەڵگرتن لەناو هۆڵی دادگا تەنیا بەئیجازەی سەرۆکی دادگا گونجاو دەبوو. دوای هەرەشه و گوڕەشەی دەوڵەتی ئێران، هەواڵنێرێکی وێنەگر توانی وێنەی داوەرەکان لەناو دالانی بینایەی دادپەروەیدا بگرێت. ئەم وێنەیه له چاپەمەنی ئاڵمانیادا بڵاو کرایەوه. پاش ئەو رووداوه، دادوەرەکان حوکمێکیان دەرکرد که بەگوێرەی ئەو، وێنه گرتنی ئەندامانی دادوەری و نوێنەرانی داواکاری گشتی له دەرەوەی هۆڵی دادگاش یاساخ کرا. لەماوەی دادگای میکۆنۆسدا هەرکام له ئەندامانی هەیئەتی داوەران و نوێنەرانی داواکاری گشتی چەند کەس پارێزگاری لەگەڵدا بوو.

دانیشتنەکانی دادگا کاتێ رەسمیەتی دەبوو، که هەموو ئەندامانی هەیئەتی داوەران و داوەرانی جێگر، لای کەم یەك نوێنەری داواکاری گشتی، هەموو تۆمەتبارەکان، و لای کەم یەك له پارێزەرانی هەر کامیان ئامادەبن. لەبەر ئەوەی هیچکام له تۆمەتبارانی عەرەب، ئاڵمانییان نەدەزانی، پێویست بوو وەرگێڕی عەرەب بۆ تەرجەمەی وتووێژەکان به عەرەبی له هەموو دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بێت. تۆمەتباری ئێرانی زمانی ئاڵمانی دەزانی، بەڵام لەبەر ئەوەی زوربەی شاهیدەکانی ئێرانی دادگا ئاڵمانییان نەدەزانی، لەکاتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شایەدیداندا دەبوایە پرسیار و وەڵامەکان بە زمانی فارسیش وەربگەڕایەت، واتە وت و ویژی ناو دادگا بە سێ زمان دەکرا. ئەم تەرجەمە کردن بە دوو زمان یاخود سێ زمانە، هۆی سەرەکی دریژەکێشانی کاری دادگا بوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٥دا، بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی سزاخوازی و دوایین داکۆکیەکان، ژوورێکی بچووك بۆ دانیشتنی وەرگێڕ لە کۆتایی هۆڵەکە دامەزرا.

دادگای میکۆنۆس لە رۆژی ٢٨ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ وە هەتا ١٠ ی ئاوریلی ساڵی ١٩٩٧، سەرجەم ٢٤٧ دانیشتنی کرد و لەو ماوەیەدا سەرجەم ١٧٣ کەس (لەوانە، یەك لە کەنەدا و یەك کەسیش لە ئێران) شایەدییان دا.

دادگای میکۆنۆسیش وەکو تێرۆری میکۆنۆس خۆی، دادگایەکی 'پیاوانە' بوو. هەموو داوەران و نوێنەرانی داواکاری گشتی، هەموو پارێزەرانی شکایەتکارانی خسووسی، هەموو تۆمەتبارەکان، ٨ پارێزەر لە سەرجەمی ١١ پارێزەری تۆمەتباران، هەموو وەرگێرەکان، زوربەی زۆری پۆلیس و مەئموورانی دادگا و هەروەها هەموو شایەدەکانی ئۆپۆزیسیۆن (جگە لە یەك کەس)، هەموو شایەدەکانی تۆمەتباران (جگە لە چوار کەس)، هەمووی پیاو بوون. تەنیا هەندێ جار، ژمارەی زیاتری ژنان لە شوێنی دانیشتنی هەواڵنێر و بینەران، ئەم فەزا تەواو پیاوانەیەی دەشکاند. پیاوانەبوونی دادگا، کاردانەوەی ئەوە بوو کە هەموو رووداوەکە پیاوانە بوو. هەموو ئەوانەی فەرمانی تێرۆرەکەیان دابوو (واتە کاربەدەستانی ئێران)، هەموو ئەندامانی تیمی عەمەلیات و هەموو بکوژەکان لەلایەك و هەموو کوژراوان و ئەوانەی وا بانگهێشتنی دانیشتنی رەستوورانی میکۆنۆس کرابوون و تێیدا ئامادە بوون، ئەوانیش هەر پیاو بوون.

لە زوربەی دانیشتنەکانی دادگادا، هەواڵنێران ئامادە دەبوون. ژمارەی هەواڵنێرەکان بەسترابووەوە بە گرنگایەتی و رادەی کێشە و هەرای ئەو بابەتانەی وا [لە دادگادا] دەهاتنە گۆڕێ، یاخود گرنگایەتی شایەدەکان. بۆ نموونە، لە رۆژی شایەدیدانی "بەنی سەدر" دا، سەرۆکی دادگا داوای لە هەواڵنێرانی ئامادەبوو کرد لەپاڵ یەکتر دابنیشن بۆ ئەوەی جێگەی هەموویان بێتەوە. شوێنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەواڵنێران بۆ رۆژی دەرچوونی قەراری دادگا، لە دە رۆژ پێشترەوە گۆڕرابوو. بەشی بینەران کە جێگەی ٦٥ کەس دەبوەوە، لە زوربەی دانیشتنەکانی دادگادا چۆل بوو. لەلایەن بنەماڵەی تۆمەتبارەکانەوە تەنیا بنەماڵەی محەمەد عەتریس هەتا کاتی ئازاد بوونی کاتیی ئەو (مانگی ئووتی ١٩٩٥)، لە هەموو دانیشتنەکاندا بەشدارییان کرد. هەندێ جاریش بنەماڵە و ناسیاوانی تۆمەتبارەکانی دیکەش ـ کە بەعادەت تۆمەتبارەکانی دیکەیان دەناسی، دەردەکەوتن.

لە هەموو ئەم دانیشتنانەدا، چەند کەسێکی ئەندامی ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی] بەشدار بوون. جگەلە چەند رۆژی یەکەم، شوێنی بینەران ئەو کاتە پڕ لە خەڵك دەبوو، کە بابەتێکی تایبەت دەهاتە گۆڕێ. ئۆپۆزیسیۆن بەگشتی، راستەوخۆ لەژێر تەئسیری چاپەمەنی و رادیۆ و تەلەفزیۆندا بوو. ژمارەی بینەرانی ئامادەبوو لە دادگا، نیشاندەری زۆر و کەمیی تەبلیغاتی میدیا بوو و گرنگایەتی بابەتەکەش هەر میدیا دیاری دەکرد نەك بابەتەکە خۆی. لەو دانیشتنەدا کە تەبیب غەفاری شایەدی دەدا، هەروەها لە رۆژی شایەدیدانی کلاوس گرونەواڵد،[156] برێند شمید باوێر،[157] بەنی سەدر، میسباحی و ئاشکرایە لە رۆژی دەرکردنی قەرارەکەشدا، ژمارەیەکی زۆری بینەر هاتنە دادگا، بەڵام لە هەموو ئەو رۆژانەدا کە باسی حیزبوڵا و دەوری لە ژیانی رۆژانەدا، هەروەها شێوازی کاری واواك لە شەریکات و دامەزراوە ئابووری و ئایینیەکانی دەرەوەی وڵات دەکرا، ژمارەی بینەر لە ژمارەی پەنجەی دەست زیاتر نەبوون.

[156] Klaus Grunewald
[157] Brend Schmidbauer

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات لە دادگا

یەکەم دەستەی شایەدان کە بانگ کرانە دادگا، ئەوانە بوون کە دەیان توانی لەسەر رووداوەکە خۆی، زانیاریی بدەنە دادگا. ئامادەبوانی دانیشتنی میکۆنۆس، ئەوانەی بانگهێشتن کرابوون و ئەوانەی وا لێی بەئاگا بوون، ئەو کەسانەش کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەلایەن قوربانییەکانەوە ئاگاداری رووداوەکە بوون، یەکەم دەستەی شایەدانی دادگا بوون.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٩٣ و سەرەتاکانی ٩٤، دەست بەجێ دوای خوێندنەوەی ئیدیعانامە و پرسیار و وەڵام لە تۆمەتبارەکان، ئیتر ئەوان بانگ کرانە دادگا. کەسێك لە ساڵی ٩٦دا بەشێوەیەکی ریزپەڕ و لەسەر داواکاریی یەك لە شکایەتکارانی خسووسی هاتە دادگا. هۆی پاش و پێش کەوتنی کاتی شایەدییەکان وەستابوە سەر شێوەی کاری دادگا و مەسەلەی پێوەندیدار بە رێکخستنی کاری شایەدیەکە. هەر ئەوەندە بەس بوو، کە شایەدێك لەکاتی دیاریکراودا نەیەتە دادگا و ئیتر هەموو رێکخستنە پێشبینی کراوەکان تێك دەچوون.

شایەدەکان دەبوایە راپۆرتی ئەو شتانە بدەن وا خۆیان لەناویاندا بوون، بابەتەکانیش بریتی بوون لەوەی چ کاتێك لە پێکهاتنی دانیشتنەکە ئاگادار کرایەوە، چۆن ئاگادار کرایەوە، بۆ هاتیە ناو دانیشتنەکە یا بۆچی نەهاتی، کێ لە دانیشتنەکەدا ئامادە بوو، چۆن لەوێ دانیشتبوون و ئەوەی کە پێت وایە هۆکاری بکوژەکان بۆ ئەم قەتڵانە چ بوە؟

لەماوەی شەرحی ئەم وردەکارییانەدا، کەسەکان دەبوایە جگەلە شەرحی رووداوەکە ئەم شتانەش روون بکەنەوە: ١. ئەنگیزەی کوشتنەکان، ٢.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەتمەندی بکوژەکان، و ٣. چۆنیەتی ئاگادار بوونەوەی رژیم لە شوێن و ڕێکەوتی دانیشتەکە و هەویەی جاسووس یا جاسووسانی ئیحتیمالی.[١٥٨]
لەم گرووپە خەڵکە،

- ئیبراهیمزادە ئیسفەهانی، مەهدی
- دەستماڵچی، پەرویز
- سادقزادە، ئیسفەندیار
- تەبیب غەفاری، عەزیزوڵا، و
- میر راشید، مەسعود

لە دانیشتنەکەدا ئامادە بوون و کوشتنەکەیان بەچاو بینی.
جگە لەوان،

- نەوبەری بەراتی، نوسرەتوڵا
- جەعفەری، حەسەن
- روستا، کامبیز
- عیزەتپوور، عەبدوڵا
- فەراهەتی، حەمزە
- فەرجاد ئازاد، فەرهاد
- موتەحەملیان، حوسەین

بانگهێشتنی دانیشتنەکە کرابوون یاخود لێی بەئاگا بوون، و لە عەینی کاتدا،

- بەدیعی، شوهرە
- عەبدولرەحیمی سادق، عەبدولرەحیم
- مووسەوی زادە، کازم

یش قسەیان هەبوو بیکەن.

لەم کەسانە، شەشیان لە کاتی تێرۆرەکەدا ئەندامی "دانیشتنی هەماهەنگی" بوون. زیاد لەوان، ئیبراهیم زادە ئیسفەهانی، جەعفەری و میر راشید خۆیان

[١٥٨] سەبارەت بە جاسووس، بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا، بەشی ٥- جاسووس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەك ئەندامی پایەبەرزی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق (ئەکسەرییەت) ناساند؛ تەبیب غەفاری ئەندامی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق، نەوبەری بەراتی و دەستمالْچی ئەندامانی پلەبەرزی ڕێکخراوەی جمهوریخواهان میللی ئێران، عیززەت پوور ئەندامی ڕێبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، فەرجاد ئازاد و موتەحەملیان ئەندامی "حزب دموکراتیك مردم ایران"، سادق زادە، فەراهەتی و عەبدولرەحیمیش گوتیان پێشتر ئەندامی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلقی ئێران (ئەکسەرییەت) بوون. مووسەوی زادە گوتی ئەوەی لە بازجوویيدا نووسراوە ئەندامی موجاهیدین [ی خەلقی ئێران] بێت هەڵەیە و ئەویش وەك زۆرێك لە گەلی ئێران لایەنگری موجاهیدین و جەنابی [مەسعوود] ڕەجەوییە. بوونی ئەندامی چوار ڕێکخراوەی ئۆپۆزیسیۆن لە دەوروبەری قوربانییەکان گرنگایەتی دەدا بە شایەدیدانەکانیان. بەتایبەت کە چەند کەسیان کادیری ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەکەی خۆیان بوون.

لە وەڵامی پرسیاری سەرۆکی دادگا لەمەڕ ئەوەی لاتان وایە کێ بەڕێوەبەر و فەرماندەری تێرۆرەکە بوە، هەموو شاهیدەکان گوتیان تیرۆرەکە تەنیا دەتوانێ کاری ڕژیمی ئێران بێت.

یەکەم شایەدێك کە هاتە دادگا، شوهرەی بەدیعی هاوسەری [نووری] دیهکوردی بوو. شایەدیدانی بەدیعی وەك ئامادەبوونی لە کەم و زۆر هەموو دانیشتنەکانی دادگادا، هاواری نارەزایی و تووڕەیی بوو دژ بە هەموو تاوانکارەکان. هاواری نەترسانەی ژنێك کە دەورێکی چەند لایەنەی کەوتبوە سەرشان. ژنێکی تازیەتبار کە مێردەکەی بەدەست هەر ئەو تێرۆریستانە کوژرابوو وا بەشێوەی هەمیشەیی لە پشتەوەی دانیشتبوون و بە بەردەوامی باسی بێ تاوانی خۆیان دەکرد، ئەویش دەبوایە لە چوارچێوەی پەیڕەوکانی دادگادا باشیان لەگەڵدا بجووڵێتەوە و بەتوندی لە بەرانبەر چاووراوەکاندا داکۆکی لە ئابڕو و ئیعتیباری مێردەکەی بکات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدیعی تا دوایین رۆژی دادگا، بەرگی رەشی ئازیەتی لەبەر دابوو. بۆ ئەو، تۆمەتبارەکان هەر لە یەکەم رۆژەوە تاوانبار بوون و هیچ داشکانێکی قەبووڵ نەدەکرد.

ئەو، کە تا کاتی تێرۆرەکە هیوای گۆڕانکاریی ئەرێ یی لە ئێران هەبوو، لە دادگادا هاواری هەموو هیوا لەخوێن گەوزاوەکانی خۆی دەکرد. ئامادەیی بەدیعی لە دادگا، ئامێتەیەك بوو لە ئازار و تووڕەیی و هاوار، پڕمەی گریانی راگیراو و پاڵەپەستێی قورسی عەسەبی. لەماوەی شایەدیدانی ئەودا لایەنە ئینسانی ـ شەخسییەکانی کارەساتەکە نومایش کرا. تێرۆرێکی سیاسی تەنیا سەرکوت کردنی هێڵێکی سیاسی و لەناو بردنی هەڵگرانی چەشنە بیرکردنەوەیەك یا لەناو بردنی جەستەیی تاقمێك بەدەست تاقمێکی تر نییە، بەڵکوو بەهۆی ئەو ئازارە مەزنەی وا لەخۆی بەجێ دەهێڵێت لە بنەمای خۆیدا کارەساتێکی مرۆڤییە.

بەدیعی شایەدی ئێوارەی رۆژی ١٤ ی سپتامبری دا کە شەرەفکەندی و ئەوانی تر هاتنە بەرلین و ئەوەی کە بەهۆی سەرقاڵی دیهکوردییەوە کەمتر چاوی پێی کەوتوە و هەروەها شایەدی چەندین تەلەفۆنی گومانلێکراوی دا، کە بۆ ترساندنی ئەو، بۆیان کردبوو. ناوبراو گوتی رۆژێکیان کەسێك تەلەفۆنی بۆ ماڵەوەمان کرد و خۆی بە یەکێك لە نووسەرانی ناوداری ئێرانی ناساند کە دۆستی دیهکوردی بوو. بەڵام دواتر هەمان نووسەر هاتە بەرلین و گوتی من تەلەفۆنم بۆ نەکردووی. جارێکی تر، کەسێك تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی من "نەجاتی" م و دەمەوێ لەگەڵ فەرجاد قسە بکەم.

بەدیعی لە سەرەتای یەکێ لە رۆژانی شایەدیدانیدا بەدەنگی بەرز و بەئاماژە کردن بە هەواڵنێرێکی ئاڵمانی، گوتی: تا کاتێ ئەو شەخسە لەوێ دانیشتوە و هەموو شت دەنووسێت و دەیداتە کاربەدەستانی ئێرانی و ئیجازەیان پێدەدات ئاگاداری هەموو شت بین و هەر کارێك دەیانەوێ بیکەن، ئیتر نە من و نە ئەو کەسانەی وا قوربانیی تێرۆرەکەین، ناتوانین لێرە قسە بکەین. دادگا لە ماوەیەکی چەند مانگەدا، شوێنی مەسەلەکەی گرت و ئەرکی ئەو "هەواڵنێر" ە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

روون بوەوە.[١٥٩] بەدیعی گوتی مێردەکەی دەیویست یەکیەتییەك لەنێوان هێزەکانی دژی دیکتاتۆریەت پێك بهێنێت و هەر بۆیەش رژیمی ئێران بڕیاری تێرۆری ئەوی داوە.

عیززەت پوور لە رۆژانی ٩ و ١٠ ی دیسامبری ٩٣ دا لە دادگا شایەدی دا. ناوبراو گوتی من دە رۆژ پێش تێرۆرەکە هاتمە بەرلین. پێیان گوتبووم کە کۆبوونەوەکە [ی میکۆنۆس] لە رۆژی هەینیدا دەبێت و هەر بۆیەش لە دانیشتنی رۆژی پێنج شەممەدا بەشداریم نەکرد. دوای نیوەڕۆی رۆژی ٥ شەممە چوومە رەستورانەکە و تەبیب غەفاری سەر لەنوێ گوتی دانیشتنەکە لە رۆژی هەینیدا دەبێت و هەر بۆیەش بۆ چاوپێکەوتنی برادەرەکانم ـ شەرەفکەندی و ئەوانی تر، چەند جار تەلەفۆنم بۆ ماڵی دیهکوردی کرد و تا ماوەیەکیش لە شەو رابرا هەر لە رەستورانی ژێر ماڵەکەی ئەواندا کاتم تێپەڕ کرد بەڵکوو دیهکوردی بتوانم ببینم و هەواڵی ئەوان ببیسم. ناوبراو گوتی ئەوە شتێکی ئاساییە کە حزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ زۆرێك لە رێکخراوە و حزبە سیاسییەکانی ئێراندا هاوکاری بکات و لەگەڵ زۆرێکی دیکەدا روانگەی جیاوازی هەبێت. بەڵام تا ئێستا کاری ئەو جیاوازییانە نەیکێشاوەتە کوشتن و تێرۆر و هیچ نموونەیەك بۆ ئەم چەشنە تێرۆرانە لەناو ئۆپۆزیسیۆندا نەبوە. تێرۆری میکۆنۆس درێژەی تێرۆری قاسملووە و دەوڵەتی ئێران بەرپرسیەتی.

رووستا لە رۆژی ١٦ ی دیسامبری ٩٣ دا شایەدی دا و لەم بارەیەوە گوتی: قاسملوو و شەرەفکەندی لە باڵی ناوەڕاستی حیزبدا بوون. لە حیزبدا، شەڕی باڵەکان نەبوو بەڵکوو جیاوازیی بیروڕا هەبوو. ناکرێ ئەوان [باڵەکان] لێك جیا بکەیەوە لەبەر ئەوەی لە یەکتردا تواونەتەوە. ئەم تێرۆرە تەنیا دەکرێ کاری ئێران بێت و ئینجا چەند نموونەی لە تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی تر خستە بەرچاو.

---

[١٥٩] بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا، بەشی ٤- تێرۆریزمی دەوڵەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت ئەوانەش کە گوتبوویان و تەبلیغی ئەوەیان کردبوو یاخود وایان بیر دەکردەوە کە دوو جەرەیانی جیاواز لە رژیمی ئێراندا هەیە و یەکیان لیبراڵتر لەوەی دیکەیە، یەکدەنگ رایان گەیاند کە ئەم تیرۆرە تەنیا دەکرێت کاری ئێران بێت .

فەراهەتی گوتی من لام وایە لە رژێمی ئێراندا دوو باڵ هەیە کە یەکیان توند و تیژترە و ئەوەی دیکەیان لیبراڵترە. بەڵام پاش چەند پرسیار و وەڵام گوتی ئەوانەی وا توند و تیژترن سەرەتا نەیارەکانیان دارکاری دەکەن و دەست و لاقیان دەبڕن ئینجا ئیعدامیان دەکەن لەکاتێکدا لیبراڵەکان تەنیا ئیعدامیان دەکەن.

لەماوەی دوور و درێژی دادگادا، هیچ کاتێ هیچ لایەنێك نیشانەیەکی لەوە دەرنەخست کە تیرۆری میکۆنۆس توانیبێتی پلان دارێژ و فەرماندەیەکی دیکەی جگەلە دەوڵەتی ئێران هەبووبێت. تەنانەت "برنجیان" ی نوێنەری رژیم [ی ئێران] یش کە بە جانتایەکی پڕ لە بەڵگە و دەمێکی پڕجنێو و تەبلیغات دژ بە ئۆپۆزیسیۆنەوە هاتبوە دادگا، نەك هەر نەیتوانی بابەتێکی سەبارەت بەو لایەنە تایبەتە، بەڵکوو تەنانەت یەك نموونەی گشتیش بخاتە بەرچاو.

ئەم تاقمە شایەدە، هەروەها سەبارەت بە بانگهێشتن بۆ کۆبوونەوەکە و هۆی بەشداری کردن یا نەکردنی خۆشیان شایەدییان دا.

نەوبەری شایەدی ئەوەی دا کە خاوەنی رەستوورانەکە بۆ رۆژی هەینی بانگهێشتنی کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زووتر بەرنامەیەکی وتاردانی بۆ دانرابوو، هەر ئەودەم رایگەیاند کە ناتوانێ لە دانیشتنی رۆژی هەینیدا بەشداری بکات. کاتێك کە سەرۆکی دادگا داوای لێکرد سەیری تۆمەتبارەکان بکات و بڵێت ئایا دەیان ناسێت یان نا، سەیری ئەمینی کرد. ئەمین لەپشت شووشەی ژوورە بچووکەکەوە بە بێباکی هەستایە سەرپێ و راوەستا، ئاماژەی بە نەوبەریش کرد کە هەستێتە سەرپێ، وەك ئەوەی کە گوایە ئەمین دەبێ ئەو بناسێت، ئەویش هەستایە سەرپێ. نەوبەری بەراتی وەك ئەوەی لە هەموو ئەو شتانەی وا رابوردبوو و رادەبرا بێگانە بێت، دادگای بە شوێنێکی باش بۆ

تەبلیغاتی جمهوریخواهان میللی دانا و بەبێ ئەوەی قسەکانی پێوەندێکیان بە مەسەلەکە و هەروەها بە دادگاوە هەبێت، گوتی ئێمە لایەنگری گۆڕانکاریی هێمنانەیە و بەبێ خوێن رشتن لە ئێرانین. نامانەوێ لە ئێران ئاژاوە و بشێوی بخەینە رێ، لایەنگری خەباتی چەکدارانەش نین. وا دەردەکەوت کە رووی قسەکانی نەوبەری زیاتر لە کۆماری ئیسلامی بێت تا دادگا و تەنانەت ئامادەبوان یا بیرورای گشتی .

"فەرجاد ئازاد" یش هەمان تەبلیغاتی بەشێوازی تایبەت بەخۆی درێژە پێدا.

فەرجاد ئازاد رۆژی ١٧ ی دیسامبر هاتە دادگا. ئەویش وەك ئەوانی تر هەموو بەرپرسایەتی رێکخستنی دانیشتنەکەی خستە ئەستۆی دیهکوردی و لێی زیاد کرد و گوتی ئێمە دوو رێکخراوەمان پێکەوە نابوو، یەکیان دانیشتنی هەماهەنگی لە رێکخراوە دیموکراتەکان و ئەوی تر لە رێکخراوە چەپە دیموکراتەکان. ناوبراو گوتی ئاگاداری رێکەوت و سەعاتی دانیشتنی میکۆنۆس نەبوە لەبەر ئەوەی رۆژی ١٢ ی سپتامبر چووبوو بۆ سەفەر و لە پاریس بوە کە برادەرێکی هەواڵی تێرۆرەکەی پێداوە. فەرجاد گوتی یەکێ لە برادەرەکانم بانگهێشتنی دانیشتنەکە کرابوو و داوای لە دادگا کرد ئیجازەی پێ بدەن ناوی برادەرەکەی رانەگەیێنێت. هەروەها فەرجاد ئازاد لە شایەدیدانی خۆیدا گوتی کە زمانی ئاڵمانی دەزانێت و لە ولاتێکی ئاڵمانی زماندا خوێندنی تەواو کردوە، بۆ قسەکردنیش پێویستی بە وەرگێڕ نییە. بەڵام لە ناوەراستی شایەدیی خۆیدا، کاتی پرسیارەکان هەندێ ئەستەم بوونەوە، گوتی لەوێ بەدواوە بەفارسی قسە دەکات و داوای لە وەرگێڕ کرد قسەکانی بۆ وەرگێڕێت.

ماوەیەك دوای فەرجاد ئازاد و بەگوێرەی لیستەی ناوی شایەدەکان کە چەند مانگێك پێشتر ئامادە کرابوو و درابوە هەموو شایەدەکان، "موتەحەمیلیان" لە حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران شایەدی دا (١٩٩٤/١١/١٧) و گوتی: دیهکوردی شەخسی خۆی لە رۆژی چوار شەممە ١٦ ی سپتامبردا تەلەفۆنی بۆ کردم و بۆ رۆژی ٥ شەممە بانگهێشتنی رەستورانی میکۆنۆسی کردم، بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی تێیدا بەشداری بکەم، ئاگاداری دوو هاوڕێی حزبیم کردەوە بۆ ئەوەی ئەوان بچنە دانیشتنەکە، بەڵام ئەوانیش کاتیان نەبوو و نەچوون.

موتەحەممیلیانیش بەهەندێ نهێنی کارییەوە ناوی هاوڕێکانی خۆی نەهێنا. فەرجاد و ئەوانی تر هەوڵیان دا پێوەندەکانی خۆیان هەندێ نهێنی، و هەندێ بە ئیحتیاتەوە، و زۆریش وشیار بخەنە بەرچاو، بەشێوەیەك کە بەهاسانی قسەکانیان بەهیچ کوێیەك رانەگات، لەکاتێکدا پێش گیرانی فەرجاد و موتەحەمیلیان هەموو کەس دەیزانی کە لەسەر ئەساسی بازجوییەکان و بەرنامەی دادگا، کێ دێتە دادگاوە، واتە پارێزەر، شایەد، بینەران، تۆمەتباران و پارێزەرەکانیان هەموو دەیانزانی، ئیتر پۆلیس و حاکمەکان هەرهیچ.

فەرجاد و هاورێکانی، تەنانەت دوای پێکهاتنی دادگاش، ئەو شتانەیان بەئاشکرا دەشاردەوە کە پێش ١٧ ی سپتامبری ٩٢ مەئموورانی ئاسایشی ئێران لێیان ئاگادار بوون. لە دادگایەکدا کە ئاشکرا بوو، ئەم چەشنە شاردنەوانە هیچ یارمەتییەکی روون بوونەوەی راستی نەدەکرد، بەڵام هیچ نەبێت بۆ ئەوان ئەو "چاکی" یەی هەبوو کە حزب و ئەندامانی حزبی لە تۆمەتەکان رزگار دەکرد.

میر راشید، کە شەوی تێرۆرەکە بەهەڵکەوت چووبوە رەستورانەکە، گوتی من سەرەتا بانگهێشتنەکەم دایە دواوە و نەمدەویست لە دانیشتنەکەدا بەشداری بکەم. لەبەر ئەوەی بەراستم نەدەزانی کەسێك لە دەرەوەی رێکخراوە، نوێنەری رێکخراوەکە بۆ بەشداریی کردنی دانیشتنەکە هەڵبژێرێت. من نزیکەی دوو هەفتە پێش تێرۆرەکە، کاتێ کە بەهەڵکەوت دەچوومە رەستورانی میکۆنۆس، دیبووم کە رەستورانکە لەژێر چاوەدێری دایە و ئەو مەسەلەیەشم بە ئامادەبوانی ناو رەستورانەکە راگەیاند. میر راشید ئەندامی کۆبوونەوەی هەماهەنگی نەبوو و لە شایەدییەکانیدا هەوڵی دا خۆی وەکو کەسێك بخاتە بەرچاو کە لە دەرەوەی سەرجەمی رووداوەکەیە.

تەبیب غەفاری بۆ شایەدیدان لەگەڵ پارێزەرەکەیدا هاتە دادگا. ئەو رۆژە یەك لە قەرەباڵغترین رۆژانی دادگا بوو و هەموو کەس چاوەڕوانی روون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووونەوەی زۆرێك لە ڕووداوەكانی دەكرد. بەڵام ئەو وەڵامی زۆرێك لە پرسیارەكانی سەبارەت بە خۆی بەوشێوەیە دەدایەوە كە دەیگوت "وا نەبوو."
ناوبراو گوتی گەرچی من عادەتمە جاروبار بۆ "هەواخۆری" لە ڕەستوران بچمە دەرەوە و ئەو شەوەش چەند جار وام كرد، بەڵام بۆ ماوەیەكی كەم پێش تیرۆرەكە لە ڕەستوران نەچوومە دەرەوە و ئامادەبوانی ڕەستورانیش دەتوانن شایەدی ئەوە بدەن.
كاتێكیش كە پێی گوترا خانمێك كە لە نزیك ڕەستورانەكە دەژی بەماوەیەكی كەم پێش تەقەی گوللەكان تۆی [لە دەرەوە] بینیوە، دووپاتی كردەوە كە ئەو خانمە بەدڵنیایی هەڵە دەكات. سەبارەت بە پاسپۆرتە ئێرانییەكەشی گوتی ئەوەم لەڕێگەی برادەرێكەوە و بە بەرتیل وەرگرتوە و پێوەندی بە مەقاماتی دەوڵەتی ئێرانەوە نییە.
سەبارەت بە پارەی كڕینی ڕەستورانیش كاتنی سەرۆكی دادگا پێی گوت ئەگەر لای وایە وەڵامدانەوەی پرسیارەكە واهەیە ببێتە هۆی ئیسباتی جەریمە و گوناهێكی دیكەی جگەلە ڕووداوی میكۆنۆس، دەتوانێ وەڵامی پرسیارەكە نەداتەوە، ناوبراو ڕاوێژی لەگەڵ پارێزەرەكەی خۆی كرد و وەڵامی پرسیارەكەی نەدایەوە، ئینجا گوتی بۆ زانیاریی بینەران، دەبێ بڵێم كە برادەرەكانم دەزانن ئەو پارەیەم لەكوێوە هێناوە و هەر كەس بیەوێت دەتوانێ پرسیار لەوان بكات.
لەم تاقمەی ئۆپۆزیسیۆن كە دەیان توانی باسی بیچم و شێوەی بكوژەكان بكەن، جگەلە ئیبراهیم زادە و دەستماڵچی، هەموو ئەوانی تر گوتیان لەبەر ئەوەی بكوژەكان زۆر لە كوت و پڕهاتنە ژوورەوە و ماوەی مانەوەشیان زۆر كورت بوو، ئیتر دەرەتان و دەرفەتی دیتنی ئەوانیان نەبوو و سەبارەت بە بیچم و ڕواڵەتیان هیچ نازانن، ناشتوانن كەس بناسنەوە.
ئیبراهیم زادە لەماوەی شایەیدانی ڕۆژی ١٩٩٤/١/٦دا گوتی من سەرەتا نەمدەویست بەشداریی دانیشتنەكە بكەم، لەبەر ئەوەی بانگهێشتنەكەم لەڕێگەی ڕێكخراوەكەمانەوە ئاراستە نەكرابوو. لە عەینی كاتدا ڕێكخراوەی ئێمە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەفتەیەك پێشتر لەگەڵ نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا چاوپێکەوتنی کردبوو و من پێویستییەکم بۆ بەشداربوون لەم کۆبوونەوەیەدا نەدەدیت. بەڵام دیهکوردی رۆژی پێنج شەممە تەلەفۆنی بۆ کردم بەشەخس داوای لێکردم بچمە ئەوێندەرێ، منیش چووم.

پاش چەند پرسیارێك لە ئیبراهیم زادەیان پرسی ئایا لە ساختی وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی و وەزارەتی ئیتیلاعات ئاگادارە؟ گوتی دەزانم بیناکەیان لە یەك شوێنە. ئیبراهیم زادە سەبارەت بە بکوژەکان هەمان ئەو قسانەی خۆی دووپات کردەوە کە لەماوەی لێپرسینەوە [ی پۆلیس] و رووبەڕوو کردنەوەکاندا کردبووی و گوتی ئەمین بە کەسێك دەناسێت کە رەشاشی بەدەستەوە بوو، بەڵام لێی زیاد کرد و گوتی وەك پێشتریش گوتوومە ئەم ناسینەوەیە سەداسەد نییە.

دەستماڵچی تاقە کەسێك بوو، کە بەدڵنیاییەوە یۆسف ئەمینی ناساند. ناوبراو گوتی لە دوو جار رووبەڕوو بوونەوەی جیاوازدا، رەشاش بەدەستەکەی بە پۆلیس نیشان داوە و لەدادگاشدا ئەمینی دەستنیشان کرد و گوتی ئەوە بوو رەشاشی بەدەستەوە بوو. لێیان پرسی و گوتیان تۆ لە یەکەم لێپرسینەوەی دوای تێرۆر گوتووتە بکوژەکانت نەبینیەوە و ناتوانی بیان ناسییەوە، ئەی چۆن ماوەی مانگێك دواتر، ئێستا وا بەدڵنیاییەوە ئەم کارە دەکەیت؟ ناوبراو وەڵامی دایەوە و گوتی من دواتر بیرم کردەوە و بیرەوەییەکانم خستەوە سەریەك. دەستماڵچی لەماوەی شایەدیدانی خۆیدا چەند جاری گوت کە هەموو رووداوەکە لەماوەی بەشێك لە خولەکدا روویدا.

ناسینەوەی ئەمین وەکو رەشاش بەدەست کەوتە ناتەباییەوە لەگەڵ شایەدێکی تر، واتە پیتربوهم وەك تاقە موشتەری ئاڵمانی رەستورانەکەوە کە دەرەتانی دیتنی بکوژەکانی هەبوو. ئەو تایبەتمەندییانەی وا بوهم دەست بەجێ دوای تێرۆرەکە دابوویە پۆلیس، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی یۆسف ئەمیندا یەکیان نەدەگرتەوە. لە دادگا و کاتێکیش کە ئەمینیان نیشان دا، ناوبراو گوتی

بەبۆچوونی خۆی ئەو کەسە وەك قەرِاوڵەکەی بەر دەرگا [ی میکۆنۆس] ناچێت.

ئەم ناسینەوانە، لە عەینی کاتدا لەگەڵ یادداشتەکانی BND یش کە بووبەوە هۆی گیرانی بکوژەکان یەکی نەدەگرتەوە و ناراستییەکەی دوای شایەدیدانی میسباحی کە گوتی بەنی هاشمی رەشاشی بەدەستەوە بوە، روون بوەوە.

دارابی و پارێزەرەکانی، سوودی نابەجێیان لە ناسینەوەیەی ئەمین وەك رەشاش بەدەست بینی و حیکایەتی پێکهاتنی ئەمینیان لەگەڵ داواکاری گشتی دروست کرد و چەندین جار لەو پێکهاتنە دوان کە پشت ئەستوور بە ناسینەوەی ئەو دوو شایەدەی رووداوەکە بوو.

ئەو دوو کەسە هەروەها شایەدیی ئەوەیان دا کە یەك لە تێرۆریستەکان پێش گولـلە هاویشتنەکان جنێویشی داوە. ئیبراهیم زادە گوتی جنێوەکە "دایك قەحبەکان" بوە و دەستماڵچی بە "دایك جندەکان" ی ناو برد. دەستماڵچی لە رۆژی دووهەمی شایەدیدانەکەیدا لە رۆژی ٧ ی مانگی یەکی ١٩٩٤، وەڵامی یەك لە پرسیارەکانی "ئێریگ" ی بەم شێوەیە دایەوە:

"ئێریگ: ئایا ئەو جنێوەی دایان زاراوەیەکی دەرەوەیی [ئێران] ی هەبوو یاخود ئەوەندە کورت بوو کە نەدەزانرا؟

وەڵام: ماوەی زەمەنیەکەی کەم بوو و ناکرێ بڵێی زاراوەیەکی تایبەتی هەبوو یان نا.

پرسیار: لە یەکێك لە لێپرسینەوەکانتدا لە ١٨ ی سپتامبری ٩٢ گوتووتە جنێوەکە، بە زاراوەی تارانی بوو. ئەوە راستە؟

وەڵام: وا هەیە وابووبێت، بەڵام نیازم لە تاران، ناوچەیەکی گەورەیە بەپێچەوانەی ئازەربایجان یا شیمال [ی ئێران]. نیازم شاری تاران نەبوو، بەڵکوو زیاتر بۆ روونکردنەوەی مەئموورەکان ئەوەم گوت.

......

باومەیری پارێزەری ئەمین پرسی: ئایا دەکرێ بڵێی دەنگی جنێوەکە، زاراوەی هەبوو یان نا؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵام: نا، لەبەر ئەوەی ماوەکەی کورت بوو[١٦٠] ".

ئەم بەشەی شایەدە ئێرانییەکان، لەم خولەدا دەریان خست کە گەلێك لە سیستەمێکی دادگەریی مۆدیرن و دادگا و شایەدیدان دوورن. کەم و زۆر هیچ شایەدێك نەبوو کە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە "لەکوێوە ئەوەت زانی؟" نەڵێت "هەموو کەس دەزانێت"، "هەموو وا دەڵێن"، یا "لە رۆژنامەدا خوێندمەوە." بەگشتی ئەستەم بوو وەڵامی روونیان لێ ببیسرێت. ئەوەی دادگا دەیویست و دەیپرسی، رووداو و زانیاریی روون بوو، کە بۆی هەبوو شایەدەکان بیانبێت. بەڵام وەڵامەکان بەم عیبارەتانە دەستیان پێدەکرا: "بەشێوەی ئوسووڵی"، "بەگشتی" و "واهەیە". پرسیارکەر دەبوایە چەند جار پرسیاری خۆی دووپات بکاتەوە تا بتوانێت راستەقینەیەك لەناو بۆچوون و خەیاڵات و قسەی بیسراو و وتەی بێ جێ دەربهێنێت و لێکیان جیا بکاتەوە. "خەڵات و بەرات" ی ئەوەی لە "کولتوورێکی جیاواز" ەوە هاتبێت، تەنیا بە شاهیدە لوبنانییەکان نەدرا.

[١٦٠]. لە [کتێبی] "تیرۆریزمی دەوڵەتیی ویلایەتی فەقیە-"، دەستماڵچی، پەرویز؛ بەرلین، چاپی یەکەم، مانگی میهری ١٣٧٤ / ئوکتۆبری ١٩٩٥، لل. ٩٢ تا ١١٥ دا، دەقی شایەدیدانی دەستماڵچی چاپ کراوە. ئەوە دەقی شایەدیدانی رۆژی یەکەمی دەستماڵچییە، و هەر بۆیەش ئەو پرسیار و وەڵامەی سەرەوە و پرسیار و وەڵامەکانی دیکەشی تێدا نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣. تۆمەتباران لە دادگا

### ئا. دارابی

دادئەستێنی بەرزی ئاڵمانیا لە دووهەمین دانیشتنی دادگای میکۆنۆس لە ٢٩ ی مانگی نۆڤامبری ١٩٩٣ و لەکاتی خوێندنەوەی ئیدیعانامەدا گوتی:

"کازم دارابی، لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٩ لە [شاری] کازروون لە ئێران. تۆمەتبارە بە رێکخستن و بەرنامە داڕشتنی قەتڵ. لە هاوینی ساڵی ١٩٩٢ دا ـ ئەم رێکەوتە ورد و روون نییە، مەئمووریەت درایە دارابی وەك مەئموور ئیتیلاعاتی ئێران و ئەندامی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، کە پێوەندی لەگەڵ حیزبوڵاش هەیە، بچێت و رێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەناو ببات".

کازم دارابی سیمبولی بە هەیکەل کراوی رژیمی ئێران لە دادگای میکۆنۆس بوو. ناوبراو نەك هەر لە ژیانی رۆژانە و چالاکیە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆیدا وەك نموونەی راستەقینەی ویچوو لەگەڵ ئەسڵدا جووڵابوەوە، بەڵکوو لە ماوەی دادگاشدا هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی خستە بەرچاو، تایبەتمەندیی روون کەرەوەی هەڵس و کەوتی سیاسی رژیمی ئێران.

دارابی وەك بکوژێکی بێ بەزەیی و خەمسارد، بەگوێرەی فەرمان و بەو پەڕی وردەکارییەوە، بەنهێنی و بەناوی ئەرکێکی خودایی، پلانی کوشتنی ئەو مرۆڤانەی داڕشت کە بە شەخسی خۆی نەیدەناسین، بەیارمەتی ئەو عامیل و بەکرێگیراوانەی وا لەژێر ناوی ئاییندا بەکرێی گرتبوون، بەرێوەی برد، کاتێکیش کە بابەتەکەی لێ ئاشکرا بوو و مەجبوور بە وەڵامدانەوە کرا، دەوری قارەمانێکی زوڵملێکراوی بینی کە کەوتۆتە بەر تۆمەت، قارەمانێك کە هەموان دەیانەوێ ناوی خراپ بکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دارابی هەرگیز کارەکانی خۆی نەگرتە ئەستۆ و هەرگیز تێرۆری مەحکووم نەکرد، گەرچی لە دوایین داکۆکیی خۆیدا و بەئامانجی سووك کردنی باری تاوانەکانی خۆی، خەفەتباریی خۆی بەنیسبەت قوربانیەکان و کەس و کاریانەوە دەربڕی. دارابی لە هەموو دانیشتنەکانی دادگادا، ئەوەندەی دەرەتانی هەبوو، هەموو توانای خۆی بۆ ترساندن، لەرێگا دەرکردن و تەڵەکە کردنی هەموان خستەگەڕ ـ جا چ هاوڕێکانی بوون کە وەك شاهید دەهاتنە دادگا، چ تۆمەتبارەکانی دیکە و پارێزەرەکانی. دارابیش وەك دەوڵەتی کۆماری ئیسلای هەموو ئەو هەوڵانەی وا بۆ روون بوونەوەی هۆکار و چۆنیەتی قەتڵەکان دەدرا، وەك ئاکامی پیلانی "هۆکارانی جیاجیا" دەدایە قەڵەم کە دەیانەوێت ئەو و لەرێگەی ئەوەوە ناوی رژیمی ئێران خراپ بکەن.

دارابی لە مانگی دیسەمبری ١٩٧٩ دا سەفەری ئاڵمانیای رۆژئاوای کرد[١٦١] و هەتا ساڵی ١٩٨١ لە بەرلین نیشتەجێ بوو. پاشان بۆ قۆناغی ئامادەیی بۆ چوونە مەدرەسەی بەرز، چوە شاری هاگن[١٦٢] و هەر لەوێ ماوەی کۆلێجی بردەسەر. لەو شارەدا بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ئیسلامی خوێندکاران و یەکەی ناوشاری یەکیەتی ئەنجومەنە ئیسلامیەکان (UISA) یەکیەتی ئەنجومەنە ئیسلامیەکان، یەکێکە لە رێکخراوەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی کە ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکاران لە شارەکانی ئاڵمانیا و ئەورووپا و لە دەرەوەی وڵات رێبەرایەتی دەکات و بەش بەحاڵی خۆی یەکێکە لە ناوەندە پەیوەستەکانی سوپای پاسداران و هەروەها شوێنی رێکخستنی هێزەکانی لایەنگری رژیمە.

لە رۆژی تۆمار کردنی "یەکیەتی" یەکەوە لە ١٩٨١/٥/١٥، دارابی ئەندامێکی هەیئەتی سەرۆکایەتی بوو و هەردەم لەسەر ئەو مەقامەی مابووەوە. لە مانگی چواری ١٩٨٢ دا حیزبولاییەکان بەگوێرەی رێکخستن و ئامادەکاریی پێشتریان،

---

[١٦١] ئەودەم، تا ساڵی ١٩٩٠ بەرلین بەشێوەی فەرمی لە ژێر چاوەدێریی هاوپەیمانانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بەڕێوە دەبرا.

[162] Hagen

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێرشیان کردە سەر ژووری حەسانەوەی خوێندکارانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە شاری ماینس Mainz [ی ئاڵمان]، دەرکی ژوورەکانیان شکاند و زۆرێك لە خوێندکارەکانیان بریندار کرد. لەم هێرشەی کاتی شەودا، خوێندکارێکی ئاڵمانی کووژرا و دوابەدوای هێرشەکە، ٨٥ کەس لە هێرشکاران گیران و یەك لەوان کازم دارابی. دادگا، کازم دارابی بە ٨ مانگ حەبسی هەڵاوەسراو مەحکووم کرد و بەگوێرەی یاسا دەبوایە لە ئاڵمانیا دەربکراوە، وەك چۆن ژمارەیەکی تر لە هێرشکاران دەرکران. بەڵام باڵوێزخانەی ئێران لە شاری بۆن دەستی خستە کارەکەوە و لەئەنجامدا، دوای واسیتەکاریی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان، بڕیار درا هەتا کۆتایی "خوێندنەکەی" لە ئاڵمانیا بمێنێتەوە. ماوەی "خوێندکاریی" دارابی هەرگیز کۆتایی نەهات و لە ساڵی ١٩٩٢ دا کە دەست بەسەر کرا، هێشتا هەر "خوێندکار" بوو.

دارابی لە پێکهێنانی رێکخراوەکانی حیزبوڵا لە مزگەوتەکانی ئاڵمانیا و رێکخستن و سازدانی چالاکییە ئاشکرا و نهێنییەکانی یەکیەتی ئەنجومەنی ئیسلامیەکاندا دەورێکی گرنگی بینی. بۆ رێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمانیا دەوری ئاسایشی ـ زانیاریی ناوبراو لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە ئاشکرا بوو و رێکخراوەی زانیاریی بریتانیا، ساڵیانێك بوو وەك "عونسوورێکی مەترسیدار و یەکێك لە لایەنگران و چالاکان فەناتیکی رژیم" ی دانابوو، هەر بۆیەش گرتبوویە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی تەلەفۆنەکانی دەکرد. دوای یەکگرتنەوەی هەر دوو بەشی ئاڵمانیاش، ئەرکی "چاوەدێریی کردنی ئاسایشی" ناوبراو خرایە ئەستۆی رێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمانیا.

دارابی لە بەرلین، ناوەندی وەحدەتی ئیسلامی پێك هێنا و بەشێوەی رەسمی لە ١٩٨٩/٩/١٢ دا تۆماری کرد. پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا ئەم زانیارییانەی خوارەوەی لەمەڕ چالاکییەکانی ناوەندی ناوبراو درایە دادگا:

"راپۆرت

پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا لە مانگی جانیوەری ١٩٨٧ ەوە ئاگادارە کە ناوەندی یەکیەتی ئیسلامی/ شوێنی چاوپێکەوتنی ئەندامانی حیزبوڵایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم کەسانەی خوارەوە وەك ئەندامانی ئیحتیمالی [ناوەندەکە] ناوبردە کراون:

١- کازم دارابی...
٢- عەلی شەهشو...
٣- ...

لەو ڕێکەوتە بەدواوە، ناوی هەموو ئەو کەسانە بەشێوەی هەمیشەیی لەناو عەمەلیاتی مەترسیداری بۆ پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا ناسراودا هەبوو. مەقاماتی پۆلیسی خاریجیانیش ئاماژەیان بەو ناوانە کردوە".

دوای ئەوەی کە پۆلیس ئاگاداری ڕێکخستنی پیلانێك لە مارسی ١٩٩٢ دا دژ بە ناوەندە ئیسرائیلییەکان کرایەوە، دارابی یەك لەو تۆمەتبارانە بوو کە پۆلیس گومانی لێکرد. پۆلیس ڕاپۆرتی ئەوەی دا کە ئەو و خەڵکانی تر لە ناوەندی ئیسلامیدا کۆدەبوونەوە و سەبارەت بەو پیلانە قسەیان دەکرد.

دوای دەرچوونی فەرمانی کوشتنی سەلمان روشدی لەلایەن خومەینییەوە، چالاکییەکانی دارابی لە ڕێکخستنی خۆپێشاندان و وتاردان دژ بە روشدی گەلێك بەرچاو بوو .

لە مانگی سپتامبری ١٩٩١ دا، دوای ئەوەی کە کەسێك لە "ماڵی ئێران" مەئمووریەتێکی پێدا[١٦٣] ، دارابی هێزەکانی حیزبولڵاهی لە هەموو ئاڵمانیا ڕێك خست و بردنی بۆ پیشانگایەك کە دەوڵەتی ئێران لە شاری دوسیلدۆرف بەڕێوەی دەبرد. هێزە حیزبولڵاهییەکانی بەرلین بە چۆماغ و زنجیر چەکدار کران و بە دوو پاس [ئۆتوبوس] لە مزگەوتی ئیمام جەعەفری سادقەوە لە بەرلین کەوتنەڕێ.

دارابی، بە شەخسیٚ خۆی مەسرەفی سەفەری ئەو کەسانەی دا، کە لە شارەکانی ترەوە چوون بۆ دۆسیلدۆرف. خۆیشی لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی بە ترومبیلی خۆی چوونە شوێنەکە و بەگوێرەی شایەدیدانی یەك لە

[١٦٣] ئەو مەئمووریەتە لە سەر تەلەفون درایە دارابی و داوای لێکرا خۆی بچێتە 'ماڵی ئێران' لە دەوروبەری شاری بۆن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برادەرەکانی، لەو سەفەرەدا چەکیشی پێ بوو. ئامانجی سەفەرەکە هێرش کردنە سەر خەڵکانی ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەلق بوو، کە لەلای پیشانگەکە، مێزی کتێبیان دانابوو. لەم هێأشەدا، کە بوە هۆی پێکدادان، زۆرێك لە هێزەکانی موجاهیدین کە غافڵگیر کرابوون، بریندار بوون.

دارابی پێوەندێکی گەلێك بەربڵاوی لەگەڵ نوێنەرایەتییە ڕەسمییەکانی ڕژیم، هەروەها لەگەڵ مەئمووورانی زانیاریی و ناوەندە نهێنی و نیوە ئاشکراکان و واواك و شەریکاتی ڕووپۆشی ئەوان هەبوو .

دارابی لەماوەی چەند ساڵدا بوو بە تاجرێکی کەم و زۆر دەوڵەمەند، کە تەنیا لە یەك بانکی ئاڵمانیا، ٢٠ حیسابی کردبوەوە، لە دەرەوەی شاری بەرلین دوو پارچە زەوی بە ١٨٠ هەزار مارك کڕیبوو، هاوڕێ لەگەڵ عەدنان عەیاد، کارگەیەکی ئوتولێدان و هەروەها شەریکەیەکی واریدات و سادراتی دانابوو و بووبوە یەکێك لەوانەی وا شتومەکی ئێرانی دەهێنایە ئەورووپا و ئاڵمانیا.

چالاکی بازرگانی دارابی گەلێك بەربڵاو بوو و کەم و زۆر هەموو شتێکی دەگرتە بەر، لە برنج و خورما و خەیاری سوێر و ئافتاوەی ئیسلامییەوە هەتا ماسکی دژی گاز. دووکان و شەریکەکانی ئەو، بەکردەوە یەك لە پێگە نهێنییەکانی حیزبوڵڵا بوون لە بەرلین. ناوبراو هەروەها لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی "الوعده" و "قودس" دا چالاك بوو.

پێوەندە بنەماڵەییەکەی، بەربڵاوییەکی قووڵتر و زیاتری دەدایە پێوەندەکانی لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان. ژنەکەی لە بنەماڵەیەکی شیعەی لوبنانییە. کەم و زۆر هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە خاوەن دەسەڵات و بەربڵاوە، یا حیزبوڵڵاهین یاخود سەر بە"ئەمەل"ن. حیزبوڵڵاهی شەڕکەری لوبنانی لەناو دۆست و برادەری دارابیدا، ژمارەیان کەم نەبوو.

دارابی، دوابەدوای ئیعیترافاتی ئەمین و ڕاپۆرتی یەك لە ڕێکخراوە زانیارییەکانی بریتانیا، لە سەعات ٨ ی ئێوارەی ڕۆژی ٨ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ دا، دەست بەسەر کرا. لە پرس و جۆ و لێپرسینەوەکاندا، تۆمەتی کارەکەی دایە دواوە و ئامادە نەبوو وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە دەیتوانی بەشدارییەکی لە تێرۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

[ی میکۆنۆس] دا، پشتڕاست یاخود ڕەت بکاتەوە. ناوبراو، جگەلە هەندێ شت سەبارەت بە ژیانی خۆی و بارودۆخی خوێندنەکەی، هیچی دیکەی نەگوت و بەناوی ئەوەی کە بەرادەی پێویست پێوەندی مادی و مرۆڤانەی لە بەرلین هەیە کە نەیەوێت لە ئاڵمانیا بچێتە دەرەوە، خوازیاری ئەوە بوو ئازاد بکرێت. ئەو بێدەنگ مانەوەیەی هەتا دەسپێکی دادگاش بەردەوام مایەوە.

"یادداشت، ١٩٩٣/١/١٣

ئەمرۆ هەوڵ درا سەبارەت بە تێرۆرەکە لەگەڵ دارابیدا قسە بکرێت. ناوبراو ڕەتی کردەوە لەم بارەیەوە بدوێت و گوتی خۆی بۆتە قوربانی. تەنیا لە کۆتایی قسەکاندا پێی گوترا کە سەعات ١١ ی شەو لە ڕێکەوتی ٩٢/٩/١٧ دا لە تەلەفۆنە مۆبایلەکەیەوە پێوەندی بە کەسێکی ئێرانییەوە گرتوە بەناوی "سەقەفی". لێرەدا بۆ خولەکێك کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دا. جگە لەوە لە هەموو ماوەی قسەکاندا هێمن و بەڕێ و جێ بوو.

ئیمزا".

تا کاتی دەستپێکردنی دادگا، دارابی هیوادار بوو دادگا هەر پێك نەیەت و دەوڵەتی ئێران بەهۆی سات و سەودا لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمانەوە کارێکی وابکات کە فایلەکە بە چارەنووسی هاوچەشنی فایلی کووژرانی قاسملوو بچێت. ئەم هیوایە دوای پێکهاتنی دادگا، بوو بە هیوای تێکچوونی دادگا. ئەم حاڵەتە، سیاسەتی دارابی و پارێزەرەکانی لە خولی یەکەمی دادگادا دیاری دەکات.

لە ماوەی دادگادا، پارێزەرانی دارابی شێوازی جیاجیایان بۆ داکۆکی کردن هێنایە کایەوە. یەکەم خاڵی هاوبەش لە هەموو ئەو شێوازانەدا، یەکسان کردن و یەکسان دیتنی داکۆکی لە دارابی و دەوڵەتی ئێران و پێشخستنی داکۆکی کردن لە دەوڵەتی ئێران بوو. لە قۆناغەکانی کۆتایی دادگادا دوو کەس لە پارێزەرەکانی دەیان توانی چاو لە بەرژەوەندییەکانی ئێران بپۆشن، داکۆکی لە دارابی بکەن و بەئیحتیمال، سزاکەی کەم بکەنەوە، بەڵام لەگەڵ بەرەبەرەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دارابی و دەوڵەتی ئێران رووبەڕوو بوونەوە. پارێزەرەکانی، لەژێر گوشار و هەڕەشەی دەوڵەتی ئێراندا مەجبوور کران دەست لەو کارە هەڵبگرن و بەشێوەی پێشووتری خۆیان داکۆکی لەو بکەن.

دووهەمین تایبەتمەندیی هاوبەش لە کاری داکۆکی کردنی دارابی و پارێزەرەکانی، بریتی بوو لە بێ بایەخ کردنی پۆلیس، داواکاری گشتی و زانیاریی کاربەدەستانی ئاڵمانی .

لە هەموو بابەتێکی جێگەی باسی دادگادا، جا بابەتەکە پێوەندی بە دارابییەوە بوویێت یا نەبوویێت، پارێزەرەکانی لە پلەی یەکەمدا هەوڵیان دەدا لە باری یاساییەوە هەموو لێپرسینەوەکان، قسەی پۆلیس و ئەوانی تر بێ بایەخ بکەن. ئەو هەوڵە لە کاتێکدا کە مەسەلەکە پێوەندیی بە دارابییەوە پەیدا دەکرد، پێداگرتر و توندوتیژتر دەبوو، تا ئەو شوێنەی کە بەشێوەی راستەوخۆ، کاربەدەستانی پۆلیس و داواکاری گشتییان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە درۆ دەکەن و پاپۆش دەدروون و سات و سەودا لەگەڵ تۆمەتبارەکان دەکەن.

سێهەمین خاڵی هاوبەش لە هەموو داکۆکیەکانی پارێزەراندا، هەوڵدان بوو بۆ درێژتر کردنەوەی ماوەی دادگا و کات گرتن. لە هەموو ماوەی دادگادا، پارێزەرانی دارابیش وەك دەوڵەتی ئێران هیوای ئەوەیان هەبوو کە دوای سات و سەودای نێوان هەر دوو دەوڵەت، یاخود کاریگەر بوونی هەڕەشەکانی ئێران، دەرەتانێك بخوڵقێت و مەسەلەکە بەشێوەیەك کۆتایی پێ بهێنرێت. هەر چەند بەپێچەوانەی خەیاڵاتی ئەوان، ئەوەندەی ماوەی دادگا درێژتر دەبووەوە، بەڵگە و دەستاویژی نوێ دەردەکەوت کە نیشاندەری بەشداریی دارابی و دەوڵەتی ئێران بوون لە تیرۆرەکەدا.

پارێزەرانی دارابی لەماوەی دادگادا، بەگوێرەی بارودۆخی دادگا، یەك لەدوای یەك شێوازی جیاجیایان گرتەبەر، **[**وەك**]**:

١- بەرگری کردن لە پێکهاتن و تێکدانی دادگا، لە سەرەتای کاری دادگادا؛

٢- داكۆكی: بێدەنگی كردن لە ژیانی دارابی و بەدرۆ خستنەوەی ئەوەی وا داواكاریی گشتی وپۆلیس ئاراستەی دادگایان دەكرد هەتا مانگی جانیوەری ١٩٩٥؛

٣- هێرش: دروست كردنی ژینامەیەكی نوێ بۆ دارابی و داواكاریی بۆ شایەدیدانی خزم و كەس و كاری ناوبراو بۆ پشتڕاست كردنی ئەو شتانە، هەتا كاتی دەستپێكردنی دوایین داكۆكییەكان؛

٤- بێدەنگی كردن سەبارەت بە دوایین داكۆكی: سەرهەڵدانی نێوان ناخۆشی لەناو پارێزەران لەلایەك و دەوڵەتی ئێران و دارابی لەلایەكی تر؛ هەڕەشەی پارێزەران و خۆگرتنیان لە دوایین داكۆكی.

شێوازی پارێزەرانی دارابی لە كاتی دەستپێكی كاری دادگادا، ئەوە بوو كە بەهۆی داواكاریی زۆرەوە بەرگری لە پێكهاتنی دادگا بكەن یاخود دوای بخەن. هەوڵی ئەوەیان دا بەناوی ئەوەی فایلەكانیان بۆ ماوەی پێویست لەبەر دەستدا نەبوە، یاخود بە كەڵك وەرگرتن لە ئەم مادە و ئەو بڕگەی یاسایی، یان ئیدیعاكردنی ئەوەی كە چەند بەشێكی تاواننامە و لەوانە، بەشی پێوەندیدار بە تێرۆریزمی دەوڵەتی و مەئموور بوونی دارابییان قەبووڵ نییە، پێكهاتنی دادگا بخەنە دواوە. بەڵام سەرنەكەوتن. ئیدیعانامەكە ئەوەندە قایم و مەنتیقی و بەهێز بوو، كە هەئیەتی داوەران هەموو جارێك دوای چەند خولەكێك راوێژ كردن، دەیان توانی داواكاریی یەك لەدوای یەكی پارێزەرانی دارابی بدەنە دواوە.

سەرەڕای ئەو هەوڵانە، دادگا درێژەی بە كاری خۆی دا. دارابی و پارێزەرەكانی بە مەجبووریی چوونە قۆناغی دووهەمی داكۆكییەكانی خۆیانەوە. لە داكۆكییەكانی دارابیدا شێوازی داكۆكی ئەم قۆناغە، سێ تایبەتمەندیی سەرەكی هەبوو :

- بەرژەوەندییەكانی دارابی هەمان بەرژەوەندییەكانی ئێرانن؛
- پشكنین و پۆلیس دەبێ لەباری حقوقییەوە بێ ئیعتیبار بكرێن؛ و
- ئەوەندەی دەكرێت ماوەی دادگا درێژ بكرێتەوە.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دارابی، وەك لەماوەی پرس و جۆ و لێپرسینەوەکاندا کەڵکی لە مافی بێدەنگ مانەوە وەرگرتبوو، لە دادگاشدا سەبارەت بە کێشەی قەتڵەکان بێدەنگ مایەوە و ئامادە نەبوو هیچ شتێك لەسەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە خۆی بدرکێنێت. ئەوەش یەك لە هۆکارییەکانی درێژ بوونەوەی ماوەی کاری دادگا بوو. دادئەستێنی دەبوایە بۆ هەر بابەتێك کە دەیگوت، تەنانەت مەسەلە ئیعتیادی و ئاساییەکانیش کە نیشاندەری هیچ تاوانێك نەبوون، بەڵگە و شاهید بێنێتەوە. شایەدەکانی دادئەستێنی بریتی بوون لە خەڵکانی دەوروبەری دارابی و لە پێوەندی ئەویشدا بوون. ئەو کەسانە، چالاکانی حیزبوڵڵا و ئەندامانی ئەنجومەنی جیاجیای لایەنگری کۆماری ئیسلامی بوون و هەندێکیان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتی بەرێوەچوونی تاوانەکەیان دابوو. هەموویان بە ماوەیەکی کەمی دوای گیرانی دارابی پرس و جۆیان لێکرابوو ز هەرکام ئەوەندەی بۆیان گونجاو بوو، راستییەکانیان نەدرکاندبوو. بەڵام لەو دەمەدا نەیان دەزانی کام کێشە و تا چ رادەیەك ئاشکرا بوە. ئاگایان لە هەموو کێشەوکە نەبوو و نەیاندەزانی کام مەسەلە گرنگایەتی زیاتری هەیە و کامیان کەمتر. رژیمی ئێرانیش هێشتا دەرفەتی ئەوەی نەببوو کە هەموویان ئامادەی پرس و جۆ بکات و ئەو شتانەیان بۆ ئامادە بکات کە دەبوایە بیانڵێن. ئەو کەسانە لە عەینی کاتدا هەوڵیان دابوو ئەوەندەی دەگونجێت خۆ لە کارەساتەکە دوور رابگرن و لەئەنجامدا هەرکام تا رادەیەك، بەشێك لە رووداوەکانیان لە پرس و جۆکاندا درکاندبوو.

ئێستا دوای ساڵێك، دەرکەوتبوو کە هەر قسەیەك کە کەمترین بەشێکی راستی تێدابێت، بەزیانی دارابی و دەوڵەتی ئێرانە. جا هەموان دەبوایە قسەکانی خۆیان وەربگرتایەتەوە و حاشایان لێ بکردایە. لەماوەی ئەم شایەدییانەدا، نیگەرانی دارابی بەروونی دەبینرا، هەندێ جار بەشێوەی راستەوخۆ دەهاتە ناو باسی شایەدییەکانەوە و هەراهەرای دەکرد، زۆر جاریش، ئەمین، وەك قۆچی قوربانی دارابی و ئێران ئەو ئەرکەی بەرێوە دەبرد. شایەدەکان، کە مەجبوور بوون قسەکانی پێشووی خۆیان کە بە ئازادی و بێ گوشار دەریان بڕیبوو، بگۆڕن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتووشی بارودۆخێکی دڵتەزین بن. درۆی ئاشکرا، گێژ و گومی بۆ بەڕاست کردنی درۆکان، هەڵاتن لە وەڵامدانەوەی پرسیاری روون و بەردەوام و هەروەها کەڵك وەرگرتن لە دوا چارەسەر، واتە خۆنەزان کردن، تایبەتمەندیی هەموو ئەو کەسانە بوو.

جاری وا بوو دەبوایە وشە لەگەڵ وشە و رستە لەگەڵ رستە، هەموو ئەو قسانەی وا خۆیان لە کاتی پرس و جۆکاندا کردبوویان، سەر لەنوێ بۆیان روون بکرێنەوە. ئەم کارە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی وا بڕیاریان دابوو خۆ لە نەفامی بدەن، کارێکی ئەستەم و هەناسەبڕ بوو. ئەم بارودۆخە، هەندێ جار بەهۆی سەرهەڵدانی تووڕەیی دارابییەوە ئەستەمتر دەبوو. ناوبراو ئەم کارەی هاوڕێ لەگەڵ جنێودان و قسەی پیس بە ئامادەبوان و بەتایبەت بینەران بەڕێوە دەبرد.

شایەدی ئەم قۆناغەی دادگا لەپێوەندی دارابیدا، لەلایەن دادئەستێنەوە بانگ کرابوون و بریتی بوون لەم کەسانە:

- عەبدولکەریم داهینی، لە چالاکانی حیزبوڵای بەرلین و دۆستی دارابی. ئەمین دوابەدوای تێرۆرەکە چووبوە ماڵی ئەو و بەشێك لە جل و بەرگی خۆی لەوێ بەجێ هێشتبوو؛
- حەسەن و حەیدەر هەمەدانی، دوو برای لوبنانی، کە لەسەر داخوازیی دارابی، پاسپۆرتی ئێرانییان لە باڵوێزخانەی ئێران لە بەرلینی رۆژهەڵات وەرگرتبوو؛
- داود عەیاد، لە کەسانی حیزبوڵای لوبنان؛
- حەسەن شەماس، لە خەڵکانی حیزبوڵا لە دەوروبەری ئەزنا بروك، دۆستی نزیکی فەزڵوڵلا حەیدەری لێخوأی ترومبیلی هەڵاتن؛
- تارق شال، حیزبوڵاهی ناوچەی ئوزنابروك، هاودەستی دارابی لە تێکگیرانەکانی دوسیلدۆرف لە مانگی سپتەمبەری ١٩٩١ دا؛
- ئیشتیاقی، خاوەنی ماڵی نهێنی لە شەقامی زنفتن برگر؛

- بەهمەن برنجیان، کاربەدەستی کۆنسولیەتی ئێران لە بەرلین، مەئمووری واواك و دۆستی نزیکی دارابی.

ئەو کەسانە دەبوایە سەبارەت بە ناسیاوییان لەگەڵ دارابی، پێوەندی ناوبراو لەگەڵ تۆمەتبارەکانی تر، دەوری ئەو لە حیزبولاّی بەرلیندا، پێوەندی لەگەڵ کۆنسیولەتی ئێران لە بەرلینی رۆژئاوا و باڵوێزخانەی ئێران لە بەرلینی رۆژهەلاّت، رێکخستنی حیزبولاّ بۆ هێرش کردنە سەر موجاهیدین [ی خەلق] لە دۆسیلدۆرف و هەروەها سەفەر و هاتوچۆی ناوبراو پێش تێرۆرەکە و دوای ئەو ... شایەدی بدەن.

ئەم شایەدانە، کەم و زۆر هەموو ئەو قسانەی خۆیان کە لە ماوەی پرس و جۆی پۆلیسدا کردبوویان لە هەر کوێ بۆیان گونجا، گۆڕی و خستیانە دۆخی بەرژەوەندییەکانی دارابی و دەوڵەتی ئێرانەوە و قسەکانی پێشتری خۆیان بەرپەچ دایەوە. ئەو هۆیانەش کە بۆ گۆڕینی قسەکانیان دەیانهێنایەوە، کەم و زۆر هاوچەشن بوو: ئەودەم ماندوو بووم، ترسابووم، متمانەم بە پۆلیس نەدەکرد، یا وەرگێڕ بەهەڵە وەریگێڕاوە. خاڵی هاوبەشی نێوان دۆست و برادەری تۆمەتبارەکان کە دەهاتنە دادگا و شایەدییان دەدا ئەوە بوو، بەئاشکرا خۆیان لە نەفامی دەدا. ئەوانەی وریاتر بوون، بۆ نەفامییەکەی خۆیان بەڵگەی جیاوازیی کولتوور و جیاوازی ئایینیان دەهێنایەوە و ئەگەر دەرەتانیان هەبوایە، چەند درۆیەکیان سەبارەت بە ئیسلام، داب و نەریتی ولاّتی ئێران و ولاّتە ئیسلامییەکانی تر رێك دەخست. نموونەی بەرچاو بۆ وەرگێڕانی هەڵە و دەوری وەرگێڕ لە تێنەگەیشتنەکاندا، حەسەن شەماس بوو.

دوای ئەوەی چەند هاوڕێیەکی دارابی هاتنە دادگا و لەماوەی شایەدیدانی خۆیاندا دیعایەی ئەوەیان کرد کە وەرگێڕەکان، زمانی عەرەبی بە زاراوەیەك وەردەگێڕن کە شایەدەکان لێی تێناگەن، نۆرەی شایەدیدانی شەماس هات. ناوبراو دوای ئەوەی بۆ شایەدیدان هاتە دادگاوە، پێش ئەوەی یەك لە وەرگێڕەکان وشەیەکی لەبەر دەم ئەو وەرگێڕابێت یا تەنانەت دەمی لێك کردبێتەوە، گوتی من زاراوەی ئەو وەرگێڕە تێناگەم. ئەوە بوە هۆی ناڕەزایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەربڕینی وەرگێڕەکە و هەروەها نوێنەری داواکاری گشتی. تەنانەت دادئەستێن لە کەیفەرخواستیشدا ئاماژەی بەوە کرد. نموونەکانی هاوچەشن، ئەوەیان بۆ دادگای روون کردەوە کە شایەدەکان پێش هاتنە دادگا و پێش شایەدیدان فەرمانی پێویستیان پێدراوە. فێرکردنی شایەدەکان لەمەڕ ناوەرۆکی شایەدییەکانیان، هەڕەشە لێکردن، بەر تەماع خستنی تۆمەتبارەکان بۆ ئەوەی هەندێ خاڵی تایبەت باس بکەن و هەندێ خاڵی پێشترگوتراو بدەنە دواوە، بابەتێك بوو کە دوای شایەدیدانی خەڵکانی دەوروبەری تۆمەتبارەکان، بوو بە یەك لە مەسەلە جیددەیەکان ناو دادگا.

نموونەی "میشائیل ئوسکار بریست ریش[١٦٤]" لە پێوەندی دارابیدا و نموونەی موحەممەد جەڕادە لە پێوەندی عەیاد و ئەمیندا، بەشێك لە میکانیزمی شوێن دانانە سەر و هەروەها خوڵقاندنی شاهیدانی بۆ دادگا دەرخست.[١٦٥]

ئوسکار بریست ریش کە لە رۆژی یەکەمی پێکهاتنی دادگاوە لە هەموو دانیشتنەکانیدا ئامادە بوو و هەموو وت و ویژەکانی ناو دادگای وشە بە وشە دەنووسییەوە، هاتو و چۆکانی بوبوە جێگەی سەرنجی هەموان، لەماوەی شایەدیدانی برایانی هەمەدانیدا بانگ کرایە شوێنی شایەدیدان. هەواڵنێرە ئاڵمانییەکە لەماوەی شایەدیدانی چەندین جاری خۆیدا، جگەلەوەی پەردەی لەسەر دەوری خۆی وەك حیزبولاّییەك هەڵگرت، کە راپۆرتەکانی [لەمەڕ] دادگای داوەتە باڵوێزخانەی ئێران، لە وەلاّمی پرسیارەکاندا مەجبوور بوو سەبارەت بە دارابیش بدوێت. ناوبراو گوتی ماوەیەکی زۆرە دارابی دەناسم.

"بۆ فێربوونی زانستی شیعە دەچوومە ماڵیان ... هاوڕێ لەگەڵ دارابی لە خۆپێشاندانی شاری بۆن و هەروەها لە خۆپێشاندانی دژ بە گونتر گراس دا بەشداریم کرد کە چەند بەشی کتێبی ئایەتە شەیتانییەکانی دەخوێندەوە ... کازم دارابی پێی گوتم چەند ساڵ پێشتر کە مەئموورانی عەرەبستانی سعودی ٤٠٠ حاجییان لە مەککە کوشت، ...

---

[164] Michael Oskar Brestrich

[١٦٥] بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا، بەشی ٤- تێرۆریزمی دەوڵەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەویش لەوێ بوە و لەگەڵ حاجیانی دیکەدا لەم بارەیەوە قسەی کردوە. ... بەڵێ، لام وایە ئەوراقیشی بڵاو کردۆتەوە و تا ئەو شوێنەی لەبیرم بێت، چەند رۆژێکیش میوانی سعودییەکان بووە لە زیندان".

داهینی پێوەندێکی دوور و درێژی دۆستانەی لەگەڵ دارابی هەبوو و لە سەفەری باکوور و رۆژئاوای ئاڵمان لە رۆژانی ٢٣ و ٢٤ ی سپتامبری ١٩٩٢ دا هاوسەفەری بوو. ناوبراو سەرەتا دەبوایە شایەدی ئەوە بدات کە ئایا ئەمین وەك لە پرس و جۆیەکانیدا گوتوویەتی، رۆژی ١٧ ی سپتامبر و دوای تێرۆرەکە، چۆتە ماڵی ئەو و جل و بەرگەکانی لەوێ بەجێ هێشتوە یان نا. داهینی ئەم خاڵەی زۆر بەتوندی دایە دواوە و پاشان باسی سەفەری دووقۆڵی خۆی لەگەڵ دارابی کرد بۆ کاروباری بازرگانی. بەڵام دوای ئەوەی سەرۆکی دادگا بەجیددی چاونزێریی کرد، سەرئەنجام پێی لەوەنا کە یەکێکی دیکەشیان لەگەڵدا بوە.

ناوبراو ئامادە نەبوو سەبارەت بە هیچکام لە قۆناغەکانی ئەو سەفەرە و پێوەندیی گرتنەکان لەماوەی سەفەرەکەدا هیچ قسەیەك بکات. ئەم سەفەرە بەرواڵەت بازرگانییە، زیاد لەو شتانە بوو کە داهینی دیعایەی دەکردن. رێکەوتی سەفەرەکە رۆژێك دوای دۆزرانەوەی چەکەکان بوو، راست کاتی راگەیاندنی مەترسی پاشماوەی تیمی تێرۆر کە لە ئاڵمانیا بچنە دەرەوەی وڵات.

حەیدەر لەو رێکەوتەدا پارەی دایە ئەمین و راحیل لە راینە و گوتی پێویستە لە ئاڵمانیا بچنە دەرەوە. لەم سەفەرەدا، دارابی تەلەفۆنی بۆ ماڵی حەیدەر کرد لە ئەزنابروك. داهینی هەوڵی ئەوەی دەدا بە دادگای بسەلمێنێت کە بۆ وەرگرتنی خاویار چوونەتە لای ئێرانییەك لە دەوروبەری ماینس. **[لەراستیدا]** ئەوان لە دەوروبەری ماینس چوونە ماڵی کەسێکی سەر بە رژیم **[ی ئێران]**. لەماوەی دادگادا، ئەم سەفەرە بەگاڵتە، وەك سەفەری خاویار ناودەبرا. پاشان مەئموورێکی پۆلیس لە دادگا شایەدی ئەوەیدا کە خاوەنی ماڵەکە، واتە خانمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیفر،[١٦٦] کارمەندی باڵوێزخانەی ئێران بوە و پارێزراویی دیپلۆماتیکی هەبوە. هەر بۆیەش نە خۆی و نە مێردەکەی کە ئێرانییە، پرس و جۆیان لێ نەکرا.

داهینی سەبارەت بە هاوسەفەرەکەی دیکەیان لەو سەفەرەدا، هیچی نەگوت. دارابی و پارێزەرەکانی بەڵام گوتیان ناوی "ئیبراهیم نوورئارا" بوە. ئەمین لای کەم جارێك گوتبووی کە ناوبراو لە محەممەد دەچوو، کە یەکێك بوو لە ئەندامانی تیمی تێرۆر. ئەم سەفەرە، نەك سەفەرێکی بازرگانی بەڵکوو سەفەرێك بوو بۆ پێوەندی گرتنی زانیارییانە، کە لە ماوەیدا باسی تێرۆرەکە و ئەنجامەکانی کرا و فەرمان درایە ئەوانەی وا بەشداریی تێرۆرەکەیان کردبوو و هێشتا لە ئاڵمانیا مابوونەوە لە ئاڵمانیا بچنە دەرەوە. دارابی خۆی، رۆژی ٢٧ ی سپتامبر ئاڵمانیای بەرەو ئێران بەجێ هێشت.

داهینی گەلێك زیاتر لەوەی دەزانی کە سەبارەت بە دارابی و سەرجەمی رووداوەکەی درکاند. هەوڵی ناوبراو بۆ قسەنەکردن نەك هەر بۆ داکۆکی لە هاورێیانی حیزبوڵاهی و کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بۆ دادکۆکی کردن لە شەخسی خۆیشی بوو.

حەسەن و حەیدەر هەمەدانی، دوو برای کرێکاری کۆمەڵە رەستورانی لیزگەیی "حەبیبی" و چالاکانی گەنجی حیزبوڵا و هەروەها دۆست و لایەنگرانی دارابی بوون. لەماوەی شایەدیدانی ئەو دوو برایەدا ئەوەش روون بوەوە کە هەردوکیان بە پاسپۆرتی لوبنانی هاتبوونە بەرلین و چالاکی هاوبەشیان لەگەڵ دارابیدا هەبوە، بەهۆی ئەویشەوە لە باڵوێزخانەی ئێران؛ پاسپۆرتی ئێرانییان وەرگرتبوو. برایانی هەمەدانی هەوڵیان دا کاری هاوبەشیان لەگەڵ دارابی وەك دۆستایەکی ساکار و سەفەری ئاسایی بدەنە قەڵەم کە جاروبارە بۆیان دەهاتەپێش. هەردووکیان لە هێرشی دۆسیلدۆرفیشدا بەشدارییان کردبوو.

حەسەن هاورێ لەگەڵ عەباس راحیل لە ساڵی ١٩٩٠ دا لەسەر دزی گیرابوون. ناوبراو لە درۆ کردن و بەرپەرچ دانەوەی هەموو ئەو شتانەی واپێشتر گوتبووی و لەخۆیدا بەزیانی دارابی بوو، ئەوەندە چوە پێشەوە کە هەم وەرگێڕی

166 Shiffer

ئامادەبووی کاتی پرس و جۆکان و هەم ئەو پۆلیسەی وا پرسیارەکانی ئاراستە کردبوو، هەر دوکیان بۆ شایەدیدان بانگ کرانە دادگا. رۆژانی شایەدیدانی ئەو دوو برایە، رۆژانی پرئالۆزیی کاری دادگا بوون. لەماوەی هەر ئەو شایەدیدانەی ئەواندا، مەسەلەی برێست ریش سەرلەنوێ هاتەوە گۆڕێ و یەك لە شێوازەکانی هەڕەشە و گوڕەشە و ئامادە کردنی شاهیدانی حیزبوڵا بۆ دادگا روون بوەوە.

ئیشتیاقی، خاوەن ماڵی شەقامی زنفتن برگر لە رۆژی ٢٩ ی ئووتدا سەفەری ئێرانی کردبوو. ناوبراو پێش سەفەرەکەی کلیلی ماڵەکەی دابوە بەهرام برنجیان و دوای گەڕانەوە لە ئێرانیش لێی وەرگرتبوەوە. ئیشتیاقی کەسێکی موسوڵمان و حیزبوڵاهی و لە دۆستانی دارابی و برنجیان بوو و پێوەندێکی نزیکی لەگەڵ باڵوێزخانە [ی ئێران] دا هەبوو. ناوبراو لە ماوەی پرس و جۆکاندا لەدوای گهڕانەوەی لە ئێران، گوتبووی کە ماڵەکە، نارێك و پێك بوو و گۆشت لەناو سەلاجە [یەخچاڵ] ەکەدا مابوەوە. تەنانەت گوتی من رەخنەم لە بەهرام گرت بۆچی ماڵەکەی داوەتە خەڵکانی تر.

ناوبراو، لە دادگادا هەموو قسەکانی خۆی وەرگرتەوە، بەڵام کەوتە قسەکردنی ناتەباوە و نەیتوانی حاشا لە قسەکانی پێشووی خۆی بکات، کە دەری خست لەو ماوەیەدا لە بەرلین نەبوو، کەسانێك کەڵکیان لە ماڵەکەی بینیوە. ئیشتیاقی گوتی بۆ ئەوەی خزمەتی وڵاتەکەی بکات دەرسی موهەندیسی پاپۆڕی خوێندوە و دوای تەواوبوونی دەرسەکانی گەڕاوەتەوە بۆ ئێران. لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆچی گەڕاوەتەوە ئاڵمانیا، گوتی "بۆ ئەوەی لێرە ئیش بکەم." موهەندیسی پاپۆڕ سیمبۆلی ناچیزەیی حیزبوڵا بوو. پیاوێك بوو سەردانەویو و مل دابردوو، کە دەبوایە درۆی وا بکات کە لە پێشەوە دەیزانی درۆن و دوای راگەیاندنیشیان بۆ خەڵکانی تر روون دەبوەوە.

لەکۆتاییدا، بەهمەن برنجیان، بەرپرسی کاروباری کولتووری و وەرگێڕی ئەو کاتەی کۆنسولیەتی ئێران لە بەرلین و ـ بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەی وا BVF

دایە دادگا، مەئمووری ئاسایشی رژیم [ی ئێران] و لەو دۆستانی کۆنی دارابی، شایەدی لەسەر ئەو دا. ناوبراو لە وەڵامی پرسیاری سەرۆکی دادگادا گوتی "ئێوە دەزانن کە ئەگەر نەمویستایە شایەدی بدەم، باڵوێزخانەی ئێران بەناوی مەئمووری دیپلۆماتیك دەیناساندم." برنجیان وەك نوێنەری رەسمی کۆماری ئیسلامی ئامادەی دادگا بوو، نەك وەك شاهیدێك کە رووداوێکی دیاریکراوی بینیوە یان بیستوە و دەبێ باسیان بکات. ناوبراو مەئموور بوو بەشێوەیەکی نافەرمی، بۆچوونی فەرمی رژیم سەبارەت بەو شتانەی وا لە دادگا رادەبرا، رابگەیێنێت و ئەم ئەرکەشی بەئەنجام گەیاند.

سەبارەت بە مەئموور بوونی خۆی، بەپێکەنینەوە ئاماژەی بە راپۆرتی BVF کرد و داکۆکی لە ئەمانی فەراهانی ـ مەئموورێکی دیکەی رژیم، کرد، کە چەندە مرۆڤێکی باشە و چەندی منداڵەکەی خۆش دەوێت و ئەو قسانەش هەمووی درۆن. لە وەڵامی سەرۆکی دادگادا، کە لێی پرسی:

"ئایا دەزانی کە دارابی لەگەڵ واواکدا ئیش دەکات؟

بە لێبڕاوی و جیددی گوتی" "نەخێر".

پرسیار: "لەکوێوە ئەوە دەزانی؟ مەگەر تۆ ئەندامی؟"...

وەڵام: "بەوردی نازانم".

پرسیار: "کەوابوو، بەوردی نازانی؟"

وەڵام: "بەڵێ، بەوردی نازانم".

پرسیار: "ئایا خۆت لەگەڵ رێکخراوەی زانیاریی ئێرانیدا ئیش دەکەی؟"

وەڵام: "هەر وەڵامێکتان بدەمەوە باوەڕم پێ ناکەن. وەستاوەتە سەر ئەوەی نیازتان لە ئیش کردن چ بێت. ئەگەر داهاتووی وڵاتەکەتان بکەوێتە مەترسییەوە و زانیاریشتان هەبێت، دیارە دەیدەنە مەقاماتی وڵاتەکەتان. منیش دەیدەم".

پرسیار: "کەوابوو، لەگەڵ رێکخراوە زانیارییەکاندا ئیش دەکەی".

وەڵام: "ئەوەندەی توانیم وەڵامم دایەوە".

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برنجیان سەبارەت بە "برێست ریش" یش قسەی کرد. برێست ریش لە دادگا شایەدی دابوو کە نووسراوەی وتووێژەکانی دادگای بەتەواوەتی داوەتە باڵوێزخانەی ئێران و داویەتە کەسێك بەناوی مەجید. برنجیان سەبارەت بەو گوتی و نووسراوەکانی دانیشتنی دادگام لێوەردەگرت و وەرمدەگێڕایە سەر فارسی و دەمناردنە ئێران. برنجیان گوتی: ناوبراو کەسێکی کەللەرەقە کە گوێ ناداتە قسەی کەس. ئەو کارەکەی خراپتر کرد".

برنجیان کە دوابەدوای گەنجی شایەدی دەدا، دەیزانی کە شایەدییەکانی ئەو بەزیانی دەوڵەتی ئێران و بۆ دادگا، جێگەی بڕوا و موستەدەل بوو. جا بۆیە هەوڵی دا شایەدییەکانی گەنجی بێ بایەخ بکاتەوە. باسی رابردووی گەنجی کرد و گوتی پارە لە وڵاتانی دەرەوە وەردەگرێت و شتی ئەوتۆ. جیا لەوەش، برنجیان بە وەڵامدانەوەی رێکخراوەی موجاهیدین [ی خەلق] ەوە خەریك بوو و هەوڵی دا کەڵك لە دادگا وەك منبەرێکی سیاسی دژ بەوان وەربگرێت و بەهەندێ باسی گشتی، بەدناویان بکات.

برنجیان نوێنەری غەیرە رەسمی دەوڵەتی ئێران بوو و تا ئەو شوێنەی کە نوێنەر بوو، باسی ئەو شتانەی کرد کە هیچ پێوەندێکی راستەوخۆیان بەوەوە وەك شاهید نەبوو. بەڵام کاتی نۆرەی خاڵی تایبەت و دیاریکراو گەیشت کە خۆی شایەدیان بوو، بەر بوە درۆ کردن و هەوڵی دا هەموو شتێك بەرئاوەژوو نیشان بدات. ئەرکی برنجیان ئەوە بوو کە شایەدییەکانی براکەی لە پرس و جۆی رۆژی ١٢ ی ئۆکتۆبردا وەربگرێتەوە. ناوبراو گوتی بەهرامی برام لە پرس و جۆی رۆژی ١٢ ی ئۆکتۆبردا ترسابوو و لەو حاڵەتەدا بوو کە بە پۆلیسی راگەیاند رۆژی ١٢ ی سپتامبر کلیلی ماڵی ئیشتیاقی داوە بە دارابی و دەوروبەری رۆژی ٢٩ ی سپتامبر لێی وەرگرتۆتەوە. لەراستیدا، براکەم کلیلی دابوە ئەمین بەڵام لە ترسان گوتوویەتی داومە بە دارابی. براکەم ـ لەرێگەی نامە و تەلەفۆنەوە ـ پێی گوتم کە ئەم زانیارییانە بدەمە دادگا. ناوبراو لەبەر ئەوەی بڕوا بە پۆلیس و دادگای ئاڵمان ناکات، نایەوێت بێت بۆ بەرلین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر بکرێت رۆژێك بە رۆژی بریقەدار دابنێیت، رۆژی پرسیار و وەڵامی دادئەستێن لەگەڵ برنجیان، یەك لە بریقەدارترین رۆژانی دادئەستێنی بەرزی "یوست" بوە. ناوبراو لەرێگەی پرسیاری کورت، ساکار و وردەوە ناتەبایی قسەکانی برنجیانی ئاشکرا کرد تا ئەو شوێنەی کە خۆی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەئەستۆی گرت کە هەرچییەك گوتوویەتی درۆ بوە.

برنجیان لە وەڵامی دوا پرسیاری دادئەستێندا تەنیا توانی ئەوە بڵێت کە: "ئێمە لەو قۆناغەدا زۆر دەترساین." و ئەو قسەیەش هیچ واتایەکی دیکەی نەدەتوانی هەبێت جگەلەوەی کە: "ئێمەش تا رادەیەك دەستمان لە مەسەلەکەدا هەبوو و لەو قۆناغەدا دەبوایە خۆمان بە سەلامەت لە کێشەکە دوور بخەینەوە، بەڵام ئەمرۆ ئیتر ئەو قۆناغە تێپەڕ بوە و پێویستە دارابی لە کێشەکە دەربهێنین".

ئەو خولەی شایەدیدانی دارابی، هاوڕێ و هاوتەریب لەگەڵ شایەدیدانی دۆست و برادەری تۆمەتبارانی تر، زۆر بە رۆشنی بۆ دادگای دەرخست کە:

١- تۆڕێکی رژیمی ئێران، بەبێ واسیتە دەستی بە بەڵگە و فایلەکانی دادگا رادەگات و بەروونی دەزانێت کامە شاهید لە پرس و جۆکاندا چی گوتوە.

٢- لەسەر هەرکام لە شایەدەکان یەکە یەکە ئیش دەکرێت و فێریان دەکەن لە دادگادا چی بڵێن، چ بابەتێك گەورە بکەنەوە، جنێو بە کێ بدەن و بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قسانەی وا لە پرس و جۆکاندا کردوویانە چی بکەن.

٣- ئامانجی شایەدەکان نە دەربڕینی راستیە و نە یارمەتیدانی دادگایە بۆ دۆزینەوەی راستی. ئەوان بەو ئامانجەوە دەهاتنە دادگا کە پێوەندی دارابی لەگەڵ تۆمەتبارەکان و دەوڵەتی ئێران بچووك و کەم بایەخ بدەنە قەڵەم و بۆ ئەم کارە، قوربانی نەکردنی تۆمەتبارەکانی تر، لە پلەی چەندم دابوو. سەرەکیترین مەسەلە، رەت کردنەوەی پێوەندی دارابی بوو لەگەڵ ئێران بەهەر شێوەیەك بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان هەموو، هەوڵیان دا پێوەندی نزیکی ئەو لەگەڵ باڵوێزخانە و کونسولیەتەکانی ئێران و چالاکی بەرچاوی ئەو و دەوری فەرماندەییەکەی لە ناوەندەکانی کۆبوونەوەی حیزبولڵا، تارادەی هەندێك جووڵانەوەی تاقەکەسی بێننە خوارەوە.

بۆ زۆرێك لە شایەدەکان، درۆ گوتن لە دادگا و ئەگەری سزادانی ئەو درۆگوتنانە، خاوەنی گرنگایەتی نەبوو. ئەوان زیاتر ئەرکی ئایینی ـ سیاسی خۆیان بەڕێوە دەبرد و بەسەرفرازییەوە ئامادەی قەبوڵ کردنی ئەنجامەکانی بوون. سەرجەمی چالاکییە یاساییەکانی دارابی و پارێزەرانی لە یەکەمین قۆناغ ـ واتە لە دەسپێکی دادگاوە تا مانگی جانیوەری ١٩٩٥، سەرکەوتوو نەبوو. لەو ماوەیەدا دارابی کەڵکی لە هەموو دەرەتانێك وەرگرت بۆ ئاژاوە نانەوە و جنێودان بە نەیارانی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت ئەو خەڵکانەی لەوێ ئامادە بوون. کاری ئەو جنێودانە ئەوەندە پەرەی ساند کە لە رۆژی ٢٢ ی سپتامبری ٩٤ دا، یەك لە پارێزەرەکان بەنامە داوای لە دادگا کرد سەرنج بداتە مەسەلەکە.

دارابی خۆی تەنیا چەند جار بەجیددی قسەیەکی کەمی لەسەر ئەو بابەتانە کرد کە لە دادگادا هاتبوونە گۆڕێ. کاتێ سەبارەت بە چالاکییەکانی لە مزگەوتێکی شاری بەلین شایەدییان دەدا و دەرکەوت کە پلان داڕێژ و سەردەستەی خۆپیشاندانی دژی سەلمان روشدی لە بەرلین بوە، لەجیاتی شاهیدەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئێمە هەموو دژ بە سەلمان روشدین." لەبەر ئەوەی دارابی بەپێچەوانەی ئەمین، لە پشکنینەکاندا هیچی نەگوتبوو کە ئێستا وەری بگرێتەوە، پۆلیس و مەئموورانی لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەدا هیچیان نەبوو لە دادگادا بیڵێن. ئەم ئەرکە، بەکردەوە لە ئەستۆی دۆستانی دارابی بوو. بەڵام بەپێچەوانەی پۆلیس، مەقاماتی زانیاریی ئاڵمان قسەیان هەبوو بیکەن.

گرونەوالد، مودیری بەشی ئێران لەBfV، لە ١٤ ی ئۆکتۆبری ٩٤ دا لە دادگا، شایەدی راست بوونی هەموو خاڵەکانی ناو راپۆرتی ئیداری BfV ی دا و لەسەر بنەمای زانیارییەکانی BfV گوتی دارابی ئەندامی سوپای پاسدارانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران، ئەندامی ڕێکخراوەی ئیتیلاعات و ئەمنیەتی ئێران و پەیوەند و هەروەها یەکێك لە ڕێکخەرانی سەرەکی حیزبوڵا لە ئاڵمانیایە؛ ناوبراو لەگەڵ دوو کاربەدەستی باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن بەناوی جەوادی و مورتەزا غوڵامی، پێوەندی بەردەوامی هەبوە و مەئمووریەتی دیاریکراوی بۆ شوێن کەوتن و ناسینەوەی کەسانی ئۆپۆزیسیۆن لەوان وەرگرتوە. ئەو دوو کەسەش لە مەئموورانی واواکن کە بۆ BfV ناسراون. گرۆنەوالد ناوی دارابی وەکو عەمیلی ئیتیلاعاتی ڕژیمی ئێران هێنا و پەسندی کرد کە:

"وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێران لە سەرەتاکانی مانگی سپتامبری پێش تێرۆرەکەدا تیمێکی ناردە بەرلین، ئەو تیمە لەگەڵ دەستنێژانی دانیشتیووی بەرلیندا پێکهاتن، زانیارییان گردوکۆ کرد و نەقشەی عەمەلیاتی کوشتنەکەیان بەشێوەی نیهایی داڕشت".

ئینجا دارابی بە یەکێك لەو "دەستنێژ"انە ناو برد.

دارابی لە دانیشتنەکانی شایەدیدانی گرونەوالد دا، بەدەنگی بەرز و عەسەبی، بە ئاڵمانی نەڕاندی "ئێوە هیچتان دژ بەمن نییە، هەمووی ئەوانە تۆمەتن، ئەگەر شتێکی تایبەتتان هەیە، تاقە یەك شتی تایبەت، فەرموون ئاشکرای بکەن".

دارابی ئەو دەم لە ئیشارە و ئاماژەی پارێزەرەکانی تێنەدەگەیشت کە داوایان لێدەکرد بێدەنگ بێت. ئەو پێداگرتنانە، لە شوێنی خۆیدا سەرۆکی دادگای پێداگرتر کرد کە فایلی چالاکییەکانی دارابی ڕوون بکاتەوە و بەگوێرەی ڕێکەوت، لە BFV بخوازێت بۆی بنێرن. لەئەنجامدا بەشتێك لەو زانیارییانە گەیشتە دادگا و ڕستە بە ڕستە کەوتە بەرچاوی هەموان. لە ٢٨ ی مارسی ١٩٩٦ دا، ڕاپۆرتی گوێگرتن لە پێنج وت و وێژی تەلەفۆنی لەگەڵ دارابی خوێنرایەوە کە BfV دابویە دادگا. تەلەفۆنەکان باسی دامەزراندنی ٢٠ کەس لە خەڵکانی دڵنیایان دەکرد کە لە ئێرانەوە هاتبوون و هەروەها باسی کأینی زەوی بۆ مزگەوت لەگەڵ "ئەمانی فەراهانی" و خەڵکانی تر و یەك لە تەلەفۆنەکانیش لە "خانەی ئێران" ەوە بوو. چوار تەلەفۆنی یەکەم کوت کرابوونەوە و دوایین تەلەفۆنیش دەقی پەیامێك بوو کە بۆیان بەجێ هێشتبوو:

لە جەنابی X ەوە بۆ دەزگای تۆماری تەلەفۆنی [کازم] دارابی (کەسێك کە بەباشی کازم دەناسێت لەسەر شریتەکە قسە دەکات):
کازم گیان، تۆ خۆ ناکەویەوە ماڵ. من ژمارە تەلەفۆنی "خانەی ئێران" ت پێدەدەم: ٠٢٢١/٣٨٧٠٨٩. زیاد لەوە، پێویستە تۆ هەندێ لە دۆستانی عەرەبیش ڕێك بخەی بۆ ئەوەی بچنە دوسیلدۆرف لەوێ پیشانگایەك دانراوە. کاتێك کە ژنێکی لێ بوو تێکیان دا، نیازم موناففقین [موجاهیدینی خەلق] ە. زۆرباش دەبێت ئەگەر تۆ هەندێ دۆست و برادەری عەرەب وەکۆ بکەی و بیانێریە دوسیلدۆرف. هەر چۆنێك بێت، من لە "خانەی ئێران" م. تەلەفۆنم بۆ بکە. باشتر وایە خۆشت ئەمشەو یا سبەی بکەویە ڕێگە و بێیە ئێرە، خوات لەگەڵ".

BfV لە ڕۆژی ١٩٩٢/١/٣١دا، داوای لە LfV کردبوو تەلەفۆنی دارابی کۆنترۆڵ بکات. دائیرەی ناوبراو ئەم کارەی تا ٩٢/٩/٢٨ (واتە یازدە ڕۆژ دوای تێرۆری میکۆنۆس) خستە دواوە و بەهۆی گیرانیەوە لە ١٩٩٢/١٠/٨، مەسەلەکە خۆی لە خۆیدا هەڵوەشایەوە. ئەم دواکەوتنە و هۆکارییەکانی بوونە سەبەبی باس و خواسی توند و درێژ خایەن لە پەرلەمانی بەرلین.

لە ساڵی ١٩٩٥ بەدواوە، دارابی و پارێزەرەکانی و هەروەها ئێران شێوازێکی نوێی بەرگرییان گرتەبەر. تا ئەو کاتە، هەموو هەوڵی پارێزەرانی دارابی لە دادگا بریتی بوو لەوەی هەرچی باسی لێوە دەکرا، بەبێ بایەخ، هەڵە، درۆ و شانۆگەری دابنێن و لەو ڕێگایەوە بێتاوانی دارابی و هاوڕێ لەگەڵ ئەو، بەشدارنەبوونی ئێران لە تێرۆری میکۆنۆس بسەلمێنن. ئەم شێوازە تووشی شکانی تەواو هات. هیچ کام لەو بابەتانەی وا داواکاری گشتی لە ئیدیعانامەی خۆیدا هێنابوویە گۆڕێ، نەك لە دادگادا نەدرایە دواوە بەڵکوو بەپێچەوانە، سەرەڕای هەوڵی بێوچانی پارێزەران و هەندێ جار تەنانەت بەهۆی هەر ئەو هەوڵانەوە، پەسند کران. هیچکام لە هاوڕێیانی دارابی کە لەم قۆناغەدا بۆ شایەدیدان هاتنە دادگا، سەرەڕای ئەوەی پێشتر ئامادە کرابوون، نەیانتوانی پێشی دەرکەوتنی ڕاستیەکان بگرن. لەناو ئەم کارانەدا، ئەو بەڵگەنامانەش وا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوە زانیارییەکانی بەرلین دایانە داواکاری گشتی و دادگا، پێوەندی دارابی و ڕژیمی ئێرانی ڕوونتر کردەوە و شایەدیدانی بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوانەش بایەخێکی زیاتری پەیدا کرد. لە وەڵامی هەموو ئەوانەدا، دارابی و پارێزەرەکانی شێوازی داکۆکییان گۆڕی و بەربوونە هێرشکاری. لەم قۆناغەدا هەوڵیاندا بەشێوەی سەلماندن و لەڕێگەی پشت بەستن بەو زانیارییانەی واخۆیان دەیاندایە دادگا، هەم ئیعیترافەکانی ئەمین بێ بایەخ بکەن و هەم ژیان نامەیەکی نوێ بۆ دارابی دروست بکەن کە ڕۆژانی نزیك بە تێرۆر بگریتە بەر.
ڕۆژی ١٠ ی ژانویەی ١٩٩٥ وۆلفگانگ پانکا، پارێزەری یەکەمی دارابی داوایەکی بەشێوەی یەك فەورییەت پێشکەش بە دادگا کرد بۆ ئەوەی دوو ئێرانی زیندانی کراو لە زیندانی کاتیی موابیت وەك شایەد بهێنرێتە دادگا. دارابیش لە هەمان زینداندا ماوەی زیندانی کاتیی خۆی تێپەڕ دەکرد. بەگوێرەی داواکارییەکە، کازم دارابی لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە گوێی لە وت و وێژی دوو ئێرانی بوە بەناوی کەوسەری و کیانفەڕ ـ کە لە پەنجەرەی ژووری خۆیانەوە لەگەڵ یەکتردا قسەیان کردوە. دوو ئێرانییەکە لە قسەکانیاندا هەمان ئەو شتەیان بۆ یەکتر گێڕایەوەتەوە کە ئەمین لە حیکایەتە تازەکەیدا لە دادگا گوتبووی و درۆ بوونی وشەبەوشەی قسەکانی لەماوەی زیاد لە ساڵێکی دانیشتنەکانی دادگادا سەلمابوو.
بەگوێرەی ئەو سیناریۆ تازەیە، ئەمین هەر نەچووبوە ماڵی نهێنی شەقامی زنفتن برگر و ئەوێی نەدەناسی، لەماوەی نێوان ١٣ تا ١٧ ی سپتامبریشدا لە ماڵی لوبنانییەك بوو بەناوی حوسام شەحرور لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتی پێشوو.
بەگوێرەی داواکارییەکەی پارێزەرانی دارابی، کەوسەری بۆ کیانفەری گێڕاوەتەوە کە ئەمینی جارێك لە ژووری چاوپێکەوتنی زیندانیان بینیوە وەبیری هاتۆتەوە کە سێ ساڵ پێشتر لەنێوان ڕۆژانی ١٣ و ١٧ ی سپتامبری ١٩٩٢ دا لە ماڵی شەحرور بینویەتی کە ئەویش بەهەڵکەوت لەوێ بوە. لەماڵەکەدا جگە لە ئەمین، ئێرانییەکی دیکەشی لێ بوو کە ناوی شەریف بوە و واهەیە یەکی دیکەش بەناوی محەمەد لەوێ بووبێت. شەحرور چەند چەشنە چەکی پێ

نیشان داون، که‌ یه‌کیان ره‌شاشێك بوه‌ به‌ که‌ره‌سه‌ی بێده‌نگکه‌ره‌وه‌. که‌وسه‌ری دوای ئه‌وه‌ی چه‌که‌کانی نیشان دان، له‌ ماڵه‌که‌ هاته‌ ده‌ره‌وه‌ و ئیتر دوای چه‌نده‌ها ساڵ کاتێ چاوی به‌ ئه‌مین که‌وته‌وه‌ هه‌موو رووداوه‌که‌ی هاته‌وه‌ بیر و هه‌مووشی له‌ په‌نجه‌ره‌ی ژووره‌که‌یه‌وه‌ بۆ کیانفه‌ڕ گێڕایه‌وه‌ که‌ ژووری ئه‌و له‌ نهۆمی خواره‌وه‌تره‌. جا دارابیش که‌ به‌هه‌ڵکه‌وت له‌به‌رده‌م په‌نجه‌ره‌ی ژووره‌که‌ی بوه‌ له‌ نهۆمێکی تر، ئه‌وانه‌ی هه‌موو بیستوه‌.

ئه‌و سیناریۆیه‌ی وا ئه‌مین له‌ دادگا گێڕابوویه‌وه‌ و ته‌نانه‌ت شایه‌دێکی بۆ تاقه‌ یه‌ك وشه‌ له‌ قسه‌کانی نه‌دۆزیبوه‌وه‌، ئه‌مجار دارابی به‌ دوو شایه‌ده‌وه‌ بۆ دادگای دووپات ده‌کرده‌وه‌. به‌یارمه‌تی ئه‌و دوو شایه‌ده‌ هه‌موو تاریکییه‌کانی تێرۆری میکۆنۆس ـ له‌ چه‌که‌کانه‌وه‌ بگره‌ هه‌تا شه‌ریف و محه‌مه‌د و ماڵی نهێنی تێرۆریسته‌کانی و هتد... چاره‌سه‌ر ده‌کرا.

ئه‌و که‌سه‌ی وا حیکایه‌ته‌ نوێیه‌که‌ی خوڵقاند، ته‌نانه‌ت توانای زیهنی پێویستی بۆ دروست کردنی حیکایه‌تێکی به‌رواڵه‌ت مه‌نتیقیش نه‌بوو. پارێزه‌رانی دارابی ئه‌مجاریش به‌هه‌وای قه‌وانی ئه‌و سه‌مایان کرد و به‌هۆی داواکاریی ئه‌وه‌وه‌ داخوازی هاتنی دوو که‌سه‌که‌یان کرد بۆ دادگا. پارێره‌زانی دارابی مه‌رجی ئه‌وه‌یان دانا و پێیان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ داگرت که‌ ئه‌و دوو که‌سه‌ پێش ئه‌وه‌ بهێنرێنه‌ دادگا که‌ خه‌ڵکانی تر و له‌وانه‌، دادئه‌ستێن و پۆلیس بتوانن قسه‌یان له‌گه‌ڵدا بکه‌ن و شوێنیان له‌سه‌ر دابنێن. سه‌ره‌ڕای دژایه‌تی کردنی دادئه‌ستێن و پارێزه‌رانی شاکیانی خسووسی دادگا موافه‌قه‌ی له‌گه‌ڵ مه‌سه‌له‌که‌ کرد و داواکارییه‌که‌ و خێرایی کاره‌که‌ی هه‌ر دوکیانی په‌سند کرد. له‌ ئه‌نجامدا، دوو که‌سه‌که‌ هه‌مان رۆژهێنرانه‌ دادگا.

ناسر که‌وسه‌ری که‌م و زۆر وه‌ك ئه‌وه‌ی له‌ داواکارییه‌که‌دا گوترابوو، شایه‌دی دا، به‌ڵام سه‌باره‌ت به‌ هه‌ندێ خاڵ وه‌ك که‌ره‌سه‌ی بێده‌نگکه‌ری ره‌شاش، گوتی بێ خه‌به‌رم. کاتی شایه‌دی دووهه‌م واته‌ محه‌مه‌د ره‌زا کیانفه‌ڕ هاته‌ دادگا، ئیتر مه‌سه‌له‌که‌ روون بوه‌وه‌. ناوبراو له‌ یه‌که‌مین شایه‌دیدانی خۆیدا گوتی قسه‌م له‌گه‌ڵ "ناسر ئاغا" کردوه‌ به‌ڵام ناوه‌رۆکی قسه‌کان نازانم چی بوه‌.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کیانفەڕ لە دانیشتنی دواییدا گوتی فریوم خواردوە و بە قیژە و هەراوە گوتی لە ئێران کەسانێك دەبنە وەزیر کە مرۆڤیان کوشتبێت، ئینجا دەستی بۆ لای دارابی راداشت و گوتی ئەوانە چوار کەسیان کوشتوە و دەیانەوێت بگەنە پلەی بەرز. [هەروەها گوتی] بە پێچەوانەی قسەی دارابی، کەوسەری و دارابی یەکتر باش دەناسن و لە زینداندا لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن، کەڵکیشیان لە من وەرگرتوە و کردوومیانەتە کەرەسەیەك بۆ خۆیان.

یەکەم ئەزموونی شێوازی نوێی دیفاعی دارابی و پارێزەرەکانی، تووشی ئابڕووچوونێکی ئەوتۆ هات کە ئیتر تەنانەت ئاماژەیەکیشیان پێنەکردوە. بەڵام پارێزەرانی دارابی بە بەشدارییان لەم ئەزموونەدا دەریان خست کە نەك هەر پارێزەرێکی سەربەخۆی دارابی نین، بەڵکوو لە خزمەت ئەودان و بەکردەوەش گوێ دەدەنە فەرمانی ئەو. ئەنجامی ئەم شێوازەیان لە کۆتایی دادگا و کاتێك بۆیان دەرکەوت کە ویستیان سەرەڕای خواستی ئەو، داکۆکی لە موەکیلەکەیان بکەن.

هەنگاوی دواتر بۆ پێشکەش کردنی بەڵگەی بێتاوان بوونی دارابی بەدادگا، لە رۆژی ٣٠ ی مارسی ١٩٩٥ دا هەڵێنرایەوە. لەم رۆژەدا پارێزەرانی دارابی دوو داواکارییان پێشکەش بە دادگا کرد. لەم دوو داواکارییەدا ژیننامەیەکی نوێ بۆ ماوەی ١٣ تا ٢٠ ی سپتامبری دارابی پێکهێنرابوو و داوای ئەوە کرابوو کە ١٣ کەس وەك شایەد بێنە دادگا و شایەدیی راست بوونی ئەو ژیننامە نوێیە بدەن. شایەدەکان بریتی بوون لە:

عەرەبی بەلاغی، سەید موستەفا خادم نەعیمی، عەدنان عەیاد، موحەممەد رەزا سەقەفی و هاوسەرەکەی، حوسێن رۆزی تەلەب، یۆسف عەیاد، ئیبراهیم نورئارا، مەهدی عەلیرەزایی، ئەحمەد موخی، و ئیبراهیم زادە، کە هەموویان خەڵکانی دەوروبەری دارابی، لایەنگری رژیمی ئێران و حیزبوڵای لوبنان هەروەها چالاکانی بواری جیاجیا کە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پێوەندیان لەگەڵ ئێران هەبوو، ئەندامی ئەنجومەنی جیاجیای خوێندکارانی لایەنگری رژیم یا مودیر و فەرمانبەری شەریکاتی رواڵەتیی واواك بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەگوێرەی [ناوەڕۆکی] ئەم داواکارییە نوێیە، دارابی لە دەوروبەری نیوەرۆی رۆژی یەکشەممە ١٣ ی مانگی سپتامبری ٩٢ لە بەرلین چووبوە دەرەوە و لە ئەنجامدا گونجاو نەبوو ئەمین و ئەوانی دیکەی بە ترومبیلی خۆی بردبێتە ماڵی نهێنی شەقامی زلفتن برگر؛ هەتا ٢٠ ی سپتامبریش لە دەرەوەی بەرلین بوە. تەنیا رۆژی ١٧ ی سپتامبر (رۆژی تێرۆرەکە)، لەگەڵ کچەکەیدا بۆ ماوەی چەند سەعاتێك گەڕاوەتەوە بۆ هامبورگ. سەفەری دارابی بۆ بەرلین لە رۆژی ١٧ سپتامبردا بۆیە هاتە ناو ژیننامەی نوێی دارابییەوە، کە هۆیەك بێت بۆ بەدرۆ خستنەوەی قسەکانی ئەمین لە پرس و جۆکانیدا. ئەمین لە ئیعترافەکانیدا گوتبووی هەتا ٢٠ ی سپتامبر لە دەرەوەی بەرلین بوە.

شێوازی دروست کردنی ئەم حیکایەتە نوێیە، هەمان شێوازی ساکاری دروست کردنی حیکایەتی کەوسەری ـ کەیانفەڕی هەبوو. گەرچی ژمارەی یاریکەران زیاتر بوو و بۆ پشتڕاست کردنەوەی، هەر دەم بویستراییە، وەها ئامادە و لەبەر دەست بوون، کە بێ بایەخ بوونەکەی هەر لە سەرەتاوە دەردەکەوت. ئەم حیکایەتەش نەیدەتوانی چارەنووسێکی باشتر لە چارەنووسی حیکایەتەکەی پێشووی هەبێت.

لەسەر بنەمای ئەم نامە ی داواکارییانە:

یەکەم کەس دەبوایە لە رۆژی یەکشەممە ١٣ ی سپتامبر لە دەوروبەری نیوەڕۆ لە هامبورگ دارابی دیتبێت، دووهەم کەس ماوەیەك دواتر لە مزگەوتی هامبورگ و سێهەم کەس، هەمان شەو ـ هەر لەو سەعاتەدا لە هامبورگ چاوی پێیکەوتبێت، گەرچی بەگوێرەی بەڵگەنامەی پێشکەش کراو بە دادگا، ئەو کاتە بەنزینی لە [بەنزینخانەیەکی] بەرلین وەرگرتبوو.

چوارەم کەس دەبوایە شایەدی ئەوە بدات کە لە کاتی نیوەرۆی رۆژی یەکشەممەدا ویستبووی دارابی لە بەرلین بدۆزێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دارابی چووبوە هامبورگ نەیتوانی چاوی پێ بکەوێت. بەڵام رۆژی ١٧ ی سپتامبر دارابی چووبوە چاوپێکەوتنی لە بەرلین و ٥٠ هەزار مارکی لێوەرگرتبوو و گەڕابوەوە بۆ هامبورگ؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێنجەم کەس، مودیر پێشووی [رۆژنامەی] "کەیهانی هەوایی" لە ئاڵمانیا بوو، کە دەبوایە شایەدی ئەوە بدات ئەو ٥٠ هەزار مارکە بۆ کڕینی قاڵی بوە، بەڵام سەوداکە سەری نەگرتوە؛

شەشەم کەس، دەبوایە هەموو سەعاتێکی رۆژی ١٧ سپتامبر هاوڕێی دارابی بووبێت و لەگەڵ ئەودا هاتبێتە بەرلین؛

حەوتەم کەس، ٥٠ هەزار مارکی لە بانك وەرگرتوە و کاتێ دارابی بینیوە، پارەکەی داوەتی؛

هەشتەم کەس کە دانیشتووی ئێران بوو، دەبوایە روونی بکاتەوە کە لە دەوروبەری ١٦ ی سپتامبر بەشوێن ماڵدا گەڕاوە بۆ نیشتەجێ بوونی خۆی و دارابی بڕیار بوە شوێنی بۆ بدۆزێتەوە.

نۆهەم و دەهەم کەس دەبوایە شایەدی ئەوە بدەن کە رۆژی ١٦ ی سپتامبر بە دارابییان راگەیاندوە ماڵێك لە شەقامی زنفتن برگر بەتاڵە و دەتوانێ کەڵکی لێوەربگرێت، هەروەها دیتوویانە کە دارابی کلیلی ئەم ماڵەی داوەتەوە بە بەهرام برنجیان؛

یازدەهەم کەس دەبوایە شایەدی بدات کە دارابی و نوورئارا رۆژی ٢٧ ی سپتامبر چوونەتە هامبورگ و لەوێوە چوون بۆ ئێران.

ئەم پێڕستە بەهۆی چەند داواکارییەکی نوێوە درێژ کرایەوە. هاوسەر و خوشکی دارابی، بەرپرسی پیشانگەی "حەوتووی سەوز" لە بەرلین، عەباس هیلال و عەلی هیلال کرێکارانی دارابی لەم پیشانگەیە، قاسم دارابی برای خۆی کە لەسەرتاکانی ساڵی ١٩٩٢ دا گەڕابوەوە بۆ ئێران، حوسێن سابیت، عامیلی، و زەوارە، کە دەبوایە شایەدی ئەوە بووبێتن دارابی و نورئارا کلیل [ی ماڵ] یان دابێتە یەکتر، هەموویان دەبوایە وەك شاهید بانگ بکرێنە دادگا. هەروەها داواکارییەکی دیکەش پێشکەش بە دادگا کرا بۆ ئەوەی "ئەمانی فەراهانی" سەرکۆنسوولی پێشووتری ئێران لە بەرلینیش وەك شایەد بێتە دادگا بۆ ئەوەی بەرپەرچی راپۆرتی BfV بداتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەحیسابی ئەو داواکارییانەی وا پێشکەش بە دادگا کرابوون، هەموو شتێك بەرێ و جێ بوو. شایەدەکان هەموو شایەدی دارابی و پارێزەرەکانی بوون. پۆلیس یا داواکاری گشتی، پێشتر زۆر کەم پرس و جۆیان لە هیچکام لەو کەسانە نەکردبوو و نەدەکرا بڵێن ترسابوون یاخود وەرگێڕ خراپی وەرگێڕابوو یا پۆلیس و دادئەستێن فایلیان بۆ پێکهێناون.پلان دارێژەکانی ئێران بەگوێرەی ناوەرۆکی فایلەکە، ئەوەیان هەموو دروست کردبوو و پێشتر ئامادەیان کردبوو. بەگوێرەی شایەدیدانی ئەم کەسانە، دەبوایە بێتاوانی دارابی بسەلمێنرایەت.

بەڵام رەوتی شایەدییەکان بەو شێوەیە بەڕێوە نەچوو کە لە حیکایەتەکەدا هاتبوو. کەم و زۆر هەموویان قسەی ناتەبا و دژ بە یەکیان کرد و شتی وایان گوت کە دوای چەند پرسیارێك مەجبوور بوون وەری بگرنەوە. ئەو شایەدییانەی وا دەبوایە تەواوکەری یەکتر بن و هەموو پێکەوە ژیننامەی نوێی دارابی دروست بکەن، کەوتنە دژایەتی یەکتر. لە ماوی دوور و درێژی دادگادا، ئەم شایەدیانە تەنیا بێ بایەخی و ساختەیی نەبێت هیچی دیکەیان نەسەلماند. هیچکام لە خاڵەکانی گرنگی ژیننامەی نوێی دارابی تەئیید نەکرا.

شایەدانی حیزبوڵای ئێران دەریان خست کە لە مەسەلەی نەناسینی دادگا، نامۆ بوون لە سیستەمێکی یاسایی مۆدێرن، درۆ کردن، نزم بوونی رادەی زانیاری و هەروەها "خاوەنایەتی کولتوورێکی جیاواز" دا، هیچیان لە هاوڕێیانی لوبنانی خۆیان کەم نییە و لەسەر ئەساسی بایەخ و پێوانەی خۆیان لە جیهانێکدا دەژین کە لەگەڵ ئەو جیهانەی وا بەکردەوە تێی کەوتوون ـ واتە دادگا و جیهانی یاسایی ئاڵمانیا، هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نییە. لەماوەی شایەدیدانیاندا، هەرکام لەو کەسانە نموونەیەك بوون بۆ دەرخستنی دوو جیهان، ئەو دوو جیهانەی کە بەرواڵەت خاڵی هاوبەشیان تەنیا ئەوەیە کات و شوێنیان هاوبەشە.

پرسیار: ئایا تۆ لەگەڵ بنەماڵەی دارابیدا لە هامبورگەوە هاتیەوە بەرلین؟

وەڵام: بەڵێ.

پرسیار: ئایا چەند کەسی دیکە لەگەڵ تۆ و دارابیدا بوون. نیازم هاوسەر و منداڵەکانیەتی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵام: نازانم. من موسوڵمانم و سەیری دەم و چاوی ژنی غەریبە ناکەم. لە هەموو ئەو ماوەیەدا من سەیری پشتەوەم نەکرد.
پرسیار: بەڵام تۆ لە هامبورگەوە تا بەرلین لەگەڵیاندا هاتی. چەند سەعات لەگەڵ یەکتر بوون، لە ڕێگا باسی چیتان دەکرد؟
وەڵام: لە هەموو ئەو ماوەیەدا من خەوتبووم، نەمزانی.
پرسیار: بەڵام تۆ گوتت لە ڕێگا بە تەلەفۆنی مۆبایلی دارابی تەلەفۆنت بۆ بەرلین کرد، ئەی چۆن لە هەموو ئەو ماوەیەدا خەوتبووی؟
وەڵام: من تەنیا بۆ تەلەفۆن کردن لە خەو هەستام و پاشانیش خەوتمەوە.[١٦٧]

لە رۆژی ١٨ ی مانگی مایسی ساڵی ١٩٩٥ دا "رووزی تەلەب" دەبوایە لەسەر داواکاریی پارێزەرانی دارابی شایەدی بدات کە رۆژی ١٧ ی سپتامبر هاوڕێ لەگەڵ دارابی و کچە کەمئەندامەکەیدا لە هامبورگەوە هاتۆتە بەرلین. کچەکەی داوەتە دەست ژن خوشکی دارابی، ئینجا چۆتە لای شەریکی دارابی و ٥٠ هەزار مارك پارەی لێوەرگرتوە و لەگەڵ دارابی هاتۆتەوە هامبورگ.

رووزی تەلەب گوتی رۆژی ١٧ ی سپتامبر دارابی لە هامبورگ پێی گوتم ئایا دەکرێت کارێکی بۆ بکەم و لەبەر ئەوەی کاتی نەبوو، داوای لە من کرد کچەکەی بە ترومبیلی خۆی ببەمە بەرلین و پارەکە لە شەریکەکەی وەربگرم و بگەڕێمەوە بۆ هامبورگ. منیش وام کرد.

لەماوەی ئەو شایەدیدانەدا، پارێزەرەانی دارابی چەندین جار ناڕەزاییان دەربڕی و لەکۆتاییدا داوایان کرد شایەدییەکە بوەستێنرێت و شایەد لە هۆڵی دادگا ببرێتە دەرەوە. پاشان لە سەرۆکی دادگایان داوا کرد بە شایەد رابگەیەنێت کە درۆ نەکات.

---

[١٦٧] شایەدیدانی عەرەبی بەلاغی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم دوو کورتەیەی شایەدیدانی عەرەبی بەلاغی و رووزی تەلەب نموونە و شێوەی هەموو ئەو شایەدییانەن وا هەڤاڵانی دارابی لە بەرژەوەندیی ئەودا پێشکەش بە دادگایان کرد. شایەدەکان دەبوایە لەلایەکەوە خۆیان لە کێشەکە دوور رابگرن و نەچنە وردەکارییەکانەوە لەبەر ئەوەی واهەبوو لاقی خۆیان بکشێتە کێشەکەوە؛ لەلایەکی دیکەوە دەبوایە ئەوانە بڵێن کە پێویست بوو بیڵێن و مەئموور بوون بیڵێن. شتی دڵتەزێن ئەوە بوو کە پێشتر کار لەگەڵ شایەدەکان کرابوو و بۆ پرسیار و وەڵامی ناو دادگا ئامادە کرابوون.

لەم شایەدییانە، نەك هەر هیچ بۆ دەوڵەتی ئێران هەڵنەوەری، بەڵکوو هەندێ جار لەنێو شایەدییەکاندا خاڵی دیکەی راستی روون بوەوە. لەماوەی شایەدیدانی عەلی رەزایی ـ یەك لە چالاکانی یەکیەتی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکاران دەرکەوت کە دوای گیرانی دارابی ئیتر کەس ئامادە نەبوو بەرپرسایەتی ئەنجومەنی بەرلین بگرێتە ئەستۆ و لە ئەنجامدا ئەنجومەنی ئیسلامی خوێندکاران لە بەرلین لە ساڵی ١٩٩٤ دا هەڵوەشاوەتەوە. ئەم خاڵە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ نیشاندەری دەسەڵات و دەوری سەرەکی دارابی لە یەکیەتی ناوبرادا بوو.

هەروەها لەماوەی شایەدییەکاندا دەرکەوت کە دوو کەس لە ئەندامانی حیزبوڵای لوبنان کە نوێنەری پەرلەمانی لوبنانیش بوون، لە هاوینی ساڵی ٩٣ دا بۆ رێکخستنەوەی دووبارەی تۆڕی حیزبوڵا، کە دوای گیرانی دارابی لەبەر یەك چووبوو، هاتنە بەرلین.

بەهۆی سەرنەکەوتنیان لە دروست کردن و پەسندی ژیننامەی نوێی دارابی، پارێزەرەکانی بۆ رزگار کردنی ئێران و دارابی و سەلماندنی بێ پێوەندیی دارابی لەگەڵ رێکخراوە زانیارییەکانی ئێران، وەرەقی بەهێزی خۆیان ئاشکرا کرد: رۆژی ١٨ ی مانگی مایسی ساڵی ١٩٩٥ لە دانیشتنی ژمارە ١٣٣ ی دادگادا، پارێزەرەانی دارابی داواکارییەکی نوێیان پێشکەش بە دادگا کرد:

"داوا دەکەم

جەنابی فەلاحیان وەزیری زانیاریی و ئاسایشی ئێران، لەرێگەی دەوڵەتی ئێران لە تارانەوە وەك شایەد بانگ بکرێتە دادگا. شایەد لە دانیشتنی دادگادا ڕایدەگەیێنێت و دەڵێ :

"من لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە وەزیری زانیاریی و ئاسایشی ئێران (واواك) بووم و ئێستاش هەر هەم.

وەزارەتخانەی ژێر چاوەدێریی من هەموو چالاكییەكی زانیاریی كۆمار [ی ئیسلامی] لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەماهەنگ دەكات و لەژێر چاوەدێرییدا رایدەگرێت. ئاشكرایە كە رێكخراوەی زانیاریی واواكیش بەشێك لەو رێكخراوانەیە. بەشی سەربەخۆی ئیتیلاعاتی پاسدارانیش هەر وەزارەتخانەكەی من بەڕێوەی دەبات و كۆنترۆڵی دەكات.

وەزارەتخانەكەی من، هەر وەك ماوەی ساڵی ١٩٩٢ چاوەدێرییەكی هەمەلایەنە و قووڵی بەسەر دام و دەزگاكانی دەوڵەتی كۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە هەموو دام و دەزگا خسووسی و نیوەخسووسی و دەزگای دیكەی وەك بانك، پیشەسازی و ئەو رێكخراوە بازرگانییانەش راستە كە پێوەندیان لەگەڵ دەرەوەی وڵات هەیە و هەروەها ئەو دام و دەزگایانەی كە بە پارەی رژیمی شا دامەزراو و تا رادەیەكی زۆر خاوەنی خودموختاریی ئابووری ـ كولتوورین و تا رادەیەك لە پێوەند گرتن لەگەڵ دەرەوەی وڵاتدا خودموختارن.

هەروەها بەگوێرەی ئەسڵی پارێزگاریی لە سیستەمی كۆكردنەوەی زانیاریی و سەرچاوە لە رێكخراوە زانیارییەكاندا زانیاریی لە وەزارەتخانەكەی مندا بەشێوەیەك كلاسە دەكرێن كە من و مودیری كوللی وەزارەتخانەكە و تاقمێكی كاری تایبەت كە بە شێوەی مام ناونجی لە ١٢ كەس پێك دێت، بەشێوەی هەمەلایەنە لێی ئاگادار دەبینەوە.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واتای قسەکە ئەوەیە کە هەموو ئەو زانیارییانەی وا بەهۆی ڕێکخراوە زانیارییە چالاکەکانی ئێمەوە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات گردوکۆ دەکرێن، دەگەنە دەست ئێمە و کلاسە دەکرێن. ئەم کارە لەڕێگەی هونەرێکی زانیاریی چاوەدێریی بەردەوام و بەڕێ و جێوە، بەسەر هەموو ئەو دام و دەزگایەدا بەڕێوە دەبرێت کە ناویان هات. من ئەو مەسەلەیە دەدەمەوە دواوە کە ڕێکخراوە زانیارییە چالاکەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بتوانن دژ بەیەکتر هیچ عەمەلیاتێك ڕێك بخەن.

هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ واواك و ڕێکخراوەی زانیاریی [سوپای] پاسداران ئیش دەکەن و هەموو مەئموورانی تر لە وەزارەتخانەکەی مندا [ناویان] تۆمار دەکرێت. من چالاکی زانیاریی ئەو کەسانە نەگونجاو دەبینم کە ناویان تۆمار نەکرابێت، لەبەر ئەوەی هەموو ڕێکخراوەیەکی زانیاریی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەرکی سەرەکییانە ئەم تۆمارە بکەن و ڕێکخراوە زانیارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ئیجازەیان نییە پێش ئەم تۆمار کردنە عەمەلیاتیان دەست پێ بکەن. من لە هەموو ماوەی خزمەت و کاری خۆمدا ئاگاداری هیچ مەئموورێك نەبووم کە ئەم ئەرکە سەرەکییەی خۆی بەڕێوە نەبردبێت...

ئاشکرایە کە وەزارتخانەکەی من بۆ چاوەدێری کردنی چالاکی ڕێکخراوە زانیارییەکان و کاربەدەستانیان، سیستەمی کۆمپیوتەری و کەرەسەی زانیاری و تەکنیکی ئەوتۆیان لەبەردەست دایە کە بەگوێرەی کات و سەردەم، تەواو پێشکەوتوون. هەر بۆیەش من و مودیری کولل و تاقمێکی تایبەت لە وەزارەتخانەکەم بۆمان گونجاوە کە لە ماوەیەکی کەمدا ڕوونی بکەینەوە چ کەسانێك، بە چ کەرەسەیەکەوە چ چالاکییەکیان بۆ کۆمارەکەی ئێمە نواندوە و کام چالاکی زانیاریی بەڕێوە براوە. ئەم خاڵە سەبارەت بە چالاکی

ڕێکخراوە و دام و دەزگاکانی دیکەش کە ناویان برا (پیشەسازی، ڕێکخراوە بازرگانییەکان، دامەزراوەکان و ئەوانی تر) ڕاستە.
بە لەبەر چاو گرتنی بارودۆخی سەرەوە، من ئەو مەسەلەیە دەدەمە دواوە، کە ئاغای کازمی دارابی لەدایك بووی **١٩٥٩/٣/٢٢** لە کازروون، هەرگیز مەئموور، یان فەرمانبەری غەیرە ڕەسمی یەکێ لە ڕێکخراوە زانیارییەکانی وڵاتی من بوو بێت.
من ئەو شتە بەدرۆ دەخەمەوە کە ئاغای جەوادی و ئاغای مورتەزا غوڵامی کە لە باڵوێزخانەی ئێران لە شاری بۆن ئیشیان دەکرد و ئاغای ئەمانی فەرانی (سەرکونسوولی بەرلین)، هەرگیز پێوەندێکیان لەگەڵ کازم دارابی ناوبراودا هەبوو بێت. کازم دارابی ناوبراو لە پێڕستی مەئموورانی ئێمەدا **[**ناوی**]** تۆمار نەکراوە، واتە هیچ شێوەیەك لە پێوەندی دەزگا زانیاریی و نهێنییەکاندا نەبوە".
دارابی لە مانگی مارسی **١٩٩٧** لە دادگادا گوتی ئەو زانیارییانەی وا لەم داواکارییەدا هاتوون من نەمداونەتە پارێزەرەکانم. ڕوون نییە کێ ئەو زانیارییانەی دایە پارێزەرانی دارابی و ئەوان بۆچی دڵنیابوون کە فەلاحیان دوای وەرگیران لەلایەن دادگاوە، لە دادگادا ئامادە دەبێت. بەگوێرەی یاساکانی ئاڵمانیا، شایەدیدانی فەرمانبەری دەوڵەتێکی دیکە لە دادگایەکی ئاڵمان پێویستی بە موافەقەی دەوڵەتی ئاڵمانیا دەکرد. فەلاحیان و ئەمانی فەرانی کارمەندی دەوڵەتی ئێران بوون و بۆ شایەدیدان موافەقەی دەوڵەتی ئاڵمان پێویست بوو. هەر بۆیەش، دادگا نامەیەکی بۆ وەزارەتی بۆ وەزارەتی دادپەروەری ئاڵمانیا نووسی و داوای لێکردن بۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئامادەبوونی ئەو کەسانە لە دادگا وەك شایەد، ڕابگەیێنێت و ئەگەر پێی ڕەزامەند بن، تەرتیباتی بەڕێوەبردنی کارەکە بدەن.
وەڵامی وەزارەتی دادپەروەی ئاڵمانیا ڕوون بوو:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"هاتنی ئەو کەسانە هیچ چەشنە یارمەتییەکی دۆزینەوەی ڕاستی نادات و لەوەش زیاتر، واهەیە گیانی هاوڵاتیانی ئاڵمانی لە ئێران بخاتە مەترسییەوە".

بەم شێوەیە، شایەدیدانی ئەو دوانە درایە دواوە.

پاشان هاوسەر و خوشکی دارابی کە بەگوێرەی داواکاریی پارێزەرەکانی دەبوایە بێنە دادگا، کەڵکیان لە مافی بێدەنگ مانەوە لەمەڕ دارابی ـ کە خزمیان بوو، وەرگرت و شایەدییان نەدا. بەهۆی شایەدی نەدانی ئەو دوو کەسەشەوە، بەشێکی دیکەی حیکایەتەکە ڕووخا. بەپێچەوانەی دیعایەی دارابی و بەگوێرەی ئیدیعانامەکە، ناوبراو خۆی منداڵە کەمئەندامەکەی خۆی لە ١٧ ی سپتامبردا نەدایە دەست ژن خوشکەکەی و هەروەها ماڵی شەقامی زنفتن برگریش لە دەست ئەوادا بوو.

لەو بەڵگەنامانەی وا پۆلیس لە کاتی گرتنی دارابیدا، لێی گرتبوو، بلیتێکی شەریکەی فڕۆکەوانی هوما [ئێران] بوو بۆ سەفەری ئێران لە ڕۆژانی ٨ تا ١٠ ی ئۆکتۆبری ٩٢ دا. دوای سەفەری ئێران و دڵنیابوون لە هێمنایەتی بارودۆخ لە ئاڵمانیا، دارابی گەڕایەوە بەرلین، بەڵام هەر لەو کاتەدا کە ئەو دەگەڕایەوە، ئەمین و ڕاحیل گیران. دارابی دوای ئاگادار بوونەوە لەو گیرانە، بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ ئێران و بۆ گەڕانەوەش بلیتێکی یەك لایەنەی چوون بۆ ئێرانی کڕی. دارابی بۆ بوونی ئەم بلێتە و سەفەری خۆی بۆ ئێران، فۆتۆکۆپی نووسراوێکی ئێرانی دایە دادگا و دیعایەی ئەوەی کرد کە شەریکە بازرگانییەکەی خۆی لە ئێران ئەو نووسراوەیەی ناردوە و داوای لێکردوە بۆ چاوپێکەوتنی ئەو جنس و کەرەسەیەی وا داوای کردبوون، بچێتە ئێران. پسپۆڕانی پۆلیس توانییان دەری بخەن کە ئەو نووسراوەیە تەزویرە و لەرێگەی پێکەوە لکاندنی چەند نووسراوەیەك و بەبێ وردبوونەو، خراوەتە سەر یەك و دروست کراوە.

دارابی لەم ماوەیەدا گەلێك عەسەبی بوو و تەقینەوەی تووڕەییەکەی لە دادگادا ببوە کارێکی ئاسایی. کار گەیشتە ئەوەی کە ڕۆژێکیان دوای هەندێ داد و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوار، بەشێوەیەك دەستی خۆی بەمێزەکەدا کوتا، کە ئێسکی دەستی شکا و هەتا ماوەیەك بەدەستی هەڵبەستراوەوە دەهاتە دادگا.

شایەدیدانی بەهرام برنجیان، قاسم دارابی، ئیبراهیم نوورئارا، و نەعیمی، کە بڕیار بوو شایەدیی بوونی دارابی لە هامبورگ بدەن، هەر کام شێوازی جیاوازی پەیدا کرد. دوای نامەنووسینێکی فەرمیی زۆر، نەعیمی ـ کارمەندی ئۆتیلێك لە هامبورگ، کە چووبوە ئەمریکا و لەوێ نیشتەجێ ببوو، بەشێوەی فەرمی رایگەیاند کە هیچ قسەیەکی نییە بیکات و شایەدی نادات.

سێ کەسەکەی تر، هەرسێکیان دانیشتووی ئێران بوون. دادگا دوای گۆڕینەوەی نامەی فەرمی لەگەڵیاندا، داوای لە کازم دارابی کرد کە بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵدا بکات و روونی بکاتەوە ئایا ئامادەن بۆ شایەدیدان بێنە دادگا؟ لە ئەنجامدا دارابی لە دادگادا گوتی لەبەردەم تەرجومان و سەرۆکی دادگا تەلەفۆنم بۆ براکەم کرد و ئەویش گوتی نایەت بۆ ئاڵمانیا. نوورئاراش لە ماڵەوە نەبوو. سەبارەت بە دوو کەسەکەی تر واتە بەهرام برنجیان و ئیبراهیم نوورئارا دەوڵەتی ئێران راستەوخۆ هاتە کایەوە. مەقامە ئێرانییەکان بە نامە ئاگاداری ئاڵمانیایان کردەوە کە ئەو دوو کەسە دەتوانن و دەبێ لە دادگایەکی ئێرانیدا ئامادە بن و شایەدی بدەن. بۆ ئەم کارەش پێویستە بەڵگەنامەی پێویست بدرێتە دەزگای دادپەروەریی ئێران. دەوڵەتی ئاڵمانیا نامەیەکیشی ناردە دادگا و لەگەڵ ئەم کارەدا ناحەزیی نواند. پاشان پێوەندی ئەو دوو کەسە لەگەڵ باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە ئێران ـ کە بڕیار بوو تەرتیباتی سەفەریان بۆ ئاڵمانیا پێك بهێنێت و تەناتەت بلیتی فرۆکەی بۆ یەکێکیان واتە برنجیان ئامادە کردبوو، پچڕا. لە ئەنجامدا دادگا قەرارێکی دەرکرد کە ئەو کەسانە نایانەوێت یاخود ئیجازەیان نییە بۆ شایەدیدان بێن بۆ ئاڵمانیا و ئیتر دەستیان پێ راناگات.

کاتێ مەسەلەی هاتنی بەهرام برنجیان بۆ ئاڵمانیا پووچەڵ بوەوە، ئەوپۆلیسەی وا بەرپرسی پرس و جۆکردنی بوو وەك شایەد بانگ کرایە دادگا و سەبارەت بە پرس و جۆکانی لە برنجیان شایەدیدا و دەقی پرس و جۆکانی پشت راست کردەوە. لەم پرس و جۆیانەدا لە ١٢ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ (چەند رۆژێك دوای

گیرانی دارابی)، بەهرام برنجیان ئیعتیرافی کردبوو کە کلیلی ماڵی شەقامی زنفتن برگری لە رۆژی ١٢ یا ١٣ ی سپتامبردا داوەتە دارابی و لە ٢٠ ی سپتامبردا لێی وەرگرتۆتەوە.

"ئێریك" یش داوای کرد چەند شایەدێك بۆ زانیاری بەخشین لەمەڕ دارابی بانگ بکرێنە دادگا. ئیدەمیر کە خاوەنی وەکالە [ئاژانس] ێکی کڕین و فرۆشتنی ملّکە لە بەرلین، شایەدی دا کە دووکانی سەوزەفرۆشتنی دارابی، دوای سووتانەکەی، بۆ فرۆشتوە.

"نەوزەری" ش شایەدی دا کە لە کاتی خۆپێشاندانی خەڵکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ساڵی ١٩٩٠ لەبەر دەم کۆنسولیەتی ئێران لە بەرلین، دارابی سەردەستەی کەسانی لایەنگری رژیم لەبەردەم باڵوێزخانەکە بوە .

"ئێریك" هەروەها داواکارییەکی دیکەی خستە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی نامەیەك کە ژمارە و رێکەوتی دیاریکراوی هەیە، لە LfV بخوازرێت و لەدادگادا بخوێنرێتەوە و شایەدی لەسەر بدرێت. بەگوێرەی نامەی ناوبراو، وەزارەتی دەرەوەی ئێران مەئموورییەتی بە دارابی دابوو لیستەی خەڵکانی ئۆپۆزیسیۆن وا لە داگیرکردنی غورفەی ئێران لە پیشانگەی هەفتەی سەوزدا دەوریان هەبوو، ئامادە بکات و بیداتە ئەوان، رێکخراوەی ناوبراو بەبیانووی ئەوەوە کە سەرچاوەی زانیارییەکانی دەکەونە مەترسییەوەنامەکەی نەدایە دادگا.

دادگا لە کۆتایی کاری خۆی نزیك دەبوەوە کە پارێزەرانی دارابی وەرەقێکی دیکەیان خستە بەردەم دادگا. ئەوان داوایان کرد کە دادستانی بەرز "یوست" بێتە شوێنی شایەدان. پارێزەرانی دارابی پشتیان بە شایەدیدانی دوو کەس بەستبوو کە لە رەستوورانەکە ببوون و دیعایەی ئەوەیان دەکرد کە ئەمین رەشاشی بەدەستەوە بوە و داواکاری گشتی لەگەڵیدا پێك هاتوە و دەوری ئەوی لە رووداوەکەدا نزمتر نواندوە و کردوویەتە پاسەوانی بەردەرگا. لەجیاتییان، ئەویش بەدرۆ دارابی هێناوەتە ناو مەسەلەکەوە. ئەمین بە زمانی پارێزەرەکانی خۆیەوە ئەم دیعایەیەی بەتوندی دایە دواوە و بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی پارێزەرانی دارابی، دادئەستێن و مەقاماتی بەرپرس لەگەڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شایەدیدانی ئەودا موافەقەیان کرد. وەڵامی روون و راشکاوی دادئەستێن بە پرسیارەکانی پارێزەرانی دارابی هەموو چەشنە گومانێکی رەواند.
قۆناغی پێداچوونەوەی بەڵگەنامە و گوێگرتن لە شایەدییەکان کۆتایی پێهات و دادگا رایگەیاند کە لە رۆژی ٢٥ ی ژوئەنی ١٩٩٦ دا سزاخوازی دەخوێنرێتەوە و بەشوێنیدا پارێزەر و تۆمەتبارەکان دوا قسەی خۆیان دەکەن.
رۆژی ٢٥ ی ژووئەن، پێش ئەوەی دادئەستێن دەست بە خوێندنەوەی سزاخوازی بکات، راگەیێنرا کە چەند نامەیەك گەیشتوونە دادگا. نامەکان خوێنرانەوە. بەگوێرەی نامەکان، لە رۆژی ٢٤ ی ژوئەندا باڵوێزخانەی ئێران لە شاری بۆن بە "شمید باوێر" ی راگەیاندبوو کە دوو شایەدە ئێرانییەکانی دانیشتووی تاران ، واتە نوورئارا و برنجیان، ئامادەی ئەوەن کە لە رۆژی ٢٥ ی ژوئەندا لە باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە تاران شایەدی بدەن و شمید باوێریش ئەم مەسەلەیەی بە وەزارەتی دەرەوە و دادپەروەری ئاڵمانیا راگەیاندوە. هەر ئەم بابەتەش لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە بە باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە تاران راگەیێنراوە. بەم پێکهاتنانە، پەردەیەکی دیکە لەسەر یاری کردنی هاوبەشی دەوڵەت و رێکخراوە زانیارییەکانی ئێران و ئاڵمانیا سەبارەت بە دادگای میکۆنۆس خرایە لاوە.
داواکاری گشتی ئەم مەسەلەیەی وەك حیکایەتێکی ئامادەکراوی مەقاماتی ئێران ناوبرد و گوتی شایەدیدانی ئەم دوو کەسە بۆ دۆزینەوەی راستەقینە، بەهۆی ئەو راستییەوە کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ئامادە کراون خاوەن گرنگایەتی نییە، ناوبراو لێی زیاد کرد و گوتی کە مەسەلەی شایەدیدانی ئەو دوو کەسە ئەوەندە ئاڵۆزە کە دەبێ لێرە و لەبەر دەم دادگا شایەدییەکەیان بدەن بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانێت بایەخی قسەکانیان بە بەرچاوی خۆیەوە هەڵسەنگێنێت. دادئەستێن هەروەها گوتی بەهۆی بوونی مەترسییەوە، نە خۆی و نە هیچ نوێنەرێك لەلایەن دادئەستێنەوە ناچێت بۆ ئێران.
پارێزەرانی شاکیانی خسووسی موافەقەی ئێرانیان بەگەلاڵەی خراپەکاریی دەوڵەتی ئێران دانا و گوتیان شایەدەکان لەژێر تەئسیری دەوڵەتی ئێراندان و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتی ئێران هەرچی بیەوێت لەگەڵیانی دەکات. ئەوان پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە وەك بۆچوونی پێشووی هەیئەتی داوەراندا، دەوڵەتی ئێران ئیجازەی چوونە دەرەوە بەو کەسانە نادات و موافەقە کردن لەگەڵ شایەدیدانیان لەناوخۆ ئێران لە راستیدا خواستی دەوڵەتی ئێرانە بۆ شوێن دانانە سەر دادگا. پارێزەرەکان رایانگەیاند کە بەهۆی بارودۆخی مەترسیدارەوە ناچن بۆ ئێران. سەرەڕای دژایەتی نواندنی داواکاری گشتی و پارێزەرەانی شکایەتکارانی تایبەت، هەیئەتی داوەران لەگەڵ شایەدیدانی ئەو دوو کەسە لە ئێرانەوە موافەقەی نواند.

هەیئەتی داوەران رایگەیاند کە هیچکام لە داوەران بۆ بیستنی شایەدییەکان ناچن بۆ ئێران. ئەندامێکی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانیا، کە دەورەی فێربوونی یاسای بینیبوو، وەك دیپلۆمات نێررایە ئێران. چوار پارێزەری تۆمەتبارەکانیش بە فرۆکە چوونە ئێران. لە دانیشتنی ئامادەکاریی پارێزەران و مەئموورەکەی وەزارەتی دەرەوە لە دەفتەری سەرۆکی دادگا، یەك لە پارێزەرانی دارابی سەبارەت بە بارودۆخی ئاسایش لە ئێران پرسیاری کرد و گوتی دڵنیگەرانی ئەوەیە کە لە تاران بە بارمتە رابگیرێت. سەرۆکی دادگا وەڵامی دایەوە و گوتی وەزارەتی دەرەوە بەڵێنی داوە ئاسایشی پارێزەران و مەئموورەکان مسۆگەر بوە. لە ئێران و باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە تاران راگەیێنرا کە نوورئارا و برنجیان بۆ شایەدیدان لە رۆژی ١٢ ی ئووتی ١٩٩٦ دا لە باڵوێزخانەی ئێران ئامادە دەبن.

رۆژی ١٢ ی ئووت بەهرام برنجیان لە باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە ئێران ئامادە بوو و لە سەعات ١٠ ی بەیانییەوە تا ٩ و ٢٥ خولەکی دوای نیوەرۆ وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، برنجیان گوتی کلیلی بە دارابی نەداوە و داویەتە ئەمین. بەڵام لە بەرانبەر پرسیاری جۆراوجۆردا، رێکەوتەکانی وەها تێکەڵ یەك کرد کە لە کۆتاییدا گوتی هەم کلیل دانە ئەمین و هەم وەرگرتنەوە کەی، پێش ١٧ ی سپتامبر بوە. ئەم قسانەش دژایەتی قسەی پێشووی خۆی دەکرد کە لە ١٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ دا کردبوونی و هەروەها دژایەتی قسەی براکەی، کە لە زمان ئەوەوە لە دادگا گوتبووی.

شایەدیدانی ئیبراهیم نوورئارا بەکردەوە بووە هۆی بێ ئابڕوویی دەوڵەتی ئێران. نوورئارا لەو رۆژەدا نەهاتە دادگا و پاشان لە نامەیەکدا دیعایەی ئەوەی کرد گوایە چۆتە باڵوێزخانە [ی ئاڵمانیا لە تاران] بەڵام ڕێگەیان نەداوە بچێتە ژوورەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیش ئەو دیعایەیەی پەسند کرد و بە نامەیەکی فەرمی ئاگاداری دادگای کردەوە.

باڵوێزخانەی ئێران لە نامەیەکی دیکەدا، ئاگاداری دادگای کردەوە کە هیچکام لەو شاهیدانە ئیجازەی چوونە ناو باڵوێزخانەی ئاڵمانیا [لە تاران] یان پێ نەدراوە، بەڵام دواتر برنجیانیان قەبووڵ کردووە، گەرچی داواکاریی ئەویان بۆ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی داوەتە دواوە.

دادگا بەشێوەیەکی فەرمی چۆنیەتی شایەدیدانی ئەو دوو کەسەی لە باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە تاران پرسی. وەڵامی باڵوێزخانە هاوڕێ لەگەڵ دەقی ئیفادەی شایەدییەکانی برنجیان لە دادگادا خوێنرایەوە. چوار کەس لە پارێزەرانی تۆمەتبارەکان و یەك لەوان پارێزەری دارابی لە کاتی شایەدیدانەکەدا ئامادە ببوون.

دەرکەوت کە برنجیان رۆژی ١٢ ی ئووت چۆتە باڵوێزخانە و چۆتە ژوورەوەش. مەئموورە ئاڵمانیەکان ماوەیەك چاوەڕوانی نوورئارا مانەوە و پاشان لە مەئمووری بەر دەرگای باڵوێزخانەیان پرسی ئایا کەسێك بەو ناوە چۆتە لای ئەو؟ وەڵام نەرێ بوو. ئینجا ناوی ئەویان بە تیپی گەورە نووسی و بەناو خەڵکانی ئامادەبووی شوێنەکەدا، کە بۆ وەرگرتنی ڤیزە هاتبوون، گێڕایان، بەڵام هیچ هەواڵێکیان لێ نەبیست. باڵوێزخانەی ئاڵمانیا [لە ئێران] رایگەیاند کە دیعایەی نوورئارا بە ئیحتمالی نزیك بە یەقین درۆیە.

دادگا سەرلەنوێ نوورئارای وەك کەسێکی دوور لە دەستراگەیشتن دایە قەڵەم و درۆ کردن و ناتەبایی ناو قسەکانی مەقاماتی ئێرانی بە کارێکی چەپەڵ دانا،

هەروەها رایگەیاند کە ئێران هەوڵ دەدات شوێن لەسەر کاروباری دادگا دابنێت و ئێمە پێویستە پێش بەو شوێندانانە بگرین.

دارابی، دەوڵەتی ئێران و پارێزەرانی دارابی لەم قۆناغەدا تەنیا توانییان کاری دادگا درێژتر بکەنەوە. ئەمە تاقە خاڵێکی ئیجابییە کە دەستیان کەوت. لە بەرانبەردا زۆر بێ ئابڕووتر بوون لەوەی وا پێشتر هەبوون. هەر لەو ماوە زیادییەی کاری دادگاشدا کە ئەوان درێژیان کردەوە، زانیاریی زیاتری بەنی سەدر و شاهیدی "ث" هاتە گۆڕێ و بێ ئابڕوویی زیاتری بۆ [دەوڵەتی] ئێران بەرهەم هێنا.

لە رۆژانی شایەدیدانی بەنی سەدردا، دارابی گەلێك بێتاقەت بوو و قەڵبەزی تووڕەیی ئەو تەنانەت لە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا کە پێشتر لە دادگا خستبوویە بەرچاو، بێ وێنە بوو. جا لەبەر ئەوەی قسەکانی بەنی سەدر پێوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ئەودا نەبوو کە بتوانێ خۆی تێهەڵبقورتێنێت، رووی کردە خەڵکانی ئامادەبووی دادگا [بینەران] و دەستی بەجنێودان کرد. پیسترین و گڵاوترین جنێوێك کە هەیبوو، دایە ئەوان.

شایەدیدانی بەنی سەدر لەو دوو رۆژەدا تەواو نەبوو و لە رۆژی ٥ ی سپتامبریشدا درێژەی کێشا. پێش هاتنە ژوورەوەی بەنی سەدر، دارابی داواکارییەکی پێشکەش بە دادگا کرد و خوێندیەوە. لە قسەکانیدا دارابی گوتی من بەهۆی قسەی "ئەمین"ەوە گیراوم و بێ تاوانم، داوای ئازادبوون دەکەم. تەنانەت پارێزەرانی دارابیش ئەو نامەیەیان ئیمزا نەکردبوو. دارابی دەیزانی کە ئەگەر بێت و ئازادیش بکرێت بەماوەیەکی کەمی پێش دەرچوونی قەراری دادگا ئازاد ناکرێت. بەم کارەی، تەنیا دەیویست بۆچوونی داوەرانی دادگا لەمەڕ رادەی بەشداری و دەوربینینی دەوڵەتی ئێران کە تێرۆرەکە بزانێت. هەیئەتی داوەران لە وەڵامدا هەر ئەوەیان گوت کە ئەو خاڵانەی وا لە کاتی گیرانی ئەودا هەبوون، هێشتا هەروا بەهێز ماونەتەوە و هەڵسەنگاندنی سەرجەمی قسەکانی ئەمین هێشتا نەهاتۆتە کۆتایی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میسباحی، کە بە شاهیدی "ث" ناسراوە، لە چەند دانیشتنی ئاشکرا و نهێنی دادگادا شایەدییەکانی خۆی راگەیاند. ناوبراو گوتی چەندین جار لە دانیشتنی مەئموورانی زانیاری ئێران لە "بۆن" و هامبورگدا دارابی بینیوە. لە دانیشتنی نهێنی دادگادا، کاتێ کە هێشتا ناوی میسباحی رانەگەیێنرابوو، پارێزەرانی دارابی فۆتۆکۆپی لاپەرەیەك لە دەفتەری تەلەفۆنی دارابییان دایە دەستی و داوایان لێکرد رایبگەیێنێت ئایا دوو ژمارە تەلەفۆنی دیاریکراوی ناو دەفتەرەکە دەناسێتەوە. دارابی لەجیاتی وەلامدانەوە داوای کرد بەشێوەی خسووسی چاوی بە سەرۆکی دادگا بکەوێت.

دوای راوێژ کردن، سەرۆکی دادگا رایگەیاند کە شایەد مافی ئەوەی هەیە وەلامی ئەو پرسیارە نەداتەوە. پاشان لە دانیشتنی ئاشکرای دادگادا، میسباحی گوتی ئەو ژمارانە، هی ئۆفیسی شەریکەکەی منن بەلام من نەمداونەتە دارابی.

دوای شایەدیدانی مسیباحی و هاتنەگۆڕیی باسی "کومیتەی ئیش و کاری تایبەت" [کمیته امور ویژه] و دەروی رێبەرانی پلەی یەکەمی ئێران لە تێرۆرەکەدا، شێوازی بەربەرەکانی پارێزەرانی "عەیاد" کە ماوەیەك پێشتر گرتبوویانەبەر، لەناو پارێزەرەانی تۆمەتبارەکانی دیکەشدا گرنگایەتی و کارایی ئاشکرای پەیدا کرد. ئیستیدلالی سەرەکی ئەوە بوو کە ئەگەر دەوڵەتی ئێران رێکخەری تێرۆرەکە بێت و تیمی تێرۆر لە ئێرانەوە هاتبێتە بەرلین و رێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمانیاش ئەو مەسەلەیە پشتڕاست بکەنەوە، ئیتر تۆمەتبارەکانی ئێستا ناتوانن تۆمەتباری سەرەکی بن و پێویستە رادەی سزایان بەشێوەیەکی بەرچاو نزم بکرێتەوە.

لە دوایین داکۆکیدا، دوو کەس لە پارێزەرانی دارابی چوونە سەر ئەو بۆچوونە و گوتیان دارابی واهەیە وەك کەرەسەیەك بەکار هێنرابێت. پارێزەرانی راحیل دەستی خۆیان خستە پێشێ و گوتیان ئەوەی وا راحیل کردوویەتی، بریتی بوە لە فەرمانێکی ئایینی، ئەویش تەنیا فەرمانێکی ئایینی بەڕێوە بردوە.

بەلام ئەم پارێزەرانە لەژێر گوشاری هەڕەشەی دەوڵەتی ئێراندا مەجبوور کران بۆچوونی خۆیان بگۆڕن و هەفتەیەك دواتر، قسەکانی خۆیان وەربگرنەوە و ئیتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاماژەبەدەوڵەتی ئێرانیش نەکەن. دارابی ئەو ڕووداوانەی ناو دادگای گرتە بەرچاو و بڕیاری دا خۆی دەست بەکار بێت و نەهێڵێت پارێزەرەکانی لەو شێوازە کەڵك وەربگرن، دادگاش تا ئێستا ئەوەی نەگرتۆتە بەر چاو کە ناوبراو وەك کەرەسەیەك بەکار هێنرابێت.

دارابی دەیەویست بەشێوەی خۆی کەڵك لەو دەرەتانە وەربگرێت کە بۆی هاتبوە پێشێ. ئەو لەلایەکەوە دەیویست پەسندی ئەوە بکات کە دەوڵەتی ئێران دەستی لە تیرۆرەکەدا نەبوە و لە ئەنجامدا ئەو بێ تاوانە؛ لەلایەکی دیکەوە بەشێوەی ناراستەوخۆ ئەوەی دەگرتە ئەستۆ و هەوڵی دەدا خەڵکانی تر ئەوە قەبووڵ بکەن کە دەوڵەتی ئێران تیرۆرەکەی ڕێك خستوە و لەئەنجامدا ئەویش بێتاوانە.

ئەم دوو شتە یەکتریان نەدەگرتەوە و دارابی و پارێزەرەکانی دەبوایە لەسەر بابەتەکە بگەنە پێکهاتن. ئەرکی پارێزەران تەواو ڕوون بوو: داکۆکی کردن لە موەکیلەکانیان بەبێ ئەوەی ئێران بگرنە بەرچاو. تەپڵی بێ ئابڕوویی دەوڵەتی ئێران لێدرابوو و دارابی ئامادە نەبوو تەنانەت لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆشی راستەقینەی پلان دارشتنی تیرۆر لەلایەن ئێرانەوە بگرێتە ئەستۆ. ئەنجامی ئەم جیاوازیی بۆچوونانە بەو شێوەیە دەرکەوت کە پارێزەرەکانی دارابی رایانگەیاند بەقسەی ئەو دەکەن و داکۆکی لێ ناکەن. سەرۆکی دادگا بە واق و وڕییەوە گوتی یەکەم جارە لەگەڵ دیاردەیەکی ئەوتۆدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ناوبراو داوای لە پارێزەرەکان کرد سەربەخۆییان لە بەرانبەر موەکیلەکانیاندا بپارێزن و ئەوەی وا لە داکۆکی کردنیدا بەراستی دەزانن بیڵێن.

پارێزەرانی دارابی تەنگەتاوبوون. بابەتی ئیشەکەیان، ئەرکی پارێزەر بۆ داکۆکی کردن لە موەکیل و هەروەها شەرافەتی شوغڵییان گەمەی پێکرابوو. هەواڵ و دەنگۆی زوو بڵاو بوونەوە؛ پارێزەرەکان هەڕەشەیان لێکرا. مافی ئەوەیان نەبوو بە بێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییەکانی ئێران داکۆکی لە دارابی بکەن. پارێزەرانی دارابی کەوتنە هەر ئەو بارودۆخەوە کە شایەدەکانیان تێی کەوتبوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارێزەران لەجیاتی ئەوەی کەمترین ئازایەتی بنوێنن و لەجیاتی ئەوەی هەموو ئەو شتانەی وا بەسەریان هاتبوو لە دادگا و لەبەر دەمی هەواڵنێران بخەنە روو، چوون بۆلای هەیئەتی سەرۆکایەتی "ناوەندی پارێزەرانی بەرلین". دەیانزانی کە قسەکانیان بەنهێنی دەپارێزرێت و نادرکێنرێت، هەرواش بوو. سەرۆکی ناوەندی پارێزەرانی بەرلین لە نامەیەکدا بە دادگای راگەیاند کە هۆکارییەکانی پارێزەرانی دارابی بۆ نەخوێندنەوەی دەقی داکۆکینامە، پڕبەپێستە. ئەو هۆکارییانە هەرگیز ئاشکرا نەکران، هەر چەندە هەواڵەکە بەرادەی پێویست دزەی کرد کە دوو کەس لە پارێزەرانی دارابی و هەروەها پارێزەرانی راحیل هەرەشەیان لێکراوە بۆ ئەوەی باسی دەوڵەتی ئێران نەکەن ـ هەر ئەو هەرەشەیەی کە پارێزەرانی دیکە لە خۆیان گرتبوو. ئەوە تاقە شێوازێك بوو کە دەوڵەتی ئێران پەسندی بەرێوە چوونی دەکرد: شێوازی هەڕەشە، شەلاتی و لە ئەنجامیشدا بێدەنگی.

دواچالاکی پارێزەرانی دارابی پێش کۆتایی هاتنی دادگا، پێشکەش کردنی داواکارییەکی تازە بوو بە دادگا. لەو داواکارییەدا رایان گەیاند کە ئەمین یا براکەی ئەحمەد، جاسووسی BND بوون و هەر بۆیەش قسەکانی ئەمین بایەخی یاساییان نییە. ئەمین و پارێزەرانی بەتوندی لەگەڵ ئەو بۆچوونە داواکارییەدا دژایەتییان کرد و بە "بێ بنەما" یان دانا. وەڵامی BND خێرا و رۆشن بوو:

"نە ئەمین و نە براکەی هیچ کاتێك "سەرچاوە"ی BND نەبوون".

لە رۆژی ١٩٩٧/٤/١دا، دارابی راگەیاندنێکی ٢٧ لاپەڕەیی خوێندەوە و داوای کرد کە بدرێتە دەم ئیفادەکانی دادگا. لە راستیدا ئەوە دوایین داکۆکی دارابی بوو. دارابی گوتی بۆ نووسینی نووسراوەکە تەنیا یارمەتی لە وەرگێڕ وەرگرتوە و بەم شێوەیە بارودۆخی پارێزەرەکانی روون کردەوە. دارابی لە درێژەدا گوتی دەبێ روونی بکەمەوە کە زانیارییەکانی ناو داواکارینامەی پارێزەرەکانم سەبارەت بە جەنابی فەلاحیان و برایانی ئەمین، من نەمداونەتێ.

سەبارەت بە بابەتی تۆمەتەکان، دارابی قسەکانی پێشووی خۆی دووپات کردەوە و گوتی: من بێ تاوانم. منیان لەسەر ئەساسی قسەی ئەمین گرتوە، ئەمین درۆ دەکات و تەنانەت لە دادگاشدا گوتی خۆی ئەو قسانەی رێك خستوون. "من جارێکی دیکەش دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئاگام لە تیرۆری پلان داڕێژراو نەبوە و دەمەوێ دووپاتی بکەمەوە کە هیچ کاتێك لەگەڵ تۆمەتبارانی ئێرەدا قسەم نەکردوە".

دارابی پاشان کەڵکی لەو دەرەتانەی وا بۆ دوایین داکۆکی پێی درابوو بۆ تەبلیغاتی سیاسی دژ بە ئۆپۆزیسیۆن وەرگرت و هەموویانی تۆمەتبار کرد کە بۆ ئامانجی سیاسی خۆیان بوونەتە شایەد و هاتوونەتە دادگا و هیچکامێکیان هیچیان پێ نەبوو بیڵێن. سەبارەت بە شایەدیدانی هاوڕێیانی خۆی گوتی:

"لەماوەی ئەم دادگاییە دوور و درێژەدا پارێزەرەکانم شایەدێکی زۆریان بانگ کرد یاخود ناویان لە ئیدیعانامەدا هاتبوو. ئەوانە لەبەر هۆیەکی نەزانراو بۆ من، نە هەموو راستییەکانیان درکاند و نە هەمیشە بەگوێرەی راستی شایەدییان دا. واهەیە بەم شێوەیە ویستبێتیان یارمەتی من بدەن، بەڵام باشتر وابوو سەبارەت بە من و شێوازی ژیانم هەموو راستیەکانیان بگوتایە. لە ئاکامدا، ئەو شایەدانە بەزیانی من قسەیان کرد".

لە کۆتاییدا، دارابی قسەکانی ئەمینی لەماوەی لێپرسینەوەدا دووپات کردەوە و سەرلەنوێ هەر ئەو بۆچوونەی دووپات کردەوە کە پارێزەرەکانی لە دادگادا هێنابوویانە ئارا و درابوە دواوە، واتە ئەوەی کە دادئەستێنی بەرز لەگەڵ ئەمیندا دژ بە ئەو پێکهاتوە. لە کۆتاییشدا هەر چۆنێك بێت گوتی بۆ ئەوانەی وا لە هێرشەکەدا کووژراون و هەروەها بۆ بنەماڵەکەیان بەداخەوەیە.

رۆژی ١٩٩٧/٤/١، دادگای میکۆنۆس قەراری زیندانی هەمیشەیی بە قورسایەتی تایبەتەوە بۆ دارابی بڕییەوە. قورسایی تایبەتی تاوان لێرەدا بەواتای ئەوەیە حوکمەکەی پێش ٢٥ساڵ زیندانی کێشان هیچی لێ کەم ناکرێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"تۆمەتبار دارابیش لەو کوشتنانەدا، کە بەنهێنی و بەئامانجێکی چەپەڵ کردوونی، بەتاوانبار دەناسرێت. دارابی لەمێژ ساڵە لە ئاڵمانیای فیدراڵ دەژی و بیر و هزری رۆژئاوایی دەناسێت، بەتایبەت کاتێ کە بەهۆی بەشداریی کردن لە هێرِی توند و تیژی لایەنگرانی رژیم بۆسەر خوێندکارانی ئێرانی لە ماینس ئەزموونێکی پەیدا کرد کەبۆی دەرخست نیزامی قەزایی ئێرە چ گرنگایەتیەکی زۆر دەداتە پاراستنی لەشی ئەشخاس لە بەرانبەر بریندار کردندا. پەسندی کوشتنی ئەشخاس تاقە بە هۆی سیاسییەوە هیچ پێوەندیێکیشی بەوەوە نەداوە کە ئەو لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی جیاوازەوە سەری هەڵداوە. هۆی پەسند [ی کوشتن] ئەوەیە کە ناوبراو بیر و کرداری خۆی لەگەڵ بیر و کرداری ئەو کەسانە یەك خستوە کە هاندەری سەرەکی کوشتنەکان بوون و خۆی خستۆتە خزمەتی مەئمووریيەتی دەوڵەتیی بۆ لەناو بردن [ی نەیاران]. کەسێك کە بەو شێوەیە دەجووڵێتەوە تەنیا بکوژ نییە بەڵکوو ئەنگیزەی چەپەڵ هانی دەدەن، تەنانەت کەسێکیش کە ملی بۆ هەموو خواستەکانی شورِشی ئیسلامی دانەواندبێت، مافی ئەوەی نییە بەشداری جینایەتی ئەوتۆ بکات. هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی کردار و کەسایەتی تاوانبارەکە ئەم ئاکامە دەدات بەدەستەوە کە تاوانی دارابی بەتایبەت قورسە."[١٦٨]

## ب. راحیل

عەباس حوسێن راحیل ناسراو بە عیماد عەماش و راغیب، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٧ ی لوبنان، لە لێپرسینەوەدا بەشداری خۆی لە کوشتن و گوللە خستن بۆ دوو کەس لە کووژراوەکانی میکۆنۆس دایە دواوە.

[١٦٨] راگەیێنراوی چاپەمەنی ژمارە ٣٨/٧٩ لە لایەن بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دادوەریی بەرلینەوە دەرچوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەرەتای دادرەسیدا، ناوبراو دوایین کەس بوو کە دەبوایە وەڵامی داوەران و ئەوانی دیکە بداتەوە، بەڵام کەڵکی لە مافی بێدەنگ مانەوە وەرگرت و قسەی نەکرد. ئیتر دادگا بۆ روون کردنەوەی دەوری ئەو لە تێرۆرەکاندا، سەری لەنوێ کەوتە پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکانی داواکاری گشتی و پۆلیس و قسەی شایەدەکان سەبارەت بەو.

راحیل چەند پۆلێك زیاتر خوێندنی نەکردبوو و لە مێرمنداڵییەوە لە پێوەندی حیزبوڵای لوبناندا بوو و لە چالاکی سوپایی ئەواندا بەشداری کردبوو. بەگوێرەی شایەدیدانی هاوڕێیانی خۆی، راحیل بەهۆی ئازایەتی و خەمساردیی لە چالاکی سوپاییدا، گەیشتبوە پلەی ئامیر هێزی تاقمێکی هەشت کەسی حیزبوڵا. لە ساڵی ١٩٨٦- ٧ دا هاوڕێ لەگەڵ گرووپێکی حیزبولاهی لوبنان لە کۆرسێکی فێرکردنی نیزامی - ئایدیۆلۆجیك لە پێگەیەکی هێزی سوپایی سوپای پاسداران [ی ئێران] لە شاری ڕەشت بەشداری کردبوو.

دوای گەڕانەوە بۆ لوبنان و بەشداری کردن لە شەڕی ناوخۆیی، وەك زۆرێك لە هاودەورەییەکانی خۆی لە ئێران واتە ئەمین، سەبرا، ئەلمووسەوی، کنج و ئەوانی تر، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٩ دا چوو بۆ ئاڵمانیا و هاوڕێ لەگەڵ ئەمین لە "ئاخن" و جارێکیش لە بەرلین داوای پەنابەریەتی کرد. دوای رەتکردنەوەی داواکاریی پەنابەرییەرکەیان، هەردوکیان چوون بۆ سویسرا و لەوێ لە دوو شاری جیاجیا داوای پەنابەرییان کرد. کاربەدەستانی سویسرا ئاگاداری داواکارییەکەیان [لە ئاڵمانیا] بوونەوە و لە سویسرا دەریان کردن و ناردیاننەوە لوبنان، بەڵام هەردوکیان جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ئاڵمانیا. ئەمین و راحیل لە لوبنان و ئێران و ئاڵمانیا و سویسرا دوو هاوڕێی نزیکی یەکتر بوون و پێکەوە ئیشیان بۆ دارابی دەکرد، پێکەوەش گیران.

راحیل لە بەرلین لە ماڵی دووهەمی دارابی دەژیا و لای ئەو ئیشی دەکرد. شەریکە دووکانێکی کۆنەفرۆشی برای دارابی بوو. بەگوێرەی شایەدیدانی ئەمین، "راحیل دەتوانێ بە فارسی قسە بکات." بەگوێرەی حوکمی دادگای ئیداری، ناوبراو بەهۆی ئەوەوە کە ئیجازەی مانەوە لە ئاڵمانیای نەبوو، دەبوایە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا رۆژی ١٧ ی سپتامبری ١٩٩٢ ئاڵمانیا بەجێ بهێڵێت بەڵام بەڕێوەچوونی حوکمەکە لەبەر ئەوەی راحیل پاسپۆرتی لوبنانی نەبوو، کەوتبوە دواوە .
شوێنی راحیل لە دادگا، ژوورێك بوو کە بە شووشەی گولـلەبەند دروست کرابوو، لە تەنیشت دارابی. ئەو دوانە جاروبارە چەند قسەیەکیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. لە راستیدا دارابی قسەی لەگەڵ ئەو دەکرد و ئەویش کاردانەوەیەکی دەنواند یاخود چەند رستەیەکی دەگوت.
راحیل شوێنی ڕەوتی دوور و درێژی دادگای بەوردی و بەتەواوەتی هەڵدەگرت. هەمیشە بێدەنگ و خەمسارد بوو و لەبەرانبەر هیچ مەسەلەیەکدا کاردانەوەی نەبوو، چەند جارێك نەبێ کە بە ئیشارەی دارابی و بەبێ ئەوەی هەموو کەس پێ بزانێت، جنێوی دایە ئامادەبوان. زۆر کەم لەگەڵ پارێزەرەکانیدا قسەی دەکرد. تەنانەت وا دەردەکەوت کە نەیەوێت پارێزەرەکانیشی زۆر قسە بکەن و داواکاریی زۆر تەقدیم بکەن. پارێزەرەکانی راحیل کەم تا زۆر پشتگیری هەموو داواکارییەکی پارێزەرەکانی دیکەیان کرد و لەماوەی شایەدیدانی ئیسماعیل ئەلموسەویدا هەراهەرایان ساز کرد.
ئەلموسەوی شایەدی ئەوەی دا و گوتی من هاوڕێ لەگەڵ تیمێك کە لە لوبنانەوە هاتبوون لە سەربازخانەیەکی سوپای پاسداران لە نزیك دەریای خەزەر [لە ئێران]، دەورەیەکی غەوواسی سوپاییم بینیوە و راحیلیش ئەندامی هەمان تیم بوە. پارێزەرانی راحیل بۆ بێ بایەخ کردنی ئەو هەموو کارێکیان کرد. فایلی دزی کردنی خۆی و ئەمینیان لە فرۆشگەیەك دایە دادگا و چەندین جاریان هێنانیە دادگا بۆ ئەوەی ناتەبایی قسەکانی پێشووی دەربخەن. پرسیاری مەنزەرەکانی رێگای تاران و ڕەشت و تامی ئاوی دەریای خەزەر [کاسیپەن ـ بەحری خەزەر] یان لێ پرسی.
هەموو شایەدییەکان، گەیشتنە ئەنجامی قایمتر بوونی قسەی ئەلموسەوی. لە یەکێ لەو کاتانەدا کە باسی نامەی BND کرا ـ هەر ئەو نامەیەی وا بوە هۆی گیرانی راحیل و ئەمین، داوای ئەوەیان کرد دادگا بەڵگەنامەکانی دادئەستێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەوت بکات و ئیجازەی چوونە دەرەوە لە دادگا بە دادئەستێن نەدرێت هەتا بەڵگەکان لەناو دەبات.

پارێزەرانی راحیل تەنیا یەك جار داوایان کرد دوو شایەد بێنە دادگا: "جەعفەر زەکیل" ی لوبنانی دەبوایە شایەدی ئەوە بدات کە رۆژی ١٧ ی سپتامبر راحیل لە ماڵی ئەو بوە و داوای لێکردوە نامەی پۆلیس بۆ بەجێ هێشتنی خاکی ئاڵمانیای بۆ تەرجەمە بکاتەوە. زەکیل پێی لەسەر مەسەلەکە داگرت بەڵام دوای پرسیاری دادوەران و دادئەستێن، کەوتە قسەکردنی ناتەبا و دژ بەیەك و دەرکەوت هەر هەموو قسەکانی دەسکردن.

شایەدی دووهەم، پژمان تەهماسبی، ماوەیەك وەك کرێکاری سەرمێز لە رەستورانی رۆزاریۆ[١٦٩] کاری کردبوو، کە رەستورانەکە هی مەحموود عەلییان ـ دۆستی گیانی بەگیانی راحیل بوو و راحیل هات و چۆی رەستورانەکەی دەکرد. تەهماسبی لەسەر داواکاریی پارێزەر [ی راحیل] دەبوایە شایەدی بدات کە لە رۆژی ١٧ ی سپتامبر لە دەوروبەری ١٠ ی شەودا راحیلی لە رەستورانەکە بینیوە. تەهماسبی وەبیری نەدەهاتەوە کە هەمان شەو راحیلی بینیبێت، بەڵام وەبیری دەهاتەوە کە رۆژنامەیەکی بەیانانی شاری بەرلینی بەدەستەوە بوە کە هەواڵی تێرۆرەکەی چاپ کردبوو. ئینجا بەدڵنیاییەوە گوتی شەوی پێشتر راحیل لە رەستورانەکە نەبوو.

زۆرێك لەو شایەدانەی کە لەلایەن داواکاری گشتی یاخود پارێزەرانی تۆمەتبارەکانەوە بانگ کرانە دادگا، راحیلیان دەناسی. هەموویان هەوڵیان دەدا قسەکانی پێشووتری خۆیان لەمەڕ ئەو سووکتر بکەنەوە. مەحموود عەلییان کە بۆ ئامادە کردنی پاسپۆرت یارمەتیشی دابوو، لە شایەدییەکانی خۆیدا گوتی رۆژی ١٧ ی سپتامبر راحیل لە دەوروبەری سەعات ١١ ی شەودا لە رەستورانەکەی ئەو بوە، بەڵام لە مەسەلەی روونکردنەوەی رووداوەکانی ئەو شەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا کەوتە قسەکردنی ناتەبا و دژبەیەك.

---

[169] Rosario

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە درێژبوونەوەی کاری دادگا و روون بوونەوەی چۆنیەتی پلان دارشتنی تێرۆرەکە لە ئێران، پارێزەرانی راحیل دوابەدوای پارێزەرەکانی عەیاد، کەوتنە بیری ئەوەی کە لە دەرفەتەکە بەسوودی موەکیلی خۆیان کەڵك وەربگرن. پارێزەرەکان لە دوایین داکۆکی خۆیاندا ـ کە هێدریش خوێندیەوە، گوتیان: ئەگەر بەرزترین مەقامی دەوڵەتی و بەرزترین مەقامی ئایینی ئێران فەرمان یا فەتوای کوشتنەکەی دەرکردوە، موەکیلی ئەوان موسوڵمانێکی شیعەی ئیماندارە و تەنیا کەوتۆتە شوێن فەرمانەکە و لە ئەنجامدا تاوانێکی کەمتری هەیە.

پارێزەرەکان بۆ سەلماندنی قسەی خۆیان داوایان کرد سێ شایەد لە دادگادا ئامادە بن. هەواڵی داکۆکی کردنی پارێزەرەکان لە راحیل و بەزیانی دەوڵەتی ئێران، لە رۆژنامەکاندا رەنگی دایەوە. رۆژنامەکان نووسیان پارێزەرانی راحیل بەشێوەی ناراستەوخۆ بەشداری کردنی دەوڵەتی ئێرانیان لە تیرۆرەکە قەبوڵ کردوە. مەقاماتی ئێران و راحیل خۆی لەم چەشنە داکۆکی کردنە رازی نەبوون و هەرەشەیان لە پارێزەرەکان کرد. هەفتەی دوایی، پارێزەرەکان ئەو داکۆکی کردنی پێشووی خۆیان وەك "ئیحیتمال" ێك دایە قەڵەم. راحیلیش وەك دارابی داوای لە پارێزەرەکانی کرد خۆ لە دوایین داکۆکی بگرێت. لەماوەی خوێندنەوەی دوایین داکۆکیەکاندا، موافەقە لەگەڵ شایەدیدانی دوو کەس لەو سێ شایەدە کرا، و ئەوانیش بۆ شایەدیدان هاتنە دادگا.

رۆژی ١٩٩٧/٣/١٣ ئێرنێست بالییەر[١٧٠] ئەو سایکۆلۆجیستەی وا راحیل لەژێر چاوەدێری ئەودا بوو، پەسندی ئەوەی کرد کە ناوبراو "فناتیك" ە بەڵام لەباری هۆشیارییەوە تا ئەو رادەیە سەلامەتە کە بەرپرسی کاروباری خۆی بێت.

رۆژی ٩٧/٣/٦ هاینس هالم[١٧١] ی ئیسلامناس وەك پسپۆرێك لە دادگادا گوتی کەسێکی ئیماندار تەنانەت ئەگەر شیعەش بێت، مەجبوور نیە حوکمی "مەرجەع" ی ئایینی خۆی بەرێوە بەرێت. ناوبراو وەك نموونەیەك ئاماژەی بە [سەلمان] روشدی کرد و گوتی هەموو ئەو موسوڵمانانەی وا "مەرجەع" یان

---

[170] Ernest Balier
[171] Heinz Halm

خومەینییە، لەباری ئایینی و باوەڕەوە مەجبوور نین دەست لە کار و ژیانی خۆیان هەڵبگرن و بکەونە شوێن ئەوەی فەرمانی ئەو بەڕێوە بەرن. خەڵکانی موقەللید لە بەرێوەبردنی فەرمانەکەدا هەڵبژاردنی خۆیان هەیە .

راحیل دوایین دیفاعی خۆی بە بێ یارمەتی پارێزەرەکانی ئامادە کرد. ئەوە تاقە چالاکییەکی بەکردەوەی راحیل لە دادگا بوو. راحیل گوتی دەقی داکۆکینامەکە، خۆی ئامادەی کردوە و دەیداتە وەرگێڕەکان بیخوێننەوە. لە دادکۆکینامەکەدا خۆی وا ناساند کە لە ساڵی ١٩٧١ دا لەدایك بوو‌بێت. ئەم هەوڵە فێڵبازانەیەی راحیل تەنانەت بوە هۆی سەرسوڕمانی پارێزەرەکانی. بەم مەوالیدەوە، لەکاتی جینایەتەکەدا تەمەنی لە ٢١ سال کەمتر بوە و دەبێ یاسای سزادانی لاوان شموولی بکات. بەڵام دادگا بە بەڵگەنامەی زۆری بەدەستەوەبوو رایگەیاند کە لە ساڵی ١٩٦٧ لەدایك بوە.

دادگا راحیلی بەهۆی قورسایی تاوانەکەیەوە مەحکووم بە زیندانی هەمیشەیی کرد.

راحیل لەکاتی خوێندنەوەی قەراری دادگاشدا وەك پاشماوەی هەموو ماوەی دادگا، خەمسارد و گوێنەدەر مایەوە. کاتێ کە راگەیێنرا بەتاوانی قەتڵی عەمد زیندانی دایمی پێدراوە، تەنانەت ماسوولەیەکی دەم و چاویشی نەجووڵایەوە.

## پ. ئەمین

یوسف محەمەد ئەمین لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٧ ی لوبنان، دوای گیران زانیارییەکی زۆری لەسەر ئەندامانی تیمی تێرۆر و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی تێرۆری میکۆنۆس دایە کاربەدەستانی لێپرسینەوە، بەڵام لەدوایین لێپرسینەوەکەیدا هەموو ئیعتیرافەکانی خۆی بەدرۆ دایە قەڵەم و گوتی "لە دادگادا هەموو شت دەڵێم."

دوای دەسپێکردنی دادگا و پاش خوێندنەوەی ئیدیعانامەی دادئەستێن، ناوبراو یەکەم تۆمەتبارێك بوو رووی قسەی دادگای تێکرا. ئەو لێرەش کەڵکی لە مافی بێدەنگ مانەوە وەرنەگرت و گوتی هەموو ئەو قسانەی کە تا ئێستا

گوتوومە درۆ بوون. داواکاری گشتی و پۆلیس خستیانمە ژێر گوشار، تەرجومان خراپی وەرگێڕا، تەرجومان جاسووسی ئاڵمانیا بوو، تەرجومان جاسووسی عەرەبستانی سعودی بوو و من کارتی ئەندامەتیەکەیم بینیوە. بەڵێنیان پێدام ئەگەر ناوی دارابی بهێنم ئازادم بکەن. ناوی دارابی و راحیل لەژێر فشاردا گوتراوە. دوای گیرانەکەم بردیانمە ئوتێلێك بۆ ئەوەی تەماعم بخەنەبەر. بەڵام ئێستا لەبەردەم دادگا دەمەوێت راستەقینە بدرکێنم و پێشتر رایدەگەیێنم کە لە پارێزەرەکانم بەتایبەت لوتار بونگارت رازی نیم، ناوبراو جاسووسی رێکخراوە زانیارییەکانی رۆژئاوایە، کارەکەی بەباشی ناکات و تا کاتیَ ئەو لێرە بێت من قسە ناکەم.

لوتار بونگارت کۆتایی بە کاری پارێزەریی [بۆ ئەمین] هێنا و لە راگەیاندنێکدا کە پێشکەش بە دادگای کرد نووسی:

"تەنانەت ئەگەر قسەکانی من لەبەردەم چاپەمەنیەکان بتوانیَ وەك هۆکارێکی ئیحتیمالی بۆ لەناوچوونی بڕوا لەنێوان جەنابی ئەمین و من بێت، هێشتا هەر لەسەر قسەکانی خۆم سوورم و پێدادەگرم. ئێستاکە دەرەتانی هەڵسەنگاندم هەیە، روون کردنەوەی ئەوەی کە جەنابی ئەمین وەك کەرەسەیەکی فناتیکی دەستی رژیمی جینایەتکاری ئێران، تا کاتی هاتنە بەردەمی دادگاش هەر کەڵکی لیَ دەبینرێت بۆم لە ئەرکی بێدەنگ مانەوە کە ئیتر هیچی لیَ نەماوەتەوە گرنگترە. من ئیجازە نادەم ئەم تاقمە جینایەتکارە وەك پەردەیەك هەویەی من لەناو بەرن.

ئیمزا: بونگارت"

دوکتۆر باومایەر پارێزەری دووهەمی ئەمین درێژەی بە کار دا و لەجیاتی پارێزەری دەست لەکار کێشاوە [واتە بونگارت]، پرسیوس ـ یەك لە پارێزەرانی ناوداری بەرلین کرایە پارێزەر [ی ئەمین]. دوای ئەم گۆڕانکارییانە، ئەمین دەستی کرد بە گێڕانەوەی حیکاتەکەی خۆی:

من لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٩ دا هاتمە بەرلین. لە بەرلین داواکارییەکەم بۆ پەنابەریەتی و هەروەها داواکاریی ئیستیئنافم درایە دواوە. چووم بۆ سویسرا و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوێش داوای پەنابەریم کرد، بەڵام هەموو مانگێك بۆ وەرگرتنی یارمەتیه کۆمەڵایەتیەکان[سۆشیال] دەگەڕامەوە بۆ بەرلین. له سویسرا دوو جار داوای پەنابەریەتیم کرد بەڵام نێررامەوە بۆ لوبنان. لەوێ ژنم هێنا و پاشان گەڕامەوە بۆ ئاڵمانیا. پاش ماوەیەك هاوسەرەکەشم هاتە ئاڵمانیا و لەلای براکەم له شاری راینه مایەوە. کازم دارابیم له مزگەوتێکی بەرلین چاو پێکەوت و لەگەڵیدا ناسیاویم پەیدا کرد. چەند رۆژێکیش ئیشم بۆ کرد، ئیتر هیچ زانیارییەکم لەسەر ئەو نییه و خەڵکانێکی دیکەش له بەرلین دەناسم.

له سەرەتاکانی مانگی نۆی ١٩٩٢ دا بۆ وەرگرتنی راتبەی مانگانەی یارمەتیه کۆمەڵایەتیەکان هاتمە بەرلین. لێرەدا بوو که دائیرەی خەڵکانی بێگانه له بەرلین پێی راگەیاندم که دەبێ له ئاڵمانیا دەربچم. پاشان گەڕامەوە راینه و لەوێ خەڵکانی وەك مالیك، ئەلوش و شەریف داوایان لێکردم له پیشانگەیەکەدا کار بکەم و له بەشی رۆژهەلاتی شاری بەرلین له ماڵی حسام شەحرور له شەقامێك که ناوەکەی وەك ناوی سەرەك کۆماری پێشووی ئەمریکایە، نیشتەجێ بووم.

درێژەی ئەوەی که ئەمین خۆی به "سیناریۆی نوێ" ناوی دەبرد، وەك سیناریۆکەی پێشتری بوو، بەهەمان شێوەی ئیعیترافاتەکەی ئەمین. تەنیا ئەدرەس و ناوی کەسەکان گۆڕابوو بەڵام دەور و رۆڵەکانیان وەك خۆی مابوەوە. باسێك له دارابی و راحیل نەبوو. له ماوەی دادگادا بەگوێرەی بارودۆخ خەڵکی جیاجیا دەهێنرانه ناو کێشەکەوە. "سیناریۆی نوێ" ئەوەندە گاڵتەجاڕ بوو که هەندێ له تۆمەتبارەکانیش پێی پێدەکەنین.

دوای پرسیارەکانی داوەرانی دادگا، وردەکارییەکانی حیکایەتەکە روونتر بوەوە. رستەیەك نەبوو لەگەڵ رستەی پێشتردا ناتەبا نەبێت. هەندێ جار، ئەمین تەنانەت ئامادە نەدەبوو قسەی چەند خولەك پێشتری خۆی وەبیر بهێنێتەوە. باسی مزگەوتی بەرلین و خۆپێشاندان بەلایەنگری له ئێران و حیزبوڵا، ئیش کردن له دووکانی سەوزەفرۆشی و دووکانی جلشۆردنی دارابی لەگەڵ راحیل، دۆستایەتی کۆن لەگەڵ راحیل له لوبنان، ئێران، ئاڵمانیا و سویسرا، تێکگیران لەگەڵ موجاهیدین [ی خەلق] له دوسیلدۆرف لەسەر داواکاریی دارابی و شتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوتۆی نەکرد و ناوی وەبیر نەهێنانەوە. ئینجا پرسیاری یەك لە دوای یەکی داوەران تەنگی پێ هەڵچنی و گوتی چیتر قسە ناکەم. گەرچی لە دانیشتنەکانی دواتردا سەر لەنوێ هاتەوە وتار و سیناریۆی نوێی بەگوێرەی ئەو حەساسیەتانەی وا هەستی پێدەکردن، دەگۆڕێ.

کاتێ کە بۆ پێداچوونەوەی قسەکانی لە ماوەی لێپرسینەوەدا، پشکێنەرانی پۆلیس، لێکۆڵەر، کاربەدەستانی زیندان و هاوکارێکانی خۆی هاتنە دادگا، ئیتر تاقەتی بۆ نەما. هەموویانی بە درۆزن ناو برد، لەگەڵ هەمووان کێشەی ساز کرد، گریا، جنێوی دا و داوای دادپەروەری کرد. لە ژیانی خۆی لەناو ژووری زینداندا شکایەتی کرد و تەنانەت جارێك بە شۆرتی کورتەوە هاتە دادگا و جارێکی تر بە کڵاوی نیقابدارەوە و لە وەڵامی سەرۆکی دادگادا گوتی هەتاو چاوم ئەزیەت دەدات.

هەندێ جار خۆی لە خەو دەدا بەڵام هەر ئەوەندەی ناویان ببردایە، دەینەڕاند و دەیگوت ئیجازەتان نییە بە بێ ئیجازەی خۆم ناوم لە دادگا ببەن. بێ تاقەتی دەکرد بۆ ئەوەی هەموان بێتاقەت بکات. هەردەم چاوی لە دارابی بوو و بە ئاماژەی ئەو هەرا هەرای دەکرد. کاتێ کە هەندێك لە ئەندامانی ڕێکخراوەی موجاهیدین [ی خەلق] بۆ شایەدیدان لەسەر هێرش کرانە سەریان لە دوسیلدۆرف لە مانگی سپتامبری ١٩٩١ هاتنە دادگا، ئەوانیشی خستە ناو سیناریۆ نوێکەی خۆی و لێخوڕی میرسیدێس بێنـزی ڕەشی شەوی تێرۆرەکەی بە "کازم موسەوەی زادە" ـ یەك لە موجاهیدینی دانیشتووی بەرلین دانا، کە دارابی دەیناسی. کاتێکیش "جەواد دەبیران" نوێنەری ئەو کاتەی شوڕای بەربەرەکانی نەتەوایەتی لە ئاڵمانیا هاتە دادگا، ئەوی بە هەمان لێخوڕ دانا. پاش ئەوەی کە ناوبراو خۆی ناساند، ئەمین گوتی ئەم کابرایە وەك لێخوڕی بێنـزەکە دەچێت، بۆیە هەڵەم کرد.

زۆرێك لە دۆست و برادەرانی ئەمین بۆ شایەدیدان هاتنە دادگا. جگەلەوان، کەم و زۆر هەموو ئەو شایەدانەی کە بۆ شایەدیدان لەسەر تۆمەتبارەکانی تر دەهاتنە دادگا، ئەمینیان دەناسی. برادەرەکانی وەك عەبدولکەریم داهینی،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەحمود عەلیان، حسام شەحرور و مەجدی شەحرور گەرچی هەوڵیان دا قسەکانی پێشووی خۆیان بەسوودی تۆمەتبارەکان بگۆرن، بەڵام پێوەندی نزیکی کەسانی بەشدار لە تیرۆرەکە و لەوانە، راحیل، دارابی، حەیدەر و سەبرایان بە باشی نیشان دا.

ئیسماعیل ئەلموسەوی ـ کە تۆمەتبارە عەرەبەکانی بەباشی دەناسی، شایەدی ئەوەی دا، کە ئەویان لەگەڵ ئەمیندا بە یەك تاقم لە لوبنانەوە ناردۆتە ئێران و لەویٚ لە بنکەی هێزی دەریایی سپای پاسداران لە نزیك رەشت، فێری کاری ئایدیۆلۆجیك ـ سوپاییان کردوە و پاشان لەناو لوبنان لەگەڵ ئەودا بەشداری شەڕی کردوە. "ئەلموسەوی" پاش ئەوەی هاتبوە ئەوروپا، لە حیزبوڵا جیا بووبوەوە و ژیانێکی نوێی بۆخۆی پێکهێنابوو. ناوبراو لە وەڵامی پرسیار لەمەڕ چالاکی جۆربەجۆری حیزبوڵا و چۆنیەتی بارهێنانیان لە ئێران بەوردی دوا.

وردیی قسەکانی ئەلموسەوی هیچی بۆ حاشا لێکردن نەهێشتەوە. حیزبوڵا و ئێران هەڕەشەیان لێکرد و داوایان لێکرد لە دادگادا قسەکانی وەربگرێتەوە. ئەویش مەسەلەکەی لە دادگادا خستە روو و گوتی ئەوی تا ئێستا گوتوومە راست بوە و داوای کرد بۆ ئەوەی گیانی خۆی و بنەماڵەکەی پارێزراو بێت، سەبارەت بە کێشەکانی ئێران و حیزبوڵا پرسیاری لیٚ نەکرێت. دادگا لەو کێشانەدا کە ئەمینی دەگرتەوە لەگەڵ داواکارییەکەی ئەو موافەقەی کرد.

"شەوقی کنج" ـ دۆستێکی دیکەی ئەمین بوو، کە هات و شایەدی لەسەر دا. ناوبراو لە لێپرسینەوەکانیدا گوتبووی کە لە لوبنان هاوڕێی لەگەڵ ئەمین جەنگیوە، ئەلموسەوی دەناسێت، لەگەڵ تاقمێکدا بۆ فێرکردنی سوپایی چۆتە ئێران و لەویٚ چاوی بە ئەمین کەوتوە کە پێش ئەو چۆتە ئەویٚ. ئاشکرا بوو کە شەوقی لەژێر گوشاری هەڕەشە دایە و ناتوانیٚ بە هاسانی قسە بکات، بەڵام بەبیٚ ئاماژە کردن بەم مەسەلەیە، هەوڵیدا قسەکانی پێشووی خۆی هێورتر بکاتەوە گەرچی نەیتوانی حاشا لەوە بکات کە ئەمین بەشداری دەورەی فێرکردن بوە لە ئێران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمین بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ مابووەوە. هەر کات بابەتێکی دادگا راستەوخۆ پێوەندیی بەوەوە نەبوایە، خۆی لە نەزانی دەدا و گاڵتەی دەکرد، خەڵکانی دیکەی دەهێنایە پێکەنین و هاوکات لەگەڵ ئەوانە لە دەست درێژەکێشانی ماوەی دادگا و دوورمانەوەی خۆی لە ژن و منداڵەکانی دەیناڵاند. بەڵام کاتێ کە پێی دەوڵەتی ئێران دەهاتە ناو مەسەلەکانەوە، بە تووڕەیی هەراهەرای ساز دەکرد و دەینەڕاند و دەیگوت ئەم شتانە پێوەندیان بە دادگاوە نییە.

ڕەنگدانەوەی ئەمین و پارێزەرەکانی لە بەرانبەر ئەو تۆمەتانەی وا دارابی و پارێزەرەکانی دەیاندایە پاڵی و لەسەر هەموو شتێك ئەویان تاوانبار دەکرد، بریتی بوو لە بێدەنگ مانەوە. کاتێ کە پارێزەرەکان گوتیان ناوی دارابی لە ئەنجامی پێکهاتنی ئەمین و پۆلیس و دادئەستێنیدا هاتۆتە گۆڕێ، ئەمین هیچی نەگوت، بەڵام کاتێ کە هێرشکاریی پارێزەرانی دارابی خەستتر بووەوە و پارێزەرەکانی خۆی کەوتنە داکۆکی لێکردنی و گوتیان پێکهاتن و "تەبانی" لە کارەکەدا نەبوە، ئەمین هەموو ئەم شتانەی بە بێدەنگ مانەوە، پەسند کرد.

لە قۆناغەکانی دوایی دادگادا، پارێزەرانی دارابی دیعایەی ئەوەیان کرد کە ئەمین یا براکەی مەئمووریBND بن، و ئەوان ناوی پاشماوەی تۆمەتبارەکانیان داوە بەو ڕێکخراوەیە. ئەمین ناڕەزایی دەربڕی. ئەو کە لەژێر گوشاری ترس و هەڕەشەی حیزبوڵا و دەوڵەتی ئێراندا هەموو قسەکانی پێشووی خۆی بە قازانجی دارابی و دەوڵەتی ئێران وەرگرتبووەوە، ئێستا دەیدی کە لە هەموو لایەکەوە بۆتە قوربانی و کەوتۆتە بەر خراپترین تۆمەت، تۆمەتی ئەوتۆ کە هەر باس لێکردنەکەی لەلایەن دارابی و پارێزەرەکانیەوە، دەتوانێ گیانی بنەماڵەکەی لە لوبنان بخاتە مەترسییەوە. ئەمین لە کۆتایی دادگادا بۆ ماوەیەکی کورت سەر لەنوێ بووەوە بە خودی خۆی، ئەمینی راستەقینەی پێش و دوای دەستبەسەر بوون، کە "باشترین ڕێگای بۆ خۆی هەڵبژارد" (دەقی سزاخوازی یانی کەیفەرخواست).

لە کاتی خوێنرانەوەی قەراری دادگادا، ئەمین بە شەرمەوە لە بەرانبەر دۆست و هاودەستەکانی پێشوویدا، سەری داخست و بەبێدەنگییەوە گوێی بۆ قەراری ١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سال زیندانەکەی راگرت. گەرچی هەندێك لە قورسایی حوکمەکە سەری سوورڕمابوو، بەڵام دەکرا بزەیەکیش لە روخساریدا بەچاو بکرایە.

## ت. عەیاد

عەتائوڵا عەیاد، لە دایکبووی ١٩٦٦ ی لوبنان، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ دا دەورەیەکی بارهێنانی لە لوبنان بینیبوو، لە شەڕی ناوخۆی لوبناندا بەشداریی کردبوو، دوای پێکهاتنی رێکخراوەی ئەمەل لە ١٩٨٣ دا، چوبووە ناو ریزەکانیەوە و ببوە بەرپرسی گروپێکی پارتیزانی کە دژ بە ئیسرائیل و حیزبوڵا دەجەنگی.

عەیاد لەناو هاوسەنگەرەکانیدا بە شەڕکەرێکی ئازا و نەگۆڕ ناسرابوو و بەهۆی عەمەلیاتی ئازایانەوە نازناوی "ابوصخره" واتە باوکی تاشەبەردیان پێدابوو. لە مانگی ئاوریلی ١٩٩٠ دا هاتە ئاڵمان. ناوبراو خزمی "خەدیجە عەیاد" ی هاوسەری "دارابی" یە. عەیاد دوای ئەوەی محەمەد جەرادە زانیاریی دژ بەوی دایە پۆلیسی ئاڵمانیا، لە ٩ ی دیسامبری ١٩٩٢ دا بەتاوانی بەشداریی لە قەتڵ گیرا.

عەیاد لە لێپرسینەوەدا بەشداریی خۆی لە رووداوی میکۆنۆس دایە دواوە و گوتی عەباس راحیل هەر ناناسێت. بەڵام دوای وەبیر هێنانەوەی پۆلیسی لێکۆڵەرەوە و ئاماژە کردن بە سەفەری مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩٢ ی شاری بادهومبورگ[172] ی لەگەڵ راحیل، یوسف ئەمین، عەتریس و شەحرور، گوتی راحیل دەناسم. سەبارەت بە دارابیش گوتی هەموان دەزانن کە بەرپرسی حیزبوڵا لە بەرلینە.

عەیاد لە هەموو ماوەی دادگادا کەڵکی لە مافی بێدەنگ مانەوە بینی و ئامادە نەبوو وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. ناوبراو لەو رۆژانەدا وا گوشاری عەسەبی لەسەر بوو، جگەلە نارەزایی دەربڕینی یەك لەدوای یەك و هەرا و هاوار دژ بە گیرانەکەی خۆی و درێژەکێشانی دادگاکەی و جەرادە و داواکاری گشتی و

[172] Bad Hamburg

مەقاماتی پۆلیس کە گرتبوویان، هیچ قسەیەکی نەکرد. هەر جارێکیش کە قسەی دەکرد، دەنگی وا بەرز دەکردەوە کە دەزگای سەوتی کۆنی دادگا دەکەوتە خرەخرِ و سەرۆکی دادگا دوای ئەوەی چەند جار بە بێهودە چاونزێریی عەیادی دەکرد، مایکرۆفۆنەکەی بەردەمی ئەوەی دەکووژاندەوە.

جارێکیان عەیاد گوتی بوومەتە مەسیحی و جارێکی تر گوتی:

"من مەسیحم، بەرمدەن! ئەگەر جەڕادە خوا بێت، کە بەهۆی قسەی ئەو منتان گرتوە، ئەوا منیش مەسیحم و خەوم پێوە بینیوە، ئازادم بکەن!"

محەمەد جەڕادە یەکەم شایەدێك بوو کە لە مانگی حەوتی ١٩٩٤ سەبارەت بە عەیاد شایەدی دا. ناوبراو گوتی: لەبەر ئەوەی چەندەها جار هەڕەشەم لێکراوە کە خۆم و بنەماڵەکەم لەناو دەبەن، داوا لە دادگا دەکەم ئیجازە بدات شایەدی نەدەم. ئەوەی بە پۆلیسم گوت راست بوو بەڵام بۆ پاراستنی گیانی منداڵ و هاوسەر و دایکم ئامادە نیم لە دادگادا دووپاتیان بکەمەوە. دوای ئەوەی کە دادگا پێی راگەیاند کە ئەگەر بێت و خۆ لە شایەدیدان بگرێت واهەیە مەحکووم بە زیندان و غەرامەی نەغدی بێت، گوتی زیندان و غەرامە قەبووڵ دەکەم بەڵام ئامادە نیم قسەکانی پێشووم دووپات بکەمەوە و گیانی خۆم و بنەماڵەکەم بخەمە مەترسییەوە.

دادگا هۆیەکارییەکانی ئەوی بۆ بێدەنگ مانەوە قەبووڵ کرد. بێدەنگ مانەوەی جەڕادە لەمەڕ عەیاد، بوعدێکی تازەی دایە کێشەکانی بەردەم دادگا. ئەو پشکێنەرانەی وا پرس و جۆیان لێکردبوو، بۆ لێکۆڵینەوە لەو قسانەی لای پۆلیس کردبوونی، چەند رۆژێکی زۆر لە دادگادا شایەدییان لەسەر قسە و حاڵەتەکانی دا.

پارێزەرانی عەیاد بۆ داکۆکی کردن لە موەکیلەکەیان رێگای ئەوەیان گرتەبەر کە قسەکانی ئەو تاقە شاهیدەی وا سەبارەت بەو قسەی کردبوو بە بێ بایەخ دابنێن. ئەوان جەڕادەیان بە درۆزن، خەیاڵاوی و قسەزل دانا و بۆ سەلماندنی ئەو دیعایانە، زۆر داواکارییان پێشکەش کرد و بوونە هۆی ئەوەی شایەدێکی زۆر بێنە ناو دادگاوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەڕادە لە دادگادا گاڵتەی بە عەیاد و پارێزەرەکانی دەکرد و جارێك گوتی "ابوصخرە" ناوێکی تەواونییە و پێویستە بە عەیاد بگوترێ "ابوخرە". ئەم قسانە دەبوونە هۆی پێشکەش کردنی داواکاریی نوێ و یەك لەدوای یەکی پارێزەرانی عەیاد. جگەلەوانە، بەشێوەیەکی رۆژانە هەڕەشە لەجەڕادە دەکرا و لە دادگادا سەبارەت بەو هەرشە وگوڕەشانە شایەدی دا. ئەم هەڕەشانە خۆیان دەبوونە بابەتێك بۆ پێڕاگەیشتنی دادگا و بانگ کردنی شایەدی زیاتر. جەڕادە لە هاوینی ١٩٩٣ دا لە دادگا شایەدی دا کە کە کاتێ لە لوبنان بوە ئاگادار بۆتەوە کە مەجدی شەحرور بەچەکەوە کەوتۆتە شوێنی. لە مانگی دووی ساڵی ١٩٩٤ یشدا بە پۆلیسی راگەیاند کە عەیاد لەرێگەی یەك لە برایانی "ابوالحسن" ەکەوە لەگەڵ ئەودا لە زیندان بوە، پەیامی بۆ ناردوە و گوتوویەتی هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی یەکە یەکە لەناو دەبات.

هەموو ئەوانەی وا لە پێوەندی ئەم کارانەدا بوون، یەك یەك هاتنە دادگا و شایەدییان دا. تەنیا بۆ شایەدیدانی یەکێ لە برایانی ئەبولحەسەن کە چووبوە کەنەدا و بووبوە نیشتەجێی ئەوێ و ئامادەش نەبوو بۆ شایەدیدان بێت بۆ ئاڵمانیا، هەیئەتێك لەلایەن دادگاوە چوون بۆ کەنەدا، کە پێك هاتبوو لە قازی موخبیر، نوێنەرانێك لەلایەن داواکاری گشتی، پارێزەرانی ئەمین و راحیل و دارابی و عەیاد. دەقی شایەدییەکانی ئەو لە دادپەروەیی کەنەدا لە دادگادا خوێنرایەوە و ئەم شایەدیدانە سێ مانگی تەواو کاتی دادگای گرت. ئەو کەسانەی وا بەهۆی هەڕەشەی بنەمالەی جەڕادەوە ناویان هاتبوە گۆڕێ، لەسەر داواکاریی پارێزەرانی عەیاد بۆ شایەدیدان هاتنە دادگا.

جەڕادە هەروەها سەبارەت بە هەڕەشەی راستەوخۆی حیزبولڵا لە رێگەی "شاکر رەمەڵ" ەوە شایەدی دا و گوتی: "ڕەمەڵ نامەی بۆ نووسیم و پاشان هاتەلام وەرەقەی ناسنامەی خۆی کە بەرپرسی ئاسایشی حیزبولڵا ئیمزای کردبوو نیشان دام و گوتی حزب بەو کەسانەوە شانازی دەکات کە بەشداریی عەمەلیاتی میکۆنۆسیان کردوە، لەبەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی] لەرادەی خۆیان ترازابوون و دەبوایە سزا بدرێن. هەروەها پێی گوتم کە نابێ لە دادگادا ئامادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بم." نامەکان لە دادگادا خوێنرانەوە و شاکر رەمەڵ بانگ کرایە دادگا. ناوبراو لە دادگادا پەسندی وەرەقەی ئیمزاکراو لەلایەن بەرپرسی ئاسایشی حیزبوڵای کرد بەڵام قەبووڵی ئەوەی نەکرد کە هەرشەی لە جەڕادە کردبێت.

جەڕادە لەماوەی یەك لە رۆژانی شایەدیدانەکەیدا گوتی: "لە مانگی مارسی ١٩٩٥ دا، "حوسێن حەتیت" لەرێگەی مێردی خوشکمەوە "عەباس حەتیت" ئاگاداری کردمەوە کە لە لوبنان دەنگۆی ئەوە هەیە کە پۆلیس ٥٠ هەزار مارکی داوەتە من بۆ ئەوەی دژ بە عەیاد قسە بکەم و ئەوان ئامادەن هەمان بڕ پارەم پێ بدەن بۆ ئەوەی قسەکانم دژ بە عەیاد بخۆمەوە. براکەشم کە لە لوبنان دەژی، بە تەلەفۆن ئەو چاو و ڕاوەی پشتراست کردەوە و پێی گوتم کە بنەماڵەکەی عەیاد پێوەندیان پێوە کردوە و گوتوویانە پارەکەم دەدەنێ. خوشکم و زاواکەشمان لەم کێشەیە ئاگادارن. بنەماڵەی عەیاد خۆیان هەژارن و واهەیە نانی شەویشیان نەبێت. ئێوە دەبێ بزانن پارەیەکی ئەوتۆ لە کوێوە دێت و کێ دەیدات".

خوشك و زاوای جەڕادەش هاتنە دادگا بۆ ئەوەی شایەدی بدەن. خوشکەکەی سەرەتا مەسەلەکەی بەدرۆ خستەوە بەڵام دوای چەند پرسیارێك ئیعتیرافی کرد کە هەوالی هەرشە و هەروەها بڕی ٥٠ هەزار مارك راستە. مێردی خوشکی، خۆی لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە دزییەوە.

جەڕادە چەندین ساڵ لە ریزەکانی "ئەمەل" دا شەڕی کردوە و لە ئاڵمانیاش ئەندامی کومیتەی هاوپشتی لەگەڵ لوبنان بوو. ئەو پێوەندییە ناوخۆییەکان و تایبەتمەندییە سیاسییەکانی لوبنان و شێوازی هەڵس و کەوتی شەڕکەرەکانی ئەمەلی دەناسی و وەك بۆخۆی دەیگوت چیتر ئامادە نەبوو مل بۆ ئەو پێوەندییانە دابنەوێنێت و لە ئاڵمانیاش هەر وەك لوبنانی شەڕاویی دەژی.

جارێك لێیان پرسی ئێستاکە هەڕەشەت لێکراوە بۆچی ناتەوێ پۆلیسی ئاڵمانی حیمایەتت بکات، بۆ نموونە، مەئموور لەبەر دەرگای ماڵتان دابنێت بۆ ئەوەی کەس ئازارت پێ نەگەیێنێت؟ وەڵامی دایەوە من ئەوانە دەناسم، ئەگەر بیانەوێ کەسێك بکوژن، بوونی پۆلیسێك ناتوانێ بەرگریان بێت. شایەدییەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەڕادە لەمەڕ هێنانە گۆڕی هەڕەشەی بەردەوامی حیزبوڵا لە دادگا، زۆرێك لە وردەکاییەکانی میکانیسمی هەڕەشەی حیزبوڵای بۆ دادگا روون کردەوە.

لە دوایین قۆناغی چالاکییەکانی دادگا و دوای ئیسباتی سەفەری تیمی تێرۆر لە تارانەوە بۆ ئاڵمانیا، بەتایبەت دوای ئامادەبوونی "ئەبولقاسم میسباحی" لە دادگا و روون بوونەوەی دەوری سەرۆکی تیمی تێرۆر و چۆنیەتی پلان داڕشتنەکەی، پارێزەرانی عەیاد هەوڵیاندا دەوری عەیاد کەمڕەنگ بکەنەوە و لە دوایین داکۆکییەکاندا گوتیان ئەگەر زانیارییەکانی BfV و میسباحی سەبارەت بە تیمەکە راست بێت، کە راستیشە، کەوابوو موەکیلەکەیان بێتاوانە.

کۆی ئاڵۆزی فایلی عەیاد بوە هۆی ئەوەی پێڕاگەیشتن بە تۆمەتەکانی سەر ئەو، بببێتە بابەتێك کە زیاد لە هەموان کاتی دادگای بۆ تەرخان بکرێت. تەنانەت دوای خوێنرانەوەی سزاخوازی، پارێزەرانی عەیاد داوای شایەدیدانی خەڵکانێکی زۆری دیکەیان خستە بەردەم دادگا. ئەم داواکارییە بوە هۆی پشتگیری پارێزەرانی تۆمەتبارەکان و ناڕەزایی دەربڕینی دادئەستێن و پارێزەرانی شکایەتکارانی خسووسی [واتە قوربانییەکان]. هەر چەندە ئەم داواکارییە هیچ شتێکی نوێی تێدا نەبوو، بەڵام هەیئەتی داوەران قەبووڵیان کرد. ئەم شایەدانە بریتی بوون لە دوو تاقم:

تاقمی یەکەم دەبوایە روونی بکەنەوە کە عەیاد بەکردەوە توانای پلان داڕشتنی تێرۆرەکەی نەبوە و ئامانج لە شایەدیدانی تاقمی دووهەمیش تاکتیکی کۆنی بێ بایەخ کردنی جەڕادە بوو.

ئەم شایەدییانە نەك هەر بەسوودی عەیاد وەرنەگەڕا، بەڵکوو بەشێك لە تۆمەتەکانی پێشوو ـ وەك هەڕەشە کردن لە جەڕادەیان بەهێزتر کرد. دادگا قسەکانی جەڕادەی "لەلایەنی دەروونییەوە بەهێز وخاوەن هەندێ ناتەبایی" هەڵسەنگاند و بەم هۆیەوە داواکارییەکانی زۆری پارێزەرانی عەیادی بۆ گرتن و مەجبوور بە قسەکردنی جەڕادەی دایە دواوە.

عەیاد گەرچی پێشتر پلانێکی بۆ تێرۆرەکە دانابوو، بەڵام لە تاوانی شەریکە تاوانی قەتڵەکاندا بێتاوان ناسرا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ج. عەتریس

محەمەد عەتریس لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٠ لە لوبنان، لەماوەی پێڕاگەیشتنی دادگادا، چەند جار خۆی بە لایەنگری بزووتنەوەی سوسیالیستی کەمال جونبەلاَت لە لوبنان دانا و تەئکیدی کرد کە هەرگیز لایەنگری حیزبولاَ نەبوە. عەتریس یەکێ لە برادەر و دۆستانی راحیل و ئەمین بوو و لە ریگەی دۆستانی هاوبەش وەك عەلیان، شەحرور، و شەهشوەوە پێوەندی پێیانەوە هەبوو.

لەماوەی دادگادا روون بوەوە کە ناوبراو بۆ پارە هەموو کارێکی کردوە. پاسپۆرتی شەوقی برای بردوە بۆ راحیل. کاتێ کە پۆلیس بۆ گرتنی هێرشی بردبوە سەری، لە ماڵەوە نەبوو، بەڵام ئەندامانی بنەماڵەکەی لەگەڵ پۆلیسدا تێك گیرابوون و لەم تێکگریانەدا لووتی باوکی و لاقی دایکی کەتبوە بەر لێدان و عەتریس هەتا کۆتایی دادگاکە هەر باسی ئەو رووداوەی دەکرد و توند و تیژیی پۆلیسی مەحکووم دەکرد.

عەتریس لە رۆژی ٧ ی مانگی دە دا چووە لای پۆلیس و خۆی پێ ناساندن. لە لێپرسینەوەدا دانی پێدانا کە بەهۆی برینداریيەوە پاسپۆرتی بۆ راحیل ئامادە کردوە بەڵام ئاگاداری کێشەی تێرۆر نەبوە. ناوبراو گوتی دوای رۆژی ١٧ ی سپتامبر داوام لێکرا پاسپۆرت ئامادە بکەم، منیش کردم، بەڵام نەیگوت کە لە ٢٤ ی سپتامبردا راحیلی لە بەرلینەوە بردوە بۆ راینە بۆلای ئەمین و لەوێشەوە چوە بۆ هۆلەندا و گەڕاوەتەوە. رۆژی ٢٧ ی مانگی یەکی ١٩٩٣ قەراری زیندان بۆ عەتریس هەڵوەشایەوە و حوکمی قورسی بۆ دەستگیر کران و هێنانە دادگا بۆ دەرچوو، بەم شێوەیە:

> "ئەم تۆمەتبارە بەشێوەیەکی جیددی گومانی لێدەکرێت کە بەئاگاداریی لە کردەوەی غەیرە یاسایی و ئاگادارانەی کەسانی تر، یارمەتی کوشتاری بەکۆمەڵ و هەنگاوی بەکۆمەڵ بۆ کوشتنی چوار کەس و هەروەها تەزویر کردنی بەڵگەنامەی داوە".

تا ئەودەم محەمەد عەتریس رووبەڕووی ئەو تۆمەتە بووبوەوە کە دوای رووداوەکە لێی ئاگادار بۆتەوە و لە باری کات و رێکەوتی

رووداوەکانیشەوە، دوای ئەوە، پاسپۆرتی "شەوقی" برای داوەتە بەشدارانی راستەوخۆی تیرۆری رەستورانی میکۆنۆس واتە ئەمین و راحیل، بۆ ئەوەی دوابەدوای تەزویر کردنەکە، هەلاتنی بێ مەترسی یەك لە تاوانباران لە ئالمانیا گونجاو بکات.

لێکۆلینەوە نوێ ئەو گومانە بەهێزەی دروست کرد کە تۆمەتبار عەتریس پێش ١٧ ی سپتامبر بەلێنی پشتگیری کردنی دابێتە تاوانباران و واهەیە بەم بۆنەیەوە بوو کە لە رۆژانی ١٢ و ١٣ ی سپتامبردا پاسپۆرتی شەوقی هەلگرت تا دواتر بیداتە تاوانبارەکان. ئەم گومانە لە قسەکانی شەوقی عەتریس لە رۆژانی ٤ و ٨ ی مانگی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ و هەروەها لە توێژینەوە تەواوکەرەکان [ی پۆلیس و دادئەستێنی] دا سەری هەلداوە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانە، شەوقی لە رۆژانێکدا کە ناتوانرێ بەوردی دیاری بکرێت، واتە لە سەرەتا یا ناوەراستەکانی سپتامبری ١٩٩٢ دا کاتێ کە پێویستی بە پاسپۆرتەکەی پەیدا کرد بۆ ئەوەی بیداتە کاربەدەستێکی ئیداری، تێگەیشت کە پاسپۆرتەکە ون بوە. لەسەر بنەمای فایلی بەردەست لە دائیرەی تەئمینی کۆمەلایەتی بەرلین ـ ودینگ، دەرکەوت کە ناوبراو بۆ دوایین جار لە رۆژی ٤ ی سپتەمبردا یارمەتی کۆمەلایەتی وەرگرتوە، بەلام لەبەر ئەوەی بەلگەنامە و یەك لەوان پاسپۆرتی پێ نەبوە، بەشێکی یارمەتیەکەی پێدرا و داوای لێکرا لەماوەی ١٠ رۆژدا ـ واتە تا ١٤ ی سپتامبری ١٩٩٢ بەلگەنامەکان پێشکەش بکات، هەر بۆیەش شەوقی رۆژێك پێش مەوعیدەکە واتە لە ١٣ تا ١٤ ی سپتامبری ٩٢ دۆلابی خۆی گەرا و تێگەیشت کە پاسپۆرتەکەی ون بوە. ئەو بەعادەت پاسپۆرتی خۆی و بنەمالەکەی لەو دۆلابە دا رادەگرت.

لەئەنجامدا، تۆمەتبار عەتریس پاسپۆرتی براکەی رۆژی پێش رووداوەکە هەلگرتوە نەك وەکو خۆی و بنەمالەکەی دەلێن دوای

کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

تەلەفۆنی راینە لە کۆتایی سپتەمبری ١٩٩٢دا. هەر بەم بۆنەیەوە نووسینی تایبەتمەندییەکانی پاسپۆرتی کەڵك لێوەرگیراو [بۆ هەلاتن]، لەسەر ئەو بەڵگەیەی وا لێی زەوت کرا و ژمارەی ١٣٠٣٠١٠١ ی پێدرا، واتا پەیدا دەکات (زەرفی ئەو نامەیەی کە لە ماڵی عەتریس دۆزرایەوە و بۆ ئەدرەسی عەبیر عەتریس نێررابوو، "ئەحمەد ئەمین" ناردبووی). ئەوانە نیشاندەدەن کە پێشتر بۆ ماوەیەکی گەلێك زۆر خواستی تەزویری پاسپۆرتیان هەبوە، نەك وەکوو خۆیان دەڵێن لەپڕ و بێ سەرەتا و بەشێوەی قەرز وەرگرتن بوو بێت. ئامانجی نووسینی ئەم تایبەتمەندییانەش، بەئاشکرا ئەوە بوو "ون بوونی پاسپۆرتەکە رابگەیەنن". ئەم بارودۆخە هەروەها سەفەری هاوبەشی ... تۆمەتبار عەتریس و ئەمین و راحیل ... و هەروەها تۆمەتبار عەتائولا عەیاد، چەند هەفتەیەك پێش بەرێوەچوونی تاوانەکە لە بەرلینەوە بۆ بادهومبورگ، ئەو گومانە جیددییە دروست دەکەن کە عەتریس گەلێك زووتر، و هەر چۆنێك بێت چەندەها رۆژ پێش قەتڵەکان لە بەرنامەی تێرۆرەکە ئاگادار و هەروەها پێوەندی بە مەسەلەکەوە هەبوە ... واهەیە دەورێکی جیاواز لە دەوری خۆی لە بەرنامەی پێشوودا بینیبێت و بەم هۆیەوە پاسپۆرتی براکەی هەڵگرت تا دواتر بیداتە تاوانبارەکان"...

چەند شایەد سەبارەت بە رووداوی پێوەندیدار بە تۆمەتی سەر عەتریس شایەدییان دا.

براکەی، واتە شەوقی، لە دادگادا بەپێچەوانەی کاتی لێپرسینەوە، دیعایەی ئەوەی کرد کە لە ناوەڕاستەکانی مانگی هەشتی ١٩٩٢ دا پاسپۆرتی خۆی دایە یەکێك لە دۆست و برادەرەکانی بۆ ئەوەی ڤیزەی تورکیای بۆ وەربگرێت. پاشان خۆی و چەند کەس لە دۆستەکانی و کەسانی تر، کە دەیان توانی لەناو کێشەکەدابن، بۆ شایەدیدان هاتنە دادگا.

لەرێگەی شایەدیی ئەو کەسانەوە گومان لەمەڕ ئەوەی پاسپۆرتەکە پێش تێرۆر بەدەست "عەتریس" ەوە بوە بەهێزتر بوو. محەمەد جەڕادەش لەلای پۆلیس شایەدیی دابوو کە عەیاد گوتبووی "عەتریس" دەبوایە لەو تیمەدا کە من بۆ تێرۆر پێکم هێنابوو، لێخوڕی ترومبیلی هەڵاتن بوایە بەڵام دارابی [پلانەکەی] تێکدا.

"نووشین فوولادوەند" لە دادگا شایەدیدا، کە لە شەوی ڕووداوەکەدا لەگەڵ عەتریس لە مالی ئەو بوە و دەوروبەری سەعات ١٠ و نیو عەتریس ئەوی گەیاندۆتەوە ماڵێ. ناوبراو گوتی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لە "مینسك" ژیاوە و هاوڕێ لەگەڵ مێردەکەی هاتۆتە بەرلین.

ڕاگەیشتن بە تۆمەتەکانی پاڵ محەمەد عەتریس لە هەمان چەند مانگی یەکەمی دادگادا هاتە کۆتایی و ئیتر هیچ بابەتێکی پێوەندیدار بەو نەهاتە گۆڕێ. لەسەر ئەم ئەساسە، عەتریس و بنەماڵەکەی هەوڵیان دا لە زیندان ئازادی بکەن یا لای کەم فایلەکەی لە فایلی ئەوانی تر جیا بکەنەوە وقەراری بۆ دەربکرێت. عەتریس بە بەردەوامی شکایەتی ئەوەی دەکرد کە پارێزەرەکەی قسە ناکات و داوای گۆڕانی پارێزەرەکەی دەکرد. بنەماڵەکەی پارێزەرێکی دیکەیان بۆ گرت. ئەم پارێزەرە، کە هەڵبژێرراو بوو، لە دادگادا ئامادە بوو و لە داواکارییەکدا ڕایگەیاند بەمەرجێك کاری پارێزەریی عەتریس دەگرێتە ئەستۆ، کە فایلەکەی لەهی ئەوانی تر جیا بکرێتەوە. دادگا داواکارییەکەی دایە دواوە و ئەویش خۆی کێشایە دواوە، لەئەنجامدا پارێزەرەکانی پێشوو تا کۆتایی دادگا درێژەیان بە کاری خۆیان دا. عەتریس جیا لە گاڵتە و گەپ کردن لەگەڵ ئەمین و عەیاد و جیا لەو مستەی کە جارێك لە دەم و چاوی ئەمینی دا، جاروبارەش شکاتی لە دۆخی خۆی و درێژەکێشانی دادگا دەکرد. لەم ماوەیەدا تەنیا پارێزەرەکانی بوون کە چەند جار داوای ئازادییان بۆ کرد بەڵام دادگا دژایەتی مەسەلەکەی کرد. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە عەتریس لە زیندان بوو، چەند کەس لە خزم و خوێشانی لەناو بینەرانی دادگا ئامادە بوون و کەم تا زۆر هیچ دانیشتنێکی دادگا نەبوو یەك لەوانی تێدا نەبێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە مانگی ئۆگوستی ١٩٩٥ دا دادئەستێن رایگەیاند کە لەبەر ئەوەی عەتریس و عەیاد نزیکەی سێ ساڵ لە زیندانی کاتیدا ماونەتەوە و تەنانەت ئەگەر تاوانەکەیان لەسەر ساغ بێتەوە دیسان ناکرێ لەوە زیاتر لە زیندانی کاتیدا بمێننەوە، کەوابوو دەبێ ئازاد بکرێن. دادگا لەگەڵ داواکاریی دادئەستێنیدا رەزامەندی نیشان دا و عەیاد و عەتریس لە زیندانی کاتی ئازاد کران، بەڵام پاسپۆرتەکانیان لای دادگا مایەوە و دەبوایە هەموو هەفتەیەك بچن و خۆیان بە پۆلیس بناسێنن، هەتا کۆتایی کاری دادگاش دەبوایە لە هەموو دانیشتنێکی دادگادا ئامادە بن. چەند مانگێ دواتر، عەتریس بەتاوانی راگواستنی غەیرە یاسایی مادەی بێهۆشکەر سەر لەنوێ گیرایەوە لە زیندان توند کرایەوە.

هەتا کاتی خوێندنەوەی دوایین داکۆکی، ئیتر هیچ باسێکی عەتریس لە دادگا نەهاتە گۆڕێ.

پارێزەرەکانی لە دوایین داکۆکیدا تاوانی تەزویر کردنی پاسپۆرتیان گرتە ئەستۆ بەڵام لێیان زیاد کرد و گوتیان ئەم کارەی لەبەر خاتری برادەرایەتی کردوە و خۆی هیچ لە مەسەلەی تێرۆرەکە نەزانیوە. پارێزەرەکانی داوای ئەوەیان کرد کە تەنیا بۆ کێشەی شکاندنی یاسای پێوەندیدار بە تەزویر حوکم بدرێت. داواکاری گشتی تاوانەکانی دیکەشی هێنایە حیساب و داوای پێنج ساڵ و سێ مانگ زیندانی بۆ کرد.

محەمەد عەتریس لە رۆژی ١٠ ی مانگی ئاوریلی ١٩٩٧ دا، قەراری پێنج ساڵ و سێ مانگ زیندانی بۆ دەرچوو و بەماوەیەکی کورت، بە کەفالەتی بنەماڵەکەی لە زیندان ئازاد کرا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٤. تێرۆریزمی دەوڵەتی

کوشت و بڕی بەئامانج و پلان بۆ دارِژاوی رژێمی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی، بەڵام تا کاتی دادگای میکۆنۆس ئەم کوشتارانە لە هیچ دادگایەك باسیان لێوە نەکرا و لەوپەڕی خۆیدا، ئەم یان ئەوێکیان بە تاوانی کوشتن [ی کەسێکی ناو ئۆپۆزیسیۆن] بردە دادگا بە بێ ئەوەی ئەنگیزە و هۆکاری کوشتنەکە بەباشی روون بکەنەوە یا ئەوانەی وا فەرمانی قەتڵەکەیان داوە بە روونی بناسن و ناویان لێ ببەن.

داواکاری گشتی ئاڵمانیا بریاری روون کردنەوەی هۆکار و ئەنگیزەی کوشتنی چوار کەسەکەی لە رەستورانی میکۆنۆس دا، بەگوێرەی شایەدیدانی دواتری ئەفسەرانی پۆلیسی جینایی لە دادگا، پۆلیس لە هەموو لایەنێکەوە لێکۆڵینەوەی کرد، هەر لە ئیحتیمالی تێکگیرانی ناوخۆیی ئۆپۆزیسیۆنەوە تا پێوەندی کوشتنەکان بەمادەی بێهۆشکەر، لە ئیحتیمالی بەرێوەچوونی کوشتارەکە بە فەرمانی دەوڵەتی ئێران هەتا ئەوەی کە پارتی کرێکارانی [کوردستان] ی تورکیا واتە پ ك ك دەستی لە کێشەکەدا بووبێت.

پۆلیس پێویستی بە تێگەیشتنی تایبەت و بەکارهێنانی شێوزای ئاڵۆز نەبوو بۆ ئەوەی خێرایەك بگاتە دەوری دەوڵەتی ئێران و پێشی گەیشت. بەهۆی ئەو راستیەوە کە دەوڵەتی ئێران وەك فەرماندەی کوشتارەکە ناوی هاتبوە گۆڕێ، بتەوێ و نەتەوێ مەسەلەی "تێرۆریزمی دەوڵەتی" ش دامەزرا. لە تاواننامەی دادئەستێنیدا کە هەشت مانگ دوای تێرۆرەکە رێکخرا و پێشکەش کرا، "تێرۆریزمی دەوڵەتی" و دەوڵەتی ئێران وەك فەرماندەی قەتڵەکان بەروونی ناوی لێ برا. دادگاش پێی لەسەر روونکردنەوەی هۆکاری قەتڵەکان و دۆزینەوەی فەرماندەرەکانی داگرت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕێوەچوونی کاری دادگا، ئەو بەڵگە و دەستاویژانەی وا پێشکەشی کران و هەروەها شایەدییەکان، مەسەلەکەیان بەهێزتر کرد و پشتراستیان کردەوە. لە مانگەکانی کۆتایی دادگادا، تاقە خاڵی جێگەی توێژینەوە، هەڵسەنگاندنی رادە و چۆنیەتی دەست هەبوونی دەوڵەتی ئێران لە تیرۆرەکەدا بوو. بەشی گرنگی ئیدیعانامە و کەم و زۆر هەمو داکۆکییەکانی پارێزەرانی شاکیانی تایبەت [واتە بنەماڵەی قوربانییەکان] سەبارەت بە تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران بوو. لە ئەنجامدا قەراری دادگا رژیمی ئێرانی بە "سیستەمی جینایەتکار" ناوبرد.

لەماوەی لێکۆڵینەوەکانی دادگادا نەك هەر بەشێوەی بەرچاو میکانیزمی بڕیاردان، ئامادە کردن، رێکخستن، بەرنامە دارشتنی کۆتایی، پەسندی دوایی حوکمی قەتڵ و ناردنی کۆدی عەمەلیات، بەڕێوەچوونی تیرۆر و بەرنامەکانی دوای عەمەلیات لە مەسەلەی میکۆنۆسدا روون بوەوە و "پەنجەرەیەکی بەرەو سیستەمی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران کردەوە" (ئیدیعانامە)؛ بەڵکو لەم لێکۆڵینەوانەدا باسی گەلێك تیرۆری دیکەش هاتەگۆڕێ.

بەشێکی زۆر لە چالاکیەکانی دادگا و لێکۆڵینەوەکانی داواکاری گشتی ، کەوتبوە پێناوی هەڵسەنگاندنی ئەم تیرۆرانە و چالاکییە تیرۆریستییەکانی رژیمی ئێران. لەم لێکۆڵینەوانەدا بەراوردی شێوازی بەرێوەچوونی تیرۆری جیاجیا، خەڵکانی بەڕێوەبەری تیرۆرەکە، کۆکردنەوەی زانیاری و هتد... کرا و لە هەموو هەنگاوێکدا بوە هۆی روون بوونەوەی میکانیزمی تیرۆری میکۆنۆس. ئەم لێکۆڵینەوانە و ئەنجامەکانی، دەریان خست کە ئەم تیرۆرانە لە راستیدا ئاڵقەی یەك زنجیرن.

ئەم لێکۆڵینەوانە خۆیان کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی حاشاهەڵنەگرن بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران. هەر لە پێش تیرۆری میکۆنۆسەوە پۆلیسی ئاڵمانیا بەڵگەنامەی وای بەدەستەوە بوو کە نیشانی دەدا دەوڵەتی ئێران لە تیرۆری جیاجیای دەرەوەی وڵاتدا دەستی هەبوە. دوای ئەوەی پۆلیسی ئاڵمانیا لەوە ئاگادار کرایەوە کە یەکێك لە ئەندامانی رێکخراوەی موجاهیدین [ی خەلق] کەوتوونەتە شوێنی و واهەیە تیرۆر بکرێت، خەڵکانی گومانلێکراوی خستە بەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەدێری و دوای ڕووداوەکە و بۆ ڕوون کردنەوەی چۆنیەتی کارەکە، پۆلیسی ئاڵمانیا کەوتە پەیجۆیی و لێکۆڵنەوەی کەیسی هاوچەشن. پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا لە ڕۆژی ١٩٩٢/٧/١٥ واتە زیاد لە دوو مانگ پێش تیرۆرەکانی میکۆنۆس لەسەر ئەساسی ئەو زانیارییانەی بەدەستیەوە بوو، ڕاپۆرتێکی لەسەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران ئامادە کرد. ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی گردوکۆکراو لەم تیرۆرانەی خوارەوە وبۆ بەراورد کران لەگەڵ کێشەی بەر لێکۆڵینەوەی ئێستایان ئامادە کرابوو:[١٧٣]

- تیرۆری [شاپوور] بەختیار و "سروش کەتیبە" لە "نهضت مقاومت ملی"، لەم تیروانینەدا، تیرۆریستەکان توانییان بە یارمەتی "بۆیر ئەحمەدی" ـ کەسێك کە بڕواپێکراوی بەختیار بوو، بچنە ناو ماڵەکەیەوە کە لەژێر چاوەدێری توند و تیژی پۆلیس دابوو.
- تیرۆری [دوکتۆر عبدالرحمن] قاسملو، عەبدوڵا قادری ئازەر، و فازل ڕەسوڵ، تیرۆریستەکان لەژێر ناوی وت و وێژ و بەناوی نوێنەرایەتی کردنی ڕژیمەوە دەستیان بە قاسملوو و ئەوانی تر ڕاگەیشت.
- تیرۆری کازم ڕەجەوی لە شۆڕای نەتەوایەتی بەرگری، مەئموورانی کۆماری ئیسلامی ناسییان و لەرێگەی ماڵەکەیدا تیرۆریان کرد.
- تیرۆری "حسین میرعابدینی" لە ڕێکخراوەی "جەنگاوەرانی ئازاد" ی ئێران، تیرۆریستان لە ئەستەموڵ تیرۆریان کرد، بەخەستی بریندار بوو بەڵام گیانی ڕزگار بوو.
- تیرۆری "محەمەد محەمەدزادەی کەریمی" لە لایەنگرانی حزبی دیموکراتی کوردستان [ی ئێران]، محەمەدزادەیان بە لێدانی سەری، کوشت.

[١٧٣]. زانیاری سەبارەت بە تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران، پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا، ١٩٩٢/٧/١٥. ئەم زانیارییانە تەنیا لە چوارچێوەی کاری بەشی ناونەتەوەیی دائیرەی جینایی ئاڵمانیادایە و زانیاریی ڕێکخراوە زانیارییەکان ناگرێتە بەر.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- تیرۆری سکرتیری دووهەمی "درەفشی ئازادی"،[١٧٤] بەهۆی چەند گولـلەوە کووژرا کە لە پاریس لە مێشکیان دا.
- تیرۆری "عبدالرحمن برومەند" بەڕیوەبەری دەفتەری بەریوەبەرایەتی بزووتنەوەی بەربەرەکانی نەتەوایەتی ئیران، لە پاریس بە چەقۆ کوژرا.

- جگە لەو تیرۆرانەی سەرەوە، بەڵگەنامەی پیوەندیدار بە عەمەلیاتی ئامادەسازی بۆ ئەم تیرۆرانەش کەوتنە بەر لێکۆڵینەوە:
- تیرۆری "ئەمیری قازی". ناوبراو ئەندامی پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان [ی ئیران] و دانیشتووی سوید بوو. بۆمبای دەستییان ناردبوە ماڵیان، هاوسەرەکەی بەستەکەی کردەوە و کوژرا.
- کەوتنە شوێن و چاوەدێری "حەسەنی رەستگار"، ناسراو بە مەلا حەسەن ئەندامی رێبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان [ی ئیران] ، پۆلیسی سوید کێشەی ئامادەکاریی بۆ کوشتنی ئەوی دەرخست.
- شوێن کەوتن و چاودێری کردنی "رەزایی" وتەبێژی رێکخراوەی موجاهیدین لە ئاڵمانیا، دوو ئیرانی لە ماڵی خۆیدا خستبوویانە ژێر چاوەدێری.
- شوێن کەوتن و چاوەدێری "حوسێن زوهەری" ئەندامی رێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەل [ی ئیران]. کەسێك بە ناوی "ئەمین مونتەزیر" خستبوویە ژیر چاوەدێری.
- ئامادەکاری بۆ تیرۆری تاجرێکی خەڵکی عەرەبستانی سعوودی. پۆلیسی سوید لە بەرنامەی دارێژراو بۆ تیرۆرەکەی ئاگادار کرایەوە. [کەسێك بەناوی] "حەسەن پوور" کە مەئمووری شوێن کەوتنی

[١٧٤]. دەقی راپۆرتەکە وەهایە. نیاز 'مەقسوود ئیلاهی' سکرتیری دووهەمی رێکخراوی 'درەفش کاویانی'یە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"ئەمیری قازی" ش بوو هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسی تردا له سوید شار بەدەر کران.[١٧٥]

بەهۆی بوونی بەڵگه له مەڕ زیاتر له ١٢ تێرۆرەوە، پۆلیس دەرەتانێکی باشی بۆ هەڵسەنگاندنی بەراوردکارانەی بەربڵاو هەبوو، کەسەکان، کەرەسەی راگواستن، ئەو تێرۆریستانەی وا پاسپۆرتی ئێرانییان هەبوو، ئەوانە و شوێنی نیشتەجێ بوونی تێرۆریستەکان کەوتنە بەر پشکنین. له رێگەی ئەم راپۆرتەوە دەزانرێت کە تێرۆریستەکان گەلێك لێهاتوون؛ ئەم لێهاتوویيە بەتایبەت له تێرۆری قاسملو و بەختیاردا بەرچاوە و دەردەکەوێت کە تەنیا فێرکردنی سوپایی و ئەزموونی کوشتنیان نەبوە، بەڵکوو کەسەکان زانیاری سیاسی زۆریان لەسەر ئەو لایەنە هەبوە کە ویستوویانە تێرۆری بکەن.

پۆلیس دوای کوشتاری میکۆنۆس دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ. ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە خرایە بەردەستی دادگا و لەوێ جارێکی تر سەربەخۆیانە لێی کۆڵرایەوە. نموونەیەکی زۆری تێرۆر له دەرەوەی وڵات کەوتە بەر باس و لەوانە، پێرستێکی دوور و درێژ له عەمەلیاتی تێرۆریستی حیزبوڵای لوبنان کە راستەوخۆ بە فەرمانی ئێران بەڕێوە برابوون. بەڵام له چوارچێوەی دەسەڵاتی دادگادا نەبوو بە هەموو ئەو تێرۆرانە رابگات و هەر بۆیەش تەنیا ئەو تێرۆرانەی خستە بەر سەرنج کە:

١. رووناك کەرەوەی زەمینە بۆ تێرۆری میکۆنۆس بن؛ و
٢. بتوانن راستەوخۆ لەلایەن دادگاوە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە. زوربەی ئەم تێرۆرانە له ئەورووپا بەڕێوە برابوون.

سەبارەت بەم تێرۆرانە، خەڵکانێکی زۆر کە کەوتبوونە بەر تێرۆر و هەڕەشە، یاخود راستەوخۆ لێی ئاگادار بوون له دادگادا شایەدییان دا.

---

[١٧٥] بڕوانە بەشی کۆتایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەنجی، وەزیری فێرکردن و بارهێنانی سەردەمی شا، کە راستەوخۆ کەوتبوە بەر تیرۆری رژیمی ئێران و فەرمانی قەتڵی خۆی بەشێوەیەك لە شێوەکان کەوتبوە دەست، لەسەر داواکاریی دادئەستێنی، بانگ کرایە دادگا.

ناوبراو لە کاتی شایەدیداندا بەڵگەنامەیەکی خوێندەوە کە پێشتر دابوویە دادئەستێنی. بەڵگەنامەکە، بریتییە لە نامەیەکی دادئەستێنی شۆڕش [ی ئێران] بۆ واواك بەم شێوەیەی خوارەوە:

"... سەبارەت بەو کەسەی وا لەسەرەوە ناوی براوە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامییەوە ... خەریکی کاری دژ بە ئیسلام و هاندان و هەڵخلاندنی ئوممەتی موسوڵمان بۆ دوور کەوتنەوە لە ئایین بوە ... داوای فەتوا لە مەرجەعی پایەبەرز ریبەری کۆماری ئیسلامی کرا، جەنابی پایەبەرزیان لە وەڵامدا فەرموویان ناوبراو "موفسید" ە و خوێنی حەڵاڵە و هەر بۆیەش بەهۆی دوژمنایەتی لەگەڵ خودای عەززە وجەلل و حەزرەتی خاتەمی ئەنبیا (ص) و نوسخەگەلی فەرمان و حوکمی خودایی و رەواجدانی فیتنە و فەساد لە وڵاتی ئیسلامیدا، بۆ پارێزگاری لە ئیسلام و موسوڵمانان، پێویستە رەگ و ریشەی فەساد بەخێرایی دەربهێنرێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی پەند وەرگرتنی خەڵك. بەم هۆیەوە ... پێشینەی ناوبراو ... لە شۆڕای قەزایی عالمترین حاکمانی شەرعدا خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەموان پێکەوە قەتڵی ناوبراویان بە واجب زانی و مەسەلەی پێوست بوونی بەڕێوەبردنی قەرارەکە، لەرێگەی ئایەتوڵا "محەمەد یەزدی" یەوە بە سەرەك کۆمار راگەیانرا... ئەو مەئموورانەی وا لە بەرێوەبردنی ئەم واجبەدا سەرکەوتوو بن و بەگوێرەی حوکمی ئیسلام ئەو موفسیدە قەساس بکەن، جگە لە پاداشی ئەو دنیا، خەلاتێکی ماددی بەرچاویان پێدەدرێت ...."

بەگوێرەی دەقی بەڵگەنامەکە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ هاسانکاریی و هاوکاری لە وڵاتی جێگەی باس و وڵاتانی دراوسێی، و سوپای پاسداران بۆ ناساندنی بەرێوەبەرانی بە ئەزموونی کارەکە، نوسخەی نامەکەیان پێگەیشت. لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆتایی نامەکەشدا پێ لەسەر ئەوە داگیرابوو، کە دوای ئاگاداربوونەوە لە فەرمانەکە، دەبێ هەموو نامە و بەڵگەکان لەناو ببرێن.
گەنجی هەروەها شایەدی هەندێ تیرۆری دیکەی دا کە لێیان ئاگادار بوو، و گوتی لە ساڵی ١٩٨٨ دا لای کەم ١٨ کەس لە خەڵکانی ڕێکخراوەکەی ئیمەیان لە تاران دەستبەسەر کردوە. پاشان کەسێك بەناوی "کەبیری" (لە بەرپرسانی زیندانی "ئێڤین") ڕەزامەندی خۆی دەربڕی کە پارەیەك وەربگرێت و ئازادیان بکات. ئێمە قەبووڵمان کرد لە تورکیا، کە دەرەتانی ئاسایشمان گونجاو بوو، چاومان پێی بکەوێت.
کولونێل عەتائوڵا یای ئەحمەدی لەلایەن ئێمەوە لە مانگی مایسی ١٩٨٩ دا چوو بۆ تورکیا. بۆ مەسەلەی ئاسایش، ئاگاداری پۆلیسی تورکیامان کردوە. مێجەر عەباس قوڵی زادە پارێزگاریی یای ئەحمەدی گرتبوە ئەستۆ. پاش چەند هەفتەیەك هەموو ئەوانەی لە زینداندا بوون جگەلە دوو کەس هەموویان ئازاد کران. کەبیری داوای چاوپێکەوتنی لە "دوبەی" کرد. وەك پێشتر، ئەمجاریش هەر جەختی ئەوەی دەکرد منیش لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە بم.
یای ئەحمەدی بەتەنیا چوو بۆ دوبەی. سەعات ٤ و ٥٠ خولەك گەیشتە دوبەی. سەعات ٥ گەیشتە ئوتێلەکەی. سەعات ٨ ونیو مەئمووری خاوێنکردنەوەی ئۆتێلەکە جەنازەکەی ئەوی دۆزییەوە. کەبیری لەناو ئەو ئێرانیانەدا بوو کە سەعات ١١ ی هەمان ڕۆژ لە دوبەی چوە دەرەوە و بەرەو ئێران ڕۆیشت. مەئمووران [ی پۆلیس] وێنەکەیان بە مێجەر قوڵی زادە نیشان دا و ئەو کەبیری ناسییەوە. دوای گەڕانەوەی کەبیری هەموو ١٦ کەسە ئازادکراوەکان گیرانەوە و هەندێکیان ئیعدام کران. دوو ساڵ دواتر مێجەر قوڵی زادەیان لە تورکیا ڕفاند، ئەشکەنجەیان دا و کوشتیان. ئێستا دوو کەس بەتاوانی ئەم قەتڵە لە تورکیا لە زیندان دان. "سیروس ئیلاهی" ش ساڵێك دوای تیرۆری قوڵی زادە، لە پاریس تیرۆر کرا و پلان داڕێژەرانی ئەو تیرۆرە واتە "مەشهەدی" و "یەزدان ستا" ئێستا لە زیندانی پاریس دان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان نەیاندەویست یای ئەحمەدی بکووژن، بەلکوو دەیانویست من بکووژن بەڵام من نەچووم و ئەو کووژرا. سەبارەت بە "سیروسی ئیلاهی" ش بەهەمان شێوە. [فەرەیدوون] "فەرڕوخزاد" دەیویست من بباتە ئاڵمانیا، منیش ئەودەم لە ڕێکخراوەکەمان وەلامنا و ئیتر ئەوانیش کوشتیان.

سەبارەت بە فەرەیدوون فەرڕوخزاد، گەنجی گوتی من لە فەرڕوخزادم داوا کرد هەفتەی سەعاتێك پرۆگرامی رادیۆییمان لە پاریس بۆ ئامادە بکات، ئەویش قەبوڵی کرد. پاشان ئاگادار بوومەوە کە لەگەڵ "مورتەزا رەحیمی موەحید"، "مورتەزا غولامی"، "فەرید زادە، و "دوکتۆر جەواد قودرەت" و ئەندامانی دیکەی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە شاری بۆن چاوپێکەوتنی هەیە. فەرڕوخزاد لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٣ دا لە دەفتەرەکەی من لە پاریس گوتی داوایان لێکردووم پێیان بڵێم چ کەسانێك لە ڕێکخراوەکەماندا هەن و کێ لە گەنجی نزیکە. من داوام لە فەرڕوخزاد کرد پێوەندەکانی خۆی لەگەڵیاندا بپچڕێنێت، بەڵام ئەو درێژەی بە پێوەندییەکانی دا. بەم هۆیەوە من لە رۆژی ١١ ی فەوریەی ١٩٩٢ دا لە ڕێکخراوەکەمان دەرمکرد و هاوکاریی خۆم لەگەڵیدا وەستاند و داوام لێکرد چیتر نەیەتە پاریس. پاشان ڤیدیۆیەکم لێ بینی کە تێیدا ردێنی هێشتبوەوە و کراوات [بۆین باخ] ی نەبەستبوو و لایەنگریی رژیمی دەکرد. ئەم ڤیدیۆ کاسێتەیان بۆیە ڕێك خستبوو تا دواتر دیعایەی ئەوە بکەن کە ناوبراو لایەنگری رژیم بوە و ناحەزەکانی کوشتوویانە.

"رێیگە[١٧٦]" مەئمووری پۆلیسی جینایی هامبورگ کە بۆ شایەدیدان سەبارەت بە تیرۆری "محەمەدی" پایلۆتی فرۆکەی رەفسەنجانی هاتبوە دادگا، سەبارەت بە فەرڕوخزاد گوتی بنەماڵەی محەمەدی بڕوایان وایە فەروخزاد کە پێوەندێکی نزیکی لەگەڵ برای محەمەدیدا هەبوە، ئەدرەسی نهێنی محەمەدی داوەتە کاربەدەستانی کۆنسولیەتی ئێران لە هامبورگ، فەرڕوخزاد لە لێپرسینەوەکانی ئێمەدا پێی گوتین هات و چۆی کۆنسولیەتی ئێرانی هەیە بەڵام ئەدرەسی محەمەدی نەداوەتە کاربەدەستانی کۆنسولیەت.

---

176 Riege

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێیگە سەبارەت بە تیرۆری "عەلی ئەکبەر موحەمەدی" یش شایەدیی دا. دوای تیرۆری عەلی ئەکبەر موحەمەدی لە هامبورگ، کاری لێکۆڵینەوەکان درایە "دائیرەی پارێزگاریی دەوڵەتی" کە بەرپرسی ڕاگەیشتن بە تاوانە سیاسییەکانە و دوای توێژینەوەکانی ئێمە، دەرکەوت کە محەمەدی لە ڕژیمی پێشوودا پایلۆتی شەریکەیەکی هەوایی بوە کە خاوەنەکەی بنەماڵەی شا بوون و لە ڕژیمی ئێستاشدا پایلۆتی گەورە گەورانی دەوڵەت و گەورە پایلۆتی ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەودەمی پەرلەمان بوە. ناوبراو بە فڕۆکەیەکی جێت هەڵات بۆ عیراق و پاشان لە ئاڵمانیا بە پەنابەر وەرگیرا و لەگەڵ کەس و کاریدا لە هامبورگ دەژیا.

ڕۆژی ١٧ ی ژانویەی ١٩٨٧ دوو کەسی نەناسراو بە ٦ گوللە کوشتیان و هەڵاتن. هەمان ڕۆژ چەکێکی مارکی "لاما" و بێدەنگکەرێك کە هاوچەشنی ئەو چەکە بوون وا لە تیرۆری میکۆنۆسدا کەڵکی لێوەرگیرابوو هەروەها لە ڕۆژی ٢٤ ی ژانویەدا دەمانچەیەکی "براونینگ" چەند شەقامێك خوار شوێنی تیرۆرەکە دۆزرایەوە. لە توێژینەوەکاندا دەرکەوت کە بەو چەکانە تەقە لە محەمەدی کرابوو. مەئمووری پۆلیسی ئاڵمانیا سەبارەت بە دەوری مەقاماتی ئێرانی لە تیرۆرەکەدا گوتی:

"کۆنسولی ئێران لە وت و وێژێکدا کە چەند ڕۆژ دوای تیرۆرەکە لەگەڵم کرد ڕایگەیاند کە محەمەدی بەڵگەنامەی نهێنی لە ئێران بردۆتە دەرەوە و داویەتە عیراق و کەسێکی خەیانەتکارە. ئێمە ئەدرەسی ئەومان هەبوو، بەڵام ئێمە نەمان کوشت".

بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆری "غوڵام کەشاوەرز"، کۆمیساری پۆلیس "هۆرست هۆفمەن[١٧٧]" لە دادگا شایەدی دا و گوتی:

"ئێمە لە ڕێگەی پۆلیسی سویدەوە و لەسەر بنەمای نامەی "شۆڕای پەنابەران و کۆچبەرانی ئێران" ئاگادار کراینەوە کە ئێران دەستی لە تیرۆری غوڵام کەشاوەرزدا هەبوە. دەوڵەتی قوبروس بەگوێرەی یاساکانی ئەو وڵاتە مافی

[177] Horst Hoffmann

ئەوەی نەبوو نیشانەی تاوان و بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە تاوانەکە بنێرێتە دەرەوەی وڵات. هەر بۆیەش من لەگەڵ چەند پسپۆڕدا چووین بۆ قوبروس بۆ ئەوەی بە کێشەکە رابگەین و لێکۆڵینەوەی وردتر بکەین. لەوێ هەموو فایل و کەرەسەی زەبت کراومان خستە بەر توێژینەوە. لێکۆڵینەوەکانمان گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە شێوازی کار و هەروەها چەکی بەکارهێنراوی تێرۆرەکە هاوچەشنی تێرۆری میکۆنۆس بوە. بێدەنگکەرەی هەر سێ تێرۆری کەشاوەرز و محەمەدی و تێرۆری میکۆنۆس هاوچەشن بوون. ئەو بێدەنگکەرانە لە کارخانەیەکی ناودار دروست نەکراون. ئیمتیحان کردنیان دەری خست کە هەر سێکیان لە یەك لولە و لە یەك کارگە دروست کراون و بۆ سوار کردنی بێدەنگکەر هەندێ گۆرانکاریی لە چەکەکەدا دراوە.

راگەیشتن بە تێرۆری [دوکتۆر عبدالرحمن] قاسملو شوێنێکی تایبەتی لە توێژینەوەکانی دادگا بۆ هەڵسەنگاندنی تێرۆریزمی دەوڵەتی هەبوو، لەبەر ئەوەی [دوکتۆر سادق] شەرەفکەندی جێگری قاسملو بوو. تێرۆری "ڤیەن" و دواتر تێرۆری میکۆنۆس، نیشاندەری بەردەام بوونی رژیمی ئیسلامی بوو لە ناو بردن یا بێ کردەوە کردنی حزبەکە. لە ١٩٩٥/٢/٢٣ فرانس ئوستۆڤیچ[١٧٨] یەك لە ئەفسەرانی پۆلیسی جینایی ئوتریش (نەمسا)، لەم بارەیەوە شایەدی دا. ناوبراو لە شایەدییەکانی خۆیدا گوتی پۆلیس لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو بوە و گرفتەکە هی بەشەکانی دیکەی حکوومەتی ئوتریش بوو کە قاتڵەکان ئازاد کران.

دوو جار هەوڵی تێرۆر کرانی [شاپوور] بەختیار درابوو و هەردوکیان لە دادگادا باسیان لێوە کرا. بەشێك لە ئیدیعانامەی داواکاری گشتی و پاشان بەشێك لە قەراری دادگای بکوژانی بەختیاریش لە دادگادا خوێنرایەوە. سەرەڕای ئەوەی کە لە قەراری دادگای پاریس ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتی نەبرابوو، بەڵام سەلماندنی ئەوەی کە هەندێ ناوەندی وەك وەزارەتی پۆست و

---

178 Franz Ostovis

تیلگەراف و هەروەها "فرۆکەوانیی نەتەوایەتی ئێران" دەستیان لە کارەکەدا هەبوە و ناوبردە کردنیان لە قەراری قاتلانی بەختیاردا نیشانی دەدا چۆن دام و دەزگای جیاجیای حکوومەتیی لە ئێران تێکەڵاوی تیرۆرەکە بوون و بەکردەوە بوونە ئۆرگانی بەرێوەبردنی.

سەبارەت بە پلانی تیرۆری "هادی خورسەندی" ، ئەبولقاسمی میسباحی شایەدی دا. ناوبراو لە لێپرسینەوەی رۆژی ٢٥ ی سپتامبری ١٩٩٦ لە بەردەم دادئەستێنی بەرزدا وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە کە ئەگەر دەتوانێت قۆناغەکانی بڕیاردان، پلان دارِشتن، ئامادەکاری و بەرێوەبردنی تیرۆر روون بکاتەوە، گوتی:

"هۆکاری بنیاتنانی واواك بارودۆخێك بوو کە لە ئەنجامی بوونی سێ زنجیرە رێکخراوەی زانیاری هاتبوە گۆڕێ، ئەو سێ زنجیرەیە لەگەڵ یەکتردا هاوکارییان نەبوو. بەردەوام تەنگژە دروست دەبوو. وەك چۆن سەبارەت بە کوشتنی کوڕی خوشکە دوانەکەی شا لە پاریس گوتم و هەروەها ئەو مەسەلەیە لە شوێن کەوتنی بەنی سەدر و رەجەویدا، کە پێنج تیمی سەربەخۆ جیا لە یەکتر کاریان دەکرد و لە پلان دارِشتن و کوشتنی رۆژنامەنووس "خوسرەو هیرەندی"[١٧٩] دا لە مانگی سپتامبری ١٩٨٥ لە لەندەن دوو تیمی جیاجیا کاریان دەکرد، خۆی نیشانی دەدا. سەبارەت بەم کارەی دواییان، بەهۆی چالاکی زانیارییمەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێ واسیتە ئاگادار بووم، بەڵام سەبارەت بە یەکەمیان [تیرۆری خوشکەزای شا]، فایلەکەم خوێندۆتەوە" .

ئەبولقاسم میسباحی لە رۆژی ٢٧ ی هەمان مانگ [سپتامبری ١٩٩٦] و لە درێژەی لێپرسینەوەکاندا، سەبارەت بە روون کردنەوە لەمەڕ دەرچوونی فەرمانی قەتڵی میکۆنۆس لەلایەن رێبەر [ی کۆماری ئیسلامی] یەوە گوتی:

---

١٧٩. میسباحی لە لێپرسینەوەکاندا لە بەرانبەر دادئەستێنیی، چەند جار باسی خوسرەو هیرەندی کرد، پاشان لە ماوەی هەر ئەم لێپرسینەوەیەدا گوتی لە هەموو قسەکانمدا نیازم لە هیرەندی، هەمان هادی خورسەندی بووە. ناوبراو لە دادگاشدا ئەم خاڵەی پشتڕاست کردەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"هەر چۆنێك بێت، من خۆم لە کەیسێکی دیکەدا فەرمانی قەتڵی ئەوتۆم بەئیمزای خومەینی چاوپێکەوتوە، گەرچی من فەرماندەی تیم [ی تێرۆر] نەبووم. ئەویش کەیسی خوسرەو هیرەندی بوو لە لەندەن.

ئەودەم، :محەمەد مووسەوی زادە" یاریدەرەی "رەی شەهری" وەزیری ئەو کاتەی "واواك" بوو، بە نوسخەیەك لە فەرمانی کوشتنەکەوە هاتە "دوسیلدۆرف". لەوێ بە ئامادەبوونی ناوبراو چاوم کەوت بە فەرماندەی بەرپرسی تێرۆر و یاریدەرەکەی. لەبەر ئەوەی هەر دوکیان عەرەب بوون و فارسییان نەدەزانی، بە فەرەنسەیی قسەیان دەکرد و منیش لە وت و وێژیان لەگەڵ مووسەوی زادە، وەرگێڕیان بووم و فەرمانی قەتڵەکەم بۆ تەرجەمە کردن. ئێمە بە زمانی فەرەنسی قسەمان دەکرد، کە من تێیدا تەواو شارەزام.

مووسەوی زادە لە قسەکانیدا گوتی فەرمانی قەتڵ پێویستە بەرێوە بچێت و هەر چەشنە درەنگ خستنێکی گوناهە. من لە ئامادەکارییەکانی دواتریشدا بەشداریم هەبوو. لە ئوتریش (نەمسا)، پارە و هەروەها وێنەی قوربانییەکەم دایە تیم، کە باڵوێزخانەی ئێران لە شاری ویەن ناردبووی. من هاوکاریی ئەوەشم کرد کە فەرمانی بەڕێوەبردنی تێرۆر [واتە کۆدی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتەکە] لە تاران وەربگرم و بیدەمە تیمەکە، ئەویش بەو شێوەیەی کە بەهۆی زمانەوە، لە سەر داخوازیی فەرماندەی تیمەکە، وشە بە وشە بە تارانم راگەیاند کە "ئێمە دەمانەوێ سبەینێ جەژنەکە بەڕێوە بەرین." هەر خۆیشم وەڵامم لە مووسەوی زادە وەرگرت و دامە تیمەکە: "جەژن بگرن، هیوادارم خۆشتان بێت".

لە شەوی بەڕێوەبردنی قەتڵەکە، بەشێوەی نەناسراو تەلەفۆنم بۆ پۆلیسی بریتانیا کرد و بەم شێوەیە کاری تێرۆرم پێراگەیاندن:

"سبەینێ سەعات ٦ ی بەیانی دوو عەرەبی قەڵەو، یەکیان زۆر قەڵەو، بە پێیان بەو شەقامەدا تێپەڕ دەبن کە ماڵی هیرەندی لێیە (ئادرەسەکەم پێدان). ئەوانە دەیانەوێت دەوروبەری سەعات ٨ هیرەندی بکووژن".

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتی تێرۆر بۆ سەعات ٨ دانرابوو لەبەر ئەوەی هیرەندی بە دایم لە دەور و بەری ئەو سەعاتە لە ماڵ دەردەچوو. لەو عەمەلیاتەدا، ژنێکیش بەشداریی دەکرد.

پۆلیس بەهۆی چاوەدێرییەوە لە سەعات ٦ دا تێگەیشت کە زانیارییەکان راستن، پاشان تێرۆریستەکانیان لە سەعات ٨ دا گرت و چەکەکانیشیان دۆزییەوە. سەرجەم حەوت کەس گیران، پێنج کەسیان راستەوخۆ لە پێوەندی عەمەلیاتەکەدا بوون و لە دوانەکەی تریش یەکیان ئەو ژنە بوو کە گوتم. مانگێك دواتر چاوم بە بەرپرسی تیمەکە کەوت کە ئازاد کرابوو و لە سوید بوو. لە چاوپێکەوتنەکەدا پێی گوتم کە مەسەلەکە لەلایەن ئێرانییەکانەوە درکێنراوە و ئاشکرا بوە".

فەرماندەی عەمەلیات و یاریدەرەکەی، هەر دوکیان عەرەبی فەرەنسی بوون. یەکیان خەڵکی جەزائیر بوو و ناوی "گواسمی"، ئەویتریان خەڵکی مەراکیش بوو و من ناویم لەبیر نەماوە".

کۆی هەموو ئەو لێپرسینەوانە درایە دادگا و میسباحی لە دانیشتنی ئاشکرا و نهێنی دادگادا شایەدیی لەسەر دان و راستیەکەی پەسند کردن. دوای ئەوەی [حکومەتی] ئێران فایلێکی لەسەر میسباحی نارده دادگا، میسباحی لە لێپرسینەوەی دووباره و شایەدیدانی دووبارەی لە دادگادا، کە زیاتر مەسەلەی شوێنی ژیان و هاتوچۆی ئەو لە ئەوروپای دەگرتەوە، دوای ئاماژە کردن بە سەفەری ئوتریشی خۆی لە ساڵی ١٩٨٤ دا گوتی:

"ئەو دەمە، کە نازانم کەی بوو، ماوەی دوو مانگ لە ویەن مامەوە. لەوێ لەگەڵ دیپلۆماتێکی ئێران بەناوی "شەمخانی" دەژیام. ناوبراو دواتر پێی گوتم کە پۆلیسی ئوتریش ویستوویەتی لەماوەی مانەوەم لە ئوتریش بە تۆمەتی تێرۆری پلان دارڕژاو دژ بە "هادی خورسەندی" بمگرێت... لە سەردەمی کێشەی خورسەندیدا من پاسپۆرتی سەوز [دیپلۆماتیك] م هەبوو".

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای شایەدیدانی میسباحی، داواکاری گشتی پرسیاری لە ڕێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمانیا کرد ئایا بەڵگەیەکیان بەدەستەوەیە ڕاست یا هەڵەبوونی قسەکانی میسباحی بسەلمێنێت و بتوانن بیدەنە دادگا؟

ڕێکخراوەی BND ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوەی دایە دادگا:

ڕاپۆرتی ئیداری BND بۆ دادئەستێنی ئاڵمانیا، ٢٩ ی ژانویەی ١٩٩٧ سەبارەت بە شاهید "میسباحی"

١. "ڕێکخراوەیەکی زانیاریی دۆستمان لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٤ دا ئاگاداری کردینەوە کە "م" لە پێوەندی داخرانی ناوەندی کولتووریی ئێران لە پاریس، لە فەرەنسا دەرکراوە.
٢. هەمان ڕێکخراوەی زانیاریی دۆستمان لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤ دا پێی ڕاگەیاندین کە "م" لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٨٤ دا دەبوایە عەمەلیاتی تیرۆریستی دژ بە ئەندامێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە لەندەن ڕێك بخستایە. ناوبراو کەڵکی لە پاسپۆرتێکی پۆششی ڕێکخراوەی زانیاریی ئێران وەرگرتوە و لە چەند وڵاتی ئەورووپادا ماوەتەوە. ژمارەی پاسپۆرتەکەی ٠١٦٣٧١٧ بوە.

ئیمزا"

ڕێکخراوەی BfV یش ئەم ڕاپۆرتەی دایە دادگا. ڕاپۆرتەکە هەندێ زانیاریی لەسەر میسباحی تێدایە لەو کاتەی کە پێوەندی بە کێشەی هادی خورسەندییەوە هەبوو، واتە ساڵی ١٩٨٤:

"ڕاپۆرتی ئیداری سەبارەت بە چالاکییەکانی شاهید ئەبولقاسم میسباحی:

I. لە چوارچێوەی شوێن کەوتن و موراقەبەی خەڵکانی گومانلێکراو بە کاری تیرۆریستی لەلایەن BfV یەوە لە ساڵی ١٩٨٤ دا، ئەم بابەتانە روون بوونەوە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١. رۆژی ١٩ ی ژانویەی ١٩٨٤، دوای نیوەڕۆ، میسباحی (م) له بەرانبەر ئیستگەی ریگا ئاسنی ناوەندی شاری بۆن، چاوی به هاوولاتی جەزائیری "یەحیا گواسمی" و "ئەمسانوعیای" کەوت. روون کردنەوە: گك. له ئامادەکاری بۆ تیرۆری هیرەندی ـ ئیرانییەکی دژکار [ی حکومەتی ئیران] له هاوینی ساڵی ١٩٨٤ له لەندەن بەشداریی کردوە. کاتی شەو "م" بەریگەی فرانکفۆرتدا، له بۆنەوە به قیتار چوو بۆ کاسل.

رۆژی ٢٠ ی ژانویە، ماوەیەك دوای نیوەشەو، "م" گەیشته کاسل، سواری ترومبیلێکی "ئۆپیل" ی کادت بوو، که ژمارەی ترومبیلەکە HH-ME-1344 بوو. ئەوانەی له ترومبیلەکەدا بوون، حەمید فەرهادنیا سەرکۆنسولی ئیران له هامبورگ (لێخوڕ) و هاوسەر و منداڵەکانی بوون. دەوروبەری سەعات ٨ و نیو سنووری ئوتریش (نەمسا) یان لەلای سالزبورگ تێپەڕ کرد.

٢. سەعات ١٧:٤٥ ی رۆژی ١٥ ی فیبریوەری، "گواسمی" ناوبراو لەگەڵ کەسێکی نەناسراودا (MX١) له ئیستگەی ریگا ئاسنی ناوەندیی شاری کۆڵن ئامادە بوون. حەمید فەرهادنیا (ف.) دەوروبەری سەعات ١٧:٢٨ به ترومبیلی ناوبراو گەیشته ئیستگه و رووبەڕووی ئەوان بوەوە. چەند جارێك بەلای ١MX دا تێپەڕ بوو، به بێ ئەوەی هیچکامیان کاردانەوەیەکیان هەبێت.

ماوەیەك دواتر "گك." سڵاوی له "ف." کرد، پاشان ١MX چوو بۆ لایان. پاشان لێك جیابوونەوە و چەند جارێك له ئیستگه چوونه سەر و هاتنه خوار. سەعات ١٧:٣٥ میسباحی گەیشته ئیستگەی ریگائاسن و چوو بۆ لای گك.، چاك و خۆشی لەگەڵ کرد، ماوەیەك دواتر ١MX یش لەگەڵیان کەوت.

له ئیستگه چوونه دەرەوە و به ترومبیلێکی کرێ بەرەو دوسیلدۆرف رۆیشتن. لەوێ له دەوروبەری سەعات ١٩:٥٥ به چەند شەقامی فەرعی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوروبەری شەقامی گرس هایمردا گەڕان و هاتوچۆیان کرد. چەند جارێك گەڕانەوە دواوە و چەند جار بە یەك شوێندا رۆیشتن. ئەوانەی ناو ترومبیلەکەش چەند جار ئاوڕیان دایەوە و سەیری پشتەی سەری خۆیان کرد. سەعات ٢٠:٣٥ هەر چوار کەسەکە دابەزین و چوونە ناو ماڵی ژمارە ٢٨ ی شەقامی گرس هایمر.

روونکردنەوە:

هیچ زانیارییەك لەسەر ئەو ماڵە بەدەستەوە نییە، لە ساڵی ١٩٨٤ دا ناوی هیچ هاوڵاتیەکی ئێرانی لەو ماڵە تۆمار نەکراوە.

رۆژی ١٦ ی فوریەی ١٩٨٤، سەعات ١:٥٧ ی نیوەشەو، ترومبیلە کرێیەکە لە بەرانبەر ئیستگەی رێگائاسنی کۆلن بینرا. ترومبیلەکە جگە لەو چوار کەسە، نەناسراوێکیشی ٢MXی تێدا بوو. ئەو کەسە نەناسراوە لەگەڵ "م" و "ف" هاتنە خوارەوە و چوونە ناو ئیستگەی قیتار، ئەوانی تر بە ترومبیل رۆیشتن. "م" لە سەعات ١:٤٠ لەگەڵ ٢MX خواحافیزیی کرد و ئینجا دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ "ف". وا دەردەکەوت کە هەندێ فەرمان بە "ف" راگەیێنرا. پاشان لێك جیابوونەوە.

رۆژی ٢٢ی مارسی ١٩٨٤، "م" لە دەرگای چوونە ژوورەوەی ئیستگەی رێگائاسنی کۆڵن هاتە ژوورەوە، لەوێ پارەی [لە سەرافی] گۆڕییەوە، پاشان ئەو بلیتەی وا بۆچوونی جنێڤا کڕابوو بەتاڵی کردەوە.

پاشان بە تاکسی بەرەو "ماڵی ئێران" لە شەقامی پارك، ژمارە ٥ رۆیشت.

روونکردنەوە:

"ماڵی ئێران" باڵوێزخانەی پێشووی شاهەنشاهیی ئێرانە کە دوای شۆڕش [ی ساڵی ١٩٨٠] بۆ ماوەی چەند ساڵ بووبوە شوێنی عیلاج و ساغکردنەوەی سەربازە برینداربوەکانی ئێران لە شەڕ [ی ئێران و عیراق] دا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

II. ڕێکخراوەیەکی زانیاریی دۆستمان لە وەڵامی داواکاریی ئێمەدا ئەم زانیارییە نوێیانەی پێداوین:

"میسباحی لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٣دا لە باڵوێزخانەی ئێران لە پاریس کاری دەکرد و لەم دەورەیەدا بەرپرسی بەشی زانیاریی ئێران لە فرەنسا بوە و بە "فەرهاد" ناسراوە.

چالاکی زانیاریی ناوبراو لەو سەردەمەدا بەتایبەت سەبارەت بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە بوە. لە ساڵی ١٩٨٣ بەشێوەی رەسمی وەك کاردار [شارژ دۆفیر] ی ئابووری باڵوێزخانەی ئێران لە فرەنسا ناسێنرا. ناوبراو بەهۆی چالاکییە زانیارییەکانیەوە لە رۆژی ٢٤ ی دیسامبری ١٩٨٣ دا لە فرەنسا دەرکراوە. ناوبراو تا ساڵی ١٩٨٤ لە ژێر ناوی شاراوەی بازرگانیدا لە شاری ڤیەن دەژیا و لە ئوتریش [نەمسا] وە عەمەلیاتی تیرۆریستی دژ بە ئۆپۆزیسیۆن لە فرەنسای ڕێك دەخست. لە ساڵی ١٩٨٤ تا ١٩٨٦ شەریکەیەکی بازرگانی بە دەسمایەی ئێرانیەوە دامەزراند کە ئامانجی پێکهاتنی بریتی بوو لە بەهێز کردنی پێوەندە بازرگانییەکانی ئێران و ئەورووپا. نیاز شەریکەی "میسباح" ە کە دەفتەری ناوەندیی لە تارانە. لە ساڵی ١٩٨٨ دا پێوەندی بە "بەنی سەدر" ەوە کرد بۆ ئەوەی هانی بدات بگەڕێتەوە بۆ ئێران.

ئیمزا

تیرۆری کازم رەجەوی بەشێوەی راستەوخۆ نەکەوتە بەر لێکۆڵینەوەی دادگا و کەس راستەوخۆ شایەدی لەسەر تیرۆری ئەو نەدا. بەڵام هەر کاتێ نموونەی تیرۆر لە ئێران دەهاتە بەرباس، ناوی ئەویش دەبرا. پارێزەرەکان بە بەردەوامی ناوی ئەویان دەبرد. ناوی ئەو لە راپۆرتی رۆژی ١٩٩٢/٧/١٥ ی پۆلیسی جینایی ئاڵماندا هاتبوو.

ئێریگک [ی پارێزەر] لە رۆژی ١٥ ی ئووتی ١٩٩٦ دا داواکارییەکی پێشکەش بە دادگا کرد و داخوازی ئەوەی کرد کە "ئەبولحەسەن بەنی سەدر" [سەرەك

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆماری پێشووی ئێران و دانیشتووی فرەنسا] وەك شاهید بانگ بکرێتە دادگا تا سەبارەت بە هەواڵێك شایەدی بدات کە لە رۆژنامەی "انقلاب اسلامی در هجرت" [چاپی فرەنسا] دا بڵاو کرابوەوە.

بەنی سەدر لە رۆژانی ٢٢ و ٢٣ ی ئووتدا لە دادگا شایەدی دا و گوتی بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی وا هەیەتی، تێرۆری میکۆنۆس لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە رێکخراوە و بەرزترین پلەکانی دەوڵەتی ئێران بڕیاری تێرۆرەکەیان داوە. بەنی سەدر گوتی بەشێك لەو زانیارییانەی لە دوو سەرچاوە دەست کەوتوە کە هەر دوکیان ئامادەن بەمەرجێك کە نەناسرێنەوە، زانیارییەکانیان بدەنە داواکاری گشتی. ئەو دوو شایەدە لە ئەنجامدا هاتنە دادگا. بەڵام بەنی سەدر لە درێژەی شایەدیدانەکەی خۆیدا لە رۆژی ٩٦/٨/٢٣ گوتی:

> "من پێرستی ١٣ ناوم پێیە کە لە تێرۆری گرنگ و ناوداری جیهاندا بەشدارییان کردوە، هەندێکیان مەحکووم بوون و هەندێکی تریان راونراون، هەموو ئەو کەسانە پلەیان لە رژیم [ی ئێراندا] بەرزە.
>
> بۆ نموونە، کوروش فولادی کە لە بریتانیا ١٢ ساڵ زیندانی پێدرا، ئێستا بۆتە نوێنەری پەرلەمان [ئێران]؛ میهرداد کەوکەبی کە لە بریتانیا بۆ ئاگرتێبەردانی کتێبفرۆشییەك مەحکووم کرا، ئێستا راوێژکاری وەزیری فێرکردنی بەرزە [لە ئێران]"[١٨٠]

---

[١٨٠]. وەزیری فەرهەنگ و فێرکردنی بەرز، میهرداد کەوکەبی وەك ڕاوێژکاری کاروباری خوێندکارانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات دەست نیشان کرد کە ئەودەم لە زیندانەکانی بریتانیادا بوو. لە فەرمانی وەزیری فەرهەنگ و فێرکردنی بەرز بۆ کەوکەبیدا هاتووە: "بەهۆی بەرپرسیایەتی، تەقوا، فیداکاری و ڕابردووی گەشەدارتان و ئەو ئەزموونەبەنرخەی وا لە ڕێگەی ئامادەبوونی چالاکانەتان لە گۆرەپانی جیاجیای باوەڕ، سیاسەت، و زانستیی شۆڕشی مەزنی ئیسلامییەوە دەستتان کەوتووە، بە پێی ئەم فەرمانە وەك ڕاوێژکاری کاروباری خوێندکارانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات دەست نیشان دەکرێیت..."

ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ژمارە ١٩٣٠٣، ٢٥ی فەروەردینی ١٣٧٠- ١٤ ی ئاوریلی ١٩٩١

"مانگرتنی بنەماڵەی میهرداد کەوکەبی... پاش نیوەڕۆی دوێنێ لە سەر داواکاریی بەڕێز کەڕرووبی سەرۆکی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی کۆتایی پێهات... سەرۆکی مەجلیسی شۆڕا لە پەیامێکدا بۆ مانگرتووان... بەڕێز کەڕرووبی وەك یەکێك لە ڕۆڵە بەغیرەتەکانی میللەتی موسوڵمانی ئێران ناوی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەماوەی شایەدیدانی نائاشکرای ئەبولقاسم میسباحی لە دادگا، پارێزەرانی دارابی لە سەرۆکی دادگایان داوا کرد وێنەیەك نیشانی میسباحی بدات. وێنەکە بریتی بوو لە رەسمی کەسێك کە شەوێك پێش تێرۆر لە نزیك کۆنسولیەتی ئێران لە بەشی رۆژهەلاتی بەرلینەوە هاتبوە نزیك رەستوران [ی میکۆنۆس]. پۆلیس ئەو وێنەیەی لەسەر ئەساسی قسەی لێخورێکی تاکسی پێکهێنابوو و دابوویە چاپەمەنییەکان. سەرۆکی دادگا وێنەکەی لە فایل هێنایەدەر و نیشانی میسباحی دا. میسباحی سەیری وێنەکەی کرد و گوتی من ئەو کەسە بەباشی دەناسم، ئەوە وێنەی عیرفانیانە. کۆت و شەلْوار [قات] ی شیك بەلام بە

---

کەوکەبی هێنا و گوتی ناوبراو بۆ پارێزگاری لە بایەخە ئیسلامییەکان گوێی نەداوەتە ژیانی خۆی. سەرۆکی مەجلیس سەرسووڕمانی خۆی لەوە دەربڕی کە بۆچی دەوڵەتی ئینگلیس هێشتا تەمێ نەبووە و سەرەڕای تووڕەیی یەك میلیارد موسوڵمان سەبارەت بە سەلمان ڕوشدیی مورتەد و بەکرێگیراو، هەر داکۆکی لێ دەکات..."

ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ژمارە ١٩٢٣٣، ١٧ ی دەی ١٣٦٩- ژانویەی ١٩٩١

"... سەبارەت بە ئوروپا ئەو خاڵەتان عەرز بکەم کە ولاتانی ئوروپا لەیەکتر جیاوازن. وەك ولاتانی فەڕەنسا، بریتانیا. ئێمە ئێستا لەگەڵ بریتانیا پەیوەندیمان هەیە. من خۆم لایەنگری بوونی پەیوەندی لەگەڵ بریتانیام ...بەلام دیسان جیاوازی هەیە لەبەر ئەوەی گەلی ئێمە بە نیسبەت بریتانیاوە بیرەوەریی بنەڕەتی و تاڵیان هەیە." وتووێژی کەڕرووبی لەگەڵ هەواڵنێری [ڕۆژنامەی] فیگارۆ.

ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ژمارە ١٩٣٣٤، ٢ی خوردادی ١٣٧٠- ٢٣ ی مایسی ١٩٩٢.

ئایەتوڵلا یەزدی سەرۆکی هێزی قەزایی لە وەلامی پرسیاری هەواڵنێری سیمای کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە چۆنیەتی ئازادبوونی ڕۆجر کووپر جاسووسی ئینگلیس گوتی: ڕۆجر کوپر دوای پێڕاگەیشتنی فایلەکەی لە دادگای جیاجیادا و کۆتایی هاتنی ماوەی مەحکووم بوونەکەی، لە زیندان ئازاد کراوە و دەست بەجێ لە وولات خراوەتە دەرەوە. ناوبراو هەرچەشنە سات و سەودایەکی سیاسیی بۆ ئازادیی کوپەر و پەیوەند بوونی کارەکەی بە ئازادیی میهرداد کەوکەبییەوە دایە دواوە...."

ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ژمارە ١٩٣٠٦، ١ ی ئوردیبیهێشتی ١٣٧٠- ٢١ ی ئاوریلی ١٩٩١

"لەم کاتەدا ناوبراو [میهرداد کەوکەبی] ئەندامی هەیئەتی عیلمی زانکۆی تەربیەتی مامۆستایانە."

ئیتلاعات، ژمارە ١٩٢٨٧، ٢٧ ی ئیسفەندی ٦٩- ١٨ ی مارسی ١٩٩٢.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مۆدەی کۆن لەبەر دەکات، لە کەسانی ناسراوی واواکە و پێوەندی بە عەمەلیاتی تیرۆرەوە هەیە. هەر لە سەرەتای دامەزرانی واواکەوە هاوکاریی کردوون. سەرەتا جێگری دارایی وەزیری واواك بوو، ئێستا لە دەفتەری ڕێبەر [خامنەیی] کار دەکات و جێگەی بڕوای ئەوە. دراوێکی گەلێك زۆری لەبەر دەستدایە کە پێویست ناکات حیسابی دراوەکان بەکەس بداتەوە. لە ساڵی ١٩٩٢شدا لە دەفتەری ڕێبەر ئیشی دەکرد.

لە میسباحییان پرسی ئایا ئەو کەسە دەتوانێ سەبارەت بە مەسرەفی تارادەی سەد هەزاد مارك بڕیار بدات؟ لە وەڵامدا گوتی عیرفانیان لە بارودۆخێکدایە کە بتوانێ لەسەر مەبلەغی زیاد لە دە بەرانبەری ئەوەش بڕیار بدات. دادگا سەرنجی نەدایە ئەو زانیارییە، گەرچی ئامادەبوونی عیرفانیان دەری خست کە ڕێبەر و دەفتەری ئەو بە شێوەی ڕاستەوخۆ عەمەلیاتی میکۆنۆسیان لەژێر چاوەدێریدا بوە.

کوشتن و لەناوبردنی پلان داڕێژراوی نەیاران بەیارمەتی هەموو دەرەتانێکی حکوومی، بەشێکی جیانەکراوە لە ڕژیمی حاکمی ئێرانە. گەرچی بەگوێرەی ئاکام وەرگرتنی بێ هەڵەی پسپۆڕانی پۆلیسی وڵاتانی ئەورووپی، مەقاماتی ڕژیم دەڵێن ئەو جینایەتە تیرۆری نەیاران نین بەڵکو بەڕێوەبردنی ئەمری خوا و عەداڵەتە و کۆماری ئیسلامی دژ بە تیرۆریزمە[١٨١] .

مەقاماتی ئێران قسەی خۆیان بە ئیسلام پشت ئەستوور دەکەن و شەرعیەتی پێدەبەخشن. ئەو ئیسلامە، سنووری سیاسی ناناسێ و کوشتنی موفسیدان لە "دارالایمان" چەندە پێویست بێت لە "دارالکفر" (دارالحرب) یش بە هەمان

[١٨١]. یەك لەوانە:

"ئەم هەڵس وکەوتە بێ تەفاوەتە لە بەرانبەر حەسساسییەتەکانی جیهانی ئەمڕۆ دەکرێ بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە کە ئێران بەربەرەکانی کردنی ناحەزانی خۆی بە کێشەیەکی ناوخۆیی دەزانێت کە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ مەسەلە جێگەی سەرنجەکانی ئەو وڵاتانەدا نییە وا تیرۆرەکان لەوێدا بەڕێوە دەبرێن، بەو هۆیەوە، ئێران هەرچەشنە دەست تێوەردانێکی بێگانەکان لەو کێشانە دەداتە دواوە."

هەندێك زانیاری سەبارەت بە تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران، پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا، ١٩٩٢/٧/١٥.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رادە واجبە. رژیم لەو ئایینە، کە هەموو سنوورێکی مرۆڤایەتی بەزاندوە، وەك کەسەرەیەکی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی کەڵك وەردەگرێت. وەك چۆن رژیم ئەوە بە مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆی دەزانێت کە هەموو نەیارێکی خۆی هەڵاوەسێت یا گولـلەبارانی بکات، راونان و کوشتنی دژکارانی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیشی بە مافێکی سروشتی خۆی دەزانێت. تێرۆر کەرەسەیەك نییە کە تەنیا لەکاتی قەیران یاخود وەك دوایین رێگەچارە و تاقەرێگەی رزگار بوون لە تەنگژەیەکی سیاسی کەڵکی لێوەربگیرێت.

بەواتایەکی تر، لەبەر ئەوەی رژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام رووبەرووی تەنگ و چەڵەمەیە و لەگەڵ قەیراندا مارەی بڕاوە، تێرۆریش بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتەکەیەتی. ئەم میکانیزمە، قوربانییەکانی خۆی تەنیا لەناو نەیارانی رژیمدا نابینێت بەڵکو هەر کەس کە لەبەر چاوی مەقاماتی پایەبەرزی رژیم وەك کەسێکی مەترسیدار بناسرێت دەکەوێتە بەر تیغی تێرۆر.

میسباحی کە خزمەتەکانی خۆی بە کۆماری ئیسلامی و رێکخراوە زانیارییەکان بە دوور و درێژی بۆ دادگا گێڕایەوە، لە ئەنجامدا بوە قوربانی هەمان سیستم و کومیتەی کاروباری تایبەت، بە ئەندامەتی رێبەر و سەرەك کۆمار، بڕیاری دا کە "بدرێتە بەر لۆری". هەواڵی ئەو بڕیارە، "سەعید ئیمامی" ناسراو بە سەعید ئیسلامی ـ جێگری فەلاحیان [وەزیری ئیتیلاعات] پێی راگەیاند. ئیمامی دۆستی گیانی گیانی میسباحی بوو و لە وتووێژەکانی سەبارەت بە ئازاد کردنی "کردس" ـ بارمتەی ئاڵمانی لە لوبنان، یەکێك بوو لە دوو مەقامی ئێرانی وتووێژکەر.

تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران لە دەرەوەی سنوورە جوغرافییەکانی وڵات لەگەڵ ئامانجەکەیدا یەك دەگرێتەوە و خەسلەتێکی دوولایەنەی هەیە: لەلایەکەوە نابێ جێ پێی روون و ئەوتۆ لەخۆ بەجێ بهێڵێت کە بکرێ بدرێتە دادگا و داواکاری گشتی وڵاتانی دەرەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی نەیاران دەرس و پەندی لێوەبگرن، دەوری کۆماری ئیسلامیش نابێ بەیەکجاری بشاردرێتەوە. هەر بۆیەش بوو کە داواکاری گشتی [ئاڵمانیا] لە دەسپێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ تێرۆری میکۆنۆس، تا رادەیەکی بەرچاو بەڵگەنامەی بێگومانی بەدەستەوە بوو کە بەتەواوەتی لە کۆماری ئیسلامی بەگومان بێت.
خومەینی هەتا کاتی مردنی، بەهۆی ئەو شوێنە تایبەتەی کە هەیبوو، تاقەسواری ئەسپی ئیسلام لە رژیمی ئێراندا بوو و هەر بەهۆی ئەو شوێنە تایبەتەشەوە تاکە مەرجەع بوو کە فەرمانی کوشتنی نەیارانی دەردەکرد. دوای خومەینی، زۆر کەس بۆ دەرکردنی فەرمانی کوشتن، خۆیان کردە مەرجەع و بوونە هۆی تەنگ و چەڵمەی زۆر لە بەڕێوەبردنی ئەم کارە گرنگەی رژیم. "کومیتەی کاروباری تایبەت" رێگە چارە و ئەنجامی ئەو تەنگ و چەڵمانە بوو.
رژیمی ئیسلامی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە بەشێوەیەك کە کەمترین پێکدادانانی لەگەڵ حکوومەتەکانی رۆژئاوا هەبێت، گەلێك هەنگاوی هەڵێنایەوە و دوابەدوای هەموو تێرۆرێك شێوازی بەڕێوەبردنی تێرۆر و هەوڵدان بۆ شاردنەوەی و خاوێن نیشاندانی دەستی خۆی بە دنیا و هەروەها شێوازی دەرخستنی کارەکەی لەلای نەیارانی خۆی باشتر کرد. یەکەی جیاجیا بۆ بەڕێوەبردنی تێرۆر پێك هات، نەك هەر واواك بەڵکوو هەندێ بەشی هەموو وەزارەتخانە و دائیرە و دامەزراوێك و بەشێك لە هەموو ئەو شەریکاتەی وا سات و سەودا لەگەڵ دەرەوەی وڵات دەکەن، کەوتنە خزمەت سیستەمی تێرۆرەوە.
وەك نموونەی کازم دارابی و لەویش گرنگتر، نموونەی میسباحی و ئەرشەد و کەمالی دەریان خست، سوودی ماددی ـ چ خەڵات و وەجبە و پاداشت، چ دەرەتانی جیاجیا بۆ دامەزراندنی شەریکاتی هێنان و ناردنە دەرەوەی شتومەك و خێروبێری زۆر، ئەوانە هەموو دەورێکی گرنگیان دەبینی بۆ ئەو کەسانەی وا لە کاری تێرۆردا دەست تێکەڵاوییان دەکرد. ئەوەی کە نەیارانی رژیم "گیرۆدەی تیری غەیب" بکەی، نەك هەر پاداشتی قیامەتی هەیە، بەڵکوو لەم دنیایەشدا تا رادەیەکی زۆر سوودی ماددی و دراو دەخاتە گیرفانی بکوژەکانەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەی تەبلیغاتی رژیم لە دەرەوەی وڵات هاوکاریی هەموو چالاکیەکان دەکەن. تاقمێکی زۆری خاوێنکەرەوە، بەڵێندەر و چاوەڕوانانی "باڵە جیاوازەکانی رژیم" لەناو ئۆپۆزیسیۆندا، بزانن یا نەزانن، کەوتنە خزمەت کردنی ئەو یەکانە و رێکخراوانەی رژیمەوە.

لە دادگای میکۆنۆسدا ئەوە سەلما کە زۆرێك لە وەزارەتخانە و دام و دەزگا حکوومییەکان لە تیرۆری دەوڵەتی ئێراندا دەستیان هەیە. باڵی "لیبرال" راست بەرادەی باڵی "نالیبراڵ" و بەرادەی "رێبەر" و سەرەك کۆمار دەستیان تێکەڵاوی کارەکەیە.

دادگای میکۆنۆس لەرێگەی راگەیشتن و لێکۆڵینەوەی هەموو نیشانەکان و گوێ راگرتن بۆ ١٧٦ شایەت و توێژینەوەی هەزاران بەڵگەنامە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سیستەمی کۆماری ئیسلامی، سەربەخۆ لەومەسەلەیەی کە کێ دەسەڵاتی بەدەستە، کێ رێبەرە و کێ سەرەك کۆمارە، "سیستەمێکی جینایەتکار"ە. بەپێچەوانەی دادخوازی داواکاری گشتی، دادگا ناوی بڕیاردەر و فەرماندەری کوشتارەکەی ئاشکرا نەکرد، بەڵام لە قەرارەکەیدا راگەیێنرا کە "رێبەر، سەرەك کۆمار، وەزیری کاروباری دەرەوە، وەزیری ئیتیلاعات و ئاسایش، فەرماندەی سوپای پاسداران و... ی ئێران لە "لیژنەی تایبەت" ـ کە رێکخراوەیەکە لەوپەڕی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی [ئێران] دا، بڕیاری کوشتاری میکۆنۆسیان داوە. واتە "قاتڵن."

خۆپاراستن لەوەی ناوی رێبەر و سەرەك کۆمار و ئەوانی تر رابگەیێنرێت بۆ ئەوە نەبوو کە سەرۆکی دادگا ناویانی نەدەزانی یاخود نەیدەتوانی ناوەکانیان بخوێنێتەوە. دادگا لە قەرارەکەیدا رایگەیاند کە **ئەوانەی وا لەسەر ئەو مەقاماتەی کۆماری ئیسلامین، تەنیا لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەو پۆستەن، جینایەتکارن.** لەم روانگەیەوە، قەراری دادگای میکۆنۆس نەك هەر دژ بە خامنەیی و رەفسەنجانی و ئەوانی ترە، بەڵکوو دژ بە هەموو رێبەر، هەموو سەرەك کۆمار و هەموو وەزیرێکی کاروباری دەرەوەی رژیمەکەیە لەبەر ئەوەی "سیستەمەکە جینایەتکار" ە نەك ئەم یا ئەو تاقە کەس.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیهوودە نییە کە هەموان، لە حکوومەتی ئاڵمانیاوە تا بەناو "ئۆپۆزیسیۆن" ی دڵخۆشکەر بە ئەم یا ئەو مەقامی نوێی حکوومەتی ئێران، و لایەنگرانی مافی مرۆڤی ئیسلامی هەموو دەیانەوێت قەرارەکەی دادگا لەبیر ببەنەوە.

ئەوەی وا دەستی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانیدا بەتەواوەتی ئاواڵە ناهێڵێتەوە و جاروبارە زەحمەتی بۆ دەخوڵقێنێت، بایەخە ناسراوەکانی وڵاتانی رۆژئاوا و پێداگرتنی ئەو وڵاتانە بۆ بەرپێوەبردن و رێزگرتن لەو بایەخانە نییە، بەڵکوو بۆ بەرگری کردنی زێدەرۆیی کۆماری ئیسلامییە. وڵاتانی رۆژئاوا بەکردەوە دژ بەو دەوڵەتە تێرۆریستە نین و تەنانەت بەرادەی پێویست تیئۆریسیەنیان هەیە و بگرە لەناو جەرگەی ئەو بەناو "ئۆپۆزیسیۆن" ەشدا، کارناس و راوێژکاری ورد و درشتیان هەیە کە هەموو ئەو بایەخانەیان بۆ تیئۆریزە بکەن و دیعایەی ئەوە بکەن کە کۆمەڵگای ئێران ئیسلامییە، مافی مرۆڤ لە ئێران تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەشێوەیەکی جیاواز کامڵ بوە و گەلی ئێرانیش شایانی ئەو رژیمەن. بەڵام سەرەڕای ئەوانە، ئەو حکوومەتانە ناتوانن بە تەواو و کەماڵ خۆیان بدەنە دەست کۆماری ئیسلامی. "شمید باوێر" بە بێ پەردە شایەدی ئەوەی دا کە "ئێمە چەند مانگ پێش تێرۆرەکەی میکۆنۆس لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا گەیشتبووینە ئەو پێکهاتنەی کە لە خاکی ئاڵمانیادا کاری تێرۆریستی نەکات." جگە لەوانە، ئەو وڵاتە رۆژئاواییانەکە "عەناسوری زەحمەت خوڵقێن" یشیان لەناو خۆیاندا هەیە وا چارەسەر کردنی کێشەکان لە پشت پەردەوە بۆیان بەس نەبێت و ژانەسەر بۆ حکوومەتەکان دروست بکەن. جگە لەوانەش داواکاری گشتییەك، کە بە حوکمی دەوڵەت ئیش ناکات و لە مەسەلەی میکۆنۆسدا دەری خست کە هێشتا لە بەرلین داوەر هەر هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٥. جاسووس

بوونی شۆفار لە ڕووداوی میکۆنۆسدا، خێرایەك دوای تێرۆرەکە بوە هۆی باس و خواسی زۆر و بۆچوونی زۆری لەسەر هەبوو. چاو و راو و بەناو هەوڵدانی ئەم یا ئەو تاکەکەس بەسرتە یا بەدەنگی بەرز لە پێناو روون بوونەوەی مەسەلەکە، بەکردەوە بوە هۆی ژەهراوی بوونی زیاتری فەزای ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی].

لە رۆژی یەکەمی رووداوەکە، و بەبێ سەرنجدانە ئەو زانیارییانەی وا دواتر هاتنە دەست، نیشانەیەکی زۆر بەدەستەوە بوون کە تیمی تێرۆر پێشتر، گەلێك بەباشی لە شوێن و رێکەوتی دانیشتنەکە ئاگادار بوو. بە روون بوونەوەی چۆنیەتی رووداوەکان و ئەوانەی وا لە دەوروبەری رووداوەکە روویان دابوو، مەسەلەکە لە رادەی هەندێ نیشانە تێپەڕی کرد و بوونی جاسووس و کێشەی ناسینەوەی، بوو بە بابەتی باسی رۆژانە و هەمیشەیی باس و خواسی جیددی ناو ئۆپۆزیسیۆن. لە رۆژی ١٨ ی سپتامبر بەدواوە هیچ باسێکی جیددی کە ناو ئۆپۆزیسیۆن سەبارەت بە میکۆنۆس نەدەکرا کە تێیدا مەسەلەی جاسووس بەشێوەی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ نەیەتە گۆڕێ.

چۆنیەتی رووداوەکان بەروونی دەری دەخات کە تیمی تێرۆر لە بەیانی رۆژی چوارشەممەوە بەرنامەی عەمەلیاتی خۆی بەتەواوەتی لە رەستورانی میکۆنۆس دامەزراند، بەرنامەیەك بەپلانی درێژخایەنەوە کە "لای کەم ١٦ وەزارەتخانە و دامەزراوی حکوومی ئێران تێیدا بەشدار بوون" و خەرج و مەسرەفی زۆری هەبوو، هاوڕێ لەگەڵ بەسۆغرە گرتنی مەئموورانی خۆجێ یی و ناردنی پسپۆران لە ئێرانەوە، ئەو بەرنامەیەی وا هەر لە سەرەتاوە بارودۆخی جیهانی و تایبەتمەندیی پێوەندی دۆستانەی ئێران و ئاڵمانیا فاکتەرێکی سەرەکیی بوون، و لە ماوەی رۆژێکدا شوێنی دیاریکراو و نهێنیی خۆی دۆزییەوە. پلان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داریژەکان لە ئێوارەی سێ شەممە یاخود بەیانی رۆژی چوارشەممەوە دەیانزانی کە لە رەستورانی میکۆنۆسدا کاری تیرۆرەکە بهڕێوە دەبەن.

چۆنیەتی ئەو رووداوانەی وا گەیشتنە ئەنجامی تیرۆرەکە:

چوارشەممە ٢ ی سپتامبر

- دیهکوردی هەواڵی هاتنی بەم زوانەی شەرەفکەندی دایە دانیشتنی هەماهەنگی.[١٨٢]

دووشەممە ٧ ی سپتامبر

- تیمی بەنی هاشمی لە ئێرانەوە گەیشتە بەرلین.[١٨٣]

شەممە ١٢ ی سپتامبر

- هەموو ئەندامانی تیمی عەمەلیات لە بەرلین کۆبوونەوە (دارابی، حەیدەر، سەبرا، راحیل و ئەمین لەلایەك، و تیمی بەنی هاشمی، کە لە تارانەوە هاتبوو، لەلایەکی تر).

یەکشەممە ١٣ ی سپتامبر

---

[١٨٢]. وەڵام: دەوروبەری سەرەتاکانی مانگی سیپتامبر بوو کە لە ڕێگەی نووری دیهکوردییەوە ئاگادار کرامەوە شەرەفکەندی دێت بۆ بەرلین و لەم پەیوەندییەدا پێیخۆشە لەگەڵ من قسە بکات....

وەڵام: لام وایە ئەم وتووێژە ئەودەم لە ڕەستورانی میکۆنوس بەڕێوە چوو. ئێمە سەبارەت بەوە ڕاوێژمان کردکە لەکوێ ئەو چاوپێکەوتنە بکرێت.

ئێمە سەبارەت بە ئاسایشی بەشداران دڵنیگەرانییەکمان نەبوو، لەبەر ئەوەی بەهۆی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی ئینترناسیۆناڵی سوسیالیستی لە بەرلین، چاوەڕوان دەکرا ژمارەیەکی زۆری پۆلیس و هێزی ئاسایش لەوێ بن.

دەوروبەری ١٠ ڕۆژ پێش تیرۆرەکە، چاوپێکەوتنێکی دیکەش لە میکۆنوسدا بەڕێوە چوو کە تێیدا جگە لە من، عەزیز غەففاری خاوەنی ڕەستووران، حەسەن جەعفەری، نووری و پەرویز دەستماڵچی وەك نوێنەرانی حزبە جیاجیاکانی ئۆپۆزیسیۆن بەشدار بوون. لەو وتووێژانەدا سەبارەت بە هەندێك بابەتی هاوچەشن لەگەڵ ئەوەی وا باسم کرد، وتوێژی لەسەر کرا. ئەودەم هێشتا ڕوون نەبوو چاوپێکەوتن لەگەڵ شەرەفکەندی کەی دەبێت."

لێپرسینەوە لە فەرجاد ئازاد، ١٩٩٢/٩/٢٩

[١٨٣]. "ئەم ئەندامانەی ڕێکخراوە زانیارییەکان ڕۆژی ٧ی سپتامبری ١٩٩٢ یان دەوروبەری ئەو ڕۆژە گەیشتنە بەرلین."

ڕاپۆرتی **BfV**، ١٩٩٥/٤/٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- دارابی ئەندامانی تیمی لێدانی لە ماڵی خۆیەوە بردە ماڵێکی نهێنی دیکە. سەبارەت بە شوێنی ژیانی ئەندامانی تیمی بەنی هاشمی هیچ زانیارییەك بەدەستەوە نییە. واهەیە ئەوان لە ماڵی دارابی مابێتنەوە.

دوشەممە ١٤ ی سپتامبر

- عەبدولی و ئەردەڵان گەیشتنە بەرلین. شەرەفکەندی دەوروبەری سەعات ٢١.٠٠ لە فرۆکەخانەی بەرلین دابەزی. تەبیب غەفاری، هاوڕێ لەگەڵ عەبدولی و ئەردەڵان و عیززەت پوور لە فرۆکەخانەوە گەیاندیانە ئوتێلی ئونتردن لیندن.

سێ شەممە ١٥ ی سپتامبر

- تیمی تێرۆر سەر لەبەیانی لە دەوروبەری ئیستگەی میترۆی شەقامی فیریدریش و نزیك ئوتێلی ئونتردن لیندن، شوێنی مانەوەی هەیئەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، تەمرینیان کرد.
- شەرەفکەندی و عەبدولی و دیهکوردی لە دانیشتنی ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیستیدا بەشدارییان کرد.
- دوای نیوەرۆ، یان شەوێ بوو دیهکوردی و شەرەفکەندی و عەبدولی دەرەتانی ئەوەیان دۆزییەوە تا لەگەڵ ئەردەڵان قەراری چاوپێکەوتن لەگەڵ "فارسەکان" دابنێن.

چەند سەعات دواتر،

چوارشەممە ١٦ ی سپتامبر

- دەوروبەری سەعات یەکی بەیانی، دیهکوردی بە تەلەفون رێکەوتی دانیشتنی کۆبوونەوەی هەماهەنگی بە ئامادەبوونی شەرەفکەندی لە رەستورانی میکۆنۆس بە تەبیب غەففاری راگەیاند.[١٨٤]

[١٨٤]. لە شەوی نێوان سێ شەممە و چوارسەممە (١٦-٩٢/٩/١٥) نووری لە دەوروبەری سەعات ١.٠٠ تەلەفونی کرد و ڕایگەیاند کە هەینی ٩٢/٩/١٨ دەوروبەری سەعات ١٩.٣٠ لە ڕەستوورانی من کۆبوونەوەیەکی سیاسی بەڕێوە دەبرێت... بەیانی ڕۆژی دواتر، چوارشەممە ٩٢/٩/١٦ تەلەفونم بۆ ئەو کەسانە کرد کە ناویان برا. دانیشتنە سیاسییەکەم بەو کەسانە ڕاگەیاند کە دەستم پێیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- تەبیب غەففاری هەمان رۆژ هەواڵی چاوپێکەوتنەکەی بەوانی دیکە راگەیاند.[١٨٥]
- تیمی لێدان تا نزیکەی سەعات ١٤:٠٠ لای کەم یەك کەسی نارد چاوی بە رەستورانەکە بکەوێت.[١٨٦]
- دەوروبەری سەعات ٢٠:٣٠ ئەندامانی تیمی عەمەلیات بۆ کاری تەمرین چوون بۆ دەروبەری رەستورانی میکۆنۆس.
- دیهکوردی لە دەوروبەری سەعات ٢٣:٠٠ دا بە تەلەفۆن داوای لە حەسەن موتەحەمیلیان کرد رۆژی ٥ شەممە ١٧ ی سپتامبر بێت بۆ

---

دەگەیشت و داوام لێکردن مەسەلەکە بە نهێنی بمێنێتەوە. لێپرسینەوە لە تەبیب غەففاری، ٩٢/٩/١٩

[١٨٥]. چوارشەممە ١٩٩٢/٩/١٦ من لە ماڵەوە تەلەفونێکم بۆکرابوو و لە سەر تۆماری تەلەفونەکەم تۆمار کرابوو.لام وایە تەلەفونەکە لە نێوان سەعات ١٥.٠٠ و ١٦.٣٠ خەلەکدا کرابوو... بەو تەلەفونە، پەیامێکم پێ ڕاگەیێنرابوو کە ڕۆژی هەینی ١٩٩٢/٩/١٨ دەوروبەری سەعات ٢٠.٠٠ لە ڕەستورانی میکۆنوس لە بەرلین ٣١، شەقامی پراگر، ژمارە ٢-ئەلف ئامادە بم.تەلەفونەکە عەزیز تەبیب غەففاری، خاوەنی ڕەستوران کردبووی، کە بۆی ڕوون کردمەوە لەسەر داواکاریی 'نووری' تەلەفونی کردووە. ئەو گوتوویەتی سکرتێری گشتی شەرەفکەندیش لەوێ دەبێت و ئەو چاوپێکەوتنە لە سەر خواستی ئەو پێك دێت. لێپرسینەوە لە دەستماڵچی، ١٨ ی سێپتامبری ١٩٩٢.

"من لام وایە ڕۆژی سێ شەممە ١٩٩٢/٩/١٥ بوو کە عەزیز تەلەفونی بۆکردم و ڕایگەیاند کە لە ڕۆژی هەینی ١٩٩٢/٩/١٨ لە ڕەستوورانەکەدا چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سیاسەتمەدارانی کورد بەڕێوە دەچێت. عەزیز گوتی لە لایەن نووری دیهکوردییەوە مەئمووریيەتی هەیە من بانگهێشتنی دانیشتنەکە بکات. ئەم کارە نائاسایی نەبوو، لەبەر ئەوەی زۆرجار دەهاتە پێشێ کە عەزیز لەگەڵ نووری و هەندێك جار هەر خۆی لەگەڵ من، هاوڕێیانی سیاسیمان بانگ دەکردە چاوپێکەوتنێك لە ڕەستورانێك." لێپرسینەوە لە فەراهەتی ١٩٩٢/١٠/٣

سێ شەممە بێگومان هەڵەیە.

[١٨٦]. ڕۆژی چوارشەممە ١٩٩٢/٩/١٦ دەوروبەری سەعات ١٤.٠٠ گەیشتینە ئەوێ [ماڵە نهێنییەکە]. حەیدەر و عیماد لە ماڵەوە بوون. شەریف لە حەیدەری پرسی ئایا هەموو شتێکی بەچاو بینیوە. حەیدەر وەڵامی دایەوە کە هەموو شتێکی بینیوە و بە تەنیایی گەڕاوەتەوە. [شوێنەکە] بە باشی دەناسێت. لێپرسینەوە لە ئەمین، ٩٢/١٠/١٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەستوران. لە ڕێگەی موتەحەمیلیانەوە دوو کەسی دیکەش لە مەسەلەکە ئاگادار کران.[١٨٧]

تیم [ی تێرۆر] تا شەوی سێ شەممە لەسەر چوارشەممە، شوێنی جیاجیای بۆ بەڕێوەبردنی تێرۆر گرتبوە بەرچاو و لەسەر هەموو ئەوانە کاری دەکرد تا باشترین شوێن هەڵبژێرێت. بەڵام بەهۆی زانیارییەکی وردەوە کە لەماوەی زەمەنی نێوان دوا کاتەکانی شەوی سێ شەممە لەسەر چوارشەممە و بەلای زۆرەوە هەتا دوای نیوەڕۆی چوارشەممە کەوتبوە دەستیان و زانیبوویان کە شەرەفکەندی شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی دەچێتە ڕەستورانی میکۆنۆس، هەموو عەمەلیاتەکەیان لەسەر میکۆنۆس تەرکیز کرد.

لە شەوی سێ شەممە لەسەر چوار شەممەوە کە مەوعیدەکە دانرا، ئیتر ئاشکرابوونەکەی بوو بە شتێکی گونجاو. هیچ کەس پێش شەوی سێ شەممە لەسەر چوارشەممە ئاگاداری ڕێکەوتی دانیشتنەکە نەبوو. لەماوەی زەمەنیی نێوان دواساتەکانی سێ شەممە هەتا دوای نیوەڕۆی چوارشەممە، هەواڵی پێکهاتنی دانیشتنێك (بە ئامادەبوونی شەرەفکەندی لە شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی) گەیشتە خەڵکانی ناو "ئۆپۆزیسیۆن" و هەر لەو ماوەیەدا گەیشتە تیمی تێرۆریش. ئەو کەسە یا ئەو کەسانەی وا زانیاری پێویستیان دابوە مەئموورانی ڕژیم [ئێران]، گەلێك زوو جووڵابوونەوە و کاتیان بەفیڕۆ نەدا. ئەم کارەش نە بەهەڵکەوت بوو، نە بەساویلکەیی و گوێ نەدان بەڕێوەبرا.

زۆرێك لە خەڵکانی ناو ئۆپۆزیسیۆن دوای تێرۆرەکە، بۆ ئاسوودە کردنی خەیاڵی خۆیان یاخود خەیاڵی کەسانی تر، گوتیان "بەشوێن شەرەفکەندییەوە

---

[١٨٧]. "لە ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٦ دا دێهکوردی، کە ئێستا دەزانم کووژراوە، دەوروبەری سەعات ٢٣.٠٠ تەلەفونی کرد و لێی پرسیم ئایا دەخوازم لە دانیشتنێکی ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٧ دەوروبەری سەعات ١٩.٣٠ لە ڕەستورانی میکۆنۆسدا بەشداری بکەم. ئەو تەنیا ئەوەی پێگوتم کە لەوێ چاومان بە برادەرانی کورد دەکەوێت... لە هەمان ١٩٩٢/٩/١٦ دا، لە سەر تەلەفون بە نووری دیهکوردیم گوت بەئەگەری زۆر ناتوانم بێم بۆ چاوپێکەوتنەکە لەبەر ئەوەی مەوعیدێکی دیکەم هەیە. لێپرسینەوە لە موتەحەمیلیان، ٩٢/٩/١٨.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون" و تەنانەت گوتیان ئێمە دەزانین کە شوێنکەوتنی شەرەفکەندی لە دانیمارکەوە دەستی پێکرد.

ئەگەر تیمی تێرۆر دوای کۆبوونەوەی خەڵکەکە لە رەستورانی میکۆنۆس ـ و تەنیا دوای کۆبوونەوەی ئەوان، ئاگاداری دانیشتنەکە بکرایەوە؛ ئەگەر شەوێك پێش تێرۆر عەمەلیاتی تەمرین لە دەوروبەری رەستورانی میکۆنۆس بەڕێوە نەچوایەت؛ ئەگەر تیم [ی تێرۆر] زۆر وردەکارییەکان [لەسەر مەسەلەکە] نەزانیبایە، گونجاو بوو کە تیمەکە بەهۆی شوێن کەوتنی شەرەفکەندییەوە راست لە کات و ساتی دیاریکراودا بگەیشتایەتە شوێنەکە. بەڵام رووداوەکان هەموو، ئەم گریمانە دەدەنە دواوە. گەرچی واهەیە خەڵکانێکی زۆر لەو رۆژانەدا کەوتبنە بەرچاوەدێری و مەئموورانی رژیم بەشێك لە زانیارییەکانیان لەوان وەرگرتبێت، بەڵام لەرێگەی شوێن کەوتن و تەنیا لەو رێگەیەوە نەیان دەتوانی رۆژی پێشتر بچنە شوێنی تەمرین و بەو دڵنیاییەوە کارەکان بەڕێوە ببەن. تیمی تێرۆر بەدڵنیایی سەدا سەدەوە زانیویانە کە هیچ ئامادەکارییەکی ئاسایشی لە ئارادا نییە، هیچ کەسێك بۆ پاسەوانی و پارێزگاری یاخود بەربەرەکانی دانەنراوە و بەو دڵنیاییەشەوە لە رەستورانەکە کاری خۆیان بەڕێوە برد. تاقە ئیمکانێك کە گرتبوویانە بەرچاو ئەوە بوو کە نەکا لەناکاو کەسێك لە کاتی عەمەلیاتەکەدا بچێتە ناو رەستورانەکە و کارەکەیان لێ بشێوێنێت. هەر بۆیەش کەسێکیان لە رووبەڕووی رەستورانەکە بۆ پاسەوانی دانا. تیمی تێرۆر پێشتر نەك هەر شوێن و رێکەوتی دانیشتنەکە، بەڵکوو وردەکارییەکانیشی دەزانی.

عەمەلیاتەکە گەلێك بەربڵاو و پڕخەرج بوو. چەندەها پسپۆڕی تێرۆر و چەندین رێکخراوەی حکوومی لە ئامادەکارییەکاندا بەشدار بوون. پلانێکی ئەوتۆ بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی بە قسە و بەگوێرەی زانیاریی تاقە کەسێك بەڕێوە ببرێت. تەنانەت ئەگەر ئەوەش بسەلمێنین کە ئەو تاقە کەسە گەلێك جێگەی متمانە بووبێت و لە رابردوودا زانیاریی سەداسەد بێ درۆی دابێت و تا ڕادەی پێویستیش "ئەزموون" یان لێی هەبووبێت و بایەخیان بە قسەکانی دابێت یا

تەنانەت وەك یەكێك لە خۆیان حیسابیان بۆ كردبێت. بەڵام سەرەڕای ئەو دڵنیاییانەی وا بەو كەسەیان هەبوویێت، بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێكی وەها پڕخەرج و بەربڵاو نەدەكرا لەسەر ئەساسی قسەی یەك تاقەكەس بەڕێوە ببرێت.

تاكەكەس یا سەرچاوەیەكی ئینسانی وا هەیە بكەوێتە باروودۆخێكەوە كە نەتوانێ لە كاتی پێویستدا زانیاری پێویست و راست پێشكەش بكات. هەمیشە واهەیە تاكەكەس هەواڵێكی بە هەڵە وەرگرتبێت یا بێ هەڵە لێی تێگەیشتبێت یاخود بەهەڵە رایگوێستبێت. كەسێك كە بەهەرحاڵ، هات و چۆی ئۆپۆزیسیۆنی كردوە و هەواڵی لەوان وەرگرتوە، هەمیشە بۆی هەیە زانیارییەكانی بەراوەژوو پێدرابێت جا بەهەڵە بێت یان بەدەستەقەسد. تاكەكەس هەمیشە بۆی هەیە چەند رۆژێك پێش ئەوەی دواهەواڵی خۆی رابگەیەنێت تووشی رووداوێك بێت كە تەنانەت خۆیشی لێی ئاگادار نەبێت. هەر بۆیەش، بۆ زامن كردنی ئەوەی هەر هەموو عەمەلیاتەكە بەهۆی هەواڵێكی هەڵەی تاكەكەوە (یاخود بەهۆی نەبوونی توانای ئەو لە كارەكەدا)، بەفیڕۆ نەچێت، پێویستە زانیارییەكان لەسەرچاوەی دیكەشەوە پشتڕاست بكرێنەوە.

ئەم دڵنیاییە، جیا لەوەی كەڵك لە كەرەسە و شێوازی جیاجیای زانیاریی وەردەگیرێت، تەنیا لەرێگەی هەبوونی زیاد لە یەك جاسووس و هەواڵدەرەوە دێتە دەست. رژێم بۆ ئاگادار بوون لە رێكەوت و شوێنی دانیشتنی میكۆنۆس، جگە لە وتووێژەكانی پێشتری خۆی، و شوێن كەوتن و شتی ئەوتۆ لەناو ئۆپۆزیسیۆندا، زیاتر لە یەك سەرچاوەی ئینسانی لەبەر دەستدا بوە.

دوای ئەو زانیارییانەی وا رێكخراوە زانیارییەكانی ئاڵمانیا پێشكەشیان كردن، روون بوەوە كە یەك لە سەرچاوەكان خاوەن گرنگایەتی تایبەت بوە. زۆر واهەیە فەلاحییان لە وتارە تەلەفیزیۆنییەكەی خۆیدا پێش تێرۆری میكۆنۆس ئاماژەی بەو جاسووس یا جاسووسانە كردبێت.

<u>ئەم هەوڵانەی رژێم كاتێ دەدران كە "وت و وێژ بۆ لێك تێگەیشتن"، "لێك تێگەیشتنی میللی" و هەروەها "وت و وێژ و وت و وێژ" دروشمی سەرەكی ئەو رۆژانە بوون. ئەم هەوڵانە، فەزایەكی بەرێ و جێیان بۆ شۆفار و</u>

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جاسووسان خولْقاندبوو. ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلقی ئێران (ئەکسەرییەت)، ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق، حزبی دیموکراتیکی مەردومی ئێران و ڕێکخراوەی جمهوریخوازانی میللی ئێران سەرەکیترین ڕێکخراوەی سیاسی بوون کە لە خولقاندنی ئەو فەزایەدا بەشدار بوون. ئەم چوار ڕێکخراوەیە، تاقە بەشدارانی دانیشتنی هەماهەنگی بەرلینیش بوون و ئەندامەکانیان لە دانیشتنی میکۆنۆس لە ١٧ ی سپتامبریشدا ئامادە بوون، یاخود بڕیار بوو ئامادەبن.

ئەوانەی وا لە دەوروبەری ڕووداوەکەدا بوون، بانگهێشتن کراوان و ئاگاداران، هەرکامیان لە هەندێ لە وردەکارییەکان ئاگادار بوون بەڵام هیچکامیان ئامادە نەبوون جگەلە قسەی سرتە و بابەتی پچڕپچڕ هیچ شتێك بڵێن. هەندێکیان بێدەنگ مانەوە و بەباشیان زانی مەسەلەکە لەبیر بچێتەوە، پاشماوەکەشیان هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسی دیکەدا "کومیتەی دژی تێرۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرلین" یان پێك هێنا. ئەندامانی ئەم کومیتەیەش سەبارەت بەو مەسەلە تایبەتە بێدەنگییان ڕەچاو کرد و بەهۆی ئەو ڕاگەیاندنەی کە "هەر کەس هەرچی دەزانێ بە پۆلیسی ڕابگەیێنێت"، خۆیان پەڕاندەوە و بەرپرسییان لەسەر شانی خۆیان لابرد، واتە بڕیاریان دا لەم بارەیەوە هیچ نەڵێن. لە ڕاستیشدا هیچ شتێکی بایەخداریان نەگوت. سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئەوەی هەرکەس هەرچی دەزانێت بە پۆلیسی ڕابگەیێنێت، لە لێپرسینەوەکانیاندا چ لە ڕۆژانی دوای تێرۆر و چ چەند مانگ دواتر، هیچ شتێکی بایەخداریان بە پۆلیس نەگوت کە بتوانێ یارمەتییان بدات.

پرسیار لە دەرك و دیوار دەباری، وەڵامی هەموو پرسیارەکان، ئەوپەڕی دەگەیشتە ئەوەی کە "من لە کەسێکم ژنەفت کە کەسێك بەدوای کۆکردنەوەی زانیارییەوە بوە"، "کوڕە خۆ لە فەرەنساش هەموو کەس لە کۆبوونەوەکە ئاگادار بوون"، "ژنەفتم کەسێك چوە لەگەڵ نوێنەرێکی ڕژێمدا وتووێژی کردوە"، "بەشوێن کوردەکانەوە بوون"، "شتێك هاتۆتە پێشێ"، "کوردەکان خۆیان"، "فلانە کەسیش دۆستی کۆنی خۆمە"، "من لەشەرەفی فلانە کەس دڵنیام."

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت دوای پێکهاتنی دادگاش، ڕێبەرانی فیدائیانی ئەکسەرییەت ئامادە نەبوون مەسەلەکە بەشێوەی جیددی بخەنە بەرباس.

لە دادگادا، "پرسیار لە حەسەن جەعفەری کرا ئایا لە پێوەندی تیرۆری بەرلیندا گومانت لە کێیە؟ ناوبراو گوتی لە وڵاتێکدا کە بەرپرسانی ئاسایشی، کاری ڕاهێنانی مەئموورانی ئاسایشی ئێران بەڕێوە دەبەن، ئایا چاوەڕوانی ئەوەن من گومان لەو کەسانە بکەم وا لە ڕەستورانەکەدا بوون یا نەبوون؟"[١٨٨]

"دانیشتنی هەماهەنگی بەرلین" کە بانگهێشتنی کۆبوونەوەکەی کردبوو، زیاد لە هەموو کەس تۆمەتبار دەکرا، بەڵام ئەوان سەبارەت بە هیچ بابەتێك و لەوانەش "مەسەلەی جاسووسی هیچیان نەگوت. دانیشتنی پێش دوایین دانیشتنەکە، لە ڕۆژی ٢ ی سپتامبری ١٩٩٢ دا بەسترابوو و لەوێ سەبارەت بە هاتنی شەرەفکەندی قسەکرابوو. ئەم "دانیشتنی هەماهەنگی" یە لە ڕۆژی ١٧ ی سپتامبری ١٩٩٢ و دوابەدوای گوللەهاویشتنی قاتڵان هەڵوەشایەوە، بێ ئەوەی کەسێك بەڕووی خۆی بهێنێت. دەقی نووسراوی وت و وێژی دانیشتەکانیش چارەنووسێکی هاوبەشیان هەبوو. دوای تیرۆرەکە، کەس ئامادە نەبوو سەبارەت بە دانیشتنەکە، پێوەندییەکانی دانیشتن، ئامانجەکانی دانیشتن و دەقی نووسراوی وت و ویژەکان هیچ قسەیەك بکات.

بەڵام مەسەلەکە وا نەمایەوە. حەوت مانگ دوای ڕووداوی میکۆنۆس، موجاهیدین [ی خەلقی ئێران] هاتنە ناو کێشەکەوە. یەکێك لە خەڵکانی سەر بە ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەلق لە ماوی لێپرسینەوەکانی پۆلیسدا گوتی هەندێ زانیاریی سەبارەت بە ڕووداوی میکۆنۆس هەیە کە دەیەوێت بە پۆلیسی رابگەیێنێت. ئەو کەسە، خۆی وا ناساند کە ئاگاداری ڕووداوی پشت پەردەیە و هەواڵی تایبەتی پێیە کە ڕێکخراوەکەی داویەتێ. دوای پرسیار و وەڵامی ڕەسمی بە پۆلیسی ڕاگەیاند کە دەیەوێت زانیارییە گرنگەکانی خۆی

---

[١٨٨]. کار (ی ئەکسەرییەت)، ژمارە ٨٣، ٨ ی دیسامبری ١٩٩٣، ١٧ ی ئازەری ١٣٧٢. ناوبراو لە دادگادا باسی "هەڤاڵەکانم"ی کرد، نەك کەسانێك وا لە ڕەستورانتەکە بوون، یان نەبوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەنهێنی رابگەیێنێت و نایەوێ قسەکانی بنووسرێنەوە. پۆلیس دواتر قسەکانی ئەوی بەشێوەی یادداشتێك کردە پەیوەستی لێپرسینەوەکانی ئەو:
"یادداشت...

بابەت: قسەکانی شاهید مووسەوی زادە لە دەرەوەی لێپرسینەوەکانی رۆژی ١٩٩٣/٥/١٣

شاهید ئەم قسانەی دوای لێپرسینەوەکان کرد. ئەم بابەتانەی نەدەویست لە لێپرسینەوەکاندا بدرکێنێت لەبەر ئەوەی پێوەندیان بەو زانیارییانەوە هەیە کە رێکخراوەکەی، واتە رێکخراوەی موجاهیدینی خەلقی ئێران گردوکۆی کردوون.

١. رۆژی دووشەممە ٩٣/٥/١٠ سەرەك وەزیرانی ئاڵمانیا کۆهل و سەرەك کۆمار [ئێران] رەفسەنجانی بەتەلەفۆن سەبارەت بە دارابی قسەیان کرد. رۆژنامەکانی ئێران تا ئێستاش هەر باسی گۆرینەوەی دارابی لەگەڵ هاوڵاتیەکی ئاڵمانی دەکەن کە لە زیندان [ی ئێران] دایە.
٢. لە کۆتایی لێپرسینەوەکەدا، ناوبراو [واتە مووسەوی زادە] ئاماژەی بە "نەجاتی" کرد کە دەوری واسیتەی بینیوە. ناوبراو دیعایەی ئەوەی کرد کە نەجاتی واسیتەیەکی رژیم [ی ئێران] ە، کە دانیشتنی رۆژی ٩٢/٩/١٧ ی رەستورانی میکۆنۆس ئەو رێکی خستبوو. ئەوانەش وا لە تیرۆرەکەدا بەسەلامەت دەرچوون هەموویان کەسانێکن کە بۆچوونیان وابوە لەگەڵ رژیمدا هاوکاری بکەن. دانیشتنی رەستورانی میکۆنۆسیش هەر بەو ئامانجەوە رێکخرابوو. نەجاتی فێڵی لێکردن و قاتڵەکانی هێنایە ناو رەستوران. دەستمالچی و خەڵکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن هەرگیز ئیعترافی ئەوە ناکەن کە نەجاتیش بانگ کرابوو، لەبەر ئەوەی لەباری سیاسییەوە دەمرن. هۆیەکی دیکەش ئەوەیە کە کوژرانی چوار کەس دەکەوێتە ئەستۆیان، لەبەر ئەوەی ئەوان کەوتنە داوەوە. گۆڕینی رۆژی دانیشتنەکەش هەر نەجاتی رێکی خست بۆ ئەوەی بەشداربوانی کۆبوونەوە بگەیێنێتە کەمترین رادە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣. [مووسەوی زادە] سەیری وێنەکانی کرد و گوتی وێنەی ژمارە ١٧ (...) لە مەنسووری نەجاتی دەچێت.

موجاهیدین [ی خەلق] بەمەنتیق و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەساسی ئەو زانیارییانەی وا سەبارەت بە نەجاتی و پێوەند گرتنەکانی هەیانبوو، حیکایەتێکیان دروست کرد کە زۆر لەو وتووێژە دەچوو وا گەیشتە ئەنجامی کوژرانی قاسلموو. مووسەوی زادە لە دادگادا زۆرێك لەو قسانە و قسەکانی دیکەی خۆی وەرگرتەوە و تەنانەت جارێکیش گوتی تووشی خەیاڵات بوە.

پێشتر لە لێپرسینەوەکاندا باسی نەجاتی کرابوو. پۆلیس لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بەو و پێوەندییەکانی نەگەیشتبوە هیچ خاڵێك کە پاڵپشت بن بۆ روونکردنەوەی تێرۆر. جا دوابەدوای ئەم قسانەی مووسەوی زادە ئامادەبوانی کۆبوونەوەی میکۆنۆس و ئەوانەش وا بانگهێشتن کرابوون هەموویان جارێکی دیکە بانگ کرانەوە و لێیان پرسرایەوە. ئاکامی کارەکە بۆ پۆلیس، وەك جاری پێشوتر بوو. بەڵام دەنگۆی پێوەندی کردن لەگەڵ مەقاماتی رژیم لەناو ئۆپۆزیسیۆندا بەربڵاوتر بوو و باری تۆمەتەکانی قورستر کرد. پێویست بوو وەڵامی هەموو ئەوانە بدرایەتەوە کە پرسیاریان دەکرد. ئەگەر یەك کەس ببوایەتە قوربانی، ئەوا وەڵامی هەموو پرسیارەکان درابوەوە و پاشماوەیان دەیانتوانی دەستی خاوێنی خۆیان بخەنە بەرچاو، واتە بە سەربەرزییەوە درێژە بە "خەبات" ی خۆیان بۆ وت و وێژ و لێك تێگەیشتنی میللی بدەن!

لەسەر ئەساسی مەنتیقی رووداوەکە خۆی، و بێ ئەوەی ئەو کەسایەتییانە بگیرێنە بەرچاو کە دەوریان لە کارەساتەکەدا بینیبوو، ئەم کەسانە بەتەرتیب تۆمەتبار دەکران، کووژراوەکان، خاوەنی رەستوران، چەند کەس لە ئەندامانی حزبی دیمۆکراتیکی مەردومی ئێران کە ئاگاداری رێکەوتی روونی کۆبوونەوەکە بوون، ئامادەبوانی دانیشتنەکە و ئەوانەی وا بۆ کۆبوونەوەی رۆژی هەینی بانگهێشتن کرابوون.

کوژراوەکان خۆی لەخۆیدا لە هەموو تاوانێك پاکن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامانی ڕێکخراوە و تاقمی بەشداری "دانیشتنی هەماهەنگی" ش ڕێز و بایەخیان لە ڕێکخراوەکەیانەوەیە و ناوبردەکردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو ڕێکخراوەکە بکەوێتە بەر تۆمەت. پێوەندی ناوخۆیی ئەو کەسانە بۆ خەڵکانی لاوەکی لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە، لەوە زیاتر نهێنییە کە بتوانرێت جگەلە مەزنە و گومان، هیچیان لەسەر بگوترێت، گەرچی بەگوێرەی ئەزموون، دیتوومانە کە ڕژیم لەو خەڵکە لاوەکییانەی دەرەوەی ڕێکخراوەکان نییە. ئەوەی کە خەڵکانی ئاگادار یاخود کەسانی ئامادەبووی ناو کۆبوونەوەکە، چۆن و کەی زانیاری ناو کۆبوونەوەکەیان دایە چ کەسانێك لەناو ڕێکخراوەکەی خۆیان، هەروەها ئەوەی کە زانیارییەکەیان لە پێوەندییە ناوخۆییەکانی ئەو ڕێکخراوانەدا بە کێ دران و شتی دیکەی ئەوتۆ، بابەتێکی وانین کە تەنانەت کەسێك بتوانێ ئیجازەی باس کردنیشیان بە خۆی بدات. کەوابوو، ئەو کەسەی وا نەکوژرابوو و ئەندامی ڕێکخراوەیەکیش نەبوو و ڕێکخراوەکەی هەوڵوەشابووەوە دەبوایە وەڵامدەر بێت.

پۆلیس بەهۆی چەشنایەتی کارەکەیەوە، هەموو دەرەتانێکی هەڵسەنگاند. فایلێکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە کردەوە کە پێش ڕۆژی پێنج شەممە ئاگاداری ڕێکەوت و شوێنی دانیشتنەکە بوون و ئیشی لەسەر ئەو فایلە کرد. پۆلیس هۆیەکی زۆری بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی گومان لە خاوەن ڕەستورانەکە بکات:

- پۆلیس لەناو ڕەستورانەکەدا بڕی ٥٠٠٠ مارکی دۆزیبووەوە و دەیتوانی گومانی ئەوە بکات کە ئەو پارەیە وەك پارەیەکە وا لە کاتی گیرانیاندا لەلای ئەمین و ڕاحیل بوە.
- ئەوانەی وا دەبوایە لە دانیشتنەکەدا بەشدارییان بکردایە، لەجیاتی ٥ شەممە بۆ ڕۆژی هەینی بانگ کران. خاوەن ڕەستورانەکە دەکرا ئامانجی لەم کارە هەبووبێت.
- ژنێك کە لە نزیك ڕەستورانەکە دەژیا، شایەدی دابوو کە خاوەن ڕەستورانەکەی بەماوەیەکی کەم پێش تەقەکە لەبەر دەمی ڕەستورانەکە بینیوە کە جگەرەی کێشاوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- خاوەن رەستوران ترومبیلێکی مرسیدیس بێنـزی ١٩٠ ی سورمەیی هەبوو، لەکاری تیرۆرەکەشدا مرسیدیسێکی ١٩٠ ی تۆخ بەشداری کردبوو.[١٨٩]
- ئەمین لە لێپرسینەوەکاندا گوتبووی کە دوای تەواوبوونی ئەم کارە [خاوەنەکەی] رەستورانەکە دەفرۆشێت. خاوەن رەستوران، ماوەیەك بوو بەشوێن فرۆشتنەوەیەوە بوو[١٩٠] .
- خاوەن رەستوران دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە هاتە دەرەوە، بۆ ماوەیەك ماڵی یەکێ لە برادەرەکانی خۆی وەك شوێنی ژیانی بە پۆلیس ناساند گەرچی لەو ماڵە نەدەژیا. یەك لە برادەرانی دارابی لە نزیك ئەو ماڵە دەژیا و عەلی سەبرا ـ ئەو کەسەی وا ترومبیلی

---

[١٨٩]. "ماوەیەك دواتر، ئێرانییەك بە مێرسیدێس بێنزێکی ١٩٠ ەوە لە شەقامی بێرلینێر دەرکەوت. هەر ئەو بە فارسی قسەی لەگەڵ محەممەد و شەریف کرد.... لێخوڕی ئێرانی دایملر بێنزی مودێلی ١٩٠. باڵای ئەو کەسە دەوروبەری ١٨٠ سانتیمەتر، بەژن و باڵایەکی ئاسایی، بە چاویلکە و کۆت و شەڵوار [قات]ەوە و کەم و زۆر تازەش." یادداشتی پۆلیس سەبارەت بە لێپرسینەوەی ئەمین، ١٩٩٢/١٠/٧

"...دەوروبەری ٢٤ ی سیپتامبر... حەیدەر بە عیمادی گوت لێخوڕەکە هەمووشتێك دەزانێت، شوێن و بارودۆخەکە دەناسێت. من لەو قسەیە وا تێگەیشتم کە لێخوڕ لە نزیك شوێنی ڕەستوورانەکە دەژی یان ئیش دەکات." لێپرسینەوە لە ئەمین، ١٩٩٢/١٠/٢٢

[١٩٠]. "پاشان پرسیار لە یۆسف کرا ئایا دەتوانێت سەبارەت بە لێخوڕی دایملر بێنزەکە وا لە لێپرسینەوەکانی پێشوودا گوتوویەتی، هیچی دیکە زیاد بکات و بڵێت. ئەو پرسیارێکی بەرانبەری هێنایە گۆڕێ کە ئایا خاوەن ڕەستورانەکە لێخوڕی بێنزێکە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە لە کوێوە گەیشتۆتە ئەو پرسیارە، گوتی لە لێپرسینەوەکانی پێشوودا گوتوویەتی لێخوڕی بێنزەکە دەبێ لە نزیك ڕەستوورانەکە بژی یان لەوێ ئیش بکات.

زیاد لەوانە، دوای تیرۆرەکە سەرلەنوێ چۆتەوە ڕاینە و لە بەرانبەر ماڵی براکەی لە ناو قسەکانی نێوان حەیدەر و عیماد (عەبباس ڕاحیل)، گوێ بیس بووە کە (بە واتا): کاتێ هەموو شتێك تەواو بێت، ڕەستورانەکە دەفرۆشێت." یۆسف ئەمین سەرلە نوێ پشتڕاستی کردەوە کە بێنزی ١٩٠ ی جێگەی باس، بریتی بووە لە ترومبیلێکی شینی تۆخ و سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی گوتی شاسییەکەی کورت بووە و قاڵپاغەکانیشی هاوچەشن نەبوون و .... یادداشتی پۆلیس سەبارەت بە لێپرسینەوە لە ئەمین، ١٩٩٣/١/١٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵاتنی کرێبوو ـ ئەوماڵەی وەك شوێنی ژیانی خۆی، لای پۆلیس تۆمار کردبوو.[١٩١]

لەبەر ئەو هۆیانە، پۆلیس پێوەندییەکانی ناوبراوی پێش تێرۆر و دوای ئەو خستە بەر چاوەدێری و چەندەها جار پرسیاری لێکرد و سەبارەت بەو لێکۆڵینەوەی کرد، بەڵام نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك. بەڵام هەر ئەو گومانە راستەی پۆلیس بۆ خەڵکانی تر بەس بوو، کە جاسووسەکەیان دۆزیبێتەوە. بەدۆزینەوەی ئەم جاسووسە، ئیحتمالێك بۆ گومان کردن لە کەسانی تر نەدەما. گەرچی نیشانەی دیکەش هەبوون کە هیچکەس نەیویست سەرنجیان بداتێ.[١٩٢]

تەبیب غەففاری یەك لە جیددیترین گومان لێکراوەکان و لە هەموان کەم هێزتر بوو. لەو سەردەمەدا تەبیب کەسێك بوو لە باری جەستەوە ناتوانا، لەباری نەفسییەوە تێکشکاو و لەباری بنەماڵەوە تێکچوو؛ لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە پێشینەیەکی بوو پاك بەرادەی زۆربەی خەڵکانی ناو [فیدائیانی] ئەکسەرییەت." یەکەم کەسێك بوو کە زیندوو مابووەوە و کەوتبووە بەر گومان. جگە لەوانە، مەسەلەی مەوعیدی شەوی پێش هەینی و دوای هەینی ئێستاش هەر بەڵگەیەك بوو دژ بەو. بەیانی رۆژی چوارشەممەی ١٦ ی سپتامبر دەوروبەری سەعات یەکی سەر لەبەیانی دیهکوردی تەلەفۆنی بۆ کرد و گوتی

---

[١٩١]. هەموو ئەو کەسانە، بە چڕ وپڕی لە لایەن پۆلیسەوە لێپرسینەوەیان لێکرا.

[١٩٢]. ئەردەڵان نوێنەری حزبت دیموکرات لە ئینترناسیۆناڵی سوسیالیستی نەبوو و لە دانیشتنەکانیشیدا بەشداریی نەکرد.

لە ریزی ئەو نموونانەی وا هاتنە گۆڕێ، دەکرێت ئاماژە بەم خاڵانە بکرێت:

محەممەد جەرڕادە لە لێپرسینەوەکانیدا کە گەیشتە ئەنجامی ئەوەی عەیاد بگیرێت، گوتی:

"...عەیاد هەروەها گوتی یەك کەس کە زیندوو ماوەتەوە، بەڕێوەبەری ماڵێکی پەنابەریەتییە لە بەرلین. دوای ئەوە، عەیاد و برادەرەکانی بە "ڕامبۆ" ناویان دەبرد. لێپرسینەوە لە محەممەد جەرڕادە

"...لە ڕێگەی عەیادەوە ئاگادار کرامەوە کە یۆسف ترسابوو. لەبەر ئەوەی دوای تەقەکردن لە چوارکەس لە ڕەستورانی میکۆنۆس، کەسی پێنجەمی کە لەوێ ئامادە بوو و من لە لێپرسینەوەکانی پێشوومدا بە ڕامبۆ ناوم هێنابوو، زیندوو هێشتبووەوە. لێپرسینەوەی محەممەد جەرڕادە، ١٩٩٢/١٢/٣.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتم نییە بەوانی تر رابگەیێنم، جا داوای لەو کرد تەلەفۆن بۆ ئەوانی تر بکات و ناوەکانیشی پێدا. تەبیب غەفاری رۆژی چوارشەممە تەلەفۆنی بۆ کردن و بۆ شەوی هەینی لەسەر شەممە بانگهێشتنی کردن کە دەیکردە ١٨ ی سپتامبر.

رۆژی دواتر، ٥ شەممە ١٧ ی سپتامبر دەوروبەری سەعات ٨ ی ئێوارە دیهکوردی، شەرەفکەندی، عەبدولی و ئەردەڵان چوون بۆ میکۆنۆس. دیهکوردی پرسی بۆ چی کەس نەهاتوە؟ تەبیب غەفاری وەڵامی دایەوە کە تۆ گوتت بۆ شەوی هەینی لەسەر شەممە دانیشتنمان دەبێت. دیهکودری وەڵامی دایەوە و گوتی خێر من گوتم شەوی هەینی [لەسەر شەممە]. شەرەفکەندی خۆی خستە ناو قسەکەیان و گوتی من سبەی بەیانی بەرلین بەجێ دەهێڵم، کەوابوو نەمدەتوانی مەوعید بۆ شەوی هەینی لەسەر شەممە دابنێین. هەر ئەو دەم تەلەفۆنیان بۆ ئەوانی تر کرد بێن. ئەوانەی وا دەست کەوتن، هاتن. باسی سەبارەت بە شەوی هەینی و رۆژی هەینی لەگەڵ ئەوانیشدا درێژەی کێشا. ئەوانەی بەشداری دانیشتنەکە بوون و زیندوو ماونەتەوە، بەشێوەی خسووسی و بەچرپە، ریوایەتی جیاوازیان راگەیاندوە.

مەسەلەی پارەی تەبیب غەففارییش هەر لەگۆڕێدابوو. پۆلیس دەیویست بزانێت ئایا تەبیب غەففاری ئەو ٥ هەزار مارکەی وا لە جزمەیەکی پلاستیکی لەناو دۆڵابی رەستورانەکە دۆزرابوەوە لەکوێ هێناوە؟ ئەم پرسیارە چەند مانگ دوای تێرۆر لەلایەن کەسانێکەوە دامەزرا کە ماوەیەکی زۆر بوو هات و چۆی رەستورانەکەیان دەکرد و پێوەندی نزیکیان لەگەڵیدا هەبوو، یاخود بۆ کرینی رەستورانەکە یارمەتییان دابوو و لە چۆنیەتی کاری رەستوران ئاگادار بوون و رۆژانی چوارشەممەش مەوعیدی دانیشتنی هەماهەنگییان لەوێ دادەنا. بەڵام کێشەی پارەی کڕینی رەستورانەکەیان چەند مانگێك دواتر هێنایە کایەوە. چەند کێشەیەکی دیکەشی لێ زیاد کرابوو. رۆژی ٩٣/٥/١٩ کومیساری پۆلیس لە یادداشتێکدا کە خستبویە سەر فایلەکە، نووسی کامبیز رووستا تەلەفۆنی بۆ کردوە و گوتوویەتی دەبێ هەندێ زانیاری بداتە پۆلیس. بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناتوانێ ئەو زانیارییانە بە فاکس بنێرێت. ڕۆژی٩٣/٥/٢٦ ڕووستا بە پۆلیسی ڕاگەیاند:

"من بۆ ئەم چاوپێکەوتنە لەبەر ئەوە ئاگاداری پۆلیسم کردەوە کە هەندێ ئێرانی دیاریکراو زانیاریی ئەوتۆیان پێدام کە لام وایە لە پێوەندی لێکۆڵینەوەکاندا گرنگ بن. ئەم زانیارییانە لە پێوەندی عەزیز غەففاریدان. من بەڵێنی شەرەفم بەو کەسانە داوە وا زانیارییەکانیان پێدام. پێویستە ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە نامەوێ لە ڕێگەی ئەم زانیارییانەوە کەسێك بکەمە بەر گومان...

١. لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٩١دا، کەسێك لە ئێرانەوە تەلەفۆنی بۆ عەزیزی غەففاری کرد. ناوبراو خۆی بە "هاشمی" ناساند. لە کاتی یەکەم تەلەفۆندا، عەزیز لە ماڵەوە نەبوو، سێ سەعات دواتر سەر لەنوێ تەلەفۆنی کردەوە و لەبەر ئەوەی خەڵکانی تر گوێیان لە قسەکان دەبوو، ئەوانەی وا لەوێ بوون، گوێیان لێ بوو عەزیز بەو کەسەی وا تەلەفۆنی بۆ کردبوو گوتی هێڵی تەلەفۆنەکە خراپە و نازانێ دەڵێ چی. ئەوەی وا تەلەفۆنی دەکرد و ئەوی بە "تۆ" بانگ دەکرد، گوتی [وا دیارە] ناتوانێ قسە بکەی و قسەکانی خۆی بەم ئاماژەیە کۆتایی پێهێنان کە دواتر تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە.

٢. دوو سێ مانگ دواتر عەزیز میوانێکی لە ئێرانەوە بۆ هات کە بۆ خەڵکی دەوروبەری نەناسیاو بوو. عەزیز بە بنەماڵەی خۆی گوت کە میوانەکەی هەمان کەسەیە وا بەناوی هاشمی یەوە تەلەفۆنی بۆ کردبوو و ویستبووی بێ ملۆزم قسەی لەگەڵدا بکات.

٣. سێ هەفتە دوای ئەم چاوپێکەوتنە، عەزیز بوو بە خاوەنی پاسپۆرتی ئێرانی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی. ناوبراو بە بنەماڵەکەی خۆی گوتبوو کە بەرتیلی داوە بە باڵوێزخانە [ی ئێرانی] جا داویانەتێ.

من دەمەوێ ئەوە زیاد بکەم و بڵێم ... دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر ئەوانەی بە من گوتران ڕاست بن، ئەوا ئاغای "غ" وا هەیە

بەشێوەیەك لە شێوەكان پێوەندی بە رێكخراوەی ئیتیلاعاتی ئێرانەوە هەبێت. بەدووریشی نازانم كە ئەو هەمان ئەوكەسەش بێت وا مەوعید [ی دانیشتنی میكۆنۆس] ی دركاندبێت. ئەودەم نیشانەیەكی دیكەش ئەوە دەبێت كە جینایەتەكە لەكاتی نان خواردندا كرا، ئەو دەمەی وا هەموان لەسەر مێزەكە ئامادە بوون و ئەوەش هەر "غ" دەكرێ بە تاوانبارانی راگەیاندبێت".

لە رۆژی ٩٣/٥/٢٧ دا هەمیسان "روستا" ویستی زانیارییەكانی خۆی لەو بارەیەوە تەواوتر بكات و بە پۆلیسی گوت:

- من قسەم لەگەڵ كەسێك كرد كە هاشمی بە شەخسی بینیوە. ئێستاش هەر نامەوێ ناوی ئەو كەسەتان پێ بڵێم. ناوبراو گوتی غەففاری لای كەم جارێك لە بەرلین بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ ئەو كەسە كردوە كە پێی دەگوترێ "هاشمی". بەم هۆیەوە دوور نییە ناوی ئەوی لە دەفتەری تەلەفۆنی خۆیدا نووسیبێت. من جارێكی دیكەش پێ لەسەر ئەوە دادەگرم كە ئەو قسانەی وا لێرە دەیكەم بۆی هەیە مەترسی بۆ ئەو كەسە دروست بكات كە زانیارییەكانی پێداوم.

دەمەوێ ئەوەش زیاد بكەم و بڵێم كە هاشمی زۆر "ئیسلامی" یەكی توند و تیژە و هەر بۆیەش پێیان گوتم كە ناوبراو سەیری چاوی ژنان ناكات و لە كاتی سڵاو كردندا تەوقە ناكات.

من پێشنیار دەكەم كە ئەو وێنانەی وا دوێنێ بە من نیشان دران، نیشانی ژنی غەففاریش بدرێن لەبەر ئەوەی هاشمی بینیوە [پاشان وشەی 'بینیوە'ی كوژاندۆتەوە و نووسیویەتی] وا هەیە بینیبێتی.

لە رۆژی ٩٣/٦/١٥ دا، روستا نامەیەكی بە فاكس بۆ پۆلیس نارد. ئەم نامەیەش هاورێ لەگەڵ یادداشتێك خرایە سەر فایلەكە:

"بەرێزان

دوای قسەكانمان لە كۆتایی مانگی پێنجدا دەمەوێت ئەم خاڵانەتان پێ رابگەیێنم:

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەزیز غەففاری لە ڕۆژی چوارشەممە ٢ ی مانگی مایسی ١٩٩٣ [١٩٣] لای من بوو بۆ ئەوەی سەبارەت بە پاسپۆرتە ئێرانییەکەی و میوانە ئێرانییەکەی قسەم لەگەڵدا بکات. ناوبراو گوتی پۆلیس لە لێپرسینەوەکانیدا سەبارەت بەو دوو بابەتە پرسیاری لێکردوە و ئەویش وەڵامی داوەتەوە کە:

١. کێشەی پاسپۆرتەکە ئاسایی بوە و ئەو ویستوویەتی بەبێ پێوەند گرتن لەگەڵ مەقاماتی ئێرانی پاسپۆرتی ئێرانی وەربگرێت...
٢. میوانە ئێرانییەکەی ناسیاوێکی ئێرانی بنەماڵەکەیان بوە.

ئێمە لەسەر ئەو بابەتانە بە دوور و درێژی قسەمان کرد و ئەوە منی لەو باوەڕەدا توندتر کرد کە ئاغای غەففاری لەگەڵ مەقاماتی ئێرانیدا پێوەندی ڕاستەوخۆی نەبوە. وەك پێشتریش گوتم و ئەمڕۆ لێی دڵنیام، دەبێ کەمتەرخەمی و پێوەندی ناڕوونی ئەو بووبێتە هۆی ئەوەی هەواڵی چاوپێکەوتن لە میکۆنۆس گەیشتبێتە دارابی و ڕێکخراوەی ئیتیلاعاتی ئێران"...

لە ڕۆژی ٩٣/٦/١ دا سەبارەت بە نەجاتی پرسیاریان لە دەستماڵچی کرد. ئەم لێپرسینەوەیە دوابەدوای قسەی موجاهیدین [ی خەلق] سەبارەت بە نەجاتی بوو. دوای پرسیار و وەڵام، ناوبراو زانیارییەکی دیکەی دایە پۆلیس:

"یادداشت

سەبارەت بە: پرسیار لە پەرویز دەستماڵچی

[ناوبراو] ڕۆژی ٩٣/٦/١، لەماوەی لێپرسینەوە، وەك شاهیدێك لەسەر نەجاتی، لە وت و وێژی سەرەتایی لە دەرەوەی لێپرسینەوەکاندا، ڕایگەیاند کە چوار یا پێنج هەفتە پێشتر ئاڵمانییەکی نەناسراو تەلەفۆنی بۆ کردوە و پێی گوتوە کە پۆلیسی جینائی ئاڵمانیا دەزانێ کە لە پێوەند لەگەڵ تێرۆری ڕەستورانی میکۆنۆسدا کێ خائینە.

---

[١٩٣] ڕۆژی ٢ ی مای١٩٩٣ ڕۆژی یەکشەممە بوو. ڕێکەوتەکە لەبەر ئەو هۆیە و بە سەرنجدانە سەر ناوەڕۆکی نامەکە، هەڵەیە. ڕێکەوتی بێ هەڵە، چوارشەممە دووهەمی ژووئەنی ١٩٩٣ یە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهۆی ئەو تەلەفۆنەوە ناوبراو ـ واتە دەستماڵچی، سەر لەنوێ بیری لە خائینی گونجاو کردۆتەوە و ئەم پاڵپشتانەی خوارەوە لەمەڕ خاوەنی رەستوران ـ عەزیز غەففاری، راستن:

١. ئەو ـ واتە دەستماڵچی، بیستوویەتی کە خاوەن رەستورانەکە ماوەیەك پێش تێرۆر لە رەستوران چۆتە دەرەوە لەبەر دەمی رەستوران ئەملا و ئەولا چوە.
٢. بکوژەکان لە کوێوە دەیانزانی کە هەموو کەسەکان لە سەر مێزەکەن؟
٣. بۆچی ئەو شەوە چێشتکەری رەستورانەکە لەوێ نەبوو؟ ئەو ـ واتە دەستماڵچی لەم بارەیەوە دوو ریوایەتی بیستوە:
   ١. چێشتکەرەکە ئەو شەوە نەخۆش بوە؛
   ٢. چێشتکەر بەهۆی ئەوەوە کە کەسێکی رێکوپێك نەبوە، لەکار دەکراوە.
٤. نیو سەعات پێش تێرۆرەکە، دوو کەسی ئاڵمانی هاتن و خواردنیان نەدرایە. ئەو ـ واتە دەستماڵچی، لەگەڵ خاوەنی رەستورانەکەدا لەم بارەیەوە قسەی کردوە و ئەو پێی گوتوە کە دەیانویست خواردن بخۆن بەڵام بەهۆی نەبوونی چێشتکەرەوە نەیاندراوەتێ.
   ئەوە جێگەی بیر لێکردنەوەیە کە خاوەن رەستورانەکە لەبەر ئەو تێرۆرەی وا بەرێگەوە بوو ـ ئەگەر لێی ئاگادار بووبێت، ئەم مشتەرییانەی داوەتە دواوە.
٥. بۆچی خاوەن رەستوران لەکاتی تەقەدا بەپاوە وەستابوو؟ دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەمەش نیشانەیەك بوە بۆ ناسینەوە.
٦. زیاد لەوانەش، ناوبراو بیستوویەتی کە پۆلیسی جینائی ئاڵمانیا لە کاری توێژینەوە لەمەڕ "خائین" دا سەرنجی داوەتە خاوەن رەستورانەکە.
٧. واهەیە تێنەگەیشتن لە مەوعیدی چاوپێکەوتنەکە، هەڵەیەکی بەئامانج بووبێت لەلایەن خاوەن رەستورانەکەوە.

ئیمزا: ڤان تریك[194] کۆمیساری بەرزی پۆلیس".

لە بەرانبەر هێرشی موجاهیدین بە مۆرەی سوارەی "نەجاتی" و لەژێر گوشاری دەوروبەریاندا کە بەردەوام مەسەلەی جاسووسیان دێنا گۆڕێ، پاشماوەی "دانیشتنی هەماهەنگی" بە مۆرەی پیادەی "تەبیب غەففاری" یارییان دەکرد و وەڵامیان دەدایەوە. بەڵام ئەم قسانە هەمووی لە پڕ و پێستدا مانەوە و فەزایان زیاتر ئاڵۆز کرد. قسەی ژێر پەردە سەبارەت بە جاسووس و شاردنەوەی ئەو زانیارییانەی وا دەبوایە یارمەتی دۆزینەوەی جاسووسی رژیمیان بدایە، ئەویش بەبیانووی نهێنی کاریی لە بەرانبەر رژیمدا پەرەیان بە گێژ و گومی مەسەلەکە دا، هەر چەندە هەموویان دەیانگوت رژیم لە هەموان زیاتر هەواڵی هەیە.

لە ئەنجامدا، دادگا دەستی بە کار کرد و هەموو فایلەکان کەوتنە بەرچاوی بیر و رای گشتی. هەر کامیان سەر لەنوێ بەدەنگی بەرز لەبەردەمی هەواڵنێران و بینەران قسەیان دەست پێکرد. ئەو قسانەی نەیاندەگوت و نەیاندەویست بەدەنگی بەرز بیڵێن، ئەمجار بەدەنگی بەرز گوتران.

لەرێگەی زانیارییەکانی موجاهیدین [ی خەلق] ەوە پێوەند لەگەڵ نەجاتی ـ سەدیقی و لەرێگەی چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە مەسەلەی جاسووس بوونی تەبیب غەففاری کەوتە بەر سەرنجی سەرەکی، هەروەها بەهۆی هاودەستی و هاودەنگی ئەو کەسانەوە کە لە دەوروبەری رووداوی میکۆنۆس بوون، پێوەندی کەسانی تر لەگەڵ هەواڵگر و شۆفاری گەورە و بچووکی کۆماری ئیسلامی قڕ و قەپی لێکرا.

دوای دەستپێکردنی دادگا، بەکردەوە دوو "تێز" کەوتنە رووبەڕووی یەکتر: تێزی نەجاتی ـ سەدیقی لەلایەك و تێزی جاسووس بوونی تەبیب غەففاری لەلایەکی تر، گەرچی مەنیتیقی رووداوەکە خۆی لە سەرەتاوە دەری دەخست کە جگە لەو دوو گریمانە ـ تەنانە ئەگەر یەك یا هەر دووکیان راستیش بن، زۆر واهەبوو لە رێگەگەلی زۆری دیکەشەوە هەواڵ گەیشتبێتە دەست رژیم. لایەنگرانی ئەو دوو گریمانە بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون لە چوارچێوەی

---

194 Van Treek

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرتەنگی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان بێنە ئەولاوەتر. ئەم دوو تێزە بەکردەوە بوونە شەڕگەی موجاهیدین و کومیتەی دژی تیرۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرلین. موجاهیدین پێیان لەسەر پێوەندی نەجاتی ـ سەدیقی دادەگرت و ئەندامانی کومیتەکەش ـ یا لای کەم ئەوانەی وا لەلایەن کومیتەوە بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد، پێیان لەسەر تەبیب غەففاری دادەگرت. دانیشتنی هەماهەنگی جگە لە "تاکەکەسەکان" لەم ڕێکخراوانە پێکهاتبوو: ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق، ڕێکخراوەی جمهوریخوازانی میللی ئێران و حزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران، کە موجاهیدین پێشاوپێش هەموویان بە دوژمنی خۆیان دادەنا و پێچەوانەکەشی ڕاست بوو.

هەرکام لەو تێزانە لە بەرژەوەندی سیاسی تایبەتی لایەنگرەکانیدا بوو. ڕاست بەهۆی ئەو بەرژەوەندییانەشەوە بوو کە پشتگیریان لێدەکرد نەك لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ ڕاستەقینەدا یەکی دەگرتەوە یاخود لەبەر ڕادەی ئەو زانیارییانەی وا هەر لایەك هەیانبوو. کورت و کرمانجی، کەس لەبیری ڕاستەقینەدا نەبوو. موجاهیدین نەیارانی سیاسی خۆیان دەکوتا و بەوەیان تاوانبار دەکردن کە جاسووسی ڕژیمن. پێوەندیی لەگەڵ ڕژیم بوو بە بابەتێکی توند و تیژی پروپاگەندەی موجاهیدین دژ بە ئەندامانی دانیشتنی هەماهەنگی و ئەندامانی "کومیتەی دژی تیرۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرلین". تا ئەو جێیەی کە نێوان ناخۆشی، کێشایە شەڕی نووسین و موجاهیدین لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەموو قسەی شاهیدان لە دادگاوە، بەکردەوە قسەی وایان خستە دەمیانەوە کە هەرگیز نەیان گوتبوو، ئەندامانی کومیتەش لە هەندێ ڕاگەیاندندا ئەوانەیان دایە دواوە. ئەوان داکۆکیان لە خۆیان، پێوەندییەکانیان، پێشینەی سیاسییان و سیاسەتی ڕۆژی خۆیان دەکرد، بێ ئەوەی بپەرژێنە سەر ئەسڵی مەسەلەکە. بە پەسند کردنی گریمانی جاسووسیەتی تەبیب غەففاری، هیچ تاوانێکی جیددی لەسەر هیچکام لە ئەندامانی دانیشتنی هەماهەنگی و چوار ڕێکخراوەکەی ئەندامی نەدەسەلما، واتە باسەکە بەوە کۆتایی پێدەهات کە جاسووس و بارودۆخی پەروەردە کرانی جاسووس کامەن. ئەگەر جاسووسی لە ڕێگەی

نەجاتی ـ سەدیقی یەوە وەربگیرایەت، دەست بەجێ ناوی ئەو کەسانە دەهاتە گۆڕێ کە لە پێوەندی ئەواندا بوون و بەم شێوەیە هەموو ئەندامانی دانیشتنی هەماهەنگی دەچوونە ژێر پرسیار.

کلاوس گرۆنە والد لە ڕێکەوتی ١٤ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٤دا، شایەدی لەسەر ڕاپۆرتێکی ئیداری دا کە لە ڕۆژی ٢٢ ی ئاوریلی ١٩٩٣ دا کەوتبوە بەردەستی داواکاریی گشتی و کاربەدەستانی لێکۆڵەر. هەروەها ڕاپۆرتی گرووپی کاری ئێران لە BfV لە مارسی ١٩٩٥ لە دادگا خوێنرایەوە. بەم دوو ڕاپۆرتە، پان و بەرین بوونی ڕووداو و بەربڵاویی عەمەلیاتی تیرۆر بەشێوەی ڕەسمی دەرکەوت و گرنگایەتی هەبوونی هەواڵگر و شۆفار بۆ بەڕێوەچوونی تێرۆر سەر لەنوێ پشتراست کرایەوە.

ڕۆژی ١٩ ی دیسامبری ١٩٩٥،BfV ڕاپۆرتێکی دیکەی دایە دادگا. لەو ڕاپۆرتەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەبوونی جاسووس پشتراست کرابووەوە. ئەم ڕاپۆرتە خۆی بەشێکە لە ڕاپۆرتی ٢٢ ی ئاوریلی ١٩٩٣ کە لەبەر هۆی پاراستنی سەرچاوە زانیارییەکانی BfV، ئەودەم ڕایان نەگەیاندبوو.

..."تیمەکە، پێش تیرۆر لەڕێگەی سەرچاوەیەکی وەزارەتی ئیتیلاعات و ئەمنیەت [ی ئێران] ەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕێبەرانی کورد دا هەبوو، بەروونی شوێنی کۆبوونەوەی ئەندامانی حزبی دیموکراتی دەستنیشان کرد. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەو سەرچاوەیە لەکاتی تێرۆردا لەناو ڕەستورانەکە بوو".

لە مانگی ژانویەی ١٩٩٦ گرونە واڵد مودیری بەرپرسی BfV سەبارەت بەم ڕاپۆرتە لە دادگا شایەدی دا.[١٩٥] ناوبراو بوونی ئەو سەرچاوەیەی

[١٩٥]. دوای ڕوون بوونەوەی ئەم خاڵانە سەبارەت بە جاسووس، وتەبێژانی کومیتەی ئۆپوزیسیۆنی دژە تیرۆری بەرلین، هەندێك زانیارییان دایە بەڕێوەبەر و هەواڵنێری ڕۆژنامەی تاگس ئیشپیگڵ. لە سەر بنەمای ئەو زانیارییانە، ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەدا چاپ کرا:

"... لە کاتی تێرۆری چوار سیاسەتمەداری ناو تاراوگە لە ڕەستورانی میکۆنۆس، جاسووسێکی دیکەی فەلاحیان لە شوێنی تاوانەکە بوو. ئەو کەسە قوربانییەکانی گرتبووە بەر چاوەدێری. بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی تاگس ئیشپیگڵ، ئێستا خاوەنی پێشووی ڕەستورانەکە، کە دەبێ نیشتەجێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشتراست کردەوە. بەڵام گوتی [ئەو کەسە] جگە لەوەی سەرچاوە بوو‌بێت زانیارییەکی دیکەی نییە و بە بۆچوونی ئەو، ئەو سەرچاوەیە پێویست ناکات سەرچاوەیەکی ئینسانی بوو‌بێت، واتە دەکرێ کەرەسەیەکیش بوو‌بێت. دوابەدوای زەختی پارێزەران و داواکاریی زۆر توندی دادگا، گرونە والد جارێکی دیکەش لە مانگی فەوریەی ١٩٩٦ دا وەك شاهید هاتەوە دادگا و گوتی من لە ٥ ی فەوریەدا چوومە ناوەندی رێکخراوەیەکی زانیاریی دۆستمان. لەگەڵ ئەفسەری فەرماندەی ئەو مەئموورەی وا زانیارییەکەی دابوو، قسەم کرد و فایلی

---

شوێنێکی نزیك دوسلدۆرف بێت، گەلێك گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە سەرچاوەی هەواڵ بێت بۆ وەزارەتخانەی فەللاحیان...."

Tagesspiegel، ١٢ی ژانویەی ١٩٩٦.

هەر ئەو هەواڵە ماوەیەك درەنگتر لە کەیهانی چاپی لەندەنیشدا بلاو کرایەوە. هەواڵەکە کاتێ کە لە بێژنگی تێگەیشتنی هەواڵدەر و رێکخەری بەشی "دیار و نادیاری کەیهانی چاپی لەندەن درا، بوو بە شتێکی هیچ و پووچ کە تێیدا دادگای میکۆنۆس و جاسووسی رژیمی ئێران پیلانێکیان رێك خستووە بۆ ئەوەی سیستەمی دادی ئاڵمانیا بگاتە رادەی تێگەیشتنی ئەوان و دادگاکەش هیچ نەبێت جگە لە کۆپییەکی دادگاکانی ئێران:

"دەزانین کە رۆژ و سەعاتی چاوپێکەوتنی رێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ جەند کەس لە ناحەزانی رژیمی ئیسلامی لە دوایین چرکرکاندا، تووشی گۆران هات- پەرویز دەستماڵچی کە خۆی لەو "چاوپێکەوتنی مەرگ"ەدا بەشدار ببوو ورزگاریی هاتبوو، ئەوی پشتڕاست کردحۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤکوژەکان هاتن و کاری خۆیان کرد و رۆیشتن. کەوابوو، دەبێ کەسێك ئەو گۆڕانکارییەی پێ ڕاگەیاندبێتن، هەرواشە. ئەو کەسە، بەهۆی پێشینەی سیاسی خۆیەوە-یەکیان ئەوەی ماوەی ١٠ ساڵ لە زیندانی شادا بوو- توانیبووی متمانەی کوردانی ناحەز بە رژیم وەها بەرەو خۆی بکێشێت کە ئاگاداری دوایین گۆڕانکاریی کاتی چاوپێکەوتنەکە بێت.

بەڵام بۆچی لە دادگای میکۆنۆسدا هەرگیز ناوی لێ نەبرا؟ئەوانەی وا لە کارەکەدان، هۆکارەکەی دەزانن کە ئەو ئاگاداری پیلانەکە بووە، ئەو زانیارییانە بەنرخانەی داوەتە دادگا، بەڵام نەك بە بەلاش، بەڵکوو بە مەرجی ئەوەی پارێزرانی قەزایی بۆ دابین بکرێت. بەڕواڵەت دەبێ ئەو داوخوازییەشی لێ قەبووڵ کرابێت. زانیارییەکانی ئەو، بەش بە حاڵی خۆی، تیشکێکی خستە سەر ڕەوتی دادوەری. شایانی باسە، کە ئێمەش ناوی ئەو کەسە دەزانین، بەڵام ڕاست لەبەر هەمان هۆ نایزرێنین کە ئەوانەی وا شارەزای بارودۆخەکەین نایکەن. کەیهان چاپی لەندەن، ژمارە ٦٥٣، ٢٤ ی ئاوریلی ١٩٩٧.

هەروەها بڕوانە: دەستماڵچی، پەرویز؛ ڕیشە ئیدیۆلۆژیکەکانی تێرۆریزمی ویلایەتی فەقیە و بەڵگەنامەکانی میکۆنۆس، چاپی یەکەم، ١٩٩٧-١٣٧٦، بەرلین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیوەندیدارم داوا کرد، بەمتمانەوە دەتوانم بڵێم ئەو سەرچاوەیە "سەرچاوەیەکی ئینسانی" بوو. لە ئەنجامدا، ئەو کەسە: ١. شۆڤار بوە و زانیاریی وردی داوەتە رژێم؛ ٢. لە کاتی تێرۆر لە رەستورانەکەدا بوە؛ و ٣. لە پێوەندی راستەوخۆی رێبەرانی کورددا بوە.

ئەم زانیارییە خۆی چەندە راستن؟ ئایا رێکخراوە زانیارییەکان کە ئەم هەواڵەیان راگەیاند، خاڵێکیان لێ کەم یا زیاد نەکرد بۆ ئەوەی جاسووسی ئەسڵی نەناسرێتەوە؟ سەبارەت بەم زانیارییە هیچ نیشانەیەکی تر بەدەستەوە نییە بتوانین بەیارمەتی ئەو، راست بوونی زانیارییەکە لەمەحەك بدەین، بەڵام بابەتی پێشکەشکراو لە راپۆرتەکانی ئەم رێکخراوەیە واتە ئەوانەی لە دادگا دەیتوانی لەرێگەی زانیارییەکانی دیکەوە هەڵیان سەنگێنێت، تاقە یەك خاڵی ناڕاستیشی تێدا نەبوو.

ئەگەر هەر سێ زانیارییەکەی ناو ئەو هەواڵە، راست بن ئەوا جاسووس دەبێ یەك لەو یازدە کەسە بووبێت کە لە کاتی تێرۆرەکەدا لە رەستورانەکە ئامادە بوون: ماریا، پیتر و ٩ کەس لە کەسانی ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی].

بە پشت بەستن بە راپۆرتی BfV سەبارەت بەو جاسووسە تەنیا دەکرێت بەو ئامانجانە بگەی کە دادئەستێن و پارێزەرانی شاکیانی تایبەت پێی گەیشتن و لە دوا قسەکانیان لە دادگادا پشتیان پێ بەست:

> "ئێمە لە سەرەتاوە سەبارەت بە خائین، تەرکیزمان لەسەر یەك کەس، واتە خاوەن رەستورانەکە بوو. پرۆسەی دادگا ئەو گومانەی ئێمەی پەسند نەکرد. بەداخەوەم کە خاوەن رەستوران دەبێ ئەم رەنجە، هاوڕێ لەگەڵ ئازاری لەش، هەڵبگرێت".
>
> وێبلاند، پارێزەری هاوسەری دیهکوردی
>
> بەڵام جەنابی سەرۆك مۆڵەتم پێبدەن بەوانەی وا دەربەستی مەسەلەکەن بە تایبەت بینەرانی دادگا بڵێم کە زیاد لە یەك گومان لێکراو بە خەیانەت هەیە، گەرچی ژمارەی ئەو کەسانەی وا بە شێوەی سروشتی دەتوانرێت گومانیان لێبکرێت گەلێك بەربەست کراوە."

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێریگ، پارێزەری هاوسەری عەبدولی

[ئەو حەوت دێڕەی سەرەوە لەبەر لاپەڕە ١٥٠ ی چاپی دووهەمی کتێبەکە تەرجەمە کرا. وەرگێڕ]

"ژمارەی ئەوانەی وا گومانی خائین بوونیان لێدەکرێت، بەربەست (مەحدود)ە و دەتوانێ تراژیك بێت ئەگەر خائین خۆی تیرۆری ئەزموون کردبێت و گیانی دەرنەبردبێت".

یوست ـ دادئەستێنی بەرز

جاسووس و هەواڵگرانی دیکە لەماوەی تیرۆری میکۆنۆسدا هەرگیز بەشێوەیەکی روون تەنانەت ناویان نەهاتە گۆڕێ. گەرچی کۆمەڵێ کەسانێك کە دەرەتانی ئەم کارەیان هەبوو، لە چەند دەرزەنێك زیاتر نەبوون. ئۆپۆزیسیۆن لەم بارەیەشەوە نەیویست و نەیتوانی چالاکییەکی جیددی و بەسوودی هەبێت .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٦. دوايين داكۆكييەكان

دوابەدواى قۆناغى پێشكەش كردنى بەڵگەنامە و پێراگەيشتنيان لەلايەن دادگاوە، بە تەرتيب نوێنەرانى داواكارى گشتى، پارێزەرانى شكايەتكارانى تايبەت، پارێزەرانى تۆمەتباران و تۆمەتبارەكان خۆيان، دواقسە و هۆيەكانى خۆيان پێشكەش بە دادگا كرد. خوێندنەوەى دوايين داكۆكييەكان بەهۆى هاتن و شايەديدانى شايەدانى نوێوە سێ جار وەستێنرا. دواى هەر وەستانێك هەموو لايەنەكان مافى ئەوەيان دەبوو سەر لەنوێ دەست بە دوايين داكۆكى خۆيان بكەنەوە. بەم شێوەيە لەماوەى چوار دەورەدا سزاخوازى و داكۆكييەكان پێشكەش كرانەوە.

دەورى يەكەم ـ ٢٥ ى ژوئەنى ١٩٩٦؛

پێش دەستپێكردنى سزاخوازيى، بەهۆى رەزامەنديى ئێران لەمەڕ شايەديدانى دوو شايەد لە ئێرانەوە، كەوتە دواوە.

دەورى دووهەم ـ ١٢ تا ١٩ ى نۆڤامبرى ١٩٩٦؛

خوێندنەوەى سزاخوازيى داواكاريى گشتى، رۆژانى ١٢، ١٤ و ١٥ ى نۆڤامبر؛

دوايين داكۆكى پارێزەرانى شكايەتكارانى تايبەت: ئێريك ويەشكە ٢١ ى نۆڤامبر و ويبلاند ٢٢ ى نۆڤامبر؛

دوايين داكۆكى پارێزەرانى تۆمەتبارەكان: پرسيوس و باوماير ٢٨ و زالم ٢٩ ى نۆڤامبر. وەستان بەهۆى داواكاريى پارێزەرانى عەيادەوە بۆ ئامادەبوونى چەند شايەد و پێشكەش كردنى نامەيەك و فايلێك سەبارەت بە ميسباحى لەلايەن دەوڵەتى ئێرانەوە.

دەورى سێهەم ـ ١٤ ى فەوريە تا ١ ى ئاوريلى ١٩٩٧

خوێندنەوەى سزاخوازيى داواكارى گشتى ١٤ ى فەوريە.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوایین داکۆکی پارێزەرانی تۆمەتبارەکان: هیدریش ٢٠ ی فەوریە و کایزەر ٢٧ ی فەوریە و وردینگر ٢٧ ی فەوریو و شپانگن برگ ٣ ی مارس؛

دوایین داکۆکی پارێزەرانی تۆمەتباران: ئەمین، عەتریس و راحیل ١ ی ئاوریل. وەستان بەهۆی داواکاریی پارێزەرانی راحیل لە دوایین داکۆکییەکانی خۆیدا بۆ هێنانی شایەدی نوێ، هەروەها پێراگەیشتن بە رێکەوتی لەدایکبوونی نوێ کە راحیل بۆخۆی هێنابوە گۆڕێ.

دەوری چوارەم ـ ٣ ی ئاوریلی ١٩٩٧

خوێندنەوەی سزاخوازی: ٣ ی ئاوریل،

دوایین دیفاعی پارێزەرانی شکایەتکارانی تایبەت: ئێریك ٣ ی ئاوریل

دوا داکۆکییەکانی تۆمەتباران: دارابی ٣ ی ئاوریل.

## ئا. دەوری یەکەم

دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی پێداچوونەوەی فایلەکان و گوێ راگرتن بۆ شایەدییەکان، دادگا رایگەیاند کە داواکاری گشتی لە رۆژی ٢٥ ی ژوئەنی ١٩٩٦ دا سزاخوازی بخوێنێتەوە و پاشان پارێزەران و تۆمەتبارەکان دواقسەی خۆیان بکەن. تا ئەو کاتە، لە هۆڵی دادگادا ژووری تایبەت بۆ دانیشتنی تەرجومان و تەرجەمە کردنی هاوکاتی دوایین داکۆکییەکان دروست کرابوو. رۆژی ٢٥ ی ژوئەن پێش ئەوەی کە داواکاری گشتی دەست بە خوێندنەوەی سزاخوازی بکات، سەرۆکی دادگا رایگەیاند کە چەند نامەیەك گەیشتۆتە دادگا.

بەگوێرەی نامەکان، رۆژی ٢٤ ی ژوئەن باڵوێزخانەی ئێران لە شاری بۆن، شمید باوێری ئاگادار کردۆتەوە کە دوو شایەدی دانیشتووی ئێران ئامادەن کە لە رۆژی ٢٥ ی ژوئەندا لە باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە تاران شایەدی بدەن و شمید باوێریش ئەم مەسەلەیەی بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە و وەزارەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادپەروەریی ئاڵمانیا راگەیاندوە. وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانیش هەمان مەسەلەی بە باڵویزخانەی ئاڵمانیا راگەیاندوە. خوێندنەوەی سزاخوازی پێش ئەوەی دەست پێ بکرێت، لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە وەستێنرا.

## ب. دەوری دووهەم

### سزاخوازی

قۆناغی پێشکەش کردنی بەڵگەنامە و شایەدییەکان دوای شەش مانگ دواکەوتن، لە رۆژانی ١٢، ١٤ و ١٥ ی نۆڤامبردا هاتە کۆتایی و هەیئەتی داوەران رایانگەیاند کە لایەنەکانی کێشەکە خۆیان بۆ دوایین داکۆکی ئامادە دەکەن.

نوێنەرانی داواکاری گشتی رایانگەیاند کە خوێندنەوەی سزاخوازی کە لە ٢٥٠ لاپەرەدا ئامادە کراوە ماوەی ٣ رۆژی پێدەچێت. دادگا رۆژانی ١٢، ١٤ و ١٥ ی نۆڤامبری بۆ خوێندنەوەی دەقەکە گرتە بەرچاو. بۆ ئەو ئیحتماله چاوەڕوان نەکراوەی کە بکرێ ببێتە هۆی لەناو چوونی دەقی سزاخوازی، رۆژێك پێشتر ناردیانە بەرلین و نوێنەرانی داواکاری گشتیش نوسخەیەکی دووهەمیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا.

دوایین داکۆکی و سزاخوازی دەبێ لە دادگادا بخوێنرێتەوە و پێشکەش کردنی دەقەکانیان بە دادگا لەباری یاساییەوە پێویست ناکات. پارێزەرانی دارابی جەختی ئەوەیان دەکرد کە دەقی سزاخوازی بدرێتە ئەوان. دادئەستێنی بەرز، یۆست، گوتی شەخسی خۆی دژایەتییەکی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە دەقەکە بدرێتە دادگا و پارێزەرەکان، بەڵام دائیرەکەی بەرگریی ئەم کارەی لێکردوە ئەویش داوای لێبوردن دەکات.

لەکاتی خوێندنەوەی سزاخوازیدا، "پانکا" ی پارێزەری دارابی نارەزایی دەربڕی کە بەهۆی خێرا خوێندنەوەی دەقەکە لەلایەن نوێنەرانی داواکاری گشتییەوە، "خێرانووس"انی پارێزەرەکان فریا ناکەون دەقەکە بەتەواوەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنووسنەوە. سەرۆکی دادگا ئەم نارەزاییەی دایە دواوە و گوتی دەقەکە بۆ ئەوە ناخوێنرێتەوە کە بینووسنەوە. پانکا سەر لەنوێ پرسیاری کرد ئایا دادگا دەقەکە دەداتە هەیئەتی داوەران؟ داواکاری گشتی بە سەرسوڕمان و تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە هەر شتێك بدرێتە هەیئەتی داوەران بێگومان دەردێتە لایەنەکانی دیکەش و پشتراستی کردەوە کە داواکاری گشتی دەقەکە ناداتە هیچ کەس.

سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەی دەوڵەتی ئێران و چالاکی بەربڵاوی دیپلۆماتیك بۆ بەرگری لە خوێندنەوەی سزاخوازی، هەر چۆنێك بوو، سەعات ٩ ی سەر لە بەیانی سێ شەممە ١٢ ی نۆڤامبری ١٩٩٦ دادگا بۆ گوێ ڕاگرتن بە سزاخوازی پێك هات.

سەرەتا سەرۆکی دادگا رووی کردە ئامادەبوان و گوتی وەك لە رابردووشدا وابوە، وێنەگرتن، فیلم هەڵگرتن و تۆمار کردنی دەنگ لە دادگادا یاساخە و بەپێچەوانەی دانیشتنەکانی پێشووی دادگا، پارێزەران دەتوانن خێرانووس و "تایپیست" ی خۆیان بهێننە ناو دادگاوە. پاشان یوست دەستی کرد بە خوێندنەوەی سزاخوازی. سەرتا کورتەیەك لە پرۆسەی دادگای پێشکەش کرد و ئاماژەی کرد بە گرینگایەتی دادگاکە و ئەو دەنگ و هەرایەی خوڵقاندوویەتی و گوتی دادگا بەشێوەیەکی ئاسایی بەرێوە دەچێت بەڵام روانین و هەڵس و کەوتی ئێران بەنیسبەت دادگاکەوە نائاسییە. بەپێچەوانەی بۆچوونی بەرپرسانی حکوومی لە ئێران، ئیعلام جورمی دادگا دژ بە مەقاماتی رەسمی ئێران لەم راگەیشتنانەی دادگادا نائاسایی نییە، ئەوەی نائاسایی بێت دەست تێوەردانی بێوچانی ئێرانە بۆ بەرگری کردن لە بەرێوەچوون و هەروەها بۆ تێکدانی دادگا. پێشکەش کردنی بەڵگەنامە لە تێرۆرەکانی نەمسا (ئوتریش)، قبرس و هامبورگ و هەروەها بانگ کردنی شایەدانی وەك حوسێنی، گەنجی و بەنی سەدر بۆ دادگا هیچکامیان نائاسایی نەبوون، نائاسایی دەست تێوەردانی بێوچانی ئێران بوو بۆ بەرگریکردن لەم دادپرسییە.

ناوبراو گوتی جیا لە هەموو کارێکی تر، من تەنیا دەستنیشانی هەڕەشەیەك دەکەم لە زمان "ویلایەتی" ـ وەزیری کاروباری دەرەوە [ی ئێران] ەوە

لەمانگی مارسی ١٩٩٦ دا. ناوبراو بەراشکاوی لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی ئەگەر بێت و یەك ئێرانی لەو دادگایەدا حوکم بدرێت، ئاڵمانیا دەبێ تاوانێکی قورس بداتەوە؛ هەروەها باڵوێزی ئێران لە "بۆن" لە نامەیەکدا ئەم دادگایەی بە پیلانی سەهیۆنیزمی جیهانی ناوبرد. ئێمە دەری دەخەین کە ئەو چوار قەتڵە هاندەر و ئەنگیزەی سیاسییان هەبوە و بەشداریی کردنی تۆمەتبارەکان لە قەتڵەکاندا پێوەندی راستەوخۆی هەبوە لەگەڵ ئامانجی پشت پەردەی بەرپرسان [ی ئێران]. لە چەند هەفتەی رابردوودا باسی زۆر لەوە کراوە کە ئێران لەسەر کورسی تۆمەتباریی دادەنیشێت. ئەم قسانە راستن لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێران فەرماندەری ئەم کوشتنانە بوە.

سەبارەت بە دەست تێوەردانی دەوڵەتی ئاڵمانیا، یوست گوتی بەپێچەوانەی ئەوەی لە دەرەوەی دادگا دەگوترێت، ئێمە توانیمان لە هەموو لایەنێکەوە بەبێ ملۆزم، لێکۆڵینەوە بکەین و بەڵگەنامە گردوکۆ بکەین. بەرپرسانی حکوومی [ئاڵمانیا] تەگەرەیان نەخستە کارمانەوە و تەنانەت تا ئەو شوێنەی کە توانییان بۆ نموونە لە مەسەلەی شایەدیدانی گەنجی و بەنی سەدر و هاتنیان بۆ ئاڵمانیا، کۆسپیان نەخستە سەر رێگەمان.

هۆی زەخت و زۆر و دەست تێوەردانی دەوڵەتی ئێران ئەوەیە کە ناوی دەوڵەتەکەیان وەك بەرپرسی تێرۆرەکان نەبرێت، بەڵام ئەوان ناگەنە ئامانجی خۆیان، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێت و بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی وا دراونەتە دادگا، قەرار دەربچێت، هیچ رێگەیەکی دیکە نییە جگە لەوەی کوشتنەکان بە قەتڵی سیاسی دابنرێن. بەڵام قەرارەکە خۆی، سیاسی نییە لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی بەڵگە و قسەی روون و ئاشکرا رادەگەیێنرێت. بەپێچەوانە، قەراری دادگا کاتێ دەبێتە سیاسی کە ئەم بەڵگەنامانە نەگیرێتە بەرچاو و ترسی ئەوە هەبێت کە بەڕێوەبەرانی پشت پەردەی تێرۆر ناوبردە نەکات.

لەم چوار ساڵەدا، نەك هەر لەو خاڵانە بەڵکو لە زۆر لایەنی دیکەشەوە هەوڵ درا دادپرسییەکە لە ناوەرۆکە سەرەکییەکەی خۆی دوور بخرێتەوە و بە هێنانە گۆڕێی رۆژانەی بابەتی بچووکی وەك سەرئێشە و نەبوونی کوانوو بۆ چێشت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێنان و شتی دیکەی لەو چەشنە، هەوڵ درا چوار قەتڵ بخرێتە فەرامۆشییەوە. دەربڕینی ئەو شتانە تەنانەت ئەگەر لە شوێنی خۆشیاندابن، نابێ ببنە هۆی لەبیر کردنی ئەو مەسەلە گرنگەی کە کەسوکاری قوربانییەکان ئێستا لێرە ئامادەن و مافی ئەوەیان هەیە داوای ماف و بەرێوەچوونی دادپەروەری بکەن. پرۆسەی دادرەسی دەبێ بتوانێت بە بێ ئەگەر و بەڵام، مەسەلەی ئەو چوار قەتڵەی وا لە ٩٢/٩/١٧ دا روویداوە روون بکاتەوە. ئەگەر دوای قەرارەکە، رێکخراوە و ئۆرگانی دیکە لە شوێنی تر مەجبوور بن بریارگەلێك بدەن، ئەوە پێوەندی بە دادرەسی ئێمەوە نییە و بەرپرسی ئەو کارانەی وا بۆی هەیە لە داهاتوودا بکرێن لە ئەستۆی ئەوانەیە وا بەنهێنی ئەم تێرۆرەیان رێك خست. ناوبراو لە کۆتایی سەرەتاکەیدا، ستایشی فەزای باش و حیرفەیی کرد لەماوەی دادوەرییەکەدا و گوتی لە محاکەمەیەکی وا دوور و درێژدا، ئەم شتە زۆریش ئاشکرا و روون نییە.

پاشان دادئەستێنی بەرز گیئورگ دەستی بە خوێندنەوەی سزاخوازی کرد. سەرەتا کورتەباسێکی لە ژیانی تۆمەتباران راگەیاند، ئینجا لە هۆکارە مێژوویی و سیاسییەکانی دوا و لەسەر ئەساسی راپۆرتی پسپۆران و شایەدەکان، ئەم رووداوانەی بەگوێرەی رێکەوت خستە بەرباس: پێکهاتنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەتا سەردەمی شۆڕش [ئێران]، سیاسەتەکانی حزب لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی و وەڵامی رژیم و راونانی رێبەرانی حزب، تێرۆری قاسملو لە ویەن لە ساڵی ١٩٨٩ و هەڵاتنی بکوژەکانی بۆ باڵوێزخانەی ئێران، چۆنیەتی هەڵبژێررانی شەرەفکەندی و هۆگەلی بڕیاری کومیتەی کاروباری تایبەت بۆ تێرۆر کردنی ناوبراو، کۆنگرەی ئینترناسیۆنالی سۆسیالیستی و بەشداری کردنی وەڤدی حزبی دیموکراتی کوردستان، چۆنیەتی مەوعید دانان لەگەڵ هەندێ کەسی ناو ئۆپۆزیسیۆن و چۆنیەتی تێرۆرەکە.

نوێنەری داواکاری گشتی باسی لە دەور و پاڵنەری تۆمەتبارەکان ـ بەتایبەت دارابی، ئەمین و راحیل و پێوەندییانی لەگەڵ حیزبوڵا کرد و لە پێوەندی نێوان ئەو لایەنانەدا دەوری ناوەندە ئیسلامی و بازرگانییەکانی ئێرانی لە رێکخستنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو تیرۆرانە روون کردەوە. ناوبراو دوو تۆمەتباری دیکەی واتە عەیاد و عەتریس کە ئاگایان لە تیرۆرەکە هەبوو، بە یارمەتیدەر ناوبرد و دەوری ئەوانیتری لە دەوری تۆمەتبارەکانی دیکە جیاواز هەڵسەنگاند.

بەشی دوور و درێژی سزاخوازی تایبەت بە تۆمەتبار عەیاد و محەمەد جەڕادە وەك تاقە شایەدی عەیاد بوو. داواکاری گشتی شایەدییەکانی ئەوی بەجێگەی بڕوا دانا. پارێزەرانی تۆمەتبارەکان بەتایبەت دارابی هەرا و هورایەکی زۆریان خستەڕێ و دەیان گوت ئەمین و داواکاریی گشتی دژ بە دارابی پێکەوە سازاون. ئەوان دوای هەڵسەنگاندنەکانی داواکاری گشتی لە تاوانی ئەمین، لە بەرانبەر رۆژنامەنووسەکاندا رایان گەیاند کە "هەموو پیساییەکان کەوتنە سەرئاو". نوێنەرانی داواکاری گشتی هەموو جووڵانەوە و ئاماژە و قسەکانی ئەمینیان لەماوەی لێپرسینەوە و دادگادا خستبوە ژێر زەرەبین و لە هەڵسەنگاندنێکی بەڕێ و جیدا رایانگەیاند و گوتیان کە "ئەمین خۆی باشترینەکەی هەڵبژارد".

نوێنەری داواکاری گشتی جەختی لەسەر سیاسی بوونی تیرۆرەکە کرد و گوتی بەشداریی کردنی دارابی، راحیل و ئەمین لەم تیرۆرەدا بەبێ داواکاریی ئێران روون ناکرێتەوە. ئەو سێ کەسە نە پێوەندێکیان لەگەڵ قوربانییەکاندا هەبوە و نە تەنانەت ناسیویانن. ئەنگیزەی ئەم سێ کەسە، لەراستیدا ئەنگیزەی پلان دارێژەرانی تیرۆرەکە بوە و هەر ئەوەش تیرۆرەکەی کردۆتە تیرۆرێکی سیاسی و ئەم تیرۆریزمەی کردۆتە تیرۆریزمی دەوڵەتی. ئەم دادرەسییە دەلاقەیەکی هەندێك کردەوە و دەرەتانی ئەوەی پێداین کە نیو نیگایەك لە مەکینەی مرۆڤکوژیی لە ئێران بکەین، ئەو مەکینەیەی وا مافی ئەوە دەداتە خۆی کە هەر نەیارێك لە سەر رێگەیدا بێت لەناوی بەرێت. کێشەی کوردەکان ئەو کێشەیە نەبوو کە هەموو کەسێکی ناو رژیم بتوانێ بڕیاری لەسەر بدات. **بەڵگەکان دەری دەخەن کە رێبەرانی پلەی یەکەمی رژیمی ئێران واتە رێبەری ئایینی، سەرەك کۆمار، وەزیری کاروباری دەرەوە، وەزیری ئیتیلاعات و ... راستەوخۆ دەستیان هەبوە لە دەرکردنی فەرمان و پلان دارشتنی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**تیرۆرەكەدا.** تەنانەت پێوەندی باشیان لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمانیا نەك هەر بەرگری ئەم كارەی لێ نەكردن، بەڵكوو بەپێچەوانە ئەوەیان بەخاڵێكی ئەرێ یی دانا كە لە رێگەی ئەوەوە بتوانن لە شوێن گرتنی كێشەكە دوور رابگیرێن.

پشت ئەستوور بوونی یەك لایەنە بە زانیاریی رێكخراوە ئیتیلاعاتی ـ جاسووسییەكان لە كاری دادرەسیدا هەڵەیە، لەبەر ئەوەی ئەم چەشنە رێكخراوانە بەعادەت ناتوانن سەرچاوەكانی خۆیان بە دادگا بناسێنن و بەم شێوەیە پێراگەیشتنی ئەم سەرچاوانە لەلایەن دادگاوە نەگونجاو دەبێت. بەڵام لەم دادرەسییە تایبەتەدا هەموو زانیارییەكانی ئەم رێكخراوانە بە بەڵگە و زانیاری غەیری خۆیانەوە، لەلایەن ئەوانەوە پشتڕاست كرایەوە و تەواو كران. راپۆرتەكانی BND لەگەڵ قسەكانی ئەمیندا یەكیان گرتەوە. راپۆرتەكانی BfV لەمەڕ دارابی و تۆمەتبارەكانی تر بەهۆی پێشكەش كرانی بەڵگەنامەكانی گوێراگرتن و هەروەها شایەدەكانی دەوروبەری تۆمەتبارەكانەوە تەكمیل و پشتڕاست كرانەوە. راپۆرتی لەمەڕ بەشداریی مەقامات و ئۆرگانە دەوڵەتییەكانی ئێران لە تیرۆرەكە، لەلایەن شاهیدی "ث" یەوە پشت راست كرایەوە. ئەوانە، رادەی وردبینی و راستی راپۆرتەكان دەگەیێنن و ئیتر ناتوانرێت كەمترین گومانیان لێ بكرێت.

ناوبراو سەبارەت بەو شایەدانەی وا راستەوخۆ شایەدی رووداو یا تۆمەتبارەكان نەبوون، گوتی: پرۆفیسۆر شتاین باخ بەرێوەبەری دامەزراوی رۆژهەڵاتناسی ئاڵمان روخسارێكی گەشاوەی لە ئامانجە سیاسی ـ ئایدیۆلۆجیكەكانی رێبەرانی ئێران بۆ لەناو بردنی رێبەرانی حزبی دیموكراتی كوردستان كێشایەوە. زانیارییەكانی "گەنجی" جێگەی بڕوا بوون و بەهۆی بەڵگەنامەی دیكەشەوە پشتڕاست كرانەوە. بەنی سەدر شایەدێكی ئەستەم بوو و هەندێ لایەنی وردبوونەوە لە قسەكانیدا دەبینرا، بەڵام ئەو وردبوونەوانە پێوەندیان بە چەشنایەتی پێوەندەكانی ناوبراو لەگەڵ سەرچاوەكانییەوە هەبوو. ناوبراو وەك یەكەم سەرەك كۆماری ئێران خاوەنی توانایەكی سیاسی زۆر بوو. بەڵام

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرگیز هیچ زانیارییەکی هەڵە و درۆی نەدایە دادگا و لەرێگەی ناساندنی سەرچاوەکانییەوە، بەکردەوە خۆیشی خستە سەر مەحەکی ئەزموون کردن.
بایەخی قسە و راپۆرتەکانی شاهیدی "ث" واتە ئەبولقاسمی میسباحی سەداسەد بوو. عەینی بوونی قسەکان، ناساندنی سەرچاوە و وردبینی و زاکیرەی بەهێزی لەرادەبەدەر، هەروەها دوور کەوتنەوە لە باسی ئەو مەسەلانەی وا نەیدەزانین، هەموو نیشاندەری توانای ناوبراو بوون لە زانیارییەکانیدا.
زانیارییەکانی شایەدی "ب" واتە فازیل ئەڵلا وێردی نیکجە، گشتی و دەستی دوو بوون و بۆ لێکۆڵینەوە نابن واتە ناکرێت لە دادگایەکدا پشتیان پێ ببەسترێت، هەر بۆیەش لە سزاخوازیدا ئاماژەیان پێنەکراوە.
داواکاری گشتی لەمەڕ چۆنیەتی ئاشکرابوونی شوێن و کاتی دانیشتنەکەی ناو رەستوران و هەبوونی خائینێك لەناو ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێران] دا، گوتی:
ئەو زانیارییە خێرا و بێ هەڵەیەی وا تیم [ی تێرۆر] دەستی کەوت و دوایین تەمرینی شەوی پێش تێرۆرەکە دەری دەخات کە <u>تیمی تێرۆر لای کەم یەك سەرچاوەی لەناو ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی] دا هەبوە کە ئەویش لەپێوەندی رێبەرە کوردەکاندا بوە.</u> ئەوە بۆچوونی ئێمە بوو لەمەڕ چەشنایەتی تێرۆرەکە. <u>زانیارییەکانی رێکخراوەی زانیاریی ناوخۆیی ئاڵمانیا بۆچوونی ئێمەیان تەکمیل کرد کاتێ گوتیان ئەو سەرچاوەیە لە شەوی تێرۆردا لە رەستورانەکە ئامادە بوە.</u>
<u>**تراجیدیای تێرۆرەکە دەتوانێ ئەوە بێت کە سەرچاوەی زانیاریی رژیمی ئێران شایەدی تێرۆرەکە بوو بێت بەڵام گیانی لەدەست دابێت.**</u> بەداخەوە ئەم بۆچوونە، پەسندی قسەی فەلاحیان دەکات لە مانگی ئوگوستی ١٩٩٢ دا کە گوتبووی ئێمە خۆمان خزاندۆتە ناو حزبەکەوە. ئەوەی کە لەم پێوەندییەدا دەکرێ بگوترێت ئەوەیە کە ژمارەی خەڵکی جێگەی گومان گەلێك بەرتەنگە و کاتێکیش بزانین سەرچاوەکە خۆی لە رەستورانەکەدا ئامادە بوە، ئیتر ئەو ژمارەیە گەلێك کەمتریش دەبێتەوە.
داواکاری گشتی لە کۆتایی قسەکانیدا، داوای سزادانی تۆمەتبارەکانی کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پارێزەرانی سکاڵاکارانی تایبەت

رۆژی ٢١ ی نۆامبری ١٩٩٦ هانس یواخیم ئێریگ دوایین داکۆکییەکانی خۆی لەماوەی ٤ کاتژمێردا پێشکەش کرد. ئێریك گوتی شکایەتکاری تایبەت ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە بابەت و بەڵگەکان لە روانگەی قوربانییانەوە روون بکاتەوە هەڵیانسەنگێنێت.

رەنگدانەوەکانی تاران لە بەرانبەر سزاخوازیدا گەلێك ناچیزە و حەقیرانەیە. دەوڵەتی ئاڵمانیا لە بەرانبەر گوشاری ئێراندا نەك هەر قەرزدار نییە مەسەلەی سەربەخۆیی دادپەروەری ئاڵمانیا وەك وەعز و نەسیحەت دووپات بکاتەوە و زاراوەیەکی وای هەبێت کە داوای لێبوردنیان لێ بکات، بەڵکوو بۆ رەفز کردنەوەی راشکاوی گوشاری باج بگیرانەی ئێران قەرزداری تاك بەتاکی نوێنەرانی داواکاری گشتی بەڵکوو قەرزداری دادگاشە.

داواکاریی گشتی رایگەیاندوە کە لێکۆڵینەوەکان بەشێوەیەکی ئازاد و بە دوور لە شوێن دانانی دەوڵەت لەسەر مەسەلەکە بەرێوە چوە. بەڵام تاقە شێوازی شوێن دانانی دەوڵەت ئەوە نییە فەرمان بداتە مەئموورانی لێکۆڵینەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا دەوڵەتی ئاڵمانیا شوێنێکی تریان لەسەر دادگا دانەناوە؟ دەبێ ئەوە بزانرێت کە سەرەڕای ئەوەی بەرپرسانی حکوومی ئاڵمانیا لە وت و وێژی تەلەفیزیۆنی مانگی ئووتی ١٩٩٢ ی فەلاحیان، کە لێرە وەك بەڵگە باسی لێوە کرا، ئاگادار بوون و سەرەرای زانیارییەکانی BfV سەبارەت بە بەشداری کردنی ناوبراو لە تێرۆری میکۆنۆس، لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ دا فەلاحیان وەك میوانێکی حکوومی بانگ کرایە ئاڵمانیا. هەروەها دەبێ ئەوەش بزانرێت کە شمید باوێر داواکاریی [ئێران] لەمەڕ شوێن دانان لەسەر کارەکان و بەرگری کردن لە بەرێوەچوونی دادگای بۆ ماوەی ٦ مانگ خستە پشت گوێ و لە بەرانبەر پەرلەماندا گوتی ئەو شتە [لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا] باسی لێوە نەکراوە. شمید باوێر چەندەها جار گوتی "هەر کەس وردەکارییەکان بزانێت دەگاتە ئەنجامێکی تر." ئەم قسەیە لە مەتەڵۆکە دەچێت و چەشنە شوێن دانانێکە لەسەر کاروباری دادگا. شوێن دانانی ناراستەوخۆ لە پلەیەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکەشدا هەبوە: بەرگری کردنی مەقاماتی دەوڵەتی لەوەی بەڵگەنامەی ڕێکخراوە زانیارییەکانی [ی ئاڵمانیا] بدرێنە دادگا و یەك لەوانە، ڕاپۆرتی گروپی کاری ئێران هەروەها شایەدانی بەڕێوەبەری ناوچەیی BfV نموونەی ئەو شوێن دانانەن.

شایەدی "ث" شایەدیی ئەوەی دابوو کە ڕەفسەنجانی هێڵی ئەو جووڵەیەی کێشاوە. بەگوێرەی ئەو هێڵە دەبوایە قەراری دادگای میکۆنۆس وەك قەرارێکی سیاسی لەقاو بدرایە. دواتر ڕەفسەنجانی لە وت و وێژ لەگەڵ گۆڤاری شپیگل دا، دادگای میکۆنۆس و قەراری دادگاکەی بە "سیاسی" ناوبرد. بەڵام من ئەو قەرارە بە سیاسی دەزانم کە لەسەر ئەساسی بەڵگەنامەی پێشکەش کراوی دادگا دەرنەچووبێت بەڵکوو بەگوێرەی هەل و مەرجی سیاسی گەیشتبێتە ئەنجامێکی لەپێشەوە داڕێژراو و لەسەر بنەمای ڕاستەقینە دانەنرابێت، واتە قەرارێك بێت کە لەبەرانبەر گوشارەکانی تاراندا سەر دابنەوێنێت و سەرەڕای هەبوونی بەڵگەنامەی بەرچاو، ناوی ئەو کەسانەی نەدرکێنێت کە فەرمانی کوشتارەکەیان دەرکردوە. من لام وایە خاڵێکی ئەوتۆ، شیاوی دادگایەکی بەرزی وەك ئەم دادگایە نییە ـ دادگایەك کە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا، ملی بۆ شا دانەنەواند و ئەم ڕستەیە ناوبانگی جیهانی دەرکرد کە **"ئێستاش لە بەرلین دادوەر هەرهەن".**

ناوبراو پاشان وەك سەرەکیترین بەشی داکۆکییەکانی خۆی، چوە باسی تێرۆریزمی دەوڵەتی و ١٥ هۆکاری لەم بارەیەوە بەوردە ریشاڵ باس کرد: ڕاونانی کوردانی ئێران بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی و لەبەر هۆی ئایدیۆلۆجیکی، بنەماخوازیی ئیسلامی، کوشتنی قاسملو و قادری ئازەر، وتاری تەلەفیزیۆنی فەلاحیان کە تێیدا موژدەی لێدانی حزبی دیموکراتی لە داهاتوودا ڕاگەیاند، ناوبردنی هەموو تۆمەتبارەکان وەك هاوڵاتی ئێرانی، قسەکانی ئەمین، زانیاریدان بە حزبی دیموکرات سەبارەت بە مەترسی تێرۆر لە ڕێگەی جیاجیاوە، شوێنی دابین کرانی چەك و بێدەنگکەر، بەشداریی دوو ئێرانی لە تیمی تێرۆردا، جنێودانی تێرۆریستەکان بە زمانی فارسی، ڕاپۆرتی BND کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوە هۆی یەکەم دەست بەسەرییەکان، هەبوونی خائین، پێوەندی تۆمەتبارەکان لەگەڵ حیزبوڵا، نەبوونی هیچ هاندەر و ئەنگیزەیەکی دیکە جگەلە ئێران و هەروەها قسەکانی میسباحی.

ناوبراو لە هەڵسەنگاندن و پێراگەیشتنی تۆمەتی تۆمەتبارەکانی دیکەدا، پەسندی هەموو هۆکارە راگەیێنراوەکانی داواکاری گشتی کرد جگە لەوانەی وا سەبارەت بە ئەمین بوون. سەبارەت بە ئەمین گوتی تاوانەکەی شتێکە لەنێوان قەتڵ و یاریدەدەریی قەتڵ واتە دەکرێ بگەیە ئەو ئەنجامەش کە داواکاری گشتی پێی گەیشتوە بەڵام من خۆم زیاتر بە قەتڵی دەزانم.

"شیلی" لە داكۆكییە کورت و سیاسییەکەی خۆیدا ئاماژەی بە بەڵگەنامە و مەسەلە باسکراوەکانی دادگا کرد و لەم پێوەندییەدا گرنگایەتی ئەو خاڵەی خستەڕوو کە ناوی کاربەدەستانی سەرەوەی ئێران وەك بەرپرسانی ئەم تێرۆرە رابگەیێنرێت. ئەو گوتی پێویستە دەرگای باڵوێزخانەی وڵاتێك کە تێرۆر بەڕێوە دەبات دابخرێت. ئینجا ئاماژەی بە هەڕەشەکانی ئێران دژ بە داواکاری گشتی کرد و بە هەڕەشەی دژ بە دەوڵەتی ئاڵمانی لە قەڵەم دا.

یەشکە بەکورتی قسەی کرد و گوتی ئەگەر ناوی دەوڵەتی ئێران لە قەرارەکەدا دەستنیشان نەکرێت، ئەوا بەرپرسانی سەرەکی کوشتارەکە چاوپۆشییان لێکراوە و لە ئەنجامدا قەرارەکە ناتەواو دەبێت و دادگاش ناگاتە ئامانجەکانی خۆی.

ناوبراو بە چاوی فرمێسکاوی و بە پرمەی گریانەوە ئاماژەی بە وت و وێژی خۆی و موەککیلکەی [رەسوڵ قادری، برای شەرەفکەندی] کرد و گوتی داواکاریی ئەو بریتییە لە بەرگری کردنی ئەو چەشنە جینایەتانە نەك تۆڵە سەندنەوە لە تاوانبارەکان.

وۆڵفگانگ ویلاند گوتی سەرەتا نەمویستوە ئەرکی پارێزەریی ئەم کارە بگرمە ئەستۆ لەبەر ئەوەی کێشە سیاسییەکان کاتیان بۆ نەهێشتومەتەوە، بەڵام پێوەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردنی زۆری دۆست و برادەران بۆتە هۆی قەبووڵ کردنی. ناوبراو گوتی ئەم دادگایە دەرەتانی ئەوەی پێك هێنا کە دەوری دەوڵەتی ئێران لە تیرۆرەکانی دەرەوەی ئێران ـ ئەو بابەتەی وا ئێمە چەندەها ساڵ بوو باوەڕمان پێی هەبوو، لە کۆبوونەوەیەکی بەرزی قەزاییدا بخەینە بەرچاو. مەسەلەی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران لێرە بۆ یەکەم جار لە دادگایەکی بەرزدا دێتە گۆڕێ و ئەو هیوایە دەخوڵقێنێت کە دەوڵەتی ناوبراو نەتوانێ لە داهاتوودا بەو سووك و ساناییەی ئێستاوە نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات لەناو بەرێت.

## پارێزەرانی تاوانباران

کاتێ نۆرەی داکۆکی کردنی پارێزەری تۆمەتبارەکان گەیشت، شپانگن برگ پارێزەری عەیاد رایگەیاند کە باوەڕی نەدەکرد داواکاری گشتی لە سزاخوازی خۆیدا لەسەر تاوانباریەتی موەکیلەکەی ئەو پێدا بگرێت. ئێستاش بەهۆی بەردەوام بوونی تۆمەتەکانەوە داوا دەکات شایەدی نوێ بانگ بکرێتە دادگا بۆ ئەوەی بێ بنەمابوونی قسەکانی جەراده دژ بە عەیاد ئاشکرا بکەن.

پارێزەرانی دارابیش جگەلەوەی پشتگیریی داواکارییەکەی ناوبراویان کرد، لە دادگایان داوا کرد لە رێگەی BND یەوە لەو مەسەلەیە بکۆڵرێتەوە کە ئایا "ئەمین" ی تۆمەتبار و براکەی سەرچاوەی رێکخراوەکە بوون یان نا. لەبەر ئەوەی بەبۆچوونی ئەوان ئاشکرایە کە داواکاری گشتی بۆ تۆمەتبار کردنی دارابی، لەگەڵ ئەمیندا رێك کەوتوە و ئەم خاڵە بەهۆی رادەی ئەو سزایەوە روون دەبێتەوە کە داواکاری گشتی بۆ ئەمینی گرتۆتە بەرچاو.

داواکاری گشتی دژ بە داواکاریی شپانگن برگ وەستا و گوتی: ئێمە لە قۆناغی دواییی داکۆکییەکانداین و لەو داواکارییەدا هیچ بابەتێکی نوێ نییە و دەکرا لەماوەی زیاد لە سێ ساڵی دادگادا ئەم داواکارییە پێشکەش بکرایەت .

سەرۆکی دادگا دەستنیشانی ئەو پشووەی کرد کە بۆ شایەدیدانی دوو شایەد لە ئێران درایە دادگا و گوتی ئەو داواکارییە بۆچی ئەودەم ئاراستە نەکرا؟ پارێزەری عەیاد لەوەڵامدا گوتی دەمویست کات درێژ نەکەمەوە، بەڵام هۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەکی داواکارییەکەم بە تاوانبار دانانی موەکیلەکەمە لەلایەن داواکاری گشتییەوە، گەرچی داواکاری گشتی لەماوەی دادرەسیدا هەرگیز شتێکی دەرنەبڕی کە ببێتە هۆی خراپ لەیەکتر گەیشتنی ئەوتۆ. سەرۆکی دادگا پێشنیاری کرد داکۆکی تۆمەتبارانی تر درێژەی هەبێت تا ئەو داواکارییە دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە. پارێزەرانی تۆمەتبارەکان هەموو پێکەوە رایانگەیاند کە تا ئەو دەمەی لە داواکارییەکە نەکۆڵراوەتەوە و بڕیاری داوەرەکانی دادگا رانەگێنراوە ئامادە نابن دوایین داکۆکییەکانیان پێشکەش بکەن.

رۆژی ١٩٩٦/١١/٢٨ پرسیوس دەستی بە دوایین داکۆکییەکانی خۆی کرد و گوتی داواکاری گشتی وەك شکایەتکاری سەرەکی دەستنیشانی هەندێ لایەنی نائاسایی کرد. ئەم نائاساییی بوونە بریتی بوو لە کردەوەی خۆیان بەوەی وا دادگایان بە سیاسی دانا. لەراستیدا پێداگرتن لەسەر تێرۆریزمی دەوڵەتی هەرگیز ناتوانێ هۆکارێك بۆ مەحکوم کردنی تۆمەتبارەکان بێت. لەماوەی دادرەسییەکەدا دەرکەوت کە ئێران دەبێ لەشوێن تۆمەتبارەکان دابنیشێت بەڵام ئێمە ئیجازەی ئەوەمان نییە بەکاری لایەنێك رابگەین کە لە دادگادا ئامادە نییە. ناوبراو قسەی داواکاری گشتی دایە دواوە کە گوتبوویان یەك لە هۆکارەکانی درێژەکێشانی کاری دادگا، راگەیشتن بوو بە ئیعتیرافەکانی ئەمین.

پرسیوس هەوڵی پارێزەرانی دارابی دایە دواوە کە لەماوەی دادگادا هەوڵیاندا لەسەر ئەساسی شایەدیدانی دەستماڵچی و ئیبراهیم زادە، ئەمین بە یەکێك لەو دوو کەسە دابنێن کە تەقەیان کردبوو. ناوبراو گوتی داواکاریی پارێزەرانی دارابی کە گوتیان ئەمین و براکەی هەواڵدەری BND ن، شوێنێك لەسەر ئەم دادرەسییە دانانێت، ئەو قسانە دوورن لە بەرپرسایەتی، و بۆ بنەماڵەکەی ئەمین لە لوبنان مەترسی دەخوڵقێنێت.

ناوبراو گوتی دادگا ناتوانێت پشت بە شایەدییەکانی شایەد "ب" و" ث" ببەستێت لەبەر ئەوەی دادگا توانای هەڵسەنگاندینانی نییە. هەروەها بەهۆی ئەو راستییەوە کە بەنی سەدر خۆی لە ئۆپۆزیسیۆن دایە بۆچوون لەمەڕ شایەدییەکانی ئەو بەهەمان شێوە دەبێت. هەروەها گوتی ئەگەر دادگا بیەوێت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆچوونی پارێزەرانی تایبەت بگرێتە بەرچاو، ئێمە بۆ سەلماندنی نەخوێندەواریی ئەمین و ئامادەبوونی هەمیشەیی لە لوبنان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٨٨ و رەفزی مەسەلەی فێربوونی غەواسی لە ئێران و بەدرۆ خستنەوەی ئەندامیەتی ناوبراو لە حیزبوڵادا، شایەدیی ٤٨ کەس پێشکەش بە دادگا دەکەین.
هەمان رۆژ، باومایر دەستی بە دوایین داکۆکییەکانی خۆی کرد و گوتی ئەرکی من نییە لەسەر قسەکانی ئەمین و گیرانی تۆمەتبارەکانی تر هیچ بڵێم. ناوبراو هەوڵی دا لەسەر بنەمای دوایین قسەکانی ئەمین ئەوە بسەلمێنێت کە ئەمین فریوی خواردوە و هیچ لای وانەبوە کەسێك دەکوژرێت. گەرچی داواکاری گشتی ئەمینی بە شەریکایەتی تاوانەکە تۆمەتبار کرد، بەڵام شکایەتکارانی تایبەت پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەمین تاوانبار بێت. هۆکارییەکانی ئەوان زۆر لاوازە و ئێمە دەیاندەینە دواوە. سەبارەت بەوەی ئەمین رەشاشی بەدەستەوە بووبێت، قسەکانی "بوهم" و دەستماڵچی دژ بەیەك دەوەستن. ئەمین لایەنگری حیزبوڵا بوو بەڵام ئەندامی نەبوو، ئەوەش لە لوبنان زۆر ئاساییە. فێربوونی غەواسی ئەمین لە ئێران گرنگە، بەڵام قسەکانی شاهید "ئەلموسەوی" لەم بارەیەوە قورس و قایم نەبوون و شایەدیدانی سێ کەسەکەی دیکەش جێگەی بڕوا نییە. گرنگ قسەی ئەمین خۆیەتی کە تا کۆتایی کارەکەش هەر لەسەریان وەستا. ناوبراو بەلای کەمەوە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٨ دا لە ئێران نەبوە. باومایر داوای لە دادگا کرد ئەمین بە "هاوبەشی تاوان" بگرێتە بەرچاو.
رۆژی ٢٦ ی نۆڤامبری ١٩٩٧، "زالم" لە داکۆکییەکی کورتدا "عەتریس" ی بۆ مەسەلەی تەزویری پاسپۆرت بەتاوانبار زانی و داوای لە دادگا کرد تەنیا لەبەر ئەو تاوانە سزای بدات لەبەر ئەوەی لەماوەی دادرەسیدا دەرکەوت کە بروای بە حیزبوڵا و کەسانی حیزبوڵاهی نییە و جگە لەوانەش ناوبراو هۆی کەڵك وەرگرتن لە پاسپۆرتەکەی نەزانیوە.
سەرۆکی دادگا داوای لە پارێزەرانی عەیاد کرد دوایین داکۆکی خۆیان پێشکەش بکەن بەڵام ئەوان خۆیان گرت و داکۆکییەکانیان خستە دوای بڕیار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەمەڕ داواكارییە پێشکەشکراوەکەیان. پارێزەرانی دارابی و راحیلیش هەر ئەو هۆکارەیان هێنایەوە.[١٩٦]

لێرەدا دارابی رایگەیاند کە داواکارییەکی هەیە و بە نووسین رایدەگەیێنێت. لە داواکارییەکەدا دارابی ئاماژەیەکیشی بەوە کردبوو کە بۆتە کەرەسەی دەست. هەروەها گوتی پارێزەرەکانی مافی ئەوەیان نییە داکۆکی لێ بکەن.

هەیئەتی داوەران پەسندی داواکاریی پارێزەرانی عەیادی کرد لەبەر هاتنی چەند شایە بۆ ناو دادگا. لێرەدا دەوڵەتی ئێرانیش بەنامەیەك رایگەیاند کە میسباحی هەرگیز فەرمانبەری دەوڵەتی ئێران نەبوە و فێڵباز و شەلات و درۆزنە. لەنێوان رۆژانی ١٩٩٦/١١/٢٩ و ١٩٩٧/٢/١٣دا، ئەو شایەدانەی وا پارێزەرانی عەیاد داوایان کردبوو، هەروەها شاهید میسباحی شایەدییان دا و بەڵگەنامەکانی داواکاری گشتی و پۆلیس سەبارەت بە میسباحی کەوتنە بەر لێکۆڵینەوە. هەیئەتی داوەران لەسەر بنەمای بەڵگەنامە پێشکەش کراوەکان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە عەزیزی تەبیب غەففاری ئامانجی تێرۆر نەبوە [واتە نەیان ویستوە ئەویش بکوژن]، بەم هۆیەوە لە دانیشتنی رۆژی ٩٧/٢/١٤ ی دادگادا، داوایان لە داواکاری گشتی کرد مەسەلەی [هەوڵدان بۆ] کوشتنی ئەو بەدەستەقەسد، لە ئیدیعانامەی دادئەستێنی دەربهاوێژرێت. داواکاری گشتی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا موافەقەی کرد.

## پ. دەوری سێهەم

رۆژی ١٤ ی فەوریە داواکاری گشتی سزاخوازیی خوێندەوە و گوتی فایلێك کە لە ئێرانەوە نێرراوە تاقمێك کاغەزی بێ رێکەوت و بێ ئیمزایە و تەنیا بۆیەیان ناردوە کە ماوەی دادگا درێژ بکەنەوە. میسباحی لە لێپرسینەوەکانی پێشتردا رێکەوت و شوێنی ژیانی خۆی لەماوەی نیشتەجێ بوونی لە ئوروپا دەستنیشان کردبوو. ئێمە سەرنجمان دایە هەموو خاڵێکی ناو فایلەکە. راست

[١٩٦]. بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا، پاژی ٣-تۆمەتباران لە دادگا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونی هەموو قسەکانی میسباحی لەو لێکۆڵینەوانەی ئێمەدا دەرکەوت. ئەوراقی ناونووسینی میوانانی ئەو ئوتێلانەی سویس لەو ڕێکەوتانەدا کە ئەو رایگەیاندبوو، هەروەها راپۆرتی ڕێکخراوە ئاسایشەکان سەبارەت بە چالاکی ئیتلاعاتی ئەو بۆ ئێران، وێنەکانی لە ڕێ و رەسمی دەوڵەتی ئێران و پرس و جۆکردن لە کەسایەتییە ئاڵمانییەکان کە سەبارەت بە ئازاد کردنی "کردس" پێوەندیان بەمەوە گرتوە، ئەوانە هەموو بەشێکن لەو بەڵگەنامانەی وا راست و بێ هەڵە بوونی قسەکانی ناوبراو دەردەخەن. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە، راست و بێ هەڵەبوونی ئەو خاڵانەمان بۆ پشتراست دەکاتەوە وا لە سزاخوازییەکەدا هاتوون.

ئێریگ لە قسەکانی جاری دووهەمی خۆیدا بایەخی چالاکییەکانی داواکاری گشتی دەستنیشان کرد و گوتی هەوڵی ئێران بۆ درێژکردنەوەی دادگا، سەرکەوتوو بوو. بەڵام هەر لەو ماوەیەشدا هۆ و بەڵگەی زیاتر لەمەر تێرۆریزمی دەوڵەتی گەیشتە دادگا. گوشاری ئێران بۆ سەر دادگا درێژەی کێشا. وت و وێژی ناطق نووری لەگەڵ رۆژنامەی فرانکفورتر ئەلگمانیە و هەروەها هەڕەشەی ئێران لە حزبی دیموکراتی کوردستان بەشێکن لەوانە. بەکورتی، هەڵسەنگاندنی من لە دەوری یەك یەکەی تۆمەتبارەکان تووشی گۆڕان نەهاتوە و باوەڕم بەوەی کە ئێران هۆکار و فەرماندەی ئەو تێرۆرەیە، کەم نەبۆتەوە و بەپێچەوانە گەیشتۆتە متمانەیەکی تەواو.

یەشکە و ویلاند هەرکامیان لە چەند رستەیەکدا داکۆکیەکانی پێشووی خۆیان پشتڕاست کردەوە.

رۆژی ٢٠ ی فەوریەی ساڵی ١٩٩٧ سەرۆکی دادگا مەسەلەی سەربەخۆبوونی پارێزەر و پارێزراو [وەکیل و موکل] ی وەبیر پارێزەرانی دارابی هێنایەوە و داوای لێکردن سەبارەت بە پێشکەش نەکردنی دواداکۆکییەکان بیرێکی دیکەش بکەنەوە. ناوبراو گوتی لە هەموو ماوەی دادوەری خۆمدا ئەوە یەکەم جارە تووشی مەسەلەیەکی ئەوتۆ هاتووم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پارێزەرانی تۆمەتبارەکان

هیربرت هیدریش پارێزەری عەباس راحیل لە سەرەتای دوایین داکۆییەکانی خۆیدا رایگەیاند کە داکۆکییەکانی سەربەخۆ و جیاواز لە پارێزراو [موکل]ەکەین. ئەوە نیشانەیەکی دیکە بوو بۆ تێکگیرانی راحیل لەگەڵ پارێزەرەکانی. ناوبراو بەگشتی ئەو تۆمەتانەی وا داواکاری گشتی دابوویە پاڵ راحیل، قەبووڵ کرد و گوتی شوێنی پەنجەی راحیل لەسەر چەکەکە و پێوەندی ناوبراو لەگەڵ تۆمەتبارەکانیتر، شوێنێك بۆ ئەوە ناهێڵنەوە کە بدرێتە دواوە. راحیل لەگەڵ بەنی هاشمی چۆتە ناو رەستورانەکە و تەقەشی کردوە. لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قەتڵە، ترسنۆکانە بوونەکەی راستە، بەڵام ناچیزەبوونی ئەنگیزە و هەر بۆیەش قورسایی تایبەتی تاوانەکە، جێگەی قەبووڵ نییە. ئەگەر سەرنج بدرێتە سەر قسەکانی میسباحی، فەرمانی قەتڵ وەك حوکمێکی شەرعی لەلایەن مەقاماتی رژیمی ئێرانەوە دەرچوە و کەسێکی وەك راحیل کە ئایینییەکی زۆر توند و تیژ بوە، ملی بۆ ئەو فەرمانە دانەواندوە.

ناوبراو رایگەیاند ئەگەر دادگا هۆکاری ئەوتۆی لەبەرچاوە کە قورسایەتی تاوانەکە دەردەخەن، داوا دەکەم پسپۆرێکی کاروباری کورد بۆ روون کردنەوەی جیهادی خومەینی دژ بە کورد، هەروەها ئیسلام ناسێك بۆ پشتراست کردنەوەی دەمارگیریی ئایینی راحیل بێنە دادگا و شایەدی بدەن. ناوبراو گوتی راحیل لە بارودۆخی شەڕی ناوخۆیی لوبناندا گەورە بوە، لە ئێران دەورەی غەواسی شەڕی بینیوە، لە ئاڵمانیا هیچ پێوەندێکی لەگەڵ کۆمەڵگادا نەبوە و تەنیا خەڵکانی ئایینی دەمارگیری بەدەورەوە بوون. ئەو چەشنە ژیانە بەگشتی بووە هۆی بەرێوەبردنی فەرمانی کوشتار لەلایەن راحیلەوە. ناوبراو ئاماژەی بە قسەی راجیل کرد کە گوتبووی "ئێران لەپشتمانە" و گوتی ئەوە دەری دەخات کە هەر لەسەرەتاوە دەیزانی فەرمانی کوشتارەکە لەلایەن مەقاماتی رژیمی ئێرانەوە دراوە و ئەویش لەخۆیەوە ئەو کارەی نەکردوە، هەر بۆیەش قورسایەتی تایبەتی تاوانەکە، ئەو ناگرێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژی ٢٧ ی فەوریەی ١٩٩٧ سەرۆکی دادگا نامەی یەکیەتی پارێزەرانی بەرلینی خوێندەوە. لەسەر ئەساسی نامەکە، یانکا و کولوگە ـ پارێزەرانی دارابی روویان کردۆتە یەکیەتی پارێزەرانی بەرلین و هۆکارەکانی خۆیان بۆ مل بادان لە راگەیاندنی دوایین داکۆکی لە دارابی راگەیاندوە. یەکیەتی پارێزەران هۆکارەکانی ئەوانی بەراست وەرگرتوە بەڵام راگەیاندنی ئەو هۆکارانە لە دادگادا نەگونجاوە. کولوگە لە چەند رستەیەکدا بەتووڕەیی گوتی موەکیلەکەی بێتاوانە و داوای ئازادبوونی بۆ کرد. پارێزەرەکەی دیکەی دارابی ـ خاتوو "گریلاکین ـ موشکات" یش لە چەند رستەدا گوتی لەسەر داواکاریی دارابی خۆی، من داکۆکی لێ ناکەم.

هەمان رۆژ میشائل کایزر ـ پارێزەری دیکەی راحیل دوایین داکۆکیەکانی خۆی راگەیاند. قسەکانی تەنیا هێرشکاریی بوون بۆ سەر رۆژنامەکان و بەتایبەت رۆژنامەی تاکس شپیگل بەهۆی بڵاو کردنەوەی داکۆکییەکانی هاوکاری خۆی "هیدریش". ناوبراو هەڵسەنگاندنەکانی رۆژنامەکەی بە هەڵە دانا. ئەم مەسەلەیە پێوەندێکی بە دادگاوە نەبوو لەبەر ئەوەی هەر بابەت یا بەڵگەیەك کە لە دادگادا باسی لێوە نەکرابوو، وەك هەواڵی رۆژنامەکان، گرنگایەتیشیان بۆ دادگا نەبوو. ناوبراو هەوڵیدا هەندێ هەل و مەرج لەسەر قسەکانی هیدریش کە جێگەی پەسندی خۆیشی بوون دابنێت. لە داکۆکییەکانی خۆیدا کە ١٥ خولەکی درێژە کێشا و دەبوایە سەبارەت بە راحیل بوایە، هیچ باسێکی لەو نەکرد. ئەوەی کە پارێزەرانی دارابی بە خۆگرتن لە دوا داکۆکی کردیان، کایزر لەرێگەی باس و خواسێکی ناپێویستەوە ئەنجامی دا، کە هیچ بایەخێکی بۆ دادگا نەبوو.

خاتوو "وردینگر" تۆمەتەکانی داواکاری گشتی لە عەیاد بە بێ بنەما ناوبرد و گوتی ئەو تۆمەتانە تەنیا لەسەر بنەمای قسەی محەمەد جەڕادە دانراوە و ئەوانیش یا درۆن یاخود گێڕانەوەی هەڵەئامێزی قسەکانی عەیادن. دادگاش بەهۆی هەڕەشە کردنی جەرادە لە عەیاد، بەرگری لە شایەدیدانی جەڕادە کرد و لە دادرەسیدا ئەو دەرەتانە نەخولقا کە قسەکانی ئەو راستەوخۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵسەنگێنرێن، واتە دادگا تەنیا گوێی دایە شایەدییەکانی مەئموورانی لێپرسینەوە لە جەڕادە و بەس. بەم هۆیەوە نابێ قسەی محەمەد جەڕادە لە قەراری دادگادا ڕەنگ بدەنەوە. لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئەساسی زانیارییەکانی ڕێکخراوەی ئاسایشی ناوخۆیی ئاڵمانیا، تاقمێك لە ئێران لە سەرەتاکانی مانگی سپتامبری ١٩٩٢ دا دوایین پلانی تێرۆر و پاشماوەی مەسەلەکانیان داڕشت. هەروەها لەسەر بنەمای شایەدیدانی جێگەی بڕوای میسباحی، بەنی هاشمی لەلایەن مەلاکانەوە کرایە مەئمووری ڕێکخستنی تێرۆر و هەر ئەویش ئەندامەتی تیمی تێرۆری دەستنیشان کرد. ئەو کەسانە دەبوایە حیزبوڵاهی و لایەنگری ئێران بن. بەم شێوەیە، عەیاد کە ئەندامی حیزبوڵا نەبوو و ئەندامی ئەمەل بوو، شوێنێکی لەو تیمەدا بۆ نەبوو. پارێزەر داوای بەرەڵا کردنی عەیادی کرد.

ڕۆژی ٦ ی مانگی مارسی ١٩٩٧، شپانگن برگ پارێزەری عەیاد لە دوایین داکۆکییەکانیدا بە دوور و درێژی باسی یەك یەکی قسەکانی جەڵادەی کرد و قسەی هەموو ئەو شایەدانەی خستە بەر لێکۆڵینەوە، کە لەناو دادگادا شایەدییان دابوو. پاشان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەموان بەتایبەت جەڕادە درۆ دەکەن و عەیاد بێتاوانە.

## دوایین داکۆکییەکانی تۆمەتباران

ڕۆژی یەکی ئاوریل [ی ١٩٩٧] ئەمین دەستی بە داکۆکی کردن لەخۆی کرد و گوتی دەزانم سزاکان هەر لە پێشەوە دەستنیشان کراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت چەند مەسەلەیەك باس بکەم. ناوبراو هەموو ئامادەبوانی دادگای لە سەرۆکی دادگاوە هەتا نامەبەر و دەرکەوان، لە دکتۆرەوە هەتا وەرگێڕ، هەموویانی بەناو، ناوبرد و سپاسی لێکردن کە لەو ماوەیەدا تەحەمولی ئەویان کردوە و داوای لێبوردنی کرد و داخ و کەسەری خۆی بۆ کەس و کاری بەجێماوی کوژراوەکان ڕاگەیاند.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوبراو گوتی ئەوەی پێشتر گوتوومە پۆلیس بەرتیلی پێداوم راست نەبوە، ئەوەش کە گوتبووم دارابی سەرۆك و هەمەکارە بوە، لە خۆمەوە گوتوومە و هەڵە بوە. ئەمین ئەوەی نەگوت کە بۆچی لەناو دۆست و برادەرەکانی خۆیدا دارابی هەڵبژاردبوو ئەو تۆمەتانەی پێوە ببەستێت. ناوبراو لە عەینی ئەوەدا کە دەیگوت موسوڵمانە و موسوڵمان درۆ ناکات، باسی درۆکانی پێشتری خۆی دەکرد و درۆی تازەتری هەڵدەبەست. ئاگاداری ئامانجی قەتڵەکان نەبوە و لای وابوە چەند کەسێك سزا دەدرێن. ناوبراو پاڕایەوە و پەژیوانی دەربڕی و هەوڵیدا بەزەییان پێدابێتەوە و بەڵێنی ئەوەشی دا کە ئەگەر دادگا پاشماوەی زیندانەکەی پێ ببەخشێت ئیتر ژیانێکی جیاواز بۆخۆی پێك بهێنێت و بە منداڵەکەی رابگات.

عەتریس لە دوایین قسەکانیدا لە دادگا، قسەی پارێزەرەکەی خۆی پەسند کرد و گوتی ماوەیەکی زۆر لە زیندان مامەوە تا بەڵگەنامەی بێ پێوەند بە من گردوکۆ بکرێن و خەڵکانی وەك عەلیان و شەهشو، کە تۆمەتی هاوچەشنی منیان درابوە پاڵ، تەنیا چەند سەعاتێك دەست بەسەر کران لەکاتێکدا کە BND ڕاپۆرتی دابوو ئەوانیش لە راگواستنی پاسپۆرتەکاندا لەگەڵ من ببوون.

ناوبراو گوتی دارابیم بۆ یەکەم جار لە یەکەم دانیشتنی دادگادا بینی و دیارە نەمتوانیوە فەرمان لەو وەربگرم.

کازم دارابی دەقێکی ٢٧ لاپەرەیی بۆ دوایین داکۆکی خۆی ئامادە کردبوو. ناوبراو دەقەکەی ئاراستەی دادگا کرد و گوتی من خۆم نووسیومە. لە دەقەکەدا نووسرابوو داواکاریی شەیەدیدانی فەلاحیان و هەروەها مەسەلەی جاسووس بوونی برایانی ئەمین لەلایەن منەوە نەبوە. بۆ ئەو کوشتارەی کراوە و بۆ کەس و کاری کوژراوەکان بەداخەوەم. من هەرگیز مەئمووری ئێران و ئەندامی سوپای پاسداران و تیمی تێرۆر نەبووم، تێرۆرەکەش من پلانم بۆ دانەڕشت. من خۆم بوومە قوربانی دوژمنایەتی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ رژیمی ئێران لەبەر ئەوەی تاقە ئێرانییەکم کە لە دادگادا تۆمەتبار کراوم. دارابی ویستی بەهۆی هەندێ بەڵگەنامەی هەڵبژاردەوە بیسەلمێنێت کە دەورێکی لە تیرۆەکەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوە و داوای ئەوەی کرد کە دادگا بەهۆی ئێرانی بوون و ئایینی بوون و هەروەها بەشداری کردنی لە چالاکی ئایینیەوە سزای نەدات.

راحیل لە دوایین داکۆکیەکانی خۆیدا گوتی بەهۆی عەمەلیاتەوە ناتوانم زۆر قسە بکەم، هەر بۆیەش دەقیکم ئامادە کردوە و دەیدەمەوە وەرگێرەکە بیخوێنێتەوە. ئەو نووسراوەیە بەکردەوە، یەکەمین و تاقە داکۆکی کردنی ناوبراو بوو لەماوەی دادگادا و وەرگێر خوێندیەوە و گوتی: دوایین داکۆکییەکانی پارێزەرانم بەپێچەوانەی خواستی من و بەپێچەوانەی پێکهاتنی پێشترمان بوو. من ئاگاداری داواکاریی لەمەڕ هاتنی دوایین شاهیدەکان نەبووم و ئەگەر ئاگادار بکرایەمەوە، موافەقەم نەدەکرد. ئەمین سەبارەت بە من درۆی کردوە. جگەلەوانە، بەهۆی ئەوەوە کە لەکاتی گیراندا لەسەرم درابوو، قسەکانی پێشووم هەڵە و ناڕاستن لەبەر ئەوەی نەمدەزانی دەڵێم چی. من لە ساڵی ١٩٧١ دا لە دایك بووم. پێوەندیم لەگەڵ دارابی نەبوە بەڵام لەگەڵ مووسای برایدا پێوەندی بازرگانیم هەبوە. ئەمین دەناسم، چەکەکانیشم دیوە بەڵام نەچوومە رەستورانەکە و کەسم نەکوشتوە، ئەو پارەیەش کە لەکاتی گیرانمدا زەوت کرا، پێوەندی بە تیرۆرەکەوە نەبوە. بەشێکی پارەکە لە کڕین و فرۆشتنی ترومبیل دەستم کەوتبوو بەشێکیشی ئەو یارمەتییانە بوون وا بۆ هەتیو و هەژاری لوبنانی گردوکۆ کرابوو. راحیل لە کۆتایی قسەکانیدا داوای ئامادەبوونی چەند شاهیدێکی نوێی کرد.

پاش تەواوبوونی دوایین داکۆکیەکەی، راحیل سەبارەت بە راست بوونی رێکەوتی لەدایك بوونی خۆی لە ساڵی ١٩٧١ دا وەڵامی ئەرێ یی دایەوە بە سەرۆکی دادگا. لە دانیشتنی دواتردا پارێزەرانی راحیل رایانگەیاند کە راحیل ئەو داواکارییەی وەردەگرێتەوە کە سەبارەت بە ئامادەبوونی شایەدەکان پێشکەشی دادگای کردبوو. سەرۆکی هەیئەتی داوەران سەبارەت بە رێکەوتی لە دایکبوونی راحیل گوتی ئەو مەسەلەیە دەتوانێ لە کاری دابین کردنی سزای راحیلدا تەنگ و چەڵەمە بخوڵقێنێت لەبەر ئەوەی بەگوێرەی ئەو دیعایەی وا دەیکات، ناوبراو لەکاتی بەرێوەبردنی تاوانەکەدا تەمەنی لە ٢١ ساڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمتر بوە و یاسای سزادانی خەڵکانی باڵغ نایگریتەوە. بەڵام لە هەموو بەڵگەنامەکاندا ڕێکەوتی لەدایك بوونی ڕاحیل بە ١٩٦٧/١١/١٢ نووسراوە نەك ١٩٧١، ڕاحیلیش هەتاکو ئێستا نارەزاییەکی لەم بارەیەوە دەرنەبڕیوە. ناوبراو پرسیاری کرد ئایا ڕاحیل هیچی هەیە بیڵێت؟ ناوبراو پاش پشوویەکی دوور و درێژ و ڕاوێژ کردن لەگەڵ پارێزەرەکانی خۆیدا وەڵامی نەرێ یی دایەوە. پاشان سەرۆکی دادگا کۆتایی هاتن بە پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی ڕاگەیاند و بەم شێوەیە، دادگا گەیشتە دوایین قۆناغی داکۆکییەکان .

## ت. دەوری چوارەم

داواکاری گشتی ڕایگەیاند ڕێکەوتی لەدایك بوونی ڕاحیل ١٩٦٧ ە و هەموو بەڵگەنامەکان پەسندی ئەو مەسەلەیە دەکەن. ئێریك گوتی ڕێکەوتی لەدایك بوونی ڕاحیل لە سەرەتای دادرەسییەکەدا ١٩٦٧ و نە ئەو و نە پارێزەرەکانی هیچکام نارەزاییان لەم بارەیەوە دەرنەبڕی. هەروەها ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٠ دا بە تاوانی دزی کردن مەحکووم کرا. بەڵام پارێزەری ئەودەمی ڕاحیل واتە خاتوو کین ـ مشکات، کە ئێستا پارێزەری دارابییە ڕێکەوتی ١٩٦٧ ی قەبووڵ کرد. ناوبراو سەبارەت بە داکۆکییەکانی دارابی گوتی ڕێز لە مافی دوایین داکۆکییەکانی تۆمەتبار دەگرم بەڵام دەبێ بڵێم کە دارابی لە دوایین داکۆکییەکانی خۆیدا لەناو هەموو بەڵگەنامەکان تەنیا هەندێکیانی هەڵبژارد و نەیویست ئاماژە بە قسەکانی گرونەوالد، میسباحی و زۆرێکی دیکە لە شاهیدان بکات.

پارێزەرانی تۆمەتبارەکانی تر، هیچیان لە قسەکانی پێشتری خۆیان زیاد نەکرد. دارابی گوتی تەنانەت ئەگەر قسەی گرونە واڵد، بەنی سەدر، دەبیران و ئەوانی تر ڕاست بێت هێشتا من بێتاوانم و لەو کوشتارەدا دەستم نەبوە.

سەرجەمی نامەی سزاخوازی و دواداکۆکییەکان، ڕوخسارێکی چڕی هەموو دادرەسییەکە بوو. لە هەموان زیاتر، داواکاری گشتی بەرز "یوست" و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارێزەرانی شکایەتکارانی تایبەت بە تایبەت ئێریگ، لەرێگەی بەڵگەنامە و دەستاویژی پێشکەشکراوەوە، دیعایەکانی خۆیان پشت ئەستوور کرد. تۆمەتباران و پازەرەکانیان هەوڵیان دا بەشێك لەو تۆمەتانەی وا درابوە پاڵیان بەبێ هۆکار و لەرێگەی بەڵگەنامەی هەڵبژێرراوەوە بدەنە دواوە.

## ٧. قەرار

رۆژی ٥ شەممە ١٠ ی ئاوریلی ١٩٩٧ قەراری دادگای میکۆنۆس راگەیێنرا.

هەزاران ئێرانی ناو ئۆپۆزیسیۆن لە شەقامەکانی دەوروبەری دادگا خۆپێشاندانیان ساز کرد. ناوچەی دادگا هەموو، لەژێر چاوەدێریی تەواوی پۆلیسدا بوو و ئیجازە بە هەندێك کەس نەبوایە نەدەدرا لە بینایەی دادگا نزیك ببنەوە. بینەرانی ئێرانی، نوێنەرانی هەواڵنێرییە جیهانییەکان، تەنانەت هەواڵدەرانی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی کۆماری ئیسلامی، نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان و نوێنەرانی حیزبە جیاجیاکان شوێنی بینەران و هەواڵدەرانی ناو دادگایان پڕکردبوەوە. خەڵکەکە لەرادەی شوێنی ناوهۆڵ زیاتر بوون و تەنانەت بۆ یەکەم جار کەڵك لە لۆژ [واتە ژووری سەرەوەی هۆڵ] ەکەش وەرگیرا، هەندێ کەسیش لەسەر زەوی دانیشتن.

بۆ یەکەم جار جووڵانەوە و دڵەتەپە لە روخساری هەموو هەیئەتی داوەراندا دەبینرا. دەستی سەرۆکی دادگا وەك جاران لەپێش قسەکانیدا نەهاتە جووڵە. تەنانەت دەنگی هەناسە هەڵکێشانیش نەدەگەیشتە گوێ. وا وێدەچوو کە هەموان ئیحتیاتی ئەوە بکەن لەکاتی هەستان و دانیشتنیشدا جیڕەی کورسییە دارینەکان بەرز نەبێتەوە.

سەرۆکی دادگا پێش خوێندنەوەی قەرار رووی کردە بینەران و گوتی:

"ئێرە دادگایە. تکا دەکەم نە چەپڵە لێ بدەن، نە ناڕەزایی دەرببڕن و نە بپەڕنە ناو قسەی کەسەوە. وەك دەزانن ئێمە فۆتۆکۆپی پاسپۆرتەکانتانمان لەلایە، ئەگەر کەسێك یا تاقمێك دانیشتەکە تێك

بدات، دەری دەکەینە دەرەوە و ئیجازە بەو کەسانە دەدەین بێنە ژوورەوە کە لە خوارەوە چاوەڕوانی نۆرەن. بەڵام بەگوێرەی شێوازی تا ئێستا، لام وانییە شتێکی وابێتە پێشێ. چاونزێریی شکایەتکارانی تایبەتیش دەکەم ئیحساسات نەیانگرێت. وەرگێڕەکان نوسخەی قەرارەکەیان دەدرێتێ و تەرجەمەی دەکەن".

هاورێ لەگەڵ ئەودا ئامادەبوان هەستانە سەرپێ و ئینجا دەنگی چەکوش هات و پاشان سەرۆکی لقی یەکەمی دادگای بەرزی بەرلین دوور لە نەریت و بەبێ ئەوەی بڵێ "بەناوی گەل" لە سەعات ٩ و نیوەوە وە تا١٢ و نیو قەراری زارەکی خوێندەوە:

"دارابی و راحیل بۆ کوشتنی چوار کەس بە زیندانی هەمیشەیی بەقورسایی تایبەتەوە حوکم دەدرێن. ئەمین بۆ هاودەستی کردنی کوشتاری چوار کەس، ١١ ساڵ زیندانی دەدرێتێ. عەتریس حوکمی پێشووی بۆ دەگیرێتە بەرچاو و ٥ ساڵ و ٣ مانگ زیندانی دەدرێتێ. عەیاد بەبێ سزای نەغدی ئازاد دەبێت. کەرەسەی زەوتکراز رادەگیرێن و تاوانبارەکان دەبێ خەرجی دادگا بدەنەوە..." دانیشن.

پاشان سەرۆکی دادگا هۆکارییەکانی خوێندەوە:

"لەماوەی ٢٤٧ جار دانیشتنی دادگا و گوێگرتن لە شایەدیدانی ١٧٦ کەس کە هەندێکیان چەند جار لێرە ئامادە بوون و هەروەها بەهۆی پێراگەیشتنی بەڵگەنامەی زۆرەوە، دادرەسی درێژەی کێشا. لە سەرەتا و لە رۆژی ٢٨ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ وە ئاشکرا بوو کە دادرەسییەکە درێژخایەن دەبێت و هەرواشی لێهات. تۆمەتبارەکان کەڵکیان لە مافی خۆیان بینی و قسەیان نەکرد... بەتایبەت شایەدیدانی شایەدێك لە کانادا چەند مانگی خایاند. جگە لەوانە، بەهۆی هەندێ هۆکارەوە کە لەدەست ئێمەدا نەبوون، دادگا درێژەی کێشا.

مەسەلەی بەر دادرەسی بریتییە لە هێرشی چەکدارانەی رۆژی ١٧ ی سپتەمبری ١٩٩٢ کە تێیدا شەرەفکەندی رێبەری حیزبی دیموکراتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانی ئێران، عەبدولی نوێنەری حیزب لە ئوروپا و ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمانیا، هەروەها دیهکوردی وەرگێڕیان کوژران و خاوەنی رەستورانەکە تەبیب غەففاری بەخەستی بریندار بوو. دادگا تەنیا سەرنجی نەدایە ئەو کارەساتەی وا لەشوێنی کوشتار رووی دابوو، بەڵکوو دەبوایە لە دەوری دارابی بکۆڵرایەتەوە... گەرچی ئەو زیانەی وا لە کەس و کاری قوربانییەکان دراوە قەرەبوو نابێتەوە، بەڵام دەبوایە دادپەروەری لەمەڕ ئەوان بەرێوە ببرێت. ئەرکی دادگا ئەوەیە ناوی کەسانی پشت پەردە و پلان داڕێژەرانی کارەکە رابگەیێنێت و تاوانباران سزا بدات. ئێمە دەبوایە بۆ پاراستن و رێزگرتنی گیانی مرۆڤ ئەم مەسەلانەمان شوێن بگرتایە. ئەوە ئەرکی ئێمە بوو.

چاپەمەنییەکان پشتگیری بۆچوونێکیان کرد کە بەگوێرەی ئەو، لەم دادرەسییەدا ئێران لەسەر کورسی تۆمەتباری دانراوە و بابەتی لێکۆڵینەوەکان تیرۆریزمی دەوڵەتیە. ئەم روانگەیە دەبێ راست بکرێتەوە. ئەوەی گوتراوە کە ئێران موحاکەمە دەکرێت راست نییە. ئەم دادگایە تەنیا لەمەڕ ٥ تۆمەتبار پێکهاتوە و کەسەکانی تر تۆمەتبار نەبوون. لە یاسای ئاڵمانیادا موحاکەمەی غیابی نییە و ناتوانرێت کەسێك موحاکەمە بکرێت کە پارێزەری نییە. لەئەنجامدا، دادگا مافی ئەوەی نەبوو بەتۆمەتی تیرۆریسمی دەوڵەتی رابگات. بەڵام دەتوانین قسە لەسەر [کارگەلی] ئەوتۆ بکەین کە زەوینەی تیرۆریزمی دەوڵەتیان هەیە، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی ئێران نەتوانێ داکۆکی لەخۆی بکات. بەگوێرەی یاسا، بۆ وردبوونە لە جینایەتێك پێویستە لە زەوینەکانی جینایەتەکەش وردبیبەوە. وردبوونەوە لەم زەوینانە، ئامانجی ئێمە نەبوو، بەڵکوو بۆ روون کردنەوەی زەوینە[ی کوشتارەکان] پێویستمان پێیان هەبوو، لەبەر ئەوەی تەنیا لەم رێگەیەوە دەکرا تاوانەکە روون بکرێتەوە. لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوانەدا پێویست بوو بەرپرسایەتی لایەنەکانی تر بە تاکەکەس و دام و دەزگاکانەوە روون ببێتەوە. ئەوەی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرپرسیایەتی ئەو کەسایەتی و دام و دەزگایانە دەگاتەوە ڕێبەرایەتیی دەوڵەتی ئێران، ئیتر لەسەر شانی ئەم دادگایە نییە، بەڵکوو بەرپرسیاتییەکەی لە ئەستۆی بەرێوەبەرانی جینایەتەکەیە. سەرەتای ڕووداوەکانیش شورِشی ئیسلامییە".

ڕێکەوتی ڕاونانی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات دوابەدوای شۆڕشی ئیسلامی، حوکمی کوشتنیان، کوژرانی قاسملوو لە ویەنا، و دەوری فەلاحیان و واواك لە ناردنی هاوردەی موقەدەم بۆ ئاڵمانیا بۆ بەرنامە دارشتنی تێرۆر و لەئەنجامیشدا ناردنی کەیسەکە بۆ کومیتەی کاروباری تایبەت لە قسەکاندا ئاماژەیان پێکرا.

"کومیتەی کاروباری تایبەت کرایە بەرپرسی کارەکە. پرۆسەی لەناوبردنی نەیاران لە دەرەوەی وڵات لەپێش هەموو عەمەلیاتێك دایە. ئەم کومیتەیە لە یاسای بنەڕەتی [ئێران] دا ناوی نەهاتوە. وەلی فەقیە، سەرەك کۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوە و سەرۆك و نوێنەری دەزگای ئاسایشی وڵات ئەندامی ئەو کۆمیتەیەن".

دوای ئەم قسانە، هەموو بینەران هەستانە سەرپێ و بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لە قەرارەکە کرد. هێشتا بینەران هەڵنەستابوونە سەرپێ کە هاواری شادمانی خۆپێشاندەران شەقامەکانی دەوروبەری هۆڵەکەی پڕکرد. سەرەڕای دەنگ و سەدای زۆری دەرەوەی دادگا، خوێندنەوەی قەراری دادگا درێژەی هەبوو:

"دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە 'وەلی فەقیهـ' ڕێبەری ئایینی شیعەیان نییە بەڵکوو ڕێبەری سیاسییە. ڕێبەرایەتی ئایینی وەك پێشوو لەدەستی ئایەتوڵا گەورەکان دایە کە ئەندامی کومیتەی کاروبارەی تایبەت نین. فەرمانی قەتڵەکە بێ ئەوەی هۆکارێکی بووبێت دراوە، کە ئەگەریش هۆکاری ببوایە، هەر یاسایی نەدەبوو. بابەتی ئەو عەمەلیاتە، کوشتنی مرۆڤە و بۆ شیعەیان پێداویستیەکی نەبوو".

پاشان تەفسیلی بەرنامە و پلان دارِشتنی تێرۆر و دەوری کەسانی جیاجیا لەو پلانەدا باس کرا و بەڵگەنامەی جیاجیا هەڵسەنگێنرا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"ئەوانەی وا كاری تیرۆریان بەڕێوە برد، هیچ پێوەندێکیان بەقوربانییەكانەوە نەبوو و [کوشتارەکە] لە ئەنجامی کێشەی ناوخۆیی حیزب و گروپی رەقیب نەبوو... بەرپرسایەتی تیرۆر لەئەستۆی رێبەرانی سیاسی ئێرانە".

ئینجا، سەرئەنجام:

"هەڵسەنگاندنی یاسایی راحیل:

- كارەكەی ترسنۆكانە بوو، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی بێدیفاع بوونی مرۆڤەكان و بەكەڵك وەرگرتن لە غافڵگیر کردنیان کاری خۆی بەأێوە برد.
- راحیل بەئەنگیزە و هۆکارێکی بێ ئەخلاقانەوە، تا پلەی هەرەخوارەوەی پێوانە ئەخلاقییەكان كارەكەی كرد. ئەو دیعایەیە راست نییە كە هۆكاری ئەو، ئایینی بوویێت لەبەر ئەوەی هەرگیز ئەو تۆمەتە نەدراوەتە پاڵ قوربانیەكان كە غەیرەئایینی بوویێتن. تێرۆرەکە بەتەواوەتی سیاسی بوە بەبیانوویەكی ئایینیەوە بۆ لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆن، تەنیا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

ئەم تێرۆرە نیشان دەدات كە رێبەرایەتی سیاسی ئێران بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی فەرمانی داوە تا هەموو ئەوانەی وا بەشێوەیەكی دیكە بیر دەكەنەوە و تەنیا لەبەر ئەوەی كە نەیاری رژیمی حاكمن، مافی ژیانیان نەبێ. ئەم تێرۆرە، كارێك بوو بەئەنگیزەی سیاسی و بەفەرمانی دەوڵەتییەوە بۆ لەناوبردنی نەیاران. فتوایەك خۆی لەخۆیدا ئیماندار مەجبور ناكات مرۆڤێك بكوژێت. حیزبوڵا بریتییە لە دەستی درێژی ئێران بۆ كاروباری تێرۆریستی. هەر بۆیەش مەقاماتی ئێران و راحیل خۆی لە نزمترین پلەی ئەخلاقیدا كارەكەیان كرد.

هەڵسەنگاندنی یاسایی دارابی

- ..."دارابی خزمەتکاری وەفاداری دەسەڵاتدارانی حاکم لە ئێرانە. ناوبراو تەنیا لەبەر هۆکار و ئەنگیزەی سیاسی لە کوشتاری ئەو کەسانەدا بەشداری کرد. هەموو ئەوانە، زیاد لە هەر جینایەتێکی دیکەکۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە... ئەو بەم کارەی پێوەندی خۆی لەگەڵە سیستەمێکی جینایەتکار سەلماند".
ئەم قەرارە، پێداچوونەوە هەڵدەگرێت.

هەر لە هەمان رۆژدا، دەفتەری پێوەندییە گشتییەکانی دادپەروەیی بەرلین کورتەی قەرارە زارەکییەکەی لەشێوەی راگەیاندنێکی چاپەمەنیدا پێشکەش بە هەواڵنێران کرد. ئەم کورتەیە، کە تێیدا ئەو بەشانە هەڵاوێردراون وا بەشێوەیەکی راستەوخۆ باسی تێرۆریزمی دەوڵەتی و دەوری دەوڵەتی ئێران دەکات، لەراستیدا رەنگدەرەوەیەکی نادەقیقی قەرارەکەیە .

دەقی نووسراوی قەرارەکە لە رۆژی ١٩ ی مارسی **١٩٩٦** لە **٣٩٥** لاپەرەدا راگەیێنرا. هەر دوو لایەنی کێشەکە ماوەی یەك مانگیان دەرفەت پێدرا کە تائەو رێکەوتە نارەزایی لەسەر قەرارەکە دەرببڕن یاخود داوای پێداچوونەوە بکەن. قەرارە نووسراوەکە بریتییە لە ٥ فەسڵ:

- فەسڵی یەکەم، ژین نامەی تۆمەتبارەکان. دارابی و ئەمین و راحیل دەست پەروەردەی حیزبوڵا و رژیمی ئێرانن و لە رابردوودا بەشداری گەلێك عەمەلیات بوون لە بەرژەوەندیی ئێراندا.
- فەسڵی دووهەم، شەرحی رووداوەکە، چۆنیەتی پلان دارشتنی تێرۆر لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، ئامادەبوونی قوربانییان لە بەرلین، ئاشکرابوونی دانیشتنی رەستورانەکە.
- فەسڵی سێهەم (زیاترین بەشی کتێبەکە) هەڵسەنگاندنی ئەو بەڵگەنامە و دەستاویژ و راپۆرتانەی وا نێرراون بۆ دادگا. بەهۆی گرنگایەتی ئیعترافاتی تۆمەتبار یۆسف ئەمینەوە، بەشی زۆری ئەو فەسڵە تایبەت بەو ئیعتیرافاتە کراوە.
- فەسڵی چوارەم هەڵسەنگاندنی یاسایی و ئەنجامە حقووقیەکانی حوکم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- فەسڵی پێنجەم بڕیار بەتەنیشت بڕیارەكانی دادگاوە، وەك دابین كردنی خەرجی دادگا و مڵكیەتی ئەو شتومەكەی وا زەوت كراون.

قەرارەكەش وەك بەڕێوەچوونی دادگا، دەری خست كە ئامانجی دادڕەسییەكە هەر لە سەرەتاوە راگەیشتن بە تۆمەتی پێنج تۆمەتباری دەست بەسەركراو بوو و بنەمای دەرچوونی قەرارەكان بەڵگەنامەی پەسندكراو بوون نە داوەری و پێش داوەری كردن سەبارەت بە هەڵس و كەوتی سیاسی یا كردەوە تێرۆریستیەكانی رژیمی ئێران. وەك چۆن رژیمی ئێران لە هەموو دانیشتنەكانی دادگادا راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری كردوە، لە هەموو بەشێكی قەرارەكەشدا هەر هەیە. لە ژیانی تۆمەتباران، لە ژیانی قوربانییەكان، لە پرۆسەی تێرۆرەكەدا، لە لێكۆڵینەوە و پێڕاگەیشتنی ئەو چەكانەی وا دۆرزاونەتەوە و هەروەها لە ئەنگیزەی تۆمەتباران بۆ بەڕێوەبردنی قەتڵ.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی چوارەم: هەڵوێست گرتن لەمەڕ دادگا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١. دەوڵەتی ئێران و دادگا

دوو هۆکار هەبوون کە هەڵوێستی ئێرانیان لە بەرانبەر دادگای میکۆنۆس دیاری دەکرد. لەلایەکەوە تێگەیشتنی گشتی رژێم لە سیستەمی دادپەروەری و لەلایەکی دیکەوە ئەو ئەزموونانەی وا رژێم لە سیستەمە دادپەروەرییەکانی جیهان و ئەوانەی وا پێیان دەگوترێ سیستەمی دادپەروەیی پێشکەوتوو هەیبوو. سیستەمی دادپەروەریی لە کۆماری ئیسلامیدا نەك هەر بەشێکە لە سیستەمی پاراستن و کۆنترۆڵی دەسەڵات بەڵکوو دام و دەزگایەکە راستەوخۆ بۆ پاراستنی دەسەڵات کەڵکی لێوەرگیراوە. وەك چۆن "ئایینمان هەمان سیاسەتمان و سیاسەتمان هەمان ئایینمانە"، لە کۆماری ئیسلامیدا "سیستەمی دادوەریمان هەمان حکوومەتمان و حکوومەتمان هەمان سیستەمی دادوەریمانە".
لەم سیستەمەدا تەنانەت بیرکردنەوەش لە سەربەخۆیی سیستەمی دادوەری لە ئارادا نییە، هەر بۆیەش سەرەڕای ئەوەی مەقاماتی حکوومی دەزانن لە رۆژئاوای جیهان دادوەریی چەند خولەکی و دەرکردنی قەراری ئیعدام نییە، بەڵام ناتوانن بیریش لەوە بکەنەوە کە دەوڵەت تەنیا لە حاڵەتێکی ریزپەڕ و دەگمەن دەتوانێ خۆ لە هێزی دادپەروەری وەربدات. بۆ پاراستنی سەربەخۆیی هێزی دادپەروەری سیستەمێکی ئاڵۆزی یاسا و دام و دەزگای بەڕێوەبەرایەتی پێك هاتوە. ئەم دام و دەزگایە و کۆمەڵی یاسای پێوەندیدار بەوان بۆ ئەوە دانراون کە لە دەست تێوەردان و خۆتێهەڵقوتاندنی دەوڵەت و هەر چەشنە دەست تێوەردانێکی دیکە لە کاری سەربەخۆی داواکاریی گشتی و دادگا بەرگری بکەن.
توانای رژێمی ئیسلامی لە تێگەیشتنی دەزگای دادپەروەری سەربەخۆ لەرێگەی هەڵسەنگاندنی دەزگای دادپەروەری ئێرانی ئیسلامییەوە ئەزموون دەکرێت،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزگایەکە تێیدا داواکاری گشتی، داوەر و هەندێ جار ئەشکەنجەچی و بازجو هەموویان هەر یەکن و دادگا هەندێ جار تەنیا بە خواستی حاکمی شەرع دەست پێدەکات و دوای چەند خولەکێك قەرار دەردەچێت. لەو دادگایانەدا ئامادەبوونی پارێزەر شتێکی نەگونجاو و دژ بە شەریعەتە. ئەم دەزگایە، جگە لە ناوە خوازراوەکانی، هیچ هاوشێوەییەکی لەگەڵ سیستەمی دادپەروەریی مۆدێرندا نییە.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، تێگەیشتنەکە لەو ئەزموونە "سەرکەوتوو" انە هەڵدەقوڵێت کە کۆماری ئیسلامی لە دەزگای دادپەروەریی رۆژئاوا هەیەتی و ئەو شتانەی وا حکوومەتە رۆژئاواییەکان بە رژیمی ئێرانیان نیشان داوە. رژیمی ئێران لە ئەزموونەکانی خۆیدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دەوڵەتانی رۆژئاوا دەتوانن دەست لە کاری لێپرسینەوەی پۆلیس و داواکاریی گشتی و کاروباری دادپەروەری وەربدەن و تەنانەت هەندێ جار دادگاکان قەراری خۆیان بەگوێرەی خواستی ئەوان دەرکردوە.

دەوڵەتی فرەنسا، موحسین شەریف ئیسفەهانی و ئەحمەد تاهیری تۆمەتبارانی کوشتنی کازم رەجەوی لەجیاتی ئەوەی بداتە سویس، داینەوە بە ئێران. ئەنیس نەققاش لەجیاتی ئەوەی حوکمەکەی لە زیندانی فرەنسا تێپەڕ بکات، "میتران" لێبوردنی دایە و ناردیانەوە ئێران. وەحید گورجی دوابەدوای وت و وێژی نهێنی دەوڵەتی فرەنسا و ئێران و سەرەڕای ئەو بێ ئابڕووییەی وا بۆ فرەنسای خولقاند، نێررایەوە ئێران.[197] تیرۆریستە ئێرانیەکان لە لەندەن پێش تەواو بوونی

---

[197] وەحید گورجی تۆمەتی بۆمبادانانی زۆری لە پاریس درابووە پاڵ. ئەبولقاسم میسباحی لە لێپرسینەوەکانی خۆیدا رۆژی ١٩٩٧/١/٢٩ گوتی وەحید گورجی بوو بە جێگری من وەك بەرپرسی زانیارییەکان لە فەرانسە و من کەسانی بەردەستی خۆم پێ ناساند. من لە ماوەی "دیپلۆماسیی نهێنی"دا لە تارانەوە فەرمانم پێدرا لەگەڵ مەقاماتی فەڕەنسیش وتوویژ بکەم. ئەنجامی ئەو وتوویژانە بوو بە چاوپێکەوتنی نێوان مەعەییری، بەرێوەبەری کاروبار لە باڵوێزخانەی ئێران لە پاریس و وەحید گورجی لە لایەك و ژاك شیراك لە لایەکەی تر.

ماوەی حوکمەکەیان ئازاد کران و چوونەوە ئێران، لەوێش گەیشتنە پلە و پایەی بەرز.

پۆلیسی ئوتریش (نەمسا) بکوژانی قاسملووی بەتاقمی حەرەسەوە بردە فرۆکەخانە بۆ ئەوەی بچنەوە تاران. دادگای "بەختیار" ناوی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەکو فەرماندەری تیرۆر رانەگەیاند. لە ئالمانیا فایلی کوشتنی کوشتاری محەمەدی و فەرۆخزاد هەرگیز نەنێررایە دادگا، لە بری ئەوە، مەقاماتی ئالمانیا بەڵێنیان لە ئێران وەرگرت کە چیتر لە خاکی ئالمانیا و تەنیا لە خاکی ئالمانیا خەڵك نەکوژن. حەمادی لوبنانی ـ کە فرۆکەی رفاندبوو و پێوەندێکی نزیکی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەبوو، دوابەدوای بەبارمتەگیرانی چەند ئالمانی لە لوبنان ئازاد کرا.

سەرۆکی هێزی دادوەری ئێران تێگەیشتنی ئێرانی لە سیستەمی دادوەری سەربەخۆ روون کردۆتەوە:

> "ئایەتوڵا یەزدی لە نوێژی هەینیدا گوتی: ... ئێمەش دەتوانین فایلی مەترسیدار لەمەڕ گەورە پیاوانی جیهان بێنینە گۆڕێ و مەحکوومیان بکەین. ... ناوبراو قەراری ئالمانیای بە کار و شێوازێکی هەڵە دانا و گوتی یەکەم تەئسیری ئەو حوکمە، کردەوەی بەرانبەری ئێمەیە و ئەگەر ئەو موشکیلەیە چارەسەر نەکرێت ئێمەش مەجبوور دەبین کارێکی هاوچەشن بەرانبەر بەوان بکەین... من لام وایە دەسەڵاتدارانی ناو حکوومەتی ئالمانیا وەك فرەنسا کێشەکە چارەسەر بکەن و تەسلیمی "ئیستیکبار" نەبن، بەباوەڕی ئێمە، تێگەیشتوویی دەسەڵاتدارانی حکوومی ئالمانیا لە تێگەیشتوویی دەسەڵاتدارانی حکوومی فرەنسا کەمتر نییە[١٩٨]".

بەڵام کاتێ بەرپرسانی داواکاریی گشتی و دادگا لە ئالمانیا ئەرکی خۆیان بەڕێوە برد، دەستی دەوڵەت بۆ سات و سەودا بەسترا. لەم ناوەدا، نەك هەر

---

[١٩٨] لە ئەگەری ئەوەدا کە قەراری دادئەستێنی ئالمانیا هەڵنەوەشێتەوە، کاری هاوچەشن دەکەین؛ [رۆژنامەی] ڕیسالەت، ١٣٧٥/١/٥.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتی ئێران بەڵکوو هەندێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش کە باوەڕیان بە هەواڵەکان نەدەکرد، پێوانەکانیان تێك درا. دەوڵەتی ئێران، دادگای بە ئەنجامی سەهیۆنیزمی جیهانی و کاری موساد و سیا دانا. مەقاماتی ئێرانی تەنانەت نەیانتوانی باوەڕ بەوە بکەن کە مەقاماتی دەوڵەتی ئاڵمانیا ـ بۆ نموونە لە نامەی هیلمۆت کۆهلدا بۆ رەفسەنجانی، داخ و کەسەری خۆیان لە سەربەخۆبوونی هێزی دادپەروەریی وڵاتەکە دەربڕیبوو. تەنیا هۆی مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە مەقاماتی ئێرانی درەنگ باوەڕن، بەڵکوو ئەنجامی ئەو ئەزموونانە بوو کە لە رابردوودا لەگەڵ ئەوروپییەکان هەیان بوو.

رژیمی ئیسلامی بە تێگەیشتنێکی ئەوتۆوە، سەرەتا لای وابوو وەك رابوردوو، مەسەلەی تیرۆری میکۆنۆسیش دەتوانێ بکاتە بابەتێکی سات و سەودای سیاسی ـ ئابووری و بەگشتی، بەرگری لە پێکهاتنی دادگا بکات. فەلاحیان لە سەفەری خۆیدا بۆ ئاڵمانیا، هەوڵیدا سەوداکە بگەیێنێتە ئەنجام و کۆتایی بە کێشەکە بهێنێت. کاتێ ئەو وت و وێژانە سەرنەکەوتن، رژیم تێگەیشت ئیتر رووبەڕووی هەل و مەرجێکی جیاواز بوە. جا هەوڵی دا گوشاری زیاتر بخاتە سەر دەوڵەت و دەزگای دادوەریی ئاڵمانیا بۆ ئەوەی ماوەی دادڕەسییەکە هەر چەندە بکرێت درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی هەل و مەرجی پێویستی سیاسی بۆ سات و سەودا بخولقێنێت. ئەو هەل و مەرجەی کە تێیدا دەبوایە دەوڵەتی ئاڵمانیا مەجبوور بکات سەوداکە بکەن. ئەو ئەستوندەکانەی وا هەل و مەرجەکەیان لەسەر دادەنرا بریتی بوون لە بەرژەوەندیی سیاسی ـ ئابووری ئاڵمان لە جیهان و لەناوچەی خەلیج و ئەو مەترسییانەی وا لەسەر رێگەی هاوڵاتیانی ئاڵمانیا لە ئێران و لوبنان و واهەیە لە خودی ئاڵمانیش بوون. لە ئاڵمانیا، رژیمی ئێران قسەکەری خۆی بۆ ئەو پێوەندییانە هەبوو.

وەك چۆن رژیمی ئێران بۆ پلان داڕشتن، گردوکۆیی زانیاری، بەڕێوەبردنی بەرنامە و گەڕانەوەی ئەندامانی تیمی تیرۆر، هەموو ئۆرگانەکانی خۆی خستە گەڕ، دوای تیرۆرەکەش بۆ بەرگری کردن لە ئاشکرا بوونی تیرۆر و کێشرانی کێشەکە بۆ دادگا و زیان پێگەیشتنی کەمتر، هەموو ئۆرگانەکانی بە هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرەتانیانەوە کەوتنە چالاکی کردن. لەم سەردەمەشدا، وەك دەورەی تێرۆر، هەموو بەرپرسان لە ڕێبەر و سەرەك کۆمار تاوەزارەتخانە و ڕێکخراوە و دام و دەزگا جیاجیاکان بەشداریی چالاکانەیان کرد.

سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی، دوای بەڕێوەبردنی "سەکەوتوانە" ی تێرۆر و گەیشتن بە "ئامانج"، دەبوایە دەستی خۆیان لە بەرانبەر جیهاندا پاك نیشان بدەن. دەوڵەتی ئێران هاوکات نوێنەرانی خۆی بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی مافی مرۆڤی ئیسلامی ناردە هامبورگ بۆ ئەوەی "مافی مرۆڤی ئیسلامی" بخاتە بەربیروڕای گشتی. لەلایەکی دیکەشەوە ڕایگەیاند کە تێرۆرەکە ئەنجامی کێشەی ناوخۆیی "گرووهەك" [واتە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن] ە. بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و ئیعتیرافەکانی "ئەمین" ەوە، هەندێك لە ئەندامانی تۆڕی تێرۆر ئاشکرا بوون. دوای ئاگادار بوونەوەی مەقاماتی ئێرانی لە ڕووداوەکان، یەکەم ئامانج بێدەنگ کردنی ئەمین بوو. بەڵام ئەمین لە زینداندا بوو و نەدەکرا بدرێتە بەر سەیارە و لۆری و تاقە ڕێگە بۆ بێدەنگ کردنی بریتی بوو لە هەڕەشە لێکردنی.

ئەمین ڕۆژی ٩٢/١٠/٧ دەستی کرد بە ئیعتیراف و لە ڕۆژی ٩٢/١٠/٨ دا بەراشکاوی ناوی دارابی وەك یەکێك لە چالاکانی ئامادەسازی تێرۆر ڕاگەیاند. ناوبراو ڕۆژی ٩٢/١٠/٩ داوای کرد لە بەرلین ڕایبگوێزن و سێ ڕۆژ دواتر نێرڕایە زیندانی کۆڵن. ئەمین پێش ڕاگواستنەکەی، لە دەفتەری یاساکانی زینداندا کە لە ناو ژوورەکەیدا بوو هەندێ یادداشتی نووسی. پاشان دارابی ڕاگوێزرایە هەمان سلوول و دەرەتانی خوێندنەوەی یادداشتەکانی پەیدا کرد. ئەمین تا ڕۆژی ٢٨ ی ژانویەی ١٩٩٣ لەماوەی نزیك بە ١١٠ ڕۆژدا ٢٠ جار پرس و جۆی لێکرا[١٩٩] و و بە بێ ئەوەی لە مافی یاسایی خۆی بۆ بێدەنگ مانەوە کەڵك وەربگرێت بەشێك لە زانیارییەکانی خۆی دایە پۆلیس.

---

[١٩٩]. ئەمین لەم ڕۆژانەدا: ١٦،١٥،١٤، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٧ و ٢٩ ی ئوکتۆبر، هەروەها ٥، ٧، ١٠، ١١، ١٢ ی نۆڤامبر و ١٢ و ١٦ ی دیسامبری ١٩٩٢ و ١٢، ٢٠، ٢٥، ٢٦ و ٢٨ ی ژانویەدا لێپرسینەوەی لێکرا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمین لە هەموو لێپرسینەوەکانی خۆیدا هەتا ٢٨ ی ژانویەی **١٩٩٣** بە بەردەوامی بە مەقاماتی پۆلیس و داواکاریی گشتی دەگوت کە زۆر لە حیزبوڵا، دارابی و ئەو کەسانەی وا "لە دەرەوە ماونەتەوە" دەترسێت و گیانی خۆی و ئەندامانی بنەماڵەکەی دوای ئازاد بوونی لە مەترسیدا دایە و دەیویست قسەکانی بەنهێنی بپارێزرێت و هیچکەسێك بەتایبەتی ئێران و دارابی و حیزبوڵا لێی ئاگادار نەبنەوە. بەڵام هەواڵەکە ئاشکرا بوو. دارابی و پارێزەرەکانی دوای گیرانی ئەو و لە ماوەی بازجوییەکاندا ئاگاداری ئاشکرابوونی ئەو [دارابی] بوون و زیندانییەکانی دیکەش لەو ماوەیەدا لە هەندێ لە ئیعتیرافەکانی ئەمین ئاگادار بووبوونەوە. رژیمی ئێران و حیزبوڵاش لێی ئاگادار بوونەوە. پۆلیسیش هیچ دەرەتانێکی بۆ شاراوە هێشتنەوەی زانیارییەکان نەبوو و هۆیەکیشی بۆ ئەم کارە نەدەدیەوە.

بەگوێرەی راپۆرتی پۆلیس، ئەمین لە رۆژی **٩٢/١١/٢٤** دا لەگەڵ زیندانییەکانی تر کێشەی لێ پەیدا بوو لەبەر ئەوەی تۆمەتباریان دەکرد لەگەڵ پۆلیسدا هاوکاری دەکات. دوای ئەو تێك گیرانە، ئەمین هەوڵی دا دەرەتانێك بخولقێنێت کە لەگەڵ دەرەوەی زیندان پێوەندیی بگرێت. داواکارییەکی زۆر [ی پێشکەش بە کاربەدەستانی زیندان] کرد (لەوانە، داواکاریی بۆ لابردنی یاساکانی ئاسایشی تایبەت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ زیندانییەکانی تردا قسە بکات و داواکاری رۆژی ١٩٩٢/١٢/٩ بۆ بەشدار بوون لە کۆرسی زمانی ئاڵمانی) و هەروەها داوای [ئیجازە] بۆ خواحافیزی کردن لەگەڵ کەس و کارەکەی کرد کە دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ لوبنان، و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بۆ ئەوەی ئەو داواکاریانەی لێ وەربگیرێت و لە کۆتاییشدا داوا کردن لە وەرگێڕ بۆ ئەوەی پێوەندی بە بنەماڵەکەیەوە بکات لە لوبنان. دواتر، پارێزەرەکەی پێوەندیی پێوە گرتن، بەشێوەیەکیش کە روون نییە چۆن، پیاوانی رژیمیش توانییان پێوەندی بە ئەمینەوە بکەن، کە دیارە ئەگەر بەربەستیەکانی زیندان بەتایبەت بۆ تاوانبارانی تیرۆر بگیرێتە بەرچاو، دەکرێت بزانرێت کە ئەو پێوەندیانە زۆر کەم بوون. لە رۆژانی نێوان ٢٨ ی ژانویە و ٢٥ ی مارسیشدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوایین هەڕەشە لە ئەمین کرا. لەو کاتانەدا دوو کەس ئەمینیان وەك ڕەشاش بەدەستی [ناو ڕەستورانەکە] ناساندبوو و ئیعتیرافەکانی بۆ دارابی و تۆمەتبارەکانی دیکە دەرکەوتبوو و بووبوە "ئەم لام تات و ئەولام تات"، هیچ ڕێگە چارەیەکیشی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی نەدەدۆزییەوە. هەر بۆیەش ملی بۆ هەڕەشەکان دابرد. ئەمین لە لێپرسینەوەی ٢٥ ی مارسدا (کە یەکەمین لێپرسینەوەی دوای ٢٨ ی ژانویە بوو)، دیسان کەڵکی لە مافی خۆی بۆ بێدەنگ مانەوە وەرنەگرت، بەڵام لە هەموو ئیعتیرافەکانی پێشووی خۆی پاشگەز بووەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی مەئموورانی پۆلیس:

"لە ڕۆژی ١٩٩٣/٣/٢٥ دا، ..... و ئەو مەئموورەی وا ڕاپۆرتەکەی ئیمزا کردوە، چوون بۆ زیندانی کاتیی "کۆلن ـ ئوسن دۆرف" بۆ ئەوەی چاویان بە تۆمەتبار "یوسف ئەمین" بکەوێت، "ئەشتەری" وەرگێڕیشیان لەگەڵدابوو. سەعات ١١ و ١٥ خولەك تۆمەتباریان هێنایە ژووری چاوپێکەوتن لە زیندانی ژمارە ٤.

یوسف ئەمین دوای سڵاو کردن، بە بێ هێچ وچانێك گوتی هەرچی تا ئێستا گوتومە هەڵەیە و لە دادگادا ڕاستیەکەی دەردەخەم. لە وەڵامی مەئموورەکەدا کە لێی پرسی بۆچی وا تووڕەیە، گوتی بۆچی ئیتر کاتی ئەوەی نادەنێ لە ژوورەکەی بچێتە دەر بۆ هەواخۆری. داوای ئەوەی کرد کە دەەست بەجێ چاوی بە پارێزەرەکەی بکەوێت کە دوو سێ هەفتەیە نەیبینوە. گوتی ئەوانە ـ واتە پۆلیسی ئاڵمانیا، بنەماڵەکەیان ناردۆتەوە بۆ لوبنان... بنەماڵە ٦ کەسییەکەی هەموویان لەناو یەك ژووردا دەژیان و لەژێر چاوەدێری پۆلیسیشدا بوون. گوتی ئەوان ـ واتە بنەماڵەکەی، لە ئێرانی و کورد و پۆلیس دەترسان... هەروەها ژنەکەی پێش دەرچوونی [لە ئاڵمانیا] پێی گوتوە هەر ئەوەندەی بگاتەوە لوبنان داوای جیابوونەوە دەکات و ئیتر لەو دەمەوە هیچ هەواڵێکی لێیان نییە. هەروەها گوتی نامەم بۆ قونسولی لوبنان نووسیوە و دەمەوێت باڵوێزی لوبنان بێتە چاوپێکەوتنم و ... هەروەها

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یوسف ئەمین [لە وەڵامی پرسیارێکدا] گوتی قازی [واتە حاکم] ئیجازە نادات پێوەندی [بە زیندانیانی دیکەوە] بگرێت و مافی چوون بۆ هەواخۆریشی نییە. هەروەها شکایەتی کرد کە زیندانییەکی ئێرانی دیکە نێرراوەتە هەمان بەشەکەی ئەو لەماڵیَ ژمارە ٢، بەڵام ئەو مافی پێوەندی گرتن لەگەڵ ئێرانیانی نییە".

ئیمزا

ئەمین وەها لە هەڕەشەی ئێران و حیزبولڵا ترسابوو، کە ئەو مەسەلەیە کەوتە بەر سەرنجی مەئموورى لێپرسینەوە. ئەو تەنانەت نەیدەویست پرسیارەکە ی لە داواکاریی گشتی، لە فایلەکەدا تۆمار بکرێت."[٢٠٠]

هەڕەشە کردن لە ئەمین کە پێشتر لەسەر هەندێ وردەکاریی تێرۆرەکە ئیعتیرافی کردبوو، بوە هۆی ئەوەی هەموو ئیعتیرافەکانی لە دادگادا وەربگرێتەوە و حیکایەتێك لە هەمان چوارچێوەدا دروست بکات بەڵام ناوی بەشداربوەکانی بگۆڕێت. ئەمین، کە لە ئیعتیرافەکانیدا "گوناهێکی گەورە" ی کردبوو، دەیویست زیاترین خزمەت بە دارابی و دەولەتی ئێران بکات و بەم شێوەیە "کەفارە" ی گوناهە کردوەکەی بداتەوە. بۆ ئەم کارەش هیچ دەرەتانێکی لەدەست نەدەدا و بەبۆنەی جیاجیاوە هەوڵی ئەوەی دەدا دادگا لە ڕێبازی ئەسڵی خۆی دوور بخاتەوە و نەیدەویست بەهیچ شێوەیەك ناوی ئێران ببرێت.

ناوبراو چەندین جار کاتێ بابەتی وا دەهاتە دادگاوە کە لە بەرژەوەندیی ئێران و دارابیدا نەبوو، پرۆسەی ئاسایی دادگای تێك دەدا و بەهۆی نارِەزایی دەربڕین یاخود هەڕەشە کردن لەوەی نایەتە دادگاوە، یا ئەوەی ماندوو بوە و تەحەمولی تەواو بوە، یا لەرێگەی باسی دوور و درێژ سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری زیندانەوە هەوڵی دەدا بابەتەکە بێ بایەخ بکات یا لەبیری دادگای بباتەوە. لەم کاتانەدا، تەنیا تاقەت و حەوسەلەی سەرۆکی دادگا کۆتایی بە

[٢٠٠] لێپرسینەوەی ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەسەلەکان دەهێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆمەتبارەکان توانییان ماوەی دادگا درێژ بکەنەوە. بۆ ئەوان و بۆ ئێرانیش رزگاریی لە درێژ کردنەوەی دادگادا بوو بەڵکوو پێش خوێندنەوەی تاواننامە و دەرچوونی قەرار، رێگەیەکی دیکە [بۆ رزگار بوونی هەر دوو لایەن] بدۆزرێتەوە.

ئێران و حیزبوڵا لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە ئەمین بێدەنگ بکەن و بەرگری لە ئیعتیرافەکانی دواتری بکەن. یەکەم ئەزموونی هەڕەشە و گوڕەشە لە رووداوی میکۆنۆسدا بە سەرکەوتوویی و بەسوودی ئێران کۆتایی پێهات. بەڵام بەڵگەنامەکانی بەردەستی داواکاریی گشتی و ئەو بەڵگەنامانەی وا لە ماوەی بەرێوەچوونی دادگادا کەوتنە بەردەست، لەوە زیاتر بوون کە گۆڕانی بۆچوونی ئەمین بتوانێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە مەسەلەکەدا پێك بهێنێت.

تاواننامەکە لە مانگی مایسی ١٩٩٣ دا ئیمزا کرا و خرایە بەردەستی دادگا. ئێستا بۆ دەوڵەتی ئێران، لایەنی سەرەکی بریتی بوو لە دەوڵەتی ئاڵمانیا، بۆ ئەوەی بتوانێ لەرێگەی وت و وێژ و تەڵەکە و هەرەشە و دەرەتان پێدانەوە بەرگری لە پێکهاتنی دادگا بکەن یاخود بیکەنە دادگایی کردنی یەك دوو مرۆڤکوژ کە بەهەڵکەوت چەند کەسێکیان کوشتوە. سەفەری مەقاماتی ئیتیلاعاتی ئێران و ئاڵمانیا رووی لە زیادی نا. لەکۆی هەموو ئەو پێوەندییانە، کەم و زۆر هیچ هەواڵێك نەگەیشتە دەرەوەێت بەڵام چاپەمەنیەکان توانییان پێوەندی ئیتیلاعاتی دەوڵەتی ئێران و ئاڵمانیای پێش رووداوی میکۆنۆس ئاشکرا بکەن.

هەواڵی فرۆشتنی کەرەسەی کۆمپیوتەری پێشکەوتووی ئیتیلاعاتی بە "واواك" و بارهێنانی مەئموورانی ئەو رێکخراوەیە لە ناوەندە ئیتیلاعاتییەکانی ئاڵمانیا چاپ کران. هەوڵی دەوڵەتی ئێران نەگەیشتە ئاکامی دڵخواز و رێکەوتی دەسپێکی دادگا راگەیێنرا. ئینجا بەرزترین مەقامی ئاسایشی ئێران ـ فەلاحیان، وەزیری واواك هاتە ئاڵمان بۆ ئەوەی لەگەڵ مەقاماتی ئەوێ و یەك لەوان "شمید باوێر" وەزیری راوێژکار و رێکخەری هەموو رێکخراوە ئیتیلاعاتییەکانی ئاڵمانیا باسی "کێشە مرۆڤایەتییەکان" بکات. ناوبراو بۆ بەرەو پێش بردنی "کێشە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرۆڤایەتییەکان" سەردانی ناوەندی دوو ڕێکخراوەی سەرەکی ئیتیلاعاتی ئاڵمانیا واتە BND و BfV ی کرد. لەسەر داخوازی ئاڵمانیا، هاتنی فەلاحیان بۆ ئاڵمانیا دەبوایە بەنهێنی بپارێزرێت، بەڵام ڕژیمی ئێران کە ئەو چەشنە چاوپێکەوتنانە و وەرگیرانی نوێنەرەکانی خۆی لەلایەن دەوڵەتێکی وەك ئاڵمانیاوە بەبەڵگەی بایەخی جیهانی خۆی دادەنێت، ئەم چاوپێکەوتنانەی ئاشکرا کرد.

مەقاماتی دەوڵەتی ئێران لەو باوەڕەدا بوون و لە ئەزموونی ڕابردووی خۆشیان فێرببوون کە دەکرێت بەیارمەتی دەوڵەتی ئاڵمانیا بە بێ زیان دیتن لەو تەنگانەیەی تێی کەوتبوون بێنە دەرێ کە سەرەڕای ئەو بەڵێنەی وا پێش تێرۆرەکە بە شمید باوێر و دەوڵەتی ئاڵمانیایان دابوو و گوتبوویان لەناو خاکی ئاڵمانیادا تێرۆر ناکەن، تێرۆری میکۆنۆسیان بەڕێوە بردبوو. ئامانجی دەوڵەتی ئێران ئەوە بوو بەرگری لە مەحکووم بوونی گیراوەکان بکات و نەهێڵێت ئێران بەوە ناو ببرێت کە دەستی لە تێرۆرەکەدا هەبوە. لە بەرانبەردا ئامادە بوو لەلایەکەوە لە پەیمانە بازرگانی و ئیتیلاعاتییەکانی لەگەڵ ئاڵمانیادا بەخشندەیی زیاتر بنوێنێت لەلایەکی دیکەشەوە بارمتە ئاڵمانییەکانی لوبنان وگیراوە ئاڵمانیەکانی ئێران بەرەڵا بکات.

دەوڵەتی ئێران هەمیشە ئەو دەرەتانەی هەبوە و هەیەتی کە ئاڵمانییەکی دیکە لە لوبنان بەبارمتە بگرێت یاخود لەناو ئێراندا تۆمەتی بداتە پاڵ و سەرلەنوێ بکەوێتە وت و وێژ کردن بۆ ئازاد کردنی. شمید باوێر لە دادگادا شایەدی دا کە فەلاحیان چەند جار واتە سەرجەم چوار جار داوای لێکرد بەرگری لە بەڕێوەچوونی دادگا بکات، بۆ نموونە جارێکیان ئەم پێشنیارەی لەگەڵ کۆمەڵێك بابەتی دیکەدا ئاراستە کرد کە باسیان لەسەر بکرێت و ئەوانە بریتی بوون لە داواکارییەکانی ئێران و هەروەها ئەو شتانەی وا ئێران ئامادە بوو لە بەرانبەردا بیانکات. لایەنی ئاڵمانی هەموو پێشنیارەکانی دایە دواوە. شمید باوێر ئامادە نەبوو لە دادگادا بیدرکێنێت کە ئێران ئامادە بوو لە بەرانبەردا چ بکات، بەڵام بەرپرسی یەکخستنی ڕێکخراوە ئیتیلاعاتییەکانی ئاڵمانیا چەند جار گوتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وت و ویژەکانی ئێمە سەبارەت بە "کێشە مرۆڤایەتییەکان" بوە. چەندێك لەو "کێشە مرۆڤایەتییانە" لەماوەی دادگادا لەقاو دران:

شیمکوس

هێلمۆت شیمکوس[٢٠١] دوای ئەوەی زیندانی دایمی درایە و ماوەی پێنج ساڵ لە لە زیندانی ئێراندا مایەوە، سەرلەنوێ موحاکەمە کرایەوە و حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو. هۆی دادگایی کردنەوەی شیمکوس رانەگێێنرا. کۆماری ئیسلامی تەنانەت ئامادە نەبوو هۆکارێکی دەستکردی بۆ رابگەیێنێت. حوکمدرانی هاولاتیانی ئالمانی لە دەرەوەی ولات بۆ حکوومەتی ئالمانیا نائاساییی نییە و دەولەتی ئالمانیا تەنیا کاتێ دەکەویتە جوولانەوە کە ئالمانییەك حوکمی ئیعدامی بۆ دەربچێت. راپۆرتی رۆژنامە ئالمانی و ئێرانییەکان بۆخۆیان قسە دەکەن:

"مەلاکان دەیانەوێ تۆلە لە "بۆن" بکەنەوە...

... ٢. هێلمۆت کە لە ساڵی ١٩٩١ دا بە تاوانی جاسووسی بۆ عیراق قەراری زیندانی هەمیشەیی بۆ دەرچووبوو، لەم دواییەدا حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوە."[٢٠٢]

"حوکمی ئیعدام، بارمتەیەکی تر.

بەرژەوەندیی دوو لایەنەی بۆن و تاران دەتوانێ گیانی موهەندیسی ئالمانی هیلموت شیمکوس رزگار بکات.

دەولەتی ئالمانی بە هەموو دەرەتانێکی سیاسییەوە هەولی رزگار کردنی موهەندیسی ٥٩ ساڵەی ئالمانی هیلموت شیمکوس دەدات. بڕیارە ناوبراو بەتاوانی جاسووسی بۆ عیراق، لە ئێران هەلاوەسرێت. دوێنێ شۆرای بەرزی قەزایی حوکمی ئیعدامی ناوبراوی پشتڕاست کردەوە ـ ئەو حوکمەی وا لە ساڵی ١٩٩٢ دەرچووبوو. ئێستا تاقە رێگەیەك مابێتەوە ئەوەیە داوای لێبوردن بکرێت. چەند سەعات دوای راگەیاندنی

[201] Helmut Szimkus
[202] Focus, ١٩٩٤/١/١٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مووسەوی تەبریزی داواکاری گشتی [ی ئێران]، "بۆن" داوای لێبووردنی کرد.

هیلموت شیمکوس کە لە ئێران سات و سەودای سادیراتی دەکرد بەگوێرەی راگەیاندنی خەڵکانی نزیك لەخۆی، بەرخێکی بێتاوان نییە ئەوەش کە ئیعتیرافی بە جاسووسی کردن بۆ عیراق ـ دوژمنی پێشووی ئێران کردبێت و تاوانی جاسووس کردنی راست بێت، لە روانگەی دەوڵەتی ئاڵمانیاوە دوور لە چاوەڕوانی نییە... بەم شێوەیە، لەو یاریی پۆکەرەی پشت پەردەیەدا شتێکی گونجاوە کە بەشداریی کردنی رێکخراوەی ئاسایشی ئێران لە تێرۆری میکۆنۆسدا دەور ببینێت. "بۆن" بۆ پاراستنی گیانی شیمکوس بێدەنگ دەمێنێتەوە".

یا:"ئێران ئامادەیە کابرای ئاڵمانی لەجیاتی نرخی ناردنی کومپیوتەری ١٠٠ هەزار مارکی بۆ رێکخراوەی ئاسایشی تاران بداتە هاوکارە مونیخییەکانی خۆی، ئەوەش بەگوێرەی دان پێدانانی هەندێك کەس بەرپێوەچوە و کۆتایی پێهاتوە. ئەوە بێگومان حەدس و مەزندەیە، بەڵام روون و ئاشکرایە کە بۆن پێویستی بە تاران و تارانیش پێویستی بە بۆن هەیە. وڵاتی مەلاکان هەنووکە لە قووڵایی قەیرانی وەستانی ئابووریدایە و زیاد لە هەموو کاتێك پێویستی بە پێوەندی باشی ئابووری لەگەڵ رۆژئاوادا هەیە[٢٠٣] ".

"ئێرانییەکان لە شاری بۆن سات و سەودا دەکەن. گروپێك لە نوێنەرانی پەرلەمانی ئێران بۆ وت و وێژ کردن گەیشتنە بەرلین. ئەو گروپە جەواد لاریجانی سەرپەرشتییان دەکات کە جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان و ئەندامی شۆرای ئاسایشی نەتەوایەتییە. لەم وت و وێژانەدا باسی چارەنووسی هێڵمۆت شیمکوسیش دەکرێت کە بە تاوانی جاسووسی حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوە."[٢٠٤]

---

[203] Berliner Zeitung١٩٩٤/١/١٦
[204] Berliner Zeitung١٩٩٤/١/١١

لە ئێرانیش نووسییان:

هێڵمۆت شیمکوس کە لە ساڵی ١٣٦٨ [١٩٨٩] دا بەتاوانی جاسووسی لە ئێران حوکمی ئیعدامی درابوو، لێبووردنی بۆدەرچوو.."[٢٠٥]

هێڵمۆت شیمکوس بە تاوانی جاسووسی بۆ رژیمی عیراق حوکم درابوو، دوای ئەوەی ٥ ساڵ لە حوکمی زیندانەکەی بردەسەر، لێبوردنی بۆ دەرچوو و شەوی هەینی دەست بەجێ دوای ئازادبوون، لە وڵات دەرکرا. پێویستە بگوترێت کە ئەو جاسووسە ئاڵمانییە دوای ٥ ساڵ زیندان، کەوتە بەر لێبوردنی مەقامی بەرزی ریبەری."[٢٠٦]

"هەیئەتێکی پایەبەرزی ئاڵمانی گەیشتە تاران

سەر لە بەیانی ئەمرۆ هەیئەتێکی پایەبەرزی ئاڵمانی بە سەرۆکایەتی شمید باوێر راوێژکاری سەرەك وەزیرانی کۆماری ئاڵمانیای فیدراڵ و بەرپرسی رێکخستنەوەی رێکخراوە ئیتیلاعاتی و ئاسایشییەکانی وڵات، گەیشتە تاران. ئەو هەیئەتە دوابەدوای لێبوردن لە "هێلمۆت شیمکوس" ی هاوڵاتی ئاڵمانی بەگوێرەی بڕیاری مەقامی بەرزی رێبەری، گەیشتە تاران. ناوبراو شەوی رابردوو تارانی بەرەو ئاڵمانیا بەجێ هێشت و هەیئەتەکە هاتوە تا سوپاسی خۆیان بە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران رابگەیێنن و پەیامی نووسراوی سەرەك وەزیرانی ئاڵمانیاش ئاراستەی جەنابی ئاغای هاشمی رەفسەنجانی بکەن[٢٠٧] ".

باخمەن

ئەگەر دەوڵەتی ئاڵمانیا حوکمدران و زیندانی بوونی شیمکوسی بە کارێکی ئاسایی لە قەڵەم دا و تەنیا دوابەدوای دەرچوونی حوکمی ئیعدامی ناوبراو

[٢٠٥] ڕیسالەت، ٩٤/٦/١٥ — ٧٣/٣/٢٥

[٢٠٦] ڕیسالەت، ٩٤/٧/٢ — ٧٣/٤/١١

[٢٠٧] ڕیسالەت، ٩٤/٧/٢ — ٧٣/٤/١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاردانەوەیەکی لەخۆی نیشاندا، دوای گیرانی گێرهارد ئالفرێد باخمەن[٢٠٨] ئەندامی سەرۆکایەتی هۆدەی بازرگانی ئێران – ئاڵمان بەخێرایی کاردانەوەی نیشاندا و ئەو تۆمەتەی بە پووچ زانی، سات و سەوداش خێرایەك گەیشتە ئەنجام.

"هاوڵاتیەکی ئاڵمانی بە تاوانی پێوەندیی ئیجازە نەدراو لەگەڵ خەڵکانی سوپایی گیرا. بەگوێرەی قسەی "پێوەندە گشتیەکانی رێکخراوەی قەزایی هێزە چەکدارەکان[ی ئێران] گیرهارد ئالفرێد باخمەن رۆژی شەممە لەلایەن دادسەرای سوپایی تارانەوە گیراوە."[٢٠٩]

"نارەزایی دەربڕینی باڵوێزی ئێران سەبارەت بە دۆخی نادیاری زیندانیە ئێرانیەکان لە ئاڵمانیا.

مووسەوییان: ئەو تۆمەتانەی وا تا ئێستا لەسەر باخمەن بیسراون بریتین لە جاسووسی کردن، بەرتیل، و پێوەندی غەیرە یاسایی لەگەڵ کەسانی سوپایی. بەگوێی "کاسترۆپ" دا درا کە دەوڵەتی ئێران بەهیچ شێوەیەك نایەوێ ئەو تەنگ و چەڵەمانە سەر هەڵبدەن، بەڵام دەوڵەتی ئاڵمانیاش پێویستە رێزی یاسا و سەربەخۆیی قەزایی ئێران بگرێت.

باڵوێزی ئێران لە چاوپێکەوتنی مەقامە ئاڵمانییەکەدا نارەزایی خۆی لەسەر دۆخی نادیاری زیندانییە ئێرانییەکان لە ئاڵمانیا دەربڕی و پێی راگەیاند کە بەپێچەوانەی دەقی پەیمانی ڤیەنا، ئیجازەی چاوپێکەوتنی کۆنسولی ئێران لە بەرلین لەگەڵ کازم دارابی نەدراوە. ئاشکرایە چاوەڕوان دەکرێت کە دەوڵەتی ئاڵمانیاش هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە بدات."[٢١٠]

دەوڵەتی ئێران هەرگیز نارەزاییەکی لەمەڕ بارودۆخی زیندانیانی ئێرانی لە ئاڵمانیا دەرنەبڕیبوو (کە ژمارەشیان کەم نییە)، ئەوان تەنیا هەل و مەرجی

---

[208] Gerard Alfred Bachmann

[٢٠٩] ڕیسالەت، ١٣٧٢/٧/١٩

[٢١٠] ڕیسالەت، ١٣٧٢/٧/٢٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دارابییان بۆ گرنگ بوو. تەنیا دوای هاتنەگۆڕی ئەو مەسەلەیە لەمەڕ زیندانییەکی ئاسایی ئێرانی بوو کە هەنگاوی نایەوە بۆ ئەوەی رواڵەتی خۆی بپارێزێت و لە دادیدا بڵێ بارودۆخی هەموو زیندانییەکانی لەلا گرنگە.

"ئێران بڕیاری داوە بازرگانە ئاڵمانییەکە ئازاد بکات.

دەوڵەتی ئێران رۆژی ٥ شەممە رایگەیاند کە گیرهارد باخمەن — بازرگانی ئاڵمانی کە دوو هەفتە لە زینداندا بوە ئازاد کراوە. میشائل گرتس قسەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوە هەواڵیدا کە سەید حسێن مووسەوییان باڵوێزی ئێران ئاگاداری دیترکاستروپ کاربەدەستی پلەبەرزی کردۆتەوە کە کابرای ئاڵمانی بەم زوانە ئازاد دەکرێت ... دەوڵەتی ئاڵمانیا چەند جار نارەزایی لەمەڕ گیرانی ناوبراو دەبڕیوە و هەڕەشەی کردوە کە ئەگەر بێت و باخمەن ـ ئەندامی هەیئەتی بەڕیوەبەرایەتی هۆدەی بازرگانی ئێران ـ ئاڵمان ئازاد نەکرێت، هەندێك ئەنجامی بۆ پێوەندی دوو لایەنەی نێوان ئێران و ئاڵمانیا بەشوێندا دێت."[211]

ئاڵمانییە دەست بەسەرکراوەکە، بەم زووانە ئازاد دەکرێت.

رادیۆ بی بی سی و رادیۆ ئەمریکا لە هەواڵەکانی پێرێ شەوی خۆیاندا رایانگەیاند کە وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانیا گوتوویەتی ئێران ئەو بازرگانە ئاڵمانییەی وا لەم مانگەدا بەتۆمەتی جاسووسی و بەرتیلدان گرتبووی، ئازادی دەکات. وتەبێژێکی وەزراەتی دەرەوەی ئاڵمانیا گوتی باڵوێزی ئێران لە شاری بۆن رایگەیاندوە کە بازرگانەکە ناوی گراهام باخمەنە و بەم زوانە ئازاد دەکرێت. ئاڵمانیا هەر ئێستا رایگەیاندوە کە گیرانی باخمەن دەتوانێ زیان لە پێوەندییەکانی دوو وڵات بدات."[212]

"زیندانی ئاڵمانی ئازاد کرا.

---

[211] Suddeutsche Zeitung، ١٩٩٣/١٠/٢٢

[212] ڕیسالەت، ١٣٧٢/٨/١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیرهارد باخمەن بازرگانی ئاڵمانی ئازاد کرا. وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردەوە. ناوبراو، نوێنەری کۆنسێرنی "مان[٢١٣]"ە و ئیجازەی چوونە دەرەوە لە ئێرانی نییە، دەبێ چاوەڕوانی موحاکەمە بکات."[٢١٤]

باخمەن چاوەڕوانی هیچ موحاکەمەیەك نەمایەوە و وەك لە سات و سەوداکەدا گیرابوە بەرچاو، کەوتە بەر فەرامۆشی، هیچ کەسیش ئامادە نەبوو سەبارەت بە "بابەتێکی ئیعیتادی" کە هەموو رۆژێك دێتە پێشێ، قسە بکات.

ئاران

لەماوەی هێرشی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر لوبنان، فرۆکەیەکی ئیسرائیلی لە خاکی لوبنان کەوتە خوارەوە و "رۆن ئاران[٢١٥]"فرۆکەوانێکی ئیسرائیلی شەرت و گوم بوو. کاتێ کە دادگای میکۆنۆس بەرێوە دەچوو، چاپەمەنییەکان هەواڵیان دا کە مەقاماتی ئالمانی خەریکی وت و وێژن لەگەڵ ئێرانییەکان بۆ ئەوەی تەرمی فرۆکەوانەکە بدرێتەوە بە ئیسرائیل. هەموو ئەو چاپەمەنییانەی وا هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە باسی دەوری ئێران و گرنگایەتی دادگای میکۆنۆس بۆ ئێران و ئەوەی کە لایەنی ئێرانی داوای بەرگری کردن لە مەحکوم بوونی ئێران لە دادگا دەکات. ئەم جارەش هەر شمید باوێر لەلایەن ئاڵمانیاوە بەشداری ئەو وت و وێژە بوو کە سەبارەت بە "لایەنی مرۆڤایەتی کارەکە" دەکرا. هەموو نیشانەیەك دەری دەخست کە تەرمی کابرا دراوەتە ئێران و ئەوانیش تەنیا لە پێوەندی دادگای میکۆنۆسدا ئامادەن بیدەنەوە. بەڵام گوشاری گشتی لەوە زیاتر بوو کە سات و سەودایەك لەپشت پەردەوە بکرێت و دادگای ئاشکرای میکۆنۆس بخرێتە پشت گوێ. دوای ئەوەی داواکاری گشتی تاواننامەی خۆی خوێندەوە، مەسەلەی ئاران بەکردەوە فەرامۆش کرا.

[213] MAN
[214] Tageszeitung١٩٩٣/١٢/٥
[215] Ron Aran

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەڕای پێخۆش بوونی دەوڵەتی ئێران لە هەڵوەشانەوەی دادگا و سەرەڕای هەموو ئەو بەرژەوەندییانەی کە ئاڵمانیا لە کارەکەیدا هەبوو، سات و سەودای راستەوخۆ سەری نەگرت و داواکاری گشتی و داوەرەکان سەربەخۆیی خۆیان دەرخست. هەر ئەوەندەی دادگا دەستی پێکرد، جگە لە وت ویژ سەبارەت بە "کێشە مرۆڤایەتییەکان"، هەموو ئەوانەی وا دەکرا راستەقینەیەك لە دادگا بدرکێنن کەوتنە بەر هەڕەشە و گوشار و "کڕین". ئەم چەشنە چالاکییە کە بە تێرۆر دەستی پێکردبوو، بەدەست پێکردنی دادگا گەیشتە لوتکەی خۆی. بەگوێرەی شایەدیدانی "شوهرەی بەدیعی" [هاوسەری نووری دیهکوردی]، دەست بەجێ دوای تێرۆرەکە، "نەجاتی" ئەندامی ناسراوی واواك و چەند جار تەلەفۆنی بۆ کردوە. ئامانجی تەلەفۆنەکان هەڕەشە لێکردنی ئەو بوە بۆ بێدەنگ کردنی.

"فەرهاد فەرجاد" یش لە دادگادا گوتی تەلەفۆن بۆ ئەویش کراوە و ئامانجی تەلەفۆن کردنەکان هەرەشە لێکردنی ئەو بوە. "عەبدولرەحیمی" کە خۆی ببوە هۆی ناسیاو کردنی نەجاتی لەگەڵ بەشێکی ئۆپۆزیسیۆن، لە لێپرسینەوەکانی خۆیدا بە پۆلیسی راگەیاند کە دوای یەکەم لێپرسینەوەی لەلایەن پۆلیسی ئاڵمانیاوە، ماڵەکەی کەوتۆتە بەرچاوەدێری مەئموورانی ئێرانی. ئەوانە هەموو، سەرەتایەك بوون بۆ ئەو رووداوانەی وا دەبوایە دواتر لە دادگادا روو بدەن.

رۆژنامەی "انقلاب اسلامی در هجرت" لە دەسپێکی دادگادا هەواڵی دا کە بنەماڵەی ئەمین لە لوبنان رفێنراون و براونەتە شوێنێکی نادیار. ئامانجی کارەکەش گوشار خستنە سەر ئەمینە، کە قسەی سەردەمی لێپرسینەوەی خۆی بخواتەوە و لە دادگادا باسی دارابی و دەوڵەتی ئێران نەکات. ئەمین کە زۆر پێشتر کەوتبوە بەر هەڕەشە و قسەکانی خۆی وەرگرتبوە و لە دادگاشدا ملی بۆ داواکارییەکانی حیزبولڵا و دەوڵەتی ئێران دانەواند. ئامانجەکانی مەقاماتی حیزبولڵا و رژیمی ئێران لە هەڕەشە لێکردنی ئەو کەسانەی وا راستەوخۆ لەبەر دەستیاندا نەبوون، دواتر لەماوەی دادگا و بەهۆی قسەکانی "محەمەد جەرادە" و "میسباحی" یەوە روون بوەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میسباحی مەئموورێکی پایەبەرزی رژیم و لە چۆنیەتی کاروبارەکانی ئێران ئاگادار بوو. ناوبراو [لە دادگادا] رایگەیاند کە دەوڵەتی ئێران بەگوێرەی پلانی رەفسەنجانی بەشوێن ئەو ئامانجەوە وێڵە کە وای نیشان بدات دادگای میکۆنۆس دادگایەکی سیاسییە و بایەخێکی حقووقی نییە. بۆ ئەم کارەش، جگە لەو پروپاگەندەیەی وا لەناوخۆی ولاتدا کەڵکی بۆیان هەبوو، دەبوایە ئیش و کار لەناو دادگاش وابڕواتە پێشێ کە بتوانن بڵێن پۆلیس بەزۆر ئیعتیرافی لە تۆمەتبار و شایەدەکان وەرگرتوە و هەر بۆیەش، شایەدەکان لە دادگادا، کە شوێنێکی ئازادە، هەمووقسەی سەردەمی لێپرسینەوەکانی خۆیان وەردەگرنەوە.

حیزبوڵا داوای لە محەمەد جەرادە کردبوو کە ئەو شتانە دووپات نەکاتەوە وا لەماوەی لێپرسینەوەکاندا گوتبووی. ناوبراو هاتە دادگا و گوتی: "من لەرێگەی جۆربەجۆرەوە هەڕەشەم لێکرا تا ئەو راستییانەی وا لە لێپرسینەوەکاندا درکاندبووم دووپات نەکەمەوە. ئێستاش بەهۆی ئەو مەترسییانەوە کە هەڕەشە لە خۆم و بنەماڵەکەم دەکات، ئامادە نیم ئەو راستییانە بڵێمەوە، گەرچی هەموو ئەوەی وا لە لێپرسینەوەکاندا گوتوومن راستن".

زۆرێك لەو هەڕەشانەی وا لە جەڕادە دەکرا، لە دادگادا کەوتە بەرباس: سەرەتا، ئەو برادەرانەی وا پێوەندیان لەگەڵ حیزبولادا هەبوو داوایان لێکرد قسەکانی سەردەمی لێپرسینەوەی خۆی وەربگرێتەوە. پاشان لەرێگەی زیندانییەکەوە کە تازە بەرەڵا کرابوو، پەیامی "عەیاد" ی تۆمەتباری پێگەیشت کە بێدەنگ بێت. هەروەها ماوەیەك پێش شایەدیدانەکەی بەتایبەت شەوی پێش شایەدیدان، چەند کەسێکی نەناسراو بە تەلەفۆن هەڕەشەیان لێکرد. ئینجا نۆرەی هەڕەشە کردن لە بنەماڵەکەی هات. لە ئەنجامیشدا کاتێ کە هیچکام لەو هەڕەشانە سوودیان نەبەخشی، مەسەلەکە بەراشکاوی لە دادگادا باسی لێوەکرا و هەیئەتی داوەرانیش هەڕەشەکەیان بەهەند وەرگرت، ئەمجار بنەماڵەی عەیاد پێنشیاریان بە بنەماڵەکەی کرد کە ئەگەر بێت و قسەکانی لە دادگادا بخواتەوە، ٥٠ هەزار مارکیان پێدەدەن. ئەو خالانە لە دادگادا پەسند

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کران. سەبارەت بە مەسەلەی پارە، جەرادە لە دادگادا گوتی من عەیاد و بنەماڵەکەی لە لوبنان بەباشی دەناسم و دەزانم ئەوان ناتوانن پارەیەکی ئەوتۆ بدەن بە کەسێك، ئێوەش وەك من دەتوانن بزانن ئەو پارەیە کێ دەیدات.

شایەدیدانی محەمەد جەرادە بەهۆی داواکاریی یەك لەدوای یەکی پارێزەرانی عەیادەوە درێژەی کێشا. چەندین جار بانگ کرایە دادگا. لەو ماوەیەشدا حیزبولڵا بێکار دانەنیشت و کەڵکی لە هەموو شێوازێك وەرگرت، لەوانە ناردنی نامە، ناردنی شریتی کاسێت، نادرنی چەند ناوبژیکەر کە بەرپرسی گرنگی رێکخراوەی "ئەمەل" و "حیزبولڵا" بوون لە لوبنان، هەروەها هەڕەشەی یەك لەدوای یەکی بنەماڵەکەی لە ئاڵمانیا و دایك و باوکی لە لوبنان.

داواکاری گشتی و هەیئەتی داوەران، قسە و دیعایەکانی جەرادەیان خستە بەر لێکۆڵینەوە و گەیشتنە ئەنجامی ئەوەی کە قسەکانی راستن. ئەم لێکۆڵینەوانە، لایەنی ئاڵۆز و هەڕەشە لێکرانی هەمەلایەنەی شاهیدەکانی دادگای لەلایەن دەوڵەتی ئێران و بەکرێگیراوەکانی روون کردەوە.

دەوڵەتی ئێران بۆ تێکدانی کاری دادگا، لەرێگەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عیراقەوە پێوەندیی بە حزبی دیموکراتی کوردستان [ی ئێران] ەوە کرد و بۆ تێکدانی کاری دادگا پێشنیاری پێکرد. حزبی دیموکرات بەشێوەی رەسمی ئەو پێشنیارەی لەرێگەی "ئێریگ" ەوە بە دادگا راگەیاند.

> ٢٣ی دیسامبری ١٩٩٦، لەلایەن دەفتەری نوێنەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پاریسەوە... پێتان رادەگەیێنین کە رۆژی ١٩٩٦/١٢/١ هەیئەتی دەفتەری سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عیراق... لە دانیشتنێکی هاوبەش لەگەڵ دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا... پەیامی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە دەفتەری سیاسی... راگەیاند. بەگوێرەی ئەو پەیامەی وا بەشێوەی رەسمی لەلایەن هەیئەتی ناوبراوەوە راگەیێنرا: ئەگەر بێت و حزبی دیموکرات خۆی و لەرێگەی حیزبی دیموکراتەوە بنەماڵەی قوربانیانی رەستورانی میکۆنۆس دەست لە مافی خۆیان لە دادگای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرلین هەڵنەگرن، کۆماری ئیسلامی بە هەموو دەرەتانی خۆیەوە حزب دەخاتە بەر هێرش و ئەگەریش لە مافی خۆیان دەست هەڵبگرن، ئەوا کۆماری ئیسلامی ئامادە ژمارەیەك لە زیندانیانی سیاسی ئازاد بکات.

دەفتەری نوێنەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات. ئیمزا"

رژیمی ئێران بۆ بێدەنگ کردنی نەیاران لە دادگا گوێی لەوە نەبوو هەڕەشە و گوڕەشەکانی بەدەنگی بەرزیش رابگەیێنێت. دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە "بەنی سەدر" و میسباحی ئەوەندە بە جیددی شوێنی مەسەلەکەی گرت و ئەوەندە لە کارەکە چوە پێشەوە، کە هەموو تۆمەتەکانی گەیاندە رادەی نەفامی. تۆمەتی تێرۆریست بوونی بەنی سەدر و فێڵبازبوونی میسباحی تەنانەت ئەگەر راستیش بوایەن نەدەبوونە پێوانەیەك بۆ شایەدیدانیان لە دادگادا. وەك چۆن رژیم لەناوخۆی ئێراندا بۆ مەحکووم کردن و کوشتنی هەموو "عونسورێکی نەخوازراو" کۆمەڵێك تاوانی کلێشەیی بە ئۆممەت رادەگەیێنێت، لای وابوو دادگای میکۆنۆسیش هەمان ئومەتەکەی ئەون و ئەوەندەی توانی و لە عەقڵ و فامیدا بوو، هەمان ئەو کلێشانەی وەك بەڵگەی رەسمی نادرە دادگا. دەتگوت ناوهێنانی چەند تۆمەت دژ بە شاهیدێك دەبێتە بەڵگە بۆ بێ بایەخ کردنی کەسەکە. رژیمی ئێران ناتوانێ ئەوە تێ بگات کە نەك هەر تۆمەتبارەکان بەڵکوو تەنانەت خەڵکانی مەحکوومیش بۆ شایەدیدان دەهێنرێنە دادگا. بۆ نموونە ئەو دوو زیندانییەی وا بەتاوانی قاچاغی جگەرە و مادەی سڕکەر لە زیندان بوون و لەسەر داواکاریی پارێزەرانی دارابی دەبوایە بێن و بەسوودی ناوبراو شایەدی بدەن.

دەوڵەتی ئێران بە خەیاڵی بێ بایەخ کردنی شایەدەکان لەرێگەی تۆمەت لێدانیانەوە، هەوڵیدا تۆمەت بداتە پاڵ حزبی دیموکرات بۆ ئەوەی داخوازیی بنەماڵەی کووژراوەکانی بێ بایەخ بکات. رۆژی ٩٦/٣/١٩ بەشداربوانی دادگا بەوپەڕی بێ بێ باوەریی و بەهەستێکی تێکەڵاوی گاڵتە پێهاتن و خەفەتبارییی گوێیان دایە نامەی بنەماڵەیەکی ئێرانی لە شاری میاندواو، کە تێیدا باسی ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زوڵمانە کرابوو کە حزبی دیموکراتی کوردستان لێی کردبوون. نامەکە خۆی لە دیعایە زیاتر هیچ نەبوو، و تەنانەت ئەگەر بابەتی راستیشی تێدا بوایە، پێوەندی بە دادگای میکۆنۆسەوە نەبوو، و نەدەکرا بۆیان خاوەنی گرنگی بێت. ئەو بنەماڵە میاندواوییە هەندێ ئەدرەسی ئەوتۆی ئاڵمانیای لەبەر دەستدابوو کە لەناوخۆی ئاڵمانیش کەمتر کەس دەتوانێ هەیبێت. نوسخەی نامەکە نێررابوو بۆ دەفتەری سەرەك وەزیران، دەفتەری سەرۆکی پەرلەمانی ئاڵمانیا، وەزارەتی دادپەروەری ئاڵمانیا، دائیرەی دادگاکانی بەرلین و... شوێنی تریش.

بەنی سەدر لە دادگا گوتی کۆماری ئیسلامی لەرێگەی براکەیەوە هەڕەشەی لێکردوە بۆ ئەوەی شایەدی نەدات. ناوبراو گوێی نەدایە ئەو هەڕەشانە و لە رۆژانی **٢٢** و **٢٣** ی ئووتدا لە دادگا شایەدی دا. ئەمجار رژیم دەیەویست لایەنی یاسایی بداتەکارەکەی خۆی. هەر بۆیەش رۆژی دووشەممە **٢٦** ی ئووت دەوڵەتی ئێران لەرێگەی حوسێنی ـ یاریدەدەری باڵوێزخانەی ئێران لە بۆنەوە بۆتۆمەتی رفاندنی فڕۆکە داوای گەڕاندنەوەی بەنی سەدر بۆ ئێرانی تەسلیمی وەزراەتی کاروباری دەرەوەی ئاڵمانیا کرد. بەنی سەدر رۆژی **٥** ی سپتامبر، لە درێژەی شایەدیدانی خۆی لە دادگادا، ئەم پرسیارەی لە هەیئەتی داوەران کرد. سەرۆکی دادگا لە وەڵامدا گوتی تۆ بۆ شایەدیدان بانگ کراویتە دادگا، کەڵك لە مافی شایەدانی دادگا وەردەگری و بەگوێرەی یاسا لەبەر دەستی دادگا دای، پارێزگاری کردنیشت لە ئەستۆی دادگایە و دوای شایەدیدانیش دەگەڕێیەوە بۆ فەرەنسا.

دوای ئەوەش کە شایەدی "ث" لە دادگادا شایەدی دا، دەوڵەتی ئێران لەرێگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئاڵمانیاوە نامەیەکی **٣٠** لاپەرەیی سەبارەت بە فێڵبازی و تەڵەکەی میسباحی پێشکەش بە دادگا کرد. داواکاریی گشتی و دادگا نامەکەیان بەوردی خستە بەر سەرنج و بەبەڵگە و دەستاوێژ

دیعایەکانی ئێرانیان دایە دواوە و ئەوەش بێ بایەخ بوونی دیعایەکانی ئێرانی جارێکی دیکەش خستە روو.[٢١٦]

شێوازێکی دیکەی شوێن دانان لەسەر شاهیدەکان، کە لە دادگادا روون بوەوە، چالاکییەکانی رژیم بوو لەمەڕ لایەنگرانی خۆی. شایەدیدانی خەڵکانی دەوروبەری دارابی و تۆمەتبارەکانی تر، ناتەبایی قسەکان و خۆ لە کەریەتی دانی مەسڵەحەتی و فێڵی بێ بایەخ بۆ ئەوەی دادگا بە هەڵە بەرن و هەروەها شاردنەوەی راستەقینەکان، بۆ ئامادەبوانی دادگای دەردەخست کە دەوڵەتی ئێران هەموو کاتێك ئامادەی پشتگیری کردنی هەموو شاهیدێکی حیزبوڵاهییە لە دادگا و هەوڵ دەدات دادگا بەهەڵە بەرێت و بیکاتە یەك لابین و لایەنگر. رادەی ئەو دەست تێوەردانانە ئەوەندە زۆر بوو کە دوای ماوەیەك هەموو کەوتنە ئەو بیر و گومانەوە کە لە پشت ئەم شاهیدانە کامە هێز راوەستاوە کە ئەو چەشنە کردەوانەیان لێدەوەشێتەوە.

زۆربەیەکی زۆر لە شاهیدەکان لایەنگری رژیم و بەشێکی بەرچاویان لایەنگری حیزبوڵا بوون، ئامادەیی ئەوەشیان تێدابوو کە بە زەوقەوە و لەبەر خاتری "ئیسلامەکەیان" و ئەو رژیمەی وا خێروبێری پێدەگەیاندن، درۆ بکەن و راستەقینە بشارنەوە. بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ شوێن دانانە سەر شاهیدەکان و یەکخستنی قسەکان و "دروست کردن" یان بۆ دادگا، پێویستیان بە کەسێك بوو لەناو دادگاکەدا بۆ ئەوەی هەموو کات و ساتێك لە گۆڕانکارییەکانی دادرەسی روخسارێکی تەواویان لەبەردەستدا بێت.

"برێست ریش" ی حیزبوڵاهی ئاڵمانی بۆ ئەم کارە هێنرایە کایەوە. دەقی قسەکانی ناو دادگا و رووداوەکانی دەنووسی و دەیدایە باڵوێزخانە [ی ئێران]. ناوبراو هەر بەوە نەوەستا کە راپۆرت بداتە مەقاماتی ئێرانی و راستەوخۆش هاتە مەیدان. پێوەندی بەو شایەدانەوە دەکرد کە دۆست و دەوروبەری تۆمەتبارەکان بوون بۆ ئەوەی فێریان بکات لە دادگادا چ بڵێن و چ بکەن.

---

[٢١٦] بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا، بەشی ٤- تێرۆریزمی دەوڵەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای ئەوەی خانم [شوهرە] بەدیعی ناڕەزایی دەربڕی، ناوبراو گوتی من هەواڵنێری "ئیرنا" [ئاژانسی هەواڵی ئێرانی] م. دوو کەس لە پارێزەرەکان بەحیسابی شوێن دانانی ناوبراو لەسەر شایەدەکان، بۆ ئەوەی چالاکییەکانی بێ ئەسەر بکەن، داوایان لە دادگا کرد بیهێنێتە شوێنی شایەدیدان. داواکارییەکان پەسند کرا و برێست ریش لە رۆژانی ٢٣ و ٢٤ ی سپتامبر و ٦ ئۆکتۆبری ١٩٩٤ دا، شایەدی دا. لە شایەدییەکانیدا دەرکەوت کە "موسوڵمانێکی حیزبوڵاهی و خزمی ئایینی" نۆمەتبارەکانە و راپۆرتەکانی دادگا دەداتە کۆنسولیەتی ئێران لە بەرلین.

ناوبراو لە وەڵامی پرسیاری ئەوە دا کە ئایا ئەو راپۆرتانە دەدرێنە واواك؟ گوتی نازانم کێ کەڵکیان لێ دەبینێت بەڵام لەسەر ئەوە باوەڕەم کە ئیرنا ـ بەرپرسی گردوکۆ کردنی زانیاری لە دەرەوەی وڵاتە و ئەگەر پێویست بکات دەبێ بیداتە هەر دائیرەیەکی حکوومی بۆ ئەوەی کەڵکی پێویستی لێوەربگیرێت. "خۆ ئەگەر وا نەبێ، پێویستە ئیرنا هەڵوەشێنرێتەوە." ناوبراو جگە لە ئامادە کردنی راپۆرت، لە کاتی پشوودان و ساتی ئیستیراحەتی نیوەرۆ و تەنانەت دوای دادگاش، پێوەندی بە شایەدە حیزبوڵاهییەکانەوە دەکرد. لە چەند حاڵەتی دیاریکراودا دوابەدوای ئەو پێوەندییانە، کەیفییەتی شایەدییەکان دەگۆڕا. لە کاتێکدا کە هەیئەتی داوەران کۆنترۆڵی لیستەی بینەران و ئامادەبوانی دادگایان دەکرد بۆ ئەوەی ئاگاداریی وردیان لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دادرەسی نەبێت و بە بێ هیچ چەشنە شوێن هەڵگرتن، تەنیا راستەقینە بدرکێنن. ئەو راپۆرتە وردانە دەبوونە هۆی بێ ئەسەرمانەوەی ئەم کارانە لەمەڕ شایەدەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی و ئەوان دەیانتوانی بە ئاگاداری ورد لە چۆنیەتی کاری دادرەسی، شایەدیەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئامانجدار رێك بخەن.

هەیئەتی داوەران دوای راوێژ کردن سەبارەت بە هەواڵنێری کۆماری ئیسلامی، رایگەیاند :

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"لەسەر ئەساسی شایەدیدانی برێست ریش، راپۆرتەکانی دەدرێتە رێکخراوەی جاسووسی ئێران و ئەوان نەك هەر تەسویرێکی ورد لە چۆنیەتی کاری دادگایان هەیە، بەڵکوو وردترین زانیارییان لە هەڵس و کەوت و قسەی شاهیدەکانیان دەکەوێتە بەردەست. بەم شێوەیە، مەترسی ئەوە هەیە کە شایەدەکان چیتر نەتوانن قسەکانیان بکەن و بەهۆی ترس و هەڕەشەوە قسەکانی خۆیان وەربگرنەوە، یاخود ئیجازە بدەن بەهۆی ئەو زانیارییانەوە بڕیاریان بۆ بدرێت لە شایەدییەکانیاندا چی بڵێن و چی نەڵێن و یاخود تەسویرێکی غەیرە واقیع پێشکەش [بە دادگا] بکەن. بەم پێیە، دادگا وای بە باش دەزانێ کە ناوبراو وەك بینەر لە دادگادا ئامادە بێت و لەماوەی نێوان دانیشتنەکانی دادگادا راپۆرتەکانی بنووسێت".

چالاکییەکانی برێست ریش بوە هۆی بێ ئابڕوویی رژیم و ناوبراو ئیتر نە وەکو بینەرێك و نە بەناوی هەواڵنێر ئامادەی دادگا نەبوو. باشترین دەرەتان بۆ دروست کردنی شایەد، ئەو دوو کەسە بوون کە گەڕابوونەوە بۆ ئێران و لەسەر داواکاریی پارێزەرەکانی دارابی بۆ شایەدیدان بانگ کرابوونە دادگا. دادگا کاتێکی زۆری سەرفی ئەوە کرد کە ئەو دوو کەسە بۆ شایەدیدان بێن بۆ ئاڵمانیا، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون. ئێران پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەو دوو کەسە لەلای داواکاریی گشتی ئێران شایەدی بدەن. پێشنیارەکە لەلایەن دەوڵەت و وەزارەتی دادپەروەری ئاڵمانیاوە درایە دواوە.

لە ئەنجامدا دوای چەند مانگ هەوڵدان، دادگا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەهۆی دەست تێوەردانی ئێران و هەروەها نەبوونی ئیجازەی هاتنە دەر لە وڵات، شایەدیدانی ئەو دوو کەسە، شتێکی نەگونجاوە و بەم پێیەش ئەوانی بە کەسانی دەست پێڕانەگەیشتوو دانا بەهۆی ئەو راستیەوە کە لایەنی قسەی دادگا، رژیم [ی ئێران] بوو، نەك تاکەکەسی شایەد .

رۆژێك پێش خوێندنەوەی دەقی کەیفەرخواست رژیم [ی ئێران] لەپڕ لە دوو رێگاوە رەزامەندیی خۆی بۆ شایەدیدانی ئەو دوو کەسە لە باڵوێزخانەی ئاڵمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە تاران راگەیاند و بەم شێوەیە، بەهۆی پشوودانی هاوینیی دادگاشەوە، چەند مانگێکی زیاتر پێچوو. دادگا گوێی نەدایە پێداگرتنی داواکاریی گشتی و شکایەتکارانی تایبەت کە دەیانگوت ئەم شایەدیيانە ئیتر بایەخیان نییە و موافەقەی لەگەڵ مەسەلەکە کرد. یەك لەو دوو کەسە بەناوی بەهرام برنجیان بۆ شایەدیدان چوو بۆ باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە تاران، بەڵام ئەوی دیکەیان بەناوی نوورئارا لەرێگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانەوە دیعایەی ئەوەی کرد کە گوایە رێگەیان نەداوە بچێتە ناو باڵوێزخانەکەوە. دوای راگەیشتن بە دیعایەی ناوبراو، دادگا بەراشکاوی و جەختەوە رایگەیاند کە ئەم کارە وەك دەست تێوەردانی ئێران لە کاری شایەدیدان سەیر دەکات و چاو لە شایەدییەکەی ناوبراو دەپۆشێت.

کاتێ کە هەرەشە لێکردن و کڕین و خولْقاندنی شایەد و تۆمەتبارەکان ئاکامی چاوەڕوانکراویان نەبەخشی و مەقاماتی ئێران بەشێوەی راستەوخۆ هاتنە کایەوە، رۆژنامەی ریسالەت بۆچوونی مەقاماتی ئێرانی بەم شێوەیە دەربڕی:

> ..."بەڵام لەم میانەیەدا هەڵوێستی واقیع بینانەی دەوڵەتی ئێران لە ئێمە شاراوە نییە و چاوەڕوانیی ئێران لە داهاتووشدا، درێژەی هەر ئەم شێوە ژیرانەیە دەبێت... هەر چۆنێك بێت پێویستە سەرنجی دەوڵەتی ئاڵمان بدەینە ئەو خاڵەی کە ئێران لەناو کۆمەڵی دۆستەکانی خۆی لە ئەوروپادا، حیسابێکی تایبەتی بۆ ئاڵمانیا کردۆتەوە و چاوەڕوانیی ئێمە لێیان ئەوەیە کە داوا لە هێزی قەزایی خۆی بکەن بۆچوونێکی شیاوی وڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێت."[٢١٧]

باڵوێزی ئێران لە ئاڵمان، رۆژی ٩٥/٤/٨ نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئەودەمی ئاڵمانیا نووسی بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەی رەسمی رێگا بۆ شوێن دانان لەسەر کاروباری دادرەسی لە رێگەی سەرۆکانی مەجلیسی هەر دوو وڵات خۆش بکات.

---

[٢١٧] ڕیسالەت، ١٣٧٥/٥/٢٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"بۆ دەفتەری دادگا بەرزەکانی بەرلین

خاتوو سەرۆکی بەڕێز،

لە دادرەسی کاری کازم دارابی، هاووڵاتی ئێرانی لە بەرانبەر دادگای بەرلین، دام و دەزگا جیاجیاکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بەوە تۆمەتبار کراون کە دەستیان لە تیرۆری کوردان لە رەستورانی میکۆنۆسدا هەبوە. من ماوەیەکی زۆر لە بەرانبەر ئەم تۆمەتانەدا بێدەنگیم رەچاو کرد بۆ ئەوەی بۆچوونی ئەوە پێك نەیەت کە نوێنەرایەتی ئێران دەست لە کاری دادرەسی دادگایەکی سەربەخۆ وەردەدات.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە ـ نەك هەر بەهۆی دووپات بوونەوەی تۆمەتەکانەوە ـ دەتوانرێ ئەوە وەك قەبووڵ کرانی بێدەنگی تۆمەتەکان واتا بکرێتەوە. بۆ بەرگریکردن لە بۆچوونێکی ئەوتۆ و دوور لە هەر چەشنە تێگەیشتنێکی هەڵە، رایدەگەیێنم کە دەوڵەتی ئێران و ئۆرگانەکانی، هیچ کاتێ لەو تیرۆرەدا بەشدار نەبوون. ئەگەر بێت و دادگا گومانێك لە راست بوونی ئەم روون کردنەوانە بکات، پێنشار دەکەم خاڵی جێگەی گومان بە من رابگەیێنن تا چارەسەری بکەم.

خاتوونی بەرێز، دڵنیاتان دەکەم کە لەم نامەیەدا نیازم نییە گومانێك لە سەربەخۆیی هێزی قەزایی ئاڵمانیا بخوڵقێنم، بەڵکوو تەنیا ئەرکی خۆم لە بەرانبەر هەڵەبوونی تۆمەتەکان یا هەبوونی ئەنگیزەی سیاسی هەندێك لە دائیرەکان بەڕێوە دەبەم.

لەگەڵ ریزمدا: مووسەوەییان"

بەڵام دادگا بەشێوەیەکی جیددی شوێنی کارەکەی خۆی گرت بەشێوەیەك کە هیوای باڵوێز بۆ پێکەوەسازان کاڵ بوەوە و ئەو دڵنیاییەی وەرگرتەوە کە پێشتر دابووی و لە رێکەوتی ١٩٩٦/١/٤ لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی دادگا بەرزەکانی ئاڵمانیا، نووسی:

"بۆ خاتوونی سەرۆکی دادگا بەرزەکانی ئاڵمانیا،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

...

وەك كاردانەوەیەك لە بەرانبەر دوا راپۆرتەكانی چاپەمەنییەكان [ی ئاڵمانیا] لەمەڕ دەست تێوەردانی ڕێكخراوە ئیتیلاعاتیەكانی دەوڵەتی ئێران لە كاری تیرۆری كوردان لە رەستورانی میكۆنۆسدا، وتەبێژی وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێران ئەم راگەیاندنەی دەركرد:

... لە وتووێژی نوێنەری ئەم وەزارەتخانەیە لەگەڵ ئۆرگانە بەرپرسەكانی ئاڵمانیادا، چەند جار دەست نیشانی ئەو خاڵە كرا كە كاری دادرەسی لە بەرلین لە فەزایەكی نمایشی و بەپێشداوەری سیاسی و دوژمنانەوە بەڕێوە دەچێت، كە بەهۆی چالاكی تەبلیغاتی سەهیۆنیستەكان و گروپەكانی ناو ئۆپۆزیسیۆن و بەئامانجی هەڵخلاندنی داواكاری گشتی هاتۆتە كایەوە...'

مووسەوییان"

باڵوێزی ئێران لە وت و وێژێكدا دادگای میكۆنۆسی وەك بەڵگەنامەیەكی دەسكردی ڕێكخراوەی سیا و مووساد ناوبرد، بەڵام لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێر لەمەڕ روون بوونەوەی بەشداریی راستەوخۆی رژیمی ئێران لە تیرۆری ٣٣ نەیاری رژیمدا كە لێكۆڵینەوەكانی پۆلیسی جینایی دەری خستوە، گوتی:

"لەم پێوەندییەدا پێویستە دادگایەك لە ئەورووپا قەراری دەركردبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەوە كە قەرارێكی ئەوتۆ دەرنەچوە، پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا مافی ئەوەی نیە دیعایەی شتی ئەوتۆ بكات."[٢١٨]

بەم شێوەیە، مەرجی راگەیاندنی جینایەتەكانی رژیم، قەراری دادگایەكە لە ئەورووپا، بەڵام لە عەینی كاتدا مەرجی پێكهاتنی دادگایەكی ئەوتۆش تەئیید و پەسندی رژیمی ئیسلامییە و تەنیا كاتێك مەشرووعیەتی دادگاكە پەسند دەكرێت كە نە رژیم و نە بەكرێگیراوەكانی، بەر تۆمەت نەبن و مەحكوومیش نەكرێن. هەرچییەكی جیا لەوانە، بەڵگەنامەی دەسكردی سیا و مووساد و بەرهەمی "پیلانی سەهیۆنیزمی جیهانی" یە.

[218] Focus, ١٩٩٦/٣/٢٥

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران لە وت و ویژێکدا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر بێت و ئێران لە دادگای میکۆنۆسدا مەحکووم بکرێت، ئەوا ئێران دەست دەداتە کاری بەرانبەر.[٢١٩] لەکاتێکدا چەندە ساڵ بەسەر بریندداربوونی سەربازانی ئێرانی بە بۆمبا کیمیاییەکانی ئاڵمانیا لەماوەی شەری ئێران و عیراقدا تێپەڕ دەبوو و رژیمی ئیسلامی ئەو کارە وەحشیانە و نائینسانییەی بەشێوەیەکی جیددی نەهێنابوە گۆڕێ، لەم وت و ویژەدا ئاماژەی پێکرد. وەزیری کاروباری دەرەوە کەڵکی لە رەنجی ئەو مرۆڤانە بینی کە هەندێکیان تا کۆتایی تەمەن برینی بۆمبا کیمیاوییەکانیان لەگەڵ دەبێت و ئەم مەسەلەیەی تەنیا وەك چەکێك بۆ هەڕەشە کردن لە داوەرانی میکۆنۆس بەکار هێنا.

لە بەرانبەر قسەی هەواڵنێری رۆژنامەکەدا، کە وەك ئەندامی دەوڵەتی وڵاتەکەی خۆی، لایەنی ئەوەی گرت داوای لێبووردن بکات و گوتی دادگا سەربەخۆیە و دەوڵەتی ئاڵمانیا دەرەتانی دەست تێوەردانی کارەکەی نییە، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران دوای دووپات کردنەوەی هەڕەشە و پێکهێنانی دادگایەك دژ بە دەوڵەتی ئاڵمانیا بە تۆمەتی فرۆشتنی چەکی کیمیاوی، رایگەیاند کە دادگاکانی ئێمەش سەربەخۆن! وەکو ئەوەی کە گوایە لە ئاڵمانیا مەقامێکی دەوڵەتی بڕیاری دابێت دادگاکە پێك بێت.

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بەو تێگەیشتنەوە لەمەڕ چۆنیەتی پێکهاتنی دادگا، هەڕەشەی کرد کە لە ئێرانیش دادگایەك دژ بە ئاڵمانیا پێك دێت. داواکاری گشتی ئێران دوای کەڵك وەرگرتنی سەددام لە بۆمبای کیمیایی تەنانەت بە مێشکیشیدا نەهات کە دژ بەو کارە دژی مرۆڤانەیە و ئەو دەوڵەتانەی وا لە دروست کردنی ئەو بۆمبایە یارمەتی رژیمی عیراقیان داوە داوای دادوەریی بکات. بەڵام کاتێ کە سات و سەودا لەسەر دادگای میکۆنۆس بەرەو تێکشکان چوو، وەزیری دەرەوە [ی ئێران] هەڕەشەی کرد

[219] Frankfurter Algmenie Zeitung١٩٩٦/٩/٢٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە دەوڵەتی ئێران بڕیار دەدات و "داگایەکی سەربەخۆ" لە ئێران پێك دێت، دەوڵەتی ئاڵمانیاش مەحکووم دەکات.

وەزیری دەرەوەی ئێران نەك هەر فەرمانی پێکهاتنی دادگای دەرکرد، بەڵکوو بەشێوازی ئیعتیادی دەزگای قەزایی ئێرانی ئیسلامی، قەراری دادگا کەشی دەرکردا!

کات بۆ کۆتایی هێنان بە سات و سەودا گەلێك بەرتەنگتر لەوە بوو کە "ویلایەتی"نیازەکانی خۆی بەشێوەی دیپلۆماتیك و بەپێچ و پەنا رابگەیێنێت، لەم بارەیەوە رژیمی ئیسلامی هیچی دیکەی نەمابوو بەو قسە رووت و بێ پەردانە لەدەستی بدات.

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران لە کۆتایی وت و ویژەکەدا، باجی دایە ئاڵمانیا و لە بایەخی ئێران لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بۆ ئاڵمانیا دوا و گوتی: لە ناوچەی خەلیجدا، ئێران تاقە وڵاتێکی بەهێزە، کە سەرەڕای [دژایەتی کردنی] ئەمریکا، داواکاری هاوسەنگی هێز و نفووز لە بازاڕی هاوبەشی ئەورووپایە و لە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئێمە پشتگیری لە داواکاریی ئاڵمانیا بۆ ئەندامیەتی لە شۆڕای ئاسایش دەکەین.

لە ئێران رۆژنامەیەك بەراشکاوی نووسی:

"بەگوێرەی راپۆرتی رۆژنامەکان، هێزی قەزایی بڕیاری داوە شوێنی شکایەتی تاقمێکی زۆر لە پەککەوتەکانی شەڕی داسەپاو [ی عیراق لەگەڵ ئێران] دژ بە دەوڵەتی ئاڵمانیا بگرێت. ئاڵمانیا لەماوەی ٨ ساڵ شەڕی ئێران و عیراقدا لەژێر سەرپۆشی ناردنی کوودی کیمیاییدا، چەکی میکرۆبی و کیمیایی و گازی خنکێنەری داوەتە دەوڵەتی جینایەتکاری عیراق و ٨٢ شەریکەی ئاڵمانی بە چەکی کیمیایی راستەوخۆ بەشداری کاری تەیار کردنی دەوڵەتی سەددام بوون و لە زیاد کردنی توانای دوور رۆیشتنی مووشەکەکانی عیراق بۆ گەیاندنی بۆمبای لەناوبردنی بەکۆمەڵ بە ئێران دەستیان هەبوە... روون نییە بۆچی لەماوەی ٨ ساڵی شەڕ و ٨ساڵیش دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، واتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەماوەی ١٦ ساڵدا هێزی قەزایی و بەرپرسان نەکەوتنە بیری ئەوەی شکایەتێك لە "دەوڵەتی جینایەتکاری ئاڵمانیا" بکەن و ئێستاکە کێشەی رەستورانی میکۆنۆس لە بەرلین و "ئیعدامی شۆڕشگێڕانەی سێ کەس لە کوردانی دژی شۆڕش" هاتۆتە پێشێ، وا کەوتوونەتە بیری شکایەت کردن لە دەوڵەتی جینایەتکاری ئاڵمانیا؟ ... ئایا گیانی پاکی هەزاران شەهیدی ئێرانی ئەو بایەخەیان نەبوو کە زۆر زووتر لەوە بکەونە کاری ئەو شکات کردنە دژ بە دەوڵەتی "بۆن"؟ بەرواڵەت، هێنانە گۆڕی ئەم کێشەیە لەم کاتە تایبەتەدا بۆ ئەوەیە گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی ئاڵمانیا بۆ ئەوەی لەو دادگایەی میکۆنۆس وا "بە فەرمایشتی سیا" نفووز بکات و بەرگری بکات لەوەی قەرارێك دژ بە رێبەرانی ئێرانی دەربکرێت. جێگەی داخە کاتێك کە ٣ ئاڵمانیمان لە زیندانەکانی خۆماندا راگرتبوو، بەبێ وەرگرتنی هیچ ئیمتیازێك ئازادمان کردن و ئێستا کەوتووینەتە دوای ... بەربەرەکانی لەگەڵ پیلانەکانی ئاڵمانیا. ئایا ئەگەر ئێستاش "شیمکوس" ی بەئەسڵ ئاڵمانی کە جاسووسی بۆ عیراق دەکرد لە زیندانەکانی ئێمەدا بوایە، ئاڵمانیایەکان دەیانوێرا موحاکەمەیەکی ئەوتۆ دژ بە رێبەرانی کۆماری ئیسلامی بهێننە سەر شانۆ و گاڵتە بە دیاردە پیرۆزەکانی ئێمە بکەن؟"[٢٢٠]

دوای ئەوەی بڕیاری دەرکردنی کەیفەرخواست لەلایەن داواکاریی گشتی ئاڵمانیاوە دەرچوو، ئیتر نۆبەی ئەوە هات کە هەڕەشە لە نوێنەرانی داواکاریی گشتی بکرێت. هەڕەشە لە داواکارانی گشتی بەشێك بوو لەو سیناریۆیەی کە بە ناردنی "ئۆممەتی حیزبوڵا" بۆ بەردەرکی باڵوێزخانەی ئاڵمانیا [لە تاران] و هەڕەشە کردن لە نوێنەرانی داواکاریی گشتی دەستی پێکرد کە دەیانگوت فەتوای وەك فەتواکەی دژ بە سەلمان روشدییان لەسەر دەردەکرێت. هەروەها پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی ئاڵمانی لە ئێران و لوبنان هێنرایە بەر سات و سەودا

[٢٢٠] سکاڵا لە ئاڵمانیا بۆچی ئێستا؟ گۆڤاری امید جوان ژمارە ٣١، ١٣٧٥/١٠/١٦

بۆ ئەوەی هەیئەتی داوەران قەرارێك دژ بە ڕێبەرانی ڕژیم دەرنەكات. لەماوەی ڕۆژانی كۆتایی دادگادا هیچ ڕۆژنامە و بڵاوكراوەیەكی ئێرانی و ئاڵمانی نەبوو بابەتێك لەسەر كێشەكە چاپ نەكات.

دوای ئەوەی تاواننامە خوێنرایەوە، هێرش و هەڕەشەی دژ بە داواكاریی گشتی لە ئاڵمانیا تیژتر بوو. گەرچی بەڕێوەبردنی ئەو هەڕەشانە بەگوێرەی بارودۆخ و بەرژەوەندییەكانی ڕژیمی ئێران كەمتر گونجاو بوو، بەڵام گوشاری دەروونیی هەڕەشەكان لەسەر داواكاریی گشتی، كەم نەبوو. ڕۆژنامەی "تاگس شپیگل"ی ڕۆژی١٩٩٦/١/١٢ پرسیاری كرد:

"ئایا كارڵسرۆهە [داواكاریی گشتی] دەبێ ئەو سەركۆنەیە قەبووڵ بكات كە یاری بەگیانی هاوڵاتیانی ئاڵمانی دەكات؟"

ڕۆژی ١٩ ی نۆڤامبری ١٩٩٦ لە خۆپیشاندانێكی بەردەمی باڵوێزخانەی ئاڵماندا، حیزبوڵا هەڕەشەی لە تاواننامەكە كرد و ڕایگەیاند ئەگەر بێت و دەوڵەتی ئاڵمانیا بە نووسین داوای لێبوردن [لە ئێران] نەكات، ئەوا باڵوێزخانەكەیان دەكات بە دووهەم "كۆنە شۆفار". ڕۆژی ٢١ نۆڤامبری ١٩٩٦ مەلاكانی شاری قوم لە بڕیارنامەی خۆپیشاندان دژ بە تاواننامەی داواكاریی گشتیدا، هەڕەشەیان كرد كە هەر ئەو كارە لەگەڵ تاواننامەكە دەكەن وا لەگەڵ كتێبی "ئایەتە شەیتانییەكان" یان كرد و لەگەڵ داواكاری گشتیش هەر ئەوە دەكەن كە لەگەڵ سەلمان ڕوشدییان كرد.

داگیر كردنی باڵوێزخانەی ئاڵمانیا، یاخود دەركردنی فەتوای كوشتنی داواكاری گشتی ئەوە نەبوون كە ڕژیم بیانكات. سەردەمی خومەینی و كاتی دەركردنی فەرمانی ئەوتۆ تێپەڕ ببوو و ئێران هەر ئەودەم خەریكی قەرەبوو كردنەوەی زیانەكانی ئەویان بوو، بەڵام وەبیرهێنانەوی بۆ خەڵكی جیهان گەلێك خەرجی كەمتری هەبوو.

ئینجا نۆبەی وڵاتە ئەورووپییەكان هات. تەنیا بەشێكی كەم لەكۆی ئەو چالاكییە ئیتیلاعاتی "مرۆڤدۆستانە" یەی مەقاماتی ئێرانی لەگەڵ دەوڵەتە ئەورووپییەكان ئاشكرا كرا ـ ئەو چالاكییانەی وا بە ئامانجی شوێن دانان لەسەر دادگای

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میکۆنۆس و بەرگری کردن لە دەرچوونی قەراری دژ بە رژیمی ئێران بەڕێوە دەچوون. لاریجانی چوو بۆ لەندەن و وت و ویژی لەگەڵ مەقاماتی ئێرانی کرد و گەڕایەوە دواوە.

ئەو وت و ویژانە بۆ هەموو مەقاماتی ئێران جێگەی پەسند نەبوو. دەنگ و هەرا بەرز بووەوە. تاقمێکیان بەشێك لە "پرۆتۆکۆل" ی وت و ویژەکانیان ئاشکرا کرد. تاقمێکی تر گوتیان درۆیە و بەشێکی دیکەیان بڵاو کردەوە. لاریجانی هاتە ناو کێشەکە و رووداوەکانی لە روانگەی خۆیەوە گێڕایەوە و "پرۆتۆکۆل" ی بەقسە رەسمی وت و ویژەکانی چاپ کرد."[٢٢١] لە هەموو ئەو نموونانەی کە لە وت و ویژەکاندا چاپ کرا، یەك لەو کێشانەی وا وت و ویژیان لەسەر کرابوو، دادگای میکۆنۆس بوو. بەگوێرەی نەریت، مەلەسەکان بەپێچەوانە دەردەخران. هەوڵی ئێران بۆ ئەوەی دەوڵەتی بریتانیا بکێشێتە ناو کێشەکەوە و ببێتە هۆی ناوبژی کردن و مەسەلەکە بێدەنگێك کۆتایی پێ بهێنرێت، وەك پرسیاری لایەنی بریتانی خرابوە بەرچاو. لاریجانی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە رووداوی میکۆنۆس و ئەو دادگایەی کە بەرپرسی پێراگەیشتنی بوو، روون کردەوە:

"براون: رووداوی دادگای میکۆنۆس بۆ ئێمە زۆر گرنگە. ئەگەر ئەوە بسەلمێت کە ئێران لە رووداوی میکۆنۆسدا دەوری هەبوە، کاردانەوەی ئێران چ دەبێت [؟]

لاریجانی: ئەوەی تا ئێستا بینیومانە هەڵوێستی پڕسووکایەتی و دوژمنانە بوە دژ بە ئێران. دەبێ چاوەڕوانی چی دیکە بین؟ لە ئێرانیشدا شەپۆلێکی سەلبی و رەخنەگرانە بەنیسبەت پێوەندییەکان لەگەڵ ئاڵمانیا هەستاوە و کومیتەیەکی تایبەت لە پەرلەمان واتە "کۆمیسیۆنی سیاسەتی دەرەوە" ئەرکی راگەیشتن بە پێوەندییەکانی ئێران و ئاڵمانیای پێ سپێرراوە و بڕیارە دوایین راپۆرتی خۆی ئاراستەی پەرلەمان بکات.

---

[٢٢١] لاریجانی، محەممەد جەواد؛ وتوویژەکانی لەندەن (کۆمەڵەی بەڵگەنامەکان)؛ چاپی یەکەم، هاوینی ١٣٧٦؛ انتشارات ایران، لل ٨٠ و ٨١، تاران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەگوێرەی قسەی دەوڵەتی ئێمە، دەوڵەتی ئێران هیچ دەورێکی لە مەسەلەکەدا نەبوە. من چەند جار داوام لە بەرپرسانی دەوڵەتی ئاڵمانیا کردوە راپۆرتێکی بەبەڵگە لەمەڕ دەست هەبوونی دەوڵەت [ی ئێران] لە کێشەکەدا بدەنە ئێمە تا لە پەرلەماندا شوێنی بگرین. بەڵام ئەوان هیچ راپۆرتێکیان نەبوە. من دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم ، کە "دەوڵەتی ئێران هیچ دەورێکی لە کێشەکەدا نەبوە و بەم پێیە، نابێ ئاکامی دادگاش دژ بە ئێران بێت. من باوەڕم بە سیستەمی قەزایی ئاڵمانیا نییە."[٢٢٢] لەبەر ئەوەی کاری سیاسی دەکەن نەك کاری قەزایی. لە عەینی کاتدا، دەزانم پێوەندییەکانی ئێران و ئاڵمانیا بەهۆی فەزاخوڵقاندنەکانی ئەم دواییانەوە تووشی زیان هاتوە، بەڵام چاوەڕوانی شتێکی گرنگ ناکەم. لام وایە ئەم پێوەندییانە ئەوەندەیان رەگ داکوتابێت کە بتوانن خۆیان بپارێزن. دیارە نابێ کێشەی ئەو تۆمەتانەش لەبیر ببرێتەوە کە لە تەقینەوەکانی ئارژانتیندا درایە پاڵ ئێران...

براون: ئەگەر بێت و ئاکامەکانی دادگا بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئێوە بن، کاردانەوەتان چ دەبێت؟

لاریجانی: من نیازتان لەو قسەیە بەباشی تێناگەم. ئایا ئێوە هەواڵێکی نوێتان هەیە؟

براون: دەوڵەتی ئاڵمانیا لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەورووپادا گوتوویەتی کە بەجیددی دڵنیگەرانی کاردانەوەی ئێرانە بەنیسبەت حوکمی دادگاوە، بەتایبەت بۆ هێرش کردنە سەر باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە تاران و هەروەها گیانی هاوڵاتیان ئاڵمانی، لە هەموو ئەورووپاشی داوا کردوە کە ئێران لەم بارەیەوە ئاگادار بکەنەوە.

[٢٢٢] لەو دەقەدا لە زمان لاریجانییەوە گوتراوە 'ئێمە باوەڕمان بە سیستەمی قەزایی ئاڵمانیا هەیە'. سەبارەت بەو گێڕانەوەیە لە لاپەڕە ١٢٧ دا لاریجانی ڕوونی کردۆتەوە کە 'دەقی سەرەکی ڕاستە و هەواڵنێری بەڕێزی وەزارەتی دەرەوە لە گێرانەوەی 'باوەڕمان هەیە'دا هەڵەی کردووە.'

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاریجانی: بێگومان باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە تاران ناکەوێتە بەر هەڕەشە. واهەیە پێوەندییەکانی دوو وڵات تووشی زیان بێت بەڵام دیپلۆماتە ئاڵمانییەکان لە ئاسایشی تەواودان[٢٢٣] "...

دوای هەڕەشەی پارێزەرانی شکایەتکارانی خسووسی لە گەلێك ڕێگاوە،[٢٢٤] پارێزەرانی دارابی و راحیل لە کاتێکدا خۆیان بۆ دوایین داکۆکی ئامادە دەکرد، لەڕێگەی جیاجیاوە کەوتنە بەر هەڕەشە. ئەو پارێزەرانە کە پارێزگاریی و داکۆکی کردنی "موەکیل" ەکانی خۆیان بە ئەرك دەزانی، دوای ئەوەی دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی دەست لە کارەکان وەردەدات، هەوڵیاندا دوایین داکۆکییەکانی خۆیان لەسەر بنەمای هەر ئەو [دەوڵەتی ئێران] دابنێن بۆ ئەوەی "موەکیل" ەکانیان کەمترین سزایان بۆ ببڕێتەوە.

دەوڵەتی ئێران و "موەکیل" ەکان لەگەڵ ئەم تاکتیکەدا دژایەتییان نواند و پارێزەرەکان هەڕەشەیان لێکرا. پارێزەرانی دارابی رایانگەیاند کە لەسەر ئەساسی دادخوازیی دارابی، دوایین داکۆکی پێشکەش ناکەن. سەرۆکی دادگا کە لەم کارە سەری سوڕمابوو گوتی لە هەموو ماوەی دادوەریی خۆیدا لەگەڵ شتی وا رووبەروو نەبۆتەوە و بەگوێرەی یاسا، پارێزەر مەجبوور نییە پەسندی "موەکیل" ی بۆ ئەم کارە هەبێت و داوای لە پارێزەرەکانی دارابی کرد لەم بارەیەوە زیاتر بیر بکەنەوە. سەرۆکی دادگا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ئەرکی پارێزەرەکانی بەگوێیاندا دا.

پارێزەرانی راحیل مەسەلەی دەست تێوەردانی ئێرانیان هێنایە گۆڕێ و قەبووڵیان کرد و هەر لە سەر ئەو بنەمایەش دەستیان بە داکۆکی کرد. بەڵام ئەوانیش هەڕەشەیان بەسەردا باری و مەجبوور کران بەشێك لە قسەکانیان وەربگرنەوە و بڵێن ئامانجیان لەو قسانە شتێکی دیکە بوە. بەڵام بەشێکی

---

[٢٢٣] هەمان شوێن، لل ٦١ تا ٦٢ ی هەر ئەو دەقە لەگەڵ زیادکراوی "ئەگەر خاوەن ئینساف بن" لە لاپەڕە ٨٠ تا ٨١ و دەقێك کە لاریجانی بە تەزویرکراوی دەزانێت لە لاۆپەڕە ٣٤ تا ٣٥دا. ڕێکەوت لە سەر بنەمای دەقی 'تەوزویرکراو' ٧٥/١١/٥.

[٢٢٤] دەقی تۆمارکراوی هەندێك لەو هەڕەشە تەلەفونیانە بەدەستەوەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکەی قسەکانیان سەرەڕای دژایەتی نواندنی راحیل هەر پێشکەش کرد و گوێیان نەدایە هەڕەشە و گوڕەشە، تەنانەت هەوڵی ئەوەیان دا بیسەلمێنن کە راحیل مەجبوور بوە مل بۆ ئەو فەرمان یان ئەرکە ئیسلامییە دابنەوێنێت.

دوو پارێزەری دارابی واتە کولوگە و پانکا، کاتێ رووبەڕووی بەربەرەکانی سەرۆکی دادگا بوونەوە و نەیانتوانی سووك و سانا لەو قوژبنە بچنە دەرەوە، چوون بۆ ناوەندی پارێزەرانی بەرلین و باسی ئەو هەڕەشانەیان کرد کە رووبەڕوویان دەبێتەوە و نەیان توانیوە لە دادگادا باسیان لێوە بکەن. ناوەندی پارێزەران لە نامەیەکدا کە ئاراستەی هەیئەتی داوەران کرا و لە دادگاشدا خوێنرایەوە، رایگەیاند کە هۆکارەکانی پارێزەران لەمەڕخۆ گرتنیان لە دوایین داکۆکی بەو ناوەندە راگەیێنراوە و ناوەندەکەش لە بەر هەمان ئەو هۆیانە، پەسندیان دەکات. پارێزەرەکەی دیکەی دارابی بێ ئەوەی بچێتە ناوەندی ناوبراو، خۆی لە دوایین داکۆکی گرت. هەڕەشە کردنی ئێران لەو پارێزەرانە بەهۆی چوونیان بۆ ناوەندی پارێزەران لە دادگادا باسی لێوە نەکرا و لە چاپەمەنییەکانیشدا رەنگی نەدایەوە. رۆژنامەی تاگس شپیگل لە بەرلین و رۆژنامەی "انقلاب اسلامی در هجرت" [ی "بەنی سەدر" لە پاریس] تەنیا رۆژنامەیەك بوون کە لەم بارەیەوە هەواڵیان بڵاو کردەوە.

بەم شێوەیە لەماوەیە دادگای میکۆنۆسدا، دەوڵەتی ئێران بەشێوەیەکی سیستماتیك کەڵکی لە هەموو دەرەتانێك وەرگرت بۆ ئەوەی دادگا تێك بدات و قەراری دادگا چەواشە بکات:

گوشار خستنە سەر دەوڵەتی ئاڵمانیا و باج خوازی و گرتنی ئاڵمانیەکان لە ئێران و باجدانی ئابووری و هەڕەشە و گرتنی بنەماڵەکانیان لە ئێران و تۆمەتبار کردن بە دزی و بەرتیل و...؛

- هەڕەشە کردن لە شایەدەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆن [ی ئێرانی] و لەوانە: هەڕەشەی تەلەفۆنی، شوێنکەوتن، هەڕەشەی ئاشکرا و داواکردنەوەی شایەدەکان بۆ ناردنەوەیان بۆ ئێران...؛
- هەڕەشە لە بینەران و ئامادەبوان [ی دادگا]؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- هەڕەشە، کڕین و خولْقاندنی شایەدانی موافیقی رژیم بۆ درۆ کردن لە دادگا و بەرگری کردن لە شایەدانی ئەو کەسانەی وا لە ئێران بوون و بەکارهێنانیان هەر دەم پێویستی پێیان بوو؛
- هەڕەشە کردن لە پارێزەرانی تۆمەتبارەکان؛
- هەڕەشە کردن لە پارێزەرانی شکایەتکارانی خسووسی [بنەماڵەی قوربانیان]؛
- هەڕەشە کردن لە داواکاریی گشتی؛ و هەروەها
- هەڕەشە کردن و ناوزڕاندنی داوەران.

سیاسەتی قەزایی ئێران لەمەڕ رووداوی میکۆنۆس لەراستیدا شتێك نەبوو جگە لە رەنگدانەوەی [چۆنیەتی کاری] دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢. دەوڵەتی ئاڵمانیا و دادگا

هەوڵی دەوڵەتی ئاڵمانیا بۆ چەواشە کردنی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس، گۆڕانی تاواننامە و تاواننامەی داواکاریی گشتی، لە ئەنجامدا شوێن دانانە سەر داوەرەکانی و کەمکردنەوەی قەراری دادگای میکۆنۆس، ناکرێت بەروونی و بەبێ واسیتە نیشان بدرێت. لەبەر ئەوەی کە بە پێچەوانەی ئێران، هەموو هەوڵێکی دەوڵەتی ئاڵمانیا نەك بە هات و هاوار بەڵکوو تا رادەی گونجاو لەرێگەی بڕیاردانی پشت پەردە و چاوپێکوتنی نهێنی و کەڵك وەرگرتنی زۆر لە یاساکانی مەوجود و دەرەتانە ئیجازە پێدراوەکانەوە بەڕێوە دەبران.
دەوڵەتی ئاڵمانیا بۆ پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران سەرمایەی زۆر دانابوو، هەر بۆیەش هەوڵی دا ئاکامەکانی ئەو تێرۆرە و شوێندانانی نەرێ یی کارەکە لەسەر پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بگەیێنێتە کەمترین رادەی گونجاو. "بۆن خوازیاری تاواننامەیەکی غەیرە سیاسی بوو، کە تێیدا ناوی ئێران وەك بەڕێوەبەری تێرۆرەکە نەبرێت".
پێوەندی ئێرانی بە ئیسلامی کراو لەگەڵ وڵاتانی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا، بە دەلاڵی ئاڵمانیا دامەزرابوو. لە هاوینی ساڵی **١٩٩٢** دا هەیئەتێکی پایەبەرزی ئێرانی هاتە ئاڵمانیا بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە وت و وێژ بکات.[٢٢٥] یەك لە

---

[٢٢٥] لە مانگی ژوئیە (١٩٩٢٩دا)... ئێران بەشێکی گەورەی کارخانەی دروستکردنی لاستیکی ئینحیساری Penumant ی کڕی، کە لە ئاڵمانی ڕۆژئاوای پێشوو بوو و خەریك بوو ئیفلاس بکات. ئێران دەوروبەری سەدا ٤٠ ی کارخانەکەی کەوتە دەست و زامنی ئەوەی دا کە بەرهەمەکانی ١٢ مانگی داهاتووی کارخانەکە لە ڕۆژهەڵاتی بەرلین بکڕێت. پنۆمات موافەقەی کردووە کە لە نۆژەنکردنەوەی کارخانە جۆربەجۆرەکانی لاستیك دروستکردنی ئێراندا هاوبەشی بکات.. لە مانگی ژوئیە داویلایەتی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بۆ وتوویژ لەگەڵ سەدری ئەعزەم و وەزیرانی پایەبەرزی ئاڵمانیا هاتە بۆن." Iran Monitor، ژمارە ٧، سپتامبری ١٩٩٢.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەرجەکانی ئەم پێوەندییانە کە ناوی "دیالۆگی رەخنەگرانە" ی لێنرابوو، ئەوە بوو ئێران لە خاکی ئاڵمانیادا تێرۆر نەکات. رژیمی ئێران ئەم مەرجەی وەئەستۆ گرتبوو. شمید باوێر لە شایەدییەکانی خۆیدا لە دادگا، ئەوەی سەلماند و پێی لێنا.

لە مانگی نۆڤامبری ١٩٩٢ دا، جیددی بوونی بارودۆخ و ئەنجامی ناخۆشی کارەکان بۆ دەوڵەتی ئاڵمانیا دەرکەوت. تا ئەودەم، بۆ مەئموورانی لێکۆڵینەوە روون ببووەوە کە ئەم تێرۆرە بەشێکە لە سیاسەتی رژیمی ئێران لە بەرانبەر نەیارانیدا. ئەم مەسەلەیە بەروونی لە راپۆرتی دائیرەی جینایی ئاڵمانیا دەردەکەوێت.[٢٢٦]

لە درێژەی کاری لێکۆڵینەوەدا، چاپەمەنییەکانی ئاڵمانیا هەندێ مەسەلەیان ئاشکرا کرد:

> "کاتێ مەئموورانی لێکۆڵینەوە گەلێك سەرکەوتوون... ئێستا ترسی ئەوە هەیە کە تێرۆر ببێتە کێشەوهەرایەکی سیاسی. لەبەر ئەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لیژنەی تایبەت جێگەی رەزامەندیی مەقاماتی دەوڵەتی و پسپۆڕانی ئاسایشی "بۆن" نییە... مەقامێکی وەزارەتی دادپەروەری گوتی هەر چەشنە باس لێوە کردنێکی مەسەلەکە لە بەرانبەر بیر و رای گشتیدا دەتوانێ بیکاتە مەسەلەیەکی گەورەی سیاسی. [لە ئەنجامدا] هەموو لایەك پێدەنگی رەچاو دەکەن...هۆی بێدەنگییەکەش تەنیا سوودی ئابووری نییە، بەڵکوو بەهۆی ئەو پێوەندە حەساسەوەیە کە لەم دواییانەدا لە نێوان ئێران و ئاڵمانیا هاتۆتە کایەوە."[٢٢٧]

دوابەدوای تێرۆر و بۆ هەنگاو هەڵێنانەوە لەمەڕ کاروباری پێویست، لەلایەن دەوڵەتی ئاڵمانیاوە شمید باوێر وەزیری راوێژکار بەرپرسی هەماهەنگ کردنی رێکخراوە ئیتیلاعاتییەکان[ی ئاڵمانیا] کرایە بەرپرسی دەستپێشخەری. ناوبراو لە رۆژی ٨ ی دیسامبر [ی ١٩٩٢] دا کۆبوونەوەیەکی گەلێك نهێنی پێك هێنا:

---

[٢٢٦] بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا، بەشی ٤- تێرۆریزمی دەوڵەتی

[227] Stem١٩٩٢/١٢/٣٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"بەگوێرەی پێکهاتنمان لەگەڵ باڵوێزخانەی ئێران، دوو مەئمووری باڵوێزخانەی ناوبراو، کە لە تێرۆرەکەدا بەشدارییان کردبوو، بێدەنگێك جێگۆڕکێیان پێکرا[٢٢٨]".

یەك لەو دوو کەسە، مورتەزا غوڵامی بەرپرسی دارایی ئەندامی پلەبەرزی واواك بوو لە باڵوێخانەی ئێران لە "بۆن" کە پێش کۆتایی هاتنی مەئموورییەتەکەی گەڕایەوە بۆ ئێران.

هەڵس و کەوتی دوو چەشنەی ئاڵمانیا، رەنگدەرەوەی سیاسەتی ئێستا و هەمیشەیی ئەو وڵاتەیە لە پێوەندی ئێراندا. لە کاتێکدا کە لە ناوخۆی وڵات بەرگری لە چالاکی تێرۆریستی ئێران بۆ تۆڵە سەندنەوە دەکات، لە بەرانبەر بیرورای گشتیدا هەوڵ دەدات دەستی رژیمی ئێران لەو کارە تێرۆریستییانەدا بە پاك نیشان بدات:

"نامەی نهێنی دائیرەی جینایی ئاڵمانیا بۆ ناوەندە ئیتیلاعاتی و ئاسایشییەکانی وڵات. لەم نامەیەدا هاتوە کە ئەگەر بەڵگەی نوێ دەربکەوێت، واهەیە تاواننامە دژ بە ئێران دەربکرێت و دادگا لەمەڕ ئێران پێك بێت. ئەوەش دەتوانێ ببێتە هۆی کاردانەوەی گروپە توند و تیژەکانی ئێران. نامەکە، چەند نموونەیەك لەم چالاکییانە ناو دەبات و داوای هەنگاونان بۆ پێشگیریی لە مەسەلەکە دەکات".[٢٢٩]

هەر لەو کاتەدا، دەوڵەتی ئاڵمانیا تووشی تێکگیراوی لەگەڵ داواکاریی گشتییە بۆ ئەوەی ناوی ئێران وەك بەڕێوەبەری تێرۆر نەهێنرێت.

چاپەمەنیەکان گەرچی لەمەڕ تێرۆری میکۆنۆس ئیحتیاتیان دەکرد، بەڵام سەبارەت بە کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەیان گەلێك لەو تێکگیران و ناکۆکیانەیان ئاشکرا کرد، ئەوەش بوە هۆی ئیحتیات کردنی زیاتری دەوڵەت. لە مانگی مارسی ١٩٩٣ دا رەشنووسی تاواننامەی داواکاری گشتی ئامادە کرا. لە تاواننامەکەدا ئێران وەك بەڕێوەبەری تێرۆر ناوبرابوو. بەم بۆنەیەوە دەوڵەت بە

228 هەمان شوێن

229 Focus ١٩٩٣/١/١٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داواکاریی گشتی راگەیاند کە تاواننامەکە پێویستە پێش ئەوەی بدرێتە دادگا، بدرێت بە دەفتەری سەرەك وەزیرانی ئاڵمانیا، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی دادپەروەری و وەزارەتی ناوخۆ. تاواننامەکە درایە دەوڵەت بەڵام هیچ هەواڵێکی لێ نەزانرا و بەرپرسان رایانگەیاند کە "ون" بوە.

دوای ئەوەی داواکاری گشتی شوێنی مەسەلەکەی گرت، دوای چوار حەوتوو سەرلەنوێ "دۆزرایەوە" و درایەوە داواکاریی گشتی. لە مانگی مەی **١٩٩٣** دا تاواننامەکە لەلایەن "فۆن ئیشتاڵ" ـ داواکاری گشتییەوە ئیمزا کرا و کەوتە بەردەست بۆ کار لەسەر کردن. ئەوە، یەك لە هۆکارەکانی دەرکرانی ناوبراو بوو لەسەر کارەکەی کە دوو مانگ دواتر رووی دا. ناوبراو لە وت و وێژێکی چاپەمەنیدا مەسەلەکەی ئاشکرا کرد:

> "وەزیری دادپەروەریی ئەودەم، خاتوو لویت هۆیزر– شنارنبرگ لە چەند مانگی دوای تێرۆرەوە تا کاتی ئیمزای تاواننامەکە گوشارێکی زۆری خستە سەر من بۆ ئەوەی ناوێك لە ئێران نەبەم. لەبەر ئەوەی من و وتەبێژی داواکاریی گشتی پێمان لەسەر ناوبردە کردنی ئێران دادەگرت، کەوتینە بەر تووڕەیی. جارێکیان ناوبراو ویستی هەندێ بەرپرسایەتیم لێ بستێنێتەوە جارێکیش لە وتوویژێکی تەلەفۆنیدا بەسەریدا نەڕاندم و لە کۆتاییشدا خاتوو وەزیر داوای لێکردم وتەبێژەکەی خۆم دەربکەم. ئەوان هەوڵی ئەوەیان نەدەدا دەست لە لێکۆڵینەوە راستەوخۆکان وەربدەن، بەڵکوو دەیانویست کێشەکە لەبەر چاوی بیروڕای گشتی بچووك بنوێنن"[٢٣٠].

بانگهێشتن کرانی فەلاحیان بۆ ئاڵمان و چاوپێکەوتنی لەگەڵ مەقاماتی ئاسایشی وڵات، گاڵتە کردن بوو بە داواکاری گشتی لەلایەن دەوڵەتەوە. دەوڵەتی ئاڵمانیا هەوڵی دا ئەو چاوپێکەوتنە ئاشکرا نەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ رواڵەت بپارێزێت، بەڵام چاوپێکەوتنەکە دەرکەوت و لەگەڵ ئاشکرابوونی داواکاریی

---

[230] Frankfurter Algemeine Zeitung، ١٩٩٦/١١/٢٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەلاحیان بۆ تێکدرانی دادگا، شمید باوێر ئامادە نەبوو لە بەرانبەر پەرلەمانی ئاڵمانیا و لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئەیالەتی بەرلیندا پێ لەوە بنێت. لەجیاتی ئەوە، کاتێ پرسیاری لێکرا کە "ئایا ئێران دەستی لە تیرۆرەکەکاندا هەیە؟" رایگەیاند: "هەر کەس کە وردەکارییەکان بزانێت، دەگاتە ئاکامێکی تر." بەم شێوەیە بۆ پاراستنی پێوەندی لەگەڵ ئێران، لە بەرانبەر پەرلەمان و چاپەمەنیەکان و گەلی ئاڵمانیا، راستەقینەی دەرنەخست.

دوای پێکهاتنی دادگا و دوای ئەوەی داوای بەڵگەنامە لە دەوائیری حکوومی کرا، دەوری دەوڵەتی ئاڵمانیا بوو بە هاوکاری نەکردن لەگەڵ دادگا و بەرگری کردن لە گەیشتن بە راستەقینەی رووداوەکان. راپۆرتی "گرووپی کاری ئێران" سەر بە BfV بەشێك لە بەڵگەنامە گرنگەکان بوو بۆ دەرخستنی دەوری ئێران لە تیرۆرەکەدا. وەزیری ئەو کاتی ناوخۆ [ی ئاڵمانیا] بەوبیانوەی کە بەرژەوەندییەکانی ئاڵمانیا تووشی زیان دەبێت، ئیجازەی قسەکردنی نەدایە "گرۆنە واڵد" کە بەرپرسی ئامادەکردنی راپۆرتەکە بوو. دەوڵەتی ئاڵمانیا بەبیانووی هاوچەشن و بەئاڵۆزیی حقووقییەکی زیاترەوە، بەرگری لەوە کرد بەڵگەیەکی LfV بەرلین بە رێکەوت و ژمارەی دیاریکراو بدرێتە [دادگا]. بەگوێرەی بەڵگەنامەکە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران جارێك لە رێگای سەرکۆنسوولی ئێران لە بەرلینەوە فەرمانی بە دارابی دابوو تا هەوڵی ناسینەوەی ئەو کەسانە بدات کە بەشداریی خۆپێشاندانی دژ بە ئامادەبوونی ئێران لە نوێنگەی هەفتەی سەوزیان کردبوو.

دوای ئەوەی قەراری جەلب واتە ڕاکێشانی فەلاحیان بۆ دادگا لەلایەن داواکاریی گشتییەوە دەرچوو، ئیتر دەوڵەتی ئاڵمانیا چالاکانە هاتە کایەوە. دەوڵەت کەڵکی لە پەرەگرافی "ث ١٥٣" بینی[٢٣١] و نوێنەرانی داواکاریی گشتی گشتی بانگ کرد بەشداریی دانیشتنێك لە رۆژی ١٧ ی دیسامبری ١٩٩٥ دا

[٢٣١] ئەگەر ڕەوتی دادگایی کردنێت مەترسی ئەوە بێنێتە پێشەوە کە زیانی قورس بە بەرژەوەندییەکانی ئاڵمانیای فێدڕال بگەیێنێت یان شوێنکەوتنی یاسایی [کەسێك]، لە پلەی یەکەمدا دژ بە بەرژەوەندییە گشتییەکان بێت، ئەوا دەبێ وازی لێ بهێنرێت. پەیڕەوەکانی تاوان، بەندی ١٥٣ ث.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەن. لە مانگی ژانویەی ساڵی ١٩٩٦ دا دەرکەوت کە هۆکارەکانی بەرپرسانی حکوومی بۆ نوێنەرانی داواکاریی گشتی بەس نەبوە و سەرەڕای خواستی دەوڵەت، داوای دەستبەسەرکران [ ی فەلاحیان] نێررایە دیوانی بەرز. لە رۆژی ١٤ی مارسی ١٩٩٦، دادوەری بەرپرس قەراری جەلب واتە گرتنی فەلاحیانی دەرکرد.

ئەو هەواڵانەی دەوڵەتی ئاڵمانیا بۆ ئێران بەس و جێگەی رەزامەندیی نەبوو. کۆماری ئیسلامی دەیویست وەك لەناوخۆی ئێراندا باوە، یەك لە مەقاماتی ئاڵمانی بە فەرمانێك قەراری دادگا لەمەڕ گرتنی فەلاحیان بوەستێنێت. مووسەوەییان باڵوێزی ئەودەمی ئێران لە ئاڵمانیا لە وەڵامی پرسیاری "فۆکوس" دا: کە لێی پرسی:

"ئایا لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە و دەفتەری سەرەك وەزیران [ی ئاڵمانیا] دا هەستت بە شتێك لەمەڕ قەراری جەلبی فەلاحیان کرد؟"، گوتی:

"من دەزانم تاقمێك دژکارن، بەڵام نازانم بۆچی ئاڵمانیا کەڵکی لە مافی یاسایی خۆی نەبینی و پێشی بەو قەراری گرتنە، نەگرت؟[٢٣٢]"

پاش ئەوەی لە نۆڤامبری ١٩٩٦ دا تاواننامە خوێنرایەوە و دوای هەڕەشەکانی رژیمی ئێران، دەوڵەتی ئاڵمانیا لەرێگەی قسەی "سەرەك وەزیران [ی ئاڵمانیا]" ەوە کەوتە داوەری کردنی ئەو کێشەیەی وا بەرواڵەت کەوتبوە نێوان داواکاریی گشتی ئاڵمانیا و دەوڵەتی ئێران و ترسەنۆکانە پشتی داواکاریی گشتی بەردا. هیلموت کوهل لە نامەیەکدا کە بۆ داوای لێبوردن ئاراستەی رەفسەنجانی کرد، نووسی:

"هیچکەس لە ئاڵمانیا نایەوێت سووکایەتی بە پێوەندە ئایینیەکانی ئێرانیان بکات".

---

232 Focus ٩٦/٣/٢٥ ،١٣ ژمارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم داوای لێبوردنە کاتێك دەکرا کە نوێنەرانی داواکاریی گشتی چەندەها جار گوتبوویان و هەموان دەیانزانی کە ناوهێنانی فەرماندەکانی مەکینەی مرۆڤکوژی ئێران بەهۆی شوێن و پێگەی ئایینیانەوە نەبوە بەڵکو بەهۆی ئەندامەتییان لە "کومیتەی کاروباری تایبەت" دابوە [کە فەرمانی قەتڵەکەی دابوو]. ئەم نامەیە و هەڵوێستی هەندێ لە مەقاماتی دەوڵەتی و باری لێبوردن خوازانەی دەمیان لەمەڕ سەربەخۆبوونی هێزی قەزایی، دەبێ هۆکارێك بووبێتن بۆ ئەوەی سستی بخاتە سەر ئیرادە و خواستی بەرپرسانی دادگا و نوێنەرانی داواکاریی گشتی.

هەر جارێك کە مەسەلەی تێرۆری میکۆنۆس هاتبوە گۆڕێ، مەقاماتی دەوڵەتی ئاڵمانیا رایانگەیاندبوو کە بەگوێرەی قەراری دادگا، پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئێران دەخەنە بەر سەرنجی نوێ. چەندەها جار رایان گەیاند کە ناوبردە کردنی رێبەرانی ئێران دەتوانێ زیان لە بەرژەوەندییەکانی ئاڵمانیا بدا و تەنانەت گیانی هاولاتیانی ئاڵمانی لە ئێران و شوێنەکانی دیکەی جیهان بخاتە مەترسییەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم قسانە گوشار خستنە سەر دادگا و بۆ ئەوە بوو کە بەرپرسیایەتی کردەوەکانی دواڕۆژی رژێمی ئێران بخەنە ئەستۆی داوەرەکان هەمووش بۆ ئەوەی کە قەرارێك دەرنەکەن کە مرۆڤکوژان ناڕەحەت بکات و بیانخاتە تۆڵەسەندنەوە.

بەلام دوای ئەوەی راگیێنرا کە رێبەرانی ئێران دەستیان لە تێرۆرەکەدا هەبوە، سەرەڕای قەراری دادگای بەرزی بەرلین لەمەڕ بە جینایەتکار ناسینی رژێمی ئێران، دەوڵەتی ئاڵمانیا هەموو قسەکانی خۆی لەمەڕ گۆڕینی [شێوازی] پێوەندەکانی خۆی لەگەڵ ئێران لەبیر بردەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣. ئوپۆزیسیۆنی [ئێرانی] دەرەوەی وڵات و دادگا

تا دەستپێکی دادگا، مەسەلەی میکۆنۆس گۆڕەپانێك بوو بۆ کاری روونکردنەوە[ی خەڵك]؛ ئۆپۆزیسیۆن هەوڵی دەدا قووڵایی کارەساتەکە بە بیرورای گشتی جیهان و بەتایبەت ئاڵمانیا رابگەیێنێت و دەست تێوەردانی هەر دوو دەوڵەتی ئاڵمانیا و ئێران لە هێزی قەزایی و پێکهاتنی ژێرپەردە بۆ پووچەڵ کردنەوەی دادگا و لەبیر بردنەوەی تێرۆرەکە لەقاو بدات.

بە دەستپێکردنی دادگا، قۆناغێکی نوێ سەری هەڵدا: گۆڕەپانی لەقاودانی راستەوخۆی کۆمار ئیسلامی بە پاڵپشتی ئەو بەڵگەنامانەی وا لە دادگا دەخرانە بەرچاو. ئەگەر تا کاتی دەسپێکی دادگا، دەبوایە ئۆپۆزیسیۆن هاواری بکردایە کە ئێمە دەزانین هۆکاری ئەو تێرۆرە و تێرۆرەکانی دیکە دەوڵەتی ئێرانە، بە دەستپێکردنی دادگا کە هەموو رۆژێك بەڵگەی نوێی دژ بە دەوڵەتی ئێرانی تێدا دەکەوتە بەرچاو، [ئۆپۆزیسیۆن] دەبوایە ئەمجار پەسندی قسەکانی خۆی لە بەڵگەنامەکانی دادگا وەربگرێت و بەهەموانی بنوێنێت؛ لەوەش زیاتر، یارمەتی روونکردنەوەی زیاتری ئەو بابەتانە بدات کە لە دادگادا دەهاتنە گۆڕێ.

دادگای میکۆنۆس لە ٢٨ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ دا دەستی بەکار کرد. هەواڵی پێکهاتنی دادگا مانگێك پێشتر بەشێوەی رەسمی راگەیێنرابوو. ئۆپۆزیسیۆن بەگشتی و لەسەر ئەساسی هەموو ئەزموونەکانی خۆی، تا ئەو دەمە هیوایەکی ئەوتۆی بە روون بوونەوەی مەسەلەکە نەبوو.

هێشتا دادگا دەستی بەکار نەکردبوو کە راگەیێنرا فەلاحیان وەزیری واواك لە ئاڵمانیایە. ناوبراو میوانی دەوڵەتی ئاڵمانیا بوو لە دیدارەکانیدا چوە چاوپێکەوتنی ناوەندە ئیتیلاعاتیەکانیش و سەبارەت بە "کێشە مرۆڤایەتیەکان" لەگەڵ مەقاماتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتیلاعاتی دەوڵەتی ئاڵمانیا وت و ویژی کرد. ئەم هەواڵانە بۆ ئۆپۆزیسیۆن هۆکارێك بوون بۆ رەشبینی زیاتر و پەسندێکی دیکە بوو بۆ ئەو ئەگەرەی کە راگەیشتن بەو کوشتارەش چارەنووسی هاوچەشن لەگەڵ کوشتارەکانی تر پەیدا دەکات. وت و ویژی نهێنی، پیلان، باج خوازی و ئامانجی دەسەڵات سەپاندن، سێبەری خۆی دەخستە سەر دەزگای قەزایی، یا لای کەم ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەو ئەزموونە هاوچەشنانەوە کە هەیبوو، وایدەزانی. ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن دەیویست و دەیتوانی بیخوازێت پێکهاتنی دادگا و راگەیشتن بە مەسەلەی کوشتار بوو بە بێ گوشاری دەوڵەتان و دام و دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی.

بە دەستپێکردنی دادگا، کێشەکە بوعدێکی نوێی بۆ ئۆپۆزیسیۆن بەخۆوە گرت. نەفسی پێکهاتنی دادگا ئەو هیوایەی بەزۆر کەس بەخشی کە ئەمجار واهەیە دەوڵەتی ئێران لای کەم لە یەکێ لە تێرۆرەکانیدا مەحکووم بکرێت. ترسی ئۆپۆزیسیۆن زیاد لە هەموو شت لەوە بوو دادگا لە بەرانبەر باج خوازییەکانی ئێران رانەوەستێت. رۆژی دەستپێکردنی دادگا، بە سەدان ئێرانی لە بەرانبەر بینایەی دادگا دەستیان دایە خۆپێشاندانێك و ئەم دروشمانەیان بەرز کردەوە: "دەستی دەوڵەتەکان لە کاروباری دادگا کورت بێتەوە"، "ناوەندە دیپلوماتیەکانی ئێران ناوەندی تێرۆرن".

بانگەوازی خۆپێشاندانەکە ئیمزای "ناوەندی پەنابەرانی سیاسی ئێرانی بەرلین" و "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژ بە تێرۆر لە بەرلین"ی پێوە بوو و هەر ئەوانیش بانگهێشتنی خۆپێشاندانەکەیان کردبوو. زۆرترین بەشدارانی خۆپێشاندانەکە لە شاری "هانۆفر" ەوە هاتبوون. هیچکام لەو رێکخراوانەی وا لە دانیشتنی رەستورانی میکۆنۆسدا بەشدار بوون پشتگیری ئەم خۆپێشاندانەیان نەکرد. هەموو ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی وا کۆتایی هاتن بە دادگای وەك جەژنێکی مەزن و سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن دادەنا و "هەزاران کەسی هێنایە رووبەرووی دادگا"، سەرەتا غایب بوون و گۆڕەپانی ئەو خەباتەیان نەگرتە بەرچاو کە بەهۆی دەستپێکردنی دادگاوە بەرەو ئۆپۆزیسیۆن کرابوەوە. دواتر زۆرێك هاتن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا بەڵکوو لە هەمبەر مەسەلەکە خێروبێرێك بۆخۆیان وەربگرن. گەرچی ئەوان بەنووسین دەیاننووسی گوایە پێویست بێت لە رووداوەکە بۆ بەرژەوەندیی مەزنتر کەڵك وەربگیرێت، بەڵام خۆیان هیچ کارێکی مەزنیان نەکرد جگە لەوەی رێگە بە خەڵك نیشان بدەن یا حیسابی بچووك و ناچیزەی خۆیان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆندا پاك بکەن.

ئۆپۆزیسیۆن بەگشتی لەگەڵ هەموو کاری دادگاکە بە شێوەی لەت و پەت و جیاجیا و بۆ بەرژەوەندییە گرووپی و تاقمیەکانی خۆی رووبەڕوو بووەوە. لایەنگرانی پادشاهی تەنیا کاتێك دادگایان بەهەند وەرگرت کە "گەنجی" وەك شاهید هاتە دادگاوە. موجاهیدین ئەوەندەی توانییان هێز و دەسەڵاتی خۆیان نواند، "بۆدی گارد" یان لەگەڵ خۆیان هێنا، کۆنفەرانسی چاپەمەنیان سازدا و دەقی قسەکانیان چاپ کرد و بەم شێوەیە ویستیان خۆیان وەك ناوەندی هێز و دەسەڵات بخەنە بەرچاو. ئەوان بۆ ماوەی دەوروبەری ساڵێك چالاك بوون، بەڵام کاتێ گەیشتنە ئاکامە "قۆناغی" یەکانی خۆیان، ئیتر ئەو "قۆناغی هێز و دەسەڵات نواندن" ە کۆتایی پێهات و چالاکییەکانی ئەوانیش کەم بووەوە. دواتریش کە ئاگرەکە جارێکی تر گەرم بووەوە بەتایبەت لە رۆژەکانی کۆتایی دادگادا سەرلەنوێ چالاك بوونەوە. رێکخراوەکانی ئەندامی دانیشتنی هەماهەنگی پێشوو، کە جاروبارە لە دوورەوە هەندێ هەواڵیان دەنووسی، لە درێژە کێشانی دادگا ماندوو بوون.[٢٣٣] رێکخراوە چەپەکان کە لە پێشەوە دەیانزانی هەرچی رووبدات بەفیتی ئەمپریالیزمە، خەریکی کاری جیددیتری خۆیان بوون.

ئۆپۆزیسیۆن نە ویستی و نە توانیشی کەڵك لە مەسەلەی دادگا وەربگرێت و دوور لە دادگا و بەتەنیشت دادگاوە مایەوە. لەکۆتاییدا، کاتێ دوای کاری وردی داواکاریی گشتی و بێلایەنی و ئازایەتی دوور لەباوەڕی داوەرەکان قەرارەکە دەرچوو، ئیتر ئەو سەرکەوتنەی بە هی خۆی دانا. تەنانەت ئەو

[٢٣٣] بۆ نموونە، بڕوانە کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٠٤؛ ١٥ ی مارسی ١٩٩٥ و ٢٤ ی ئیسفەندی ١٣٧٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوانەی وا لە هەموو ماوەی دادگادا تەنانەت سێبەریشیان دیار نەبوو، هاتن و هاوڕێ لەگەڵ ئەوانی تردا جەژنی سەرکەوتنی "خۆ" یان گرت. سەرکەوتنی "خود" ی لایەنگرانی پادشاهی، سەرکەوتنی "خود" ی موجاهیدین [ی خەلق]، سەرکەوتنی "خود" ی ئەکسەرییەت، و سەرکەوتنی "خود" ی ئەوانەی وا ناوی دیموکراتیان لەخۆ نابوو.

بەڵام لەم ناوەدا کەسانێك بەشێوەی کوت کوت و بەربڵاو، مەسەلەکەیان بەهەند وەرگرت و لەبەر هۆکار و ئەنگیزەی جیاجیا، هەواڵی دادگایان بڵاو کردەوە. "ناوەندی پەنابەرانی سیاسی ئێرانی لە بەرلین" و ئەم چاپەمەنییانەی خوارەوە لەو تاك و تەرایانە بوون کە گوتمان: "انقلاب اسلامی در هجرت"، "اتحاد کار"، و "ایران، سرکوب، ترور."

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ دووهەم جار سکرتێری یەکەمی بووبوە قوربانی دەستی ڕژێمی ئێران ، دەبوایە زیاترین حەساسیەتی بەنیسبەت کاری دادگاکەوە هەبوایە، بەڵام هەموو ماوەی دادگا بە بێ ئامادەیی چالاکانەی ئەوان تێپەڕ بوو. حزبی دیموکرات تەنانەت نەیتوانی هەواڵی دادگاکە رابگەیێنێت. ئەنجامی ئەو کەم کارییەی حزب لە دادگا، ئەو هەواڵە سەیر و سەمەرانە بوو وا جاروبارە لە بڵاوکراوەی حزبەکەدا بڵاو دەکرایەوە.[٢٣٤] بەڵام لەجیاتییان، حزب لەو ماوەیەدا توانی بە باشترین شێوە کەڵك لەو پێوەندە بەربڵاوە وەربگرێت کە لەگەڵ ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکاندا هەیبوو.

"کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژ بە تێرۆری بەرلین" تا چەند مانگێك دوای دەستپێکردنی دادگاش هێشتا هەر چالاك بوو .

"کومیتەی دژی تێرۆر" لە پاریس، تا کۆتایی دادگاش پەیتا پەیتا ڕاپۆرتەکانی دادگای لە بڵاوکراوەیەکی [فارسی] بەناوی "ایران، سرکوب، ترور"دا بڵاو دەکردەوە. ئەو ڕاپۆرتانە جگەلە چەند دانەیەکی سەرەتایان ورد و دەقیق بوون. بەپێچەوانەوە، کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژ بە تێرۆر، دوای

[٢٣٤] بۆ نموونە، بڕوانە: بەشێك لە ڕەوتی کاری دادگای بەرلین؛ کوردستان؛ ژمارە ٢١٠؛ خورداد ١٣٧٣ سەبارەت بە پەڕەیەك کە لە فایلەکە دەرهێنراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شایەدیدانی ئەندامەکانی (کە لە ئامادەبوان و بانگکراوەکانی دوایین دانیشتنی کۆبوونەوەکە پێکهاتبوو) لە دادگا، بەکردەوە هیچ چالاکییەکی نەما. لەم ماوەیەدا گرنگترین چالاکی ئەم کومیتەیە، گەورە کردنەوەی چالاکییەکانی خۆی و شەڕە قەڵەم لەگەڵ موجاهیدین [ی خەلق] بوو. لە هەر دوو ئەو گۆڕەپانانەدا ڕێکخراوە و تاکەکەسەکان هەم بەناوی کومیتە و هەم بەشێوەی سەربەخۆ تێکەڵاوی مەسەلەکە بوون، بەڵام بەگشتی، "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژ بە تێرۆر" هەڵوێستی هاوبەشی هەبوو. کومیتەی ناوبراو لەماوەی چالاکی نواندنی خۆیدا دەری خست کە بەکردەوە لەو لایەنانە پێك هاتوە کە دانیشتنی هەماهەنگیان پێکهێنابوو و لە کاری داکۆکی کردن لەوانیش چالاکە.

گەرچی کەسایەتی و تاکەکەسی نوێتریش هاتبوونە ناو کومیتەکە، بەڵام بەکردەوە هەڵوێست و چالاکییەکانی کومیتە دەکرێ لە چالاکی ڕێکخراوەکانی ئەندامی کومیتەکەدا ببینرێت. حیزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ چالاکێکی کومیتەدا سازدا. بابەتی ناو وت و وێژەکانی لە چەند بەش ێك هاتبوون و بریتی بوون لە دیعایەی وەك ئەوەی کە ئێمە بووین ڕژیممان خستەگیر، کووژاندنەوەی بەرپرسیایەتیەکان لەمەڕ پێکهاتنی دانیشتنەکەی ڕەستورانی میکۆنۆس و هەروەها هێرش کردنە سەر موجاهیدین [ی خەلق]:

> ..."ئێمە بەبەردەوامی تا ئەو شوێنەی توانیمان لەبواری جیاجیا و بەگوێرەی تاواننامەی داواکاری گشتی لەسەر بنەمای مەحکووم کردنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی یارمەیتمان ئاراستە کردوە و کاری دادگامان بەپێی توانا و دەرەتانی خۆمان ـ کە نابێ زۆریش گەورەی بکەینەوە، گەیاندە ئەو شوێنەی کە وەك دەبینن، جەنابی شمید باوێردێت و لەبەردەم دادگای "میکۆنۆس" دا دەڵێ "فەلاحیان داوای لێکردبووم

بەرگری لە دادگاکە بکەم و تاواننامەی داواکاریی گشتی مەحکووم بکەم[٢٣٥] ".

هاتنی شمید باوێر وەك شایەدێك بۆ دادگا، ئەنجامی چالاكی نواندنی "یەشكە" [ی پارێزەر] و بەگوێرەی داواکاریی ئەو و موافەقەی هەیئەتی داوەران بوو. ناوبراو لە دادگادا هیچ باسێکی لە تاواننامەی داواکاریی گشتی و داخوازیی فەلاحیان لەمەڕ مەحکووم کردنی تاواننامەکە نەکرد.

"سەرکەوتنی ئێمە لە بەرلین ئەوە بوو فەزاکەمان شکاند و بۆ یەکەم جار توانیمان بەرپرسان بهێنینە دادگا... بۆ یەکەم جار دوای پازدە ساڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی توانیویەتی رژیم بکێشێتە دادگا... لەماوەی دە ساڵی رابردوودا رژیمی تاران ژمارەیەك لە موجاهیدین [ی خەلق] ی لە وڵاتانی جیاجیا کوشتوە، و لەوانە، دوو کادیری گەلێك پایەبەرز واتە "کازم رەجەوی" و "نەقدی" تێرۆر کردوە. بەڵام ئەم رێکخراوەیە، سەرەڕای دیعایەی زۆر، نەیتوانی یەخەی رژیم لەو کوشتارانە بگرێت و بیانکێشێتە دادگا. بەڵام کومیتەی ئێمە توانی[٢٣٦]".

لێدانی کومیتەی بەرلین، ئەویش لە قۆناغێکدا کە ئێمە توانیمان بۆ یەکەم جار یەخەی لەو تێرۆرانەدا بگرین و بیکێشینە دادگا[٢٣٧] "...

ئەم قسە و دیعایانە لەلایەن وتەبێژانی کومیتەوە لە بارودۆخی جیاجیادا دووپات کرایەوە[٢٣٨].

ناوەرۆکی راستەقینەی کێشەکە ئەوە بوو کە هەر دوو لایەن ـ موجاهیدین [ی خەلق] لەلایەك و "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژ بە تێرۆر" لەلایەکی تر، دەیانگوت: ئەوە ئێمە بووین کە داواکاری گشتی ئاڵمان

---

[٢٣٥] ڕووستا، کامبیز؛ وتووێژی 'راە آزادی' لەگەڵ چالاکانی لیژنەی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی دژ بە تێرۆر؛ راه آزادی، ژماره ٣٦، میهری ١٣٧٢

[٢٣٦] دەستماڵچی، پەرویز؛ هەمان شوێن

[٢٣٧] جەعفەری، حەسەن، هەمان شوێن

[٢٣٨] بۆ نموونە، ڕووستا، کامبیز؛ طرحی ن، ژمارە ١، ١٠ ی فەوریەی ١٩٩٧ و دەستماڵچی، پەرویز؛ موجاهیدین و میکۆنۆس، کەیهان چاپی لەندەن، ژمارە ٥٦٠، ٢٥ ی خوردادی ١٣٧٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاوانبارانی دەست بەسەر کرد و ئێوە هیچ نەبوون. ئەوەی کە موجاهیدین خۆیان بە هەمەکارە دەبینی، ڕەنگدانەوەکەی لە ملهوڕیی کومیتەدا دەبینرا و وێنەی خۆ بەزل زانی ئەمیان لە ئاوێنەی خۆ بەزلزانی ئەویتردا دەرکەوت. کێ بەرکێ لەسەر ئەوەی کە "من ئەو کەسەم کە ڕۆستەم، پاڵەوانە!" کاری کێشایە گاڵتەجاڕ. وتەبێژی کومیتە، لە بڵاوەی جمهوریخوازانی میللیدا ئاوای نووسی:

"واهەیە بە بێ هەوڵی شەو و ڕۆژی کومیتەی بەرلین و کومیتەکانی دیکەی دژی تێرۆر، تێرۆری بەرلینیش وەك تیرۆڕەکانی تر بەهۆی گەلێك هۆکارەوە دەکەوتە بەر فەرامۆشی. زیاد لەو مەسەلانەی سەرەوە، کومیتەی بەرلین بەم زوانە دوو بەرگ بەڵگەنامە واتە بەرگی چوارەمی "میکۆنۆس" بەزمانی ئاڵمانی و بەرگێکی فارسی بە کۆمەڵێك بەڵگەنامە و دەستاوێژی پێوەندیدار بە تێرۆرەکانی ڕژێم لە دەرەوەی وڵات بڵاو دەکاتەوە. لە ئەنجامی ئەم هەوڵانە و هەروەها هۆکاری تر، ئەمجارە یەخەی ڕژیم گیرا و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ١٥ ساڵەی تێرۆرەکاندا، ڕژیمی ئێران لەلایەن داواکاری گشتی ئاڵمانیاوە وەك هۆکاری سەرەکی و فەرماندەی تێرۆرەکان ناسرا[٢٣٩] "...

چوار بەرگی "میکۆنۆس بەزمانی ئاڵمانی" بریتی بوو لە لەت و کوتی ڕۆژنامە ئاڵمانییەکان و چەند بەڵگەنامەی دیکە، کە لەبەر دەستی داواکاری گشتی و پاشانیش دادگادا بوو.[٢٤٠] ئەو چەند بەڵگەیەش لە دادگادا هاتە گۆڕێ و لە زۆر بڵاوکراوەدا وەك کتێبی کومیتە چاپکراون. ئەوە کارێکی گەلێك باش بوو بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە میکۆنۆس، بایەخی خۆشیان هەبوو. بەڵام هیچ پێوەندێکی بەوەوە نەبوو یەخەی ڕژیم بگیرێت و لەقاوی بدات. بەرگی پێنجەم و شەشەمی کتێبەکە دوای کۆتایی هاتن بە کاری دادگا بڵاو

[٢٣٩] ڕەخنەیەك لە سیاسەت و کرداری موجاهیدین لە پەیوەندی تێرۆری بەرلیندا، مانگنامەی جمهوری خواهان ملی ایران، ژمارە ٥٦، بەهمەنی ١٣٧٣ – مارسی ١٩٩٥

[240] Der Fall “Mykonos” IV Geheimeberichte, Dokumentationen Zeitungsausschnitte und… zum iranischen Staatserrorismus, Komitee der iranischen Opposision im Exil gegen Terror (دوای مارسی ١٩٩٥) بێ ڕێکەوت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرانەوە و بەشێوەی سروشتی نەیدەتوانی دەورێکی لەوەدا هەبێت کە چەند ساڵ پێشتر یەخەی رژیمی گرتبێت.[٢٤١] هەڵە و تێکەڵ پێکەڵییەك کە ئەو بابەتانە لە بیروڕای گشیتدا دروستیان کرد، بۆ ئەوە دەبێت لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی لەسەر بکرێت.[٢٤٢] ئەوەی لە کۆتایی وتاری ناوبراودا هاتوە، تەنیا دەتوانێ رووی قسەی لە دوو لایەنی شەڕەکە هەبێت:

..."هەر ئەوەندە بەسە سەیرێکی راپۆرتی نهێنی رۆژی ٢٣ی ئاوریلی ساڵی ٩٣ ی رێکخراوەی پاراستنی یاسای بنەڕەتی ئاڵمان بکەین کە بۆ داواکاریی گشتی نووسیوە... یا ئەو زانیارییانەی وا یوسف ئەمین... سەبارەت بە داڕشتنی پلانی ئەو قەتڵە و دەوری ئێران... داویەتی بخوێنینەوە... چەندە دەبێ ساویلکە بین کە دیعایەی ئەوتۆ قەبوڵ بکەین و چەندەش دەبێ خەڵك بە نەزان دابنێین کە بابەتی ئەوتۆ بهێنینە گۆڕێ. لەلایەنی ئەخلاقیشەوە دەبێ چەندە نزم بین کە ئامادە بین

---

241 Der Fall "Mykonos" IV Geheimeberichte, Dokumentationen Zeitungsausschnitte und… zum iranischen Staatserrorismus, Komitee der iranischen Opposision im Exil gegen Terror, Berlin, Marz 1998

٢٤٢ سێ بەرگ کتێبی دیکە سەبارەت بەو باسە، بە زمانی فارسی لە لایەن پەرویز دەستماڵچییەوە بڵاو بووەوە:

- ـ دەستماڵچی، پەرویز؛ "تێرۆریزمی دەوڵەتی و ویلایەتی فەقیهـ"؛ چاپی یەکەم ئوکتۆبری ١٩٩٥، بەرلین
- ـ دەستماڵچی، پەرویز: "ڕیشەکانی ئیدیۆلۆژیکی تێرۆریزمی ویلایەتی فەقیهـ و بەڵگەنامەکانی میکۆنۆس"؛ چاپی یەکەم؛ سپتامبری ١٩٩٧؛ بەرلین
- دەستماڵچی، پەرویز؛ "بەشێك لە بەڵگەنامەکانی میکۆنۆس"؛ سێپتامبری ٩٢- ئاوریلی ٩٧؛ چاپی یەکەم؛ مارسی ١٩٩٨

کورتەی بەشی سەرەکیی کتێبی ڕیشەکانی ئیدیۆلۆژیکی... لە گۆڤاری چشم انداز ژمارە ١٨؛ زستانی ١٣٧٥دا بڵاو کرایەوە. لەو نووسراوانەدا کەم و زۆر هەموو خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە بابەت و کێشەکانی باس کراو لە ناو دادگا، هەڵەن. هەر لە شێوەی بڕیاردان لە لایەن ئێرانەوە تا هەویەی جاسووسەکە، لە ڕێکەوتی شایەدیدانی خەڵکی جیاجیاوە تا کاتی پێشکەش کردنی بەڵگەنامە گرنگەکان بە دادگا، لە چۆنیەتی بڕیاردانەکانەوە تا ڕەوتی تەکنیکی کاری دادگا، لە وەرگێڕانی دەقەکانەوە تا ژمارەی وەرگێڕەکانی دادگا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدەستەقەسد و زانیاریانە تەنیا بۆ خاتری بەرژەوەندیی بچووکی گروپ و تاقمێك، خەڵکانی بێ خەبەر بەو درۆیانە فریو بدەین."[٢٤٣]

زەمینە و هۆکاری فەرهەنگی ئەم "دیموکرات" انە وەها هاوچەشنە، کە نەك هەر تووشی خۆ بەزلزانین و دیعایەکردنی هاوچەشن هاتوون، بەڵکوو تەنانەت وشە و زاراوەی هاوچەشنیش بەکار دەهێنن.

ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق (ئەکسەرییەت) لە کێشەکەیدا لەگەڵ موجاهیدین، چەندەها جار باسی ئەوەی کردوە کە ڕژیمی خستۆتە گیر و خۆیشی لە دادگاوە ڕاپۆرتی دا کە چۆن ڕژیمی وەگیر خستوە:

"لە میشائیل [؟] فەرمانبەری دائیرەی جینائی و مەئمووری گرتنی ئەمین و ڕایل... پرسیار کرا: ئایا ئێوە پێشتر دەتانزانی ئەمین و ڕایل لە ماڵی برای ئەمین دان؟ وەڵام: بەڵێ ئێمە لەڕێگەی BND یەوە زانیبوومان. ئەوان ناونیشانی تەواوی ماڵی ئەمینیان بە ئێمە دابوو[٢٤٤] ".

"کۆمیسەر" فۆن درێگ [فان تریك]" بۆ شایەدیدان هاتە دادگا. فۆن درێگ گوتی ئەمین لە لێپرسینەوەکاندا دەوری دارابی وەك بەڕێوەبەری تێرۆری بەرلین بەوردی دەستنیشان کردبوو... ڕۆژی ١٠ ی فوریە "سیمون" کۆمیسەری پایەبەرزی دائیرەی جینائی فیدراڵی ئاڵمانیا... وەڵام: بەرپرسی زیندانی "مولبیت" ڕۆژی ٧ ی ئۆکتۆبر پێی ڕاگەیاندم کە ئەمین ئامادەیە قسە بکات... پرسیار: لەو قسانەی وا ئەمین لەسەر دارابی کردی گەیشتنە چ ئەنجامێك؟ وەڵام: تەلەفۆن کردنی ڕایل و دارابی لە بەرلینەوە بۆ ئەمین، پاشان چاوپێکەوتنی ئەمین لە ماڵی دارابی و ئەوەش کە دارابی خۆی ئەوان (واتە ئەمین و ڕایل) ی بردبوە ئەو ماڵە نهێنییەی وا پێشتر بۆی ئامادە کردبوون و لەوێ گوتوویەتی من بۆ

---

[٢٤٣] وەخنەیەك لە سیاسەت و کرداری موجاهیدین لە پەیوەندیێ تێرۆری بەرلیندا: مانگنامەی جمهوری خواهان ملی ایران، ژمارە ٥٦، بەهمەنی ١٣٧٣ – مارسی ١٩٩٥ لاپەڕە ٥

[٢٤٤] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٩، هەواڵی پەیوەندیدار بە ١٠ ی مارسی ٩٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەی چەند رۆژ دەچمە ئاڵمانیای رۆژئاوا و دوای تەواوبوونی کارەکە سەرلەنوێ دەگەڕێمەوە بۆ بەرلین[٢٤٥] ".

واتە ئەمین و راحیل بەشوێن راپۆرتی BND دا گیراون و دارابی بەدوای ئیعتیرافاتی ئەمیندا. [ئەوەش لە کاتێکدایە کە] لەنێوان رێکەوتی ئیعتیرافاتی ئەمین لەمەڕ دارابی و گیرانی دارابیدا، رێکخراوەیەکی ئیتیلاعاتی بریتانیاش هەندێ زانیاریی لەمەڕ دارابی دایە پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا. ئەگەر بەشێکی کەم لەم دیعایەی ئەندامانی کومیتە سەبارەت بەوەی رژیمیان وەگیر خستبێ راستیەکی کەمیشی تێدا بوایە، دەبوایە لەجیاتی گێڕانەوەی پەسند ئامێزی ئەم قسانە، رایان بگەیاندایە کە ئەو شایەدییانەی پۆلیس لە دادگا درۆن و نە پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا و نە BND و نە رێکخراوەی ئیتیلاعاتی بریتانیا هیچکام رژیم [ی ئێران] یان نەخستەگیر و ئێمە بووین وامان کرد.

لە قۆناغەکانی کۆتایی دادگادا ئیتر کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە نەمابوو و تەنانەت بەشداری کردنیان لە سەرکەوتنی تاکەکەس و رێکخراوەکانی ئەندامەکانیان لەرێگەی "کۆمەڵەی ئازادیخوازانی بەرلین" ەوە دەکرا. دواچالاکی ئاشکرای "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژی تێرۆر" ئەو بانگەوازە بوو وا بۆ خۆپێشاندانی نارەزایی دەربڕین بەبۆنەی ساڵوەگەڕی راگەیشتنی حوکمی دادگای میکۆنۆس دەریان کرد. لەم بانگەوازەدا کە رێکەوتەکەی ٢٦ ی مارسی ١٩٩٨ بوو، بانگی هەموان کرابوو بچنە بەردەم کۆنسولیەتی ئێران لە بەرلین. لە کۆتایی هەمان مانگیشدا ئاگادارییەك و راگەیاندنێکیان دەرکرد. لەو ئاگاداری و راگەیاندنەدا بەهەموان گوترابوو کە کومیتەکە لە کۆتایی دادگاوە تا ئەودەم (ئاوریلی ١٩٩٨)، هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردوە و بانگەوازەکەی پێشووش لەلایەن ئەوانەوە نەبوە. بەڵام لە راگەیاندنەکەدا هەمان خۆپێشاندانی پەسند کردبوو.

---

[٢٤٥] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٦، ١٣٧٢/١١/٦ — ٢٦ ی ژانویەی ١٩٩٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕۆژی دیاریکراودا، لە کۆی ڕێکخراوە و ئەندامان و لایەنگرانی کومیتەکە، تەنیا یەك کەس بەشداری خۆپێشاندانەکەی کرد. دوای ماوەیەکیش دووەم کەس گەیشتێ و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی سێهەم. لە ڕاگەیاندنەکەدا گوترابوو کە کومیتە ناتوانێ بەرپرسیایەتی ئەو خۆپیشاندانە بگرێتە ئەستۆ و دواتریش ڕوونی دەکاتەوە بۆچی؟ بەڵام دواتر لە هیچ شوێنێك هیچ ڕوونکردنەوەیەك ڕانەگەیێنرا.

ئەو ڕاستیەی کە بووبوە هۆی تووڕەیی ئەکسەرییەت و "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژی تیرۆر"، بەشداریی کردنی بێدەلیلی موجاهیدین [ی خەلق] بوو لە یارییەکاندا و ئەوەی کە بە بێ ئیجازەی کومیتە حیکایەتی لەمەڕ "نەجاتی" و پێوەندییە ئیحتمالییەکانی دانیشتنی هەماهەنگی لەگەڵ تیمی سدیقی ـ نەجاتی هێنابوە گۆڕێ. ئەکسەرییەت بەشێوازی خۆی شەڕ و کێشەی لەگەڵ موجاهیدین بردە پێشەوە. بەرواڵەت و بەو شێوەیەی وا "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژی تیرۆر" گەرەکی بوو بیسەلمێنێت، تێکگیران لەگەڵ موجاهیدین دوابەدوای بڵاوبوونەوەی دەقی نووسراوی هەڵەئامێزی وت و ویژەکانی دادگا دەستی پێکرد.

ڕاستەقینە وا نەبوو. کێ بەرکێ و خۆ بە ناوەندی کارەکان زانین پێش تیرۆری میکۆنۆس لە هەر دوو لایەندا خۆی دەنواند. ئینجا بە دەستپێکردنی دادگا، ئەوە ئەکسەرییەت بوو کە بە خەیاڵی خۆی مەیدانی بەتاڵ دەدیت و هەلی بۆ چزاندنی موجاهیدین دەقۆستەوە.

ماوەی مانگێك کەمتر لە دەسپێکی دادگا تێپەڕ نەببوو، کە ڕۆژنامەی "کار" ی ئەکسەرییەت هێرشی دەست پێکرد:

"لە کاتێکدا مەسەلەی دادگای بەرلین بەهۆی حەساس بوونیەوە کەوتۆتە بەر سەرنجی بەشێکی زۆر لە ئێرانی و ڕێکخراوە سیاسی و دیموکراتەکان و ڕۆژنامەکانی ڕژیمیش لەرێگەی چاپکردنی وردەیەك لە ڕووداوەکانی دادگاوە حەساسیەتی خۆیان بەنیسبەت دادگاوە دەردەخەن، بێ مەیلی و گوێ نەدانە دادگا لە دوو لاوە دەبینرێت:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەلایەکەوە موجاهیدینی خەلق کە خۆیان بە ئاڵاهەڵگری خەبات دژ بە ڕژیمی ئیسلامی دەزانن و لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی کەیهانی چاپی لەندەن کە ڕووداوەکانی دادگای کەم و زۆر بە تاقەوە ناوە و لەبیری بردۆتەوە. موجاهیدینی خەلق لە ڕۆژی ١٥ ی دیسامبردا کۆنفەرانسێکی چاپەمەنییان لە بەرلین خستەڕێ و بەرواڵەت ویستیان بێدەنگییەکانی خۆیان لەمەڕ کاری دادگا تا ڕادەیەك قەرەبوو بکەنەوە[٢٤٦]".

لێرەوە تێکگیران لەگەڵ موجاهیدین دەستی پێکرد و لە دوو ژمارە دواتری ڕۆژنامەی "کار" (ی ئەکسەرییەت) دا، وتارێك لەمەڕ شێواندنە چەواشەکەرەکانی موجاهیدین[٢٤٧] چاپ کرا. ناڕەزایی سەرەکی لەمەڕ کاری موجاهیدین ئەوە بوو کە بۆچی دەستکاریی قسەی شایەدەکانیان کردوە و بابەتەکانیان بەخواستی خۆیان و بەئامانجی هێرش کردنە سەر "ئێمە" شێواندوە. کار (ی ئەکسەرییەت) ڕاستی دەکرد، ئەوەی موجاهیدین کردبوویان ڕاست ئەو کارە بوو کە ئەکسەرییەتیش لەمەڕ هەواڵە کورتەکانی دادگا دەیکرد. بۆ نموونە، تەنانەت پێش دەستپێکردنی ئەم کێشە و هەرایە و تەنانەت پێش ئاماژە کردن بە بێ بایەخ گرتنی دادگا لەلایەن موجاهیدینەوە، ئەکسەرییەت هەواڵێکی کورتی لەمەڕ دادگا بڵاو کردەوە:

"لەدانیشتنی دەهەمدا... شوهرەی بەدیعی هاوسەری شەهید نووری چووە شوێنی شایەدەکان... ناوبراو لە وەڵامی پرسیاری سەرۆکی دادگا لەمەڕ چۆنیەتی بانگەواز و ڕێکخستنی دانیشتنەکەی میکۆنۆس گوتی: ئەم دانیشتنە بە ڕەزامەندی و خواستی شەرەفکەندی و ڕێکخستنی نووری دیهکوردی هاتە پێکهاتن[٢٤٨] ".

لە کاتێکدا خۆیان و دادگاش دەیانزانی و خانمی بەدیعیش لە دادگادا شایەدی دا کە ئاگاداری بانگهێشتنی میکۆنۆس نەبوە و تەنیا دواتر پێی زانیوە و

[٢٤٦] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٤، ٢٣ی دیسامبری ١٣٩٣ – ١٣٧٢/١٠/١
[٢٤٧] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٦، ٢٦ی ژانویەی ١٣٩٤ – ١٣٧٢/١١/٦
[٢٤٨] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٣، ٨ی دیسامبری ١٣٩٣ – ١٣٧٢/٩/١٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەشڵێت دوای رووداوەکە بیستوونی. جگە لەوانە، ناوبراو هەرگیز باسی رەزامەندی و خواستی شەرەفکەندی نەکرد و نەشیدەتوانی باسی لێوە بکات. بەگوێرەی شایەدییەکانی، ناوبراو هەرگیز شەرەفکەندیی لە بەرلین نەبینیبوو. لەمەڕ دەوری دیهکوردیش گوتی من و دیهکوردی لەو ماوەیەدا زۆر کەم یەکترمان بینی و بەگشتی باسمان لەو مەسەلەیە هەر نەکرد. بۆ ئەکسەرییەت کارێکی بەحەق و ئیجازە پێدراو بوو کە قسەی کەسێك بە مەیل و خواستی خۆی بگۆڕێت کە ئەو کەسە لە بارودۆخێکی دژواردا بێت. ئەوان پێکهاتنی دانیشتنەکانیان دەخستە گەردنی شەرەفکەندی و دەست پێشخەریی بانگهێشتنەکەیان لە زمان هاوسەری دیهکوردییەوە دەدایە ئەستۆی ئەو، بۆ ئەوەی دەستی ئەندامانی دانیشتنەکە بشۆنەوە. بەڵام کاتێ کە موجاهیدین کارێکی هاوچەشنی ئەوانیان کرد، هاواریان بەرز بووەوە کە "موسوڵمانی نەما."!
لە هەمان ژمارەی رۆژنامەکە [ی ئەکسەرییەت] دا ئاماژە بە چەند شایەدییەك کراوە و کەم و زۆر هەموو شایەدییەکانی "حەسەنی جەعفەری" یان بەتەواوەتی بڵاو کردەوە و شێوازی گەلێك ئاسایی ناوبراویان بۆ هەڵاتن لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەرۆکی دادگا سەبارەت بە جاسووس، بەتەواوەتی بڵاوکردەوە لەکاتێکدا ناوبراو هیچی لەسەر مەسەلە پێوەندارەکانی رووداوی میکۆنۆس نەگوت. کاتێ کێشەکە گەورە بووەوە، ئیتر بەکردەوە مەسەلە بوو بەوەی کە ئێمە بووین بەهۆی گیرانی دارابی لەلایەن داواکاریی گشتییەوە و ئێوە هیچ نەبوون. بەگشتی کارەکەیان گەیاندە رادەیەکی وەها نزم کە تەنانەت باس لێوەکردنیشیان دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی کات[٢٤٩] .

بۆ "جمهوریخواهان ملی" رووداوی میکۆنۆس هەر لە سەرەتاوە ژانەسەرێك بوو کە پێیان باشتر بوو لەمەڕ هەموو رووداوەکە بێدەنگی رەچاو بکەن. ئەوەی کە رۆژانە لە دادگادا دەهاتە گۆڕێ روونتر لەوە بوو کە بتوانن لەژێر سێبەریدا جارێکی تر باسی هەڵبژاردنی ئازاد بەدەست جینایەتکارەکان [ی رژیم] ەوە

[٢٤٩] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٠٤، ١٥ی مارسی ١٣٩٥ – ١٣٧٣/١٢/٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەن. بوونی دادگایەك کە رۆژ بەرۆژ لەدرێژەی لێکۆڵینەوەکانیدا لەوە نزیك دەبووەوە رای بگەیێنێت کە رژیمی ئێران سیستەمێکی جینایەتکارە، لە بەرژەوەندیی سیاسەتەکانی ئەواندا نەبوو و تەنیا دەیتوانی "ئاشتی نەتەوایەتی" ئەوان تێك بدات. بەڵام مەسەلەکە لەوە گەرمتر و تێکگیرانی ئەوان لە رووداوی میکۆنۆس لەوە زیاتر بوو کە بتوانن بێدەنگ بمێننەوە یاخود بە دەرکردنی راگەیاندنێك کۆتایی بە کێشەیەك بێنن کە تێیدا تێرۆریان "لە هەر لایەکەوە بێت" مەحکووم کردبوو. بەتایبەت کە لە هەموو لایەکەوە، لەبەر هەر هۆکارێك و تەنانەت بێهوودەش بووبێت، پرسیاریان ئاراستە دەکردن. لە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەدا، جمهوریخواهان ملی خۆیان خزاندە پشت پەردەوە.

هەر لە سەرەتا و لەو کاتەوە کە یەکەمین ژمارەی بڵاوکراوەکەی "جمهوریخواهان ملی" دوابەدوای تێرۆرەکە دەرچوو، بابەتی سەرەکی بۆ ئەوان "رووداوەکانی پشتی پەردە" بوو. ئەوان بەوپەڕی نەزانی و خۆش خەیاڵییەوە کەوتبوونە ناو کێشەیەکەوە کە رژیمی بەتەواوەتی و بەبێ واسیتە و چاوبەستن و بەبێ فێڵ و تەڵەکەی شەرح کردنی ئەم باڵ و روونکردنەوەی ئەو باڵ، خستبوە بەرچاوان. بەڵام ئەوان بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەکە چووبوونە سۆراغی "پشتی پەردە" و ئەوەش تاقەشوێنێك بوو کە دەیانناسی.

بەهۆی باس کردن لەو رووداوانەی لەپشت پەردە روویان دابوو، لە پلەی یەکەمدا دەبوایە بەخۆیان و پاشان بە خەڵکی دیکەیان ئیسبات بکردایە کە لە هەموو شت ئاگادارن، بەڵام لەبەر ئەوەی پشت پەردە هیچی لێ نەبوو کە رژیم لە پێش پەردە دەری نەخستبێت، ئەم قسە و ئەو قسەی پۆلیسیان بەشتی پشت پەردە دانا و قەرەبووی بێ خەبەری خۆیان پێدەکردەوە. ئەو راپۆرتانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پۆلیس و ڕێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمانیا کە هەمووی ئاشکرا ببوون، بەناوی "ئەسراری پشت پەردە" وە دەدایە دەرخواردی خەڵك[٢٥٠] .

جگە لەو ڕوونکردنەوانە، گەرمترین بابەت بۆ ئەوان پاك کردنی حیسابیان بوو لەگەڵ موجاهیدین [ی خەلق]. لەماوەی زیاد لە سێ ساڵ کاری دادگادا، جمهوریخواهانی ملی تەنیا توانیبوویان ٣٢ لاپەڕە بابەت بڵاو بکەنەوە.[٢٥١] بەڵام ئەوەیان بۆ گونجاوبوو کە ٤ لاپەڕەی تایبەت بە شەڕ و کێشەیان لەگەڵ موجاهیدین بکەن. هۆی سەرەکی ئەو کێشە و هەرایەش جیاوازی سیاسی و ڕوانگەیی دوو ڕێکخراوەکە بوو. دامەزراندنی باسی کێشە و جیاوازی لەسەر ڕووداوێکی تایبەت، یارمەتی زیاتری ئەوەی دەدا کە بنەما هاوبەشەکانی بیروڕا و ڕەهەندی فیکری ئەو "دیموکرات" و "نادیموکرات" انە ڕوون ببنەوە.

بۆ ئەو "زانا"یانە، هەموو ڕووداوە پشتی پەردەکانی میکۆنۆس، کەرەسەیەك بوو لە خزمەت هەڵوێست گرتنی سیاسیدا. هەر بۆیەش "کۆماری ئیسلامی ئێران" یان هێنایە ڕادەی "ڕژیمی ویلایەتی فەقیە" و خەبات لەگەڵ "وەلی فەقیە" بۆیان بوو بە خاڵی ناوەندی دادگای میکۆنۆس.

بۆ "حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران" دادگا کاتێ گرنگایەتی پەیدا کرد کە "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژی تیرۆر لە بەرلین" کەوتە کێشە لەگەڵ موجاهیدین[ی خەلق] ەوە. لەماوەی دادگادا، بڵاوکراوەی "راه ئزادی" ی حزب چەند جارێك هەواڵی میکۆنۆسی بڵاو کردەوە و لەوانە وتارێك بوو دژ بە موجاهیدین و وت و وێژێك لەگەڵ چالاکانی کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژ بە تیرۆر لە بەرلین بۆ وەڵامدانەوەی موجاهیدین. دوای کۆتایی هاتنی دادگاکەش کە تەنانەت لە ئێرانیش باسی میکۆنۆس دامەزرا بوو

---

[٢٥٠] نهێنییەکانی پشت پەردەی تیرۆری بەرلین؛ مانگنامەی جمهوری خواهان؛ ژمارە ٥٣، فەروەردین – ئوردیبیهێشتی ١٣٧٣ – ئاوریلی ١٩٩٤ و بەڵگەی نهێنی ئیدارەی کوللی پارێزگاری لە یاسای بنەڕەتی...' هەمان شوێن. نە لەو وتارەدا ئەسراڕێك هەبوو نە لەو بەڵگەنامە نهێنییەدا.

[٢٥١] ژمارە ٥٤ تا ٥٧؛ لە ژمارە ٥٧ دا هۆکاری "دواکەوتن و ڕێك وپێك نەبوون" ی بڵاڤۆکەکەی خۆیان نووسی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بووبوە مەسەلەیەکی گەرم، ئەوان بۆ ئەوەی لە کاروان بەجێ نەمێنن چەند لاپەڕەیەکیان باسی خەباتی خۆیان کرد.

حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران هەوڵی دا ئەوەندەی بۆیان بگونجێت خۆ لە رووداوی میکۆنۆس و دادگاکەی دوور نیشان بدەن و ئەو بیرە لەناو خەڵکدا دروست بکەن کە ئەمان تەنیا لەرێگەی رۆژنامەکانەوە ئاگاداری رووداوەکە بوونەتەوە و تەنانەت لە گێڕانەوەی قسەکانی ئەندامانی حزبیشدا هەر ئەو دەورەەیان بینی:

> "ئێمە لە خوارەوە ... دەقی بەخێرایی نووسراوی وت و ویژەکانی دادگا، وەك خۆی دەنووسینەوە ـ دەقێك کە بەرپرسانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کومیتەی دژی تێرۆر لە پاریس پێیان داوین و لەبەر ئەو دەقەوە، هەموو قسەکانی فەرهاد فەرجاد... بڵاو دەکەینەوە[٢٥٢] ".

فەرهاد فەرجاد، خۆی ئەندامی دانیشتنی هەماهەنگی، ئەندامی کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژی تێرۆر لە بەرلین بوو و خۆی لە دادگادا شایەدی دابوو، بەڵام قسەکانی خۆی لەبەر دەقی خێرانووسراوی کومیتەی پاریس و حزبی دیموکرات گێڕاوەتەوە کە هیچکامیان نە لە بەرلین بوون و نە هەواڵنێریکیشیان دەنارده دادگا.

بۆ حزب [ی دیموکراتیکی گەلی ئێران] دادگاکە بیانوویەك بوو بۆ درێژەی کێشە و هەراکەی لەگەڵ موجاهیدین لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە بۆ شێواندنی مەسەلەی پێوەندیدار بە دانیشتنی هەماهەنگییەوە. ئەوە دەسپێکی وت و ویژەکانیانە:

> "دادگای میکۆنۆس لە چاپەمەنییەکانی دەرەوەی وڵاتیشدا رەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی هەبوو. بەڵام مخابن هەندێ جار بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆن لەجیاتی بەشداری کردنی چالاکانە لەو خەباتە سەرەکییە

---

[٢٥٢] وەڵام بە بلاڤۆکی موجاهید؛ بۆچی موجاهیدین خۆڵ دەکەنە چاوی حەقیقەتەوە؛ راه آزادی؛ ژمارە ٣٥/٣٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دژ بە کۆماری ئیسلامی، کەڵکیان لەو دەرەتانە وەرگرت بۆ لێدان، بێ بایەخ کردن و دژایەتی لەگەڵ نەیارانی خۆیان لە ئۆپۆزیسیۆن" [و هتد و هتد].

وت و وێژەکان خۆشیان هیچ شتێك نەبوون جگە لەوەی کەرەسەیەك بن بۆ لێدان، بێ بایەخ کردن و دژایەتی نواندن بەنیسبەت ناحەزەکانیانەوە و ئەوەش تاقە بابەتگەلێکن کە ئەوان تا کۆتایی دادگاکە [لەسەر کێشەکەیان] نووسی.

لەماوەی دادگادا، ئەو چالاکییە بە نووسینانە نەبێت حزب، [ی دیموکراتیکی گەلی ئێران] چالاکیی جیددی و بەرچاوی زارەکیشیان هەبوو. ئەوان سەبارەت بە هەموو ئەو کەسانەی وا لەبەر هەر هۆیەك لە هۆیەکان سەرنجیان بەرەو دادگا رادەکشا و بۆ بەرژەوەندیی ئەندامانی دانیشتنی هەماهەنگی کەڵکیان لێ وەرنەدەگرت، دەیانگوت لە دەوڵەتی ئاڵمانیا پارە وەردەگرن. ئەم خەباتە زارەکییەش ئەوەندەی توانیان درێژەیان پێدا. بەم شێوەیە، نەك هەر هەوڵیان دا ئەوەندەی دەکرێت دادگا نەکەوێتە بەر سەرنج، بەڵکوو بەهۆی بڵاوکردنەوەی قسەی ژەهراوییەوە هەوڵیاندا بەرگری لە سەرنجی خەڵکانی تریش بکەن. ئەوەش نەبوە بەرگرێك بۆ ئەوەی بنووسن:

"بەداخەوە وا دەردەکەوێت کە ئۆپۆزیسیۆن دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵانەش هێشتا بەو شێواز و ئوسلووبە لەگەڵ ناحەزەکانی خۆیان رووبەڕوو دەبنەوە. ئەگەر ئێمە ئەمرۆکە نەتوانین فەزایەکی سەلامەت، هەڵوێستێکی رەخنەگرانە لەسەر بنەمای راستەقینەکان و هەروەها هەڵس و کەوت و ئەخلاقێکی مرۆڤانە بخوڵقێنین... ئەوەی کە لەم میانەیەدا زیاتر جێگەی داخە، شێوەی رووبەڕووی بوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن...لەناو خۆیان دایە[٢٥٣] ".

ئینجا راست لە بارودۆخێکدا کە دادگای میکۆنۆس بەڕێوە دەبرا، دیسانەکە "لەپێناو خەباتی بنەڕەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی" هەلیان بۆ هێرش کردنە سەر

[٢٥٣] هەمان شوێن

حزبی دیموکراتی کوردستان [ی ئێران] بەباش زانی. حزبی دیموکراتیش وەڵامی دایەوە:

"لەم مانگانەی دواییدا هێرشی تەبلیغاتی دژ بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران [پەرەی سەندوە]... حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران [بۆ ئەوەی] لە کاروانی کێ بەرکێی بەدوێژی بە حزبی دیموکرات دوا نەکەوێت... بەم شێوەیە حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران بۆ دەربڕینی چەشنە هاودەردییەك لەگەڵ هێزەکانی ڕژیم ،کە لەم تێکگیرانەدا زیانیان بینیوە، دەیەوێت بەئێمەش و بەهەموان بسەلمێنێت کە هۆکار بۆ گرژبوونەوەی کاری سەرکوت کردنی ئازادی لەلایەن بەکرێگیراوانی ئیرتیجاعەوە، بەربەرەکانی چەکدارانەی حزبی دیموکراتی کوردستانە ".[254]

لەئەنجامدا و دوای کۆتایی هاتنی کاری دادگا، حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران سەرنجی دایە دادگا و کاتێ کە سەرکەوتنەکان دابەش دەکرا، ئەم حزبەش هات بۆ ئەوەی بەشی خۆی بەرێت. گەرچی ئەمجارەش بۆ دەرخستنی فاسیلەی خۆیان [لە ڕووداوەکان]، وایان بەباش زانی هەمیشە نەك بەناوی خۆیانەوە بەڵکوو بەناوی "مجمع ایرانیان ئ‌زادیخواه برلن" ەوە قسە بکەن. دوای کۆتایی هاتن بە دادگا و دەرچوونی قەرارەکەش بەراست نووسییان و ئەوەش تاقە خاڵێکی ڕاست بوو کە نووسیبوویان:

"بەربڵاویی بێهێزکەر، پاوانخوازی و سێکتاریزم کە بەسەر بەشەکانی جیاجیای ئۆپۆزیسیۆندا زاڵە، ئیجازەی ئەوەی نەدا کەڵك لەو دەرەتانە خوڵقاوە بۆ بێهێزکردنی حکوومەت و هێنانە گۆڕی جێگرێکی دیموکراتیك لە ئێران وەربگیرێت."[255]

---

[254] کوردستان، ژمارە ٢٠٥، مانگی دەی ١٣٧٢

[255] بۆئەوەی میکۆنۆسێکی دیکەش دووپات نەبێتەوە؛ ڕاه آزادی؛ ژمارە ٥١؛ ئوردیبیهێشتی ١٣٧٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو لاپەڕە دواتریش بۆ ئەوەی لووتکەی سیکتاریزم دەربخەن، لە [وتاری] "لە پەراوێزی دادگادا ـراپۆرتێك لەمەڕ خۆپێشاندانی بەردەم دادگا لەکاتی دەرچوونی قەرار" بەم شێوەیە درێژەیان [بە بۆچوونەکانیان] دا:

"وا لەگەڵ چەند کەسێکدا... بەرەو شوێنی بانگەوازەکەی "جامعه ایرانیان ئازادیخواه" دەچین... لە ناوەڕاستی جادەکە، موجاهیدین بە لافیتە... و دروشمی "رەجەویـئێران" ەوە... گوێمان ئازار دەدەن... ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی مەشرووتەخوازان [مەشرووتەخوازەکان خۆیان نا]، دروشمی بژی شا و رەزاشا دەدەن... لەو ناوەشدا تاقمێك لە برادەرانی کورد لێمان نزیك دەبنەوە... لەماوەیەکی کورتدا کۆیەکەمان گەورەتر دەبێتەوە... تاقمێك لە لایەنگرانی چەپی رادیکال بە دروشمی خۆیانەوە لەگەڵمان دەکەون[٢٥٦] ".

رێکخراوەی فیدائیانی خەلقی ئێران (ئەکسەرییەت) بەهۆی شوێنایەتییەوە لەناو ئۆپۆزیسیۆندا ـ کە لاقێکی لەلای "چەپ" و لاقێکیشی لای "راست" ە، هەم بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنە و هەم بەردەوام لایەنگرێ "باڵێك" لە رژیم [ی ئێران]. رێکخراوەکە توانی کۆی هەموو بەراوەژوو تێگەیشتن، هەڵە و کەم و کورتیەکانی بەشەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەمەڕ دادگای میکۆنۆس، پێکەوە لەگەڵ یەك نومایش بکات. لە رێگەی ناسینی ئەوپەڕی ناتەواویی ئەوانەوە، باشتر دەکرێت ناتەواویی تایبەت بە رێکخراوەکانی تر بناسرێتەوە. گەرچی ئەکسەرییەت تایبەتمەندیی خۆیشی هەبوو کە لە بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆندا نەدەبینرا. وردبوونەوەی زیاتر لە روانگەکانی ئەو رێکخراوەیە لەمەڕ دادگای میکۆنۆس بەهۆی گرنگایەتی خودی روانگەکان نییە بەڵکوو بۆ یارمەتی وەرگرتنە لەمەڕ بەراوەژوو تێگەیشتنی بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن.

رێکخراوەی فیدائیانی خەلقی ئێران (ئەکسەرییەت) بەهۆی ئەو راستییەوە کە دوو کەس لە ئەندامەکانی سەرەوەی لە کاتی تێرۆردا لەوێ ئامادە بوون و

---

[٢٥٦] فەرجاد، فەرهاد؛ ئوپۆزیسیۆن لە بەرانبەر ڕێبازێکی نوێدا؛ هەمان شوێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند کەسێکیشیان بۆ دانیشتنەکە بانگهێشتن کرابوون، هەروەها بەهۆی ئەو راستیەوە کە لە عەینی کاتدا لایان وا بوو و دەیانەویست بەخەڵکیشی بسەلمێنن کە چالاکییەکی گرنگیان لە مەسەلەی گیرانی قاتڵەکان و وەگیرخستنی رژیم لەکێشەی تێرۆرەکەدا نواندوە، زیاتریان لەسەر میکۆنۆس نووسی و شیکردنەوەی زیاتریان خستە بەردەست. لەماوەی دادگادا، سەرجەم ٨٥ ژمارە لە [رۆژنامەی] کار (ی ئەکسەرییەت) بڵاو بووەوە کە لە ٣١ ژمارەیاندا زیاد لە ٣٩ بابەت [لە هەواڵی کورتەوە بگرە تا راپۆرتێکی یەك لاپەڕەیی] سەبارەت بە دادگا چاپ کرا. هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەکان بەشی زۆری ئەو بابەتانە پێك دەهێنن.

بەرچاوترین بابەت، لە روانگەی ئەکسەرییەتدا بەنیسبەت دادگا، بریتییە لە گرنگایەتی بەرچاوی کێشە ئیتیلاعاتیەکان و رێکخراوە ئیتیلاعاتیەکان. لە هەموو ٣٩ بابەتە چاپکراوەکەی کار (ی ئەکسەرییەت) سەبارەت بە دادگا و لەو ماوەیەدا، هیچ هەواڵ و راپۆرتێك نییە کە لای کەم جارێك ناوی رێکخراوەیەکی زانیاریی یا سێبەری یەك لەوان نەبرابێت. لە هەر هەنگاوێکدا کە رێکخراوەکە هەڵی دێنێتەوە، ئەوە رێکخراوە جاسووسییەکانن کە کارەکان بەرێوە دەبەن و دادگاش هیچ نییە جگە لە شانۆی شەڕی ئەو هێزانە.

دادگا تازە دەستی بە کار کردبوو، کە دوو مەئمووری رێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمانیان ناسی و ئاشکرایان کرد:

> "لە دوو پارێزەری حکوومی یۆسف ئەمین، یەکیان ئەندامی BND رێکخراوەی جاسووسی ئاڵمانیا و ئەوی تریان ئەندامی رێکخراوەی ئاسایشی وڵاتن و لە دیاری کردنی ئاراستەی قسەکانی ئەودا دەوری دیاریان هەیە[٢٥٧] ".

---

[٢٥٧] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٢، نۆڤەمبری ١٩٩٣؛ ل. ٣؛ بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا؛ بەشی ٣- تۆمەتباران لە دادگا، ب- ئەمین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بونگارت ـ یەك لە دوو پارێزەرەکەی ئەمین، دوای ماوەیەك ئەمینی وەك "کەرەسەی فناتیکی دەستی رژیمی جینایەتکاری تاران" ناو برد و رایگەیاند کە ناتوانێ درێژە بە کاری پارێزەری ئەو بدات[٢٥٨].

پاش ماوەی دوو ساڵ هەوڵی داواکاریی گشتی، مەسەلەی قەراری دەست بەسەرکرانی فەلاحیان هاتەگۆڕێ و ماوەیەك دواتر، ...لە مانگی مارسی ١٩٩٦ دا... ئەم قەرارە لەلایەن داوەری دیوانی بەرزی وڵات ـ دکتۆر "ولست" ەوە دەرچوو. ئەکسەرییەت هەمیسان لە زاویەی رێکخراوە زانیارییەکانەوە **[**روانی و**]** نووسی:

"ئەوەی جێگەی دڵنیایی بێت ئەوەیە کە بەڵگەنامە و نیشانە لەمەڕ دەست هەبوونی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری میکۆنۆسدا، ماوەیەکی زۆرە کەوتۆتە بەردەستی مەقاماتی قەزایی ئاڵمانیا. داواکاری کوللی ئاڵمانیا دەیتوانی ماوەیەك دوای رووداوی میکۆنۆس بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی وا تەنانەت پێش تێرۆری بەرلین گەیشتبوە سەرڤیسە ئاسایشەکانی رۆژئاوا، هەر ئەو کارە بکات وائێستا رایگەیاندوە. بەڵام ئەم کارە سەرەرای داواکاریی زۆری بزووتنەوەی خەبات لەگەڵ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و نیشانەگەلی ئاشکرای بەردەست دادگای بەرلین، بەهۆی گوشاری دەوڵەتی "هیلمۆت کۆهل" ەوە بەڕێوە نەچوو[٢٥٩] ".

١. **[**کەوابوو**]** هەموو لێکۆڵینەوەکانی داواکاریی گشتی و دادگا بۆ ئەوە بوو بگەنە خاڵێك کە ئەکسەرییەت لای وایە لە سەرەتاوە دەیانزانی.

٢. تەنانەت ئەگەر ئەو زانیارییانەی وا بەدەستی داواکاری گشتییەوە بوون بە شێوازێکی یاسایی نەکەوتبێتە بەردەست، ئیتر داواکاری گشتی نەیدەتوانی لەسەر بنەمای ئەوان هیچ کارێك بکات.

٢٥٨ بڕوانە فەسڵی سێهەم: دادگا؛ بەشی ٣- تۆمەتباران لە دادگا

٢٥٩ کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٢٣، ٢٠ ی دیسامبری ١٩٩٥ — ٢٩ ی ئازەری ١٣٧٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣. ئەو زانیارییانەی وا ڕێکخراوە ئاسایشەکانی ڕۆژئاوا هەیانە، هیچ پێوەندییەکیان بە داواکاریی گشتی ئاڵمانیاوە نیە و پێشیان نادرێت. داواکاریی گشتی نە بەشێکە لە دائیرەی ئیتیلاعات و نە سەرۆکایەتی ئەوان دەکات. مەیدانی عەمەلیاتی ئەو ڕێکخراوانە بە چەشنێکی دیاریکراو و بەگوێرەی تەعریفی ورد، لە یەکتر جیاوازە.

٤. شاهیدانی گومان هەڵنەگری "موحاکەمەی بەرلین"، زوربەی هەرە زۆری، لەلایەن خودی داواکاریی گشتییەوە ئامادە کرابوون.

٥. داواکاریی گشتی نەیدەتوانی پێشتر کەڵك لەو بەڵگەنامانە ببینێت کە لە "موحاکەمە کەوتبوە دەستی."

٦. "بزوتنەوەی خەبات دژ بە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی" هیچ ڕاستیەکی دەرەوەیی و ناسراوی نەبوو، نە بۆ داواکاریی گشتی و نە بۆ هیچ کەسێکی‌تر.

دادگا بە ئاشکرا لەبەرچاوی هەموان و لەبەرچاوی ئەکسەرییەتیش بوو، بەڵام هەڵس و کەوتەکەی "دوور لە تێگەیشتن" بوو، لەگەڵ سیستەمی چەمکەکان یاخود لەگەڵ مەنتیقدا یەکی نەدەگرتەوە، پێوەندە ناوەکی و لاوەکییەکان و یاساکانی نەناسرابوون، [بەم پێیە]، چارەیەك نەبوو جگە لەوەی کەڵك لە هێزێکی وا وەربگیرایە کە بۆ تێگەیشتن ببوایە (وەك ڕۆح، جندۆکە یان شەیتان) و لەم ڕێگەیەوە هەڵس و کەوتی ببوایەتە جێگەی تێگەیشتن. جا، هێزەکە کە دۆزرایەوە کرایە جێگر بۆ یاساکانی دادگا. هەر کەس لە شتێکدا بۆئەو هێزە ژوورەسەرە و ئەو جندۆکەیە دەگەڕا و هەر لەویشدا دەیدۆزییەوە. ئەوەی کە جمهوریخواهان ملی لە "پشت پەردە" دا دۆزیانەوە، بۆ فیدائیانی ئەقەلییەت بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمپریالیزم؛ بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، باڵەکانی بورژوازی و بۆ ئەکسەرییەتیش هێزەکە بریتی بوو لە "ڕێکخراوە زانیارییەکان"، دادگای میکۆنۆس و ئەوەی لە ناویدا ڕادەبرا تەنیا لەم زاویەوە دەهاتە تێگەیشتن.

بێگومان ڕێکخراوەی زانیاری هەبوون، کاریان دەکرد و شوێنیان دادەنا. ئەوە ئەرکی ئەو ڕێکخراوانەیە کە مەئموور بنێرنە ئێرە و ئەوێ و خەڵك بخەنە بەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەدێری، گوێ بدەنە تەلەفۆن، لە نووسراوە و بەڵگەنامەی ڕێکخراوە و دەوڵەتان و کۆمپانی و هەرچی بەرعەقڵیان بکەوێت بکۆڵنەوە، زانیاری گردوکۆ بکەن و لەکاتی خۆیدا کردەوە بنوێنن. بەپێچەوانەی ئێران ـکە ئەم کارە میکانیزمێکی ساکاری هەیە و بریتییە لە فەوتاندنی نەیاران، لە "ڕۆژئاوا" میکانیزمەکە ئاڵۆزترە. ئەم ڕێکخراوانە لەکاتی خۆیدا زانیاریی بەوردیی هەڵبژێرراو ـ ڕاست بێت یان هەڵە، دەخەنە بەرچاو بۆ ئەوەی توانا و لە هەموو شوێن ئامادە بوونی خۆیان بنوێنن. ئەو شێوازە سوودی بەکردەوەی هەیە ـ هەم لەناوخۆ و دەرەوەی ڕێکخراوەکە و هەم لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات ـ کە لە پلەی یەکەمدا بێ بایەخ کردنی نەیارانە. دانەپاڵی ئەم هەواڵ و ئەو هەواڵ بە ئەم کەس یا ئەو ڕێکخراوەی ئیتیلاعاتی باشترین شێوازی ئەو فێڵبازییانەیە. ئەم شێوازەی دوایی، بەتایبەت بۆ "ئێمە" کە هەموو کات بەشوێن دەستێکی نادیارەوەین سەرنج ڕاکێشییەکی تایبەتی هەیە و زۆریش شوێندانەرە. دەوڵەتی ئێران ئەم خاڵەی لە باشترین شێوازی خۆیدا بەکارهێنا و هەر لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە باسی مووساد و سیای هێنایە گۆڕێ. وتەبێژانی باڵی ڕاست لە ئاڵمانیا (لەوانە، "فرانکفۆرتر ئەلگمانیە" و "دیوۆڵت") زیاترین خۆراکیان بۆ ئەو چەشنە ڕوانینە ئامادە کرد. بۆ ئەکسەرییەتیش مەسەلەکە زۆر جیا لەوان نەبوو.

ئەگەر ڕێکخراوە ئیتیلاعاتییەکان بن،کە بەڵگە و دەستاویژ بۆ دادگا پێك دەهێنن و ئاراستەیان دەکەن و مەلەسەکەش ئاوها ڕوون و ئاشکرایە، کەوابوو دەوڵەتی ئێرانیش مافی خۆیەتی لە پڕ و پاگەندەکانیدا جاڕ لێبدات و بڵێ دادگای میکۆنۆس کەرەسەی دەست و کلکی ڕێکخراوە زانیارییەکانە و هەر کاتێکیش بیانەوێت بەڵگەیەك کە بەسەلاحی خۆیانی بزانن دەیدەنە دادگا و بەم شێوەیە ڕێبازی بۆ دەستنیشان دەکەن. دادگای سەربەخۆ (کە بەرواڵەت بۆ "ئێمە" دوور لە تێگەیشتنە)، لە باشترین حاڵەتی خۆیدا هیچ نییە جگە لە داوەریی کردنی ئەو بەڵگەنامە و قسانەی کە ڕێکخراوە زانیارییەکان دەیخەنە بەردەست.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەکسەرییەت زیاد لە هەر لایەنێکی سیاسی تر، لەسەر ئەو هێلە فیکرییەوە وەستابوو. لە هەر قوژبنێك و هەر شوێنێك لە زمانی هەر کەسێکەوە، قسەیەکی بیست یاخود خوێندیەوە کە پێوەندی بە رێکخراوە ئیتیلاعاتیەکانەوە هەبوو، رایگوێست و شی کردەوە. بەڵام لە حەق نەگوزەرێین لەم بارەیەوە هیچیان لەلایەن خۆیانەوە نەگوت. تەنانەت لەو شوێنەشدا کە راستەوخۆ مەسەلەی حاسووسی نێو ئۆپۆزیسیۆنیان هێنایە گۆڕێ ـ و لای کەم یەك جاسووس لە دانیشتنی میکۆنۆسدا ئامادە بوو. ئەو کاتەش وا لە دادگادا وەك شایەد پرسیاریان لێکرا، سەبارەت بە مەسەلەکە خۆی، هیچیان نەگوت و لە رێکخراوە زانیارییەکان دوان:

> "لە حەسەن جەعفەری پرسیار کرا کە لە پێوەندی تێرۆری بەرلیندا گومانی لە کێ هەیە؟ ئەو وەڵامی دایەوە: لە وڵاتێکدا کە بەرپرسەکانی، مەئموورانی ئاسایشی ئێران رادەهێنن چاوەڕوانن من گومان لەوانە بکەم وا لەناو رەستورانەکەدا بوون یا نەبوون؟"[٢٦٠]

ئەکسەرییەت رێکخراوەیەکی سیاسییە نەك زانیاری و هەر بۆیەش لەماوەی دادگادا سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام باسی رێکخراوە زانیارییەکان و هەواڵ و بەڵگەنامەیانی کرد، دەبوایە ئەوانەی بە زمانێکی سیاسی ئاراستە بکردایە. شێوەیەکی ساکاریش بۆ ئەم گۆڕانە هەبوو: رێکخراوە زانیارییەکان دەکرانە دەوڵەت و دەوڵەتەکانیش دەکرانە وڵات. رێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمانیا بوون بە دەوڵەتی ئاڵمانیا و پاشانیش بە بەرژەوەندییەکانی ئاڵمانیا و بەکورتی هەمووی بوون بە ئاڵمانیا. لە کەمتر شی کردنەوەیەکی ئەکسەرییەتدا هەیە کە سەبارەت بە دادگای میکۆنۆس دابێتی و جێگەی ئەم چەمکانە لەگەڵ یەکتر گۆڕابێتن. لە شکردنەوەکانی ئەواندا قاڵب و بیچمی نموونەیان بریتیە لەوە:

"سەرەتا... هەواڵێك دەدرێت و ئاماژە بەم یا ئەو رێکخراوەی زانیاری دەکرێت بەڵام بەعادەت روون نییە هەواڵەکە چ بایەخێکی هەیە. ئینجا لەو شیکردنەوە و

---

[٢٦٠] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٣، ٨ ی دیسامبری ١٩٩٣ – ١٧ ی ئازەری ١٣٧٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵسەنگاندنەی کە بەشوێنیدا دێت، ئەو قسەیە دەگوترێت وا دراوەتە پاڵ ڕێکخراوە زانیارییەکە و بە ویست و داخوازی دەوڵەتی پێوەندیدار دادەنرێت. پاشان باس لە بەرژەوەندیی دەوڵەتان و شوێن دانانیان لەسەر دادگا دەکرێت. هەندێ جاریش هەواڵەکە بەشێوەیەك دەگێڕیتەوە کە دەڵێی دوای نووسرانی هەڵسەنگاندنەکان نووسراوە بۆ ئەوەی هەواڵەکە بە شتێکی ڕاست دابنرێت، وەك:

"وەرچەرخانی ئەم دواییە لە سیاسەتی دادستانی ئاڵمانیا بێ پەیوەند نییە لەگەڵ تێکشکانی ئەم دواییەی دەوڵەت لە پەرلەمانی وڵات. پەرلەمانی فێدرالی ئاڵمانیا بەهۆی دەنگدان بە هەڵوەشانەوەی سەفەری "ویلایەتی" ـ وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ "بۆن"، لە ڕاستیدا دژایەتی خۆی لەگەڵ سیاسەتی "وت و وێژی ڕەخنەگرانە"ی دەوڵەتی ئاڵمانیا و یەکیەتی ئەورووپا لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند... ڕێبازی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانیا چیتر جێگەی پەسندی هەموو لایەنەکانی تاقمی حاکم لە ئاڵمانیا نییە. لەو بارودۆخە نوێییەدا، ڕاگەیاندنی دەسپێکی توێژینەوە قەزارییەکان دژ بە وەزیرێکی کۆماری ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتی ئاڵمانیاوە بەربەرەکانی کەمتری لەگەڵدا دەکرێت[٢٦١] ".

١. وەرچەرخانی سیاسەتی دەوڵەتی ئاڵمانیا وەك هەواڵێك ڕاگەیێنراوە، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی وا ڕووی نەداوە وەك شتی ڕووداو لە قەڵەم دراوە، جا بۆ ڕوونکردنەوەشی مەجبوورن وەرچەرخانێك لە سیاسەتی دەوڵەتی ئالمانیا بەنیسبەت ئێران بخوڵقێنن. لە سیاسەتی دەوڵەتی ئاڵمانیا بەنیسبەت ئێران تەنانەت تا کۆتایی هاتنی کاری دادگاش هیچ وەرچەرخانێك ڕووی نەدابوو.

٢. دەنگدانێکی دیاریکراوی پەرلەمانی ئاڵمانیا لەسەر خاڵێکی دیاریکراو ـ واتە داوخوازیی هەڵوەشانەوەی سەفەری ویلایەتی، بە مەسەلەیەکی تر ـ واتە وت و وێژی ڕەخنەگرانەوە نیسبەت دراوە.

[٢٦١] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٢٣، ٢٠ ی دیسامبری ١٩٩٥ — ٢٩ ی ئازەری ١٣٧٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣. لێکۆڵینەوە قەزاییەکان داواکاری گشتی دەیکات و پێوەندی بە بەربەرەکانی کردن یان نەکردنی دەوڵەتەوە نییە.
٤. ڕێبازی وەزارەتی دەرەوە هەرگیز لەلایەن هەموو مەحفیل و لایەنەکانی حاکم بەسەر ئاڵمانیاوە پەسند نەکرا و ئەوە بەروالەت بۆ ڕێکوپێك کردنی مەنتیقی کێشەکە [لەلایەن ئەکسەرییەتەوە] خولقێنراوە.

ئەم هەڵە و پەلانە، نەك هەر پێوەندیان بە ڕاستەقینەی ڕووداوەکانەوە نییە، بەڵکوو سیستەمێکی قەزایی جیددی [وەك ئاڵمانیا] لەگوێن سیستەمی کۆماری ئیسلامی بە خەڵك دەنوێنێت.

بڵاوکردنەوەی ئەو "هەواڵ" و شیکردنەوانە، ڕووبەڕووی هیچ چەشنە بەربەرەکانی و ناڕەزایی دەربڕینێك لەناوخۆی ڕێکخراوەکەدا نەبووەوە. هیچکەش "نە لەناوەوە و نە لە دەرەوە" ناڕەزاییەکی دەرنەبڕی کە ئایا دیموکراسی و حکوومەتی قانوون و هتد... هەر ئەمەیە؟ ئێمە ـ و ئێوە، کە ئەو هەموە باسی دیموکراسی و حکوومەتی قانوون دەکەین، تەنیا بەشوێن ئەوەوەین کە پێمان نیشان دەدرێت؟

لەبەر ئەوەی دادڕەسی دەکرێ وا ببینرێت و ئاواش شی بکرێتەوە، کەوابوو، ئەوەی کە لە دادگا خۆیدا ڕادەبرێت، گرنگایەتی نییە، بابەتێکی "جاڕزکەر" ە و خۆ پێوە خەریك کردنیشی"کات بەفیڕۆدانە. دادگا تەنیا نیشاندەری ئەو شتەیە کە ڕێکخراوە زانیارییەکان دەیانەوێت و ئەگەر ئێمە ئەو شتە بناسین و لێی تێ بگەین، ئەوا شوێنی دەرکەوتن و چەشنایەتییان هەموو بەهاسانی تێدەگەین. ئەگەر ئێمە لەو کەسانەی وا سەرەپەتیان بەدەستە بکۆڵینەوە و بەرژەوەندییەکان ببینین و هەڵیانسەنگێنین، ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك یاریی ئەوانەی وا یارییەکە دەگێڕن ڕوون دەبێتەوە.

بەم شێوەیە، ئەکسەرییەت خۆی لەو شتانە غافڵ کرد کە ڕاستەقینە بوون و هەستیان پێدەکرا یاخود دەکرا وابن. لەڕێگەی ئەو دوور کەوتنەوەیەی ئەکسەرییەت لە ڕاستەقینە، خودی ڕاستەقینەکەی وا بەدەست لێکۆڵینەوەوە بوو لەبەرچاو کەوت. ئەکسەرییەت لە هیچ قۆناغێکدا هەرگیز هەوڵی نەدا لەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راستەقینەیەی وا لە دادگادا رووی دەدا ئاگادار بێتەوە و رایبگەیێنێت و لە هەر کوێیەك کە توانای هەڵسەنگاندنی بۆ نەبوو، پەنای بردە بەر ئەو هێزانەی وا "لە جیهاندا نین" یاخود لە شتی وەك وەرچەرخان لە سیاسەتی وڵات و بابەتی ئەوتۆ دوا و رۆژێك دواتر هەر ئەو وەرچەرخانەی لەبیر کرد. لە ماوەیەکدا کە دادگای میکۆنۆس بەڕێوە دەچوو، سیاسەتی ئاڵمانیا لە پێوەندی کۆماری ئیسلامیدا ـ بۆ یارمەتیدانی هەڵسەنگاندنەکانی ئەکسەرییەت، چەندین جار تووشی وەرچەرخان هات، گەرچی هیچکەس لە هیچ شوێنێك نیشانەیەکی لەو وەرچەرخانە بەرچاو نەکەوت مەگەر لەو هەڵسەنگاندنانەدا نەبێت.

بەم هۆیەوە، کەم تا زۆر یەك هەواڵی بێ هەڵە لەمەڕ میکۆنۆس لە هەموو ئەو
٣٩ راگەیاندن و هەواڵ و هەڵسەنگاندنانەدا نابینرێت کە ئەکسەرییەت لەم دەورەیەدا بڵاوی کردنەوە. ئەوە بەهۆی نییەتی ناپاك یا خواستێکی بەدخوازانەوە نەهاتۆتەدی. دیارە دەتوانرێت لێرە و لەوێ خواستی بەدخوازانەی تاکەکەسی یا بەکۆمەڵی دەستنیشان بکرێت، بەڵام ناوەرۆکی روانین و "خودی روانینەکە" ی ئەوان لە دادگای میکۆنۆس ئەنجامی ئەم یا ئەو بەدکاریی نییە، بەڵکوو ئاکامی مەنتیقی ئەو چەشنە روانینەیە:

"دادگا ... لە درێژەی کاری خۆیدا، داوای لە مەقاماتی پایەبەرزی ئاسایشی ئاڵمانیا و ئێران کرد کە بۆ هەندێ راگەیاندن و روونکردنەوە بێن بۆ دادگا. لەقاودانی بەربڵاوی چاپەمەنییەکانی ئاڵمانیا و یەك لەوان گۆڤاری "شپیگڵ" سەبارەت بە هاوکاری کردنی نزیکی زانیاری و ئاسایشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوە هۆی ئەوەی کە سەرۆکی دادگای میکۆنۆس "بەشێوەی رەسمی داوای لە عەلی فەلاحییان وەزیری ئیتیلاعات و ئاسایشی کۆماری ئیسلامی و شمید باوێر رێکخەری رێکخراوە ئاسایشییەکانی ئاڵمانیا لە دەفتەری "سەدرول ئەعزەم" کرد بێن بۆ دادگا[٢٦٢]".

[٢٦٢] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٢، ٢٤ ی نۆڤامبری ١٩٩٣ – ١٣٧٢/٩/٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١. بوون یا نەبوونی پێوەندی زۆر نزیك لەنێوان ڕێکخراوە زانیارییەکاندا، هیچ پێوەندی بە دادگای میکۆنۆسەوە نەبوو.

٢. دادگا هەرگیز داوای لە فەلاحیان نەکرد وەکو شاهید بێتە دادگاوە.

٣. وەك دواتریش لەناو هەواڵەکەدا هاتوە، "پارێزەرەانی شکایەتکارانی خسووسی فایلەکە" [؟] پێشتر داوایان لە سەرۆك [؟] ی دادگا کردبوو شمید باوێر بۆ هەندێ ڕوونکردنەوە بێت بۆ دادگا." هەر ئەو پارێزەرانە لە هەمان داواکاریدا، داوخوازەکەی خۆیان بە چەند رستەیەکی خودی باوێر پشت ئەستوور کردبوو کە لە پەرلەمان [ی ئەڵمانیا] دا رایگەیاندبوو. ئەم داواکارییە پشتگیریی زۆرێکی تر لە پارێزەرانی بەشوێندا هات و هەیئەتی داوەران ـ نەك سەرۆکی دادگا، وای بەباش زانی کە هەندێ زانیاریی لەمەڕ میکۆنۆسی لێ وەربگرێت.

٤. دادگای میکۆنۆس هەرگیز لەبەرهۆی لە قاودانی میدیای گشتی کەسێکی بانگ نەکرد بێت شایەدی بدات. بانگهێشتنی شاهید یا لەسەر خواستی داواکاری گشتی دەبێت یا تۆمەتبار خۆی، یا شکایەتکار، و یا پارێزەرانیان.

هەموو هەواڵ و هەڵسەنگاندنەکانی کار (ی ئەکسەرییەت) لە چەشنی ئەم نموونەیەی خوارەوەن:

"بەڵام جگە لەوانە، کاری دادگای میکۆنۆس ڕاستەقینەیەکی دیکەشی دەرخست، ڕاستەقینەیەك کە نیشاندەری ئامادە بوون [؟] و دەست تێوەردانی چالاکانەی دەوڵەتی ئاڵمانیا لە فایلی [؟] میکۆنۆسە. لەم بارەیەوە دەکرێ دەستنیشانی گەلێك خاڵ بکرێت کە هەندێکیان و لە ڕاستیدا گرنگترینیان، بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١ . [هەواڵێکی بڵاوکراوەی دی سایت]؛

٢. لە بەردەوامی کاری دادگای بەرلیندا ڕوون بوەوە کە راپۆرتێکی گەلێك گرنگ و حەساس لە پێوەندی تۆڕی تێرۆردا، کە سەرڤیسی ئیتیلاعاتی فیدراڵی ئاڵمانیا ئامادەی کردبوو، لە فایلەکە دەرهێنراوە و بەکردەوە دادگای لێ بێ بەش کراوە؛

٣. [هەواڵێکی دیکە لە رۆژنامەیەکی بێ ناوەوە]؛

٤. ئەفسەرانی دائیرەی زانیاریی پۆلیسی ئاڵمانیا، کە بەرپرسی فایل و لێپرسینەوەی تۆمەتبارەکان بوون، مەنع کراون کە لە وەڵامی پرسیارەکاندا زانیاریی ورد بدەنە دادگا؛

٥. لە ئەنجامیشدا، شمید باوێر... بەهۆی هاتنیەوە بۆ دادگا و سەرەڕای بەدرۆ خستنەوەکانی پێشووی خۆی، پێی بەوەدا نا کە سەبارەت بە تێرۆرەکە ٤ جار قسەی لەگەڵ عەلی فەلاحیان کردوە و فەلاحیانیش داوای لێ کردوە پێش بە دادگا بگیرێت... قسە دژ بە یەکەکانی شمید باوێر لەم بارەیەوە، دەبێتە هۆی بەهێز بوونی گومان لەمەڕ ئەوەی کە پێکهاتنی رانەگەیێنراو لەنێوان دوو لایەن [ی ئاڵمانیا و ئێران] ئەنجام درابێت[٢٦٣].

١. راپۆرتی هەڵگیراو لەسەر فایلەکە، راپۆرتی BND بوو، کە ئەمین و راحیل لەسەر ئەساسی ئەو راپۆرتە گیران. لەجیاتی ئەو راپۆرتە، نامەیەکی دیکە دانرابوو کە تەنیا [جیاوازی لەگەڵ ئەوی تردا ئەوە بوو] سەرچاوەی هەواڵەکەی رانەدەگەیاند.

٢. ئەم راپۆرتە بەتەواوەتی بەدەست داواکاریی گشتییەوە بوو و دەقی نامەکەش بە بێ ناوبردە کردنی سەرچاوە یا سەرچاوەکانی راگەیاندنی هەواڵەکە، لای دادگا بوو.

٣. ئەو راپۆرتەی کە تێیدا ناوی تۆڕی تێرۆر برابوو) راپۆرتی گروپی کاری ئێران لە (BfV هەرگیز لەسەر فایلەکە نەبوو کە هەڵبگیرێت.

٤. ئەفسەرانی دائیرەی زانیاریی پۆلیسی فیدراڵی ئاڵمانیا بەرپرسی لێپرسینەوەکان نەبوون، لێپرسینەوە پێوەندی بە داوەران [ی دادگا] وەیە.

٥. زانیاری پێویستیان دایە دادگا.

---

[٢٦٣] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٨٢، ٢٧ ی ئاوریلی ١٩٩٤ – ١٣٧٣/٢/٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦. وەڵامەکانی ئەفسەرانی دائیرەی زانیاریی پۆلیسی فیدراڵی ئاڵمانیا تێر و پڕ بوو. تاقە خاڵی راست لەم هەواڵەدا ئەوەیە کە مەئموورانی پۆلیس سەبارەت بە هەندێ خاڵ ئیجازەی قسەکردنیان نەبوو. ئەم خاڵانە زیاتر لەم قۆناغەی کاری دادگاشدا پێوەندی بە سەرچاوەی راپۆرتێك بوو کە شوێنی ژیانی ئەمین و راحیلی دابوە .BND ئەم خاڵانە بۆ دۆزینەوەی راستەقینە، گرنگایەتی پلەی یەکەمیان نەبوو.

٧. شمید باوێر هەرگیز نەیگوت لەگەڵ فەلاحیاندا سەبارەت بە میکۆنۆس "وت و وێژ" ی کردوە. ناوبراو گوتی فەلاحیان سەرجەم چوار جار ویستی کە دادگاکە هەڵوەشێنینەوە و منیش وەڵامم دایەوە ئەوە بۆ ئێمە گونجاو نییە، لەبەر ئەوەی...

٨. قسەکانی شمید باوێر لەم بارەیەوە بە هیچ شێوەیەك ناتەبا لەگەڵ یەکتر نەبوون و ئەو خۆی پێشتر ئامادەی کردبوو.

"دائیرەی پاراستنی یاسای بنەڕەتی (ئۆرگانێکی ئاسایشی دیکە) ی ئاڵمانیای فیدراڵ بەهۆی بڵاوکردنەوەی راپۆرتێك کە لە دواژمارەی هەفتەنامەی شپیگلدا چاپ بوە، رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی... ئەوە یەکەم جارە کە دەوڵەتی ئاڵمانیا بەشێوەی رەسمی پێ لەوە دەنێت کە چالاکی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە خاکی ئەم وڵاتەدا هەیە. شمید باوێر رێکخەری رێکخراوە زانیارییەکان... لە دادگای میکۆنۆسدا... لە وەڵامی سەرۆکی دادگادا گوتبووی ئاگای لە تۆڕێکی ئەوتۆ نییە[٢٦٤] ".

١. دائیرەی پارێزگاری لە یاسای بنەڕەتی BFV ئەو راپۆرتەی بڵاو کردەوە. دواتر، گەرچی خۆیشی وەئەستۆی گرت، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوو بیداتە دادگا و سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەشی هیچ بڵێت جا ئیتر بڵاوکردنەوەی هەر هیچ.

[٢٦٤] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٩٤، ١٢ ی ئوکتۆبری ١٩٩٤ – ٢٠ /١٣٧٣/٧/

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢. ئەم راپۆرتە کە لەلایەن پارێزەرانی برای شەرەفکەندی [رەسوڵ قادری] یەوە ئامادە کرابوو و هەر لەلایەن ئەوانیشەوە درابوە دادگا.
٣. بە رواڵەت ئەم راپۆرتە لەلایەن یەکێك لە پارێزەرەکانەوە درابوە شپیگل. ئەو دەمە بوو کە شپیگل لە ناوەرۆکەکەی ئاگادار بوەوە و کورتەیەکی لێ چاپ کرد.
٤. شمید باوێر وەڵامی پرسیاری پێوەندیدار بە بوونی تۆڕی ئیتیلاعاتی ئێرانی نەدایەوە و سەبارەت بە راپۆرتەکە گوتی لێی ئاگادار نییە.
ئەم راپۆرتە لە ژمارەکانی ٩٨ و ٩٩ ی کار (ی ئەکسەرییەت) دا بڵاو کراوەتەوە. ئەو هەڵە و پەڵانەی سەرەوەش لە سەرەتاکەیدا باسیان لێوە کراوە.
دوای ئەوەش کە قەراری دەست بەسەرکرانی فەلاحیان دەرچوو، کار(ی ئەکسەرییەت) بە شێوازی خۆی کەوتە شیکردنەوەی هەواڵەکە:

"ئاڵمانیا لەم مانگەی دواییدا دوو هەنگاوی بەدەنگ و هەرای لە پێوەندی کۆماری ئیسلامیدا هەڵێنایەوە، یەکیان هەڵوەشاندنەوەی سەفەری "ویلایەتی" بوو بۆ ئاڵمانیا و دووهەمیش پەردە هەڵگرتن لەسەر بەرپرسیایەتی وەزیری ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە بەرلین. ئەو دوو هەنگاوە وەك چەشنە پێداچوونەوەیەك بوو لە پێوەندی باسی دەوڵەتی ئاڵمانیا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. ئەنگیزەی "بۆن" بۆ پێداچوونەوەی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تاران، دەتوانێ هەولێك بێت بۆ کەمکردنەوەی گوشاری دەوڵەتی ئەمریکا لەسەر ئاڵمانیا بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بخاتە قوژبنەوە... ئەنگیزەی مەقاماتی ئاڵمانیا لە راگەیاندنی ئەوەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە فەلاحیان پێشکەوتنی هەبوە هەر چییەك بێت، ئەم ئاڵ و گۆڕانە دەبێ بە سەرکەوتنێکی گرنگ لە خەباتی دژی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بزانرێت. راستە کە ئێستا ئەڵمانییەکان لە قۆناغی "لێکۆڵینەوە" دان و لێکۆڵینەوەش هێشتا بەواتای مەحکووم کردن نییە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ڕاستە کە لەم بڕیاردرانەدا وا هەیە گۆڕانکاریی لە خاڵە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئاڵمانیا دەوری دیاریکەر بگێڕێت[٢٦٥] ..."

١. دەوڵەتی ئاڵمانیا سەفەری ویلایەتی بۆ ئاڵمانیا هەڵنەوەشاندەوە، بەڵکوو بەشوێن بڕیاری پەرلەمان، دەوڵەتی ئاڵمانیا لەبەر ئەوەی نەیدەویست سەفەری ویلایەتی هەڵوەشێنێتەوە، کۆنفەرانسی ئیسلامی "هەڵوەشاندەوە."

٢. پەرلەمانی ئاڵمانیا ـ داواکاریی گشتی ئاڵمانیا، دەوڵەتی ئاڵمانیا و "ئاڵمانیا" واتە وڵاتی ئاڵمانیا، هەموویان یەك نین.

٣. بەپێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئاڵمانیا هیچ پێداچوونەوەیەکی لەپێوەندی لەگەڵ ئێران نەکردبوو، و نەشی دەویست بیکات، گەرچی دژی هەر دووکیان بوو.

٤. هیچ گۆڕانکارییەك لە خاڵە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئاڵمانیا بەنیسبەت ئێرانەوە رووی نەداوە. ئەم گۆڕانکارییە روونەدراوانە بوونە هۆی کێشەی روونەداو. شیکردنەوەی جیهانێك کە بەشێوەی "بالقوە" دەکرێ ببێت بەڵام لە راستیدا نییە، تەنیا بەکەڵکی ئەوە دێت کە سیاسەتەکانی ڕێکخراوەکە لەبەر چاوی خەڵك بڕازێنێتەوە و خۆراك بۆ ڕژێمی ئێران ئامادە بکات بۆ ئەوەی دادگا بکاتە گاڵتەجاڕی خۆی.

"پێش دەسپێکی سەفەری هەیئەتی نوێنەرایەتی یەکیەتی ئەورووپا بۆ تاران، چاپەمەنییەکانی ئاڵمانیا راپۆرتی "ئەوپەڕی نهێنی" دائیرەی ئیتیلاعات و ئاسایشی ئەم وڵاتە... [یان] چاپ کرد. ئەم راپۆرتە، کە لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە دراوەتە چاپەمەنییەکانی ئاڵمانیا، دەری دەخات کە فەلاحیان... ڕێبەرایەتی عەمەلیاتی... لە رەستورانی میکۆنۆس لە ئەستۆ بوە... سەبارەت بە دەوری راستەوخۆی کۆماری ئیسلامی لە عەمەلیاتی تیرۆری میکۆنۆس، رۆژنامەی "فرانکفۆرتر ئەلگماینە" بە نامەیەکی دائیرەی پاراستنی یاسای بنەڕەتی پشت ئەستوور، کە لە

[٢٦٥] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٢٣، ٢٠ ی دیسامبری ١٩٩٥ — ٢٩ ی ئازەری ١٣٧٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژی ١٩ ی دیسامبری ١٩٩٥ بەناوی "دادگای میکۆنۆس" بۆ داواکاریی گشتی ولاتەکەی ناردوە."[٢٦٦]

١. ئەم راپۆرتە ـ نەك نامە، وەك خۆیان نووسییان، BFV دابوویە دادگا و بەروالەت لە هەمان رێگەشەوە گەیشتە رۆژنامەی فرانکفۆرتر ئەلگماینە و پێوەندی بە دەولەتی ئالمانیاوە نەبوو.

٢. فرانکفۆرتر ئەلگماینە لە هەوالەکەیدا دەستنیشانی ئەوەی کرد کە ئەم راپۆرتە لەلایەن رێکخراوەی موجاهیدین [ی خەلق] وە گەیشتۆتە دەستیان بەلام کاتێ کە چەند رۆژ دواتر مەسەلەکە روون بوەوە، بلاوەی ناوبراو نەیویست داکۆکی لە خۆی بکات.

٣. لای کەم "گرونەوالد" شایەدی لەسەر ئەو راپۆرتە دا و گوتی ئەم زانیارییانە زۆر پێش ئەوە ـ لە مارسی ١٩٩٣ دا، بەدەست BfV وە بوە بەبۆچوونی ئەوان تا ئەو کاتە (دیسامبری ١٩٩٥) کەلکی ئەوەی نەبوە لە دادگادا سوودی لێ وەربگیرێت ـ لەبەر ئەوەی وا هەبوو سەرچاوەی هەوالەکە بناسرێتەوە. هەر ئێستاش هیچ هەوالێکی ئەوتۆ بەدەستەوە نییە کە پشت ئەستوور بە بەلگە بێت و دەری بخات کە راپۆرتەکە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی کامە رێکخراوەی زانیاریی ئامادە کراوە.

ئەکسەرییەت بەو چەشنە تێگەیشتنە لە توانای بەربلاوی رێکخراوە ئێتیلاعاتییەکانەوە توانی هاورێ لەگەل "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژی تێرۆر" لە بەرلین و فرانکفورت، بە پێی راگەیاندنێك، لە پۆلیس داوا بکات گومان لێکراوەکان بگرێتە بەرچاوەدێری:

"کومیتەی دژی تێرۆر لە شاری بەرلین و فرانکفورت لە نامەیەکدا بۆ جەنابان کلاوس کینکل وەزیری دەرەوە و برێند شمیت باوێر ــ سکرتێری ناوخۆ لە [ئۆفیسی] ی سەدارەتی عوزما، داوایان کردوە کە:

[٢٦٦] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٣٠؛ ٣٠ ی ئاوریلی ١٩٩٦- ١٥ ی فەروەردینی ١٣٧٥.

کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

١. دەوڵەت و مەجلیسی فیدراڵی ئاڵمانیا، تێرۆریزمی دەوڵەتی ئێران مەحکووم بکەن؛ ٢. ... ٣...٤. ماڵ و شوێنی هات و چۆی دیپلۆمات و ئەندامانی گومانلێکراو لە مەسەلەی هاوکاری کردنی واواك بە تەواوەتی بگیرێتە بەرچاوەدێری. نوسخەی نامەکە بۆ ... نێررا[٢٦٧] ".

هەر راست بەو تێگەیشتنەی کە لە حاڵەتی بێ پەنایی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن دا، ڕێکخراوە زانیارییەکان دێنە یاریدەیان و شوێن کەوتنی خەڵکانی گومانلێکراو دەبێتە ڕێگەی رزگاری بۆیان. دوای ڕاگەیشتنی قەراری دادگا هەموو هەڵسەنگاندنەکانی ئەکسەرییەت پووچەڵ بوونەوە؛ ئەو دەسەڵاتدارەی وا لە هەموو شوێنێك ئامادە بوو، بۆچوونەکەی سەرنەکەوت. لە کۆتایی کاری دادگادا دوو شایەدی ئامادەبووی کۆبوونەوەی میکۆنۆس و لەوانە، ئەندامێکی پایەبەرزی ئەکسەرییەت سەر لەنوێ وەڵامی سەرەکیترین پرسیارەکانیان دایەوە:

[لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چ هۆکارێك بوونە هۆی ئەوەی کە داوەرانی دادگای بەرلین ئاوا کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکانی ئەوەیان وەك بەڕێوەبەری سەرەکی ئەم جینایەتە ناساند؟] "وەك گوتم، هەیئەتی داوەرانی دادگا سەربەخۆیی تەواوی هەبوو و هەوڵی دەسەڵاتدارایییەکان بۆ شوێن دانانە سەر پرۆسەی دادگا شێوازی ناراستەوخۆی هەبوو، کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا جێگەی تێگەیشتنە. لەم پێوەندییەدا کەم و زۆر هەموو سەرقیسە زانیارییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئاڵمانیا، بریتانیا، ئەمریکا، ئیسرائیل و تەنانەت ڕووسیا ـ کە بەکردەوە بەرگریی لە ئامادەبوونی شایەدێکی گرنگ وەك خاتوو ماریا لەبەر دەم دادگا کرد، بەرژەوەندی [لەوێدا نووسراوە "مانع" بەڵام دەبێ "منافع" بێت] تایبەت بە خۆیان هەبوو. دیارە مەسەلەی ئاڵمانیا دۆخێکی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی دادگا لەناو خاکی ئەواندا پێکهاتوە. لە عەینی جەخت کردنە سەر

[٢٦٧] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٦٧، ١٥ ی سپتامبری ١٩٩٦ – ١٣٧٢/٦/٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵی ئاڵمانیا بۆ شوێن دانانە سەر دادگا، ئەوەش ناکرێ فەرامۆش بکرێت کە بەشێکی زۆر لە بەڵگەنامەی بەردەستی دادگا لەرێگەی رێکخراوە زانیارییەکانی ئاڵمانیاوە پێشکەش کرابوون[٢٦٨] ".

وەك بارتەقا بۆ هێزی پڕدەسەڵات و لە هەموو شوێن ئامادەی ئیتیلاعاتی و بۆ ئەوەی کە "هاوسەنگییەك بۆ جیهان بدۆزرێتەوە"، ئەکسەرییەت زلهێزێکی دەسەڵاتداری دیکەی دۆزییەوە کە بتوانێ کاری ئەو رێکخراوە [زانیاری] انە پێ بێ ئەسەر بکاتەوە: "بزووتنەوەی دژی تێرۆریستی". بزووتنەوەیەك کە لەکاتی جیاجیادا بەناوی جیاواز ناو دەبرێت و کردەوە و ئەندامی جیاوازی هەیە کە دەبێ لە بەرانبەریدا بە رێز و ئیحتیرامەوە بوەستین.[٢٦٩] بەڵام سیمایەکی دیاریکراوی نییە. ئەم رۆحە "چاکەکار"ە فەزاییە لەوپەڕی راستەقینەکانەوە لەگەڵ "خراپە" دا کەوتۆتە شەڕ و بەگوێرەی بارودۆخ و پێداویستییەکانی "ئێمە"، بیچم و سیمای جیاجیا بەخۆیەوە دەگرێت و دێتە گۆڕان. هەندێ جار ئەکسەرییەتە کە خەڵکانی تر کەم کەم یارمەتی دەدەن و هەندێ جاریش کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دژ بە تێرۆر لە بەرلینە، هەندێ جار چەپی دیموکراتە و هەندێ جاریش نوێنەرانی پەرلەمانی ئاڵمانیا دەبنە ئەندامی.

پێش دەسپێکی دادگا، رێکخراوەکە [فیدائیانی خەلق ـ ئەکسەرییەت] لە [رۆژنامەی] ی کار (ئەکسەرییەت) ژمارە ٧٠ و لە وتاری سەرەکیدا بەتیتری گەورە هەواڵی دەسپێکی دادگای میکۆنۆسی راگەیاند:

"سبەینێ پێنج شەممە ٦ ی مانگی ئابانی ١٣٧٢ (٢٨ ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣) موحاکەمەی قاتڵەکان... دەکرێت... هۆکاری باش بەدەستەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دوای ١٥ ساڵ عەمەلیاتی تێرۆریستی دژ بە ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات و کوشتنی زیاتر لە ٥٠ کەس لە نەیارەکانی، بۆ یەکەم جار لەسەر کورسی تۆمەتباریی دابنیشێت و

[٢٦٨] وتوویژ لەگەڵ مەسعوود میر ڕاشید، یەك لە شایەدانی تاوانی میکۆنۆس؛ کار (یەکسەرییەت)، ژمارە ١٥٦؛ ٢٣ ی ئاوریلی ١٩٩٧-١٣٧٦/٢/٣

[٢٦٩] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٤٧، ٢٧ ی نۆڤامبری ١٩٩٦ – ١٣٧٥/٩/٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەحکوم بکرێت... ئەگەر دادگا بڕیاری دادپەروەرانە لەسەر سەبەبکارانی تیرۆر دەربکات و تۆمەتباران لە شوێنی خۆیان دابنێت... خەباتی دژی تیرۆریستی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵات کە ١٥ ساڵە کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵات دەناسێنێت، سەرکەوتنێکی گەورە وەدەست دەهێنێت. هەر بۆیەش ئۆپۆزیسیۆنی رژیمی کۆماری ئیسلامی کە قوربانیی سیاسەتی بێ ئەمانی تیرۆریستی حکوومەتی ئیسلامییەوە، بە حەساسیەت و شەوقەوە سەیری ڕووداوەکانی موحاکەمەکە دەکات[٢٧٠] ".

بەڵام ڕاستەقینە ئەستەم بوو و ئەوەی لە دادگا ڕادەبرا، ئەکسەرییەتی مەجبوور کرد وردە وردە بۆچوونەکانی خۆی لەم بارەیەوە نەرمتر بکاتەوە. ئەو نەرمتر کردنەوەی بۆچوونانەشی لە دوو ڕێگەوە دەکرد: یەکەم ئەوەی "وەگیر خستن" [ی کۆماری ئیسلامی کە پێشتر دیعایەیان بۆ دەکرد]، بچووکتر بنوێنن و لە ڕاگەیاندنی هۆکارەکاندا ئەگەر و مەگەر بهێننەوە؛ دووهەم دایرەی ئەو هێزانەی وا تێیدا بەشدار بوون گەورەتر بکەنەوە. ئەم پەرەپێدانە هەمان کەرەسەی جێگەی تێگەیشتنی ڕێکخراوەکە بوو.

هەمیسان "ئێمە" بەربڵاوتر بووەوە و "چالاکانی دیکە لە ئاڵمانیا و ئەورووپا" ش لە کۆی ئەوانی تر زیاد کران، شاکیانی خسووسی و پارێزەرەکانیشیان لەگەڵ "بزووتنەوەکە" کەوتن:

"بەڵام ئەگەر هەوڵی کومیتەی دژی تیرۆری بەرلین و چالاکانی دیکەی بواری سیاسی دژ بە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمان و ئەوروپا نەبوایە، ئەگەر شکایەتکارانی خسووسی و پارێزەرانیان کەڵکیان لە موحاکەمەی بەرلین بۆ لەقاودانی ڕاستی لەمەڕ جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئەورووپا وەرنەگرتایە، دوور نەبوو چارەنووسی ئەو فایلەش وەکو دەیان فایلی تیرۆری دیکە... فەرامۆش بکرایە[٢٧١] ".

[٢٧٠] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٠، ٢٧ ی ئوکتۆبری ٩٣ - ١٣٧٢/٨/٥

[٢٧١] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٢٣، ٢٠ ی سێپتامبری ١٩٩٥ — ١٣٧٤/٩/٢٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم "ئێمە" یە وەها بەربڵاو بووەوە کە ڕێبەرانی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمانیاش بوونە بەشێك لە هێزەکانی دیموکرات:

"ئامادەبوونی ئیتوشیلی لە دادگای بەرلین و داکۆکی کردنی ئەو لە قوربانیانی تێرۆریزم دەری خست کە ئەو فایلە بۆتە شەڕگەی نێوان هیزە دیموکراتەکانی ئێران و ڕژیمی ئیسلامی[٢٧٢] "...

و تەنانەت سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکاش بووە بە بەشێك لە "ئێمە":

"لەم پێوەندییەدا، هەڵبەت سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا نیسبەت بە حکوومەتی تارانیش دەوری بینیوە[٢٧٣] ".

بەڵام دوای ماوەیەکی کەم وبۆ مەسرەفی ناوخۆی ڕێکخراوەکە، ئیتر ئەو"هەڵبەت سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا" و "ئۆپۆزیسیۆنی دیموکرات" و ... هتدانە کەمرەنگ بوونەوە و سەرلەنوێ ئەکسەرییەت بووەوە سەرداری مەیدانی "بزووتنەوەی دژی تێرۆر". لە ڕاپۆرتی ساڵانەی شۆڕادا ڕاگەیێنرا:

"دەسپێکی کاری شۆڕا هاوکات بوو لەگەڵ دەسپێکی کاری دادگای بەرلین ـ موحاکەمەی تۆمەتبارانی کوشتنی ڕێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نووری دیهکوردی بوو. ئەم دادگایە کە ئێستاش هەر درێژەی هەیە، بە هەموو بەرز و نزمێکەوە بۆتە گۆڕەپانێکی بەتەئسیر بۆ لەقاودانی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دژ بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات. لەم ئاراستەیەدا ڕێکخراوەکە توانیویەتی دەورێکی بەنرخ، چ لە گۆڕەپانی دادگادا بۆ ناساندنی کۆماری ئیسلامی وەك بەڕێوەبەری ئەم جینایەتە و جینایەتی دیکە، و چ لە دەرەوەی دادگا لە ڕاگەیاندنی کاری موحاکەمە لەناو ئێرانیانی دەرەوەی وڵات بگێڕێت. شایەدی ئەم کارانەش ڕاپۆرت و وتارەکانی بڵاوکراوەی کار (ی ئەکسەرییەت) لەم بارەیەو وت و وێژی چاپەمەنی و ڕادیۆیی ئامادەکراو و بوونی هاوڕێیانی شۆڕا و ڕێکخراوەکەمان لە

[٢٧٢] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٨١، ١٣ ی ئاوریلی ١٩٩٤ — ١٣٧٢/١/٢٤

[٢٧٣] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٦، ٢٦ ی ژانویەی ١٩٩٤ — ١٣٧٢/١١/٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادگای بەرلین و لە قاودانی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە شایەدییەکانیاندا، ناردنی نامە بۆ مەقاماتی ئاڵمان و دەسەڵاتدارییە ناونەتەوەییەکانە. دەبێ بگوترێ کە هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنیش کەم یا زۆر لەم ئاراستەیەدا هەندێ کاریان کردوە... لەم ناوەدا بەداخەوە موجاهیدین... لە ئەنجامدا، هەندێ چالاکی لەم زەمینەیە خرایە بواری هەڵگرتن و لابردنی تۆمەت و دیاری کردنی ئاراستەی خەبات بەرەو لایەنی راستەقینە واتە خەبات دژ بە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی کراوە[٢٧٤] "...

ماوەیەك دواتر، راست لەکاتێکدا کە دادگا لە لووتکەی کاری خۆیدا بوو، کاتێ کە هەموو فایلی قاسملوو لە دادگای بەرلیندا دەکەوتە بەرباس (فەوریەی ١٩٩٥)، گوێ راگرتنی نامەکانی دارابی لەلایەن BFV ەوە دەخوێنرایەوە (فەوریەی ١٩٩٥)، "دەبیران" سەبارەت بە دامەزرانی حکوومەت نیزامی لە شەوی تێرۆرەکەدا، شایەدی دا، شایەدەکانی دارابی ـ واتە رووزی تەلەب، عەیاد، هیلال، عەرەبی بیلاغی، رەحمەتی عەلیخانی باسی بێ تاوانی ئەویان دەکرد (مارس و ئۆکتۆبری ١٩٩٥) و "کۆمیسەر بینز) مەسەلەی زانیارییەکانی دەزگا ئیتیلاعاتییەکانی بریتانیای سەبارەت بە دارابی دەهێنایە گۆڕێ (١٥ی سپتامبری ١٩٩٥)، ئەمان [واتە ئەکسەرییەت] بۆچوونی خۆیان لە وتارێکدا بەناوی "ساڵی ئاسایش، بۆ حکوومەت بێ ئاسایشترین ساڵ بوو" بەبێ ئیمزا و بەواتای بۆچوونی رەسمی رێکخراوەکە بڵاو کردەوە:

"دادگای بەرلین کە ئەمساڵ دانیشتنی زۆری هەبوو... موحاکەمە ئێستاش هەر درێژەی هەیە، بەڵام بەداخەوە درێژەی دانیشتنەکانی بۆتە هۆی وەڕەزی و کات بەفیڕۆدان و بە کردەوە بوەتە هۆی ئەوەی حەساسیەتەکان و دەراوی خۆش کردووە بۆ کۆتایی هێنانی بێ دەنگ و سەدای کارەکە. لە رێگەی شوێنگرتنی ئەم تێرۆرەوە نابێ مۆڵەت

[٢٧٤] راپۆرتی نێوان دەورەیی کارکردی شۆرای ناوەندیی رێکخراوی فیدائیانی خەلکی ئێران (ئەکسەرییەت)؛ کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٨٩، ئووتی ١٩٩٤ – ١٣٧٣/٥/١٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بدرێت یەخەی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامەکانی ئەم تیرۆرە ڕزگاریی بێت."[٢٧٥]

لە رۆژی ١٧ ی سپتامبریشدا نووسیان:

"ئێستا کە سێ ساڵ لە کارەساتی تیرۆر و موحاکەمەی بەشێك لە بەڕێوەبەران و کەسانی تێکەڵاو بە تیرۆرەکە تێدەپەڕێت دادگا هێشتا درێژەی هەیە و درێژەکێشانی موحاکەمەکان بەکردەوە بۆتە هۆی کەم بوونەوەی حەساسیەتەکان و زەمینەی بۆ کۆتایی هێنانی بێدەنگ و سەدا ئامادە کردوە. لەرێگەی شوێن گرتنی ئەم تیرۆرەوە نابێ ئیجازە بدرێت یەخەی کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامەکانی ئەم جینایەتە رزگاریی بێت[٢٧٦] ".

ئینجا وەگیر خستن [ی کۆماری ئیسلامی] و پڕ و پاگەندەی بەربڵاوی لەقاودان دژ بە رژیم و خەباتی حەساس، لەکورتیی دا:

"لە مانگی جوونی ساڵی پار، لەکاتێکدا کە ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتی ئێران گیرۆدەی خەباتێکی حەساس بۆ ئیسباتی دەوری کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری بەرلین بوو...؟"[٢٧٧]

..."بەرنامەی لەقاودانی ئۆپۆزیسیۆنی دیموکرات لە چاپەمەنیەکان و رادیۆ و تەلەفیزیۆن، رووداوی میکۆنۆسی بەشێوەیەك بردبوە ناو بیروڕای گشتی، میدیا، و پەرلەمانی ئاڵمانیاوە، کە بۆ دەوڵەتی ئاڵمانیا هیچ رێگەچارەیەك نەمابوو جگە لە موحاکەمەی بەڕێوەبەرانی تیرۆر[٢٧٨]".

---

[٢٧٥] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٠٤، ١٥ ی مارسی ١٩٩٥ — ١٣٧٣/١٢/٢٤

[٢٧٦] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١١٧، ٢٧ ی سێپتامبری ١٩٩٥ — ١٣٧٤/٧/٥

[٢٧٧] بۆچی موجاهیدین درۆ دەکەن؟ میهدی ئیبراهیم زادە، کار (ئەکسەرییەت)، هەمان شوێن

[٢٧٨] جەعفەری، حەسەن؛ موجاهید سوێند بە کامە ئیمامزادە دەخوات؟ کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٨٢، ٢٧ ی ئاوریلی ١٩٩٤ — ١٣٧٤/٧/٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆتایی کاریشدا، "وەگیر خستن" [ی رژیم] یان گۆڕی و کردیانە "هەوڵی ئۆپۆزیسیۆن."

کۆتایی کاری دادگا لە راستیدا کۆتاییەکی سەرکەوتوانە بوو لە خەباتی ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتیکی ئێراندا، کە نزیکەی ١٨ ساڵ دوای دامەزرانی رژیمی ویلایەتی فەقیە و سەرەتای تێرۆرە دەوڵەتییەکان هەوڵی بۆ دابوو...

١. چەشنە دادگا یەکی ئاشکرا.

٢. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ لایەنێکدا تێك نەگیرا بەڵکوو لەگەڵ سێ لایەن و ژمارەیەکی زۆری تاکەکەس تووشی تێك گیران هات.

٣. قوربانیی سەرەکی میوانی وڵاتێك بوو کە...

٤. لە کۆمەڵەی ئەو خەڵکانەی سەرەوەشدا، هەوڵی ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتی ئێران لەوەدا کە ئەو جینایەتە لەقاو بدات، ئەمجار بەربڵاو و بەردەوام و بێ پێشینە بوو[٢٧٩].

لەراستیدا هەموو ئەوەی کە ئەکسەرییەت هاوڕێ لەگەڵ "هێزە دیموکراتەکانی دیکە" لەم بوارەدا کردیان دەکرێ لە زمانی خۆیانەوە و بەزمانی خۆیان بیبیسن. گەرچی نەك بەناوی ئەنجامی کاری تایبەتی رێکخراوە بەڵکوو بەناوی خاڵێکی کولتووری. هەڵگرانی ئەم کولتوورەش کەس نەبوون جگە لە ئەندامان و رێکخراوەکانی ناو دانیشتنەکە[ی میکۆنۆس] و لەوانە، رێکخراوەی فیدائیانی خەلقی ئێران (ئەکسەرییەت):

"من دەمەوێت ئاماژە بەخاڵێکی فەرهەنگی بکەم، کە هەتا ئەمڕۆ باس لێوە کردنیم لەبەر هەندێ هۆ بەسەلاح نەزانیوە. وەك دەزانن، دوای تێرۆر چۆنیەتی ئاگادار بوونەوەی تێرۆریستەکان لە دانیشتنەکە و مەسەلەکانی تر، جێگەی باسی زۆر گەرم بوون... بەداخەوە ئەم دیاردەیە زەمینەی دیکەشی خوڵقاند بۆ ئەوەی یاریی پۆلیسیی منداڵان،

---

[٢٧٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ میهدی ئیبراهیمزادە یەك لە شایەدانی جینایەتی میکۆنۆس؛ کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٥٦، ٢٣ ی ئاوریلی ١٩٩٧ – ١٣٧٦/٢/٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناودەرکردنی سیاسی، پاك کردنی حیساباتی سیاسی و تەنانەت شەخسی، فەزایەکی خولْقاند کە تێیدا مرۆڤێکی زۆر تۆمەتی جاسووس بوون و گومان لێکراوی و شتی ئەوتۆیان لێدرا، هەموو ئەوانەش بەناوی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، خەباتی دژ بە حکوومەت یا تێرۆریزم و هتد... دەکرێ بڵێین زوربەی نزیك بەهەمووی ئەو کەسانە بوونەتە قوربانی بێ فەرهەنگی، ناودەرکردنی سیاسی، و حیساب پاك کردنی سیاسی و شەخسی، کە جێگەی داخە[٢٨٠] ".

کاتێ کە دادگا خۆی دەمامکێك زیاتر نەبێت کە هەموان بۆ سوودی خۆیان کەڵکی لێ دەبینن، کاتێ کە خەباتکارانی "دیموکرات" ی ئۆپۆزیسیۆن وا دەوڵەتی ئێران "دەخەنەگیر" و دەیدەنە دادگا، نەك داواکاریی گشتی و پۆلیس؛ کاتێ کە لە ئەنجامی خەباتی ئەواندایە نەك داواکاریی پارێزەران کە شمید باوێر دێتە دادگا ؛ کاتێ کە ئەو بەڵگەنامانەی وا "سیا" لەبەر "بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا" بڵاویان دەکاتەوە دەبنە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ئێران بهێنرێتە دادگا نەك کاری وردی داواکاریی گشتی؛ کاتێ کە دادگا بەگوێرەی تێگەیشتنی ئەکسەرییەت هیچ نییە جگە لە کەرەسەی نواندنی هێزی ئەم یا ئەو و لە خزمەت ئەوان و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەواندا نییە، کەوابوو دەبێ هەر بەو شێوەیەشی لەگەڵ بجووڵێیەوە. هەموو ئەوەی وا لە دادگادا هاتە پێشەوە پێوەندی بە دادگا خۆیەوە نییە و لە دەرەوەی ئەودا – لە بەرژەوەندییەکان و چالاکییەکانی ڕێکخراوە جاسووسییەکانی ئەم یان ئەو وڵات دایە و ئەوەی وا لە ناوەوەی دادگا روو دەدات، گرنگایەتییەکی بۆ نییە و دەبێتە شتێکی ئەوتۆ کە "وەڕەزمان دەکات" و کاتمان بەفیڕۆ دەدات". دەڵێی ڕووداوەکان ڕوویان نەداوە و لەجیاتی ئەوان ئەو ڕووداوانە ڕوویان داوە، کە ئەوان لەسەر بنەمای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن پێی گەیشتوون. جا، کاتێ کە گرنگایەتی

---

[٢٨٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەسعود میرڕاشید، یەك لە شایەدانی جینایەتی میکۆنۆس؛ کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٥٦، ٢٣ ی ئاوریلی ١٩٩٧ – ١٣٧٦/٢/٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووداوەکان لەناو دەچێت، ئیتر دادگاکە خۆی و قسە و شایەدییەکان و هەموو ئەو شتانە کە ڕادەبرن، تەنیا بەکەڵکی یاریی سیاسی و ئیتیلاعاتی و پاك کردنی حیسابی ناچیزە دێت.

جێگۆڕ کردنی ڕێکخراوە ئیتیلاعاتیەکان لەگەڵ دیتنی ئەو شتانەی وا بەڕاستی لە دادگادا تێپەڕ دەبوو هاوڕێ لەگەڵ تێگەیشتنی بەرئاوەژوو و ... بەکردەوە پەرە بە تێنەگەیشتن و نەزانینی ئەو یاسایانە دەدات وا بەسەریاندا حاکمن و پێوەندییەکانیان لەگەڵ دامەزراوەکانی تری وڵاتی ئاڵمانیا زیاد دەکات. ئەکسەرییەت سەرەڕای حەساسیەتی لە ڕادەبەدەر بەنیسبەت دادگاوە، هەتا کۆتایی کارەکەش نەیزانی کە داواکاریی گشتی و دادگا دوو ئۆرگانی تەواو سەربەخۆن، داواکاریی گشتی چاوەدێریی بەسەر دادگاوە نییە. حوکمی دەست بەسەر کردن داواکاریی گشتی دەری ناکات و ئەم کارە تەنیا لە سەڵاحیەتی داوەر دایە و ئەوە داوەرانی دادگای میکۆنۆس نەبوون کە قەراری گرتنی فەلاحیانیان دەرکرد:

"لە هەفتەی ڕابوردوودا، ڕوودانی دوو ڕووداو جارێکی تر ناوی کۆماری ئیسلامی وەك ماکی تێرۆریزمی دەوڵەتی خستە سەر زمانی هەموان. دەرچوونی قەراری گرتن..." و "ڕۆژی هەینی ٢٥ ی ئیسفەند، داواکاریی گشتی کولل لە ئاڵمانیا قەراری نێونەتەوەیی بۆ گرتنی عەلی فەلاحیانی... دەرکرد... دەرچوونی ئەو قەرارە لەلایەن داواکاری کوللی وڵاتەوە... شۆڕای ناوەندی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلقی ئێران (ئەکسەرییەت) پشتگیری ئەو هەنگاوەی داواکاریی کوللی ئاڵمانیا دەکات و"...

٢٦ ی ئیسفەندی ١٣٥٧ ڕاگەیاندنی شۆڕای ناوەندی ڕێکخراوە [ی ئەکسەرییەت][٢٨١]

[٢٨١] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٢٩، ٢٠ ی مارسی ١٩٩٦ – ١٣٧٥/١/١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"لە پێوەند لەگەڵ ئەگەری تەحویل درانی فەلاحیان [بە ئاڵمانیا]، وەزارەتی دادپەروەری ئاڵمانیا بەهۆی ناردنی یادداشتێکەوە بۆ داوەری فایلی میکۆنۆس، رایگەیاند کە دەوڵەتی ئاڵمانیا هەتا ئێستا و لەبەر پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیانی ئاڵمانی دانیشتووی ئێران، هیچ هەنگاوێکی بۆ بانگهێشتن یان راگواستنی فەلاحیان بۆ ئەم وڵاتە هەڵنەهێناوەتەوە. لە نامەکەدا نووسراوە کە "ئەم کارە دەتوانێ مەترسیدار بێت[٢٨٢] ".

قەراری گرتنی فەلاحیان لەلایەن داوەرانی دادگای میکۆنۆسەوە دەرنەچوو. ئەوان بەرپرسایەتی ئەو کارەیان لە ئەستۆ نەبوو، هەر بۆیەش [وەزارەتی] دادپەروەری پێویستی نەدەکرد لەم بارەیەوە هیچ شتێك بە داوەران [نەك داوەر] ی دادگا [نەك فایل] ی میکۆنۆس رابگەیێنێت. نامەی وەزارەتی دادپەروەری کە رستەیەکی هاوچەشنی تێدابوو پێوەندی بە داواکاریی پارێزەرانی دارابییەوە بوو بۆ شایەدیدانی فەلاحیان لە ساڵی ١٩٩٥ و پێوەندی بە مەسەلەی تەحویل دانەوە نەبوو. کار [ی ئەکسەرییەت] ئەم هەواڵەی لە هەمان راپۆرتدا چاپ کرد و دایە پاڵ یەکێ لە شکایەتکارانی پلە دووهەم. واتە یەك داواکاری و یەك بانگهێشتن نامە و رەدکردنەوەی لەلایەن دادگاوە، لە راپۆرتێکدا دوو جار بەناوی دوو رووداوەوە ناوبراوە.

یاخود سەبارەت بە پارێزەران: "ئوتوشیلی" لەبەر ئەوە دەهاتە دادگا، کە پارێزەری برای شەرەفکەندی بوو و لە چەند دانیشتنی یەکەم و هەروەها لەکاتی شایەدیدانی شمید باوێر و بەنی سەدر و لە کاتی خوێندنەوەی دوایین داکۆکییەکان و راگەیاندنی قەراردا لە دادگا ئامادە بوو. ناوبراو تەنیا بەهۆی ئەوەوە دەهاتە دادگا کە پارێزەری برای شەرەفکەندی بوو، نەك بەهۆی ئەندامیەتی یا پلە و روتبەی لە حزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمانیادا.

---

[٢٨٢] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٣٠، ٣ ی ئاوریلی ١٩٩٦ – ١٣٧٥/١/١٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

[لە درێژەی هەواڵی سەبارەت بە ئامادەبوونی شمید باوێر لە دادگا وەکو شاهید] ["کار" دەنووسێت] :

"ئوتوشیلی وەك پارێزەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار لە دادگادا ئامادە بوو... ئامادە بوونی ئوتوشیلی لە دادگای بەرلین و داکۆکی کردنی لە قوربانییانی تێرۆر، ئەو راستیەی دەرخست کە ئەم فایلە بۆتە گۆڕەپانێکی شەڕ لەنێوان هێزە دیموکراتەکانی ئێران و رژیمی ئیسلامی و تا چ رادەیەك سەرنجی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەم وڵاتە [واتە ئاڵمانیا] ی بەرەو خۆی راکێشاوە. ئەم هێزانە بەپێچەوانەی شێوازێك کە دەوڵەتی "بۆن" گرتوویەتە بەر، خەباتی دژ بە تێرۆریزم لەوپەڕی سنوورەکانی وڵاتەکەی خۆیانیش درێژە پێدەدەن[٢٨٣] ".

ئەوە ئەرکی پارێزەرە کە لە دانیشتنەکانی دادگادا بەشداریی بکات و "شیلی" ش هیچ کارێکی لەوە بەدەری نەکردبوو، ئەوەش یەکەم جار نەبوو کە بەشداریی دانیشتنەکانی دادگای دەکرد. بۆ رێکخراوە [ی ئەکسەرییەت] گرنگ نەبوو کە "شیلی" ئەندامی چالاکی حزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمانیایە و ماوەیەك پێشتر نووسیبووی:

"حزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمانیاش کە میوانداری قوربانیانی تێرۆر بوو، تا رادەیەك لایەنی دەوڵەت و حزبی حاکمی ئاڵمانیای گرتوە. حزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمان کە لەکاتی سەفەری فەلاحیان بۆ ئاڵمانیا، دەوڵەتی ئاڵمانیای خستبوە ژێر پرسیار، دواتر لەو هەڵوێستەی پاشگەز بوەوە و بەگوێرەی راپۆرتی گەیشتوو لە بەرلینەوە، لە بەرانبەر رووداوی تێرۆرەکەش بێدەنگی نواند و تەنانەت لە هەندێ شوێندا پەسندی کارەکانی دەوڵەتی ئاڵمانیا کرد. بەتەنیشت ئۆپۆزیسیۆنی

---

[٢٨٣] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٨١، ١٣ ی ئاوریلی ١٩٩٤ – ١٣٧٣/١/٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێرانەوە، حزبی پێشکەوتنخوازی ئاڵمانیا واتە "سەوزەکان – یەکیەتی ٩٠" هەوڵی دەرخستنی راستیەکان دەدات[٢٨٤] ".

سەرئەنجام، سەرەڕای هەموو ئەو خاڵانە، ئەکسەرییەت لە گێڕانەوەی هەواڵدا، نەك هەر ئەرواحی خێر و شەڕی کردە رێنموونیکەری دادگا و بەربوە قسەی زل زل و هەموو شتێکی کردە بیانوو بۆ ئەوەی بەحیساب پاك کردن رابگات و لە هەموو ئەو کارانەدا دەری خست کە سیستەمی قەزایی مۆدێرن ناناسێت، بەڵکوو لە هەرکوێیەك پێویستی کرد، لە چەواشە کردنی هەواڵ، چاوپۆشی کردن، لەبیر بردنەوەی هەواڵێك و گەورە کردنەوەی هەواڵێکی تر و گەورە کردنەوەی بەشێك لە راستەقینەکان بەئامانجی شاردنەوەی هەمووی، خۆی نەپاراست.

تەبیب غەفاری لەکاتی تێرۆرەکەدا بە "هاوڕێ عەزیزولا تەبیب غەفاری – یەك لە بەرپرسانی رێکخراوەی فیدائیانی خەلق" ناو دەبرا[٢٨٥]، لەکاتی شایەدیدانیدا بوو بە "خاوەن رەستوران"[٢٨٦] و لەوەڵامی نامەیەکدا ئاماژەیان بە پێوەندی گرتنی لەگەڵ دارەدەست و نوێنەرانی رژیم کرد بێ ئەوەی هیچ هۆکارێك بۆ ئەم تۆمەتانە رابگەیێنن:

"رێکخراوەی فیدائیان (ئەکسەرییەت) هەتا ئێستا هەرگیز سیاسەتی وت و وێژ کردن لەگەڵ رژیمی ئیسلامی و دارەدەستەکانی ئەوی نەبوە. هەر بۆیەش ناتوانێت وەڵامدەرەوەی کارەکانی ئاغای عەزیز غەففاری بێت – کە هەرگیز ئەندامی رێکخراوەی ئێمە نەبوە و هەروەها ئاغای حەمزە فەراحەتی – کە چەند ساڵێکە لە رێکخراوەکەمان چۆتە دەرەوە و هاوکاریمان ناکات[٢٨٧] ".

---

[٢٨٤] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧١، ١٠ ی ئاوریلی٩٣ – ١٣٧٢/٨/١٩

[٢٨٥] ڕاگەیاندنێك بە ئیمزای شۆڕای ناوەندیی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلقی ئێران (ئەکسەرییەت) لە ٩٢/٩/١٨ دا.

[٢٨٦] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٧٨، ٢٣ ی مارسی ١٩٩٤ – ١٣٧٢/١٢/٤

[٢٨٧] کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٨٤، ٢٥ ی مایسی ١٩٩٤ – ١٣٧٣/٣/٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاری گەورە لەو چەشنە هەواڵ ڕاگەیاندنەدا — کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بێ واسیتە، بە "باڵەکانی ڕژیم" ەوە پێوەند پەیدا دەکات، ئەو هەواڵەیە وا لەمەڕ تاواننامەی داواکاریی گشتی ڕایانگەیاند. دوای ئەوەی کە داواکاری گشتی بەراشکاوی خامنەیی، ڕەفسەنجانی، ویلایەتی، فەلاحیان و ... وەك بەرپرسانی تێرۆریزمی دەوڵەتی ئێران ناوبردە کرد و ئەوەشی بەدەنگی بەرز ڕاگەیاند، هەموو ڕۆژنامە و میدیای ئاڵمانیا و جیهانیش هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە، کار (ی ئەکسەرییەت) لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسی:

"داواکاری گشتی دادگای میکۆنۆس: خامنەیی بەرپرسی تێرۆر کردنی ناحەزانە... داواکاری گشتی دادگای میکۆنۆس... کۆماری ئیسلامی بە تێرۆریزمی دەوڵەتی تۆمەتبار کرد و بەراشکاوی سەید عەلی خامنەیی بە بەرپرسی کوشتار... ناسی[٢٨٨]"...

لەم وتارە هەندێ دوور و درێژەدا نە لە زمان داواکاری گشتی و نە لە زمان پارێزەرانی شکایەتکارانی خسووسییەوە هیچ باسێك لە ڕەفسەنجانی و ڕێبەرانی دیکەی کۆماری ئیسلامی نییە.

ئەکسەرییەت بۆ ئەوەی هەندێ "باڵی پێشکەوتنخواز" ی ناو ڕژیم نەڕەنجێنێت تەنانەت ئامادە نەبوو ناوی ڕەفسەنجانی لەزمان داواکاری گشتی ئاڵمانیاشەوە بهێنێت. ئەکسەرییەت دەیەویست گوێی لەوە بێت و هەر ئەوەشی بیست. تەنانەت لە تاواننامەی داواکاریی گشتی ئاڵمانیاشدا دەبوایە "ڕاستەقینە" بەشێوەیەك ڕابگەیێنرێت کە ئەکسەرییەت دەیەوێت. ئەمجارە ئەکسەرییەت داوای لە جەنابی کلاوس کینکل وەزیری دەرەوە [ی ئاڵمانیا] و برێند شمید باوێر سکرتێری ناوخۆیی سەدارەتی عوزمای ئاڵمانیا[٢٨٩] نەکرد داواکاری گشتی وەکو گومانلێکراوێك بگرنە بەرچاوەدێری. بەڵکوو ڕێگای ساکارتری دۆزییەوە: بەراوەژوو نیشاندانی ڕاستەقینە و سانسۆر کردن.

---

٢٨٨ کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٤٧، ٢٧ ی نۆڤامبری ١٩٩٦ — ١٣٧٥/٩/٧

٢٨٩ کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ٦٧، ١٥ ی سێپتامبری ١٩٩٣ — ١٣٧٢/٦/٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادگا وئەوەی وا لەوێ رادەبرا دیاردەیەکی روون بوو کە بەئاشکرا دەبینرا. یاسای زاڵ بەسەر دادگاەدا یاساکانی ئاڵمانیا بوون و پێوەندییەکانیشی لەگەڵ دەوڵەت، داواکاری گشتی و رێکخراوە زانیارییەکان بەگوێرەی یاسای دیاریکراوی ئاشکرا بوو. ئەکسەرییەت لەماوەی ئەم ئەزموونەدا دەری خست کە نەك هەر ناسیاوییەکی لەگەڵ سیستەمی قەزایی مۆدێرن نییە بەڵکوو خوازیاری ناسینەکەشی نییە. ئەکسەرییەت هەموو ئاکام گرتنەکانی خۆی لە زیاد لە سێ ساڵ رووداوی دەوروبەری دادگای میکۆنۆس و ئەو ئەنجامانەی وا لە بواری جیاجیادا لێی وەرگرتبوو، بە زمان – واتە بە قەڵەمی یەك لە ئەندامەکانی خۆی بەم شێوەیە دەربڕی :

"بنەما و بناغەی پایەداری فەلسەفەی سزادان لەسەر ئەساسی بەهێزکردنی پێشگیری کردنە. بنەمایەك کە سەرەتای دەگەڕێتەوە سەرەتای خودی مێژوو. ئەو رۆژەی کە ٢٨٠٠ ساڵ پێش ئێستا[بەگوێرەی دەقەکە]، حەمورابی پادشای بابیل فەرمانی راگەیاندنی ئەو یاسای سزادانەی دەرکرد، فەلسەفەکەی بریتی بوو لەوەی کە بەڕێوەبردنی دەتوانێ بەرگری بکات لە پەرەسەندنی ئەو شتەی کە ئوسوولی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکە بە "تاوان" ی دەناسێت. ئەم فەلسەفەیە دەڵێت[٢٩٠] "...

نە مافی تاکەکەسی، نە رێز و ئیحتیرامی خەڵك، نە شێواز و گەورەیی تاوان هیچکامیان خاوەن گرنگایەتی نین. ئەوەی کە تاوانەکەی کردوە جێگەی باس نییە. گرنگ ئەوەیە بەرگری لەو تاوانانە بکرێت کە تا ئێستا نەکراون.

هەر لەم وتارەدا گرنگایەتی دادگا و سیستەمێکی حقووقی مۆدێرن و ئەوەی کە دەکرێ لێی فێرببین هیچکامیان دیار نین. ئەوەی جێگەی پەند وەرگرتنە، دیسانەکە شوێن دانانە سەر ئەو هێزانەیە وا سەرەپەتی دادگایان بەدەستەوەیە و هەمیسان حیساب پاك کردنی تاقمایەتی:

---

[٢٩٠] نیگەهدار، فەرڕوخ؛ کار (ئەکسەرییەت)، ژمارە ١٤٧، ٢٧ ی نۆڤامبری ١٩٩٦ – ١٣٧٥/٩/٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"بۆ ساڵانێکی زۆر ئۆپۆزیسیۆنی دیموکرانی ئێران و سیاسەتی ئەمریکا بەنیسبەت ئێران جیاوازییەکی جیددییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو. جیاوازی لەوەدا نەبوە کە رژیمی ئێران بۆ ئەو کارانەی بکەوێتە ژێر زەخت یان نا... داواکارییەکی جیددی ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتی ئێرانی ـ واتە جگە لە شاخواز و موجاهیدەکان، بەدرێژایی ساڵیان ئەوە بوە کە، یەکەم پێویستە قورسایی ئەو زەختانە بکەوێتە سەر هەڵوێستی رژیمی ئێران لەمەڕ مەسەلەی مافی مرۆڤ و دووهەم... ئەوەی کە ئێستا گەلێك لایەن هەن کە مەقاماتی رژیم[ی ئێران]یش بەشێکن لەوان. ئەم لایەنانە دەڵێن کە لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەمریکا دەورێکی سەرەکی و تەئسیری جیددییان لە پێشکەش کردنی بەڵگە و دەستاوێژ و ئامادە کردنی بارودۆخ بۆ دەرکردنی قەرارێکی توند و ئیجابی دادگای میکۆنۆس دژ بە ئێران هەبوە. هەڵوێست گرتنی پشتگیرانە و توندی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش وەك بەڵگەیەك بۆ ئەم دیعایەیە دەهێنرێتەوە ..."[291]

دوای ئەو هەموو چالاکییە بریقەدارانە، ئەکسەرییەتیش هاوڕێ لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی ئەندامی دانیشتنی هەماهەنگی پێشوو، هاتنە بەر دەرگای دادگا بۆ ئەوەی بەشی خۆیان وەربگرن ـ ئەو بەشەی وا لایان وابوو لە مەترسی ئەوە دایە سەڵتەنەت خواز و موجاهیدین لێیان برفێنن.

دەسپێکی دادگا لەگەڵ بایەخ نەدان و خەمساردی موجاهیدین[ی خەلقی ئێران] رووبەڕوو بوەوە. لەماوەی دوو مانگی یەکەمی دادگادا، بە مەزننە هیچ هەواڵێکی دادگا لە چاپکراوەکانی موجاهیدیندا بڵاو نەکرایەوە، بەڵام پاش دوو مانگ و دوای روون بوونەوەی سەرەتا و تا رادەیەکیش بەرنامەکانی کاری دادگا، موجاهیدین بەهەیت و هاوارەوە روویان کردە کاری دادگا. یەکەم هەواڵ و دەقی نووسراوی وت و وێژەکانی دادگا، لە ژمارە ٣٢٦ ی

[291] هەمان شوێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوکراوەی "موجاهید" ڕێکەوتی ٢٠ ی دەیمانگی ١٣٧٢ [١٩٩٤] ەوە دەستی پێکرد. یەکەم دەقی وت و وێژەکانی دادگا لەکاتی شایەدیدانی [شوهرەی] بەدیعی و [حەمزەی] فەراهەتییەوە سەری هەڵدا. ئەم ڕاپۆرتە سەرەتایەکی دوور و درێژی هەیە. لەو ڕێکەوتەوە دادگا کەوتە بەر ڕوانینی موجاهیدین و هەموو ژمارەیەکی بڵاوەی موجاهید چەند لاپەرە ڕاپۆرتی لەسەر دادگا تێدایە. ئەم ڕاپۆرتانە لەراستیدا دەقی پتەوی وت و وێژەکانی دادگان. بڵاوکردنەوەی دەقی وت و وێژەکان هەتا ژمارە ٣٦١ ی موجاهید ڕێکەوتی دووهەمی ئابانی ١٣٧٣ [١٩٩٤] درێژە پەیدا دەکات. ڕێکخراوەی موجاهیدین[ی خەلق] تەنیا ڕێکخراوەیەك بوو کە دەقی وت و وێژەکانی دادگای بۆ ئەو ماوەیەش بێت ئامادە کردوە و بڵاوی کردوونەتەوە. لەو ماوەیەدا، هاوڕێ لەگەڵ دەقی وت و وێژەکان، وتار و نووسراوە و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەش [لە "موجاهید" دا] چاپ دەکران.

بەشداریی چالاکان، هەواڵێنران و هەندێ جاریش وتەبێژی ڕێکخراوەی شۆڕای میللی بەربەرەکانی لە ئاڵمانیا، کە بە چەند "بۆدی گارد" ەوە دەهاتنە دادگا، گەلێك بەرچاو بوو. بڵاوکردنەوەی دەقی وت و وێژەکانی دادگا هەوڵێکی بەنرخ بوو بۆ لەقاودانی هەرچی زیاتری ڕژیمی ئێران و دەیتوانی ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی و چاوپۆشی لێنەکراو بۆ ناسینی دادگای میکۆنۆس. بەڵام بەداخەوە هەڵە، کەم کووڕی و غەڵەتی زۆری تێدا بەرچاو دەکەوێت. ئەم هەڵانە بەهەڵکەوت ڕوویان نەدەدا بەڵکوو بەشێوەیەکی سیستماتیك ڕاستەقینە بەلایەنێکی تایبەتدا دەخرایە بەرچاو و گەیشتە ئەو شوێنەی کە هەر هەمووو ڕاپۆرتەکانی بێ نرخ کرد. بە بێ سێ و دوو کردن دەکرێ بگوترێت هیچکام لەو ڕاپۆرتانە ناتوانرێت وەك ئاوێنەی بێلایەنی ئەو وت و وێژانە سەیر بکرێن وا لە دادگادا بەڕێوە دەچوون. لەم بارەیەوە موجاهیدینیش هەر ئەو کارەیان کرد کە هێزەکانی دیکەی ناو ئۆپۆزیسیۆن دەیان کرد.

ئەم قۆناغەی چالاکییەکانی موجاهیدین تا مانگی ئابانی ١٣٧٣ [١٩٩٤] درێژەی کێشا و وەك چۆن لەپڕ دەستی پێکردبوو، لەپڕیشدا وەستێنرا. پاشان مەسەلەی

هەواڵنێری حیزبولاهی ئاڵمانیا ـ "برێست ریش" و دەرکەوتنی ئەو راستیەی کە دەقی وت و وێژەکان دەنووسێتەوە و دەیانداتە باڵویزخانە [ی ئێرانی] هاتە گۆڕێ و سەرۆکی دادگا چەند جار بەلێبڕاییەوە گوتی ئێمە لە دادگادا دەقی چڕ و پڕی وت و وێژەکان نانووسینەوە. دوای ماوەیەك پارێزەرانی دارابی چەند نوسخەیەکی بڵاوەی "موجاهید" یان دایە سەرۆکی دادگا بۆ ئەوەی تەرجەمە بکرێن و بزانرێت کە هەموو دەقی وت و وێژەکان چاپ دەکرێن و لەم رووەوە باڵوێزخانە [ی ئێران] پێویستی نییە مەئمووری تایبەت بۆ نووسینەوەیان بنێرێتە دادگا.

دوای ئەم دوو رووداوە، "موجاهید" دەستی لە چاپکردنی بە وردە ریشاڵی دەقی وت و وێژەکان هەڵگرت و لە هەفتەی دواترەوە ئیتر هەواڵنێرەکانیشیان نەهاتنە دادگا و هەتاکۆتایی کارەکەش جگە لە چەند دانیشتنێك، هیچ هەواڵنێرێکی موجاهیدین نەهاتە دادگا و تەنانەت تا ماوەکیش کەمتر کەسێکیان لەشوێنی تایبەت بە بینەران بەرچاو دەکەوتن.

موجاهیدین سەر لەنوێ لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ەوە لە دادگادا چالاك بوونەوە ـ گەرچی وەك پێشتر بە هەیت و هووت و چەند "بۆدی گارد" و چەند هەواڵنێرەوە نەدەهاتن. لێرە بەدواوە لە زوربەی دانیشتنەکانی دادگادا لای کەم یەك کەسیان وەکو بینەر دادەنیشت. لەم ماوەیەدا راپۆرتەکانی دادگا بەکورتی لە بڵاوەی "ایران زمین" دا بڵاو دەکرانەوە. لە ١٣٥ ژمارەی بڵاوکراوەی ایران زمین، سەرجەم لە ٣٥ ژمارەیاندا راپۆرتێك لەسەر میکۆنۆس بڵاو کراوەتەوە. ئەم دەورەیە بە جەژن و شادمانی مەزنی بەر دەرگای دادگا کۆتایی پێهات.

نووسراوەکانی موجاهیدین لەم سەردەمەدا دەری دەخەن کە سەرەکیترین ئامانجیان لە ئامادەبوون و بەشداریی کردنی دادگای میکۆنۆس بریتی بوون لە:

١. لەقاودانی دەوڵەتی ئێران و هەموو بەشەکانی. موجاهیدین بۆ ئەم کارە دریغیان لە هیچ شتێك نەکرد.

٢. خۆدەرخستنیان وەك هێزی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن و ئەوەی کەئێمە بووین شەهیدمان دا. ئەم خاڵە لەلایەکەوە لەگەڵ راستەقینەی رووداوەکەدا یەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدەگرتەوە کە کووژراوەکان هی حزبی دیموکراتی کوردستان [ی ئێران] ـ و بەقسەی موجاهیدین "لقی قاسملو" ـ بوون کە پێوەندێکی خراپ و ناحەزیان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە گەورە کردنەوەی "شەهیدانی موجاهید" تا ئەو شوێنەی کە هەندێ جار شەرەفکەندی دەخستە پشتگوێ و لەگەڵ مەنتیقی دادگایەك کە بە کوشتنی ئەو رادەگەیشت هاوڕێ یی نەدەکرد. هەر بۆیەش، دەوری موجاهیدین لەم بارەیەوە هەوڵدان بۆ کەمڕەنگ کردنی خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو و ئەنجامی ناڕاستەوخۆی کارەکەش کەمڕەنگ کردنی خەباتی گەلی کورد و پشتگوێ خستنی داواکارییە تایبەتەکانی حزب بوو.

٣. نیشاندانی موجاهیدین وەك دەوڵەتێکی کاتی، کە هەموو دەزگاکانی سەرکوتکەری رژیم دەناسێت و دەتوانێ هەموو بەرپرسانی تێرۆرەکە بە دادگا و مەقاماتی داواکاریی گشتی بناسێنێت[٢٩٢].

ئەم هەواڵەش لەگەڵ راستیدا ناتەبا بوو. راستەقینەی ئەوەیە کە ئەوەی وا موجاهیدین وەك ئاگاداربوون لە رووداوەکان باسیان لێوە دەکرد، پێوەندێکی بە ئەسڵی مەسەلەکەوە نەبوو و بەکردەوەش هیچ یارمەتییەکی دادگای لەپێناو دۆزینەوەی حەقیقەتدا نەدەدا. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە پێرستی ئەو ناوانە بکەین کە موجاهیدین وەك بەرپرسانی تێرۆر و مەقاماتی بڕیاردەر ناساندیانن، یا بەو جەدوەل و کروکیەی وا لە رێکخراوە تێرۆریستییەکانی ئێران دەکێشرانەوە. لەبەر ئەم هۆیە، هەموو ئەوەی وا موجاهیدین لەماوەی ئەو سالانەدا سەبارەت بە زانیارییەکانی خۆیان گوتیان جگە لە چەند رووداوی دیاریکراو ـ و بەراستی دیاریکراو کە زانیاریی وردی تێدابوو، هیچکامیان نەیاندەتوانی بۆ دادگا سوودیان هەبێت.

٤. ئامادەبوونی موجاهیدین لە دادگا بەشێوەی خۆنواندن و بە "بۆدی گارد" و بە هات و هاوارەوە، زیاتر بەکەڵکی ترساندنی دەوڵەتی ئێران دەهات تا

---

[٢٩٢] بۆ نموونە، مجاهد، ژماره ٣٢٤؛ ١٣٧٢/٩/٢٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆزینەوەی حەقیقەت و یارمەتیدانی دادگا و داواکاریی گشتی و داوەرەکان. ئەم خۆنواندنانە هاوڕێ بوو لەگەڵ پڕوپاگەندەیەکی بەربڵاو لەسەر مەسەلەکە و پڕوپاگەندەی زیاد لە ئەندازە سەبارەت بە دەوری موجاهیدین لە دادگا. ئەوانە هەمووی بوونە هۆکارێك بۆ دەوڵەتی ئێران کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەڵکی لێ ببینێت و دادگا بە شوێنێك بناسێنێت کە لەژێر کارتێکەری ئۆپۆزیسیۆن و "مونافیقین" و "دوژمنانی ئیسلام" دایە ـ کارێك کە دەبوە هۆی پێداگرتن و هەڵخلاندنی زیاتری موجاهیدین بۆ ئەوەی لەوە زیاتر خۆ بنوێنن کە تا ئەو دەم دەیان نواند.

٥. بەکردەوە و بەدیتنی هەموو ئەو شتانەی وا روویان دابوو، بەشداری کردنی موجاهیدین لە دادگا و بڵاوکردنەوەی دەقی وت و وێژەکان زیاتر بەکەڵکی حیساب پاك کردنی ناو "ئۆپۆزیسیۆن" دەهات. هەرواش بوو لەبەر ئەوەی هێشتا دووهەمین یان سێهەمین بەشی وت و وێژەکان بڵاو نەبوونەوە کە دژایەتی و تێك گیرانیان لەگەڵ "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژی تێرۆر لە بەرلین"، ڕێکخراوەکانی ئەندامی کومیتەکە (واتە ئەکسەرییەت و جمهوریخواهانی میللی و حزبی دیموکراتیکی گەلی ئێران) دەستی پێکرد. ئەزموونی ئەو کێشە قەڵەمییە لەنێوان موجاهیدین و کومیتەی ناوبراودا، دەری خست کە حیساب پاك کردنی ناچیزە زیاترین گرنگایەتی بۆیان هەیە.

٦. موجاهیدین بەگوێرەی شێوازی کاری خۆیان، هەر ئەوەندە لەگەڵ کێشە یاساییەکان ناسیاوییان هەبوو کە هێزەکانی دیکەی ناو ئۆپۆزیسیۆن. موجاهیدین تەنانەت دانیشتنەکانی دادگایان لەگەڵ شانۆی بڵاوکردنەوەی بەیان و ڕاگەیاندنی خۆیان بەهەڵە گرتبوو[٢٩٣] .

بەکورتی، ئەوەی کە موجاهیدین لە سەرجەمی کێشەی میکۆنۆس دەیانخوازی و پێشی گەیشتن، یەك لە وتەبێژەکانیان لە "جەژنی سەرکەوتن" واتە رۆژی

[٢٩٣] موجاهیدین لە وەڵامی هێرشکارییەکانی بەهمەن برنجیان فەرمانبەری کۆنسولیەتی ئێران لە بەرلین، ڕاگەیاندنێکیان بەنێو هەواڵنێرەکاندا بڵاو کردەوە. بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن لە لایەن موجاهیدینەوە، بوو بە هۆی پەرچەکرداری توندی سەرۆکی دادگا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاگەیاندنی قەراری دادگا، لە خۆپیشاندانی بەردەم دادگادا بەم شێوەیە دەربڕی:

ڕێزدار جەلال گەنجەیی بەرپرسی کومیسیۆنی ئاییەکان و ئازادیی ئایین لە شۆڕادا، وتاری دا و گوتی: "سەرکەوتنی ئەمڕۆ لە هەمووتان پیرۆز بێت. بەڕاستی دەبێ پیرۆزبایی لە کێی دیکە بکەین؟ (خەڵکەکە: لە مریەم، لە مەسعوود[ی ڕەجەوی] پیرۆز بێت، پیرۆز). کەوابوو، بەناوی ئێوەوە خانمان، ئاغاکان، خوشکان، برایان، بەرێزترین سڵاو و پیرۆزبایی ئەم کۆمەڵە بەهەستەی ئێرە پێشکەش بێت بە خوشەویستی دڵمان و سەرەك کۆماری هەڵبژێرراوی گەورەی ئەم نەوەیە، ڕێبەری شۆڕش و فەرماندەی سوپای ئازادی بەخشی میللی، مەسعوود ڕەجەوی[٢٩٤] ".

کێشەی میکۆنۆس و دادگا لە کاتێکەوە بۆ سەڵتەنەت خوازان [ی ئێرانی] گرنگایەتی پەیدا کرد، کە "ڕەزا گەنجی" هاتە دادگا و شایەدی دا. ئەوەی بۆ ئەمان گرنگ بوو قەراری کوشتنی گەنجی و هاورێکانی بوو. سەڵتەنەت خوازەکانیش داواکارییەکانی خۆیان [لە کێشەی میکۆنۆس] بەهۆی دروشمی ڕۆژی سەرکەوتن لەبەردەم دادگا دەرخست: "سەڵتەنەتی پەهلەوی دەبێ دروست بێتەوە" و "شا، شا، ڕەزاشا."

بۆ بەشێکی دیکە لە ئۆپۆزیسیۆن، مەسەلەکە لە لایەکی ترەوە گرنگایەتی هەبوو. کەرەسەی هەڵسەنگاندنەکانی ئەم تاقمانە هەر لە سەرەتاوە بریتی بوو لە ئەمپریالیزم، بورژوازی و وڵاتانی گەورە و شتی ئەوتۆ. بۆ ئەمان دادرەسی میکۆنۆس دەبوایە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی ئەمپریالیزم و بابەتی ئەوتۆ هەڵسنگێنرێت و خۆشیان هەر وا دەکەن. ئەگەر داواکاریی گشتی شوێنی کێشەکە بگرێت و بەری نەدات، ئەوە خواستی ئەمپریالیرم و ئەم بەشەی بورژوازییە، ئەگەریش لایەنی نەگرێت ئەوەش خواستی ئەو بەشەی دیکەی

[٢٩٤] ایران زمین؛ ژمارە ١٣٦؛ ٢١ی ئاوریلی ١٩٩٧ – ١٣٧٦/١/٢٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بورژوازییە. ئەگەر کێشەکە دەنگی لێ بەرز بێتەوە، ئەوا خواستی ئەمپریالیزم زاڵ بوە و ئەگەریش دەنگی لێ بەرز نەبوەوە و خواستی ئەو ئەمپریالیزمەیە کە دەیەوێ زاڵ بێت. بە زمانێکی تر، هەموو شت لەژێر سەری ئینگلیز دایە. بۆ ئەم تاقمە، جگە لەو قسەیەی کە هەموو شت لەژێر سەری ئینگلیز دایە، هەڵسەنگاندنی دیاریکراوی ئەو رووداوەی وا رووی داوە و ئەو شتانەی وا رابردوون، گرنگایەتی ئەوتۆیان نییە. گرنگ ئەوەیە کە ئەو شتەی وا رووی داوە بەشێوەیەك لە شێوەکان بەیارمەتی ئەو مەنتیقە بخەیە ناو هەڵسەنگاندنێکەوە و هەر کەس کە بتوانێ ئەم کارە باشتر بەرێوە ببات، بەرواڵەت لە رووداوەکان ئاگادارترە .

ئەم تاقمە، بۆ هەڵسەنگاندن و بۆچوونی خۆیان هەندێ کلیلیان هەبوو، کە نەك هەر راست و ناڕاست بوونیان بە ئەزموون و رووداو (واتە ئەو شتانەی وا لە دادگادا رادەبردن) لەمەحەك نەدەدرا بەڵکوو ئەوەی وا رووی دابوو، بەو کلیلانە لە مەحەك دەدرا. رووداو تەنیا کاتێ رووداوەکە ئەم کلیلانە (مەنتیق) لەدووی بدەن. بەم هۆیەوە ناتەوابوونی زانیارییەکان، کەمتر گوێدان و هەندێ جاریش گوێ نەدان بە رووداوەکە خۆی، بەو حیکایەت و نەقلانە پڕبوونەوە کە زیاد لە هەموان لەبەردەستدابوون و هەیەجانی زیاتریان تێدابوو بەڵام کەم واتاترین حیکایەتن و کەمتر نیشانەیەکی حەقیقەتیان بەسەرەوە دیارە. ئەم داستان و حیکایەتانە هەرچۆنێك بن بەشێوەیەك هەڵدەبژێررێن کە لەگەڵ ئەو کلیلیەدا یەك بگرنەوە و خۆ ئەگەر شتی واش نەدۆزرایەوە، ئەمجار بۆچوونە وەك هەواڵ رادەگەیێنرێت و ئەم یا ئەو هاوکات بوونی بەهەولکەوتیش وەك هۆکاری پەیوەندی عیللەت و مەعلوولی نیشان دەدرێت. هاوکات بوونی دەرچوونی قەراری گرتنی فەلاحیان لەگەڵ کۆنفەرانسی شرم الیشخ نموونەیەکی ئاشکرای ئەم چەشنە بۆچوونانەیە[٢٩٥].

[٢٩٥] لە ١٩ ی دیسامبری ١٩٩٥ دا، بەشێکی دیکە لە ڕاپۆرتە ئیدارییەکانی BfV درایە دادئەستێنی و دادگا. دادئەستێنی لە سەر بنەمای ئەم ڕاپۆرتە،کەوتە لێکۆڵینەوە لە ئەگەری دەرکردنی قەراری دەستبەسەر کردنی فەللاحیان. ڕۆژنامەی Tagesspiegel لە ٢٠ ی ژانویەی ١٩٩٦ دا ڕایگەیاند

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەك ئەوەی کە هەموو رووداوێك لە قسە و نووسراوی هەندێ کەسدا دەبێتە کەرەسەیەك بۆ خۆ بە زلزانی و بەرژەوەندی شەخسی، لە دەستی هەندێ کەسی دیکەشدا کەرەسەیەکی راگەیاندنی گەورەیی رێبەر و هۆکارێکی ترە بۆ "فڕینی سیمورغی ئازادی"، بۆ ئەوانیش رووداوەکە کەرەسەیەکە بۆ دووپات کردنەوەی ئەوەی کە تا ئێستا گوتوویانە و سەبارەت بە هەر دادگایەك کە گوتوویێتیان.

حیزبی کومونیستی کرێکاریی ئێران لە بڵاوەی "ایران تریبون" دا ـ کە ئۆرگانی حزب نەبوو، دوو هەفتە دوای تێرۆر، هەواڵی رووداوەکە و راپۆرتی پۆلیسی لەم بارەیەوەی بڵاو کردەوە. لە شوێنێك کە راستەقینە بیانوویەکە بۆ ئەوەی خەیاڵ و روئیایەك ئیسبات بکات، روئیا لە شوێنی واقیع دانرا. شوێنە هەڵەکان هێڵیان لەژێر کێشراوە:

"هەفتەی رابردوو پۆلیسی ئاڵمانیا رایگەیاند کە دەستی گەیشتۆتە سەرەپەتێکی گرنگ لە رووداوی تێرۆری سادقی شەرەفکەندی و ٣ کەس لە هاوڕێیانی کە رۆژی پێنج شەممە <u>١٩ی سپتامبر</u> لە رەستورانێکدا روویدا... <u>هەروەها پێڵاوی یەك لە تێرۆریستەکان لە شوێنەکە بەجێ ماوە</u>... ئامانجی سەرەکی تێرۆر کە لە سەعات ٢٢ و ٤٥ خولەکی رۆژی ٥ شەممە ١٩ ی سپتامبر لە رەستورانی میکۆنۆس روویدا، کە <u>خاوەنەکەی کوردێکی ئێرانی و شوێنی کۆبوونەوەی</u>

---

کە دادئەستێنی سەرەرای دژایەتی کردنی دەولەتی ئاڵمانیا، شوێنی کارەکەی فەللاحیانی گرتووە. لە ٢٦ ی ژانویەدا دادئەستێنی گشتیی ئاڵمانیا لە نامەیەکدا بۆ زانکۆی ئازادی بەرلین، داوای کرد ئەگەر سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێ بوونی شەخسی فەللاحتان زانیارییەك بە دەستەوەیە، بدرێتە ئەو. لە مانگی فەوریەدا داواکاری بۆ دەستبەسەر کردنی فەللاحیان درایە بی جی ئێچ و لە مانگی مارس دا قەراری دەستبەسەرکردنەکەی دەرچوو.

دوابەدوای شەپۆلی تێرۆرەکانی حەماس لە ئیسرائیل، لە ١٤ ی مارسی ١٩٩٦دا کۆنفەرانسێك بۆ ڕاگەیشتن بەو تێرۆرانە لە شرم الشیخی میسر پێکهات. زوربەی بەشداربووانی ئەو کۆنفەرانسە، دەوڵەتی ئێرانیان وەك پشتگیری تێرۆرەکان، مەحکووم کرد. لەبەر ئەوەی کۆنفەرانسەکەی شرم الشیخ لە ١٤ ی مارسدا پێکهات و قەراری گرتنی فەللاحیانیش هەر لە ١٤ ی مارسدا درا، زۆرکەس لەو هاوکات بوونە، وەك پەیوەندی عیللەت و مەعلوولی تێگەیشتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناحەزانی کۆماری ئیسلامییە و لە بەرلین روویدا، بریتی بوو لە سادقی شەرەفکەندی سکرتێری یەکەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران... جگە لە شەرەفکەندی، هو مایون ئەردەڵان و فەتاح عەبدولی لە حزبی دیموکرات و نووری دیهکوردی ـ کوردێکی ئێرانی نەیاری کۆماری ئیسلامی دەکوژرێن و عەزیزوڵا تەبیب غەففاری لە بەرپرسانی رێکخراوەی فیدائیانی خەلق (ئەکسەرییەت) و عەزیز غەفوری خاوەنی رەستوران بریندار دەبن. مرۆڤکوژەکان پاشان بە مرسیدیس بێنزێکی زیوین، کە لەبەر دەرگای رەستورانەکە چاوەڕوانیان بوو، لەشوێنی جینایەت رادەکەن[٢٩٦] ".

رووداوی میکۆنۆس و ئەفسانە، لێك دەئاڵێن، قاتڵ وەك سیندرێلا لەشوێنی رووداوەکە لینگە کەوشەکەی بەجێ دەهێڵێت و کەسێك بەناوی عەزیز غەفووری دەخوڵقێنرێت بۆ ئەوەی ئەفسانەکە کامیل بکرێت.

لە ژمارەی پێشووتری بڵاوەکەدا، هەواڵێکی بەمەزنە راست لەمەڕ رووداوی میکۆنۆس بڵاوکراوەتەوە.[٢٩٧]

سێ ساڵ بەسەر چالاکی حزبەکەدا تێپەڕ بوو، حزب بۆچوونەکانی خۆی خستە سەریەك و وێکچوویەکی دوور لە باوەڕی بۆچوونەکانی خۆی لەگەڵ بۆچوونی رێکخراوەکانی ناو دانیشتنی هەماهەنگی خستە بەرچاو:

..."کارەکانی دادگای میکۆنۆس" هەر لە یەکەم رۆژی دەستپێکەوە گەلێك کەوتە بەر سەرنج... 'دادگای میکۆنۆس' لەبەر ئەو هۆیە بوە جێگەی سەرنج کە لەلایەکەوە لەسەر بنەمای کێشەی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا لەمەڕ پێوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێك دەهات و لەلایەکی دیکەوە تێك شکانی سیاسەتەکانی جیهانی رۆژئاوا لە هاوچەشنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا و... هەر هەموو

---

[٢٩٦] ایران تریبیون، ژمارە ٢٨؛ ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢

[٢٩٧] ایران تریبیون، ژمارە ٢٧؛ ٢٥ی سیپتامبری ١٩٩٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیموکراسی رۆژئاوایی بۆ قەمتەرکردنی کۆماری ئیسلامی پێویستی بە کەرەسەی گوشار هەیە، ئەم گوشارەش لە قەراری دادگای میکۆنۆس بۆیە گرنگایەتی پەیدا کرد کە دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکەی واتە بریتانیاش بەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دادگاکەوە چاوەدێرییان هەبوو... جێگەی پێکەنین ئەوە بوو کە بۆ رۆژی دواتری تێرۆرەکەی بەرلین، مەقاماتی بەرزی ئاسایش و دائیرەی گشتی زانیاریی ئاڵمانیا لە کۆنفەرانسی زۆری چاپەمەنییاندا، بەڕێوەبەرانی تێرۆریان بە پ. ك. ك و گروپە رقەبەرە ئێرانییەکان بەخەڵك دەناساند... لەئەنجامیشدا سەرڤیسی ئیتیلاعاتی بریتانیا بوو کە شوێنی خۆشاردنەوەی دوو لە تێرۆریستەکانی لە ئاڵمانیا دایە پۆلیس ئاڵمانیا و دەوڵەتی "کۆهل" ی لە بەرانبەر کارێکی ئەنجامدراو دانا.

لە ١٧ ی مانگی مایسی **١٩٩٣**، داواکاریی گشتی ئاڵمانیا لە تاواننامەکەیدا دەوڵەتی ئێران وەکو بەڕێوەبەری تێرۆر رادەگەیێنێت و دەست بەجێ دوای ئەم رووداوە وەزیری ئاسایشی ئاڵمانیا شمید باوێر فەلاحیان بانگ دەکاتە دادگا.[٢٩٨]

"ئەنجامی قەراری دادگا هەرچیەك بێت، چینی کرێکاری ئێران دۆخی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی روون دەکاتەوە و ئەنجامی جینایەتەکانی دیموکراسیش لە ئاڵمانیا و بریتانیا و ئەمریکا و فرەنسا و... ، کرێکارانی ئەو وڵاتانە."[٢٩٩]

[٢٩٨] بانگهێشتنی فەللاحیان هی پێنج مانگ دوای ئەوە، لە ئوکتۆبری **٩٣** دا بوو و پەیوەندێکی بە ڕاگەیاندنی کەیفەر خواستەوە نەبوو. ئەو حزبە چەند ساڵێك پێش ئەو نووسراوەیە، لە هەر دوو ڕووداو- هەم تێرۆری میکۆنۆس و هەم سەفەری فەللاحیان- ئاگادار بوو. بڕوانە: انترناسیۆنال؛ ژمارە ١٠؛ ئازەری ١٣٧٢ – دیسامبری ١٩٩٣

[٢٩٩] مدرسی، سیاوەش؛ همبستگی؛ ژمارە ٦٧- نۆڤامبری ١٩٩٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها، لە هەمان ژمارەی بڵاوەی ناوبراودا، راگەیاندنی "فیدراسیۆنی سەرانسەریی شۆراکانی پەنابەران و کۆچبەرانی ئێرانی ـ یەکەی ئاڵمانیا" دا هاتوە:

"بێگومان دەوڵەتی ئاڵمانیا و سەرڤیسە ئاسایشییەکانی ئاڵمانیا لە هەموو کەس زیاتر ئاگادارییان هەیە، تا ئەو شوێنەی کە لە کاری موحاکەمەی پێوەندیدار بە رێبەرانی حزبی دیموکرات و رەستورانی میکۆنۆسی بەرلیندا دەردەکەوێت کە "دائیرەی گشتی پاراستنی یاسای بنەڕەتی ئاڵمانیا" چەند هەفتەیەك پێش عەمەلیاتی تێرۆر لە رەستورانی میکۆنۆس بە پۆلیس رادەگەیێنێت کە "کازم دارابی" بەرپرسی رێکخستنی تێرۆرەکە کۆنترۆڵ بکەن، لەبەر ئەوەی بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو رێکخراوەیە، ناوبراو خەریکی رێکخستنی "کارێك"؟ ە. بەڵام پۆلیسی بەرلین بەبیانووی ئەوەی دەستی بە وەرگێڕ رانەگەیشتوە، کارەکە ناکات و لە بەیانی رۆژی تێرۆردا پ. ك. و گروپە رقەبەرەکان تۆمەتبار دەکات بەوەی دەستیان لە تێرۆرەکەدا بوویێت... سێ ساڵ لە تەمەنی دادگای پێراگەیشتن بە تێرۆری رەستورانی میکۆنۆسی بەرلین رادەبرێت. گۆڕەپانی دادگا لەم سێ ساڵەدا بووبوە مەیدانی کێ بەرکێی سەرڤیسە ئاسایشییەکانی بریتانیا و ئاڵمان، گوشاری دەوڵەتی ئاڵمان و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بۆ شوێن دانانە سەر پرۆسەی دادگا و هەروەها گوشاری ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی ئاڵمانیا بۆ لەقاودانی نیسبی راستیەکان و[٣٠٠] "...

هەواڵی سەبارەت بە وتەبێژی پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا، چاوەدێریی یاخود کۆنترۆڵی دادگا لەلایەن رێکخراوە زانیارییەکان و چاوەدێری کردنی دارابی و ئەو رێکخراوەیەی کە شوێنی خۆشاردنەوەی دوو تێرۆریستی راگەیاند، واتە هەموو هەواڵەکانی ناو ئەم راپۆرتە هەڵەن. هەواڵەکانی هەر دوك ئەو

[٣٠٠] همبستگی؛ ژمارە ٦٧- نۆڤامبری ١٩٩٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسراوانە بەبێ کەم و زیاد لە کتێبی "تیرۆریزمی دەوڵەتی ویلایەتی فەقیە" راگوێزراون.[٣٠١] ئەوانەی کە گوتراون، حیکایەت هەڵبەستێکن کە پێوەندێکیان پێوەندێکیان بەو شتانەوە نییە وا لەدادگا رادەبرد و لە دادگا هاتەگۆڕێ.

ڕێکخراوەی چریکە فیدائییەکانی خەلقی ئێران (ئەقەلییەت)، نموونەی سەرەکی هەڵسەنگاندنی ئەم تاقمەی لە شێوازی مۆدێلێکی ساکار خستە بەرچاو. ئەمان دەست بەجێ دوای تێرۆرەکە، لە وتارێکدا باسی ئەوەیان کرد کە رژیم [ی ئێران] دەستی لە تێرۆرەکەدا بووبێت و گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە:

> "ئەگەر بمانەوێت ئەم دەوڵەتانە [دەوڵەتە رۆژئاواییەکان]... بەرگری لەو کارانە بکەن... پێویستە خەباتێکی تەبلیغاتی و لەقاودەرانەی بەربلاو بخەینە رێ... ئەمرۆ ئەرکی بێگومانی هەموو هێزە شۆرشگێرەکانە کە لەم بوارەدا هەنگاو هەڵبێننەوە[٣٠٢] "...

بەڵام هەر خۆیان هەموو مەسەلەکەیان فەرامۆش کرد. ساڵێك دواتر لە وتارێکدا سەبارەت بە تێرۆری پەنابەرانی ئێرانی لە تورکیا، سێ کەس لە کوژراوەکانی رەستورانی میکۆنۆسیان لە بڵاوکراوەکەی خۆیان ناوبرد.[٣٠٣] هەمیسان ساڵێك دواتر لە مانگی شەهریوەری ١٣٧٣ دا [سپتامبری ١٩٩٤]، راپۆرتێکیان لەمەڕ یادەوەری قەتڵی عامی زیندانیانی ئێرانی لە لەندەن بڵاو کردەوە و تێیدا هەواڵی دەرچوونی قەراری دادگای پێراگەیشتن بە تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندییان راگەیاند. ئەم ڕێکخراوەیە دوو ساڵ پێش کۆتایی

---

[٣٠١] دەستماڵچی. پەرویز؛ تێرۆریزمی دەوڵەتیی ویلایەتی فەقیە؛ چاپی یەکەم؛ ئوکتۆبری ١٩٩٥؛ میهری ١٣٧٤. سەبارەت بە مەسەلەی دارایی بڕوانە لاپەڕە ٧٢ و ٧٣ و سەبارەت بە وتەبێژی پۆلیس بڕوانە لل ٧٣ و ٧٤، هەروەها سەبارەت بە ڕێکخراوە زانیارییەکانی ئینگلستان و دەوری ئەوان لە ئاشکرا بوونی شوێنی خۆشاردنەوەی دوو تێرۆریست بڕوانە لاپەڕي ٧٤ و بۆ بانگهێشتنی فەللاحیان دوای ١٧ی مانگی مەی، بڕوانە لاپەڕە ٧٥.

[٣٠٢] کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکەش جینایەتێکی دڵتەزێنی بەڕیوە برد؛ کار، ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەلقی ئێران (ئەقەلییەت)، ژمارە ٢٥٩، شەهریوەری ٧١

[٣٠٣] ڕژیمی ئێران بڕووخێنین، کۆتایی بە تێرۆریزم بهێنین! کار، ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەلقی ئێران (ئەقەلییەت)، ژمارە ٢٥٦، شەهریوەری ٧٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتنی دادگا، نەك هەر هەواڵی کۆتایی هاتنی دادگا، بەڵکوو قەرارەکەشی ڕاگەیاند.

..."لە هەفتەی کۆتایی مانگی سپتەمبردا، بەرلین شاهیدی بەرێوەچوونی مەراسیمێك بوو کە... لە راستیدا ئەو رێ و رەسمە هاوکات بوو لەگەڵ راگەیاندنی قەراری دادگای راگەیشتن بە تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێکانی، کە قەرارەکەی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە دەرکرد کە تێرۆرەکە، تێرۆری دەوڵەتی و کۆماری ئیسلامی بەرپرسی سەرەکی کارەکە بوە ".[٣٠٤]

پاشان، دوای دوو ساڵ کە هیچ رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفیزیۆنێك نەبوو هەواڵی میکۆنۆس بڵاو نەکاتەوە، ڕێکخراوەکە بەپێویستی زانی هەڵسەنگاندن و بۆچوونی ڕێکخراوەکەیان لەو دادگایەی وا چەند ساڵ پێشتر هەواڵی کۆتایی هاتنی راگەیاندبوو، بڵاو بکاتەوە:

"ئەوەی کە بۆچی سەرەڕای ناحەزی نواندنی دەوڵەتە ئەورووپیەکان و یەك لەوانە ئاڵمانیا، کێشەکە گەیشتە ئەو شوێنە و دادگای بەرلین بەکردەوە بوو بە دادگای مەقاماتی کۆماری ئیسلامی، ئەوەش راست پێوەندی بە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی بورژوازی واتە ناتەبایی بەرژەوەندی تاقمی رقەبەرەوە هەیە لە ئاڵمانیا و لە گۆڕەپانی جیهانیدا. دادگای بەرلین لەراستیدا بۆتە مەیدانی کێشە و رقەبەرایەتی تاقمە بورژوازییەکان و دوو سیاسەت لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا. ئەو لایەنانەی بورژوازی لەپشت دادگای بەرلینن کە دەیانەوێ گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی قامچی و گێزەر بەکار دەهێنن. رێبەرایەتی ئەم سیاسەتە بەدەست ئەمریکاوەیە... ئەم دادگایە تەنیا گۆڕەپانی کێ بەرکێی باڵە رەقیبەکانی بورژوازی لەناوخۆی ئاڵمانیا نییە، بەڵکوو ناتەبایی باڵەکانی بورژوازی ئەوروپا و تەنانەت

---

[٣٠٤] ئەوەش کە بێ هیچ ذرێغێك بە وەفاداری ژیا، مەرگەکەی لەدایکبوونێکی دیکەیە؛ کار، ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەلقی ئێران (ئەقەلییەت)، ژمارە ٢٧٢، ئابانی ٧٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئه‌مریکاش لێره‌دا کارکردنیان هه‌یه‌ و له‌ناو ئه‌م ناته‌بایی و کێشانه‌ دایه‌ که‌ دادگای به‌رلین له‌ کێشه‌ی موحاکه‌مه‌ی تێرۆریسته‌ گیراوه‌کان ده‌چێته‌ ئه‌ولاوه‌تر. ئه‌وه‌ی که‌ چه‌ند ساڵ دوای تێرۆری ره‌هبه‌ری حزبی دیموکرات و چه‌ند به‌رپرسێکی حزبه‌که‌، به‌نی سه‌در وه‌ك شاهید بانگ ده‌کرێته‌ دادگا و به‌شوێن قسه‌کانی ئه‌و له‌مه‌ڕ ده‌وری به‌رپرسانی حکوومه‌ت له‌ تێرۆره‌که‌، ره‌نگدانه‌وه‌یه‌کی زۆر له‌ چاپه‌مه‌نییه‌کانی جیهانیدا ده‌بینرێت[٣٠٥] "...

رێکخراوه‌ی کرێکارانی شۆرشگێر (راه کارگر) له‌ماوه‌ی دادره‌سیدا زۆر که‌م خۆی به‌ دادگای میکۆنۆسه‌وه‌ خه‌ریك کرد. سه‌رجه‌م دوو وتار[٣٠٦] و چه‌ند راگه‌یاندێك. به‌ڵام هه‌ر له‌و چه‌ند جاره‌دا پشت راستی ئه‌وه‌یان کردووه‌ که‌:

"ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات که‌ تا ئێستا به‌وردی و جیددییه‌ته‌وه‌ شوێنی رووداوه‌کانی دادگای به‌رلینی گرتوه‌، پێویسته‌ لێره‌ به‌دواوه‌ش ئاگاداری فێڵ و ته‌ڵه‌که‌ی نوێ بێت که‌ له‌لایه‌ن داهێنه‌رانی "وت و وێژی ره‌خنه‌گرانه‌" وه‌ بۆ رزگار کردنی کۆماری ئیسلامی له‌ مه‌حکووم بوونی بێگومان به‌رێوه‌ ده‌برێت[٣٠٧] ".

به‌م شێوه‌یه‌، که‌مکاری و نه‌دیتن و بایه‌خ نه‌دان [به‌ دادگا] یان وه‌ك چالاکییه‌کی ورد و جیددی ستایش کرد و به‌هۆی چه‌ند "ده‌بێ" وه‌ ئه‌رکیان بۆ خه‌ڵکانی تر دیاری کرد.

"یه‌کیه‌تی فیدائیانی خه‌لقی ئێران" تاقه‌ رێکخراوه‌یه‌کی چه‌پ بوو که‌ به‌مه‌زنده‌ هه‌موو راپۆرته‌کانی دادگای میکۆنۆسی چاپ کرد و زه‌وق و ده‌ره‌تانی ئه‌وه‌شی هه‌بوو که‌ هه‌واڵی ورد وردی دادگا رابگه‌یێنێت. له‌ ماوه‌ی دادگادا، رێکخراوه‌که‌ سه‌رجه‌م ٣٨ ژماره‌ [بڵاوه‌ی] "اتحاد کار" ی بڵاو کردووه‌، که‌

---

[٣٠٥] کار، رێکخراوی چریکه‌ فیدائیه‌کانی خه‌لقی ئێران (ئه‌قه‌لییه‌ت)، ژماره‌ ٢٩٣، شه‌هریوه‌ری ٧٥

[٣٠٦] راه کارگر؛ رێکخراوه‌ی کارگه‌رانی شۆڕشگێری ئێران؛ ژماره‌ ١١٦؛ ئوردیبیهێشتی ١٣٧٣ و ژماره‌ ١٣٩ شه‌هریوه‌ری ١٣٧٥

[٣٠٧] راه کارگر؛ رێکخراوه‌ی کارگه‌رانی شۆڕشگێری ئێران؛ ژماره‌ [؟] ١٣؛ شه‌هریوه‌ری ١٣٧٥

کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٢ ژمارەی راپۆرتی دادگای تێدایە. ئەم راپۆرتانە، بەمەزندە هەموو رووداوێکی دادگای رۆژانە و بەروانگەی هەمان رۆژەوە بڵاو کردۆتەوە. بەڵام رێکخراوەکە لە هەر شوێنێك کە مەسەلەکە شیدەکاتەوە، هەمان زمانی هاوبەش ـ واتە باڵەکانی ئەمپریالیزم و بورژوازی دەدۆزێتەوە:

"یەك رۆژ دوای بەڕێوەچوونی دانیشتنی "شرم الشیخ"، داواکاری گشتی فیدرالی ئاڵمانیا قەراری دەست بەسەر کردنی عەلی فەلاحیان... دەرکرد. ... لە مانگی دیسەمبری رابردوودا، بەگوێرەی راپۆرتی چاپەمەنییەکانی ئاڵمانیا، داواکاری گشتی ئەم وڵاتە، تاواننامەی دژ بە وەزیری ئیتیلاعاتی دەرکردبوو، بەڵام بەهۆی دەست تێوەردانی دەوڵەتی ئاڵمانیاوە ئەم مەسەلەیە بەکردەوە بێدەنگی لێکرابوو و قەراری گیرانی دەرنەچوو بوو. دوابەدوای کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتی ئوروپا و دانیشتنی "شرم الشیخ" لە ئەنجامی گوشاری نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتی، دەوڵەتی ئاڵمانیا مەجبوور کرا کە ئیتر دەست لە مەسەلەکە وەر نەدات و رێگا بۆ پرۆسەی قانوونی کاروبارە حقووقییەکان ئاواڵە بکات[٣٠٨] ".

بەڵام هەر خودی سەرنجدانە رووداوەکانی دادگا و ناسینی ئاڵۆزییەکانی، بوە هۆی ئەوەی کە هەموو شت نەدرێتە پاڵ ئەمپریالیزم و ناتەباییەکانی ناوخۆی بورژوازی.

رۆژنامەی "انقلاب اسلامی در هجرت" [ی ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، لە پاریس]، تاقە بڵاوکراوەیەك بوو کە هەر لە سەرەتاوە بەشێوازێکی جیددی رووی لە رووداو و دادگای میکۆنۆس کرد. هیچ بڵاوکراوەیەك وا بە هەڵسووڕاوی سەرنجی نەدایە رووداوەکان. بەمەزندە هەموو ژمارەیەکی ئەو

[٣٠٨] اتحاد کار؛ اتحاد فدائیان خلق ایران؛ ژمارە ٢٥؛ ئوردیبیهێشتی ١٣٧٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەردەمەی ڕۆژنامەکە هەواڵێکی لەمەڕ دادگا تێدایە، گەرچی راپۆرتەکان هەموویان هاوچەشن نین و لێرە و لەوێ هەڵەی زۆریان تێکەوتووە:

"لە دادگای بەرلیندا، داواکاری گشتی موافەقەتی کرد کە "شیمکوس" وەك شاهید بێتە دادگاوە... لەم دانیشتنەدا، داواکاری گشتی موافەقەی لەگەڵ بانگهێشتنی هیلمۆت شیمکوس کرد. هۆکارەکانی داواکاری گشتی بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. شایەدیدانی ناوبراو لەسەر بنەمای ئەو شتانەی وا بە چاوی خۆی لە بەشی ژمارە ٣٠٩ ی زیندانی "ئێڤین" [ی تاران] بینیونی.

٢. راپۆرتی ئەوە بداتە دادگا کە لە ئێڤین پێیان گوتوە کە...

٣. شاهید بە دادگا رادەگەیێنێت کە ئەم شایەدیدانە گرنگایەتی بۆ تۆمەتبارانی دادگاکە هەیە بەهۆی ئەو راستیەوە کە ئەوەی وا چاوی پێیان کەوتوە، بینی بێ واسیتەن لە کاتێکدا کە شیمکوس"...[٣٠٩]

ڕاستییەکەی ئەوەیە داواکاری گشتی لەگەڵ شایەدیدانی شیمکوسدا موافەقەی نەکرد بەڵکوو پشتگیری ئەو داواکارییەی کرد کە بۆ شایەدیدانی شیمکوس پێشکەش کرابوو، ئەو هۆکارانەی سەرەوەش هۆکاری ناو داواکارییەکە بوون. پێش ئەوەی کە هەیئەتی داوەران بە داواکارییەکە رابگات، هەر ئەو کەسەی وا داواکارییەکەی پێشکەش بە دادگا کردبوو، داواکارییەی وەرگرتەوە. بەم پێیە هەموو روونکردنەوەکانی دواتر خۆی لە خۆیدا بێ واتان .

راپۆرتی ناو ئەم رۆژنامەیە، هاوڕێ لەگەڵ راپۆرتەکانی "اتحاد کار" و "ایران" و "ایران، سرکوب، ترور"، سەرەکیترین سەرچاوەی بڵاوکراوە [ی فارسی]ن بۆ ناسیاوبوون لەگەڵ ڕووداوەکانی دادگای میکۆنۆس. عەینیەتی ئەم راپۆرتانە، بەرچاون و دوورن لە خەیاڵات و رۆیای راپۆرتی بڵاوکراوەکانی تر.

"ناوەندی پەنابەرانی سیاسی ئێران لە بەرلین" راپۆرتی زۆرێك لە شایەدیدان و ڕووداوە گرنگەکانی دادگای ئامادە کرد و بڵاویشی کردنەوە. هەروەها بەشێك

---

[٣٠٩] انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٤٢؛ لە ٢٦ ی سپتامبر تا ٩ی ئوکتۆبری ١٩٩٤- لە ٤ تا ١٧ ی میهری ١٣٧٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو بەڵگەنامانەی وەرگێڕا و بڵاوی کردنەوە کە پێشکەش بە دادگا کرابوون و دەکرا بکەونە بەر سەرنجی ئێرانییەکان، هەندێك لە بڵاوکراوە [فارسی] یەکانیش راگەیاندن و هەواڵی ئەوانیان دووبارە چاپ کردەوە.[٣١٠] هەر ئەم رێکخراوەیەش بوو کە "شەوی رێز گرتن لە قوربانیانی تێرۆری میکۆنۆس" ی هاورێ لەگەڵ ساڵوەگەڕی کوشتاری زیندانییە [سیاسی] یەکانی ناو زیندانەکانی ئێران لە بەرلین بەڕێوە برد.

---

[٣١٠] بۆ نموونە، اتحاد کار، انقلاب اسلامی در هجرت، ایران تایمز، حقوق بشر، کار (ئەکسەرییەت)، کوردستان و ...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پاشەبەرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پاشەبەرە

دەست بەجێ دوای دەرچوونی قەرار، تۆمەتبارەکان و پارێزەرانیان رایانگەیاند کە داوای پێداچوونەوە[ئیستئناف] ی قەرارەکە دەکەن. پارێزەری دارابی داوای لە دیوانی فیدراڵی یاسای بنەڕەتی[311] کرد کە لە بەر درێژ وبەربڵاوبوونی کاری کاری دادڕەسی، دەرفەتی پێشکەش کردنی داواکاریی بۆ پێداچوونەوە زیاد بکات و بیکاتە ٣ مانگ.[312] ئەم داواکارییە درایە دواوە. لە ١٣ ی ئاوریلی ١٩٩٨ دا، دوو کەس لە پارێزەرانی دارابی (پانکا و کولوگە) دەقێکی ٣٠٤ لاپەڕەییان وەك داواکاریی پێداچوونەوە پێشکەش بە دیوانی بەرزی قەزایی[313] کرد. ٢١ لاپەڕەی ئەم دەقە، بریتی بوو لە نارەزایی دەربڕین سەبارەت بە شێوازی هەڵبژاردنی داوەری جێگر. ٣٢ لاپەڕەی پێوەندی بە دارابییەوە هەبوو و ١٦٠ لاپەڕەشی باسی شایەدیدانی محەمەد جەڕادە ـ شایەدی سەرەکی دژ بە عەتائولڵا عەیاد بوو. کایزر و هێدریش پارێزەرانی راحیلیش هەمان دەقیان بۆ داواکاریی پێداچوونەوە پێشکەش کرد.

لە ١٧ ی ئاوریلدا، "زالم" ـ پارێزەری محەمەد عەتریس داواکارییەکی ٢ لاپەڕەیی و لە ١٩ ی ئاوریلیشدا خاتوو کین ـ مشکات پارێزەرەکەی دیکەی دارابی، داواکارییەکی ٢٥ لاپەڕەییان بۆ پێداچوونەوە تەسلیم کرد. رۆژی ٢٠ ی ئاوریلی ١٩٩٨، پرسیوس ـ پارێزەری یوسف ئەمین، کە سەرەتا نارەزایی

---

311 Bundesverfassungsgericht (BVG)

312 دەرفەتی قانوونی بۆ داواکردنی پێداچوونەوە تا ٤ هەفتە دوای ئەوەی قەرارەکەیان بە نووسراو دەگاتە دەست.

313 (BGV) Bundesgerichtshof

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەبارەت بە قەراری دادگا دەربڕیبوو- ئیعتیرازەکەی خۆی وەرگرتەوە و بەم شێوەیە، قەراری ئەمین بوو بە یەکجاری.
لە رۆژی راگەیاندنی قەرار واتە ١٠ ی ئاوریلی ١٩٩٧ دا، وڵاتانی ئەندام لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا - جگە لە ئیتالیا، وەك ناڕەزایی دەربڕینێك، باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران بانگ کردەوە. باڵوێزی یۆنان رۆژێك دواتر ئێرانی بەجێ هێشت. رۆژی ٢٩ ی ئاوریلی ١٩٩٧ ئەم وڵاتانە ویستیان باڵوێزەکان بگەڕێنەوە بۆ ئێران. لە رۆژی بڕیاردرانی شۆڕای وەزیرانی وڵاتانی ئەندامی بازاڕی هاوبەش لە لوگزامبورگ، لە بەرانبەر شوێنی کۆنفرانسەکە، خۆپیشاندانێکی بەربڵاو لەلایەن هێزە جیاجیاکانی ناو ئۆپۆزیسیۆن[ی ئێرانی] ەوە رێك خرا. کۆماری ئیسلامی رایگەیاند کە باڵوێزی ئاڵمانیا مافی گەڕانەوە بۆ ئێرانی نییە. لە ئەنجامدا پاشماوەی وڵاتانی ئەورووپیش باڵوێزی خۆیان نەناردەوە بۆ ئێران. لە کۆتاییدا، کۆماری ئیسلامی لە مانگی نۆڤامبردا موافەقەی کرد هەموو باڵوێزەکان بگەڕێنەوە ئێران بەو مەرجەی کە باڵوێزی ئاڵمانیا دوایین کەسێك بێت کە دەگاتەوە تاران. باڵوێزانی وڵاتانی بازاڕی هاوبەش ئەم مەرجەیان بەشێوەیەکی ژێرلچی قەبووڵ کرد و گەڕانەوە ئێران.
دوای هێز و دەسەڵات نواندنی دەوڵەتی ئێران لە گەڕانەوەی باڵوێزانی وڵاتانی بازاڕی هاوبەش، نامەیەکی زۆر لەلایەن خزم و دایك و باوکی کازم دارابییەوە گەیشتە چاپەمەنییە ئێرانی و ئاڵمانیەکان و بڵاو کرانەوە.لە مانگی مایسی ١٩٩٧ دا نامەیەکی ئەبولقاسمی میسباحی لە چاپەمەنییەکانی ئاڵمانیادا چاپ کرا. ناوبراو ناڕەزایی دەربڕیبوو کە قسەکانی لە دادگا لەلایەن هەندێ شوێنەوە کەڵکی خراپی لێوەرگیراوە و بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو، "کومیتەی کاروباری تایبەت" چیتر نەماوە. گەرچی نامەی میسباحی جێگەیەکی بۆ گومان کردن لە راست بوونی شایەدییەکانی نەدەهێشتەوە، هەندێ رۆژنامەی لایەنگری پێوەندیی [ئاڵمانیا] لەگەڵ ئێران بە هەیت و هووتەوە رایان گەیاند کە میسباحی شایەدییەکانی خۆی وەرگرتوونەتەوە.[٣١٤] گەرچی میسباحی لە

[314] Frankfurter Algemeine Zeitung و TAZ١٩٩٧/٥/١٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نامەیەکی دیکەدا رایگەیاند کە هەموو قسەکانی لە دادگا راست بوە و ئێستاش بە هەمان سەداقەتەوە دەیەوێ باسی هەندێ مەسەلەی دیکە بکات[٣١٥]، هەمان رۆژنامە سەر لەنوێ نووسی: "میسباحی رەدکردنەوەکانی خۆی سەر لەنوێ رەد کردەوە[٣١٦]."

لە ١٥ ی مانگی مایسی ١٩٩٧ دا، داواکاریی گشتی فیدراڵی ئاڵمانیا چۆنیەتی بەرەو پێش بردنی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تۆمەتبارانی دیکەی رووداوی میکۆنۆسی راگەیاند:

"پانتایی پارێزگاریی نێونەتەوەیی بەگشتی نادیارە. لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆ روون کردنەوەی بڕیارەکانی کومیتە [ی کاروباری تایبەت] ـ سەلماندنی بەشداریی ئەندامانی کومیتە جگەلە فەلاحیان وەزیری ئیتیلاعات لەو تاوانەدا گونجاو نییە. لەم بارودۆخەدا دەسپێکردنی توێژینەوە لەمەڕ ئەندامانی کومیتەکە بەگشتی دژ بە بەرژەوەندییە گشتییەکانە".

دوابەدوای راگەیاندنی قەرارەکە، داواکاری گشتی بەتاوانی رێکخستنی تێرۆر داوای گرتنی عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی ـ فەرماندەری تیمی لێدان، ئەسغەر ئەرشەد و عەلی کەمالی مەئمووڕانی واواکی، کرد. ئەم داواکارییە وەرگیرا و قەراری گیرانیان لەلایەن بازپورسەوە دەرچوو. قەراری گیرانی عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی لە رۆژی ١٩٩٧/٥/١٤ دا لەلایەن دکتۆر "ولست" ـ دادوەری دیوانی بەرزی قەزاییەوە ئیمزا کرا. چەند وێنەیەکی بەنی هاشمی کە لە ساڵی ١٩٩٠ دا لە سوید هەڵگیرابوو، خرایە سەر فایلەکەی. لە یەك لەو وێنانەدا ناوبراو لەگەڵ "محەمەد هادەوی موقەددەم"دا دەبینرێت. پۆلیسی سوێد ئەوی بەناوی "حەسەن پوورزەمانی" یەوە ناسیوە. ناوبراو لە هەمان ساڵدا بەتاوانی ئامادەکاری بۆ تێرۆری باڵوێزی عەرەبستانی سعوودی لە سوێد، لەو وڵاتە دەرکراوە. دوای لێپرسینەوە لە میسباحی، روون بوەوە کە کەسێك بەناوی

---

[٣١٥] وەزارەتی ئیتلاعات هەڕەشەی کوشتنی منداڵەکانی لە ئەبولقاسم میسباحی کرد. میسباحی وەك شایەدی C لە دادگای میکۆنۆسدا شایەدیی دا؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٧؛ ١٣٧٦/٣/٢

[316] TAZ١٩٩٧/٥/٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن پوورزەمانی کە لە وەزارەتی بازرگانی ئیشی دەکرد، هەمان بەنی هاشمییە.[٣١٧] وێنەی "سەید خەلیل حوسێنی" ش لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکانەیە. ناوبراو لە تێرۆری محەمەدی لە هامبورگ لە ساڵی ١٩٨٧ دا بەشداری هەبوو. ئەبولقاسمی میسباحی لە هاوینی ساڵی ١٩٩٧ دا بە دڵنیایی سەداسەدەوە ئەو کەسانەی ناسییەوە. لە کۆتاییەکانی مانگی ئووتی ١٩٩٧ دا، کۆمەڵەی ئەو وێنانەی وا ناویان برا، بە هەموو ئامادەبوانی رەستوران[ی میکۆنۆس] لە شەوی تێرۆرەکە، نیشان درا.

لە پێوەندی تێرۆری میکۆنۆسدا، قەرای گیرانی

- ئەرشەد، ئەسغەر
- بەنی هاشمی، عەبدورەحمان
- حەیدەر، فەزلوڵڵا، لێخوڕی ترومبیلی هەڵاتن
- سەبرا، عەلی، ئامادەکەری ترومبیلی هەڵاتن
- فەلاحیان، عەلی، وەزیری ئەو کاتەی واواك

[٣١٧] ٥-٦- لە چوارچێوەی عەمەلیاتی شوێن کەوتن و چاوەدێریکردنی حەسەن پوور ٩٠/٧/٢٩ کە دواتر لەپەیوەندی بەرنامە دارشتن بۆ تێرۆری بازرگانی سعوودیدا لە سوید دەرکرایە دەرەوە، لە نزیك ماڵی ئەمیری ناسرایەوە، کرا. لەم کۆنترۆڵەدا دەرکەوت کە حەسەن پوور بە ترومبیلی شەخسیخۆی، کە فۆردێکی بێیسکۆرتی سپییە، باڵوێزخانە و ئەو ئیداراتەی گرتۆتە بەر چاوەدێری و کەوتۆتە شوێن ترومبیلی دیپلۆماتێکی سعودیش.

ئەودەمە مەئموورانی ئاسایشی سوئێد زانیارییان هەبوو کە بەرنامە بۆ تێرۆرێك لە لایەن رێکخراوەی ئاسایشی ئێرانەوە دژ بە دیپلۆماتێکی سعودی دارێژراوە.

کەسێك بە ناوی حەسەن پوور زەمانی، کە لە وەزارەتی بازرگانیی ئێران کاری دەکرد، لە ٩٠/٧/٢٩ بەدواوە یارمەتی حەسەن پووری داوە لە کاری شوێن کەوتن و چاوەدێری کردندا.

لە رێکەوتی ٩٠/٨/٢ دوو ئێرانی دیکەش بە ناوی غولامی و رەشیدنیا، کە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکیان هەبوو، گەیشتنە سوئێد. واهەیە ئەو دوو کەسە سەر بە گرووپی لێدان (Hit-Komm ) بوون.

لە رێگەی کۆنترۆڵی تەلەفونەوە زانرا کە ئەوان چاوەڕوانی گەیشتنی کەرەسەی پێویستن بۆ عەمەلیات.

هەموو کەسانی بەشدار لەو ئامادەبوونەدا، رۆژی ٩٠/٨/٤ لە سوئێد وەدەر نران.

هەندێك ناسینەوە سەبارەت بە تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران، پۆلیسی جینایی ئاڵمانیا، ١٩٩٢/٧/١٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کەمالی، عەلی

دەرچوو و پۆلیسی ئاڵمانیا بەشوێن ئەو کەسانەوەیە.

چەند مانگێك دوای راگەیاندنی قەراری شەفەوی، عەزیز تەبیب غەففاری چوو بۆ ئێران و گەڕایەوە ئاڵمانیا. پۆلیس وێنەکانی سەرەوەی پیشانی ئەویش دا و لێپرسینەوەی لێکرد. ناوبراو بەمەزندە وەڵامی دووورودرێژی دایەوە و گوتی چۆن و لەکوێ دوو مەئموورى "بە بۆچوونی ئەو، پایەبەرزی واواك" لە تاران پرسیاریان لێکردوە و چ کەس و چ شتێك بۆیان "سەرنجراکێش" بوە. ناوبراو گوتی مەئموورانی ئێران فایلەکەی دادگای ئاڵمانیای خۆمیان بە زمانی ئاڵمانی و وەرگێڕاوی فارسی نیشانی من دا. وێدەچوو لە هەموو شتێك و لە قسەکانی هەرکام لە ئێمە لە دادگا زانیاریی وردیان هەبێت. ئەوان کۆمۆدێکیان پێشیان دام و گوتیان ئەم کۆمۆدە پڕە لە بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە میکۆنۆس.

لە مانگی ژانویەی ١٩٩٨ هیلمۆت هوفر بازرگانی ئاڵمانی بەتاوانی پێوەندی غەیرەشەرعی جنسی لەگەڵ ژنێکی ئێرانی گیرا و قەراری ئیعدامی بۆ دەرچوو. لە چەند رۆژنامەی رەسمی ئێرانیدا خواستی گۆڕینەوەی ناوبراو لەگەڵ کازم دارابی هێنرایە گۆڕێ.

لقی ٣ ی دیوانی بەرزی فیدراڵی ئاڵمانیا داواکاریی پێداچوونەوەی تۆمەتبارەکان و پارێزەرەکانیانی بە دەنگی گشتی دایە دواوە و رۆژی ١٩٩٨/١٢/٩ قەراری دادگای میکۆنۆس قەتعی کرا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پاشکۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١. پێڕستی دانیشتنەکانی دادگا

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٩٣/١٠/٢٨ | دەستپێکردنی دادڕەسی و ڕەسمیەتی دادگا |
| ٢ | ١٩٩٣/١٠/٢٨ | خوێندنەوەی تاواننامە |
| ٣ | ١٩٩٣/١١/٤ | لێپرسینەوە لە محەمەد ئەمین؛ داواکاریی "یەشکە" بۆ شایەدیدانی شمید باوێر |
| ٤ | ١٩٩٣/١١/٥ | لێپرسینەوە لە محەمەد عەتریس |
| ٥ | ١٩٩٣/١١/١١ | لێپرسینەوە لە محەمەد عەتریس |
| ٦ | ١٩٩٣/١١/١٢ | لێپرسینەوە لە ئەمین؛ موافەقە لەگەڵ شایەدیدانی شمید باوێر |
| ٧ | ١٩٩٣/١١/١٨ | لێپرسینەوە لە ئەمین |
| ٨ | ١٩٩٣/١١/١٩ | لێپرسینەوە لە ئەمین |
| ٩ | ١٩٩٣/١١/٢٥ | عەزڵکرانی بونگارت لەلایەن ئەمینەوە؛ لێپرسینەوەکانی عەتریس، عەیاد، دارابی و راحیل |
| ١٠ | ١٩٩٣/١١/٢٦ | شایەدیدانی شوهرەی بەدیعی |
| ١١ | ١٩٩٣/١٢/٢ | شایەدیدانی شوهرەی بەدیعی و شایەدیدانی حەمزە فەراهەتی |
| ١٢ | ١٩٩٣/١٢/٣ | شایەدیدانی حەمزە فەراهەتی و شایەدیدانی حەسەن جەعفەری |
| ١٣ | ١٩٩٣/١٢/٩ | شایەدیدانی حەمزە فەراهەتی و شایەدیدانی عەبدولڵا عیزەت پوور |
| ١٤ | ١٩٩٣/١٢/١٠ | شایەدیدانی عەبدولڵا عیزەتپوور و شایەدیدانی نەسروڵا نەوبەری بەراتی و شایەدیدانی کامبیز |

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| | | روستا |
| ١٥ | ١٩٩٣/١٢/١٦ | شایەدیدانی فەرهاد فەرجاد ئازاد و شایەدیدانی مەسعود میر راشد |
| ١٦ | ١٩٩٣/١٢/١٧ | شایەدیدانی میر راشد و شایەدیدانی پیتر بوهم و چاوپۆشی کردن لە شایەدیدانی بەهمەن نیرومەند |
| ١٧ | ١٩٩٣/١٢/٢١ | شایەدیدانی پیتر بوهم |
| ١٨ | ١٩٩٤/١/٣ | شایەدیدانی کازم موسەویزادە |
| ١٩ | ١٩٩٤/١/٦ | شایەدیدانی دەستماڵچی و شایەدیدانی ئیبراهیمزادە |
| ٢٠ | ١٩٩٤/١/٧ | شایەدیدانی دەستماڵچی و شایەدیدانی ئیبراهیمزادە |
| ٢١ | ١٩٩٤/١/١٣ | شایەدیدانی تەبیب غەففاری |
| ٢٢ | ١٩٩٤/١/١٤ | شایەدیدانی تەبیب غەففاری |
| ٢٣ | ١٩٩٤/١/٢٠ | شایەدیدانی سیمۆن (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە)، شایەدیدانی ریناتە کاکیر[٣١٨] و شایەدیدانی تەبیب غەففاری |
| ٢٤ | ١٩٩٤/١/٢١ | شایەدیدانی سیمۆن (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٢٥ | ١٩٩٤/١/٢٧ | شایەدیدانی سیمۆن (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٢٦ | ١٩٩٤/١/٢٨ | شایەدیدانی سیمۆن (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٢٧ | ١٩٩٤/٢/٤ | شایەدیدانی سیمۆن (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٢٨ | ١٩٩٤/٢/١٠ | شایەدیدانی فان ترك (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٢٩ | ١٩٩٤/٢/١١ | شایەدیدانی فان ترك (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٣٠ | ١٩٩٤/٢/١٧ | شایەدیدانی بایر[٣١٩] (بازپورس) |
| ٣١ | ١٩٩٤/٢/١٨ | شایەدیدانی بایر (بازپورس) |
| ٣٢ | ١٩٩٤/٢/٢٤ | شایەدیدانی بایر (بازپورس) |
| ٣٣ | ١٩٩٤/٢/٢٥ | شایەدیدانی بایر (بازپورس) |

318 Renane Cakir
319 Bayer

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ٣٤ | ١٩٩٤/٣/٣ | شایەدیدانی فان ترك (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) و شایەدیدانی بایر (بازپورس) |
| ٣٥ | ١٩٩٤/٣/٤ | شایەدیدانی بایر (بازپورس) و شایەدیدانی کازم موسەویزادە |
| ٣٦ | ١٩٩٤/٣/١٠ | شایەدیدانی میشائێل شوایکرت[320] (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) و شایەدیدانی ئولکە[321] (مەئمووری زیندان) و شایەدیدانی هیلموت ئالیکس[322] (مەئمووری زیندان) |
| ٣٧ | ١٩٩٤/٣/١١ | شایەدیدانی شوایکرت (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٣٨ | ١٩٩٤/٣/١٧ | شایەدیدانی شمید باوێر (وەزیری راوێژکار) |
| ٣٩ | ١٩٩٤/٣/١٨ | شایەدیدانی ئیسفەندیار سادقزادە |
| ٤٠ | ١٩٩٤/٣/٢٤ | شایەدیدانی فان ترك (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٤١ | ١٩٩٤/٣/٢٥ | شایەدیدانی فان ترك (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٤٢ | ١٩٩٤/٣/٣١ | شایەدیدانی کەریم گویژەل |
| ٤٣ | ١٩٩٤/٤/٧ | شایەدیدانی فان ترك (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٤٤ | ١٩٩٤/٤/٨ | شایەدیدانی فان ترك (پۆلیسی لێکۆڵەرەوە) |
| ٤٥ | ١٩٩٤/٤/١٤ | شایەدیدانی شمید باوێر (وەزیری راوێژکار) و شایەدیدانی نوشین فولادوەند |
| ٤٦ | ١٩٩٤/٤/١٥ | شایەدیدانی نوشین فولادوەند و شایەدیدانی "ئەل دبس" |
| ٤٧ | ١٩٩٤/٤/٢١ | شایەدیدانی حاجی دومن و شایەدیدانی "ئەلدبس" |
| ٤٨ | ١٩٩٤/٤/٢٢ | شایەدیدانی مرحی |
| ٤٩ | ١٩٩٤/٤/٢٨ | شایەدیدانی یشکە، شایەدیدانی جەڕادە |

320 Michael Schweikert
321 Oelke
322 Helmut Alex

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ٥٠ | ١٩٩٤/٤/٢٩ | شایەدیدانی دیتر مولر[٣٢٣] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٥١ | ١٩٩٤/٥/٥ | شایەدیدانی هۆرست هۆفمەن[٣٢٤] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی مەجدی شەحرور |
| ٥٢ | ١٩٩٤/٥/٦ | شایەدیدانی مەجدی شەحرور و شایەدیدانی جەمیل ئەحمەدزادە |
| ٥٣ | ١٩٩٤/٥/١٣ | شایەدیدانی محەمەد ئەبولحەسەن و خوێندنەوەی دوو نامەی راحیل بۆ شەحرور |
| ٥٤ | ١٩٩٤/٥/١٩ | شایەدیدانی کەریم گوێزەل و وەفا ئەلومی |
| ٥٥ | ١٩٩٤/٥/٢٠ | شایەدیدانی ئیتمار شوکوپ[٣٢٥] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٥٦ | ١٩٩٤/٥/٢٦ | شایەدیدانی هارتمور پلونسکە[٣٢٦] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی کاترین نیسپل[٣٢٧] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٥٧ | ١٩٩٤/٦/٦ | شایەدیدانی سەمیر شێخ عەلی و شایەدیدانی مەحمود عەلیان |
| ٥٨ | ١٩٩٤/٦/٩ | شایەدیدانی فان ترك (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٥٩ | ١٩٩٤/٦/١٠ | شایەدیدانی جەڕادە و شایەدیدانی مەحمود عەلیان |
| ٦٠ | ١٩٩٤/٦/١٦ | [شایەدیدانی] حوسام شەحرور |
| ٦١ | ١٩٩٤/٦/١٧ | شایەدیدانی مونیکا هیلگرت[٣٢٨] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی کارل هاینس تایز[٣٢٩] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |

323 Dieter Müller
324 Horst Hoffmann
325 Soukop
326 Plonzke
327 Katrin Nispel
328 Hilgert
329 Theis

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ٦٢ | ١٩٩٤/٦/٢٣ | شایەدیدانی باربارا بونگر[٣٣٠] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی فانی بایێروفسکی[٣٣١] (پۆلیس لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی لوسماینر[٣٣٢] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی مانفرێد کێمپ فێر[٣٣٣] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٦٣ | ١٩٩٤/٦/٢٤ | شایەدیدانی ئەرسین ئۆنری (برادەری عەتریس) و شایەدیدانی ئێکهارد ویت[٣٣٤] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی یورگن وانك[٣٣٥] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٦٤ | ١٩٩٤/٦/٣٠ | شایەدیدانی پاول کروشل[٣٣٦] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٦٥ | ١٩٩٤/٧/١ | شایەدیدانی شایەدیدانی فرانك سوکۆلۆفسکی[٣٣٧] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی کلاوس بۆرۆوی[٣٣٨] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی کارین کرێمێر[٣٣٩] (پسپۆڕی جینایی) و شایەدیدانی فۆلفگانگ بوگنهاگن[٣٤٠] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی یوزێف کیکنێر[٣٤١] (پسپۆڕی چەکەمەنی) |
| ٦ | ١٩٩٤/٧/٦٧ | شایەدیدانی دکتۆر فولکما شنایدر[٣٤٢] (پسپۆڕی شیکردنەوە [ی ئەندامی لەش]) |
| ٦٧ | ١٩٩٤/٧/٨ | شایەدیدانی ئێرهارد وێدهۆرن (پۆلیسی لێکۆڵینەوە)، |

330 Bunger
331 Bayerwsky
332 Meiner
333 Kempfer
334 Witt
335 Wank
336 Kroschel
337 Frank Sokolowsky
338 Borowy
339 Karin Kremer
340 Wolfgang Buggenhagen
341 Josef Kickner
342 Schneider

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| | | شایەدیدانی میشائیل بینشتاین[٣٤٣] (پسپۆڕی چەکەمەنی) و شایەدیدانی هانس یۆرگن ڕێدر[٣٤٤] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٦٨ | ١٩٩٤/٧/١٤ | شایەدیدانی لوتار وایتسۆرێك[٣٤٥] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی مونیکا هیلگرت (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی سوزانە ئیگنبرۆد[٣٤٦] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی فورمایستر[٣٤٧] (پسپۆڕی پەنجە مۆر) |
| ٦٩ | ١٩٩٤/٧/١٥ | شایەدیدانی لیئۆ پۆڵد فۆسر[٣٤٨] (پسپۆڕی چەکەمەنی)، ناڕەزایی دەربڕینی ئەمین. |
| ٧٠ | ١٩٩٤/٧/٢٠ | ڕەدبوونەوەی داواکاریی عەتریس، شایەدیدانی گیرهارد زاڵمێن[٣٤٩] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە)، خوێندنەوەی نامەی عەلیان |
| ٧١ | ١٩٩٤/٨/١٩ | شایەدیدانی دیتلیف دینزینگ[٣٥٠] (ڕاوێژکاری دارایی عەلین، شایەدیدانی تانیا هاینمەن[٣٥١] (سکرتێری دینـزینگ)، شایەدیدانی دیتر شتورم[٣٥٢] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی حەسەن فەیاد ناسرەددین |
| ٧٢ | ١٩٩٤/٨/٢٥ | شایەدیدانی ڕەشید جەڕادە و شایەدیدانی عەباس |

343 Benstein
344 Reder
345 Weitzorreck
346 Eigenbrod
347 Fuhmeister
348 Pfoser
349 Zalmen
350 Dinsing
351 Tanja Heinemann
352 Sturm

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| | | حەتیت |
| ٧٣ | ١٩٩٤/٨/٢٦ | شایەدیدانی هانریش روزنلێنر[٣٥٣] (مەئمووری BND، کە لە کاتی شایەدیداندا ناوی راگەیێنرا) |
| ٧٤ | ١٩٩٤/٩/١ | شایەدیدانی عەبدولکەریم داهینی |
| ٧٥ | ١٩٩٤/٩/٢ | شایەدیدانی عەبدولکەریم داهینی |
| ٧٦ | ١٩٩٤/٩/٨ | شایەدیدانی حەسەن هەمەدانی |
| ٧٧ | ١٩٩٤/٩/٩ | شایەدیدانی راینز بینز (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی داود عەوادا، شایەدیدانی سوهێل وەحبە عەجەمی |
| ٧٨ | ١٩٩٤/٩/١٥ | شایەدیدانی حەسەن هەمەدانی و شایەدیدانی حەیدەر هەمەدانی |
| ٧٩ | ١٩٩٤/٩/١٦ | شایەدیدانی حەیدەر هەمەدانی و نارەزایی دەربڕینی ئەمین بەنیسبەت دادگاوە |
| ٨٠ | ١٩٩٤/٩/٢٢ | شایەدیدانی حەیدەر هەمەدانی و شایەدیدانی محێدین ئەلخدرا (وەگێڕی رەسمی) وشایەدیدانی کلاوس ئۆستمەن[٣٥٤] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٨١ | ١٩٩٤/٩/٢٣ | شایەدیدانی هۆرست هۆفمەن (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی سکاربرێست ریش و شایەدیدانی دکتۆر ئونن گراوهان[٣٥٥] |
| ٨٢ | ١٩٩٤/٩/٢٩ | شایەدیدانی گونتر رومپ[٣٥٦] (بەرپرسی ماڵی پەنابەران)، شایەدیدانی میشائیل سکاربرێست ریش و شایەدیدانی دیتر مولر[٣٥٧] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |

[353] Rosenlehner
[354] Klaus Ostman
[355] Grauhan
[356] Günther Rump

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ٨٣ | ١٩٩٤/٩/٣٠ | شایەدیدانی حسین شەماس و شایەدیدانی هێلگە تێپ[٣٥٨] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ٨٤ | ١٩٩٤/١٠/٦ | شایەدیدانی کیدرۆفسکی[٣٥٩] و شایەدیدانی برێست ریش |
| ٨٥ | ١٩٩٤/١٠/٧ | شایەدیدانی مووسا حەسەن |
| ٨٦ | ١٩٩٤/١٠/١٣ | شایەدیدانی حسین شەهشەهو |
| ٨٧ | ١٩٩٤/١٠/١٤ | شایەدیدانی گرۆنەواڵد (بەڕێوەبەری BFV) |
| ٨٨ | ١٩٩٤/١٠/٢٠ | شایەدیدانی محەمەد نەواب پوور |
| ٨٩ | ١٩٩٤/١٠/٢١ | شایەدیدانی شتاین باخ (پسپۆڕ، ئێراناس) |
| ٩٠ | ١٩٩٤/١٠/٢٧ | شایەدیدانی تاریق شال |
| ٩١ | ١٩٩٤/١٠/٢٨ | شایەدیدانی ئەگانی |
| ٩٢ | ١٩٩٤/١١/٣ | شایەدیدانی شەماس و شایەدیدانی کازم مووسەوی زادە |
| ٩٣ | ١٩٩٤/١١/٤ | شایەدیدانی مەنووچیهر گەنجی |
| ٩٤ | ١٩٩٤/١١/١٠ | شایەدیدانی گرۆنەواڵد (بەڕێوەبەری BFV ) |
| ٩٥ | ١٩٩٤/١١/١١ | شایەدیدانی شاهۆ حوسێنی |
| ٩٦ | ١٩٩٤/١١/١٧ | شایەدیدانی حسین موتەحەملیان |
| ٩٧ | ١٩٩٤/١١/١٨ | شایەدیدانی فۆندا ستووونداگ[٣٦٠] و شایەدیدانی ئیسماعیل ئەلمووسەوی |
| ٩٨ | ١٩٩٤/١١/٢٤ | شایەدیدانی حسین کنج |
| ٩٩ | ١٩٩٤/١١/٢٥ | شایەدیدانی شتاین باخ (پسپۆڕ، ئێران ناس) |
| ١٠٠ | ١٩٩٤/١٢/١ | شایەدیدانی ساین فنایشە |
| ١٠١ | ١٩٩٤/١٢/٢ | شایەدیدانی خەدیجە شەحرور، خوێندنەوەی فایلی |

357 Müller
358 Tepp
359 Kiedrowski
360 Funda Stundag

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| | | دزی کردنی شێخ عەلی، شایەدیدانی بەهمەن برنجیان |
| ١٠٢ | ١٩٩٤/١٢/٨ | شایەدیدانی حسین کنج |
| ١٠٣ | ١٩٩٤/١٢/٩ | شایەدیدانی مونووچیهر گەنجی و شایەدیدانی بەهمەن برنجیان |
| ١٠٤ | ١٩٩٤/١٢/١٦ | پێشکەشکرانی داواکاریی لەلایەن داواکاریی گشتییەوە بۆ دامەزرانی مەسەلەی فایلی تێرۆری [عەبدولڕەحمان] قاسملو |
| ١٠٥ | ١٩٩٤/١٢/٢٣ | [خوێندنەوەی] تاواننامەی موحاکەمەی بکوژانی [شاپور] بەختیار، باسکردن سەبارەت بە دامەزراندنی مەسەلەی فایلی تێرۆری قاسملو |
| ١٠٦ | ١٩٩٥/١/٢ | راپۆرتی پۆلیس سەبارەت بە چەکی بەکارهێنراو لە تێرۆری میکۆنۆس و تێرۆری [غوڵام] کەشاوەرز و محەمەدی، و شایەدیدانی والتراود گلەزێر[361] (کە قاتڵەکانی لە کاتی هاتنەدەر لە رەستورانەکە بینیبوو) |
| ١٠٧ | ١٩٩٥/١/١٢ | شایەدیدانی ناسر کەوسەری و شایەدیدانی محەمەد رەزا کیانفەر |
| ١٠٨ | ١٩٩٥/١/١٣ | شایەدیدانی ناسر کەوسەری و شایەدیدانی محەمەد رەزا کیانفەر |
| ١٠٩ | ١٩٩٥/١/١٩ | شایەدیدانی محەمەد رەزا کیانفەر و شایەدیدانی میشائیل ریشتر[362] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ١١٠ | ١٩٩٥/١/٢٠ | شایەدیدانی شمانکە (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ١١١ | ١٩٩٥/١/٢٦ | شایەدیدانی شمانکە (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |

361 Waltraud Glaeser
362 Richter

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ١١٢ | ١٩٩٥/١/٢٧ | شایەدیدانی ئینگیرید باوێر[٣٦٣] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و شایەدیدانی عیماد هودروج |
| ١١٣ | ١٩٩٥/٢/٢ | شایەدیدانی راینژ بیەنز (پۆلیسی لێکۆڵینەوە)، موافەقە کردن [ی دادگا] لەگەڵ داواکاریی بۆ شایەدیدان سەبارەت بە فایلی قاسملو |
| ١١٤ | ١٩٩٥/٢/٣ | باس کردن لەسەر داواکارییە جیاجیاکانی پارێزەرانی عەیاد |
| ١١٥ | ١٩٩٥/٢/٩ | شایەدیدانی بەهمەن برنجیان |
| ١١٦ | ١٩٩٥/٢/١٠ | شایەدیدانی محەمەد تەقی ئاشتیانی |
| ١١٧ | ١٩٩٥/٢/٢١ | شایەدیدانی کەمال حسین کنج و شایەدیدانی غاڵب کەمل شەحرور و داواکاریی پارێزەرانی دارابی |
| ١١٨ | ١٩٩٥/٢/٢٣ | شایەدیدانی ستۆویچ (پۆلیسی لێکۆڵینەوەی ئوتریش [نەمسا])، نامەی BFV |
| ١١٩ | ١٩٩٥/٢/٢٤ | نارەزایی دەربڕینی تۆمەتباران، شایەدیدانی غاڵب کەماڵ شەحرور و خوێندنەوەی یاسای بنەڕەتیی ئێران ـ بەشی شۆڕای ئاسایشی نەتەوەیی |
| ١٢٠ | ١٩٩٥/٣/٢ | شایەدیدانی محەمەد تەقی ئاشتیانی |
| ١٢١ | ١٩٩٥/٣/٣ | شایەدیدانی هۆفمەن (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ١٢٢ | ١٩٩٥/٣/٩ | شایەدیدانی کروشل (پۆلیسی لێکۆڵینەوە)، پاسپۆرتی عەلی سەبرا |
| ١٢٣ | ١٩٩٥/٣/١٧ | شایەدیدانی شۆت[٣٦٤] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) سەبارەت بە ئەمین |
| ١٢٤ | ١٩٩٥/٣/٢٣ | شایەدیدانی کناپە[٣٦٥] لێخوڕی تەکسی (عیرفانیان) |

363 Ingrid Bauer
364 Schott

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٥ | ١٩٩٥/٣/٣٠ | شایەدیدانی پارێزەرانی دارابی |
| ١٢٦ | ١٩٩٥/٤/٦ | شایەدیدانی مەحمود کەریمی، داواکاریی یشکە و شیلی بۆ شایەدیدانی کانتر[٣٦٦] وەزیری ناوخۆی ئاڵمانیا و ئەوانی تر |
| ١٢٧ | ١٩٩٥/٤/١٣ | شایەدیدانی ئیسماعیل ئەلموسەوی |
| ١٢٨ | ١٩٩٥/٤/٢٠ | شایەدیدانی ئیسماعیل ئەلموسەوی |
| ١٢٩ | ١٩٩٥/٤/٢١ | داواکاریی پارێزەرانی دارابی، شایەدیدانی جەواد دەبیران |
| ١٣٠ | ١٩٩٥/٤/٢٧ | شایەدیدانی شەوقی کنج |
| ١٣١ | ١٩٩٥/٥/٤ | شایەدیدانی عەدنان عەیاد |
| ١٣٢ | ١٩٩٥/٥/١١ | شایەدیدانی محەمەد رەزا سەقەفی |
| ١٣٣ | ١٩٩٥/٥/١٨ | شایەدیدانی حسین روزی تەڵەب و داواکاریی بۆ شایەدیدانی فەلاحیان لەلایەن پارێزەرانی دارابییەوە |
| ١٣٤ | ١٩٩٥/٥/١٩ | شایەدیدانی حسین روزی تەڵەب و دژایەتی نواندنی ئێریگ لەگەڵ شایەدیدانی فەلاحیان |
| ١٣٥ | ١٩٩٥/٥/٢٦ | شایەدیدانی محەمەد رەزا سەقەفی |
| ١٣٦ | ١٩٩٥/٦/١ | شایەدیدانی باربارا وایتس[٣٦٧] (فەرمانبەری دائیرەی پیشانگاکانی ئاڵمانیا) |
| ١٣٧ | ١٩٩٥/٦/٢ | شایەدیدانی ئیدەمیر |
| ١٣٨ | ١٩٩٥/٦/٨ | شایەدیدانی عەدنان عەیاد و نامەی بەهرام برینجیان بۆ پارێزران لە دەست بەسەر بوون |
| ١٣٩ | ١٩٩٥/٦/٩ | شایەدیدانی عەدنان عەیاد |
| ١٤٠ | ١٩٩٥/٦/١٥ | شایەدیدانی ئیدەمیر |

365 Knape
366 Kanter
367 Barbara Weitz

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ١٤١ | ١٩٩٥/٦/١٦ | شایەدیدانی عەدنان عەیاد |
| ١٤٢ | ١٩٩٥/٦/٢٢ | شایەدیدانی دەبیران و شایەدیدانی حەسەن عەیاد |
| ١٤٣ | ١٩٩٥/٦/٢٣ | خۆگرتنی حەسەن عەیاد لە شایەدیدان (هەمان رۆژ بە تاوانی کارێکی تر گیرابوو) |
| ١٤٤ | ١٩٩٥/٦/٢٩ | شایەدیدانی یوسف عەیاد |
| ١٤٥ | ١٩٩٥/٦/٣٠ | خۆگرتنی جومانە عەیاد ـ ژن خوشکی دارابی لە شایەدیدان |
| ١٤٦ | ١٩٩٥/٦/٣١ | شایەدیدانی عەباس هیلال و شایەدیدانی کەدووری (خاوەن ماڵ) |
| ١٤٧ | ١٩٩٥/٨/٧ | شایەدیدانی زەکەریا وەهبی |
| ١٤٨ | ١٩٩٥/٨/١٧ | شایەدیدانی جەڕادە |
| ١٤٩ | ١٩٩٥/٨/١٨ | شایەدیدانی جەڕادە |
| ١٥٠ | ١٩٩٥/٨/٢٤ | شایەدیدانی عەلی عەرەبی بلاغی |
| ١٥١ | ١٩٩٥/٨/٢٥ | شایەدیدانی غولامڕەزا رەحمەتی عەلیخانی |
| ١٥٢ | ١٩٩٥/٨/٢٨ | شایەدیدانی محەمەد هیلال، داواکاریی لەلایەن داواکاری گشتییەوە بۆ بەرەڵاکرانی عەیاد و عەتریس لە زیندانی کاتی |
| ١٥٣ | ١٩٩٥/٩/٧ | شایەدیدانی ئەلموسەوی |
| ١٥٤ | ١٩٩٥/٩/٨ | شایەدیدانی مەهدی عەلیرەزایی |
| ١٥٥ | ١٩٩٥/٩/١٤ | شایەدیدانی هاینس ئانۆسیك[٣٦٨] (سەرۆکی( LFA) |
| ١٥٦ | ١٩٩٥/٩/١٥ | شایەدیدانی راینر بیەنز (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ١٥٧ | ١٩٩٥/٩/٢١ | شایەدیدانی عەباس حەتیت، شایەدیدانی رولا حەتیت |
| ١٥٨ | ١٩٩٥/٩/٢٢ | شایەدیدانی کۆنستانسە عەیاد |
| ١٥٩ | ١٩٩٥/٩/٢٨ | شایەدیدانی ئەحمەد موخی ئیبیراهیم زادە |

[368] Annussek

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ١٦٠ | ١٩٩٥/٩/٢٩ | شایەدیدانی عەلی هیلال |
| ١٦١ | ١٩٩٥/١٠/٩ | شایەدیدانی موحسین سابیت |
| ١٦٢ | ١٩٩٥/١٠/١٢ | شایەدیدانی گرونە والد (بەڕێوەبەری BFV) |
| ١٦٣ | ١٩٩٥/١٠/١٣ | شایەدیدانی میشائیل شتۆلر[٣٦٩] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) و ئائودی عەوادە (وەرگێڕی لێپرسینەوە) |
| ١٦٤ | ١٩٩٥/١٠/١٩ | شایەدیدانی شەهادە |
| ١٦٥ | ١٩٩٥/١٠/٢٦ | شایەدیدانی محەمەد عاملی و شایەدیدانی عەلی محەمەد زەوارە |
| ١٦٦ | ١٩٩٥/١١/٢ | وەڵامی دەوڵەتی بەرلین، چالاکی دارایی و ڕێکخستنەوەی حیزبوڵا دوای گیرانەکەی |
| ١٦٧ | ١٩٩٥/١١/٩ | شایەدیدانی جەعفەر خەلیل |
| ١٦٨ | ١٩٩٥/١١/١٦ | شایەدیدانی پژمان تەهماسبی |
| ١٦٩ | ١٩٩٥/١١/١٧ | شایەدیدانی شاکر رمل |
| ١٧٠ | ١٩٩٥/١١/٢٠ | شایەدیدانی شاکر رمل |
| ١٧١ | ١٩٩٥/١١/٢٣ | شایەدیدانی ئوتە هێلگا گونتر[٣٧٠] |
| ١٧٢ | ١٩٩٥/١١/٣٠ | شایەدیدانی یوخن بروبیل[٣٧١] (فەرمانبەری دائیرەی بێگانان) و شایەدیدانی نەوزەری نەژاد |
| ١٧٣ | ١٩٩٥/١٢/٧ | پێشکەش کرانی وتاری سدیقی ناو [ڕۆژنامەی] نیمروز لەلایەن داواکاری گشتییەوە |
| ١٧٤ | ١٩٩٥/١٢/١٤ | شایەدیدانی کلاوس دیەتر فوگل[٣٧٢] (بەرپرسی کتێبخانەی زیندان) |
| ١٧٥ | ١٩٩٥/١٢/٢٢ | خوێندنەوەی راپۆرتی پۆلیس سەبارەت بە تیری خەلاس دران لە [سەری ئەردەڵان] |

369 Michael Stoeler
370 Ute Helga Günther
371 Jochen Brübel
372 Klaus Dieter Vogel

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ١٧٦ | ١٩٩٦/١/٢ | خوێندنەوەی راپۆرت لەمەڕ چەکی بەکارهێنراو لە تیرۆری کەشاوەرز، محەمەدی و میکۆنۆس |
| ١٧٧ | ١٩٩٦/١/١١ | شایەدیدانی ئودیپ ئەربەش |
| ١٧٨ | ١٩٩٦/١/١٨ | خوێندنەوەی وەڵامی گرونە والْد (بەرێوەبەری BFV) بەرپرسیارەکان |
| ١٧٩ | ١٩٩٦/١/٢٥ | شایەدیدانی گرونە والْد (بەرێوەبەری BFV) |
| ١٨٠ | ١٩٩٦/٢/٢ | شایەدیدانی ریگە[373] (پۆلیسی لێکۆلینەوە لە تیرۆری محەمەدی) |
| ١٨١ | ١٩٩٦/٢/٧ | خوێندنەوەی راپۆرت لەمەڕ تەزویر بوونی نامەی سەبارەت بە ٥٠ هەزار مارکی دارابی لەئێرانەوە هاتوو |
| ١٨٢ | ١٩٩٦/٢/١٩ | خوێندنەوەی نامەی لەمیاندواوەوە هاتوو |
| ١٨٣ | ١٩٩٦/٢/٢٩ | شایەدیدانی گرونە والْد (بەرێوەبەری BFV) |
| ١٨٤ | ١٩٩٦/٣/٧ | شایەدیدانی فان ترك (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ١٨٥ | ١٩٩٦/٣/١٤ | شایەدیدانی هۆفمەن (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ١٨٦ | ١٩٩٦/٣/٢١ | شایەدیدانی رێگینە فلۆوێر[374] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) |
| ١٨٧ | ١٩٩٦/٣/٢٨ | رەدبوونەوەی داواکاریی پارێزەرانی دارابی و ئەمین و خوێندنەوەی داواکاریی یشکە و شیلی |
| ١٨٨ | ١٩٩٦/٤/٤ | پێشکەش کرانی فایلی فەلاحیان بە دادگا |
| ١٨٩ | ١٩٩٦/٤/١١ | خوێندنەوەی قەراری گرتنی عەلی سەبرا و فەزلوڵلا حەیدەر، خوێندنەوەی پێرستی ناوی بەشداران لە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی |
| ١٩٠ | ١٩٩٦/٤/١٨ | شایەدیدانی بیرنارد برونك[375] (فەرمانبەری دائیرەی |

[373] Riege
[374] Regiene Floer
[375] Bernard Brunk

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| | | توریزمی بەرلین)، خوێندنەوەی [دەقی] لێپرسینەوەکانی حەسەن ئەبولحەسەن |
| ١٩١ | ١٩٩٦/٤/٢٥ | خوێندنەوەی نامەی وەزارەتی دادپەروەری سەبارەت بە بانگ کردنی شاهیدان لە ئێرانەوە، شایەدیدانی جەڕادە، نامە و داواکاریی دارابی، خوێندنەوەی ناوی بەشدارانی ئێرانی لە پیشانگای توریزمی ١٩٩١ (لەوانە، نادر کەجووری) |
| ١٩٢ | ١٩٩٦/٥/٢ | خوێندنەوەی وەڵامی BND و پەسندکراوی هەیئەتی داوەران لەمەڕ ئەوەی کە نوورئارا و بەهرام برنجیان لەبەر دەستدا نین |
| ١٩٣ | ١٩٩٦/٥/٩ | شایەدیدانی دیتمار شمیت[٣٧٦] (پۆلیسی لێکۆڵینەوە) سەبارەت بە شایەدیدانی بەهرام برنجیان |
| ١٩٤ | ١٩٩٦/٥/١٤ | خوێندنەوەی چەند بەش لە قەراری دادگای تێرۆری [شاپور] بەختیار |
| ١٩٥ | ١٩٩٦/٥/٢٣ | داواکاریی پارێزەرانی دارابی بۆ شایەدیدانی داواکاری گشتی |
| ١٩٦ | ١٩٩٦/٥/٣٠ | وەڵامی وەزارەتی ناوخۆ بە داواکاریی ئێریک و ویلاند |
| ١٩٧ | ١٩٩٦/٦/٦ | ڕەدکرانەوەی داواکاریی پارێزەرانی عەیاد، قەبووڵی شایەدیدانی داواکاری گشتی |
| ١٩٨ | ١٩٩٦/٦/١٣ | وەڵامی وەزارەتی دادپەروەری سەبارەت بە شایەدیدانی سێ ئێرانی لە ئێران |
| ١٩٩ | ١٩٩٦/٦/٢٠ | شایەدیدانی برونۆ یوست داواکاری گشتی پایەبەرز |
| ٢٠٠ | ١٩٩٦/٦/٢٥ | ئیجازەی ئێران بۆ شایەدیدانی دوو ئێرانی لە باڵوێزخانەی ئاڵمانیا [لە تاران] |

[376] Dietmmar Schmidt

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠١ | ١٩٩٦/٧/٤ | نامەی ئەمین، پەسندکردنی شایەدیدانی دوو کەس لە ئێرانەوە |
| ٢٠٢ | ١٩٩٦/٧/٥ | داواکاریی ئێریگ و ویلاند بۆ شایەدیدانی بەنیسەدر |
| ٢٠٣ | ١٩٩٦/٧/١٥ | پەسندکردنی شایەدیدانی بەنی سەدر |
| ٢٠٤ | ١٩٩٦/٧/٢٢ | شایەدیدانی بەنی سەدر |
| ٢٠٥ | ١٩٩٦/٧/٢٣ | شایەدیدانی بەنی سەدر |
| ٢٠٦ | ١٩٩٦/٧/٢٩ | خوێندنەوەی دەقی شایەدیدانی بەهرام برنجیان (لە تاران) |
| ٢٠٧ | ١٩٩٦/٩/٥ | نامە و داوکاریی دارابی، شایەدیدانی بەنی سەدر |
| ٢٠٨ | ١٩٩٦/٩/١٢ | رەدکرانەوەی شایەدیدانی نوورئارا لە ئێران، [باس] لەسەر شایەدیدانی ئەو سەرچاوانەی وا بەنی سەدر [ناساندبوونی]، گیرانی دووبارەی عەتریس |
| ٢٠٩ | ١٩٩٦/٩/١٩ | شایەدیدانی ئودیپ ئەربەش |
| ٢١٠ | ١٩٩٦/٩/٢٦ | شایەدیدانی محەمەد حسین عەبدولا |
| ٢١١ | ١٩٩٦/١٠/٧ | فایلی ناوەندی یەکگرتووی ئیسلامی، شایەدیدانی عەبدولڕەحیم عەبدولرەحیمی |
| ٢١٢ | ١٩٩٦/١٠/١٠ | شایەدیدانی ئەبولقاسم میسباحی (دانیشتنی نائاشکرای دادگا) |
| ٢١٣ | ١٩٩٦/١٠/١١ | شایەدیدانی ئەبولقاسم میسباحی (دانیشتنی نائاشکرای دادگا) |
| ٢١٤ | ١٩٩٦/١٠/١٧ | شایەدیدانی ئەبولقاسم میسباحی (دانیشتنی نائاشکرای دادگا) |
| ٢١٥ | ١٩٩٦/١٠/١٨ | شایەدیدانی ئەبولقاسم میسباحی (دانیشتنی نائاشکرای دادگا) |
| ٢١٦ | ١٩٩٦/١٠/٢٤ | شایەدیدانی فازیل ئەڵلاوێردی نیکجە |

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ٢١٧ | ١٩٩٦/١٠/٣١ | شایەدیدانی حەسەن عەلی ئەلووش |
| ٢١٨ | ١٩٩٦/١١/٧ | شایەدیدانی فازیل ئەڵلاوێردی نیکجە |
| ٢١٩ | ١٩٩٦/١١/١٢ | خوێندنەوەی تاواننامە |
| ٢٢٠ | ١٩٩٦/١١/١٤ | خوێندنەوەی تاواننامە |
| ٢٢١ | ١٩٩٦/١١/١٥ | خوێندنەوەی تاواننامە |
| ٢٢٢ | ١٩٩٦/١١/٢١ | دوایین داکۆکییەکانی ئێریگ و شیلی و ویشکە |
| ٢٢٣ | ١٩٩٦/١١/٢٢ | دوایین داکۆکییەکانی ویلاند |
| ٢٢٤ | ١٩٩٦/١١/٢٨ | داواکاریی شپانگن برگ و پارێزەرانی دارابی، دوایین داکۆکییەکانی پرسیوس و باومیر |
| ٢٢٥ | ١٩٩٦/١١/٢٩ | دوایین داکۆکی "زالم"، داواکاریی دارابی |
| ٢٢٦ | ١٩٩٦/١٢/٥ | موافەقە لەگەڵ شایەدیدانی دوو کەس |
| ٢٢٧ | ١٩٩٦/١٢/١٢ | شایەدیدانی ساميا عەیاد، نامەی ئەمین لە وەڵامی پاریزەرانی دارابیدا |
| ٢٢٨ | ١٩٩٦/١٢/٢٣ | وەڵامی BND، داواکاریی پرسیوس |
| ٢٢٩ | ١٩٩٦/١/٣١ | شایەدیدانی حەسەن جەڕادە |
| ٢٣٠ | ١٩٩٦/١/٩ | شایەدیدانی حەسەن جەڕادە |
| ٢٣١ | ١٩٩٦/١/١٠ | شایەدیدانی مەحمود حەمود، نامەی دارابی |
| ٢٣٢ | ١٩٩٦/١/١٦ | شایەدیدانی پیتر نۆیرس[٣٧٧] (سایکۆلۆجیستی عەیاد) |
| ٢٣٣ | ١٩٩٦/١/٢٣ | شایەدیدانی سەمیر کەنعان |
| ٢٣٤ | ١٩٩٦/١/٢٤ | شایەدیدانی حسین جەڕادە |
| ٢٣٥ | ١٩٩٦/١/٣٠ | شایەدیدانی حسین ئیبراهیم |
| ٢٣٦ | ١٩٩٦/٢/٦ | شایەدیدانی ئەبولقاسم میسباحی |
| ٢٣٧ | ١٩٩٧/٢/٧ | شایەدیدانی ئەبولقاسم میسباحی |
| ٢٣٨ | ١٩٩٧/٢/١٣ | شایەدیدانی میشائیل ماخلاید[٣٧٨] (سایکۆلۆجیست)، |

[377] Peter Noeres
[378] Michael Machleidt

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| | | خوێندنەوەی راپۆرتی BFV سەبارەت بە میسباحی و حەمید فەرهادنیا |
| ٢٣٩ | ١٩٩٧/٢/١٤ | لابردنی [تۆمەتی هەوڵدان بۆ] كوشتنی تەبیب غەففاری لە تاواننامەكە، خوێندنەوەی تاواننامە، دوایین داكۆكی ئێریك، ویلاند، یشكە، پارێزەرانی دارابی داكۆكییان نەكرد |
| ٢٤٠ | ١٩٩٧/٢/٢٠ | دوایین داكۆكی هیدریش |
| ٢٤١ | ١٩٩٧/٢/٢٧ | خوێندنەوەی نامەی ناوەندی پارێزەرانی بەرلین، دوایین داكۆكی كایزر، وردینگر |
| ٢٤٢ | ١٩٩٧/٣/٦ | شایەدیدانی هاینس عالم (ئیسلامناس) |
| ٢٤٣ | ١٩٩٧/٣/١٣ | شایەدیدانی ئێرنیست بالیر (سایكۆلۆجیستی راحیل) |
| ٢٤٤ | ١٩٩٧/٣/٢٠ | [خوێندنەوەی] تاواننامە، دوایین داكۆكی شپانگن برگ، كایزر، هێدریش و باومایر |
| ٢٤٥ | ١٩٩٧/٤/١ | دوایین داكۆكی ئەمین، عەتریس، عەیاد، دارابی، راحیل و پێشكەش كرانی داواكاریی راحیل |
| ٢٤٦ | ١٩٩٧/٤/٣ | خوێندنەوەی نامەی پارێزەرانی راحیل، [خوێندنەوەی] تاواننامە، دوایین داكۆكی ئێریگ و دارابی |
| ٢٤٧ | ١٩٩٧/٤/١٠ | راگەیاندنی قەرار |

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢. پێڕستی وتارەکان

پێڕستی وتار و هەواڵی چاپکراو لە چاپەمەنییەکانی دەرەوەی ئێران سەبارەت بە تێرۆر و دادگای میکۆنۆس تا راگەیشتنی قەراری دادگا (شەهریوەری ١٣٧١ تا فەروەردینی ١٣٧٦ = سپتامبری ١٩٩٢ تا ئاوریلی ١٩٩٧).

### ئ . ناو و تایبەتمەندیی چاپەمەنییە پێڕست کراوەکان:

آرش؛ بەڕێوەبەر: قلیچ خانی، پەرویز، پاریس
اتحاد کار؛ سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران؛ ئۆرگانی ناوەندی
اتحاد کار؛ سازمان فدائی ـ ایران
انترناسیونال؛ حزب کمونیست کارگری ایران؛ ئۆرگان؛ سەرنووسەر: دانش، لیلا
انقلاب اسلامی در هجرت؛ خاوەن ئیمتیاز و بەرپرس: بنی صدر، ابولحسن، پاریس
ایران تایمز؛ بەڕێوەبەر و سەرنووسەر: خاکباز، جواد؛ واشنگتن
ایران تریبون هفتەنامە بین المللی؛ ـ ؛ ستۆکهۆلم
ایران زمین؛ شورای ملی مقاومت ایران؛ لندن
ایران، سرکوب، ترور؛ کومیتە ایرانی مبارزە با تروریسم جمهوری اسلامی
ایران؛ خبرنامە؛ پاریس
پیام فدائی؛ چریکهای فدائی خلق ایران؛ لندن
پیام فردا؛ ـ برلن
جهان امروز؛ حزب کمونیست ایران، ـ
چشم انداز؛ بەکوشش ناصر پاکدامن؛ یلفانی، محسن؛ پاریس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حقوق بشر؛ جامعه دفاع از حقوق بشر؛ نشریه، برلن
راه آزادی، نشریه سیاسی، اجتماعی، فرهنگی؛ حزب دمکراتیك مردم ایران؛ فرانسه
راه کارگر؛ سازمان کارگران انقلابی ایران (راه کارگر)؛ ارگان سیاسی؛ ـ
شورا، ماهنامه؛ شورای ملی مقاومت؛ اورسواراز
طرحی نو؛ شورای موقت سیوسیالیستهای چپ ایران؛ ماینس
علم و جامعه؛ بەڕێوەبەر و سەرنووسەر: طهماسبی، ناصر؛ امریکا
کار؛ سازمان چریکهای فدائی خلق ایران (اقلیت)؛ ـ
کار (اکثریت)؛ سازمان چریکهای فدائی خلق ایران (اکثریت)؛ ارگان سراسری
کوردستان؛ کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران؛ ایران؛ ارگان؛ـ
کارگر تبعیدی؛ جنبش دفاع از حقوق سندیکایی کارگران ایران؛ ارگان؛ ـ
کارگر سوسیالیست؛ اتحادیه سوسیالیستهای انقلابی ایران؛ انگلستان
کیهان چاپ لندن؛ بنیانگذار و مدیر مسئول: مصباح زاده، مصطفی؛ لندن
ماهنامه جمهوری خواهان ملی؛ سازمان جمهوری خواهان ملی ایران؛
مجاهد؛ سازمان مجاهدین خلق ایران؛ ـ
میهن؛ سردبیر: کشتگر، علی، پاریس
نقطه؛ نشریه سیاسی، اجتماعی و فرهنگی؛ مدیر مسئول: لادبن، بهروز، فرانسه، امریکا
نیمروز؛ سردبیر: اصفهانی، پرویز؛ انگلستان
همبستگی؛ فدراسیون سراسری پناهندگانی ایرانی؛ سردبیر: شهاب، پریا؛ ـ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ب. پێڕستی وتارەکان


- "دوایین دانیشتنی دادگای میکۆنۆس"؛ -؛ کوردستان [ی فارسی]؛ ژمارە ٢٤٥؛ ١٣٧٦/٢ [١٩٩٧]
- "بەڵێ! دیموکراسی لە ئێران بە "لێك تێگەیشتن" و "دیالۆگ" لەگەڵ دیکتاتۆرەکان نایەتە خولقاندن"؛ خانبابا تهرانی و راسخ افشار؛ نیمروز؛ ژمارە ٣٠٧؛ ١٣٧٣/١٢/١٩ [١٩٩٤]
- "کەسانێکی تر و بەڵگەنامەی نوێ کەوتنە چنگی پۆلیسی ئاڵمانیا"؛ -؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٢٩٣؛ ١٣٧١/٨/٢٤ [١٩٩٢]
- "مار هەرگیز کۆتری نابێت"؛ رۆژنامەی ئاڵمانی وزێرکۆریەر؛ راپۆرتدەری تایبەتی "ایران زمین"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١١٧؛ ١٣٧٥/٨/٢ [١٩٩٦]
- "ئێستا نۆرەی منە قسە بکەم؛ لە پەراوێزی قسەکانی دکتۆر حەمزە فەراهەتیدا"؛ صدیقی، نادر، نیمروز؛ ژمارە ٢٨٩؛ ١٣٧٣/٨/١٣ [١٩٩٤]
- " ئاڵمانیا رایگەیاند داوای "تەحویلدانی" فەلاحیان ناکات"؛ ایران تایمز، ژمارە ١٢٧٣؛ ١٣٧٥/١/١٧[١٩٩٦]
- "لەو شوێنەی کە حەقیقەت دەستکەوتی خەباتێکی شێلگیرە"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ١٥٦، ١٣٧٦/٢/٣ [١٩٩٧]
- "ئەو رۆژە مێژووییە، لەبەر دەم دادگای بەرلین"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ١٥٦، ١٣٧٦/٢/٣ [١٩٩٧]
- "گێژ و گومییەکانی قەتڵی سادقی شەرەفکەندی و ٤ کەس لە یارانی زیاتر دەبێت" (لە رۆژنامەی جمهوری اسلامییەوە)؛ -؛ مجاهد، ژمارە ٣٣٤؛ ١٣٧٢/١٢/١٦ [١٩٩٣]
- "ئۆپۆزیسیۆن لە بەرانبەر رێگایەکی نوێدا"؛ -؛ راه آزادی، ژمارە ٥١، ١٣٧٦/٦/٢ [١٩٩٧]
- "لەمەڕ دیداری رەسمی هەئیەتی نوێنەرایەتی رێکخراوەکەمان و دکتۆر شەرەفکەندی شەهید"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ٤٥، ١٣٧١/٧/٢٢ [١٩٩٢]


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیزەوە: ئاڵمانیا بەهۆی میوانداری کردنی فەلاحیان بە پەیمان شکاندن تۆمەتبار دەکرێت"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤٧٨؛ ١٣٧٢/٧/٢٩ [١٩٩٣]
- "بەدزییەوە گوێ دەدرێتە وت و وێژی تەلەفۆنی ئێرانییەکان"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣، ١٣٧٦/٢/٥ [١٩٩٧]
- "ئەسراری پشتی پەردەی تێرۆری بەرلین"؛ دەستمالچی، پەرویز؛ ماهنامە جمهوری خواهان ملی؛ ژمارە ٥٣، ١٣٧٣/١/٢ [١٩٩٤]
- شپیگل: "باڵوێزخانەی ئێران لە "بۆن" ناوەندی جاسووسی و تێرۆر"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٤٤، ١٣٧٤/٨/١٥ [١٩٩٥]
- "پێشوازی و پشتیوانی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان؛ مەکۆ و کانگا و کەسایەتی جیاواز لە قەراری دادگای میکۆنۆس"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٤٥؛ ١٣٧٦/٢ [١٩٩٧]
- "شمید باوێر لە کومیسیۆنی میکۆنۆسدا ئامادە بوو بەڵام هیچ زانیارییەکی بەدەستەوە نەدا"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٢٥، ١٣٧٢/١١/٢٤ [١٩٩٤]
- "ڕاگەیاندن بەبۆنەی سەرەتایساڵی سێهەمی دادگای میکۆنۆس"؛ کانون پناهندگان سیاسی ایرانی در برلن؛ ایران تایمز؛ ژمارە ١٢٥٣؛ ١٣٧٤/٨/٢٦ ]١٩٩٥[
- "وتەی مەقامێکی پێشووی ڕژیم سەبارەت بە عەمەلیاتی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ١٤٥، ١٩٩٦/٨/٩
- "ڕادەی ئیعتیباری دەوڵەتی ئاڵمانیا بۆ ئێران کەم کرایەوە"؛ ایران تریبون؛ ژمارە ٤٠؛ ١٣٧١/١٠/١١] ١٩٩٦[
- "ئیعلامی جورم دژ بە کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی خۆیدا (ڕاگەیاندن)"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٣٩؛ ١٣٧٥/٥/٨[١٩٩٦]
- "ئەگەر کەمتەرخەمی پۆلیس نەبوایە پلانی تێرۆریستی شەرەفکەندی نەدەگەیشتە ئەنجام"؛ کیهان لندن؛ ژمارە ٤٩٢؛ ١٣٧٢/١١/١٤[١٩٩٣]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "یەکەم یادەوەری شەهیدانی بەرلین"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٠٢؛ ١٣٧٢/٧ [١٩٩٣]
- "ئێران حکومەتی تیرۆر، هەڵبژاردەی وتارێك له هەفتەنامەی "تایم" ی ناونەتەوەیی"؛ سنکتن، تۆماس؛ ایران زمین، ژمارە ١١٧؛ ١٣٥٧/٨/٢١ [١٩٧٨]
- "کاردانەوەی دادگای میکۆنۆس له پەرلەمانی ئاڵمانیای فیدراڵ"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢١؛ ١٣٧٤/١٠ [١٩٩٥]
- "دیسانەکە سەبارەت به دادگای میکۆنۆس"؛ روستا، کامبیز؛ طرحی نو؛ ژمارە ٤؛ ١٣٧٦/٣ [١٩٩٧]
- "پێویستە بۆ موحاکەمە و مەحکوم کردنی کۆماری ئیسلامی هەنگاوی نێونەتەوەیی هەڵبهێنرێتەوە"؛ حسینی، شاهۆ؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٤٥؛ ١٣٧٦/٢ [١٩٩٧]
- "قەیران له پێوەندییەکانی ئێران و ئاڵمانیادا"؛ کار؛ ژمارە ٢٩٦؛ ١٣٥٧/١٠ [١٩٩٨]
- "بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی رێکخراوەی پارێزگاری له یاسای بنەڕەتی ئاڵمانیا دەوڵەتی ئێران بەرپرسی راستەوخۆی تیرۆرەکانی بەرلینە"؛ ایران زمین؛ ژمارە ٧٩؛ ١٣٧٤/١٠/٢٥[١٩٩٥]
- "بۆ ئەوەی میکۆنۆس جارێکی تر دووپات نەبێتەوە"؛ راه آزادی؛ ژمارە ٥١
- "رژێمی ئێران بۆ وەدواخستنی دەرچوونی قەراری دادگای بەرلین فایلێکی لەسەر شاهیدی C [میسباحی] پێشکەش به مەقاماتی ئاڵمانیا کرد"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ایران زمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٢٠، ١٣٧٥/٩/١٢ [١٩٩٨]
- "بۆ گوشار خستنە سەر وڵاتانی رۆژئاوا، رژێمی ئیسلامی دەیەوێت هەندێ پلان بۆ غافڵگیر کردنی بازرگان و مەئمورانی رۆژئاوا له ئێران بەڕێوە ببات"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٦/٢/٥[١٩٩٧]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "بەبۆنەی دەرچوونی قەراری گیرانی فەلاحیان وەزیری ئیتیلاعاتی رژیم [ی ئێران] لەلایەن دادڕەسی فیدراڵی ئاڵمانیاوە" (راگەیاندن)؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٣٢؛ ١٣٧٥/١[١٩٩٦]
- "ناتیقی نووری بەهۆی دەرچوونی قەراری گیرانی فەلاحیانەوە هێرشی کردە سەر دەوڵەتی ئالمانیا"؛ ایران زمین؛ ژمارە ٩٠؛ ١٣٧٥/١٢/٢٠ [١٩٩٦]
- با بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ فێڵبازییەکانی ئێران راپەڕین" (راگەیاندن)؛ راه کارگر؛ ژمارە ١٣٩؛ ١٣٥٧/٦ [١٩٩٨]
- "بۆ یادی شەهید بوونی دکتۆر شەرەفکەندی و هاورێیانی"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٦؛ ١٣٧٧/٧ [١٩٩٨]
- "بەیانی کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهادەتی دکتۆر محەمەد سادقی شەرەفکەندی (سەعید) سکرتێری حزب و هاورێیانی"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٨٩؛ ١٣٧١/٦ [١٩٩٢]
- "راگەیاندنی چاپەمەنی کریستف ماچی، نوێنەری مەجلیسی فیدراڵ لە حزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمانیا" (بەیانی چاپەمەنی)؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٢٨؛ ١٣٧٢/١١/٤ [١٩٩٣]
- "راگەیاندن سەبارەت بە دانیشتنی نائاسایی شۆڕای ناوەندی حزب دمکراتیك مردم ایران"؛ راه ێزادی؛ ژمارە ٢٣؛ ئووتی ١٩٩٢
- "کۆتایی کاری دادڕەسی میکۆنۆس؛ راپۆرتدەری تایبەتی ایران زمین"؛ ایران زمین؛ ژمارەی ١١٦؛ ١٣٧٥/٨/١٤ [١٩٩٨]
- "فایلی میکۆنۆس و پێوەندییەکانی ئێران و ئاڵمانیا"؛ میلا؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٨؛ ١٣٧٦/١ [١٩٩٧]
- "پەیام بۆ کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٦؛ ١٣٧١/١/٧ [١٩٩٣]
- "پەیامی دەفتەری پاریس"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٠٢؛ ١٣٧٢/٢/٧ [١٩٩٤]
- "پەیامی دەفتەری سیاسی"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٠٢؛ ١٣٧٢/٢/٧ [١٩٩٤]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "پەیامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٠١؛ ١٣٧٢/٦ [١٩٩٣]
- "پەیامی کومیتەی ناوەندی سازمانی فیدایی – ئێران بۆ کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەهادەتی دکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٤٨؛ ١٣٧٢/٧ [١٩٩٣]
- "پەیامگەلی سەرەخۆشی و هاودەردی"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٠؛ ١٣٧١/٧ [١٩٩٢]
- "سەبارەت بە شایەدیدانی ئەم دواییەی بەنی سەدر لە دادگای بەرلین"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٣٧؛ ١٣٧٥/٦ [١٩٩٦]
- "سەبارەت بە موحاکەمەی تۆمەتبارانی قەتڵی سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی: وەزیری ئاسایشی ئاڵمانیا بانگ کرایە دادگا"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤٨٠؛ ١٣٧٢/٨/١٣[١٩٩٣]
- "سەرکەوتنی گەورەی ئۆپۆزیسیۆن بەسەر تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیدا"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ١٥٦؛ ١٣٧٦/٢/٣ [١٩٩٨]
- "کارتێکەریی ئاڵۆزییە سیاسییەکان بەسەر پێوەندی ئابووری ئێران و ئاڵمانیا: کەلەبەرێکی نوێ لە میحوەری تاران – بۆن دا"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٥٨٤؛ ١٣٧٣/٩/٩ [١٩٩٤]
- "نوێترین فێڵی رژیم بەئامانجی دواخستنی قەراری کۆتایی دادگای بەرلین" (راگەیاندن)؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٣٥؛ ١٣٧٥/٤ [١٩٩٦]
- "پێویستە نوێکردنەوەی وت و وێژی رەخنەئامێز لەگەڵ ئێران بوەستێت"؛ سویسرا؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٦/٢/٥ [١٩٩٨]
- "هەندێ ئەزموونی دادگای بەرلین"؛ عزیزالله پاك نژاد؛ شورا؛ ژمارە ١٢؛ ١٣٧٣/٥ [١٩٩٤]
- "مانگرتن لە بۆن دژ بە تێرۆر"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ٤٤؛ ١٣٧١/٧/٨ [١٩٩٢]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "تێرۆری خوێناوی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە بەرلین"؛ ایران تریبون؛ ژمارە ٢٧؛ ١٣٧١/٧/٣[١٩٩٢]
- "تێرۆری دکتۆر شەرەفکەندی و بارودۆخی خەبات لە کوردستان"؛ وتو ویژ: حەسەنزادە؛ عەبدوڵا؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٧؛ ١٣٧١/٨ [١٩٩٢]
- "تێرۆری سادق شەرەفکەندی لە زمان شاهیدی رووداوەکە"؛ دەستماڵچی؛ پەرویز؛ نیمروز؛ ژمارە ـ؛ ١٣٧١/٨/٨ [١٩٩٢]
- "تێرۆری میکۆنۆس لەروانگەی پارێزەرانی بنەماڵەی قوربانییانەوە"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٤٢؛ ١٣٧٥/١١[١٩٩٦]
- "تێرۆری ناجوامێرانەی دکتۆر سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێکانی"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٦؛ ١٣٧١/٧ [١٩٩٢]
- "تێرۆر و هەمیسان تێرۆری جیاوازبیران و نەیارانی رژیمی کۆماری ئیسلامی"؛ حقوق بشر؛ ژمارە ٣٠؛ پاییزی ١٣٧١ [١٩٩٢]
- "تێرۆریزمی ئێران: پەنجەی تاوان بەرەو رەفسەنجانی کشاوە"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٠٥؛ ١٣٧٥/٥/١ [١٩٩٦]
- "تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و دیموکراسی رۆژئاوایی (لە پەراوێزی تاوان نامەی دادگای میکۆنۆسدا)"؛ مودەڕیسی، سیاوەش؛ همبستگی؛ ژمارە ٦٧؛ ١٣٧٦/١١ [١٩٨٧]
- "تێرۆریزمی دەوڵەتی ئێران: تێرۆریزم بەشی نەپساوەی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ"؛ دەستمالچی، پەرویز؛ حقوق بشر؛ ژمارە ٣٤؛ زستانی ١٣٧٣ [١٩٩٤]
- "تێرۆریزمی دەوڵەتیی لەپای مێزی موحاکەمە؟"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٥؛ ١٣٧٥/٢ [١٩٧٨]
- "خۆپێشاندان لە سوید دژ بە تێرۆری بەرلین"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ٤٤؛ ١٣٧١/٧/٨ [١٩٩٢]
- "تێرۆریزمی دەوڵەتی و ئۆپۆزیسیۆن"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٧؛ ١٣٧١/٨ [١٩٩٢]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "تێرۆریزمی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٥؛ ١٣٧٥/٢ [١٩٩٦]
- "خۆپیشاندان لە سوید دژ بە تێرۆری بەرلین"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ٤٤؛ ١٣٧١/٧/٨[١٩٩٢]
- "خۆپیشاندانی دەیان کەس لە بەرانبەر دادگا"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٢٩؛ ١٣٧٣/٣/٢١ [١٩٩٤]
- "خۆپیشاندانی پەککەوتەکان لە ئێران"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٦/٢/٥ [١٩٩٧]
- "هەوڵی رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرگری کردن لە پێکهاتنی دادگای بەرلین"؛ پەیمان؛ ێرش؛ ژمارە ٣٦ -٣٧؛ ١٣٧٢/١٢ – ١٣٧٣/١ [١٩٩٤]
- "قەراری گرتنی فەلاحیان لەلایەن دادسەرای فیدرالی ئاڵمانیاوە دەرچوو"؛ ایران زمین؛ ژمارە ٨٨؛ ١٣٧٤/١٢/٢٨ [١٩٩٥]
- "کۆماری ئیسلامی تۆمەتی بەشداربوونی وەزیری ئیتیلاعات لە کوشتنی رێبەرانی کوردی دایە دواوە"؛ ایران تایمز؛ ؟؟؛ ١٣٧٥/١٠/١٦ [١٩٩٧]
- "کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکەش جینایەتێکی دڵتەزێنی بەڕێوە برد"؛ کار؛ ژمارە ٢٥٩؛ ١٣٧١/٦ [١٩٩٢]
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین"؛ ایران، سرکوب، ترور؛ ژمارە ١؛ ١٣٧٢/١٠ [١٩٩٤]
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین (٢)"؛ ایران، سرکوب، ترور؛ ژمارە ٢؛ ١٣٧٢/١١ [١٩٩٤]
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین (٣)"؛ ایران، سرکوب، ترور؛ ژمارە ٣؛ ١٣٧٢/١٢ [١٩٩٤]
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین (٤)"؛ ایران، سرکوب، ترور؛ ژمارە ٤؛ ١٣٧٣/١ [١٩٩٤]
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین (٥)"؛ ایران، سرکوب، ترور؛ ژمارە ٥؛ ١٣٧٣/٢ [١٩٩٤]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (٦)"؛ ژمارە ٦؛ ١٣٧٣/٣ **[١٩٩٤]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (٧)"؛ ژمارە ٧؛ ١٣٧٣/٤ **[١٩٩٤]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (٨)"؛ ژمارە ٨؛ ١٣٧٣/٥ **[١٩٩٤]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (٩-١٠)"؛ ژمارە ٩؛ ١٣٧٣/٦ **[١٩٩٤]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١١)"؛ ژمارە ١٠؛ ١٣٧٣/٧ **[١٩٩٤]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١٤)"؛ ژمارە ١١؛ ١٣٧٣/١٠ **[١٩٩٥]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١٢)"؛ ژمارە ١٥؛ ١٣٧٣/٤ **[١٩٩٥]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١٣)"؛ ژمارە ١٦؛ ١٣٧٤/١ **[١٩٩٥]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١٤)"؛ ژمارە ١٧؛ ١٣٧٤/٤ **[١٩٩٥]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١٥)"؛ ژمارە ١٨؛ ١٣٧٤/٦ **[١٩٩٥]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١٦)"؛ ژمارە ١٩؛ ١٣٧٤/٨ **[١٩٩٥]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١٧)"؛ ژمارە ٢٠؛ ١٣٧٤/١١ **[١٩٩٦]**
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١٨)"؛ ژمارە ٢١؛ ١٣٧٤/١٢ **[١٩٩٦]**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (١٩)"؛ ژمارە ٢٢؛ ١٣٧٥/٤ [١٩٩٦]
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (٢١)"؛ ژمارە ٢٥؛ ١٣٧٥/٣ [١٩٩٦]
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (٢٢)"؛ ژمارە ٢٦؛ ١٣٧٥/٥ [١٩٩٦]
- "لە پەراوێزی دادگای بەرلیندا؛ ایران، سرکوب، ترور ؛ ژمارە ٢٦؛ ١٣٧٥/٥ [١٩٩٦]
- کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەتی دادگای بەرلین؛ ایران، سرکوب، ترور (٢٣)"؛ ژمارە ٢٦-٢٧؛ ١٣٧٤/٩ [١٩٩٥]
- "دۆسیەی میکۆنۆس [وت و وێژ لەگەڵ] روستا؛ کامبیز و دەستمالچی، پەرویز"؛ ایران، سرکوب؛ ژمارە ٢٦-٢٧؛ ١٣٧٤/٩ [١٩٩٥]
- "بەنی سەدر لە وتو وێژێکدا لەگەڵ "هەواڵنامە"؛ بەنی سەدر، ئەبولحەسەن؛ ایران، سرکوب، ترور ؛ ژمارە ٢٦-٢٧؛ ١٣٧٤/٩ [١٩٩٥]
- "کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی تۆمەت"؛ میهن؛ ژمارە ٦٠٧؛ ٧-١٣٧٣/٨ [١٩٩٤]
- "کۆماری ئیسلامی دان بە تێرۆری نەیارانی دادەنێت"؛ ایران تریبون؛ ژمارە ٢٥؛ ١٩٩٢/٦/٢
- "کۆماری ئیسلامی تۆمەتباری تێرۆری بەرلین: دەوڵەتی ئێران بەهۆی گیرانی ئێرانییەکەوە بەشێوەیەکی جیددیتر دەکەوێتە بەرگومانی تۆمەت"؛ ایران تریبون؛ ژمارە ٢٣؛ ١٣٧١/٨/١ [١٩٩٢]
- "کۆماری ئیسلامی و هەموو بەشدارانی تێرۆرە جینایەتکارانەکان دەبێ مەحکوم بکرێن" (راگەیاندن)؛ راه کارگر؛ ژمارە ١٣؛ ژمارە ٩؛ ١٣٧٥/٦ [١٩٩٦]
- "جینایەتی بەرلین و خەڵکی کوردستانی عیراق"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٠؛ ١٣٧١/٧ [١٩٩٢]


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "جینایەتی بەرلین"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ۲۹۰؛ ۱۳۷۲/٦/۳۰ [۱۹۹۳]
- "چەند پرسیارێك لە جەنابی دەستماڵچی: سەبارەت بە کومیتەی دژی تێرۆر روون کردنەوەی زیاتر پێویستە"؛ یوسفی زادە؛ کیهان چاپ لندن؛ ژماره ٥٦۰؛ ۱۳۷٤/۳/۲٥ [۱۹۹٥]
- ٤۸ سەعات دوای بەڕێوەچوونی کۆنفەرانسی "شرم الشیخ" و لە هەنگاوێکی بێوێنەدا دادگای گشتی ئاڵمانیا فەرمانی دەست بەسەرکرانی عەلی فەلاحیانی دەرکرد"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژماره ٥۹۹؛ ۱۳۷٥/۱/۲ [۱۹۹٦]
- "حسین الله کرم ـ رێبەری "ئەنساری حیزبوڵا" رووی کردەوە مەقاماتی ئاڵمانی: بۆمبا لە پشتمان دەبەستین و تۆڵەی ئەو سووکایەتییە دەکەینەوە"؛ نیمروز؛ ژماره ٤۱۳؛ ۱۳۷٦/۲/٥ [۱۹۹۷]
- "ئامادەبوونی مودیری **BFV** لە دادگای میکۆنۆس"؛ کوردستان؛ ژماره ۲۲٦؛ ۱۳۷٤/٤/۷ [۱۹۹٥]
- "حیکایەتی ئەکسەرییەتی کارەکە و موجاهیدینی بێکار"؛ روحانی، رەزا؛ مجاهد؛ ژماره ۳۲۷؛ ۱۳۷۲/۱۰/۲۷ [۱۹۹٤]
- "قەراری دەست بەسەر کردنی فەلاحیان تەئیید کرا"؛ نیمروز؛ ژماره ٤۱۷؛ ۱۳۷٦/۳/۲ [۱۹۹۷]
- قەراری دەست بەسەر کردنی فەلاحیان وەزیری ئیتیلاعاتی ئێران دەرچوو"؛ کوردستان؛ ژماره ۲۳۲؛ ۱۳۷٥/۱ [۱۹۹٦]
- "قەراری دادگای بەرلین هێڵی کۆتایی باتڵ بوونی بەسەر سیاسەتی هەرەسهێنراوی وت و وێژی رەخنەگرانەدا هێنا"؛ هوتر، هولتز؛ ایران زمین؛ ژماره ۱۳٥؛ ۱۳۷٦/۱/۲٥ [۱۹۹۷]
- "قەراری دادگای میکۆنۆس: بەڵگەی دوور لە ئیدانە کران بۆ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی؛ بەیانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"؛ کوردستان؛ ژماره ۲٤٤؛ ۱۳۷٦/۱ [۱۹۹۷]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "خامنەیی و ڕەفسەنجانی حوکمی کوشتنی ڕێبەرانی کوردیان داوە"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ١٤١؛ ١٣٧٥/٦/١٤ [١٩٩٦]
- "کورتەیەك لە موحاکەمەی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە دادگای بەرلین"؛ پەیمان؛ ێرش؛ ژمارە ٣٢؛ ٨/[]١٩٩٣]
- "داواکاری گشتی فیدراڵی ئاڵمانیا بەتۆمەتی بەشداریی کردن لە کوشتاردا فەلاحیان دەخاتە بەر لێپرسینەوە"؛ ایران زمین؛ ژمارە ٧٦؛ ١٣٧٤/٨/٢٠ [١٩٩٥]
- "داواکاری گشتی ئاڵمانیا ڕایگەیاند: خامنەیی فەرمانی کوشتنی چوار دژکاری ئێرانی لە بەرلینی دەرکردوە"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١١٨؛ ١٣٧٥/٨/٢٨ [١٩٩٦]
- "داواکاری گشتی فیدراڵی ئاڵمانیا پەسندی تۆمەتی بەشداریی ڕاستەوخۆی ڕێبەرانی حکومەتی ئاخوندی لە تیرۆری میکۆنۆسی کرد"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٢٩؛ ١٣٧٥/١١/٢٩ [١٩٩٧]
- "داواکاری گشتی فیدراڵی ئاڵمانیا ڕایگەیاند کە مەئموورانی ئاڵمانی دوو کەس لە قاتلانی تیرۆری ئەم دواییەیان گرتوە"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٧؛ ١٣٧١/٨ [١٩٩٢]
- "داواکاری گشتی ئاڵمانیا قەراری یاسایی لەسەر فەلاحیانی پەسند کرد"؛ ایران زمین؛ ژمارە ٧٧؛ ١٣٧٤/٩/٢٧ [١٩٩٥]
- "دادگای بەرلین لەگەڵ شایەدیدانی دوو ئێرانی لە باڵوێزخانەی ئاڵمانیا لە تاران موافەقەی کرد"؛ ایران تایمز؛ ژمارە ١٢٨٧؛ ١٣٧٥/٤/٢٢ [١٩٩٦]
- "دادگای بەرلین: تاواننامەی داواکاری گشتی ئاڵمانیا، بەشی کۆتایی"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٢٤؛ ١٣٧٢/١١/١٠ [١٩٩٤]
- "دادگای بەرلین"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٢٨؛ ١٣٧٣/١/٦ [١٩٩٤]
- "دادگای بەرلین"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٣١؛ ١٣٧٣/٢/١٨ [١٩٩٤]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "دادگای بەرلین"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٣٦؛ ١٣٧٣/٥/٢٦ **[١٩٩٤]**
- "دادگای بەرلین بوە بە کێشەی گرنگی کۆماری ئیسلامی"؛ کار؛ ژماره ٢٩٣؛ ١٣٧٥/٦ **[١٩٩٦]**
- "دادگای بەرلین رژیمی کۆماری ئیسلامی و ریبەرەکانی بە بەرپرسی تێرۆر ناسی" (راگەیاندن)؛ کار (اکثریت)؛ ژماره ١٥٦؛ ١٣٧٦/٢/٣ **[١٩٩٧]**
- "دادگای بەرلین: دەرکەوتنی نهێنی تازە لەمەڕ تێرۆریزمی رژیمی ئیسلامی"؛ اتحاد کار؛ ژماره ٢؛ ١٣٧٣/٣ **[١٩٩٤]**
- "دادگای بەرلین: هەڕەشە لە شایەدەکان دەکەن"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٣٤؛ ١٣٧٣/٣/٢٩ **[١٩٩٤]**
- "دادگای بەرلین: دەوری رێکخراوەی ئیتیلاعاتی ئاڵمانیا"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٢٦؛ ١٣٧٢/١٢/٨ **[١٩٩٣]**
- "دادگای بەرلین: تێرۆریزمی دەوڵەتی و کردەوەی تایفەی سازشکەران"؛ راه کارگر؛ ژماره ١١٦؛ ١٣٧٣/٢/١٦ **[١٩٩٤]**؛ ژماره ٣٤٨؛ ١٣٧٤/١٠/١١ **[١٩٩٦]**
- "دادگای بکوژانی هاوسەرەکەم نووری دیهکوردی ـ دادگای میکۆنۆس"؛ بەدیعی، شوهره؛ ایران زمین؛ ژماره ١٢٣؛ ١٣٧٥/١٠/٣ **[١٩٩٧]**
- "دادگای قاتڵانی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی"؛ کوردستان؛ ژماره ٢٠٢؛ ١٣٧٢/٧ **[١٩٩٣]**
- "دادگای میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٣٨؛ ١٣٧٣/٥/٢٣ **[١٩٩٤]**
- "دادگای میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٤١؛ ١٣٧٣/٦/٢١ **[١٩٩٤]**
- "دادگای میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٤٧؛ ١٣٧٣/٩/٢٧ **[١٩٩٤]**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "دادگای میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٥٠؛ ١٣٧٣/١١/٩ [١٩٩٥]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٥١؛ ١٣٧٣/١١/٢٣ [١٩٩٥]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٥٧؛ ١٣٧٤/٢/٧ [١٩٩٥]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٦٦؛ ١٣٧٤/٦/١٩ [١٩٩٥]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژماره ٨٧؛ ١٣٧٤/١٢/٢١ [١٩٩٦]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژماره ٩٨؛ ١٣٧٥/٣/١٤[١٩٩٦]
- دادگای میکۆنۆس"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژماره ١٠٤؛ ١٣٧٥/٥/٢٥ [١٩٩٦]
- دادگای میکۆنۆس"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژماره ١٠٨؛ ١٣٧٥/٧/١٩ [١٩٩٦]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژماره ١١٠؛ ١٣٧٥/٧/٢ [١٩٩٦]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژماره ١١٤؛ ٧/٣٠/[]١٩٩٦]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژماره ١٣٠؛ ١٣٧٥/١٢/٦ [١٩٩٧]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژماره ١٣٥؛ ١٣٧٦/١/٢٥[١٩٩٧]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ دەستماڵچی، پەرویز؛ چشم انداز؛ ژماره ١٥؛ پایزی ١٣٧٢ [١٩٩٣]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "دادگای میکۆنۆس؛ لە سەرەتاوە تا کۆتایی"؛ دەستماڵچی، پەرویز؛ چشم انداز؛ ژمارە ١٨؛ هاوینی ١٣٧٥ [١٩٩٦]
- "دادگای میکۆنۆس - بەرلین"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٧٦؛ ١٣٧٤/٨/٢٠ [١٩٩٥]
- "دادگای میکۆنۆس"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٧٧؛ ١٣٧٤/٩/٢٧ [١٩٩٥]
- "دادگای میکۆنۆس و قەیرانی پێوەندییەکانی ئێران و ئاڵمانیا"؛ ك — پویان؛ کارگر تبعیدی؛ ژمارە ٣٦؛ ١٣٧٦/١ [١٩٩٧]
- "دادگای میکۆنۆس؛ ئاڵۆزیی سیاسی لە پێوەندە سیاسییەکانی ئاڵمانیا و کۆماری ئیسلامیدا"؛ همبستگی؛ ژمارە ٦٧؛ ١٩٩٦/١١
- "دادگای میکۆنۆس لە بەرلین: شایەدیدانی فەراهەتی، روستا، عیزەت پوور، پیتر و ئەوانی تر"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٢٣؛ ١٣٧٢/١٠/٢٦ [١٩٩٤]
- "دادگای میکۆنۆس لە بەرلین": ع- ناظر؛ آرش؛ ژمارە ٥٨؛٧-١٣٧٥/٨ [١٩٩٦]
- "دادگای میکۆنۆس شانۆی راستەقینەی شەڕ لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و هێزە پێشکەوتوەکانی ئاڵمانیا لەلایەك و رژیم و پشتیوانەکانی لەلایەکیترەوە بوو"، بەدیعی، شوهره؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٣٥؛ ١٣٧٦/١/٢٥ [١٩٩٧]
- "دادگای میکۆنۆس": انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٥٣؛ ١٣٧٣/١٢/٢١ [١٩٩٥]
- "دادگای میکۆنۆس؛ پارێزەرانی قوربانییەکان داوایان لە شمید باوێر کرد سەر لەنوێ بێتە دادگا"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٩١؛ ١٣٧٥/١/٢٧ [١٩٩٦]
- "دادگای میکۆنۆس: بێدەنگیی واتاداری پارێزەرانی دارابی لە دانیشتنی دادگادا"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٩٠؛ ١٣٧٥/١/٢٠ [١٩٩٦]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "دادگای میکۆنۆس، دژەهێرشی پارێزەرانی دارابی هەرەسی هێنا"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٨٩؛ ١٣٧٥/١/١٣ [١٩٩٦]
- "داوێك کە رژیم بۆ لەناوبردنی نەیارانی خۆی ناوەتەوە"؛ گەنجی، مەنوچیهر؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٥٢٧؛ ١٣٧٣/٧/٢١ [١٩٩٤]
- "لە چاوەڕوانیی قەراری دادگای میکۆنۆسدا لەسەر رێبەرانی کۆماری ئیسلامی"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ١٥٥؛ ١٣٧٦/١/٢٠ [١٩٩٧]
- "سەبارەت بە چەواشەکاریی رێ وونکەری بڵاوەی "مجاهد": ئەرکی ئێوە شتێکی دیکەیە" (وەرگیراو لە رۆژنامەی "کار")؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٣٠؛ ١٣٧٢/١١/١٨ [١٩٩٤]
- "لە جەنگەی دادگای بەرلیندا، ژریمی ئێران کارخانەیەکی ئیفلاس کراوی ئاڵمانیای کڕی"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێرانزەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٢١؛ ١٣٧٥/٩/١٩ [١٩٩٦]
- "لە ئەنجامی قەراری دادگای بەرلین: رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەبێ لە دادگایەکی ناونەتەوەییدا موحاکەمە بکرێن"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٤٥؛ ١٣٧٦/٢ [١٩٩٧]
- "لە دادگای بەرلیندا"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٣٣؛ ١٣٧٣/٣/١٥ [١٩٩٤]
- "لە پەراوێزی رێورەسمی ناشتنی رێبەرانی لەدەستچووی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران لە پاریس"؛ راه ێزادی؛ ژمارە ٣٢٤؛ ٦-١٣٧٢/٧ [١٩٩٣]
- "لە دادگای بەرلیندا شایەدەکان شایەدییان دا ئایا پۆلیس ئاگاداری دانیشتنی میکۆنۆس هەبوو؟ "؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٢٢؛ ١٣٧٢/١٠/١٣ [١٩٩٤]
- "لە دادگای بەرلین؛ بەڕێوەبەری گەلاڵەی دارابی و بکوژی سەرەکی، شەریف بوە کە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران"؛ ـ؛ انقلاب اسلامی در هجرت، ژمارە ٣٢٧، ١٣٧٢/١٢/٢٢[١٩٩٤]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "لە دادگای میکۆنۆس دا: جەنابی ریگل ویچوویی نێوان تێرۆرەکانی بەرلین و هامبورگی پشتڕاست کردەوە"؛ ایران زمین؛ ژمارە ٨٣؛ ١٣٧٤/١١/٢٣ [١٩٩٦]
- "لە دادگای میکۆنۆسدا راگەیێنرا: بەڵگەی بەشداریی کردنی ریبەرانی ئێران لە تێرۆرەکانی دەرەوەی وڵات، ورد و پشت ئەستوور بە دەستاوێژن"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٢٨؛ ١٣٧٥/١١/١١[١٩٩٧]
- "لە دادگای میکۆنۆس: تاواننامەی داواکاری گشتی (پاشماوە)"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٤٦؛ ١٣٧٣/٩/١٣ [١٩٩٤]
- "لە دادگای تۆمەتباران بە کوشتنی سادق شەرەفکەندی، وەزیری ئاسایشی ئاڵمانیا دەبێ وەڵامی پرسیار لەمەڕ چاوپێکەوتنی لەگەڵ فەلاحیان بداتەوە"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤٨٢؛ ١٣٧٢/٨/٢٧ [١٩٩٣]
- "لە پێوەند لەگەڵ دادگای میکۆنۆسدا"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٢١؛ ١٣٧٤/٢ [١٩٩٥]
- چەند وانەیەك لە جینایەتی میکۆنۆس"؛ روستا، کامبیز؛ طرحی نو؛ ژمارە ١؛ ١٣٧٥/١١[١٩٩٧]
- "لە لەندەن چی رابرد؟ هەرای وت و ویژی نهێنی لاریجانی لەگەڵ نیك براون (مودیری گشتی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا) لە باڵوێزخانەی ئێران"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٦/٢/٥[١٩٩٧]
- "فەرمانی کوشتاری بەرلین لە وت و ویژێکی تەلەفۆنیدا درا"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٣٠؛ ١٣٧٣/٢/٤[١٩٩٤]
- "دەزگای قەزایی ئاڵمانیا پەسندی ئەوەی کرد کە نوێنەرانی خۆی بۆ لێپرسینەوە لە دوو شایەدی ئێران بنێرێتە تاران"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٠٣؛ ١٣٧٥/٥/٤[١٩٩٦]
- "دکتۆر سەعید ئێستاش لە دڵی ئێمە دایە"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٣٧؛ ١٣٧٥/٦ [١٩٩٦]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێکانیان کوشت"؛ کار (اکثریت)؛ ژماره ٤٤؛ ١٣٧١/٧/٨[١٩٩٢]
- "شایەدانی عەینی دوو تۆمەتباری تیرۆری بەرلینیان ناسییەوە"؛ [دەقی هەواڵ] کار اکثریت؛ مجاهد؛ ژماره ٣٢٧؛ ١٣٧٢/١٠/٢٧[١٩٩٤]
- "دووڕوویی "صدراعظم" ی ئاڵمانیا"؛ روزبه، مازیار؛ کارگر سوسیالیست؛ ژماره ٣٩؛ ١٣٧٥/١٢[١٩٩٧]
- "دوو شایەدی دادگای میکۆنۆس شایەدییەکانی خۆیان وەرگرتەوە"؛ نیمروز؛ ژماره ٤١٧؛ ١٣٧٦/٣/٢[١٩٩٧]
- "وتاردان له ڕێ و ڕەسمی ناشتنی نووری دیهکوردیدا"، خانبابا تهرانی؛ راه آزادی؛ ژماره ٢٤؛ ٦-١٣٧٢/٧[١٩٩٣]
- "چاوپێکەوتنی فەلاحیان ئابڕووچوونێکی سیاسی تازه له ئاڵمانیا؟ "؛ کیهان چاپ لندن؛ ژماره ٤٧٩، ١٣٧١/٨/٦[1972]
- "دیپلۆماسی و تیرۆریزمی دەوڵەتی له پەڕاوێزی سەفەری فەلاحیاندا"؛ شەفیق، بەهمەن؛ انترناسیونال؛ ژماره ١٠؛ ١٣٧٢/٩ [١٩٩٣]
- "پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەم ڕژیمە گەیشتۆته کۆتایی و ئێستا کاتی بەڕەسمی ناسینی شۆڕشی میللی مقاومەتی ئێرانه"؛ ئەخیانی، زوهره؛ ایران زمین؛ ژماره ١٣٥؛ ١٣٧٦/١/٢٥ [١٩٩٧]
- "کاتێ پێوەندییەکان لەشێوازی ئیعتیادیدا بەڕێوه نابرێن، له شێوازی ناعادەتیدا بەڕێوه دەبرێن"؛ ڕۆحانی، محەمەدرەزا؛ مجاهد؛ ژماره ٣٣٠؛ ١٣٧٣/١١/١٨ [١٩٩٥]
- "قەراری دادگای بەرلین، خاڵی کۆتایی بۆ سیاسیەتی وت و ویژی رەخنەگرانه"؛ کار (اکثریت)؛ ژماره ١٥٦؛ ١٣٧٦/٢/٣ [١٩٩٧]
- "قەراری دادگا بەروبووی خەباتێکی سەرکەوتوو بوو"؛ ابراهیمزاده، مەهدی؛ کار (اکثریت)؛ ژماره ١٥٦؛ ١٣٧٦/٢/٣ [١٩٩٧]
- "قەراری کۆتایی دادگای میکۆنۆس و ئەنجامەکانی"؛ اتحاد کار؛ ژماره ٣٥؛ ١٣٧٥/١٢ [١٩٩٧]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "قەراری کۆتایی دادگای میکۆنۆس و ئەنجامەکانی"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٦؛ ١٣٧٦/١ [١٩٩٧]
- "سەرۆکی ئەنستیتۆ گۆتەی ئاڵمانیا: سەرکوتکردن لە ئێران حاکمە"؛ ایران تریبون؛ ژمارە ٣٧؛ ١٣٧١/٩/١٣ [١٩٩٢]
- "جێ پێی تێرۆر ئەمجارەکەش دەگاتەوە تاران؛ ایران تریبون"؛ ژمارە ٢٨؛ ١٣٧١/٧/١ [١٩٩٢]
- "جێ پێی خوێناوی مەلاکان؛ وت و وێژ لەگەڵ ئیبراهیم ذاکری بەرپرسی کۆمسیۆنی ئاسایش و دژی تێرۆریزم لە شۆڕای موقاوەمەتی میللی ئێران"؛ ذاکری، ابراهیم؛ ایران زمین؛ ژمارە ٩١؛ ١٣٧٥/١/٢٧ [١٩٩٦]]
- "رژیمی ئاخوندی لەسەر کورسی تۆمەت"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٨؛ ١٣٧٢/٣ [١٩٩٣]
- "رژیمی ئیسلامی داواکاریی ناردنەوەی بەنی سەدری پێشکەش کرد"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ١٤١؛ ١٣٧٥/٤/١٤ [١٩٩٦]
- "رژیمی ئێران بەشێوەیەکی کوت و پڕ لەگەڵ لێپرسینەوە لە دوو شایەدی ئێرانیدا موافەقەی کرد"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٠٢؛ ١٣٧٥/٤/١١ [١٩٩٦]
- "رژیمی ئێران واهەیە فەلاحیان بکاتە قوربانی"؛ روستا، کامبیز؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٥٩٩؛ ١٣٧٥/١/٢ [١٩٩٦]
- "رەفسەنجانی سەبارەت بە پشتگیری کردنی رژیم لە تێرۆریزمی نێونەتەوەیی، هەرەسی ئابووری و بێ ئابڕوویی رژیم [دەدوێت]"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١١٣؛ ١٣٧٥/٧/٣٠ [١٩٩٦]
- "لەسەر هێڵی ئاڵمانیا: زمانی تەزویر و ریا"؛ مەعسوومی، بەهرام؛ نیمروز؛ ژمارە ٣٨٠؛ ١٣٧٥/٢/٦ [١٩٩٦]
- "رووداوی بەرلین و خەڵکی کوردستان"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٠؛ ١٣٧١/١/٧ [١٩٩٢]
- "ژیانی پڕ لە شانازی شەهید فەتاح عەبدولی؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٠١؛ ١٣٧٢/٦ [١٩٩٣]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "ژیننامەی نووری دیهکوردی"؛ کوردستان؛ ژمارە ۲۰۱؛ ۱۳۷۲/٦ **[۱۹۹۳]**
- "زەمینەی راستەقینەی سەربەخۆیی دادگای میکۆنۆس"؛ رزاقی، رشید؛ جهان امروز؛ ژمارە ۲۳؛ ۱۳۷٦/۲ **[۱۹۹۷]**
- "ساڵوەگەڕی تێرۆری بەرلین و سەفەری فەلاحیان بۆ ئاڵمانیا"؛ پیام فردا؛ ژمارە ۲؛ ۸ و ۷ /۱۳۷۲ **[۱۹۹۳]**
- "وتاری جێگری سکرتێری گشتی حزب"؛ هجری، مستەفا؛ کوردستان؛ ژمارە ۱۹۰؛ ۱۳۷۱/۷ **[۱۹۹۲]**
- "وتاری سکرتێری گشتی حزب لەسەر قەراری کۆتایی دادگای بەرلین"؛ حەسەن زادە، عەبدوڵا؛ کوردستان؛ ژمارە ۲٤٥؛ ۱۳۷٦/۲ **[۱۹۹۷]**
- "وتاری دکتۆر قەسیم لە خۆپێشاندانی بەرلین"؛ قەسیم، کەریم؛ ایران زمین؛ ژمارە ۱۳٥؛ ۱۳۷٦/۱/۲٥ **[۱۹۹۷]**
- "سەرگروپی کوشتاری میکۆنۆس کێیە؟"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ۳۸۹؛ ۱۳۷٥/٥/۷ **[۱۹۹٦]**
- "سەفەری رەفسەنجانی بۆ ئاڵمانیا هەڵوەشایەوە. کۆمیسیۆنی ئەورووپا: ئیعتیباری نوێ مەدەنە ئێران"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤۲٤؛ ۱۳۷۱/۷/۹ **[۱۹۹۲]**
- "سەفەری فەلاحیان بۆ ئاڵمانیا"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ۳۱۸؛ ۱۳۷۲/۸/۱٦ **[۱۹۹۳]**
- "سەفەری فەلاحیان بۆ ئاڵمانیا، هەوڵێك بۆ شكاندنی گۆشەگیری سیاسی بوو"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤۷۸؛ ۱۳۷۲/۷/۲۹**[۱۹۹۳]**
- "بەڵگەنامەی نهێنی دائیرەی گشتی پارێزگاریی لە یاسای بنەڕەتی ئاڵمانیا سەبارەت بە چالاکیی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی"؛ ماهنامە جمهوریخواهان ملی؛ ژمارە ٥۳؛ ۲ و ۱۳۷۳/۱ **[۱۹۹٤]**
- "پێشینەی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی"؛ ایران تریبون؛ ژمارە ۲۷؛ ۱۳۷۱/۷/۳ **[۱۹۹۲]**

- "سێهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری دکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٢٥؛ ١٣٧٤/٦ [١٩٩٥]
- "سیاسەتی وتووێژی رەخنەگرانە ئەمڕۆ وەڵامی خۆی لە دەزگای داگەریی ئاڵمانیا وەرگرت"؛ روحانی، محەمەدرەزا؛ ایران تریبون؛ ژمارە ١٣٥؛ ١٣٧٦/١/٢٥ [١٩٩٧]
- "شکایەتکاران لە دادگای میکۆنۆس: سەبەبکاری جینایەتەکە کۆماری ئیسلامییە"؛ کار (اکثریت)، ژمارە ٧٣، ١٣٧٢/٩/١٧[1993]
- "شکایەتکاری دادگای میکۆنۆس ژنبرای سەرۆکی دەفتەری خومەینی بوو"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٦٣٧؛ ١٣٧٥/٩/٢٩ [١٩٩٦]
- "کەسایەتی دیموکرات "نووری دیهکوردی" لە بەرلین نێژرا"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ٤٤؛ ١٣٧١/٧/٨ [١٩٩٢]
- "کورتەیەك لە کاری دادگای بەرلین"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢١٠؛ ١٣٧٣/٣ [١٩٩٤]
- "شیمکوس ئەو پیاوەی وا بەناوی جاسووسیی حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو بەڵام بەڕەڵا کرا و گەڕایەوە بۆ ئاڵمانیا"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٤٠؛ ١٣٧٣/٦/٢٠ [١٩٩٤]
- "دەرچوونی قەراری دەست بەسەریی بۆ سێ ئەندامی وەزارەتی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ١٥٨؛ ١٣٧٦/٢/٣١ [١٩٩٧]
- "دەرچوونی قەراری گرتنی فەلاحیان لە سەرەتای ساڵدا مەلاکانی غافڵگیر کرد"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٨٩؛ ١٣٧٥/١/١٣ [١٩٩٦]
- "دەرچوونی قەراری دادگای میکۆنۆس و یەکەم کاردانەوەی رژیم"؛ حەیدەر؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٤٥؛ ١٣٧٦/٢ [١٩٩٧]
- "رێز لە دەرچوونی قەراری دلێرانەی دادگای بەرلین دەگرین"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٤٤؛ ١٣٧٦/١ [١٩٩٧]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "دەرچوونی قەراری کۆتایی دادگای میکۆنۆس جارێکی تریش دواکەوت"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ١٥٣؛ ١٣٧٥/١٢/٢٢ [١٩٩٧]
- "سەدوشەستەمین دانیشتنی دادگای میکۆنۆس بەڕێوەچوو"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٦٨؛ ١٣٧٤/٧/٢٤ [١٩٩٥]
- "دادگای بەرلین لەگەڵ دەرکردنی قەراری مەحکوومییەتی تێرۆریستەکانی رژیم، بەڕاشکاوی پێی لەسەر دەوری راستەوخۆی خامنەیی، رەفسەنجانی و بەرپرسانی دیکەی رژیم لە تیرۆری میکۆنۆس داگرت"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٣٥؛ ١٣٧٦/١/٢٥ [١٩٩٧]
- "لە کۆنفەرانسێکی چاپەمەنیدا لە شاری بۆن، بەرپرسی کۆمیسیۆنی دەەروەی شۆڕای میللی موقاوەمەت داوای لە ئەورووپا کرد پێوەندی دیپلۆماتیك و ئابووری... "؛ سیدالمحدثین؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٣٥؛ ١٣٧٦/١/٢٥ [١٩٩٧]
- "زاهیر و باتینی پێوەندە ئیتیلاعاتییەکانی ئاڵمانیا لەگەڵ ئێران، زاهیر و بایتینی موحاکەمەی بەرلین"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣١٩؛ ١٣٧٢/٨/٣٠ [١٩٩٣]
- "بەڕێوەبەر و کارگێڕانی کوشتاری بەرلین گیران و تۆڕی گەورەی رژیم کەوتەگیر"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٢٩٢؛ ١٣٧١/٨/١٠ [١٩٩٣]
- "تەحویل نەدرانی فەلاحیان"؛ پیام فدائی؛ ژمارە ٩؛ ١٣٧٥/١ [١٩٩٦]
- "شوێن نەگرتنی قەزایی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەدژایەتی لەگەڵ قەراری دادگای میکۆنۆسدا"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٤٦؛ ١٣٧٦/٣ [١٩٩٧]
- "کاردانەوەی سەرانی رژیم لەمەڕ فەرمانی گرتنی فەلاحیان"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٢٢؛ ١٣٧٥/١ [١٩٩٦]
- "کاردانەوەی خەباتکارانی حزب لەبەرانبەر کارەساتی بەرلین"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٠؛ ١٣٧١/٧ [١٩٩٢]
- "هۆی دواکەوتنی قەراری دادگای بەرلین چییە؟ "؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٤٠؛ ١٣٧٥/١٠ [١٩٩٦]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "عەلی فەلاحیان لەلایەن داواکاری گشتی ئاڵمانیاوە تۆمەتی کوشتاری لێدرا"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٥٨٦؛ ١٣٧٤/٩/٢٣ **[١٩٩٥]**
- "عەلی فەلاحیان و شمید باوێر بانگ کرانە دادگا"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ٧٢؛ ١٣٧٢/٩/٣ **[١٩٩٣]**
- "با دژ بە تیرۆر یەك بگرین (راگەیاندنی کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژ بە تێرۆر لە بەرلین)"؛ راه آزادی؛ ژمارە ٢٧؛ ١٣٧٢/٩ **[١٩٩٣]**
- "دانیشتنی رێبەرانی تێرۆر لەسەر کورسی تۆمەتبارییی"؛ راه کارگر؛ ژمارە ١٣٩؛ ١٣٧٥/٦ **[١٩٩٦]**
- "بڕیارنامەی راپێوانی خەڵکی سلێمانی"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٠؛ ١٣٧١/٧ **[١٩٩٢]**
- "بەشێك لە ژیننامەی شەهید هومایون ئەردەڵان"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٠١؛ ١٣٧٢/٦**[١٩٩٣]**
- "فەلاحیان ئیعتیرافی بە سزادانی نەیاران لە دەرەوەی وڵات کرد"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٦/٢/٥ **[١٩٩٧]**
- "فەلاحیان دەیویست دادگای بەرلین پێك نەیەت؛ انقلاب اسلامی در هجرت"؛ ژمارە ٣٢٩؛ ١٣٧٣/١/٢١ **[١٩٩٤]**
- "فەلاحیان بەرپرسی تێرۆری دکتۆر قاسملو و ٢ کەس لە هاورێکانییەتی"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٨٩؛ ١٣٧٥/١/١٣ **[١٩٩٦]**
- "کەی شایەد وەك داوەرە؟"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٨٩؛ ١٣٧٦/١/٦ **[١٩٩٧]**
- "وڵاتانی ئەورووپی باڵوێزەکانی خۆیان سەرلەنوێ دەنێرنەوە بۆ ئێران"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٦/٢/٥ **[١٩٩٧]**
- "کۆنفەرانسی چاپەمەنی نوێنەرانی شۆرای میللی موقاوەمەت لە ئاڵمانیا، وریاکردنەوەی موقامەوەتی ئێران سەبارەت بە پیلانی باڵوێزخانەی رژیم دژ بە دادگای میکۆنۆس"؛ دەبیران، جەواد؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٢٣؛ ١٣٧٢/٩/٢٩ **[١٩٩٣]**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "تاواننامەی داواکاری گشتی فیدراڵ شاکارێکی قەزایی بوو بۆ لەقاودانی تێرۆریزمی دەوڵەتی"؛ روحانی، محەمە رەزا؛ ایران زمین؛ ژمارە ١١٨؛ ١٣٧٥/٨/٢٨ [١٩٩٦]
- "کینکڵ: لە کاردانەوەی ئێران تووڕەم"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٤/٤/٥ [١٩٩٥]
- "هەنگاوی دوایی بریتیە لە بەستنی هێلانەی تێرۆر و جینایەتی رژیم لە سەرانسەری ئەورووپا"؛ گەنجەیی، جەلال؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٣٥؛ ١٣٧٦/١/٢٥ [١٩٩٧]
- "راپۆرتی درێژەی موحاکەمەی دادگای بەرلین"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ١٣؛ ١٣٧٤/٢ [١٩٩٥]
- "راپۆرت لەمەڕ قەتڵی سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە میکۆنۆس"؛ حائیری، سەفا؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٥٩٢؛ ١٣٧٤/١١/١٢ [١٩٩٦]
- "راپۆرتی تەکاندەر سەبارەت بە عەمەلیاتی تێرۆریستی رژیمی ئیسلامی لە ئەورووپا": بالویزخانەی ئێران لە "بۆن" پلان دانەری عەمەلیاتی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە ئەورووپا"؛ نیمروز؛ ژمارە ٣٦٣؛ ١٣٧٥/٢/٧ [١٩٩٦]
- "راپۆرتی دانیشتنەکانی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣١؛ ١٣٧٥/٥/٨ [١٩٩٦]
- "راپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٩؛ ١٣٧٥/٥/٥ [١٩٩٦]
- "راپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ١٩؛ ١٣٧٤/٨ [١٩٩٥]
- "راپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٠؛ ١٣٧٤/٩ [١٩٩٥]
- "راپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٢؛ ١٣٧٤/١١ [١٩٩٥]
- "راپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٠؛ ١٣٧٥/٧ [١٩٩٦]
- "راپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢١؛ ١٣٧٤/١٠ [١٩٩٦]
- "راپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٣؛ ١٣٧٤/١٢ [١٩٩٦]
- "راپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٤؛ ١٣٧٥/١ [١٩٩٦]
- "راپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٦؛ ١٣٧٥/٣ [١٩٩٦]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "ڕاپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٧؛ ١٣٧٥/٥ [١٩٩٦]
- "ڕاپۆرتی دادگای میکۆنۆس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٤؛ ١٣٧٥/١١ [١٩٩٦]
- "ڕاپۆرتی دادگای میکۆنۆس؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٤٢؛ ١٣٧٣/٧/١٧ [١٩٩٤]
- "ڕاپۆرتی گروپی کاری ئێران ـ دائیرەی ئەیالەتیی ئاسایشی ناوخۆیی بەرلین"؛ آرش؛ ژمارە ٤٩؛ ١ـ١٣٧٣/٢ [١٩٩٤]
- "ڕاپۆرتی گۆڤاری تایم سەبارەت بە تێرۆریزمی ڕژیمی خومەینی"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٣٦؛ ١٣٧٣/١/١٥ [١٩٩٤]
- "ڕاپۆرتی نهێنی کۆمەتەی تایبەتی میکۆنۆس بە دائیرەی کوللی زانیاریی پۆلیسی ئاڵمانیا"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٣٥؛ ١٣٧٣/٤/١٢ [١٩٩٤]
- "ڕاپۆرتی هەفتەنامەی شپیگل سەبارەت بە چالاکی تێرۆریستی باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمانیا"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٤١؛ ١٣٧٣/٢/١٩ [١٩٩٤]
- "ڕاپۆرتێك لەمەڕ ڕووداوی تێرۆری بەرلین و پێکهاتنی کۆمیتەی ئێرانی ئۆپۆزیسیۆن دژ بە تێرۆر"؛ راه ئازادی؛ ژمارە ٢٤؛ ٦ـ١٣٧٢/٧ [١٩٩٣]
- "ڕاپۆرتێك لە دادگای بەرلینەوە"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٥٣؛ ١٣٧٢/١٢ [١٩٩٤]
- "ڕاپۆرتێك لە دادگای بەرلینەوە"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٢٥؛ ١٣٧٥/٢ [١٩٩٦]
- "ڕاپۆرتێك لە دادگای بەرلینەوە"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٣٦؛ ١٣٧٢/١ [١٩٩٧]
- "ڕاپۆرتێك لە دادگای بەرلینەوە"؛ م. حمید؛ نقگە؛ ژمارە ٣؛ پاییزی ١٣٧٢ [١٩٩٣]
- "ڕاپۆرتێك لەسەر پرۆسەی دادگای میکۆنۆس"؛ سەلاح؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٤٠؛ ١٣٧٥/١٠ [١٩٩٧]
- "ڕاپۆرتێك لەسەر موحاکەمەی تۆمەتبارانی تێرۆری بەرلین"؛ ڕاپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٣٦؛ ١٣٧٣/١١/٦ [١٩٩٤]
- "ڕاپۆرتێك لەسەر موحاکەمەی تۆمەتبارانی تێرۆری بەرلین"؛ ڕاپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٥٠؛ ١٣٧٤/٢/١٤ [١٩٩٥]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "راپۆرتێك لەسەر موحاکەمەی تۆمەتبارانی تیرۆری بەرلین"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٥٢؛ ١٣٧٤/٣/١١ [١٩٩٥]
- "راپۆرتێك لەسەر موحاکەمەی تۆمەتبارانی تیرۆری بەرلین"؛ راپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ٥٨؛ ١٣٧٤/٤/٢٢ [١٩٩٥]
- "راپۆرتێك لەسەر رێ و رەسمی ساڵوەگەڕی شەهادەتی دکتۆر سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە پاریس"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٤٨؛ ١٣٧٢/٧ [١٩٩٣[]
- "راپۆرتێك لەسەر دادگای میکۆنۆس"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ١٣٨؛ ١٣٧٥/٤/٣ [١٩٩٦]
- "ئەم راپۆرتەی وا لە خوارەوە دەیخێوننەوە لەلایەن دائیرەی کوللی پارێزگاری لە یاسای بنەڕەتیی ئاڵمانیا سەبارەت بە چالاکییە تێرۆریستییەکانی رژیمی "مەلاتاریا" ئامادە کراوە"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٣٢؛ ١٣٧٣/٣/١ [١٩٩٤]
- "وت و ویێژی هانس یواخیم ئێریگ سەبارەت بە دادگای میکۆنۆس"؛ ئێریگ، هانس یواخیم؛ چشم انداز؛[؟]
- "وت و ویێژی رەخنەگرانە (ڕاپرسی نوێنەرانی فراکسیۆنی سەوز لە دەوڵەتی ئاڵمانیا)"، وەرگێڕ: گیلانی، رەفعەت؛ حقوق بشر؛ ژمارە ٣٩؛ زستانی ١٣٧٥ [١٩٩٧]
- "پێداویستی موحاکەمەی خامنەیی و رەفسەنجانی" (راگەیاندن)؛ راه کارگر؛ ژمارە ١٣٩؛ ١٣٧٥/٦ [١٩٩٦]
- "لیستەی ناوی نەیارانی کۆماری ئیسلامی کە لە سێ ساڵی رابوردوودا تێرۆر کراون"؛ ایران تریبون؛ ژمارە ٢٧؛ ١٣٧١/٧/٣ [١٩٩٢]
- "دەقی وتاری هاوڕێ عەبدوڵا حەسەنزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی حزب [ی دیموکراتی کوردستانی ئێران] لەسەر گۆڕی شەهیدان لە پاریس"؛ حەسەنزادە، عەبدوڵا؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٠؛ ١٣٧١/٧ [١٩٩٢]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "دەقی نامەی خاتوو دانیەل میتەران"؛ میتەران، دانیەل؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٠؛ ١٣٧١/٧ **[١٩٩٢]**
- "موجاهیدین و میکۆنۆس (رەخنەیەك لە سیاسەت و کردەوەی موجاهیدین لە پێوەند لەگەڵ تیرۆری بەرلیندا)"؛ دەستماڵچی، پەرویز؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٥٢٣؛ ١٣٧٤/١١/٢ **[١٩٩٦]**
- "پەرلەمانی ئاڵمانیا بەکۆی دەنگ تەئییدی تێکشکانی سیاسەتی وت و ویژی رەخنەگرانەی کرد"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ١٥٦؛ ١٣٧٦/٢/٣ **[١٩٩٧]**
- "پەرلەمانی ئاڵمانیا داوای هاسان بوونەوەی یاساکانی وەرگرتنی پەنابەرانی ئێرانی کرد"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٦/٢/٥ **[١٩٩٧]**
- "موحاکەمەی بەرلین کاتێ لە زمان و پێنووسی "مەلاتاریا" دەگێڕرێتەوە"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٢١؛ ١٣٧٢/٩/٢٨ **[١٩٩٣]**
- "موحاکەمەی تێرۆریستەکان لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٢٦؛ ١٣٧٢/١٠/٢٠ **[١٩٩٣]**
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە دادگای بەرلین"؛ پەیمان؛ یَرش؛ ژمارە ٣٥؛ ١٣٧٢/١١ **[١٩٩٣]**
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٢٧؛ ١٣٧٢/١٠/٢٧ **[١٩٩٤]**
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٢٨؛ ١٣٧٢/١١/٤ **[١٩٩٤]**
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٢٩؛ ١٣٧٢/١١/١١ **[١٩٩٤]**
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٣١؛ ١٣٧٢/١١/٢٥ **[١٩٩٤]**
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٣٤؛ ١٣٧٢/١٢/١٦ **[١٩٩٤]**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٣٥؛ ١٣٧٢/١٢/٢٣ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٣٦؛ ١٣٧٣/١/٥ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٣٧؛ ١٣٧٣/١/٢٢ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٣٨؛ ١٣٧٣/١/٢٩ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٣٩؛ ١٣٧٣/٢/٥ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٤٠؛ ١٣٧٣/٢/١٢ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٤١؛ ١٣٧٣/٢/١٩ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٤٢؛ ١٣٧٣/٢/٢٦ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٤٣؛ ١٣٧٣/٣/٢ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٤٥؛ ١٣٧٣/٣/١٦ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٤٨؛ ١٣٧٣/٤/٦ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٥٢؛ ١٣٧٣/٥/٣١ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٥٣؛ ١٣٧٣/٦/٧ [١٩٩٤]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٥٦؛ ١٣٧٣/٦/٢٨ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٥٩؛ ١٣٧٣/٧/١٧ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٦٠؛ ١٣٧٣/٧/٢٥ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی تێرۆریستانی رژیمی خومەینی لە دادگای بەرلین"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٦١؛ ١٣٧٣/٨/٢ [١٩٩٤]
- "موحاکەمەی کارگێڕانی کوشتاری بەرلین مانگی دوایی دەست پێدەکات"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣١٥؛ ١٣٧٢/٧/٣ ]١٩٩٣]
- "کورتەیەك لە ژیانی ڕێبەرەی شەهید دکتۆر محەمەد سادق شەرەفکەندی (سەعید)"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٠؛ ١٣٧١/٧ [١٩٩٢]
- "کورتەیەك لە ژیانی رێبەری شەهید دکتۆر شەرەفکەندی"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٠١؛ ١٣٧٢/٦ [١٩٩٣]
- "کورتەیەك لە ژیانی شەهید هومایون ئەردەڵان"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٠١؛ ١٣٧٢/٦] ١٩٩٣]
- "رێ و رەسمی چلەی شەهیدانی بەرلین"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩١؛ ١٣٧١/٨ [١٩٩٢]
- "رێ و رەسمی چلەی شەهیدانی بەرلین"؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩٠؛ ١٣٧١/٧ [١٩٩٢]
- "رێ و رەسمی دوایینماڵئاوایی لە [گۆڕستانی] "پێرلاشێز"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ٤٥؛ ١٣٧١/٧/٢٢ [١٩٩٢]
- "رێ و رەسمی بەرلین لە پاریس؛ کوردستان"؛ ژمارە ٢٠٢؛ ١٣٧٢/٧ [١٩٩٣]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "بەرپرسی شۆڕا: هەوڵدان لەپێناوی شاردنەوەی دەوری ئاخوندەکان لە تێرۆری بەرلین مەحکوم دەکەین" (ڕاگەیاندن)؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٢٨؛ ١٣٧٢/١١/٤ [١٩٩٤]
- "بەرپرسی شۆڕا: کارگێڕانی جینایەتی بەرلین دەبێ سزا بدرێن"؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٢١؛ [مانگی] ئازەری ١٣٧٢ [١٩٩٣]
- "وت و ویژ لەگەڵ هاوڕێی خەباتگێڕ عەبدوڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"؛ حەسەنزادە، عەبدوڵا؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٣١؛ ١٣٧٤/١٢ [١٩٩٦]
- "وتوویژ لەگەڵ هاوڕێ مەهدی ئیبراهیمزادە ـ شایەدی عەینی تێرۆری بەرلین"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ٤٤؛ ١٣٧١/٧/٨ [١٩٩٢]
- "وتوویژ لەگەڵ مەسعود میر ڕاشد، یەکێك لە شایەدانی جینایەتی میکۆنۆس"؛ کار (اکثریت)؛ ژمارە ١٥٦؛ ١٣٧٦/٢/٣ [١٩٩٧]
- "وتوویژی "راه آزادی" لەگەڵ چالاکانی کۆمیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دژ بە تێرۆر"؛ ڕوستا، فەرجاد، دەستماڵچی و جەعفەری؛ راه آزادی؛ ژمارە ٣٦؛ ١٣٧٧/٧ [١٩٩٨]
- "وتوویژی "کوردستان" لەگەڵ هاوڕێی خەباتکار عەبدوڵا حەسەنزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی حزب"؛ حەسەنزادە، عەبدوڵا؛ کوردستان؛ ژمارە ١٩١؛ ١٣٧١/١٨ [١٩٩٢]
- "پێوەندییەکانی ئالمانیا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی"؛ اتحاد کار؛ ژمارە ٥؛ ١٣٧٢/٩ [١٩٩٣]
- "میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٥٤؛ ١٣٧٣/١٢/٢٢ [١٩٩٥]
- "میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٥٥؛ ١٣٧٤/١/٢٠ [١٩٩٥]
- "میکۆنۆس؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٥٨؛ ١٣٧٤/٢/٣١ [١٩٩٥]
- "میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٥٩؛ ١٣٧٤/٣/١٤ [١٩٩٥]
- "میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژمارە ٣٦١؛ ١٣٧٤/٤/١١ [١٩٩٥]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "میکۆنۆس"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٦٢؛ ١٣٧٤/٤/٢٥ [١٩٩٥]
- "میکۆنۆس: نهێنییەکانی جینایەتی بەرلین"؛ دەستماڵچی، پەرویز؛ علم و جامعه؛ ژماره ١١٤؛ ١٣٧٢/٩ [١٩٩٣]
- "میکۆنۆس: چاوی ئەسفەندیار [= تاقە شوێنی زیان پێگەیشتن] ی تێرۆریزمی دەوڵەتیی"؛ کیشتگەر، عەلی؛ میهن؛ ژماره ٢٠؛ ١٣٧٥/١٢ [١٩٩٧]
- "میکۆنۆس: تاواننامەی داواکاری گشتی"؛ انقلاب اسلامی در هجرت؛ ژماره ٣٤٥؛ ١٣٧٤/٨/٢٩ [١٩٩٥]
- "میکۆنۆس: راپۆرتەکانی دادگای بەرلین"؛ اتحاد کار؛ ژماره ٥؛ ١٣٧٣/٦ [١٩٩٤]
- "میکۆنۆس یا میکی ماوس"؛ ایران تایمز؛ ژماره ١٣٣١؛ ١٣٧٦/٢ [١٩٩٧]
- "میکۆنۆس خاڵێکی وەرچەرخان"؛ نیگەهدار، فەڕوخ؛ کار(اکثریت)؛ ژماره ١٥٦؛ ١٣٧٦/٢/٣ [١٩٩٧]
- "نامەی سکرتێری حزب بۆ جەنابی ئەبولحەسەن بەنی سەدر"؛ حەسەنزادە، عەبدوڵا؛ کوردستان؛ ژماره ٢٣٧؛ ١٣٧٥/٦ [١٩٩٦]
- "ناطق نوری" بانگی کلینتنی کرد بۆ وتووێژی تەلەفزیۆنی"؛ ایران تایمز؛ ژماره ١٣١١؛ ١٣٧٥/١٠/٧ [١٩٩٧]
- "نامەی دەفتەری هاوکاری کۆمارخوازان بۆ ... "؛ کار(اکثریت)؛ ژماره ١٥٦؛ ١٣٧٦/٢/٣ [١٩٩٧]
- "دەوری رێکخراوەی ئیتیلاعات و ئاسایشی ئێران لە تێرۆرەکانی دەرەوەی وڵاتدا؛ ٢ پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان... "؛ وەرگێڕ: گیلانی، رەفعەت، حقوق بشر؛ ژماره ٣٩؛ زستانی ١٣٧٥ [١٩٩٧]
- "خاڵی تازەی هاوکاری ئاسایشی تاران ـ بۆن دەرکەوت"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژماره ٤٨١؛ ١٣٧٢/٨/٣٠ [١٩٩٣]
- "چاوخشاندنێك بەسەر ژیان و چالاکییەکانی دکتۆر شەرەفکەندیدا"؛ کار (اکثریت)؛ ژماره ٤٤؛ ١٣٧١/٧/٨ [١٩٩٢]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "دەبێ نەك بۆ مردوو، بۆ زیندوو بگری"؛ گیلانی، فەرەیدوون؛ مجاهد؛ ژمارە ٣٢٧؛ ١٣٧٢/١٠/٢٧ [١٩٩٤]
- "هێزەکانی قودس" نووکی تیری تێرۆریزمی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤٢٥؛ ١٣٧١/٧/١٦ [١٩٩٢]
- "کاردانەوەکان"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤٢٣؛ ١٣٧١/٧/٦ [١٩٩٢]
- "ترسی سەرانی رژیم لە دادگای میکۆنۆس"؛ میهن؛ ژمارە ١٨؛ ١٣٧٥/١٠ [١٩٩٧]
- "ترسی سەرانی رژیم لە ئاکامەکانی دادگای میکۆنۆس"؛ کوردستان؛ ژمارە ٢٣٨؛ ١٣٧٥/٧ [١٩٩٨]
- "وەزارەتی ئیتیلاعات هەڕەشەی کوشتنی منداڵەکانی ئەبولقاسم میسباحی کرد"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٧؛ ١٣٧٦/٣/٢ [١٩٩٧]
- "وەزیری ئیتیلاعات و ئاسایشی رژیم لە ئاڵمانیا: سەفەری فەلاحیان ئاکامی دڵخوازی بۆ کۆماری ئیسلامی نەبوو"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤٧٧؛ ١٣٧٢/٧/٢٢ [١٩٩٣]
- "وەزیری ئاسایشی ئاڵمانیا بانگ کرایە دادگا"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤٨٠؛ ١٣٧٢/٣/١٣[١٩٩٣]
- "ویلایەتی هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لە ئاڵمانیا کرد"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١١١؛ ١٣٧٥/٧/٩ [١٩٩٦]
- "هاشمی: پێوەندەکانی تاران و بۆنیان بریندار کرد"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٦/٢/٥ [١٩٩٧]
- "ترس لە سبەی رۆژ"؛ کار(اکثریت)؛ ژمارە ٤٤؛ ١٣٧١/٧/٨ [١٩٩٢]
- "هەرگیز هیچ رژیمێك لە ئێراندا ئەوەندەی خەیانەت بە بەرژەوەندییەکانی ئێران نەکردوە"؛ بەنی سەدر؛ نیمروز؛ ژمارە ٣٨٢؛ ١٣٧٥/٦/١٦ [١٩٩٦]
- " هەر چەشنە چاوپۆشی و ئیمتیازدانێك بە رژیمی ئیسلامی وەك هاندەرێکی رژیمە بۆ پەرەپێدان بە تێرۆرریزم" (راگەیاندن)؛ راه کارگر؛ ژمارە ١٣٩؛ ١٣٧٥/٦ [١٩٩٦]

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- " هەفتەنامەی "شترن" لە زمان سەرچاوەکانی پۆلیسی ئاڵمانیاوە دەری خست کە پۆلیسی نهێنی کۆماری ئیسلامی ڕێکخەری تیرۆری نەیارانی لە بەرلین بوە"؛ ایران تریبون؛ ژمارە ٤٠؛ ١٣٧١/١٠/١١ [١٩٩٣]
- " هاوکات لەگەڵ دەرچوونی قەراری دادگای بەرلین، زیاد لە دوو هەزار کەس لە هاونیشتمانیەکانمان لەسەر بانگهێشتنی نوێنەرایەتی شۆڕای موقاوەمەت لە ئاڵمانیا، لەبەردەم دادگا خۆپیشاندانیان کرد"؛ ڕاپۆرتدەری تایبەتی ئێران زەمین؛ ایران زمین؛ ژمارە ١٣٥؛ ١٣٧٦/١/٢٥ [١٩٩٧]
- " هاوکاری کردنی دەوڵەتی ئاڵمانیا لەگەڵ ڕێکخراوەی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی" (ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە دژ بە تێرۆر ـ بەرلین)؛ راه ىَزادی؛ ژمارە ٣١؛ نۆڤەمبری ١٩٩٣
- " هەموو ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکان [ی ڕژیم] تاران بە بەرپرسی کوشتنی شەرەفکەندی دەزانن"؛ کیهان چاپ لندن؛ ژمارە ٤٢٣؛ ١٣٧١/٧ [١٩٩٢]
- " ئێرانییەکی تر لە کاری ڕووداوی میکۆنۆسدا دەکەوێتە بەر ڕاونان"؛ نیمروز؛ ژمارە ٤١٣؛ ١٣٧٦/٢/٥ [١٩٩٧]
- " لوبنانییەکی تر لە پێوەندی تێرۆری بەرلیندا گیرا"؛ ایران تریبون؛ ژمارە ٣٩؛ ١٣٧١/٧/٢٧ [١٩٩٢]
- "مەئمووریێکی دیکەی ئیتیلاعاتی ڕژیم سەبارەت بە بەشداری کردنی ڕژیم لە تێرۆری میکۆنۆسدا شایەدی دا"؛ ایران زمین؛ ژمارە ١١٥؛ ١٣٧٥/٨/٤ [١٩٩٦].

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆتایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێڕستی ناوەکان بەگوێرەی دەقی کتێبەکە

(ئامادە کراو بۆ چاپی کوردیی کتێبەکە)

**<u>ئ. قوربانیان</u>**

١. دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، سکرتێری یەکەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەجێدا شەهید کرا؛

٢. فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەورووپا، لەجێدا شەهید کرا؛

٣. هومایون ئەردەڵان، بەرپرسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمانیا، لەجیدا شەهید کرا؛

٤. نووروڵڵا محەممەدپوور دیهکوردی (نووری)، چالاکی سیاسی ئێرانی، دۆست و وەرگێڕی دوکتۆر شەرەفکەندی و عەبدولی لە دانیشتنی کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیستی لە بەرلین، بە برینداریی برایە نەخۆشخانە و لەوێ گیانی لەدەست دا؛ و

٥. عەزیزوڵڵا تەبیب غەففاری، ئەندامی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلقی ئێران (ئەکسەرییەت) و خاوەنی ڕەستورانی میکۆنۆس، بەبرینداریيەکی سووکەوە برایە نەخۆشخانە و چاك بووەوە.

**<u>ب. تاوانباران، بەگوێرەی قەراری دادگا:</u>**

١. "رژیمی جینایەتکار" ی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەرجەم؛

٢. ئەندامانی کومیتەی ئەرکی تایبەت (کمیته امور ویژه) ی ئێران بەبەشداریی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، سەرەك کۆمار، وەزیری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاروباری دەرەوە، وەزیری ئیتیلاعات و ... کە قەراری بەڕێوەچوونی کوشتارەکەیان ئیمزا کرد (بڕوانە بەشی دواتر: پ)

٣. پلان داڕێژانی قەتڵەکە (بڕوانە بەشی دواتر: ت)

٤. بەڕێوەبەرانی کوشتار (تاقمی لێدان)، (بڕوانە بەشی دواتر: ج)

٥. ئەوانەی وا لە زیندانەکانی ئاڵمانیا بەدەست بەسەریی راگیرابوون و قەراری زیندانیان بۆ دەرچوو (بڕوانە بەشی دواتر: چ)

٦. ئەوانەی وا نەکەوتنە بەردەستی سیستەمی قەزایی ئاڵمانیا و لە نەبوونی خۆیاندا قەراری گرتنیان بۆ دەرچوو (بڕوانە بەشی دواتر: ح)

٧. ئەوانەی وا بەشێوەیەك لە شێوەکان لە پەیوەندی رووداوەکەدا بوون یان یارمەتی بەڕێوەچوونی جینایەتەکەیان دا یان کارهاسانییان بۆ بەڕێوەبەرەکان کرد (بڕوانە بەشی دواتر: خ)

## پ. ئەندامانی کومیتەی ئیش و کاری تایبەت (کمیتە امور ویژە)، کە بڕیاری بەڕێوەچوونی تێرۆرەکەیان دا:

١. سەید عەلی خامنەیی، وەلی فەقیهـ و رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، کە فەرمانی قەتڵەکەی ئیمزا کرد؛

٢. عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، سەرەك کۆماری ئیسلامی ئێران، کە فەرمانەکەی ئیمزا کرد؛

٣. حیجازی، نوێنەری رێبەر لە کومیتەکە؛

٤. عەلی ئەکبەر ویلایەتی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران؛

٥. عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئێران؛

٦. محەممەد رەیشەهری، یارمەتیدەری وەزیری ئیتلاعاتی ئێران؛

٧. موحسین رەزایی، فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران؛

٨. ئایەتوڵڵا خەزعەلی، ئەندامی شۆرای نیگەهبان؛ و

٩.رەزا سەیفوڵڵاهی، فەرماندەی هێزە نیزامییەکانی ئێران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ت. پلان دارێژەرانی تێرۆرەکە:

١. محەممەد هادی هادەوی موقەددەم، لەلایەن فەلاحییانەوە مەئموورییەتی ڕێکخستنی کارەکەی پێ سپێررا؛
(ناوبراو پێشتر لە قەتڵی دوکتۆر قاسملووشدا بەشداریی کردبوو)؛
٢. ئەسغەر ئەرشەد، بەفەرمانی فەلاحییان ٢-٣ مانگ پێش تێرۆرەکە لە ئێرانەوە نێررایە ئاڵمانیا؛
٣. عەلی کەمالی، بەفەرمانی فەلاحییان ٢-٣ مانگ پێش تێرۆرەکە لە ئێرانەوە نێررایە ئاڵمانیا؛
(هەر دوو کەسی ژمارە ٢ و ٣ لە پسپۆڕانی پایەبەرزی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانن بۆ بەرنامە دارشتنی تێرۆر) ؛
٤. عەبدوڵرەحمان بەنی هاشمی لەلایەن فەلاحییانەوە کرایە سەرۆکی تیمی تێرۆر؛
٥. کازم دارابی، سەرۆکی حیزبوڵا لە بەرلین، بەرنامەی تێرۆرەکەی ڕێکخست؛ و
٦. عەتائوڵڵا عەیاد ، ژن خزمی دارابی، کە نەقشەی عەمەلیاتەکەی دارشت.

## ج. تاقمی لێدان کە ڕاستەوخۆ کوشتارەکەیان بەڕێوە برد:

١. عەبدولرەحمان بەنی هاشمی (ناسراو بە "شەریف")، بەرپرسی تاقم و هەڵگری رەشاش – ئێرانی؛
٢. عەبباس حوسێن راحیل (ناسراو بە "عیماد عەمەش" و "راغیب")، ئەو کەسەی وا گوللەی خەلاسی لە قوربانییەکان دا – لوبنانی؛
٣. کازم دارابی، بەرپرسی حیزبوڵڵا لە ئاڵمانیا و ڕێکخەر و ئامادەکاری پرۆژەکە – ئێرانی؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤. سەید محەممەد یوسف ئەمین (ناسراو بە "ئەبو محەممەد" و "بەهەشتی"، پاسەوانی بەردەرگای رەستورانەکە لە کاتێ بەڕێوەبردنی کوشتار – لوبنانی؛
٥. فەزلوڵڵا حەیدەر (ناسراو بە "ئەبو جەعفەر")، لێخوڕی ترومبیلی هەلاتن – لوبنانی؛ و
٦. محەممەد، پێوەندیدەری گروپەکە لەگەڵ تاقمی عەمەلیات – ئێرانی.

## چ. ئەوانەی وا لە ماوەی دادگادا، لە زیندانەکانی ئاڵمانیا بەدەست بەسەریی ڕاگیرابوون و قەراری زیندانیان بۆ دەرچوو:

- کازم دارابی، زیندانی هەمیشەیی بە قورسایی تایبەتەوە؛
- عەباس حسین راحیل، زیندانی هەمیشەیی بە قورسایی تایبەتەوە؛
- یوسف ئەمین، ١١ ساڵ زیندان؛
- محەممەد حسین عەتریس، ٥ ساڵ و ٣ مانگ زیندان؛ و
- عەیاد، ئازاد کرا.

## ح. ئەوانەی وا نەکەوتنە بەردەستی دادگا و لە نەبوونی خۆیاندا قەراری گرتنیان دەرچوو:

- عەلی فەللاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئێران؛
- عەبدولڕەحمانی بەنی هاشمی، فەرماندەی تیمی لێدان و ڕەشاش بەدەست؛
- ئەسغەر ئەرشەد، مەئمووری ئاسایش لە باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمانیا کە پێشتر لە ئاڵمانیا دەرکرابوو؛ و
- عەلی کەمالی، مەئمووری ئاسایش لە باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمانیا کە پێشتر لە ئاڵمانیا دەرکرابوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خ. ئەو کەسانەی وا لە پێوەندی رووداوەکەدا بوون و بەشێوەیەک لە شێوەکان یارمەتی بەرێوەچوونی جینایەتەکەیان دابوو:**

- محەممەد تەقی ئیشتیاقی – ئێرانی؛
- بەهرام برنجیان ، ئەندامی باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن و کۆنسولیەتی ئێران لە بەرلین– خەڵکیمیاندواو؛
- بەهمەن برنجیان ، ئەندامی باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن و کۆنسولیەتی ئێران لە بەرلین– خەڵکی میاندواو؛
- عەلی سەبرا – لوبنانی؛
- حەیدەر – لوبنانی؛
- مورتەزا غولامی، ئەندامی باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن– ئێرانی؛
- عەلی ئوسوولی – ئێرانی؛
- مەنسووری نەجاتی – ئێرانی؛
- نادر سدیقی – ئێرانی؛
- حوسێن ئەولیا – ئێرانی؛
- داهینی – لوبنانی؛
- عەلی حەسەن شەهشو – لوبنانی؛
- حەسەن عەلی شەحرور – لوبنانی؛
- حەسەن عەلی عەنان – لوبنانی؛
- عیززەدین – لوبنانی؛
- شەوقی عەتریس – لوبنانی؛
- ئەحمەد مەحموود ئەمین – لوبنانی؛
- مەحموود عەلی عەلیان – لوبنانی؛
- مەجدی شەحرور– لوبنانی ؛
- مورتەزا رەحیمی موەحید، ئەندامی باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن– ئێرانی؛
- فەرید زادە، ئەندامی باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن– ئێرانی؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- دوکتۆر جەواد قودرەت، ئەندامی باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن– ئێرانی؛
- ئەلمووسەوی – لوبنانی؛
- و.............

## د. پێکهاتەی دادگای میکۆنۆس

١. فریدوف کوبش، سەرۆکی هەیئەتی دادوەران؛
٢. نۆڵدکێ، یارمەتیدەری سەرۆك؛
٣. ئاڵبان، موخبیری هەیئەتی دادوەران؛
٤. شپیگل، دادوەر؛
٥. کلێمت، دادوەر؛
٦. ئالیگر، سکرتێری هەیئەتی دادوەران؛
٧. لێمان، سکرتێری هەیئەتی دادوەران؛ و
٨. شرۆدر، سکرتێری هەیئەتی دادوەران.

## ر. بەرپرسانی دادئەستێنی (داواکاریی گشتی):

١. کۆرت، دادئەستێنی فیدراڵ؛
٢. برۆنۆ یۆست، دادئەستێنی بەرز و نوێنەری داواکاریی گشتی؛ و
٣. رۆلەند گیئۆرگی، دادئەستێنی بەرز و نوێنەری داواکاریی گشتی.

## ز. پارێزەران

### یەکەم، پارێزەرانی شکایەتکارانی خسووسی (بنەماڵەی قوربانییان):

١. ئەکسیل یەشکە، پارێزەری رەسووڵ قادری– برای دوکتۆر سادق شەرەفکەندی؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢. ئوتو شیلی، پارێزەری رەسووڵ قادری– برای دوکتۆر سادق شەرەفکەندی؛
٣. هانس – یواخیم ئیریگ، پارێزەری کەژاڵ عەبدولی – هاوسەری فەتاح عەبدولی؛ و
٤. ووڵفگانگ ویەلاند، پارێزەری شوهرەی بەدیعی– هاوسەری نووری دیهکوردی.

**دووهەم، پارێزەرانی تۆمەتباران:**

١. رودیگر پۆرسیوس، پارێزەری ئەمین؛
٢. باومەیر، پاریزەری ئەمین؛
٣. ئوە زالْم، پارێزەری عەتریس؛
٤. خاتوو ئادام، پارێزەری عەتریس؛
٥. خاتوو ئاندریئا وردینگر، پارێزەری عەیاد؛
٦. هێنیگ شپانگن برگ، پارێزەری عەیاد؛
٧. خاتوو گزیلاکین – مێشکات، پارێزەری دارابی؛
٨. لیتلیف کولوگە، پارێزەری دارابی؛
٩. ووڵفگانگ پانکا، پارێزەری دارابی؛
١٠ میشائیل کایزر، پارێزەری راحیل؛ و
١١.هێربرت هێدریش، پارێزەری راحیل

**س. ئاماری چەند ڕێکەوت:**

تێرۆر: ١٩٩٢/٩/١٧
دەسپێکی دادگا: ١٩٩٣/١٠/٢٨
ژمارەی دانیشتنەکانی دادگا: ٢٤٧
ژمارەی شایەدان: ١٧٦
کۆتایی دادگا و دەرچوونی قەرار: ١٩٩٧/٤/١٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ش. کورتەی قەراری کۆتایی دادگا:**

- رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، سیستەمێکی "جینایەتکار" ە.
- رێبەر، سەرەك کۆمار، وەزیری کاروباری دەرەوە، وەزیری ئیتلاعات و ئاسایش و فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران هەموو لە کومیتەی کاروباری تایبەتدا ئەندام بوون و بڕیاری کوشتاری میکۆنۆسیان داوە، واتە "قاتڵ" ن.
- بەرپرسایەتی تێرۆرەکە لە ئەستۆی رێبەرانی سیاسی ئێرانە.
- "دارابی" خزمەتکاری وەفاداری دەسەڵاتدارانی حاکم لە ئێرانە و بەم کارەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ 'سیستەمێکی جینایەتکار' سەلماند.
- حیزبوڵڵا، بریتییە لە 'دەست'ی رژیمی ئێران بۆ عەمەلیاتی تێرۆریستی.

**ئەم چوار کەسە بەگوێرەی قەراری دادگا مەحکووم کران:**


- کازم دارابی: زیندانی هەمیشەیی بەقورسایی تایبەتەوە؛
- عەبباس حسین راحیل: زیندانی هەمیشەیی بە قورسایی تایبەتەوە؛
- یوسف ئەمین: ١١ ساڵ زیندان؛
- محەممەد حسین عەتریس: ٥ ساڵ و ٣ مانگ زیندان.

کەسی پێنجەم (عەیاد) بەڕەڵڵا کرا.

**قەراری غیابی بۆ گرتنی ئەم چوار کەسە دەرچوو:**

- عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئێران؛
- عەبدولڕەحمانی بەنی هاشمی، فەرماندەی تیمی لێدان؛
- ئەسغەر ئەرشەد، مەئمووری ئاسایش لە باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمانیا؛
- عەلی کەمالی، مەئمووری ئاسایش لە باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمانیا (ئەرشەد و کەماڵی پێشتر لە ئاڵمانیا دەرکرابوون).

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org